# مێرجارِ

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوی سیاسیە
## پەنجا ساڵ خەباتی ئیلنجاغیەکانە(١٩٤٠-١٩٩٠)

ئاراس ئیلنجاغی

کوردستان/تەموزی ٢٠١٧زایینی



**ناوی کتێب:** مێرجارِ، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوی سیاسیە، پەنچا ساڵ خەباتی ئیلنجاغیەکانە(١٩٤٠-١٩٩٠).

**نوسەر:** ئاراس ئیلنجاغی

**پێداچونەوە و خوێندنەوە:** گوشاد عەبدولرەحمان بایز

**دیزاین:** ئاکۆ عبدالمجید سعید

**نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم/ ٢٠١٧

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**چاپخانە:** یاد - سلێمانی

ژمارەی سپاردنی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان بەژمارە(.......)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

## پێشکەشە بە:

١-بەگیانی پاکی شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی و شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بەتایبەتی.

٢- بەگۆڕی سەربازانی وونی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە.

٣- ئەوانەی هەمیشە لە بەرەی گەل دابوون.



## سوپاسنامە

١-سوپاسی ئەو بەرێزانەی خوارەوە دەکەم کە بە کۆمەکەکانیان ئەو بەرهەمەیان بۆ بەچاپ گەیاندم:

(عوسمان بانی مارانی، محەمەد شێخانی، جەلال ئیلنجاغی، مامۆستا کاوە ئەنوەر، غەفور حەمەد رەسوڵ، مامۆستا کەیفی عەبدوڵلا فەتحوڵلا، بێستون رەشید خورشید و ئامانج مەلا بەکر ئۆمەر).

٢-لەلایەکیترەوە سوپاس بۆ ئەوانەی وەك راوێژکاری قۆناغەکانی خەباتی مێرجاڕ راوێژییان پێکراوە:

أ-شۆرشی ئەیلول: مام ئەنوەر نادر و ئۆمەری فەقێ عەوڵلای و مەولودی مام فەتاحی.

ب-حزبی شیوعی عێراق و بزاوتە کوردستانیەکانی: محەمەد شێخانی و خدر شێخانی و شوان شێخانی.

ج-شۆڕشی نوێ: گوشاد عەبدولرەحمان و جەلال ئیلنجاغی و عوسمان بانی مارانی و مامۆستا کاوە ئەنوەر.

٣-سوپاسی ئەو بەرێزانەش دەکەم بە پێی هاوکارییەکان:

ا-گوشاد عەبدولرەحمان بایز، پێشمەرگەری دێرین، پێداچوونەوە و خوێندنەوەی مێرجاڕی کردووە.

ب-فواد عومەر فەتحوڵلا، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کۆمەلایەتی، هەڵەچنی مێرجاڕی کردووە.

ج-قوباد عومەر فەتحوڵلا، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زمانی کوردی، چێکردنی هەڵەی زمانەوانی مێرجاڕی کردووە.

٤-هەموو ئەوانەی بە یەك سەرەداوی زانیاری-ش بێت هاوکاری مێرجاڕ-یان کردووە.

## ناواخن


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دەستپێك | ١٣ |
| ٢ | پێشەكی | ١٥ |
| ٣ | ئیلنجاغ كۆڵكەی دارە بنێشتە | ١٩ |
| ٤ | بەشی یەكەم | ٢٩ |
| ٥ | سەرهەڵدان وگەشەكردنی شیوعیەت لە ئیلنجاغی گەورە | ٣١ |
| ٦ | بـارودۆخی شـیوعیەكان دوای ڕێكەوتنامەی(شـیوعی- بەعسـی) و نسـكۆی شۆڕشی ئەیلول | ٤١ |
| ٧ | شەڕی عێراق-ئێران و گەشەی شیوعیەكانی ئیلنجاغی گەورە | ٤٤ |
| ٨ | شەهیدی ئاسۆی ڕوون، هاوڕێ ئاسۆ | ٤٨ |
| ٩ | لەسێدارە بەرزترە، شەهید هاوڕێ گۆران | ٤٩ |
| ١٠ | حاجی حەمەدو ناشتنی كوڕەكەیی و هێڵەگەكەی شەهید گۆران | ٥١ |
| ١١ | چیرۆكی خانوە قوڕەكە | ٥٢ |
| ١٢ | مام حەمەعەلی قوربانیدەری ڕاستەقینەی حزبی شیوعی | ٥٤ |
| ١٣ | كەسایەتیە شیوعیەكانی مێرجاڕ | ٥٥ |
| ١٤ | مەلا سدیق ئیلنجاغی ڕابەری شیوعیەت لەئیلنجاغی گەورە | ٥٥ |
| ١٥ | مام هیدایەت خاوەنی  نیوسەدە خەبات | ٥٩ |
| ١٦ | شوان شێخانی، سیاسەتمەدار | ٦٠ |
| ١٧ | هاوڕێ فاخیر پێشمەرگەی دێرین | ٦٣ |
| ١٨ | محەمەد شێخانی سیاسەتمەدار | ٦٥ |
| ١٩ | بەشی دووەم | ٦٩ |
| ٢٠ | مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەو شۆڕشی ئەیلول | ٧١ |
| ٢١ | پەلاماری پاسەوانی نەتەوەیی(حەرەس قەومی) | ٧٨ |
| ٢٢ | پەلاماری فرۆكەی بەعسیەكان | ٧٨ |
| ٢٣ | كێومالّی فرقەی دووی كەركوك١٩٦٥ | ٧٩ |
| ٢٤ | پەلاماری پایزی ١٩٦٦ | ٨٠ |
| ٢٥ | پەلاماری عەبدولستار تاهیر شەریف شەڕی جەلالی و مەلاییەكان | ٨٢ |
| ٢٦ | زامداربوونی مام خورشیدوكچەكەی ساڵی ١٩٧١ | ٨٥ |
| ٢٧ | شەهید زولێخا محێدین حەسەن سەلیم | ٨٦ |
| ٢٨ | شەهید قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ | ٨٦ |
| ٢٩ | شەهید تۆفیق حەمەدەمین حاجی خدر | ٨٦ |
| ٣٠ | شەهید حەمەشەریف ڕەسوڵ حەمەشەریف | ٨٧ |
| ٣١ | شەهید ئیبراهیم حەمەدەمین حاجی خدر | ٨٩ |
| ٣٢ | شەهید قادر حەمەد ئۆمەر | ٩٠ |
| ٣٣ | شەهید شەریف عەبدولرەحمان بایزكاوێس | ٩٠ |
| ٣٤ | شەهید جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ و داستانی شیشار | ٩٢ |
| ٣٥ | گەلەكۆمە دژی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارەبوونی مێرجاڕییەكان | ٩٣ |
| ٣٦ | وهاب فەتحوڵلا كاوێس(١٩٣٨-٢٠١٠) | ٩٦ |
| ٣٧ | بەشی سێیەم | ٩٧ |
| ٣٨ | مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە و شۆڕشی نوێ | ٩٩ |
| ٣٩ | ئەنوەرنادر كادیری دوو شۆڕش | ١١١ |
| ٤٠ | عەلی مەحمود كادیری شۆڕشی نوێ | ١١٢ |
| ٤١ | مام جاسم كادیری شۆڕشی نوێ | ١١٥ |
| ٤٢ | نادر كەریم، جەبار حوسێن، دكتۆر وەلی | ١١٦ |
| ٤٣ | مێرجاڕو قۆناغی(١٩٨٠-١٩٨٤)چەك هەڵگرتن بۆ شۆڕشی نوێ | ١٢٠ |
| ٤٤ | شەهید بەكر ڕەشاش و هاوڕێكانی بەر لەشەڕی قەلاسنج | ١٢٧ |
| ٤٥ | شەڕی قەلاسنج(٢٥-١٢-١٩٨٠) | ١٢٨ |
| ٤٦ | شەهیدبوونی شەهید مامۆستا كاوە مەخموری | ١٣٠ |
| ٤٧ | ڕۆڵی شەهید بەكر ڕەشاش و مەلاسەدر لەشەڕی قەلاسنج | ١٣١ |
| ٤٨ | ساڵی ١٩٨١بەرەو كاروانی خەبات | ١٣٢ |
| ٤٩ | گۆڕانكارییەكانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر | ١٣٤ |
| ٥٠ | قوەتی دەشتی هەولێر لەسەركردایەتیەوە بۆ دەشتی هەولێر | ١٣٧ |
| ٥١ | مام عەباس دەروێشی خاك ونەتەوە | ١٣٩ |
| ٥٢ | ١٩٨٢ساڵی ئەستێرە ئاوابوون وجۆشدانی مەشخەڵان | ١٣٩ |
| ٥٣ | شەڕی سێكانی و ڕۆڵی ئیلنجاغیەكان | ١٤٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤ | شەهید فەیسەڵ(١٩٦٣-١٩٨٢)یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ لە ئیلنجاغی گەورە | ١٤٦ |
| ٥٥ | خۆشەویستی خەڵك وپێشمەرگە شەهید مەلا محەمەد(١٩٤٩-١٩٨٢) | ١٤٧ |
| ٥٦ | شەڕی شیوی ساماڵ | ١٥٠ |
| ٥٧ | ئۆمەرگومبەت(شەڕ) | ١٥٢ |
| ٥٨ | داستانی(کەلی سوور) بەخوێنی سوور گەشایەوە | ١٥٤ |
| ٥٩ | داستانی کەلی سوری یەکەم(٨-٨-١٩٨٢) | ١٥٥ |
| ٦٠ | شەهید وشیار(١٩٦٠-١٩٨٢)بەوری پێدەشتان وشەڕڤان لەگەڵ ئاسمان | ١٥٦ |
| ٦١ | چۆنیەتی شەهیدبوونی شەهید وشیارو هاوڕێکانی | ١٥٧ |
| ٦٢ | لەتۆڵەی شەهیدانی کەلی سوور | ١٦١ |
| ٦٣ | شەهید بەکر ڕەشاش(١٩٥٧-١٩٨٢)دەبابەکەی دەشتی هەولێر | ١٦٢ |
| ٦٤ | چۆنیەتی شەهیدبوونی بەکر ڕەشاش | ١٦٥ |
| ٦٥ | خەسڵەتەکانی شەهید بەکر ڕەشاش لەزاری هاوسەنگەرانەوە | ١٦٦ |
| ٦٦ | شەڕی گومبەتێ-هەیبەسوڵتان | ١٦٧ |
| ٦٧ | شەهیدانی کەلی سووری دووەم | ١٦٨ |
| ٦٨ | شەهید مەجیدەسوور(١٩٥٨-١٩٨٢) | ١٧٢ |
| ٦٩ | گەڕەسۆر و گەڕەسۆر(چالاکی) | ١٧٢ |
| ٧٠ | کوڕانی مێرجاڕ وهێزی پشتیوانی | ١٧٣ |
| ٧١ | دیداری(هێمن موکریانی)و کوڕانی(مێرجاڕ) | ١٧٥ |
| ٧٢ | پەلی ڕەش بەتەوێلی خەباتەوە | ١٧٦ |
| ٧٣ | شەڕونەبەردی گردەسۆری، خوێنی ئەنوەر نەخشاندی | ١٧٨ |
| ٧٤ | شەهید ئەنوەر(١٩٥٢-١٩٨٣)قارەمانی دوو شۆڕش | ١٨١ |
| ٧٥ | شەڕەکانی کەنداڵ وگاوەرە ومەلەك ئاغا | ١٨١ |
| ٧٦ | شەهید مام وسو(١٩٣٣-١٩٨٣) ئەستێرەی سەحەری بێژینگ بەسەر | ١٨٢ |
| ٧٧ | ئیلنجاغیەکان وتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر | ١٨٤ |
| ٧٨ | مێرجاڕلەماوەی گفتوگۆی یەکێتی و بەعس(١٩٨٤-١٩٨٥) | ١٨٧ |
| ٧٩ | مێرجاڕییەکان لەملّملانێ گەورەترن | ١٨٨ |
| ٨٠ | کۆتایی گفتوگۆی شۆڕش وڕژێم | ١٩١ |





| | | |
|---|---|---|
| ٨١ | داستانی ئازیانە | ١٩١ |
| ٨٢ | ئازیانە پێش پەلامارەکە | ١٩٢ |
| ٨٣ | کەرتی(٢)بەر لەشەڕەکە | ١٩٢ |
| ٨٤ | دەستپێکی شەڕی ئازیانە | ١٩٧ |
| ٨٥ | زیانە گیانیەکانی هاولاتیان وهێزی پێشمەرگە لەداستانی ئازیانەدا | ٢٠٢ |
| ٨٦ | زیانە مادییەکانی داستانی ئازیانە | ٢٠٤ |
| ٨٧ | گرنگی داستانی ئازیانە | ٢٠٤ |
| ٨٨ | عەگید ومێرخاسەکەی بارزان، شەهید باقی ئامادەی مەیدان | ٢٠٥ |
| ٨٩ | مێرجاڕ زادەی بن داسنی، شەهید موحسین ئیلنجاغی | ٢٠٧ |
| ٩٠ | قوتابخانەی(شۆڕشی نوێ) سەرەتایی ئیلنجاغی گەورە | ٢٠٨ |
| ٩١ | بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان(بەرزە)لەئیلنجاغ تێپەڕ ناکا؟! | ٢١١ |
| ٩٢ | بەرزە بۆ لە ئیلنجاغی گەورە تێپەڕ ناکات؟! | ٢١٣ |
| ٩٣ | کۆبونەوەی فراوانی بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان لەئیلنجاغی گەورە | ٢١٤ |
| ٩٤ | یەکێك لە دامەزرێنەرانی بەرزە، گوشاد عەبدولرەحمان ئیلنجاغی | ٢١٨ |
| ٩٥ | بەپیلانی دوژمن پڕیشکی براکوژی ئاگری لەخەرمانی ٢٠ساڵەی خەباتگێرێك بەردا | ٢٢١ |
| ٩٦ | چیرۆکی پشت ڕووداوەکە | ٢٢٤ |
| ٩٧ | شەهید مام کاوێس مێرخاسەکەی دەشتی کۆیە | ٢٢٨ |
| ٩٨ | تێکۆشانی مێرخاسان دوور و درێژە | ٢٢٩ |
| ٩٩ | داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورە | ٢٣٣ |
| ١٠٠ | سەنگەرگرتن لە دوژمن | ٢٣٧ |
| ١٠١ | شەڕ چۆن گەرم بوو | ٢٣٩ |
| ١٠٢ | دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەکە | ٢٤٤ |
| ١٠٣ | بریندارانی پێشمەرگە | ٢٤٦ |
| ١٠٤ | ژن ومنداڵەکانیان گرت | ٢٤٨ |
| ١٠٥ | دوولەتبوونی جگەری شێرەژنێ | ٢٥٠ |
| ١٠٦ | شەهید هەورازو هاوڕێ دایکیان پاراست | ٢٥١ |
| ١٠٧ | گوڵەباغ حەوت شەو، نەورۆزی بەشەهیدی لەکۆڵ بوو | ٢٥٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠٨ | لەپەراوێزی داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورەدا | ٢٥٣ |
| ١٠٩ | شەهید خاڵە یوسفی دوژمن بەزێن(١٩٥٥-١٩٨٦) | ٢٦٠ |
| ١١٠ | مەردی جوان مێر، شەهید عوزێر(١٩٦٢-١٩٨٦) | ٢٦٠ |
| ١١١ | دوژمنی بەهیچ نازانی، شەهید کەریم مەرزانی(١٩٦٥-١٩٩٤) | ٢٦١ |
| ١١٢ | شەڕی نێرەگین | ٢٦٣ |
| ١١٣ | گرتنی فەوجی ڕەواندز و ئاکۆیان | ٢٦٤ |
| ١١٤ | گرتنی ڕەبیەکانی دۆڵەبەکرەو شەهیدبوونی ئیدریس ئیلنجاغی | ٢٦٥ |
| ١١٥ | شەهید ئیدریس سوارە ئیلنجاغی(١٩٧١-١٩٨٧) | ٢٦٦ |
| ١١٦ | داستانی ڕزگاری کوڕانی مێرجاڕ لە گۆجاڕ | ٢٦٧ |
| ١١٧ | داستانی گەورەی مێرجاڕ٢٦ی نیسانی ١٩٨٧ | ٢٦٩ |
| ١١٨ | پێکهاتەی هێزی دوژمنیش بەو شێوەیە بوو | ٢٧٤ |
| ١١٩ | مقۆمقۆی هاتنی(قوەت)وخۆ ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە | ٢٧٥ |
| ١٢٠ | دەستپێکردنی شەڕەکەی مێرجاڕ | ٢٧٧ |
| ١٢١ | زیانی گیانی دوژمن و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە | ٢٨٢ |
| ١٢٢ | لەپەراوێزی داستانی گەورەی ئیلنجاغی گەورەوە | ٢٨٣ |
| ١٢٣ | هەنگاو گەبیە لوتکە، شەهید هەنگاو ئیلنجاغی(١٩٦٨-١٩٨٧) | ٢٨٦ |
| ١٢٤ | پڵنگی مەیدان، نهێنگری زیندان، شەهید حاجی بەختیار(١٩٥٧-١٩٨٩) | ٢٨٨ |
| ١٢٥ | فەرماندەی ١٢سوارەی مێرجاڕ(حەمەچاوشین ئیلنجاغی١٩٥١-٢٠١٦) | ٢٨٩ |
| ١٢٦ | شەهیدی دوو گیان نەسرین حەسەن ١٩٦٥-١٩٨٧ | ٢٩٦ |
| ١٢٧ | چەردەیەك چالاکی کوڕانی مێرجاڕ لەساڵی ١٩٨٧ | ٢٩٧ |
| ١٢٨ | فەرماندە عوسمان بانیمارانی، هەمیشەدۆست ودوژمن حسابی بۆکردووە | ٣٠٠ |
| ١٢٩ | ڕۆلی ئیلنجاغیەکان لەبادینان | ٣٠٨ |
| ١٣٠ | کێومالْ خەریکبوو ئاگا بخنکێنێ | ٣١٠ |
| ١٣١ | لەگەرمەی ئەنفال وکیمیابارانداا خەبات درێژەی هەیە | ٣١١ |
| ١٣٢ | گرتنی سەری ڕەش | ٣١٢ |
| ١٣٣ | پەلاماری دوژمن لەشوباتی ١٩٨٨بۆ سەرکردایەتی | ٣١٤ |
| ١٣٤ | توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و پاراستنی مەڵبەندی سێ | ٣١٥ |
| ١٣٥ | شەڕی کونە کۆتر | ٣١٦ |





| | | |
|---|---|---|
| ١٣٦ | بەشی چوارەم | ٣٢١ |
| ١٣٧ | پارتیزانەکانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە | ٣٢٣ |
| ١٣٨ | سنوری یەکەی پارتیزانی هەولێر وحەشارگەکانیان | ٣٢٥ |
| ١٣٩ | بەئاوی گەرم ونانی وشك، لەدوژمن دەبینە مارودوپشك | ٣٢٧ |
| ١٤٠ | چالاکی پارتیزانانەی کوڕانی مێرجاڕ | ٣٢٩ |
| ١٤١ | هاوکارانی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر | ٣٣١ |
| ١٤٢ | چەرمەسەری و ئاستەنگی پارتیزانەکان | ٣٣٥ |
| ١٤٣ | گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی | ٣٣٦ |
| ١٤٤ | پێشمەرگەی دانەبڕاو و پارتیزانەکانی مێرجاڕ | ٣٣٧ |
| ١٤٥ | نەسروڵلا ئیلنجاغی فەرماندەی دانەبڕاو | ٣٣٨ |
| ١٤٦ | جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی پارتیزان | ٣٤١ |
| ١٤٧ | لیوا کاوە کادیرە پارتیزانەکە | ٣٤٥ |
| ١٤٨ | ئەحمەد ئیلنجاغی پێشمەرگەی دانەبڕاو وپارتیزان | ٣٤٩ |
| ١٤٩ | بەشی پێنجەم-پەراوێز | ٣٥١ |
| ١٥٠ | چۆڕاوگەی خوێنی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە | ٣٥٣ |
| ١٥١ | شەهید زاهیر هەمزە سالح(١٩٦٩-١٩٩١) | ٣٥٣ |
| ١٥٢ | شەهید شێرکۆ ئۆمەر وەسمان(١٩٧١-١٩٩١) | ٣٥٥ |
| ١٥٣ | شەهید جەلیل حەمەد سالح(١٩٦٧-١٩٩١) | ٣٥٥ |
| ١٥٤ | شەهید نازم کازم مەحمود(١٩٦٩-١٩٩٢) | ٣٥٦ |
| ١٥٥ | شەهید عەوڵلا ڕەش (١٩٢٨-١٩٩١) | ٣٥٦ |
| ١٥٦ | شەهید سولێمان فەتحوڵلا کاوێس(١٩٣٢-١٩٩١) | ٣٥٧ |
| ١٥٧ | شەهید ئەیوب تارق جەمیل(١٩٨٧-١٩٩١) | ٣٥٨ |
| ١٥٨ | شەهید سەلاحەدین خالد ئۆمەر(١٩٤٩-١٩٩٢) | ٣٥٨ |
| ١٥٩ | شەهید کازم حەمەدەمین ڕەئوف(١٩٦٢-١٩٩٥) | ٣٦٠ |
| ١٦٠ | شەهید سەلاح سەلام سالح(١٩٧١-١٩٩٥) | ٣٦١ |
| ١٦١ | شەهید فاخر عەباس محێدین(١٩٧٨-١٩٩٥) | ٣٦٢ |
| ١٦٢ | شەهید ئەحمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا(١٩٦٧-١٩٩٦) | ٣٦٣ |
| ١٦٣ | شەهید محەمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا(١٩٦٥-١٩٩٦) | ٣٦٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦٤ | شەهید حەکیم ڕەئوف عوسمان(١٩٧٢-١٩٩٦) | ٣٦٥ |
| ١٦٥ | شەهید بەختیار حەمەد عوبێد(١٩٨٧-١٩٩٧) | ٣٦٦ |
| ١٦٦ | شەهید قادر عەبدوڵلا قادر(١٩٦٨-١٩٩٧)هەڵۆی بەرزە فڕی بەنەباوێ | ٣٦٧ |
| ١٦٧ | شەهید تارق عەبدوڵلا قادر(١٩-١٩٩٧) | ٣٦٩ |
| ١٦٨ | شەهید ڕەفیق عەبدوڵلا قادر(١٩٧٢-١٩٩٧) | ٣٦٩ |
| ١٦٩ | شەهید ڕێباز عەبدولرەحمان شەریف(١٩٨٦-٢٠١٤) | ٣٧١ |
| ١٧٠ | شەهید شاڵاو موحسین ساڵح(١٩٨٨-٢٠١٤) | ٣٧٢ |
| ١٧١ | شەهید بەختیار خدر عەباس(١٩٨١-٢٠١٥) | ٣٧٢ |
| ١٧٢ | بیبلۆگرافیای شەهیدانی ئیلنجاغی گەورە | ٣٧٤ |
| ١٧٣ | بەشی شەشەم | ٣٨١ |
| ١٧٤ | وێنە و دیکۆمێنتاری | ٣٨٣ |
| ١٧٥ | نامە دەستنوس و پیتچنەکان | ٣٨٣ |
| ١٧٦ | چەند وێنەیەکی دەگمەنی شۆڕشی ئەیلول | ٣٩٣ |
| ١٧٧ | ئەلبومی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلولی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە(١٩٦١-١٩٧٥) | ٣٩٧ |
| ١٧٨ | ئەلبومی کاروانی خەبات لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق و کەسایەتیەکانی | ٤٠٠ |
| ١٧٩ | ئەلبومی شەهیدانی حزبی شیوعی عێراقی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە(١٩٧٨-١٩٩٠) | ٤١٣ |
| ١٨٠ | ئەلبومی کاروانی خەبات لەریزەکانی شۆڕشی نوێ | ٤١٤ |
| ١٨١ | ئەلبومی خەباتی پارتیزانی (١٩٨٨-١٩٨٩) وپێشمەرگە پارتیزانەکان ودانەبڕاوەکانی مێرجاڕ | ٤٥٩ |
| ١٨٢ | ئەلبومی شەهیدانی شۆڕشی نوێی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە(١٩٧٦-١٩٩٠) | ٤٦٩ |
| ١٨٣ | ئەلبومی شەهیدانی ڕاپەڕین و کۆچڕەوەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە ١٩٩١ | ٤٧٢ |
| ١٨٤ | ئەلبومی شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە شەڕی نەگریسی ناوەخۆ(١٩٩٥-١٩٩٨) | ٤٧٤ |
| ١٨٥ | ئەلبومی شەهیدانی شەڕی داعش(٢٠١٤-٢٠١٦) | ٤٧٧ |
| ١٨٦ | ژیاننامەی نوسەر | ٤٧٩ |
| ١٨٧ | سەرچاوەکان | ٤٨٣ |

## دەستپێك

### پەیوەندی من و ئەم كتێبە!

پەیوەندی من و ئەم كتێبە لە پەیوەندی من و نوسەرەكەیەوەیە، ئەویش دوو لایەنەیە لایەنەكیان پەیوەندی كۆمەلایەتی و خزمایەتیە، با لەمەیان گەڕێم، چونكە هیچ گرنگییەكی بۆ خوێنەر نیە.

لایەنەكەی تر كە ئەڵقەی پەیوەندی و نهێنی بەردەوام بوونی نێوان من و نوسەرە، ئەوەیە كەنوسەر(مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی) هەم خوێنەر و هەم نوسەرێكی باشی خاوەن(٧) كتێبی چاپكراو و بلاوكراوەیە و، ئەو بەندەش بە خوێنەر دەزانێ.

بۆیە،

هەر لەسەرەتاوە لەساڵی دوو هەزار و سێوە بیرۆكەكەی بۆ باسكردم و وەرامی منیشی وەرگرتەوە.

هەر ئەوەندەش نا، بەڵكو بەبەردەوامی و هەنگاو بەهەنگاو لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا سەردان و دیدارمان بووە و لەم بارەوە پرسیار و وەرام و گفتوگۆمان لەسەر تەواوی ئەم كتێبە بەناو و ناوەڕۆكیەوە كردووە و لەسەر وورد و درشتی زانیارییەكان ئەوەندەی توانیبێتم زانیاریم پێداوە، هەڵەیەك هەبوو بێت راستم كردۆتەوە یان دڵنیانەبووبم لەزانیارییەك داوای جەختكردنەوەم لەسەرچاوەكەدا كردووە.

هۆكارێكی تریش لەسەر هۆكاری یەكەم بۆ ئەو پەیوەندییە، ئەوەیە كە بەندەش بەناچاری وەك هەموو كاراكتەرەكانی ناو ئەم ڕووداوانە، كەم یان زۆر، بكەرێكی(فیعلی)بوویم.

هەربۆیەش،



كاتێك كارەكەی بەكۆتا هات، وێنەیەكی ڕەشنووسی بۆ هێنام و دوو داواكاریشی هەبوو، یەكەمیان: بەچاوی ڕەخنەوە بیخوێنمەوە و وەك راوێژكارێكی گشتی تێبینیەكانم بنوسم، دووەمیان: ئەوە بوو پێشەكیشی بۆ بنوسم.

ئەمەش هەم جێگای شانازی بوو، هەم دوودڵی بۆ دروستكردم. شانازییەكە ئەوەیە كە بۆ كارێكی وا گەورە سەبارەت بە ئەو كە لەمنی رابینیوە، دوو دڵییەكەش سەبارەت بەمن لەوەوە بوو كە راوێژكار وێرای بەرپرسیارێتیە گەورەكەی گوێ لە بۆچونی دەگیرێت، بەڵام مەرج نیە بەرامبەر پێوەی پابەند بێت، بۆ پێشەكیەكەش دەترسم((كالاّ بە قەد بالاّ)) دەرنەچێت.

ئێوە و پێشەكی بەندە و ناوەڕۆكی كتێبی نوسەر!

گوشاد عەبدولرەحمان

كۆیە-٢٠١٧

## پێشەکی

هەڵبەت تیۆرێکی گشتییە کەهەر دیاردەیەکی کۆمەڵگا گەورە یان بچووك، باش یان خراپ و، هەر ڕەهەندێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، ....تاد هەبێت، ئەوا رەنگدانەوەی ئەو قۆناغە راگوزەریە کورت یان درێژخایەنەی کۆمەڵگاکە خۆیەتی کە پیایدا تێدەپەڕێت. بەواتایەکی تر سەرخانی کۆمەڵگا هەمیشە لێکەوتەی ژێرخانی کۆمەڵگایە، وەك گوتراوە، ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا دوو رووی یەك دراون، دووانەیەکی جیانەبوەوەن.

لەسەر بنەمای ئەم رێسایەی سەرەوە، ئەم کتێبەش وەك بەرهەمێکی زانستی، مەعریفی-سەرخانی کۆمەڵگا- لێکەوتەی قۆناغێکی کارلێکی هارمۆنی ئەو گروپە مرۆییە دیاریکراوەیە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کەنوسەر کاری لەسەر کردووە و پێی گەیشتووە.

بەلام، خۆ بەرهەمێکی بەم قەبارە و ناوەڕۆکەوە زادەی ساتێك و دوو سات یان ڕۆژێك و دوو رۆژی بیرکردنەوەی نوسەر نیە، بەڵکو وەك هەر بابەتێکی زانستی دەرەنجامی کاریگەری واقیعێکی زیندووە بەسەر نوسەردا کە بۆ ماوەی زیاتر لە دە بۆ دوازدە ساڵ کاری ویستووە.

بەڵێ ئەم کتێبە سەرەتا تەنها راوێچکە و راوێژێکی ناجێگیر بوو لە خەیاڵدانی نوسەردا، ناجێگیر لەرووی ناونیشان، کە ئایا ناونیشان، ئیلنجاغ یان ئیلنجاغیەکان یان مێژووی ئیلنجاغ یان مێژوی ئیلنجاغیەکان یان خەباتی ئیلنجاغیەکان یان .....بێت؟ دیارە لەرووی ناوەڕۆکیشەوە، بەو پێیەی کە دەبێ ناونیشان، وەك ئامرازی ناساندن گوزارشت لەناوەڕۆك بکات، بەهەمان شێوە، رەهەندەکانی ناوەڕۆکەکەشی ناجێگیر بوو، ناجێگیر لەوەی کە ئایا بابەتەکان تەنها رەهەندی سیاسی یان کۆمەلایەتی، یان مێژوو یان مێژوویی یان ...تاد هەبێت؟



بەلام لەبەرامبەر ئەم هەموو ناجێگیر و گۆڕاوانەشدا، یەك واقیعی راست و جێگیر و حاشا هەڵنەگر هەبوو، کە ئەویش ئەو کۆمەڵە مرۆڤە زیندو و چالاك و کارکەر(کاریگەر و کارلێکراو) وپڕ لە جولەی پۆزەتیڤن کە پێیان دەگوترێت ئیلنجاغیەکان و لە رووبەرێکی زەمینی کە لەدێر زەمانەوە بە ئیلنجاغ ناوزەد کراوە و، تا ئەمڕۆش نەك هەر ژیان تێیدا بەردەوامە، بگرە لەسای ئەو هەموو کار و رەنج و شەونخونی و فرمێسك و خوێن و گیان بەخشین و خەباتەی کە بەبیر و بازووی ئەوان بۆ ژیان و بەرخودان لە پێناوی ئازادی و دوا رۆژێکی گەشتر بوونی هەبوو و هەیە، بێگومان هەر ئەم واقیعە بەرجەستەیەشە کەوای لە نوسەر کردووە، لە دوو توێی ئەم نوسین و توێژینەوەدا نەخۆی بۆ گەیشتن بەراستیەکان دۆشدا بمێنێ و نەقەڵەمەکەشی بۆ ساغکردنەوە و تۆمارکردنیان چك بکات.

ژینگەیەکی لەم بابەتەی سەرەوەدا بۆ ماوەی نیو سەدە، تەنها سوارچاکێکی قەڵەم بەدەستی گەرەك بوو بڕیاربدا و ئەسپی زینکا و قەڵەم و دەفتەر بخاتە هەگبەیەك و بە بەر ساموچکەی زینیەوە بکات و پێ بنێتە رکێف و لغاوی ئەسپەشێ شلکا و بە پەرۆشەوە هەموو ئەو شوێن و جێگایانە بەچەندین جار دووبارە بوونەوەش، لە پێناوی زۆرترین زانیاری راست و دروستیان، تەیبکات، تا بتوانێت مێژووی سیاسی ئیلنجاغیەکان وەرگرێ و بیانوسێتەوە و لەسەرەند و بێژینگیان بدات و دواتر شرۆڤەیان بکات و بەجۆرێك راستیەکانی لێ هەڵێنجێت، کە زانستی و بابەتی بن و شایستەی ئەوەبێ بەئیلنجاغ بوترێ(مێرجاڕ) و بە ئیلنجاغیەکانیش بوترێ(مێرجاڕییەکان).

ئەوەی ئەمەی کردووە پیاوی پشوو درێژ و نوسەری وورد و بەسەلیقە(ئاراس ئیلنجاغی)یە، ئەو راستییەی بەرجەستەکردووە کەمێژووی ڕاستەقینە هەر کەسێك بینوسێتەوە دەبێ لەو حوکمە مێژووییە کۆمەلایەتیە دەرنەچێت کە مێژووی میللەتان چینی ڕەش و رووتەکان دروستی دەکەن، نوسەر لەمەدا زۆر ڕاستگۆ و بابەتیانە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆڵی هەر کاراکتەرێك کردووە، ئەگەرچی ڕەنگە لەچاوی گشتی دا

ئەم یان ئەو کاراکتەرە پایەیەکی کۆمەلایەتی ئەو تۆی نەبێ و بەبۆرە پیاو ئەژمار بکرێت.

دیارە نوسین ولێکۆڵینەوە لە بواری زانستە مرۆییەکان بەپێچەوانەی زانستە سروشتیەکان بەپێی خەسڵەتەکەی و، بەپێی گرنگی و ئامانجەکان لە توێژینەوەیەکی وادا، راوێژکردن و چەندوچوونی زۆری گەرەکە، میتۆدی گەرەکە، چوارچێوە و بازنە و سنوری دیاریکراو لە رووی کات و شوێنەوەی گەرەکە، تا ببێتە توێژینەوەیەکی زانستی.

هەموو ئەمانەش دەوستێتە سەر کەرەستەکانی توێژینەوە، وەك سەرچاوەی نوسراو و نەنوسراو و باوەڕپێکراو و بەڵگە و دوکیومێنتی پشتڕاستکراوە، زانیاری و داتای دروست، سەردان و دیداری هەر کەسێك کە دوور و نزیك، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بۆ بابەتەکە کەلك لە زانیارییەکانیان دەبینرێ.

لەم سۆنگەوەش، نوسەر لەم توێژینەوەیەدا سەرەرای کۆمەڵێك سەرچاوەی نوسراو و بەڵگە و دوکیومێنت، بەرادەیەکی زۆرباش پشتی بەو دیدار و پەیوەندیە راستەوخۆ و ناراستەوخۆیانە بەستووە کە قسەکەرەکان کە ژمارەیان لە(١٢٥) بەشدار بوو زیاترە، یان کاراکتەری(فعلی) بووین لە رووداوەکاندا یان تا رادەیەکی زۆر بەهەر هۆیەکەوە بێت نزیکی و شارەزایی باشیان لە رووداوەکاندا هەبووە، کە ئەمەش یەکێکە لە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی پەیڕەوکراو و، وادەکات ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی رەسەن بۆ هەر توێژینەوەیەکی تری هاوشێوەی ئەم کارە بەگشتی و لەسەر(مێرجاڕ) و(مێرجاڕییەکان) بەتایبەتی، کە هێشتا لەبواری ئابوری، کۆمەلایەتی، کەلتوری و فەرهەنگییەوە بۆ هەمان شوێن و گروپ دەرفەتی زۆر هەیە.

ئەگەر هەموو ئەم شتانە پێویست بن لە بنەماکانی توێژینەوەی زانستیدا بێنە دی، هێشتا ناتوانرێت بووترێت توێژینەوەکە ئاکامی خۆی پێکاوە، لە رووی مەعریفی و زانستی ئەکادیمیەوە، ئەگەر نوسەر یان توێژەر بێلایەنانە و بەئەمانەتەوە زانیارییەکان



و شرۆڤەکردنیان و لەکاتی پێویست(بوونی دوو زانیاری جیاواز یان دژبەیەك) حوکمی بابەتیانەی خۆی نەدات، کە من پێم وایە تا رادەیەکی زۆرباش نوسەر ئەمەی لەبەرچاو گرتووە. ناشکرێت پێمان وابێ نوسەر لە هەموو کەموکوڕییەك بەرۆك پاکە، چونکە کارەکەی گەورەیە و دەستی هیچ کەسێکیش نەبەستراوە بۆ نوسین و رەخنەلێگرتن و دەربڕینی هەر گازاندە و گلەییەك کە لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، یان ئەگەر پێیان وابێ من تەنها بۆ نیشاندانی رووە جوانەکەی ئەم بابەتە پێم لێهەڵکێشاوە، چونکە بۆمنی نوسەری ئەم چەند دێر و پەرەگرافە وەك پێشەکی، بەپێی شێوازی بنەماکانی توێژینەوەی زانستی نەگونجاوە لەپێشەکی دا رەخنەم هەبێت.

لەکۆتاییدا دەبێ بڵێم دڵنیام لە نیازپاکی نوسەر و خەمخۆری زۆری بۆ کارەکەی و دڵنیاشم دەبێتە سەرچاوەیەکی باش و دەوڵەمەند بۆ توێژینەوەی تر و، دەشبێتە بەرهەمێکیش کە هەر نەبێ چەند لاپەڕەیەکی مێژووی سیاسی میللەتێکی گەورەی کوردی تێدا تۆمارکرا، ئەمەش لەمیانەی خەبات و قوربانی دانی مەملەکەتی مێرجاڕ و مێرجاڕییەکان و بەلای کەمیشەوە ئەم کتێبە گۆشەیەکی ئەگەر بچووکیش بێت لە کتێبخانەی پڕنەکراوەی گەلەکەمان جێدەگرێت.

هەر ئەوە ماوە بڵێم کە ئەگەر(مێرجاڕ) هیچی نوێی نەخستبێتە سەر خەرمانی زانست و مەعریفەی مێژووی کورد، ئەوا دوو وشەی(مێرجاڕ) و(مێرجاڕییەکان)ی بۆ فەرهەنگی کوردی بەرهەمهێناوە.

-دەستی نوسەر خۆشبێ!

-نمونەی زۆر بێ!

گوشاد عەبدولرەحمان

کۆیە

٢٩ی جۆزەردانی ٢٧١٧ی کوردی

## ئیلنجاغ کۆڵکەی دارە بنێشتە

هەموو ئاوایی و گوندێکی ولاّتی کوردان جوانە بەلاّم لە دلّی من ئیلنجاغ لەنێو هەموویاندا جێگەی دیارە و زێدی خواکردە و مەفتەن و بە هەشتی دەروون پاراوی منە، ئەم پیاهەڵدانە لەزاری ئیلنجاغیەکانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوە زۆر دەوترایەوە بەو شێوەیە(ئیلنجاغ بحێشتە، کۆڵکەی دارە بنێشتە، کۆر بم بەجێم هێشتە) کۆڵکەی دارە بنێشتە سەرنجی ڕاکێشام(دارەبنێشت) واتە(دارەبەن) یان(دار قەزوان) ڕەگ و ڕیشەی خاك لە باوەش دەگرێت و ماش و برنجی گەلاّکانی لەپایزاندا گوزارشتی سەربووردە و سەرگوزشتەی دوور و درێژ و تەمەنی زۆرە، گەلاّکانی دەکرێتە چێشتی دۆینە و دۆ و ماستاوی پڕ لە قەزوان و بنێشت و ئالیکی ئاژەلاّن، زۆرێك لە ئاواییەکانی کوردستانیش ئەو دارەبەن و قەزوانەی هەبوە و هەیە، لە هەندێکیاندا زۆر دەگمەنە و ناوی زەوییەکان بەناوی ئەوەوە دەهێنرێت وەك گەری دارەبەنەی ئیلنجاغی گەورە، تێکڕای ئەمانە واتە دارەبەن و خاك ئاوێتەی یەکتن لەو سۆنگەشەوە بەو پیاهەڵدانە دەستپێکی پێشەکیەکەم دەست پێکرد بۆ سەرەتای کاروانێکی پڕ زنار و کێو و هەوراز و نشێوی(مێرجاڕ)ی ئیلنجاغی گەورە.

## ئیلنجاغی گەورە لە چیەوە هاتووە؟

هەموو خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورە کۆکن لەسەر ئەوەی ئیلنجاغ وشەیەکی تورکیە، بەلاّم لە رووی ماناوە کەس لەگەڵ کەس هاوڕا نیە، هەندێك دەڵێن بەمانای(جێگای تەمتەمە شاخ) دێت و رایتریش دەڵێت(جێگای قاوە جاغ)یش دێت، بیروبۆچونی زیاتریش هەیە وەك(ڕێزە-ڕەوەزە شاخ) و(دیوەخان نشین) بەم دواییانەش گوێم لە چەند لێکدانەوەیەکی تر بوو بۆ ناوەکە وەك بەمانای(مەڵبەندی ناوچە) یان(



کانی کانزایی) یان(زانستی سەردەم) هەڵبەت هەموو ئەمانە هەڵێنجان و لێکدانەوە و بەچاوی خۆ خوێندنەوەیە بۆ وشەکە.

بەندەش بیر و بۆچونی جیام لەگەڵ خەڵکی ئاوایی ئیلنجاغی گەورە هەیە و زۆر پرسیاری وشەکەم کردووە و توشی زمانناسێکی بەتوانای زمانی تورکی نەبووم لە وشە کلاسیکیەکان شارەزا بێت یان کورتتر بڵێم لە وشە تورکیەکانی سەردەمی عوسمانیەکان ئاگادار بێت، بۆیە ساڵی خوێندنی(١٩٩٧-١٩٩٨) لە قۆناغی چوارەمی زانکۆ بووم لەشاری هەولێر سیٚ کچی رێکوپێکی تورکمانم لەگەڵ دا بوو، بەناوەکانی( سەنا و جوان و ئەڤین) ڕۆژێك بەگاڵتەوە ووتم: ئەگەر خۆشناو نین دەبێت وشەیەك هەیە بزانن مانای چیە؟ وتیان: چیە وشەکە؟ ووتم: ئیلنجاغ دیارە کورد ووتەنی: تەقەی سەریان هات؟! بەلاّم ئەڤین ووتی برایەکم لە تورکیایە فەرهەنگێکی تورکی-تورکی بە شێوەزاری ئەستامبۆڵی بۆ هێناوم بەیانی بۆت دەهێنم، ئیتر ئەڤین قاموسەکەی هێنا ئیلنجاغم تێدا دۆزیەوە نوسرابوو(ئیلنچاغ= انسانلر کوجرلر) بەلاّم بەداخەوە ئەو کات وەك سەرچاوە ئەو فەرهەنگەم لەلای خۆم تۆمار نەکرد ئێستاش زۆر هەوڵمدا ئەو فەرهەنگە ببینمەوە بەلاّم تا نوسینی ئەم بابەتە دەستم نەکەوتەوە چونکە ناونیشانەکەیم لە بیر کردووە بەهەر حاڵ ئەو(قەناعەتە)م بۆ دروست بوو، وشەی ئیلنجاغ لە بنەچەدا تورکیە و لە بنەڕەتدا(ئیلنچاغ) بووە، لەئەنجامی خزانی زمان پیتی(چ) بووە بە(ج) وشەکە بووە بە ئیلنجاغ، ئەویش واتای(خەڵکی کۆچەری=انسانلر کوجرلر) دەگەیەنێ، بۆ ئەمەش پشت دەبەستم بەچەند ڕاستیەکی نزیك لەو مانایە:

١-یەکێك لە گۆتە و پەندە کوردیەکان دەڵێت: بۆ مەڕ لەوەڕاندن لەکوێستانان گەدە و بانەسەر، لەگەرمیانان ئیلنجاغ و داربەسەر، مەڕلەوەڕاندن پیشەیەکی ڕەوەند و کۆچەری-یانە لە کوردستان لە نێوان کوێستان و گەرمیاندا.

٢-ئەوەندەی بزانم لە باشوری کوردستان چوار گوندیتر بە ناوی ئیلنجاغ-ەوە هەیە، وەك(ئیلنجاغی گەورە و ئیلنجاغی بچووکی ناحیەی تەقتەقی قەزای کۆیە و

ئیلنجاغی حاجی لالەی ناحیەی شوانی پارێزگای کەرکوك وئیلنجاغی قوراوی-یان لە ناحیەی قوشتەپە) هەموویان ئاقار و زەوی و زارەکانیان پشت ئاو و دێمەکار و پاوان و لەوەڕگان، بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ژیانی ڕەوەندی و کۆچەری لەبارترن.

٣-ئەوەی پیشەی ئاژەڵداری هەبێت لە تاکە ئاواییەکی بچوکیش بێت و تاقە ماڵیش بێت هیچ چاری نیە دەبێت هەواری زستان و هاوینی بگۆڕێت بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەکانی، هەڵبەت هەموو ئەو گوندانە لە رابردوودا پیشەی سەرەکیان شوانکارە و ئاژەڵداری بووە.(ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێرینەی کەنار زێی بچوك، لاپەڕ ٢٣١-٢٣٢).

## شوێنی ئیلنجاغی گەورە

بەدووری(٩)کیلۆمەتر لە باکوری خۆرئاوای تەقتەق هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی(ئیلنجاغی بچووك و تاڵەبانی گەورە لە خۆرهەڵات و سماقە لە خۆرئاوا و ئۆمەرگومبەت لە باشور و داربەسەری بچووك و شیواشۆك لە باکور) کەوتۆتە نێو هێڵی درێژی(٤٤,٣٠-٤٤,٥٠)ی خۆرهەڵات و نێو بازنەی پانی(٣٥,٥٧-٣٥,٩٧)ی باکوری گۆی زەوی، لە ئاستی رووی دەریاوە ٣٩٤مەتر بەرزە و کەرتێکی کشتوکاڵی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەقە، دەکەوێتە وراتی کۆیە، وراتی کۆیە لەگەڵ دەشتی کۆیە دوو زاراوەی جیاوازن دەشتی کۆیە بناری چیای هەیبەسوڵتان و کەڵکەسماق دەگرێتەوە لە رۆژهەڵاتی کۆیەوە لە کلێسە و کانی سورەوە دەست پێ دەکات تاوەکو رێگەی سەرەکی کۆیە- تەقتەق و نزیك گوندی مام قلینج، وراتی کۆیەش لەرۆژئاوای رێگەی سەرەکی کۆیە-تەقتەق لە گوندی مام قلینجەوەوە تاوەکو گوندی کانی کەوان لەو پەڕی رۆژئاوای کۆیە درێژدەبێتەوە، هەڵبەت خۆشناوەتیش بەشێکی سەرەکیە لە سنوری قەزای کۆیە لە دێر زەمانەوە تا ئەمرۆ.



## مێژووی ئیلنجاغی گەورە

مێژووی ئیلنجاغی گەورە لەو کتێبەدا ناتوانرێت مافی پێ بدرێت چونکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەت هەیە و ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان:

(ساڵی١٥٣٥ز سەردەمی میری ئێزیدیان میر حوسێن بەگی داسنی کە حاکمی هەردوو میرنشینی سۆران و داسنی کردووە لە سەردەمی سوڵتان سلێمان قانونی عوسمانیەکان تاوەکو میر عەلی بەگی داسنی ساڵی ١٨٣٥ز).

دار و دەستەی میر حوسێن بەگی داسنی چۆن؟ لە دهۆکی داسنیا و باڵەکایەتی و ڕەواندز و وراتی کۆیە گیرساونەتەوە ئەمەش چەند گریمانەیەك دروست دەکات بۆ مێژووی بن داسنیەکانی ئیلنجاغی گەورە:

یەکەم: ئایا ئەوانە پاشماوەی دار و دەستەی میر حوسێن بەگی مەزنی داسنین کە لەزستانی ١٥٣٥زاینی لەلایەن سوڵتان سولێمان قانونی عوسمانی کراوە بە میری میرنشینی سۆران وداسنی؟

دووەم: یان ئەوانە لە ئەنجامی ململانێی نێوان(بەگ)ەکانی میرنشینی داسنی لە مێرگەی شێخان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات وەك میر چۆلۆ بەگ و خەنجەربەگ لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم(١٧٥٠-١٧٩٠ز) کە خەنجەر بەگ مێرگەی شێخان و داسنیان بەجێ دەهێڵێت و لە سۆران نیشتەجێ دەبێت؟

سەعدوڵڵا شێخانی دەنوسێت: لە پیرەمێرد و بەساڵاچوانی ئێزدی شێخانم پرسی؟ کەی شێخانیەکانی ناوچەی سۆران لە مێرگەی شێخان هەڵاتن و چوونە سۆران؟ لە وەڵامدا وتیان: لەسەردەمی چۆلۆ بەگی کوڕی بەداغ بەگ ناکۆکیەك کەوتە نێوان میری شێخان و یەکێکیان ناوچەی بەجێ هێشت و چووە سۆران و بووە موسڵمان بروانە(کورتەباسێك دەربارەی شێخان و شێخان بەگی، خدرێ سلێمان و سەعدوڵڵا شێخانی، بەغدا، ١٩٨٨، لاپەڕە٥٣).

سێیەم: کاریگەرییەکانی فەرمان و کوشتاری نێوان میرنشینی سۆران و میرنشینی داسنی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بەتایبەتی لە سەروبەندی فەرمانڕەوایەتی میر محەمەدی ڕەواندزی-پاشای گەورە بۆ میرنشینی سۆران و میر عەلی بەگی داسنی میری میرنشینی داسنی لە دەوروبەری ساڵانی(١٨٣٢-١٨٣٦)ز، هەموو ئەو گریمانانە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی و وورد هەیە بۆ گەیشتن بە سەرە داوی باوەڕپێکراو چونکە بۆ هەر سەدەیەك لە سەدەکانی(شازدەیەم و هەژدەیەم و نۆزدەیەم) بیر وبۆچونی جیا هەیە، خۆ ئەگەر بەسەر هەر سەدەیەکیان ساغ ببێتەوە؟! مێژووەکە گۆڕانکاری بەسەر دادێت و بەڵگەش دڵان ئاو دەدات.

**خانەوادەکانی ئیلنجاغی گەورە**

مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی تەنها(٢) خانەوادەی بن داسنی بە بنەچە ئێزدی ئاوەدانیانکردۆتەوە ئەوانیش:

١- تاهیر بەگی شێخانی، کوڕێکی هەبووە ناوی(فەلە) بووە، ئەو فەلەیەش دوو کوڕی بەناوەکانی(خالند و حەمەد) هەبووە، نەوەکانی بوون بەدوو خانەوادە یەکەمیان بە(کوڕەبۆر) و دووەمیان بە(ئەلیاس) ناو دەبرێن، لە مێژووی ئیلنجاغدا هەندێ جار ووتراوە(ئیلنجاغی کوڕەبۆر) بەڵام عوسمان حاجی عەبدوڵلا نەوەی کوڕەبۆر دەڵێت(ئەو فەلەیە فەرهادی ناو بووە پێی وتراوە فەرە و فەلە دوو کوڕی هەبووە بەناوی خارند وخەلیل) کەچی ناکرێت فەرهاد کورت بکرێتەوە بە(فەلە) بەلکو دەبێتە(فەرە) لە کوردیدا، کورەکەیتری فەلەش ناوی عەباس بووە هەندێ جاریش دەڵێن حەمەد کوری عەباس بووە کە ئەلیاسی بووە.

٢- بایەزید بەگی شێخانی، لە(موحەمەد)ی کوڕی سێ نەوەی هەبووە بەناوەکانی(وەتمان و کاکیل و عەبد) وەتمان دوو کوڕی بەناوەکانی(مەلاك و سو) دەبێت و کاکیل-یش دوو کوڕی بەناوەکانی(خدر و سەلیم) دەبێت، نەوەکانی وەتمان



بەخانەوادەی(مەلاك) ناو دەبرێن کە زۆرینەی خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورە پێك دەهێنن بە گوێرەی دوا داری بنەماڵەی هۆزی شێخانی لەکتێبی(سەعدوڵلا شێخانی، داری بنەماڵەی خزمانی شێخانی، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٣ز) و نەوەکانی(کاکیل)یش بەخانەوادەی(دەروێش خدر) کە دووەم زۆرترین ژمارەیان هەیە لە ئیلنجاغی گەورە دوای ئامۆزاکانیان، بەڵام عەبد و نەوەکانی لە چەند شوێنێك نیشتەجێ دەبن و نایەنە ئیلنجاغی گەورە وەك: گورزەیی و نەبیاوە و قەرە دەرە و جلبەسەر و دوبز، بڕوانە(کورتەباسێك دەربارەی شێخان و شێخان بەگی، لاپەڕە١٠٩).

٣- ئۆمەر عاسی پاڵانی، ئەمانە لە سەدەی نۆزدەیەم دوای وێران بوونی گوندەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ئیلنجاغی گەورە لە سەر رووباری کۆیە کە ناوی(بیان) بووە، ئاوارەی لای پردێ و گوندی سێ قوچان دەبن و دیارترین کەسایەتیان(نەجم عەبدولقادر ئۆمەر عاسی) حکومەتی ئەو سەردەمی عوسمانی دەستگیری دەکات و دەیگوازێتەوە بۆ زیندانی موسڵ و پاشان ئازاد دەبێت و پاش ماوەیەك ژیان لە گوندی(سێ قوچان) کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش بەخاکی دەسپێرن، ئینجا کوڕەکانی(قادر و ئۆمەر) و حوسێنی مەمەندی کە هەم ئامۆزا و هەم خوشکەزایان بووە دێنەوە ئیلنجاغی گەورە بۆ سەر زەوی و زارەکانیان و، لە ناو ئاوایی ئیلنجاغی گەورە لە تەنیشت شێخانیە-بن داسنیەکان نیشتەجێ دەبن و بەژنخوازی تێکەڵاوی یەکتر دەبن.(چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد نەجم قادر نەجم لەدایکبوی ١٩٥١ی ئیلنجاغی گەورە، هاوڵاتی، لە٢٥-١٢-٢٠١٢ز).

٤- ئۆمەر سمایل، یان خانەوادەی( حەمەلاو) دوای پاڵانیەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێتە ئیلنجاغی گەورە تەنها کوڕێك و کچێکی دەبێت بەناوی(حەمەلاو و ڕەحیم) لە دزەییاتی(ئایشەخان کچی سوڵتان ئاغا)ی بۆ حەمەلاوی دەخوازن و (ڕەحیمی مام ئۆمەر)یش دەدرێتە (عەبدوڵلای ڕەسوڵی کورەبۆر)ی، لێرە-وە خزمایەتی و تێکەڵاوی حەمەلاوییەکان لەگەڵ بن داسنیەکانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە دەست

پێدەکات و بەیەکەوە لە ئیلنجاغی گەورە بە پێکەوە ژیانی بەردەوام دەبن تا ئەمڕۆ.(چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید حاجی ساڵح مستەفا، لەدایکبوی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، هاوڵاتی، لە١٨-٣-٢٠١٧ز).

٥-حاجی عەزیز ڕەسوڵ، بەوە دەچێت لەدوای(حەمەلاو)ەوە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوچەی(شوان و شێخ بزێنی)یەوە هاتبێ، کورەکانی(سەعید و شەریف) لەگەڵ خانەوادە بن داسنیەکانی(مەلاك و ئەلیاس) ژن و ژنخوازی دەکەن و دەمێننەوە و ئەمڕۆ بوون بەیەکێك لە خانەوادەکانی ئەو گوندە.

٦-حوسێن دەراشی، لەسەدەی بیستەمەوە لە گوندی(دەراشی) خۆشناوەتیەوە دێنە سماقە و لەوێشەوە نەوەکانی حوسێن دێنە مەرزان و ئیلنجاغی گەورە، قادری کوڕی حوسێنی دەراشی لەگەڵ بەرەبابی ئەلیاسی بن داسنی تێکەڵ دەبێت بە ژن وژنخوازی.

شێخانیەکان زۆربینەی خەڵکی گوندی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە پێکدەهێنن و خانەوادەکانیتر کەمینەن و لێرەو لەوێ هاتوون و شانبەشانی شێخانیەکان نیشتەجێبوون، لە نێو شێخانیەکانی بن داسنیش کورەکانی بایەزید بەگی شێخانی زۆرینەن و دواتر نەوەکانی تاهیر بەگی شێخانی دێن و دوای ئەمانەش خانەوادەی حەمەلاو لە رووی ژمارەی خێزانەوە دەبێتە سێیەم خانەوادە و تاد.

### بۆ شێخانی بن داسنی؟

وشەی بن داسنی لەچیەوە هاتووە هەڵبەت بێ بیر ورای جیاواز نابێت، ئەوەی لەسەر بن داسنی بیستومە و خوێندومەتەوە سێ تێگەیشتن بۆ بن داسنی گەلاڵە بووە ئەوانیش:

یەکەم: شێخ ئادی رابەری ریفۆرمخوازی رۆحی ئێزدیەکان کە مێرگەی شێخانی لە لالش دروستکردووە، بەبنەچە خەڵکی ناوچەی بناری(شاخی داسن) بووە، لە دەوروبەری(هەکاری) باکوری کوردستان، یان دەوترێت(عەیازی کوڕی غەنەم) سەر



لەشکری سوپای ئیسلام کە هاتۆتە کوردستان شاخی(داسن) ی گۆڕیووە بە(مەقلوب) چونکە تاکە شاخ بووە ئاڕاستەی بەرەو کەعبە شۆڕنەبۆتەوە، لەلایەکیتریشەوە گوایە لوتکەیەك لەشاخی شنگال-شنگار ناوی داسن بووە، ئەمەش واتە گەڕاندنەوە بۆ شوێن وەك ئەوەی بوترێت ئەو خەڵکە نیشتەجێی بناری-بن هەیبەسوڵتان یان باواجی یان قەرەچوغ یان داسن بووبن بۆیە پێیان دەوترێت(بن داسنی)یان پاشماوەی میرنشین و ناوچەی داسنی ژوورو و خواروو بوون.

دووەم: داسن لە زمانەکۆنەکاندا لە سەردەمی ئاینی حەڕان بەواتای خودای تاقانە هاتووە، زەردەشتیەکان گۆڕیویانە بە(دێو) و بە ئێزدیەکانیان ووتوە(داسنی) واتە دێو پەرست، بەڵام ئەو مانایەی دێو بۆ خودا تا ئەمرۆش لە وڵاتانی نیمچە دورگەی ئیبریا(ئیسپان و پورتوگاڵ) هەر ماوە دیوتلی بەمانای خودا دێت، کەواتە داسنی وەك ڕەبانی زمانی عەرەبی و خوا پەرستی کوردیە.

سێیەم: بەهۆی زاڵبوونی کەلتوری عەرەبی بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە لە کوردستان و ناوچەکە وشەی بن داسنی هاوشێوەی(بن جو) و(بن دیان)ە، واتە ئەوانە لە بنەڕەت باوك و باپیرەوە(ئێزدی و داسنی) بوون و، بوون بە موسڵمان، منیش هەر بیرو بۆچونی سێیەمم لە مێشك گەڵاڵە بووە و بەراستی دەزانم بن داسنی واتە نەوەی ئێزدیان دوای موسڵمان بوونیان.

### بۆ مێرجاڕ؟

ناونیشانی کتێبەکەم(مێرجاڕ) بۆ پەنجا ساڵ خەباتی ئیلنجاغیەکان لە نێوان(١٩٤٠-١٩٩٠) لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە، وشەی(جاڕ)م لکاندوە بە وشەی(مێر) هەر یەك لەمانەش بەجیا لە زمانی شیرینی کوردیدا چەندین مانا هەڵدەگرن، مێر واتاکانی(پیاو و مێرد و ئازا لەشەڕ و دڵاوا و سەخی و دڵکراوە و مەرد و پیر و بەتەمەن) لە خۆ دەگرێت وەك مێرخاس و جوامێر و کەڵەمێرد و

کەڵەپیاو ، جاڕ-یش واتە(شوێن و زەوی و ڕاگەیاندن بە دەنگی بەرز) وەك جاڕ کێشان و جاڕدان و نێرگزجاڕ و بەڵەکجاڕ و گۆجاڕ.

کەواتە مێرجاڕ شوێن و نشینگە و زەمین و مەملەکەت و لانە و مێرگی مێرخاس و جوامێر و بێچوە شێر و عەگیدانە، ڕاگەیاندنی پڕ بە گەروو و هاواری بەرزی ڕەتکردنەوەی ژێر دەستەیی و دەنگی کپ نەکراوی ئیلنجاغیەکانە لە پێنج دەیەی سەدەی ڕابردوو بەرامبەر زوڵم و ستەم و داگیرکاری داگیرکەران و دوژمنانی کورد.

مێرجاڕ چی لە خۆ دەگرێت؟

مێرجاڕ ئەو پەنجا ساڵەی لە چەند بەشێکدا کۆکردۆتەوە و خستۆتە ڕوو، بەشی یەکەم باس و ڕۆڵی گەنجانی ئیلنجاغی گەورەیە لە چوونە ریزەکانی بیری شیوعیەت و چەکرە و گەشەکردنی لە ناوچەکە، بەشی دووەمیش شۆڕشی ئەیلولی مەزن(١٩٦١-١٩٧٥) و بەشداری ئیلنجاغیەکان لەشۆڕش و ئاوارەبونیان، بەشی سێیەم شۆڕشی نوێی نێوان ساڵانی(١٩٧٥-١٩٨٨) مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لە خەبات و خوێن بەخشین و کۆڵنەدان دا و بەشی چوارەم پارتیزانەکانی مێرجاڕ و قارەمانێتیان لەنێوان(١٩٨٨-١٩٨٩) و جێگەی شانازی بوون بۆ میللەتێك، بەشی پێنجەم شەهیدانی دوای قۆناغی(١٩٤٠-١٩٩٠) کراوە بە پەراوێزی ئەم کتێبە وەك وەفایەك بۆ خوێنی شەهیدان، دوا بەشی مێرجاڕیش دیکۆمێنت و ئەڵبومی وێنەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات و کاروانە.

**پێویستە چی بوترێت؟**

بە مۆبایلەکەم پەیوەندیم بە فەرماندەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ-ەوە کرد لەسەر بابەتێك زۆر گفتوگۆ و قسەمان کرد هەندە نیگەرانی بارودۆخەکان بوو ووتی(مامۆستا ئەوەندە سەنتەت نەڕوا کوڕە خۆ تەعویزت نادەنەوە) بێ ئومێدی ئەو پێشمەرگە قارەمانە نیگەرانی کردم و، لە هەمانکاتدا هاندەریشم بوو بۆ سور بوون



لە سەر تەواوکردنی پرۆژەکەم بۆ ئەوەی ماندوبوونی تێکۆشەرانی قۆناغەکانی سەرەتایی شۆڕش و شاخ-ی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بنوسمەوە، ئەوان خەباتیانکرد قەڵەمەکەی بەندەش بۆی تۆمارکردن و کردیە چیرۆکی بەر ئاگردانی(مێران و مێخاسان) کە ئەویش ئەو(مێرجاڕ)ەیە کە ئێستا لەبەر دەستی تۆی خوێنەر دایە.

لەدوای هەر کارێکم ووتومە کاری تەواو هەر خودا خاوەنیەتی، بەندە ئەوەندی بۆی کرا بێت خەمخۆری کارەکەی بووە، دەمێکە خەریکی ئەو بەرهەمەم مێژووی کارکردن تێیدا لە رۆژی پێنج شەممەی ٣٠-٥-٢٠٠٢ ەوە لەماڵی محەمەد چاوشین لەشاری کۆیەوە بەیەکەم چاوپێکەوتن دەست پێدەکات تا ئێستا خۆی دەدا لە نزیکەی(١٥) ساڵێك بەڵام تەنها لە نێوان ساڵەکانی (٢٠١٢-٢٠١٧) بە چڕی کاری لەسەر کراوە، دوای حەوت بەرهەم ویستم هەشتەم پەرتوکم لە سەر زێدەکەم(ئیلنجاغی گەورە) بێت ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و ئیلنجاغی پێ لە دەوروبەرەکەی جیاکردمەوە(خەبات و بیری نوێ و شۆڕشگێریی و قوربانیدان و شەهیدەکان)ی بوو، بۆیە ئەو لایەنەی کەس وکاری مێرجاڕم وەرگرت و بووە ئەو بەرهەمەی بەر دەستتان، تا کرابێت هەوڵمداوە مافی ئەوانە بدەم کە بەشداری بیری نوێ و پێشمەرگایەتیان کردووە، هیوادارم لە ئاست ئەو هەموو ئارەق و خوێنڕشتن و ماندوبوون و ماڵوێرانی و دەربەدەری و چەرمەسەریە بێت کە کوڕانی مێرجاڕ ومێرجاڕییەکان چەشتویانە بەخشیویانە لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی بزاوتە رزگاریخوازەکانی کورد و گەلی کوردستان.

مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەی هەمنشینی مێران هەر ئاوەدان بێت.

ئاراس ئیلنجاغی

١١-٦-٢٠١٧تەقتەق

## بەشی یەکەم

## سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیوعیەت لە ئیلنجاغی گەورە

## بەشی یەکەم

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیوعیەت لە ئیلنجاغی گەورە

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەسەر قەیسەری روسیا لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم و، دواتر سەرکەوتنی سۆڤیەت لەگەڵ هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهانی و، سیستەمی پاشایەتی و دواکەوتوی زۆرێك لە وولاتانی ڕۆژهەلات، لەو هۆکارە زەق و ئاشکرایانە بوون کە زەمینە و هەلومەرجێکی لەباریان هێنایە ئاراوە کە تەوژمی ئایدۆلۆژیەت و بیری سیاسی شیوعیەت بە کاریگەریەکی زۆرەوە ناوچەکە بتەنێتەوە.

دیارە هەژاری و نەداری گەلانی عێراق لەسایەی ڕژێمی پاشایەتی کۆنەپەرستی ئەو سەردەم و کاریگەری حزبی شیوعی عێراقیش وەك بیرۆکەیەکی سیاسی نوێ و دروشم و بانگەوازەکانی بۆ رزگاری مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەگشتی و چین و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە لە سەر دەستی چینی دەسەلاتدار و خاوەنی هۆکارەکانی بەهەمهێنان بەتایبەتی، لەو هۆکارە بابەتی و خۆییانە بوون کە خەڵکی ئیلنجاغی گەورەش وەك خەڵکی هەر بەشێك لەسەر زەمینی عێراق و کوردستان باوەشێکی کراوە بێت بۆ کاری سیاسی و رێکخراوەیی حزبی شیوعی عێراق.

لەسەرەتایی چلەکانی سەدەی بیستەم، خەڵکی عێراق و کوردستان بەشێوەیەکی بەربلاو کەوتنە ژێرکاریگەری ئەو تەوژمە بیرییە سیاسییەی ئەو سەردەمی حزبی شیوعی عێراق، بەهۆی هەژاری و کولەمەرگی -ەوەش خەڵکی ئیلنجاغی گەورە



بەردەوام داکۆکیکەرێکی سەرسەختی ئەو تەوژمە بوون بەرامبەر زوڵم و ستەمی دەرەبەگ وخاوەن موڵکەکان.[١]

لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو، تاك وتەرا خەڵکی گوند بوونە(شەعبی)، ئەو کات بەشیوعیەکان دەوترا (شەعبی) و کۆمەڵەی هەرەوەزیان پێکهێنا، بارەگایەکیان لەناو مزگەوتی گوندەکە کردەوەو لەژووری فەقێیەکانیش چایخانەیەکیان بۆ مەبەستی چادانە میوانەکان و ئەندامانی هەرەوەزییەکە دروستکرد.[٢]

سەرەتای سەرهەڵدانی دوو ڕێبازو هزری جیاواز، وەك دوو تەوژمی بیری و سیاسی و ڕێکخراوەیی، کەلە ململانێ و کێشمەکێشمی گەرم دابوون، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سالانی پەنجاکان، بەدیاریکراوی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، کە شۆڕشێکی چەپگەرایی وکاریگەری سۆڤیەتی جاران وپێشکەوتن و گۆڕانکارییە جیهانیەکانی پێوە دیاربوو.[٣]

لەگەڵ کودەتای ساڵی ١٩٥٨دەتوانین بلێین زۆربەی خەڵکی گوند چوونە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوەو لەکۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاریدا خۆیان ڕێکخست، تەنیاو تاقە ماڵێك لە ئیلنجاغدا کە نەبوونە شیوعی و هەواداری(پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون، ماڵی مام کێخوا وەسمان یوسف مەلاك بوون.[٤] ڕەنگە ئەوەی ئێستاکە بەتایبەت ئەوانەی کەبایەخی سیاسی و مێژوویی ناوچەکەیان نەبێ، گومان بخەنە سەر ئەو ڕاستیە کە گوندێك یان کۆمەڵگەیەکی بچوکی سەد ماڵی سالانی

---

[١] دەستنوسێکی نامەیی(عوسمانی مەلا سدیقی کوری عوسمانی مەحمود) کەتێیدا باس لە بیۆگرافیای باوکی دەکات، هەرچەندە زەوی زارەکانی ئیلنجاغی گەورە چ ئەوەی شێخەکانی تالەبانی و چ ئەوەی ئاغاکانی کۆیە خاوەنی بوون لە ٩٨٢٢دۆنم زەوی و زاری ئیلنجاغی گەورە تەنها نزیکەی ٧٠٠دۆنمێك شێخ وئاغا خاوەنداریێتی- یانکردووە ئەویتر جوتیارەکان خۆیان خاوەنداریێتیانکردووە بەلام(دەربەگ و خاوەن موڵك) وەك کۆی سیستەمەکەی ئەو سەردەم بەکارهاتووە-نوسەر)

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نوری عەبدوللا فەتحوللا کاوێس) لەدایکبووی ١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٤/١١/٢٠١٣ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شوان سدیق عوسمان مەحمود)لەدایکبووی ١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، لە ١٥/٨/٢٠١٥ز.

[٤] نوری عەبدوللا فەتحوللا کاوێس، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو، ململانێی سیاسی و فەلسەفی هەبوو بێت! كە لەو كاتەدا هیچ كارگەیەك و كرێكارێك یان سەرمایەو سەرمایەدارێكی نەبووبێ جگە لە ئاستی هۆشیاری نزمی خەڵك؟! بەڵام ڕاستیەكە ئەوەیە كە كوردستان بەگشتی و گوندەكەی ئێمە ئەوساكە بەقۆناغی دەرەبەگایەتی دا تێدەپەڕی و ڕێژەی بەرزی زەوی و زاری گوندەكانی ئیلنجاغی گەورە و گچكە (مەرزان) لەژێر دەستی دەرەبەگ بوو، جوتیار خاوەنی زەوی نەبوو و بەشی زۆری بەرهەمە كشتوكاڵیەكەشی لەڕێگەی سەركارەكانیانەوە دەبوایە بدایە بە دەرەبەگەكان، خەڵكی گوندی ئیلنجاغی گەورە هەمووی هەژار و كەم دەرامەت بوون جگە لەوەیماڵی (كێخوا وەسمان یوسف مەلاك و مام حاجی حەمەدەمین خدرسمایل مەلاك و حاجی ساڵح مستەفا و حاجی عەلی مەحمود و مام فەتحوڵلای كاوێس) كەخاوەن مەڕ و ماڵاتی زۆر بوون، خەڵكیتر جوتیاربوون، خاوەنی بەشێك لەزەوییەكانی (ئیلنجاغ و مەرزان) باوكی بەڕێز (مام جەلال) بوو، واتە شێخ عیسامەددین، ئەوانیش لەهەموو گوندەكانی دەوروبەری كۆیە سەركاریان هەبوو، كە سەرپەرشتی زەوی و بەرهەمەكانیان بۆ كردوون، لە ئیلنجاغی گەورەش ماڵی (مام كێخوا وەسمان یوسف مەلاك) نوێنەری شێخ عیسامەدین بوون، تەنها ئەوان پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ خێزانی شێخ عیسامەدین هەبوو.[٥] ڕەنگە هەموو ئەمانە هۆكاری سەرەكی ئەوە بووبن كەخانەوادەی كێخوا وەسمان یوسف مەلاك لە ئیلنجاغی گەورە تاكە ماڵ بووبن پەیوەندیان بەكۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیارانەوە نەكردبێت و هەواداری پارتی دیموكراتی كوردستان بووبن چونكە ئەوكات خانەوادەی تاڵەبانی لە پارتی دیموكراتی كوردستان كاریانكردووە بەهۆی جەنابی مام جەلالەوە.

كۆمەڵە هەرەوەزییە جوتیارییەكەی گوندی ئیلنجاغی گەورە تا دەهات فراوانتر دەبوو، تا ساڵی ١٩٦١ گەیشتە ئەوپەڕی گەشەو تەشەنەكردنی، (مەلا سدیق عوسمان

[٥] دەستنوسێكی (شوان سدیق عوسمان) ناسراو بەملازم شوان دانیشتوی ولاتی سوید، تایبەت بەشیوعیەت و گەشەی لەئیلنجاغی گەورە بۆی ناردووم.



مەحمود) سەرۆكی كۆمەڵەكەو (عەبدوللا فەتحوللا كاوێس) جێگری كۆمەڵە و (مەولود حەسەن حەمەلاو) ڕاستگری سندوق (امین صندوق) بووە[٦]، لەگەڵ هەریەك لە (ئۆمەری مام حەمەدەمینی و هیدایەت حاجی خدر و سمایلی حاجی خدر) ئەندامی كۆمەڵەكە بوون.[٧]

لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦١) كۆمەڵە هەرەوەزییە جوتیارییەكەی ئیلنجاغی گەورە توانی دوو دەستكەوتی گەورە بۆ جوتیارانی گوند بەدیبهێنێت ئەوانیش:

یەكەمیان: هۆشیاركردنەوەی خەڵكی جوتیار بوو بە بەرژەوەندییەكانی خۆیان كە ئەبێ جوتیار خاوەنی بەرهەم و زەوییەكەی خۆی بێت و نەچەوسێنرێتەوە و بەرهەڵستی دەرەبەگ بكات، لەژێر دروشمی (چیتان دەوێ ئەی هەژار، دابەشكردنی زەوی و زار)، لەسەر ئەو دروشمانە مام بەكری عەلی ئەحمەدی كانی لەلەیی كە لەدایكبووی ١٩٥١ی كانی لەلەیە و ئەو كاتی تەمەنی حەوت ساڵان بووە، لە ٩/١٠/٢٠١٥ لەبنكەی دكتۆر ڕەئوفی خێرخوازی بۆی گێڕامەوەو ووتی دروشمەكان زۆر بوون ئەوەی بەبیرم دێت ئەمانە بوون:

كەریم كەریم لیل ئەمام
دیموقراتی و یا سەلام
سینی نی یە و دۆیە
قسەی ئاغا درۆیە
سینی نی یەو ماستە
قسەی شەعب ڕاستە
خۆم وداس وقەیناغم
حەرەسی كەریم قاسم

[٦] نوری عەبدوللاّ فەتحوللاّ كاوێس، چاوپێكەوتنی پێشوو.
[٧] شوان سدیق عوسمان مەحمود، چاوپێكەوتنی پێشوو.

**چیتان دەوێ ئەی هەژار**

**دابەشکردنی زەوی و زار**

شوان مەلا سدیق دەڵێت: ئەو کاتی مناڵ بووین دەچووینە بەردەمی ماڵی مام کێخوا وەسمان کە ئەو دروشمانەمان دەوتەوە دەبووە شەڕە بەرد و قسەی ناشیرین بەیەکدی ووتن بەداخەوە، بەهەرحاڵ لەکۆتاییدا جوتیارەکان هۆشیاربوونەوە و خۆیان سەرپەرشتی زەوی و زارەکانیان دەکرد.[٨]

دووەمیان: ئەگەرچی قوتابخانە بە(١٠)ساڵان پێشتر لە(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران) لەگوندی ئیلنجاغی گەورە کراوەتەوە، لەساڵی(١٩٤٧-١٩٤٨) قوتابخانەی لێ دامەزراوە، بەڵام بینای تایبەت بەخۆی نەبووەو لەخانووی قوڕی ماڵاندا بووە، کۆمەڵەکە بەهەوڵ وکۆششی خۆی ئەو کاتی تواني باشترین وگەورەترین قوتابخانە لەئیلنجاغی گەورە دروست بکات بۆ ئەوکاتی بینایەکی نمونەیی بووە لەقەزای کۆیەوناحیەو گوندەکانی.[٩]

لەلاپەڕە٤٢ی(بیرەوەرییەکانم، ئەحمەد بانی خێلانی، ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٩٧) دەنوسێت: لەگردی سەیوان کۆبوینەوە ژمارەمان(٧٠)فەقێ بوو، (یەکێتی قوتابیانی دینی)مان دامەزراند، بەڵام لەبەرئەوەی پێشترلەگەڵ(مەلا عەبدولرەحمان سێگردکانی و مەلا سدیق ئیلنجاغی و مەلا حەسەن) پەیوەندیمان هەبوو، پەیڕەوەکەمان پیشانی ئەو فەقێیانەدا.

---

[٨] دەستنوسێکی(شوان سدیق عوسمان) ناسراو بەملازم شوان دانیشتوی ولاتی سوید، سەرچاوەی پێشوو(هەرچەندە لەگەڵ پێگەیشتن و گەشەی بیرو هۆشیاری مام جەلال بەشێکی زۆر لە جوتیارەکانی ئیلنجاغی گەورە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ خۆی و خانەوادەکەی هەبووە لێی دەگێڕنەوە و خۆم گوێم لە قسەی زۆربەیان بووە باس لەوە دەکەن کە مام جەلال هەموو جارێك ووتویەتی چیتر ئەو شەش یەك و دەیەکە بۆ باوکم و مامەکانم مەبەن، هەروەها گوشاد عەبدولرەحمانیش لەزاری مەولودی مام حەسەنی حەمەلاوی بۆی گێرامەوە ووتی جارێك دەغڵ ودان و بەرهەمی جوتیاریمان برد بۆ تەکییەی تاڵەبانی مام جەلال ئێمەی دی ووتی ئەوە بۆ بۆ ئێرەی دەهێنن خۆ ئەوە رەنجی خۆتانە جارێکیتر بۆیان مەهێنن-نوسەر)

[٩] نوری عەبدوللا فەتحوللا کاوێس، چاوپێکەوتنی پێشوو.



هەروەها بەپێی یاداشتنامەکەی(مەلا ئەحمەد بانی خێلانی) کە یەکێ لەسەرکردە ناسراوەکانی حزبی شیوعی عێراق بوو، لەوێ باس لەوە دەکات کەخۆی و(مەلا سدیق عوسمان ئیلنجاغی) لەڕێگەی(بەهائەدین نوری)یەوە بوینە شیوعی، لەسەرەتایی چلەکانی سەدەی ڕابردوو،کە ئەو کاتی مەلا(سدیق ئیلنجاغی) لەشاری سلێمانی فەقێی مزگەوت بووە، هەر لەشاری سلێمانیش مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێ.[١٠] هەر بۆیە لە ووتارەکانی نوێژی هەینی لەمزگەوتی ئیلنجاغی گەورە ڕەنگدانەوە وکاریگەری حزبی شیوعی عێراقی بەسەرەوە بووە و پشتگیری جوتیارانی کردووە و دژی دەرەبەگەکان ووتاری داوە، بەمەش لەناو خەڵکیدا بە(مەلا شیوعی) ناو دەهێنرا، لەیەکەمین کۆنگرەی(جوتیاران) لە١٥-٤-١٩٥٩ لەشاری(بەغداد) بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی( عەبدولکەریم قاسم) بەشدار بووە، لەسەر ئەم هەڵوێستانەی لەلایەن(پارتی دیموکراتی کوردستان) کە ئەو کات بە(کۆمەرە=کۆمەڵە) ناویان دەهات لەساڵی(١٩٦٢) لەلایەن(سەعید مەسیفی)ەوە دەستگیر دەکرێت، هەروەها بۆجاری دووەمیش لەلایەن(عەریف عوسمانەوە)ەوە گیراوە و دووری دەخەنەوە بۆ گوندی(پیرەر)، هۆکاری سەرەکی ئەمەش ووتارەکانی ڕۆژی هەینی بووە کە لایەنگیری شیوعیەت و برایەتی و هاوکاری جوتیارانی سنورەکە بووە و داوای کردووە مافی جوتیار نەخورێت و زەوت نەکرێت.[١١]

بەر لەشۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بیری شیوعیەت دەگاتە نێو گەنج وخوێندەوارانی ئیلنجاغی گەورە، (هیدایەتی حاجی خدر)ی ناسراو بەهاوڕێ(مام هیدایەت) لەریزەکانی سوپای عێراقەوە پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە دەکات وئەو وەك کادیرێکی کۆمەڵایەتی و حزبی دەردەکەوێت بەڵام بەهۆی ئەوەی خوێندەواری نەبوو، دەبێتە کەسێکی خزمەتگوزاری حزب و دڵسۆزانەو دەروێشانە لەسەر ڕێبازی

---

[١٠] شوان سدیق عوسمان مەحمود، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١١] دەستنوسێکی نامەیی عوسمان مەلا سدیق، سەرچاوەی پێشوو.

حزبی شیوعی درێژە بەخەباتی شار و شاخ دەدات و خۆی ومناڵەکانی و براکانی دەبنە باشترین خانەخوێی حزبی شیوعی عێراق و زۆرترین ماندووبوون و قوربانی مادیی و جەستەیان بەرکەوتووە لەناو ناوچە ئازادکراوەکان هەم لەشەڕی حزبەکوردستانیەکان و هەمیش لەشەڕی بەعسیەکاندا.[12]

دەتوانین(مەلا سدیق عوسمان مەحمود)و(مام هیدایەت حاجی خدر سمایل) بکەینە دوو کاراکتەر و بناغەیەك بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیری شیوعیەت لە ئیلنجاغی گەورە، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە کۆمەڵێك کادر و کەسانی شیوعی لەناوچەکەماندا هەبوون وەك(عەلی مەولودی داربەسەری و ئەحمەد سەعید جۆڵای داربەسەری و قادر ڕەمەزان  سادق تەقتەقی و وەستا قادر گۆپتەپەیی و قادر شەریف تەقتەقی  و مەلا عوبێد قەرەناوی و لالە مەولود و عەلی ڕەسوڵ ئۆمەر گومبەتی و بەکر مەنسور) کە ڕۆڵیان هەبوو لەگەشەکردنی شیوعیەت لە ئیلنجاغی گەورەو مەرزان و وورانی کۆیە.[13]

ماڵی(کێخوا وەسمان یوسف مەلاك) و کورەکانی(مام وسو و مامۆستا زاهیر) لەئیلنجاغی گەورە لەباربوون بۆ چەکەرەکردنی بیری کوردایەتی و بە هاتنی(سەعید مەسیفی)ش بۆ لای مام کێخوا وەسمان لەو کاتەدا گەشەکردنی شیوعیەکان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کەوتەکزی و هەوادارانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان زیادیانکرد.[14]

وەك ووتمان لەسەرەتای چلەکان و پەنجاکانەوە تاك وترا لێرەو لەوێ خەڵکی ئیلنجاغی گەورە لەڕووی ڕێکخستن و ئۆرگانیەوە پەیوەندی دەکەن بەحزبی شیوعی

[12] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح قادر حەمەد) هاوڕێ(ملازم رابەر)، لەدایکبوی١٩٥٤ی مەرزان، پێشمەرگەی دێرین، لە١٣-٣-٢٠١٦ز.

[13] شوان سدیق عوسمان مەحمود، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[14] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر) مام ئەنوەری کادیر، لەدایکبوی ١٩٣٨ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٨/٣/٢٠١٣ز.



عێراقەوە، خدر سمایل حاجی خدر دەڵێت:( مەلا سدیق عوسمان مەحمود) یەکەم کەس بووە لەئیلنجاغی گەورە پەیوەندی بکات بەحزبی شیوعی عێراقەوە لەچلەکانی سەدەی ڕابردوو و مامم (هیدایەت حاجی خدرسمایل مەلاك) دووەم و باوکم(سمایل حاجی خدرسمایل)سێیەم وخۆم(خدرسمایل خدرشێخانی) چوارەم و(محەمەد سدیق عوسمان)پێنجەم کەس بوون کە چونەتە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە ،[15] ئەمانە لەڕووی سیاسیەوە بەڵام یەکەم کەس لە ئیلنجاغی گەورە لە خەباتی چەکداری لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردبێت محەمەد عەبدوڵلا قادر جومعە-محەمەد عەودڵ-ە کەلەلایەن(عەلی مەولود داربەسەری) خاڵیەوە پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە کردووە لە لقی حزبی شیوعی عێراقی بەتالیۆنی(٥)ی بێتواتە لەماوەی نێوان(١٩٦٧-١٩٧٣) لەلای ملازم ئەحمەد جبوری- موسلاوی و فەرماندەی لقەکەی بووە و قادر تەهای داربەسەریش سەردەستەی بووە، ئەم زانیاریانە لە (محەمەد عەودڵ و محەمەد شێخانی و خدر سمایل شێخانی) وەرگیراوە.

ئەگەرچی شیوعیەت لەئیلنجاغی گەورە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بەرەو کەمبوونەوەی بەرچاو یان بڵێین خەریکبوو بکوژێتەوە، بەڵام لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دووبارە چەندین خێزان ڕۆڵەکانیان لەحزبی شیوعی عێراق ڕێکخرانەوە لەسەر دەستی هاوڕێ(مام هیدایەت و هاوڕێکانی)، بەمەش گەشەکردنێکی بەرچاو ڕوویدا نەوەك تەنها لەئیلنجاغی گەورە بەڵکو لەهەردوو گوندی(مەرزانی خوارێ و سەرێ)دا، ساڵی ١٩٦٧شانەیەکی حزبی شیوعی عێراق لە هەرسێ گوند(ئیلنجاغی گەورەو مەرزانی خوارێ و سەرێ)

[15] چاوپێکەوتن لەگەڵ(خدرسمایل خدر) ناسراو بەخدرشێخانی لەدایکبووی١٩٤٨ی ئیلنجاغی گەورە، لە٦/١٠/٢٠١٥ز.

بەسەرپەرشتی(مام هیدایەت) ڕێکخرا.[١٦] هەروەها لەپاییزی ساڵی ١٩٦٩(ئەبوبەکر سدیق عوسمان ) واتە(ملازم شوان) لەسەر(کانی ئەشکەوتێ)ی ئیلنجاغی گەورە لەڕێگەی(مەحمود حوسێن مەمەند-وەستا مەحمود) فۆڕمی ئەندامێتی حزبی شیوعی پڕدەکاتەوە و دەبێتە ئەندامی حزب.[١٧]

لەلایەکی تریشەوە محەمەدی مەلا سدیق لەگەڵ ئەوەی هاوڕێ مام هیدایەت بەرپرسی حزبی بووە لە گوندی ئیلنجاغی گەورە بەڵام بەهۆی خوێندەوارییەوە کاریگەرییەکانی لەساڵی ١٩٧١زیاتر بووە لەسەر خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و ئیلنجاغی گەورە بەتایبەتی چونکە توانیبووی بەشێك لەپێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بخزێنێتە نێو ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە بەڵام ئەوانەی ئەو کاریگەری هەبووە لەسەریان ئەمڕۆ بەهۆی هەر بیانویەك بێت حەزیان نەکرد ناوەکانیان تۆمار بکەم-نوسەر.

چەندین خانەوادە بوونە شیوعی لە هەرسێ گوندی ئیلنجاغی گەورەو مەرزانی خواریێ وسەرێ وەکو(هیدایەتی حاجی خدری و سمایلی حاجی خدرو مەلا عومەرو ناسری مام وسو و جەباری مام تۆفیقی و نامیقی حاجی حەمەدەمینی و خدر و خەلیل و ئازادی مام سمایلی و حەمشین و موشیری مام عەوڵلای ڕەسولی و حەمەعەلی و مەنافی مام تەهای و محەمەدی مام عەودلی کەساڵانێکی زۆر پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو لە لقی ملازم ئەحمەد لە ئیلنجاغی گەورە و خانەوادەکانی( عومەری مام خارندی ومام قادری حەمەبەلۆ وعەزیز مەحمود و جەمیلی نارەبند وعەباس و حەمەدو

[١٦] نامەیەکی دەستنوسی هاوڕێ(خدر سمایل خدر)شێخانی، تایبەت بەخەباتی مام هیدایەتی مامی لە(٢٠١٣/٣/٨)نوسیویەتی.

[١٧] بیۆگرافیای(شوان سدیق عوسمان) بە دەستنوسی خۆی بۆ کتێبی(مێرجاڕ)ی بەندەی ناردووە، ئێستا ناوی ئەبوبەکری بەتەواوی گۆڕیوەو ناوە شۆڕشگێرییەکەی لەخۆی ناوە لە پێناسی باری شارستانیش بووە بە شوان.



مستەفای خەلیلی لەهەردوو مەرزانی خوارێ وسەرێ، جگە لەوەی کە لەهەرسێ گوند زۆربەی خەڵکی بووبونە هەوادار و دۆستی حزبی شیوعی عێراق.[١٨]

دوای ئەوەی بەنێوانگیری یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەساڵی(١٩٦٨-١٩٧٣)گفتوگۆ لەگەڵ(حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) و(حزبی شیوعی عێراق) لەعێراق دەستی پێکرد، سۆڤیەت بۆ بەرژەوەندی خۆی(حزبی شیوعی عێراق)ی خستە بەردەم کارەسات و ڕۆژێکی ڕەش، کاتێك بەرەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ بەعسیەکان پێکهێنا لەساڵی ١٩٧٣، هەرچەندە حزبی شیوعی عێراق هەوڵیدا(پارتی دیموکراتی کوردستان)یش بچێتە نێو ئەو بەرەیەوە بەڵام بێ ئەنجام بوو، بەمەش شیوعیەکانی ووراتی کۆیە دووچاری ڕاوەدوونان وگرتن ولێدان وچەککردن بونەوە، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆیە بەناچاری گوندەکانیان جێ دەهێشت وبەرەو ناوشاری کۆچیان کرد.[١٩]

لەبەر کەمی ژمارەیان سەرەتا هەوڵدەدەن بچنە نێو سەربازگەی(کۆیە) لەترسی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام سەربازگەی ڕژێم ڕێگایان پێ نادەن و داڵدەیان نادەن بۆیە بەناچاری دەبن بە دوو گروپەوە و بەجیا دەچنە ناوشاری کۆیە:

یەکەمیان: دەچنە ماڵی(حەوێزی مام یەحیا)ی کە دۆستێکی باشی شیوعیەکان بوو و دووەمیان: دەچنە ماڵی(ڕەئوف سەراج) باوکی دکتۆر کەریم کە یەکێك لە خانەوادە دلسۆزەکانی شاری کۆیە بوو و داڵدە دەدرێن، بۆماوەیەك لەناو شاری کۆیە خۆیان حەشاردەدەن، بەڵام کاتێك هاوڕێ(عەلی مەولود داربەسەری) دەچێتە(سەروچاوە) و(عەلی شەعبان) فەرماندەی(٥)ی بێتواتەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستگیری دەکات و بەرەو گرتوخانەی(خەلان و ڕایات) ڕاپێچی دەکات، شیوعیەکانی ناو کۆیە لەترسی ئاشکرابوونی نهێنیەکانیان بەناچاری کۆیە بەجێ

[١٨] دەستنوسێکی(شوان سدیق عوسمان) ناسراو بەملازم شوان دانیشتوی وولاتی سوید، سەرچاوەی پێشوو.

[١٩] نامەیەکی دەستنوسی هاوڕێ(خدر سمایل خدر)شێخانی، سەرچاوەی پێشوو.

دەهێڵن بەرەو(کەرکوك)و لەوێشەوە بۆ(کفری) لەوێ(لقی کۆیە) بەسەرکردایەتی(بەکر ئەحمەد سەعید داربەسەری-بەکر جۆلا) پێکدەهێنن و(٦)هاوڕێی دیاری ئیلنجاغ لەو لقەبوون ئەوانیش(مام هیدایەت و خدر تەهاو مەناف تەهاو مام سمایل وکورەکانی(خدرشێخانی و خەلیل شێخانی).[٢٠]

## بارودۆخی شیوعیەکان دوای ڕێکەوتنامەی(شیوعی- بەعسی) و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول

کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنە هاوبەشەکەی حزبی شیوعی عێراق و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی درێژەی کێشاو بالادەستبوونی شۆڕشی ئەیلولیش لەکوردستاندا بواری بۆ چالاکیە سیاسی و سەربازییەکانی حزبی شیوعی عێراق زۆر تەنگەبەر کرد ئەمە لەلایەك، وە لەلایەکیتریشەوە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، پێگەی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەوولاتی عێراقدا لەحوکمدا بەهێزو تۆمەکتر دەبوو، ئیتر بەعسیەکان هەڵسان بە لەسێدارەدانی ئەفسەرانی حزبی شیوعی عێراق لەناو ریزەکانی سوپای عێراق و گرتن وئازاردان وڕاوەدونانی کادرو ئەندامان و دۆستانی حزبی شیوعی عێراق لەنێو شارەکاندا دەستی پێکرد، ئیتر لێرەدا قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات و شیوعیەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارە نەخوازراوەیان پەنا دەبەنە بەر دروستکردنەوەی شانەی ڕێکخستنی نهێنی لەشارەکان و ئەندامە ئاشکرابوەکانیشیان پەنا بۆ شاخ دەبەن و چەك هەڵدەگرن.[٢١]

لەو سەروبەندەدا هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراقی کە لە(ئیلنجاغیەکان) و هاوڕێیانی(داربەسەرو مەرزان و تەقتەق) پێکهاتبوون لەگەڕەکی(باداوە)ی شاری هەولێر لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨کۆبونەوەیەکی تایبەت بە بارودۆخی ئەو کاتی

(٢٠) نامەیەکی دەستنوسی هاوڕێ(خدر سمایل خدر)شێخانی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(خدرسمایل خدر) ناسراو بەخدرشێخانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.



ئەندامەکانیان لەماڵی هاوڕێ(خدر سمایل خدرسمایل مەلاك)ناسراو بە(خدرشێخانی) لەڕۆژی(٣١/١٢/١٩٧٨)گرێ دەدەن، ئەو هاوڕێیانەی بەشداربوون ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- هیدایەت خدر سمایل مەلاك ئیلنجاغی، ناسراو بەهاوڕێ( مام هیدایەت).
٢- ئەبوبەکر ئەحمەد سەعید داربەسەری ناسراو بەهاوڕێ(بەکر جۆلا).
٣- قادر ڕەمەزان سادق تەقتەقی.
٤- ئەبوبەکر سدیق عوسمان مەحمود ئیلنجاغی ناسراو بەهاوڕێ(ملازم شوان).
٥- خدرسمایل خدرسمایل مەلاك ئیلنجاغی ناسراو بەهاوڕێ(خدرشێخانی).
٦- خەلیل سمایل خدرسمایل مەلاك ئیلنجاغی ناسراوبەهاوڕێ(خەلیل شێخانی).
٧- خدر تەها قادر ئیلنجاغی.
٨- حەمشین عەوللا ڕەسول ئیلنجاغی.
٩- مەحمود حەمەد قادر مەرزانی.
١٠- شەهید عەبدولرەحمان تەها قادر ئیلنجاغی ناسراو بەهاوڕێ(ئاسۆ).
١١- سیامەند حەمە مستەفا ئیلنجاغی.
١٢- مەناف تەها حەمەعەلی ئیلنجاغی.[٢٢]

ئەو هاوڕێیانە لەو شەوەدا بڕیار دەدەن کە لەشار دەربچن و مەفرەزەی چەکداری پێکبهێنن، لەبەیانی سەری ساڵی(١/١/١٩٧٩)هەریەك لە هاوڕێیان(خدر شێخانی و ملازم شوان وشەهید مەحمود حەمەد مەرزانی) بەرەو دەشتی کۆیە بەرێ دەکەون و دوای ١٢ڕۆژێتر هاوڕێیان(مام هیدایەت وشەهید بەکر جۆلا وخەلیل شێخانی) شار جێ دەهێڵن لە١٢/١/١٩٧٩ دەگەنە گوندی(داربەسەر)، ئەمانە بونە بەردی بناغەی دروستکردنی هێزی هەولێری حزبی شیوعی عێراق کە لە(٧/١/١٩٧٩) پێکهاتبوو بەو شێوەیەی خوارەوە:

(٢٢) نامەیەکی دەستنوسی هاوڕێ(خدر سمایل خدر)شێخانی، سەرچاوەی پێشوو.

١- خدر سمایل خدر سمایل مەلاك ئیلنجاغی (هاوڕێ خدر شێخانی)، بەرپرسی سەربازی.

٢- شەهید کاوێس ڕەشید پێبازۆکی(مام کاوێس)، بەرپرسی سیاسی.

٣- هیدایەت خدر سمایل ئیلنجاغی(هاوڕێ مام هیدایەت).

٤- شەهید بەکر ئەحمەد سەعید داربەسەری(هاوڕێ بەکر جۆلا).

٥- کەریم ئەحمەد رەشید برازای مام کاوێس پێبازۆکی.

٦- خەلیل سمایل خدرسمایل ئیلنجاغی.

٧- مستەفا هەمزە داربەسەری.

٨- جەمال خورشید داربەسەری.

٩- خدر هەمزە داربەسەری.

١٠- قادر تەها داربەسەری.

١١- ئیبراهیم حەسەن بایزئاغا.

١٢- موحسین یاسین بایزئاغا.

١٣-شوان سدیق عوسمان ئیلنجاغی[٢٣]

ئەو هاوڕێیانە دەستپێشخەربوون بۆ خەباتی چەکداری و ڕێکخستنی گەنجانی ئیلنجاغی گەورە لەنێو ئۆرگانەکانی حزبی شیوعی عێراق، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی پێشمەرگەکانی ئیلنجاغی گەورە تەنها لەلقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق بوونە(١١)پێشمەرگە، فەرماندەی بەتالیۆن(شەهید مام کاوێس پێبازۆکی) و(شەهید مەحمود قادر حەمەد مەرزانی) فەرماندەی پەلیان بووە و ملازم شوانیش جێگری پەلی بووە و پێشمەرگە ئیلنجاغیەکانی ئەو بەتالیۆنە لەنێوان(١٩٨٠-١٩٨١) ئەمانە بوون:

(٢٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(خدرسمایل خدر) ناسراو بەخدرشێخانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.



١- ئەبوبەکر سدیق عوسمان مەحمود، هاوڕێ(ملازم شوان شێخانی)، جێگری پەل.

٢- مام هیدایەت حاجی خدر سمایل ئیلنجاغی، کادیر.

٣- نازم جەبار تۆفیق، پێشمەرگە.

٤- خدر سمایل خدر سمایل مەلاك، پێشمەرگە.

٥- ئازاد سمایل خدر سمایل مەلاك، پێشمەرگە.

٦- شەهید عوزێر حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٧- مەجید حەمەد مەحمودئیلنجاغی(هاوڕێ مەجیدە سوور)، پێشمەرگە.

٨- عەبدوللا محێدین حەسەن ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٩- شەهید مەناف تەها حەمەعەلی ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

١٠- شەهید عەبدولرەحمان تەها قادر ئیلنجاغی، هاوڕێ ئاسۆ، پێشمەرگە.

١١- ئیسماعیل حەمەد وەستا ساڵح ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

١٢-عومەر مەحمود محێدین حەسەن.[٢٤]

## شەڕی عێراق-ئێران و گەشەی شیوعیەکانی ئیلنجاغی گەورە

یەکێك لەدەرهاویشتە خێراکانی جەنگی عێراق- ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨)، ئەوە بوو بەبیانووی بونی نەوتەوە لە(کێڵگەی نەوتی تەقتەق)، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی فەرمانڕەوای عێراق گوندی ئیلنجاغی گەورەو ٨گوندیتری سنورەکە(تاڵەبانی گەورەو گچکەو مەرزان وشیواشۆکی خوارێ و سەرێ و داربەسەری سەرێ وخوارێ و سماقە)ی ڕاگواست بۆ(هەولێرو کۆیە و تەقتەق)، خەڵکەکە ئاوارەبوون وگەنجەکانیش هەندێکیان پەیوەندیان بەشۆڕشی نوێ بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردو هەندێکیتریشیان چوونە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق، بەڵام لەگەڵ

(٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ( لوقمان تەها قادر) لەدایکبووی ١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە، لە١/١/٢٠١٤ز.

هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی حزبەکوردستانیەکان لەشاخ لەساڵی(١٩٨٣) تەرازووی هێز لەناوچەکە گۆڕانی بەسەراهات(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەهێزی سێیەمەوە لە ووراتی کۆیە بووە هێزی یەکەم و هەریەك لەحزبی(شیوعی عێراق و بزوتنەوەی سۆسیالیست)کە بەر لەشەڕەکە(سۆسیالیست) یەکەم و(شیوعی) دووەم هێزی ناوچەکە بوون[٢٥] ، لێرە بەدواوە تاك وتەرا گەنج ولاوەکان دەچوونە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق و زیاتر هەستی نەتەوایەتی برەوی سەند، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە حزبی شیوعی عێراق لەنێو ئیلنجاغی گەورەدا شانەی ڕێکخستنی نەما بێت و گەنجانی پێ ئاراستە نەکرێت بۆ خەباتی شاروشاخ هەر لەسەروبەندی شەڕی خۆکوژی حزبە کوردستانیەکان لەساڵی ١٩٨٣بەدواوە چەند گەنجێکیتر لەئیلنجاغی گەورە چوونە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە لەوانە:

١- شەهید عەبدولموتەلیب حەمەعەلی تەها ناسراو بەهاوڕێ(هەنگاو) لەساڵی ١٩٨٥دوە بووە پێشمەرگەو لە٢٦/٤/١٩٨٧ لە شەڕێکی دەستەو یەخەی قارەمانانەی دژ بەبەعس لەئیلنجاغی گەورە چووە کاروانی شەهیدانەوە.

٢- لوقمان تەها قادر(١٩٨٥-١٩٨٨).

٣- دلێر موشیر عەوللا ڕەسول(١٩٨٦-١٩٨٨)

٤- شەهید تەها حەمەعەلی تەها ناسراو بەهاوڕێ(گۆران) ١٩٨٥-تا لە٢٠/١١/١٩٨٩لەسەربازگەی هەولێر خۆی و شەش هاوڕێی گوللەباران دەکرێن و دەچێتە کاروانی سەروەرانەوە[٢٦].

جگە لەوەی لەپێشودا ناوی چەند خانەوادەیەکم بردووە لەبنەماڵەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورە کە لە ئۆرگانەکانی حزبی شیوعی عێراق لەڕێکخستن و هێزی

(٢٥) دەستنوسی هاوڕێ خدر شێخانی ، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ( لوقمان تەها قادر) ، چاوپێکەوتنی پێشوو.



پێشمەرگەدا بەشداربوون ئەوەی بەدەستم کەوتبێ و زانرابێت کە ڕۆژێك لەڕۆژان لەڕێکخستن بووە یان پێشمەرگەی حزب بووە لێرەدا دەیانخەمەڕوو:

١- سدیق عوسمان مەحمود(مەلا سدیق ئیلنجاغی)لەچلەکانی سەدەی ڕابردوو لەشاری سلێمانی لەگەڵ(مەلا ئەحمەدی بانی خێلانی) لەڕێگەی(بەهائەدین نوری)یەوە پەیوەندی دەکەن بەڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە.

٢- هیدایەت حاجی خدر سمایل مەلاك(مام هیدایەت) لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەریزەکانی سوپای عێراق پەیوەندی دەکات بە حزبی شیوعی عێراقەوە.

٣- سمایل حاجی خدر سمایل مەلاك(مام سمایل) لەپەنجاکانەوە شانبەشانی براکەی مام هیدایەت پەیوەندی دەکات، هەروەها(عەبدوڵلا فەتحوڵلا کاوێس و مەولود حەسەن حەمەلاو)یش لە کۆتایی پەنجاکانەوە لەڕێگەی کۆمەڵەی هەرەوەزییەوە پەیوەندی دەکەن بە حزبی شیوعی عێراقەوە.

٤- محەمەد عەبدوڵلا قادر جومعە لە ناوەراستی شەستەکانەوە لەڕێگەی عەلی مەولود داربەسەریەوە پەیوەندی دەکات بەحزبی شیوعی عێراق و لە بەتالیۆنی(٥)ی بێتواتە لە لقی ملازم ئەحمەد جبوری دەبێتە یەکەم پێشمەرگەی ئیلنجاغی گەورەی ئەو حزبە.

٥- خدر سمایل خدر سمایل(خدر شێخانی) لەشەستەکانەوە.

٦- محەمەد سدیق عوسمان شێخانی کۆتایی شەستەکان

٧- مەحمود حوسێن مەمەند(وەستا مەحمود-خولە)لەکۆتایی شەستەکانەوە

٨- ئەبوبەکر سدیق عوسمان(شوان شێخانی)لەکۆتایی شەستەکانەوە

٩- ناسر وسو جومعە لە شەستەکانەوە

١٠- جەمیل وسو جومعە لە شەستەکانەوە

١١- جەبار تۆفیق جومعە لە شەستەکانەوە

١٢- حەمشین عەبدوڵلا رەسوڵ لە شەستەکانەوە

١٣- مشیر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ لە شەستەکانەوە

١٤- ئەحمەد عەبدولقادر ئۆمەر لە شەستەکانەوە

١٥- قادر حەمەد ئۆمەرەش لە شەستەکانەوە

١٦- نامیق حەمەدەمین خدر

١٧- خالید وەستا ساڵح

١٨- سدیق حەمە مستەفا

١٩- مەولود فەتاح قادر

٢٠-عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا کاوێس

٢١- عەبدولقادر ئەحمەد قادر

٢٢- حوسێن محێدین حەسەن

٢٣- ئەحمەد محێدین حەسەن

٢٤- عەبدوڵا محێدین حەسەن

٢٥- مەولود حەسەن حەمەلاو(حاجی مەولود)

٢٦- خدر تەها قادر

٢٧- بەکر ئۆمەر حەمەدەمین(مەلا بەکر)

٢٨- ئیمام ئۆمەر حەمەدەمین(مام ئیمام)

٢٩- عومەر ئەبوبەکر مەحمود(مەلا عومەر)

٣٠-عەبدولرەزاق حەمەد مەحمود( ڕەزاقە سور)

٣١- خەلیل سمایل خدر سمایل مەلاك

٣٢- ئازاد سمایل خدر سمایل مەلاك

٣٣- هاشم سمایل خدر سمایل مەلاك

٣٤- نازم جەبار تۆفیق جومعە

٣٥- شەهید مەناف تەها حەمەعەلی



٣٦- شەهید عەبدولموتەلیب حەمەعەلی تەها(هەنگاو)

٣٧- شەهید تەها حەمەعەلی تەها(گۆران)

٣٨- لوقمان تەها قادر

٣٩- عەبدولرەحمان تەها قادر(شەهید ئاسۆ)

٤٠- ئیسماعیل حەمەد سمایل

٤١- مەجید حەمەد مەحمود(مەجیدە سور)

٤٢- عوزێر حوسێن ئۆمەر(شەهید عوزێر)

٤٣- دلێر موشیر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

هاوڕێیانی حزبی شیوعی(مێرجاڕ)ەکەم ڕاستگۆبوون لەگەڵ خەباتەکەیان و ڕێبازەکەیان، لەچەندین ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرامبەردا جەنگاون و دەربازبوون، لەشەڕی نەخوازراوی حزبە کوردستانیەکان و لە دەیان نەبەردی پێشمەرگانە بەرامبەری دوژمنی بەعس لەسەر لێواری گوڵلەدا ڕۆیشتوون، خوێنیان بەخشیووە، دەربەدەرو ئاوارە بوون، ژن ومنداڵ و خۆشیان دەستگیرکراون، ئازاردراون و ئەشکەنجەیان بینیووە، ماڵیان تالآن وسوتێنراوە، چۆکیان بۆ خواستی دوژمنان وناحەزان دانەناوە، سەربڵند وسەرکەش و جوامێر بوون، لەخۆیان بووردووە و قوربانیشیان داوە، خانەخوێی پێشمەرگەو شۆڕش بوون، هەندێکیشیان لەو کاروانە دوا پلەی بڕوابوونیان بەڕێبازەکەیان کەشەهیدبوون و خۆبەختکردنە بەدەستهێناوە، لەدیارترین ئەستێرە وورشەدارەکانی ئاسمانی ئیلنجاغی گەورەی حزبی شیوعی عێراق کە هەمیشە دەدرەوشێنەوە لەوراتی مێرجاڕدا ئەمانەن:

**شەهیدی ئاسۆی ڕوون، هاوڕێ ئاسۆ**

**یەکەم شەهیدی دوای نسکۆ لەخەباتی چەکداری مێرجاڕ**

شەهید عەبدولرەحمان تەها قادر، ناسراو بەهاوڕێ(ئاسۆ)، ساڵی ١٩٥٦لەخێزانێکی زەحمەتکێش وجوتیارو نیشتمانپەروەر لە گوندی ئیلنجاغی گەورە

**چاوی بەژیان هەڵهێناوە،ساڵی ١٩٧٢پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات ، ساڵی ١٩٧٤پلەی ئەندامێتی حزبی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق لەناوچەی کۆیە، بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی حزبی شیوعی کردوە، دوا سەروەری لە(٢٧-١-١٩٨٢)لەگەڵ پۆلێك لەهاوڕێ و هاوسەنگەرانی لەداستانی(سێکانی)[٢٧] دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، خوێنە گەشەکەی دەڕژێتە سەرخاکی نێوان گوندەکانی(سێکانی و قەمبەر)ی ناحیەی سێگردکان، تا دوا دڵۆپی خوێنی دژ بەسوپای بەعس قارەمانانە جەنگاوە، مەزاری شەهید ئاسۆلە گۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[٢٨]**

**شەهید هاوڕێ(هەنگاو)**

**شەهید عەبدولموتەلیب حەمەعەلی تەها، ناسراو بەهاوڕێ(هەنگاو)، ژیاننامەکەی لە(داستانی گەورەی ئیلنجاغی گەورە)نوسراوە.**

**لەسێدارە بەرزترە، شەهید هاوڕێ گۆران**

**شەهید تەها حەمەعەلی تەها، ناسراو بەهاوڕێ(گۆران)، ساڵی ١٩٦٩لەخێزانێکی چەوساوە وئازادیخوازی ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، تاوەکو پۆلی یەکەمی ناوەندی لەئیلنجاغی گەورە لەقوتابخانە خوێندویەتی، لەتەمەنی(١٤) ساڵی لەسەردەستی شەهید(حاجی بەختیار)ەوە پەیوەندی دەکات بە حزبی شیوعی عێراقەوە، لەسنوری ناحیەی تەقتەق دڵسۆزانە کارەکانی ڕێکخستن لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامدەدات، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٥شەهید هەنگاوی برای چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و دەچێتە شاخ، ئەویش لەشاری هەولێر لەگەڵ هەندێك هاوڕێ بەردەوام دەبێت لەکاری ڕێکخستن وگروپێکی ڕێکخستن بەسەرپەرشتی هاوڕێ(محەمەد عومەر خارند)مەرزانی ناسراو بەهاوڕێ(بەختیار) پێك دەهێنن، شەهیدتەها سەڵت**

---

[٢٧]داستانی سێکانی ، لەبەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە زیاتر لەسەریم نوسیووە.

[٢٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ( لوقمان تەها قادر)، چاوپێکەوتنی پێشوو.



**بووەوخێزانی پێکەوە نەناوە، دوای(٦)ساڵان لەکاری نهێنی ڕێکخستنی حزبی شیوعی عێراق بەڵام بەهۆی خیانەتی یەکێك لە ئەندامانی ئەو گروپە کە تەواوی زانیارییەکان دەداتە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە(٢٥/٣/١٩٨٩) ئەم گروپە ئاشکرا دەبن ودەستگیردەکرێن، کەژمارەیان(٧)هاوڕێی حزبی شیوعی عێراق بوو بەناوەکانی:[٢٩]**

**١- محەمەد عومەر خارند مەرزانی، ناسراو بە (حاجی بەختیار) سەرپەرشتیاری گروپ.**

**٢- مریەم عومەر خارند مەرزانی، خوشکی هاوڕێ حاجی بەختیار.**

**٣- خدر حەمەد حەسەن مەرزانی.**

**٤- تەها حەمە عەلی تەها ئیلنجاغی ناسراو بەهاوڕێ(گۆران).**

**٥- هاوکار بەکر ئەحمەد سەعید داربەسەری.**

**٦- جوتیار گەرمیانی**

**٧- فەتحوڵلا قادر سالح**

**دوای ئەوەی هەموو بەڵگەکان دەکەوێتە دەست حزبی بەعسەوە هەموو ئەو هاوڕێیانە لە٢٤/٤/١٩٨٩ لە سێدارەدەدرێن[٣٠] و کەس و کارەکانیان دەستگیر دەکرێن وخانوەکانیان بەشۆفڵ دەروخێنرێت و هەندێکیان ڕەوانەی خوارووی عێراق دەکرێن بۆ شاری سەماوە، بەڵام لە(٢٠/١١/١٩٨٩) خێزانی هاوڕێ گۆران بەهۆی پیری و پەککەتویانەوە ئازاد دەکرێن.[٣١]**

---

[٢٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی) کوری شەهید هەنگاو و برازای شەهید

[٣٠] هاوڕێ خدر شێخانی(خدر سمایل خدرسمایل مەلاك) دەڵێت: لە سەربازگەی هەولێر ئەمانە گوللەباران کران وەك دیارییەك بۆ پێشوازی کردنی عیزەت دووری یەکێك لە سەرانی حزبی بەعسی ڕووخاوی ئەوکات .

[٣١] شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی، چاوپێکەوتنی پێشوو.

**حاجی حەمەد**

**ناشتنی کوڕەکەیی و هێڵەگەکەی شەهید گۆران**

جێگەی باسکردنە باوکی شەهید(خدر مەرزانی) حاجی(حەمەد حەسەن مەرزانی) کارمەندی شارەوانی هەولێربووە لەو کاتەدا، شوشتن و لەگۆڕنانی ئەو شەهیدانەی پێ سپێردراوە، ئەویش لە گۆڕستانی(مەعمەل قیر)ی شاری هەولێر(سێ سێ)بەیەکەوە دەیانکاتە ناو چاڵێکەوە کە دەزگای(ئەمن)بە حەفارە هەڵیکەندبوو، حاجی حەمەد نەیتوانیبووە بڵێ(خدر)کوڕیشمە، جەرگی خۆیی و جەرگی(٦)دایك و باوکیتر دەخاتە ژێر یەکێك لەو چاڵانەوە، تاوەکو دوای ڕاپەڕین لەڕێگەی حاجی حەمەدەوە دەزانرێت ئەو گەنجە بەکۆمەڵ نێژراوانە لەکوێن؟ و دەربهێنرێن و بەجیاجیا هەر لەهەمان گۆڕستان بەخاکیان بسپێرنەوە.[٣٢]

کاتی خۆی مام حەمەد بەجل وبەرگی خۆیانەوە دەیانێژێت تاوەکو لە داهاتوو لێکیان جیابکاتەوە و بناسرێنەوە، دوای هەڵدانەوەی گۆڕەکان ماڵی باوکی شەهید(گۆران) بەهێڵگەکەی بەری دەیناسنەوە، کە(٣)کونی فیشەکی پێوە دیاربووە، ئەمەش واتە گوللە بارانکراون، کە بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە،جگە لەشەهیدبوونی هەنگاو و گۆران، ڕژێمی بەعس لانە و خانووی ماڵی مام حەمەعەلیش دەروخێنن لە(باداوە)ی شاری هەولێر، خانەوادەکەش(باوك ودایك و خوشك و کورەزاکە)شیان لەلایەن دەزگای(ئەمن)ی هەولێردەستگیردەکرێن، واتە(مام حەمە عەلی و پورە ڕەحیمەی خێزانی و پەخشان و شێخان)، دواتر دەگوازرێنەوە بۆئەمنی کەرکوك و لەوێشەوە بۆ گرتوخانەی(سەماوە)ی خوارووی عێراق، لەنێوان مانگی(نیسان و تشرینی دووەمی ١٩٨٩)ماوەی (٦)مانگ لەو دەردەسەری و دورخستنەوەیەو زیندان

(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی) کوری شەهید هەنگاو و برازای شەهید، لەدایکبوی ١٩٨٦ی هەولێر، لە٥-٣-٢٠١٦ز، هەرچەندە تەمەنی بچوکە و نابێت ئەو ڕووداوانەی لەبیر بێت بەڵام لە کەس و کارەکەی و باپیری ئەو زانیاریانە دەگێڕێتەوە-نوسەر.



دەمێننەوە، تاوەکو لەمانگی ١١ی ١٩٨٩بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن، لەکوردستانیش دووبارە دوور دەخرێنەوە بۆکۆمەڵگای زۆرەملێ(کەورگۆسك)، پاش ماوەیەك دەگەڕێنەوە شاری هەولێر لەگەڕەکی(شورتاوە) نیشتەجێ دەبن لەماڵی(مەناف تەها)ی برای مام حەمەعەلی، چونکە ڕێگەیان پێنادرێت خانوەکەیان چاك بکەنەوە، تاوەکو دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١دووبارە دەگەڕێنەوە باداوەو خانوەکەیان نۆژەن دەکەنەوە.[٣٣]

**چیرۆکی خانوە قوڕەکە**

ئەم بابەتەم لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی کوردستان،ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکردەوە ئەمەی خوارەوە ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکەیە:[٣٤]

ماڵی مام حەمە عەلی ئیلنجاغی باوکی شەهیدان( هەنگاو و گۆران)ە، بیست وسێ ساڵ لەمەوبەر لەخانویەکی قوڕی گەڕەکی شەهیدانی شارۆچکەی تەقتەق بوون، خانەوادەیەکی شیوعی و نیشتمانپەروەر و مرۆڤ دۆست بوون، ئەو کات ساڵی ١٩٨٣ کورەکانی لەریزەکانی حزبی شیوعی کاریان دەکرد، وێنەیەکی زۆری حزبی شیوعیان لەلابووە،لەترسی دڕندەیی ڕژێمی بەعس لەنێو سواندەو دەلاقەی خانوەکەیان شاردبۆوە، دوای چالاك بوونی شەهید(هەنگاو)وەك پێشمەرگەیەکی ئازاو جەربەزەی حزب و شەهیدبوونی لەداستانێکی کەم وێنەی شیوعیەکان لەگوندی ئیلنجاغی گەورەی زێدی خۆی لەساڵی ١٩٨٧داو کۆچکردنی ماڵی مام حەمە عەلی بۆ شاری هەولێر و دواتر دەزگاهەواڵگرییەکانی بەعس کورەکەی تریشی هاوڕێ(گۆران)دەستگیردەکەن ولەساڵی ١٩٨٩دا لەسێدارەی دەدەن، بەمەش ئەم خانەوادەیە کۆستیان دەکەوێت، چ کۆستێك تەنها بۆ ئێوەی جێ دەهێڵم کە وەسفی بکەن؟

(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی) کوری شەهید هەنگاو و برازای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٣٤) ئاراس ئیلنجاغی، لە تەقتەق خانویەکی قوڕ ٢٣ساڵ نهێنی شیوعیەکان بەزیندویی دەپارێزێت، ڕێگای کوردستان،ژمارە(٦٨٦)،چوارشەممە ١٢-٤-٢٠٠٦ز.

ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە لەساڵی ٢٠٠٦ماڵم هاوسێی ئەو خانوە زیادەڕۆیە کەماڵی شەهید هەنگاو بوو، لەم بەهارەدا خاوەنەکەی ئەمڕۆی ڕوخاندوویەتی تاوەکو بینایەکی بلۆك و کۆنکرێت لەجێگای بونیات بنێ، کاتێ هاوسێیەکەم کەناوی (عەلی عومەر)ەو بەرەی عەولاّ شاوەی گوندی جگیلەی شوانە، خانوەکەی ڕووخاند، سەیری دیواری خانوەکەی خۆمم کرد، بینیم دەلاقەیەك بەبەرد و کەستەك و نیوە خشت گیراوە، هەربەگاڵتەوە وتم: دیواری ئەم خانوەی من زۆر سەیرە خۆ کاك عەلی پارە وگەنجینەت نەدۆزیوەتەوە؟ چونکە زۆر بەشوێنەوار دەچێت، هەر شتێکت دۆزیوەتەوە منیش هاوبەشم لێی، ئەویش ووتی: هەندێ وێنەم دۆزیوەوە کە زۆریان تێکچووبوون، بەڵام بەهی سەردەمی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلول مەلا مستەفای بارزانی دەچوون، بەم قسەیە یەکسەر شەهید هەنگاوم هاتەوە یاد، بۆیە ووتم : ئەبێ وێنەکانم نیشان بدەی، کاتێ وێنەکانی هێنا، لەنێو وێنەکان(ئازاد سمایل حاجی خدرو سەلام عەباس حەمەدەمین و مەناف تەها)م ناسیەوە، ئەمانە ئێستا دووانیان لەژیاندا ماون، و ئامۆزاو کەسی خۆمن، هەربۆیە دواتر چومە شاری کۆیە لای بەڕێز(ئازاد سمایل حاجی خدر) و ئەوانیتری پێناساندم.

بەڕاستی ئەم وێنانە جێگای ئەوەن زۆر چاك بپارێزین چونکە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە شیوعیەکان قۆناغێکی پڕ سەروەری و شۆڕشگێڕانەیان هەبووە، کە سەردەمانێك چۆن بە لەخۆبردوویی بەسەر لێواری گوللەدا ڕۆیشتون کە خوێنی ئەوان و سەرجەم شەهیدانی پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەمڕۆیان دروستکرد، هەزاران سلاّو لەگیانی پاکی شەهیدان(هەنگاو و گۆران) و سەرجەم شەهیدانی رزگاریخوازی گەلەکەمان، کەخوێنی ئەوان و هەزاران ڕۆڵەی تر ئەم هەرێمەیان بونیاتناوە، وەك پاداشتێ بۆ ئەم خانووە تەجاوزە نهێنی گرەی گەڕەکی شەهیدانی تەقتەق حکومەتی خۆماڵی ئیفراز و تاپۆی کردوون.



## مام حەمەعەلی قوربانیدەری ڕاستەقینەی حزبی شیوعی

ناوی تەواوی(حەمە عەلی تەها ئۆمەر سەلیم کاکل)ە، لەخانەوادەی دەروێش خدرە، ساڵی(١٩٣٠)لەخێزانێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، تەمەنی منالّی بە بەرخەوانی ودواشوانی وشوانکارەیی بەسەربردووە، ، پیشەی سەرەکی تاساڵی١٩٦١هەر جوتیاری بووە ،لەساڵی ١٩٦١بووە بەپاسەوانی بیرەنەوتەکانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق بەهۆی ئەوەی بیرە نەوت لە نێو زەوییەکەی چوارجۆتیار لەسەرووی گوندی دۆزراوەتەوە لەساڵی(١٩٥٩)ەوە، ساڵی ١٩٧٨هەندێك لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لەئیلنجاغی گەورە خوێندویەتی، ساڵی ١٩٨٠ لەئیلنجاغی گەورە ڕاگوێزراون بە هۆی نەوتەوە، لە تەقتەق نیشتەجێبووەو لە کێڵگەی پەلەوەری تەقتەق وەك کارگوزار دامەزراوە، ساڵی(١٩٨٤-١٩٨٥)دەچێتە شاری هەولێربۆ خۆشاردنەوە لە دەزگاسیخوڕی و هەواڵگرییەکانی بەعس، لەباداوەی شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت و لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دەبێتە فەرمانبەری کارگوزار تاوەکو ساڵی(٢٠٠٣)خانە نشین دەبێت، لەتەمەنی ٧٧ساڵیدا دوای ئەوەی ٢کوڕی شەهید دەکرێت و خانوو وماڵ وحاڵیشی لێ تێکدەدرێت و چەندین مانگیش زیندانی کراوەو دوریش خراوەتەوە بۆباشوری عێراق، لە ٣٠-٧-٢٠٠٧ دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێت و بۆ دواجارماڵئاوایی دەکات، هەروەها خێزانەکەشی(ڕەحیمە خالّند حەمەد) خوشکی شەهید حاجی بەختیارو مریەم و دایکی شەهید هەنگاو و شەهید گۆران و شوکریەو پەخشان، لەدایکبوی ١٩٣٣ی مەرزان، بەماوەیەکی کەم دوای کۆچی مام حەمەعەلی ئەویش لە ١٠-١-٢٠٠٨دەچێتە بەردلۆڤانی خوای گەورەو ماڵئاوایی دەکات، درووود بۆگیانی پاکیان.[٣٥]

---

[٣٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولوتەلیب حەمەعەلی) کوڕی شەهید هەنگاو و برازای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

## کەسایەتیە شیوعیەکانی مێرجاڕ

ئەوانەی لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق لەئیلنجاغی گەورە بوونە کەسایەتی و جێگەو پێگەوشوێن پەنجەیان لەخەباتدا دیاربوو بریتیبون لە مەلا سدیق ئیلنجاغی ڕابەری بیری شیوعیەت لە مێرجاڕ ومام هیدایەت کادیر و تێکۆشەر و سمایل حاجی خدر خانەخوێی شیوعیەکان لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتایی شەستەکانەوە پەیوەندی بەحزبی شیوعیەوە کردوە و خدر شێخانی پێشمەرگە و کادیری بەتوانا لەسالّی ١٩٦٦ لە لقی کوردستان لە ناوچەی دەرگەلّە لەبارەگای هەرێم پەیوەندی بە ئۆرگانەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە و لەسالّی ١٩٦٨ لە لقی ملازم ئەحمەد جبوری لە بەتالیۆنی(٥)ی بێتواتەی حزب درێژەی بە خەباتداوە، لە کۆتایی سالّی ١٩٧٨ بووە بە پێشمەرگە و لێپرسراوی سەربازی بووە لە بەتالیۆنی(٣١)ی ئازار، لە دوای ڕاپەڕین لە بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەکە و دواتر دوای هەلّوەشاندنەوەی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان، لە سلێمانی لەگەلّ هاوڕێ شوان شێخانی پارتی کاری کوردستانیان پێکهێناوە و بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی پەیوەندیەکانی ئەو پارتە و شوان شێخانی فەرماندەی پێشمەرگایەتی و سیاسەتمەدار و نازم ئیلنجاغی پێشمەرگەی دانەبڕاو و محەمەدشێخانی کادیر و سیاسەتمەدار، لێرەدا ژیاننامەی هەندێکیان دەخەمەڕوو:

### مەلا سدیق ئیلنجاغی ڕابەری شیوعیەت لەئیلنجاغی گەورە

ناوی تەواوی(سدیق عوسمان مەحمود سۆفی محەمەد)ە نەوەی(دەروێش خدر)ە، لەسالّی(١٩٢٤)لەگوندی(داربەسەر) چاوی بەژیان هەلّێناوە ، بەهۆی نەبوونی وگرانیەوە بەو سەردەمە مام عوسمانی باوکی ئیلنجاغی گەورەی جێهێشتوە و بۆ بژێوی ژیان ڕوویکردۆتە گوندی داربەسەر و هەر لەمنالّیەوە باوکی خستۆتیە بەرخوێندنی ئاینی، دایکی مەلا سدیق (بەلّقیسە) خەلّکی گوندی بایزئاغا بووە، بۆیە بۆ یەکەمجار لەگوندی(بایزئاغا) لەلای(مەلا یاسین بانی مارانی) خوێندویەتی، دواتر گەڕاوەتەوە



گوندی(داربەسەر) لەلای(مەلا محەمەد) درێژەی بەخوێندن داوە، هەروەها بەمنالّی لەگوندەکانی(سالّەیی) و شوێنەکانیتری کوردستان بەدوای خوێندن گەڕاوە، لە هەندێك لەو گوندانە فەقێکان بەگالّتەوە بە مام عوسمانی باوکیان گوتووە" مەمە و شیرت بۆ هێناوە" ئەمەش کینایەبووە بۆ بچوکی مەلاسدیق بۆ خوێندن،[1] لەتەمەنی(١٠) سالّی گەڕاونەتەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەلای(مەلا شێخ سدیق) پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە خراوەتەوە بەرخوێندن، پاش ماوەیەك بۆخوێندنی(تەسریف زنجانی) چووە بۆگوندی(سێکانی) لەلای مەلا محەمەدی ئۆمەرگومبەتی خوێندویەتی، دواتریش چووە بۆ گوندی(ئاومالّ) لەلای(مەلا قادری ڕەش) خوێندویەتی، بۆ خوێندن گوندی(سێبیران و حاجی لالە و بناری خالّخالاّن)ی کردووە، لەبەر گرانی نەیانتوانیوە وەریبگرن، هەتا لەگوندی(ئۆمەرگومبەت) مەلا سەعید ئاومالّی بەمام عوسمانی باوکی مەلا سدیقی ووتووە"لەبەر هەژاری گوندەکە ناتوانن نانی دوو فەقێ بدەن".

لەگوندی(ئازیانە) لەلای(مەلا سالّحی نێرەگینی) ولەشاری کۆیە لەمزگەوتی قامیش وحەتك و لەخۆشناوەتی وهیران لەلای(مەلا عەزیزی کاکی هیرانی) و لە شاری سلێمانی لەمزگەوتی(خانەقای مەولانا خالید) لەلای(مەلا عەبدوڵلای چروستانی)خوێندویەتی و هەر لەشاری سلێمانیش و لەو مزگەوتە خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە، بەداخەوە ئەو کاتەی ئەو زانیارییانەمان لە مەلا سدیق ئیلنجاغی وەرگرتووە تەمەنی لەسەرووی نەوەد سالّیەوە بوو، زۆر شوێن وناوچەی لەبیر نەمابوو کە بەفەقێیایەتی لێی خوێندووە.

لەسالّی ١٩٤٩ دوای سەفەرێکی دوورو درێژ بەکوردستانا بۆ خوێندن گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی ئیلنجاغی گەورەو بەکاری مەلایەتیەوە خەریکبووە، یەکەم مەلا بووە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە ووتاری نوێژی هەینی داوە، بەلاّم مەلا عەبدولرەحمان

[1] ژیاننامەی مەلا سدیق ئیلنجاغی لەڕێگەی نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا عوسمانی کوریەوە بەدەستم گەیشتووە.

ئەحمەد عومەر سێگردکانی (مەلا عەبدولڕەحمانی کوێر)کە فەقێیەکی مەلا سدیق ئیلنجاغی بووە دەڵێت"لەتەمەنی ١٠-١٢ساڵی لەمزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لەساڵی ١٩٤٨فەقێیەتی مەلا سدیق ئیلنجاغیم کردووە و ئەو ساڵە بوویمە سوختە"[٢] هەروەها مەلا عەبدولڕەحمان سێگردکانی باسی ئەو(سوختیە و فەقێیانە) دەکات کە لەساڵی ١٩٤٨لەمزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لەلای مەلا سدیق ئیلنجاغی خوێندوویانە:

| | |
|---|---|
| ١-مەلا محەمەدی کانی وەتمان | موستەعید |
| ٢-مەلا عومەر حاجی مەولود سێگردکانی | موستەعید |
| ٣-مەلا سەید عەبدوڵڵای سندۆڵان | موستەعید |
| ٤-مەلا جەلال حاجی حەمە عەلی سێگردکانی | موستەعید |
| ٥-مەلا محەمەد شێخەیی – پردێ- بەرامبەر قەشقە | موستەعید |
| ٦-عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر سێگردکانی | سوختە |
| ٧-حەوێز عەبدوڵلا قادر ئەحمەمەرەز ئیلنجاغی | سوختە |
| ٨-عەباس محێدین حەسەن ئیلنجاغی | سوختە |
| ٩-نورەدین محەمەدئەمین کەل ئۆمەرگومبەتی | سوختە |
| ١٠-مەلا ئەحمەد عومەر ئیبراهیم سێگردکانی | سوختە[٣] |

مەلا سدیق ئیلنجاغی لەساڵی(١٩٥٠) مۆڵەتی مەلایەتی لەلایەن(مەلا قادری گۆپتەپە)وە پێدراوە و هەر لەوساڵەدا لەگەڵ(هەمینە ئەبوبەکر مەحمود سۆفی محەمەد)ی ئامۆزای ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر)ناسراو بە مەلا عەبدولڕەحانی کوێر، لەدایکبووی ١٩٤١ی سێگردکان، لە١٦-٣-٢٠١٥ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدولڕەحمان ئەحمەد عومەر)ناسراو بە مەلا عەبدولڕەحانی کوێر، چاوپێکەوتنی پێشوو.



ساڵی ١٩٥٣بۆماوەی(٩) مانگ مەلای ئۆمەرگومبەت بووە، ساڵی ١٩٥٥حەجی ماڵی خوای کردووە و دوو مانگی پێچووە، لەژیانیدا(٧)جار حەجی کردووە، لەساڵی ١٩٧١بەفەرمی لەمزگەوتی سێگردکان دامەزراوە، لەساڵی ١٩٧٢لێپرسراوی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان بووە لەشاری کۆیە، ساڵی ١٩٧٧ لەرێگەی شەهید عەلی ساڵح سێگردکانیەوە مام جەلال نامەی بۆ دەنوسێت و تێیدا دەنوسێت مەلای برادەرم شۆڕش دەست پێدەکەینەوە دەبێت هاوکارمان بن، ساڵی ١٩٧٩گواستراوەتەوە شاری هەولێرو بەردەوامبووە لەکاری مەلایەتی، دوای ڕاپەڕین دەبێتە لێپرسراوی ناوچەی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان، ، ساڵی(٢٠٠٦)دوای(٥٧) ساڵ کاری مەلایەتی خانەنشین بووە، لەهەر شوێنێك مەلایەتی کردبێت حوجرەی مزگەوتەکەی فەقێی هەبووە چەندین مەلا لەسەردەستی ئەو بوونەتە زانا و مەلای ئاینی هەروەها پیاوێکی زمان پاراو بووە و لەکێشەوگرفتەکۆمەلایەتیەکان قسەیان نەشکاندووە، هەروەها لە بواری کاری هەرەوەزیش ڕۆڵی هەبووە و وایکردووە نەوەك هەر گوندی ئیلنجاغی گەورە بەڵکو گوندەکانی دەوروبەریشی کاری خۆیان بەیەکەوە و بە هەرەوەزی بکەن.

مەلا سدیق لەڕووی سیاسیەوە لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە لەساڵی ١٩٤٢وە دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو تەوژمە فیکری و سیاسیەی ئەوکاتە لەعێراق وکوردستان هەبووە، بەهۆی ئەوەی کەسێکی هەژاربووە، بەردەوام داکۆکیکەرێکی سەرسەختی جوتیاران وهەژاران بووە بەرامبەر زوڵم وستەمی دەرەبەگ وخاوەن موڵکەکان بۆیە شان بەشانی جوتیارانی گوندەکەی وگوندەکانی دەوروبەری(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران) پێك دێنن، وە بەشداری یەکەمین کۆنگرەی جوتیارانی کردووە لەساڵی ١٩٥٩ بەسەرپەرشتی عەبدولکەریم قاسم هەر بەوبیانووەوە ساڵی ١٩٦٢لەلایەن(کۆمەرە)ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیرکراوە، لەوتارەکانیدا

زیاتر هانی جوتیارانی داوە کە مافیان نەخورێت بۆیە لەگوندەکەی خۆشی دژایەتی کراوە، بۆ جاری دووەم لەلایەن(عەریف عوسمان) دەستگیرکراوە ولە(پیرەر) بەندکراوە.[٤]

**مام هیدایەت خاوەنی نیوسەدە خەبات**

ناوی تەواوی(هیدایەت حاجی خدر سمایل مەلاك)ە، ناسراو بووە بە(مام هیدایەت) لە ساڵی ١٩٣٤لە گوندی ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێنهێناوە، لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا ساڵی ١٩٥٤دەچێتە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە، لەساڵی ١٩٦٧دەبێتە لێپرسراوی شانەکانی ڕێکخستنی ئەو حزبە لەگوندەکانی باکوری خۆرئاوای تەقتەق، ساڵی ١٩٧٣ماوەیەك بەهۆی بارودۆخی سیاسی هەرێم وعێراق دەچێتە(کفری)، پاش ماوەیەك لەکاری ڕێکخراوەیی وپێشمەرگایەتی دەگەڕێتەوە سنوری لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق بەردەوام دەبێت تاساڵی ١٩٧٥ نسکۆی شۆرشی ئەیلول، دواتر لەساڵی ١٩٧٩وەك ئەندامێکی کارای حزب لەلقی کۆیە دەست بەکار دەبێتەوە، دەبێتە یەکێك لەپێشمەرگەو کادیرە سەرەتاییەکانی قۆناغی خەباتی چەکداری حزبی شیوعی عێراق لەنێوان ساڵانی(١٩٧٨-١٩٩١)، لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆی نێوان حزبە کوردییەکانی سەر گۆڕپانی کوردستان ساڵی ١٩٨٣بۆماوەی(٢٠)ڕۆژ زیندانیکراوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە و لە٥-٦-١٩٨٥یش بەسەختی بریندار بووە لەشەڕی خۆکوژی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق، لەدوای ڕاپەڕینیش ئەندامی چالاکی مەکتەبی قەزای کۆیەی حزبی شیوعی بووە، دوای(٥١)ساڵ خەبات و زیاتر لە نیو سەدە تێکۆشان لەریزەکانی گەل و بەرەی میللەت لە(٢٠-٥-٢٠٠٥)دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێت ولەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[١]

(٤) ژیاننامەی مەلا سدیق ئیلنجاغی لەرێگەی نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا عوسمانی کوریەوە بەدەستم گەیشتووە.

(١) ناراس ئیلنجاغی، زێوەر، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە٥٦-٥٧.



**شوان شێخانی، سیاسەتمەدار**

ناوی تەواوی(شوان سدیق عوسمان مەحمود)ە، پێشتر ناوی(ئەبوبەکر)بووە، ئێستاش هاوتەمەن و کەسە بەتەمەنەکانی ئیلنجاغی گەورە و ئۆمەرگومبەت و سێگردکان زۆربەیان پێی دەڵێن ئەبوبەکر، بەڵام کە تێکەڵی کاری حزبایەتی بووە نازناوی(شوان)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەکۆتاییدا بووە بە شوان شێخانی، ساڵی١٩٥٦لەگوندی ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٠ خوێندنی سەرەتایی لەگوندی ئیلنجاغی گەورە تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٧٠-١٩٧٣ قۆناغی ناوەندی تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤بەهۆی کێشەی سیاسی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وحزبی شیوعی عێراقەوە خوێندنی جێهێشتووە، چونکە ئەو لەساڵی ١٩٦٩ەوە لەتەمەنی چواردەساڵیەوە فۆرمی بوون بەئەندامێتی حزبی شیوعی عێراقی پڕکردۆتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٧٤ەوە تاساڵی ١٩٧٨قۆناغی ئامادەیی لە ئامادەیی هەولێری کوڕان تەواو کردووە.

سەری ساڵی(١/١/١٩٧٩)لەگەڵ هاوڕێیان(خدر شێخانی وشەهید مەحمود حەمەد مەرزانی) بەرەو دەشتی کۆیە بەرێ دەکەون و چەکی پێشمەرگایەتی لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق دەکاتە شان[١]، ژمارەی پێشمەرگە لەوکاتەدا بەپەنجەی دەستان دەژمێردرا، ئەو کات بەعسیەکان بێ ترس لەگوندەکانیش ڕێکخستنی فاشیانەی خۆی هەبوو، کە نەیان دەوێرا تەنها شوانێکیش بیان بینێ؟![٢] ، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق لەخەباتی چەکداری دوای ساڵی ١٩٧٨یەکەم

(١) دەستنوسی هاورێ خدر شێخانی ، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) بیۆگرافیای(شوان سدیق عوسمان) بە دەستنوسی خۆی، سەرچاوەی پێشوو.

ڕەبیەیان گرت لەسنوری (کۆیە) لەنزیك گوندی(تۆبزاوا) بەسەرپەرشتی هاوڕێ(ملازم شوان) لەیەکێك لەشەوەکانی مانگی ئازاری ١٩٨١ز.[٣]

ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٤ کۆلیژی سەربازی بەشی(پیادە و تاکتیك) لەشاری(عەدەن)ی یەمەنی دیموکراتی بەپلەی نایاب تەواو دەکات، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤ گەڕاوەتەوە کوردستان وناوچەی بارزان[٤]، ئەوانەی لەخولەکانی دەرەوەی وڵات گەڕانەوە هەندێکیان زۆر سەرکەوتوو بوون وەك(ملازم شوان)کە پاشماوەیەك بووە فەرماندەی بەتالیۆن لەسنوری هەولێروکۆیە.[٥]

ساڵی ١٩٨٥ بووە بەفەرماندەی بەتالیۆنی(٥)ی دەشتی هەولێرو ئەندامی مەڵبەندی حزبی شیوعی عێراقی پارێزگای هەولێر، لەساڵی ١٩٨٧بووە بەلێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی هەولێر و سەرکردایەتی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقی کردووە لەشەڕی ١٢ڕۆژەی سماقوڵی و بەنەباوێ هاوشان وهاوکاری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە بەرامبەر ڕژێمی داگیرکاری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی وسوپاکەی، لە ئەنفالەکان لەدەشتی کۆیەو بالیسان و بەڕانەتی ماوەتەوە و ماوەیەکیش لەناو شاری هەولێر ماڵی(پێشمەرگە) لەگەڵ هاوڕێیانی دروستدەکات و چالاکیش ئەنجام دەدەن، لەساڵی ١٩٨٩ گەڕاوەتەوە(ناوزەنگ)[٦]، سەرکردایەتی هەولێری حزبی شیوعی عێراقی لەساڵی ١٩٨٩ لەو هاوڕێیانە پێکهاتبوون:(١-ئەبوجەنان(نەجیب بویا)٢-تاهیر کەریم عەلی(ڕەوەند)٣-هاوڕێ مونعم ٤-موحسین

---

[٣] د.احمد عبدالعزیز محمود، دور الانصار البشمرکة الشیوعین في الکفاح المسلح في کردستان العراق(١٩٧٨-١٩٩١م)، کلیةالاداب، جامعة صلاح الدین، مطبعة ازادي، الطبعة الاولی، اربیل، صفحة٨٨.

[٤] بیۆگرافیای(شوان سدیق عوسمان) بە دەستنوسی خۆی، سەرچاوەی پێشوو.

[٥] د.احمد عبدالعزیز محمود، المصدرالسابق، صفحة ٢٩٨.

[٦] بیۆگرافیای(شوان سدیق عوسمان) بە دەستنوسی خۆی، سەرچاوەی پێشوو.



یاسین ٥-ملازم شوان ٦-سامی ئەلمالح ٧-ئەبو ڕەبیع(راهی مهاجر) ٨- مەلا حەسەن(فەتتاح تۆفیق)[٧]

لە٢٠-١١-١٩٨٩ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو ماوەیەك لە(سەردەشت) نیشتەجێبووە، بەڵام دواتر ڕێگەی هەندەرانی دورتری بۆ(ئازربێجان و تورکمانستان و مۆسکۆ)گرتۆتەبەرو دواجار لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠گەیشتۆتە وڵاتی(سوید) لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لەبلۆکی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی شیوعیەکوردستانیەکانیش پڕیشکیان بەرکەوت، بەداخەوە خەباتی شیوعیەکان لەو گۆڕانکارییەدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بووە مایەی جیابووەودەرچوون لە حزبی شیوعی عێراق و لەساڵی(١٩٩٣)دا ئەو بزوتنەوە کوردستانیەی کە لە ناو حزبی شیوعی عێراق چەکەرەی کردبوو یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و(پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان)ی لێکەوتەوە و شوان سدیق بووە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کاری سەربەخۆ، لە کۆنگرەی(چوارەم)ی ئەم حزبە کە لەشاری هەولێر گرێدرا بووە کەسی یەکەمی پارتی کاری سەربەخۆ و بووە سکرتێری تا کۆنگرەی پێنجەم کە لەشاری کەرکوك لەساڵی ٢٠١١بەسترا بەردەوام بوو، شوان سدیق لەزانکۆی لوبنانی-فەرەنسی لەشاری هەولێر بەشی یاسا دەخوێنێت لەنێوان ساڵانی(٢٠١٠-٢٠١٤)، ئەمرۆ خانەنشینە بەپلەی سەربازی(موقەدەم)، بەردەوامە لەبیری شیوعیەت[٨].

---

[٧] د.احمد عبدالعزیز محمود، المصدرالسابق، صفحة ٧٢.

[٨] بیۆگرافیای(شوان سدیق عوسمان) بە دەستنوسی خۆی، سەرچاوەی پێشوو، پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان تەنها(٣)کۆنگرەی بەستووە و لە دوای کۆنگرەی سێیەمەوە لەلایەن دەسەلاتی سیاسی پایتەختەوە هەڵوەشایەوە و دواتر ملازم شوان و هاوڕێکانی لەشاری سلێمانی بەناوی(پارتی کاری کوردستان) خۆیان راگەیاند و بە کۆنگرەی(٤)ەمی ئەو حزبەی دادەنێن، چونکە دوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان بەشێکی زۆر لە کادیر و هەڵسوڕاوانی ئەو پارتە چونە ریزەکانی حزبی شیوعی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان-

## هاوڕێ فاخیر پێشمەرگەی دێرین

ناوی تەواوی(نازم جەبار تۆفیق جومعە وسو)ە، نەوەی ئەلیاسی بن داسنیە، ساڵی ١٩٦٦لەخێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، تاوەکو سێ یەمی ناوەندی لە گوندەکەی خۆی خوێندووە، ساڵی(١٩٨٠) تەمەنی تەنها(١٤)ساڵ بووە پەیوەندی بەئۆرگانەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە، لەبەهاری ١٩٨١پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعیەوە دەکات لە لقی دەشتی هەولێر، لەپەلی کۆیە، ئەوکات شەهید مەحمود مەرزانی فەرماندەی بووە، ساڵی ١٩٨٢لە(مەلەکان)بۆ ماوەی یەك هەفتە بەشداری خولی سەربازی دەکات، لە زستانی ١٩٨٢بەشداری یەکەم چالاکی پێشمەرگانە دەکات لەلێدانی ڕەبیەکانی(مام قلینج) بەسەرپەرشتی محسین یاسین، هەروەها لەنێوان ساڵانی(١٩٨٢-١٩٨٣) بەشداری چەندین نەبەردی کردووە وەك(چالاکی نێوان ڕێگاکانی هەولێر-کۆیە، دێگەلە-کۆیە، تەقتەق-کۆیە ،هەولێر-پردێ و ڕەبیەکانی بانی داربەڕوو)، بەداخەوە لەشەڕی براکوژی لەساڵی ١٩٨٣لەنێوان گوندی(بەردەسپی و نێرەگین)ەوە لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پەلەکەیان بەفەرماندەیی(شەهید مەحمود مەرزانی)دەکەوێتە کەمینەوەو خۆی و ٧هاوڕێی زامدار دەبن و فەرماندەی پەلەکەیان شەهید دەبێت، بەهۆی ئەوەی برینەکەی سەخت بووە ماوەیەك لەکاری پێشمەرگایەتی دابڕاوە بۆ چارەسەرکردن لە(بالیسان ودەواجنەکانی تەکەور وئیلنجاغی گەورە)، دواتر ساڵی ١٩٨٤دەگەیەنرێتە ناوچەی(بارزان)، قاچی ڕاستی بەهۆی برینەکەوە ٥سانتیمەتر شکایە و بەخواری گیراوەتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بەکاروانی خەبات دەدات و لەساڵی ١٩٨٥دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەی پارێزگاری مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی عێراق ئەوێ ڕۆژێ هاوڕێ(ئەبو حیکمەت) لێپرسراو مەڵبەند وهاوڕێ(ملازم عادل) عەرەب سەرپەلی بووە، بۆ چارەسەری لەو ساڵەدا گواستراوەتەوە ئێران لە نەخۆشخانەکانی



ورمێ(ڕەزاییە) بەڵام هیچ چارەسەریەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجام نەدراوە، دواتر گەڕاوەتەوە ناوچەکانی(لۆلان و سپیندارە و خواکورك)ی سەرسێ سنور و ناوچەی(کافێ)ی زێبارییەکان، لەهاوینی ١٩٨٦دەگەڕێتەوە دەشتی کۆیە و بەتاڵیۆنی(٣١ی ئازار) لە ساڵی(١٩٨٧) لەهەمان بەتالیۆن لەدوای شەڕ و داستانی ئیلنجاغی گەورە دەبێتە(سەرپەل) لەداستانی ١٢ڕۆژەی بەنەباوێ و سماقولی بەشدارییەکی کارای کردووە، ساڵی ١٩٨٨لە بناری هەورێ و بەرەکەی شەقڵاوە و سورێ فەرماندەی پەل بووە، دواتر بۆماوەی(٤٠) ڕۆژ لە ناو ئەنفالە بەدناوەکان گەیشتۆتە وولاتی تورکیا و لە زستانی ١٩٨٩ گەیشتوە بە ولاتی ئێران، لەکۆتایی بەهاری ١٩٩٠بەڕێگای(تورکمانستان)ەوە دەگاتە وولاتی ڕوسیا، لەڕێگەی فڕۆکەوە لەمانگی(١٠ی١٩٩٠) لە مۆسکۆوە دەگاتە وولاتی نەرویج، ساڵی ١٩٩٢ نەشتەرگەری لەولاتی سوید بۆ کراوە، ساڵی ١٩٩٣گەڕاوەتەوە کوردستان، ١٩٩٦ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بۆ جارێکیتر دەچێتەوە هەندەران و لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٠-٢٠٠٤) لێپرسراوی ڕێکخراوی(حزبی شیوعی کوردستان) بووە لە ولاتی نەرویج، دواجار ساڵی(٢٠٠٨) گەڕاوەتەوە باشوری کوردستان و بووە بەلێپرسراوی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان لە قەزای کۆیە، نوێنەری حزبی شیوعی کوردستانە لەلقی(کۆیەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان) لە ساڵی(٢٠١٤-٢٠١٦) بەشداری شەڕی چەکدارانی بەناو دەولەتی ئیسلامی(داعش) کردوە و مەدالیای زێرینی خەباتیشی پێدراوە.[1]

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نازم جەبار تۆفیق)، لەدایکبووی(١٩٦٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢-٢-٢٠١٧ز.

## محەمەد شێخانی، سیاسەتمەدار

ناوی تەواوی(محەمەد سدیق عوسمان)ە لە نەوەی دەروێش خدرە، لەساڵی ١٩٥٥لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و ئاین پەروەر و شۆڕشگێڕە وە هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی(١٩٦٧-١٩٦٨) قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورەی سەرەتایی تەواو کردووە، لەبەر ئەوەی باوکی مەلای گوند بووە، زۆر هەوڵی داوە کوڕەکانیشی ببن بە(مەلا) بۆیە دوور لە ئارەزووی خۆی بەناچاری دەچێتە(پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی) لە هەولێر، ئەمەش وایکردووە لە هاورێکانی خوێندنی دابڕێت چونکە ئەو چووە بۆ هەولێر و برادەرانیشی بۆ کۆیە، بەڵام لەڕووی ڕێکخستنەوە لەساڵی(١٩٦٩)ەوە شەرەفی ئەندامێتی حزبی شیوعی عێراقی وەردەگرێت لە یەکێتی گشتی قوتابیان لەلایەن هاوڕێ(شەمسەدین تەها قادر و ئەسکەندەر یەڵدا سور) فۆڕمی ئەندامێتی بۆ پڕکراوەتەوە، لەساڵی ١٩٧١کاریگەرییەکانی بەسەر گەنجان و لاوانی سنورەکەوە دەست پێدەکات و چەندین گەنج لەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەرێگەی ئەوەوە پەیوەندی دەکەن بە شانەکانی رێکخستنی حزبی شیوعی عێراقەوە، ساڵی(١٩٧٣-١٩٧٤) چووەتە بەر خزمەتی سەربازی لەپارێزگای(کەرکوك) تا هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران ساڵی ١٩٨٠، ساڵی ١٩٨٢ دەچێتەوە لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نیشتەجێ دەبێت، ساڵی ١٩٨٥ لەریزەکانی بەرگری حزبی شیوعی عێراق چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکات، سەرپەرشتیاری ئەم پێشمەرگانەی هێزی بەرگری دەکات(مەناف تەها ئۆمەر، خەلیل سمایل خدر، ئازاد سمایل خدر، حەمید شێمحەمەد، مەجید شێمحەمەد، مەجید حەمەد- مەجیدە سور، عەزیزی مەلا عومەری، عەبدوڵلای مەلا سدیقی) ساڵی ١٩٨٧ بۆ ماوەیەك دەچنە سماقوڵی گرتك لەگەڵ لقی کۆیەی حزبی شیوعی لە مەڵبەندی(سلێمانی-کەرکوك)ی حزب دەمێننەوە، ساڵی ١٩٨٩ لەناو شاری هەولێر پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ(ملازم شوان شێخانی و ملازم هەژار) دەبێت کە ئەوان



لەگەڵ چەند هاورێیەکی حزبی شیوعی عێراق لە دوو شوێنی شاری هەولێر(ماڵی پێشمەرگە) دروست دەکەن:

١-باڵەخانەی بەرامبەر هۆڵی گەل لە سەیداوە.

٢-لە گۆڕەپانی عەنتەر نزیك دەزگای ئەمنی هەولێر

کە هاورێیان( ئەبو ئەحلام لێپرسراوی سەربازی لقی قەرەچوغ و فواد کۆیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب و ملازم هەژار و ملازم رابەر و ملازم شوان شێخانی و لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر و کۆمەڵێك هاورێیتر) لەو دوو ماڵی پێشمەرگە بوون و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ رۆڵی جوامێرانەی بینیووە لە هاوکاریکردنیان بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی هاورێیانی گواستۆتەوە لە نێوان شارەکانی موسڵ و کەرکوك و هەولێر و ئەو شوێنانەی پێویست بوون، لەلایەکیتریشەوە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاریگەری باشیان هەبوو لە گواستنەوەی هاورێیان بۆ سەر سنوری عێراق-ئێران، جگە لە هاوکاری دۆست و لایەنگرانی حزبی شیوعی عێراق لە سنوری پارێزگای هەولێر، ئەم ماڵانەی پێشمەرگە چالاکیشیان ئەنجامداوە.

لەساڵی ١٩٨٨بیری بەشیوعی بوونی کوردستانی لەلایەن هەریەك لە(حاکم بۆتان و رەفیق سابیر و هاشم کۆچانی و موحسین بایز و ملازم شوان شێخانی و کاروان عەبدوڵلا و ملازم رابەر مەرزانی و شەهید محەمەد حەلاق و ئەبو دڵشاد و مامۆستا ڕەوەند) هاتە کایەوە، بەهۆی گۆڕانگارییەکانی ڕووخانی بلۆکی سۆفیەتی و ولاتانی سۆسیالیستی هەروەها کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی نەتەوەی کورد، زۆربەی شیوعیە کوردستانیەکان بیر لەدروستکردنی ڕێکخستنی تایبەت بە کوردستان دەکەنەوە جیا لەحزبی شیوعی عێراقی کە تێیدا خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی پێکەوە گرێبدات، دوای راپەڕین جارێکیتر پرسی کوردستانی لە ناو لیژنەی محەلی هەولێر سەریهەڵدایەوە و بزوتنەوەیەك پێکهات بەناوی بزوتنەوەی شیوعیە کوردستانیەکان یەکەم کۆبونەوەی فراوانی لە دواناوەندی ئازادی کوڕانی شاری هەولێر

کە عومەر حاجی بەڕێوەبەری بوو بەڕێوەچوو، ساڵی ١٩٩١دوای ململانێیەکی زۆر بزوتنەوەی شیوعیە کوردستانیەکان لەهەولێر و کوردستان ڕاگەیەنرا، لەگەڵ ئەمانەدا ڕەوتێکیتر بەناوی(شیوعیە ڕاستەقینەکان) پێکهات بەڵام ئەوان زوو بە کۆتا هاتن، دواتر بزوتنەوە کوردستانیەکە لەساڵی ١٩٩٢یەکەم کۆنگرەی خۆی لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێرگرێدا، کە هاوڕێیانی دەرەوەی ولاتیش ڕەفیق سابیر و هاشم کۆچانی و کاروان عەبدوڵلا و جەمشید حەیدەری) بەشداری کۆنگرەکە بوون لەڕووی فکرییەوە جیاوازییەکی زۆر هەبوو کوردستانیەکان دەیانویست(حزبی شیوعی کوردستان) ڕابگەیەنن و ئەوانەی دەرەوەش چەند ناوێکیتریان پێشنیار دەکرد وەك(حزبی ڕەنجدەران و ڕزگاری) پاش گفتۆگۆی چڕو پڕ و کێشە و ململانێ دکتۆر جەمشید حەیدەری پێشنیارەکەی(پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان)ی کرد هەموان بەو ناولێنانە ڕەزامەندبوون و دواجار کۆنگرە پارتی کاری سەربەخۆی کوردستانی لێکەوتەوە و ئەبو حیکمەت یوحەنا کرا بەسکرتێری ئەو پارتە، محەمەد شێخانی لە یەکەم کۆنگرەی بزوتنەوە کوردستانیەکەی شیوعیەکان بەشدار بوو، دواتر بۆماوەی(٨) ساڵ لەسەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان کاریکردووە، دوای هەڵوەشانەوەی پارتی کار لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و ململانێکان ساڵی ٢٠٠١دەگەڕێتەوە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی کوردستان، لە کۆنگرەی(٣)ی حزبی شیوعی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی حزب هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە بەرپرسی(محەلی مەڵبەندی سۆران)ی حزب بۆ ماوەی چوارساڵان، لەکۆنگرەی(٤)ی حزب بۆ جارێکیتر هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرکردایەتی وبۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی حزب و دواتر بەپلەی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیران خانەنشینکراوە.[1]

---

[1] نامەیەکی دەستنوس سەبارەت بە بیوگرافیای محەمەد شێخانی تایبەت بە مێرجار بۆ بەندەی ناردووە.

## بەشی دووەم

# مێرجارڕ و شۆڕشی ئەیلول

## بەشی دووەم

# مێرجاڕ و شۆڕشی ئەیلول

### مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لە شۆڕشی ئەیلولدا

شۆڕشی ئەیلول مەزنە شۆڕشێکی باشوری کوردستانە، لە(١١-٩-١٩٦١) هەڵگیرسا و سەرتاپای خەڵکی کوردستان بەئومێدەوە لەو شۆڕشەیان دەڕوانی و بوونە خانەخوێی شۆڕش و چەکیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی میللەتی کورد هەڵگرت، ئەوەی جێگەی باسکردنمە لێرەدا ئەوەیە کەخەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورە چۆن پێشوازیان لەو شۆڕشە کردووە؟ هاوشانی نەتەوەخواز و نیشتمانپەروەرانی باشوری کوردستان جەنگاون و بوون بەپێشمەرگە و چەکیان بۆ شۆڕش هەڵگرتووە و قوربانی و خوێنیشیان لەپێناو سەرکەوتنی ئامانجە ڕەواکانیدا ڕژاندووە.

لەبەشی پێشووی ئەم کتێبە باسی ئەوەمانکرد کە لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو زۆرینەی خەڵکی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەلەڕێگەی(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران) و ئۆرگانەکانی(حزبی شیوعی عێراق)ەوە هەوادار و ڕێکخراوی بیری شیوعیەت بوون، جگە لەماڵی(کێخوا وەسمان یوسف مەلاك) کە لە باربوون بۆ بیری نەتەوەیی و کوردایەتی ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتریشەوە لەقوتابخانەی(ئیلنجاغی گەورەی سەرەتایی) هەر یەك لە(مامۆستا واحێد سەعید و عەلی حەویز) ئەندامی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، کە ئەو کات بارەگای ناوچەکەیان لە گوندی(گۆمەشین-سەیدان یان شێخانان)بوو، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ بلاوکردنەوەی بیری کوردایەتی لە قوتابخانەکەو کاریگەرییان لەسەر هەندێك لە قوتابییەکاندا



دروستکردووە، هەروەها توانیویانە لەدەرەوەی قوتابخانەکەش کاری خۆیان بکەن و(ئەنوەر نادر خدر)یان هێناوەتە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.[١]

پاش ماوەیەکی کەم کاریگەری ماڵی کێخوا وەسمان و هەردوو مامۆستای ناوبراو وادەکات هەردوو گەنجی ئیلنجاغی گەورە(ئەنوەر نادر خدر و وسو وەسمان یوسف) بە توانایی خۆیان بسەلمێنن لە ڕێکخستنی گەنجانیتری ئیلنجاغی گەورە بۆ ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەساڵی(١٩٥٨) ژمارەی ئەوانەی چوونە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە(٨)ئەندام ئەوانیش:

١-ئەنوەر نادر خدر محەمەد ئەلیاس(ئەنوەر نادر)

٢-وسو وەسمان یوسف مەلاك(مام وسو)

٣-حەمەدەمین ئۆمەر وسو(حاجی حەمەدەمین)

٤-یاسین حەمەدەمین حاجی خدر(حاجی یاسین)

٥-وهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك(وهاب کادیر)

٦- عەباس ئەحمەد خدر شەنگە

٧-فەتاح ڕەئوف مەلا فەتاح حەمەد مەلاك

٨-قادر فەتاح مەولود عەزیز مستەفا کوڕەبۆر[٢]

لەساڵی(١٩٥٩) هەڤاڵ(مام جەلال) کە(عەلی بێ قۆڵی مام ڕەشیدی گردەشینە)ی عەلیاوەی کۆیەی لەگەڵدابووە، هاتۆتەشاری کۆیە و لە کۆڵانی(جەژن)ەی لای مزگەوتی(مەحمودئاغا)ی ئەمرۆ، ووتاری بۆ خەڵکی کۆیە داوە، خەڵکەکەش هەموویان بەیەکجاری هوتافیان دەکێشاو دەیانگووت(نامانەوێ لامەرکەزی، وەی بابە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر) لەدایکبووی(١٩٣٨)ی ئیلنجاغی گەورە، کادیری شۆڕشی ئەیلول و نوێ، لە١٨-٣-٢٠١٣ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر) ،کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پێمان تەزی) ئەنوەر نادر و وسوی کێخوا وەسمان لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەی شاری کۆیە لەپێشوازی مام جەلالدا بەشدار دەبن.[٣]

لەگەڵ پریشکی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لاوانی ئیلنجاغی گەورە چەکی پێشمەرگایەتیان کردۆتە شان لەوانە: محەمەد کێخوا وەسمان یوسف مەلاك سەرەتایی ساڵی ١٩٦٢دەبێتە پێشمەرگە[٤] و دواتر(حەمەدەمین ئۆمەر وسو-حاجی حەمەدەمین، ئیبراهیم حەمەدەمین حاجی خدر) لەپاش ماوەیەکی کورت دوای ئەمانە هەر یەك لە(شەهید حەمە شەریف ڕەسوڵ و خورشید عوبێد حەمەلاو[٥]، بەڵام ئەنوەر نادر پێی وایە پێش جیابوونەوەی باڵی(مەکتەب سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان واتە بەر لەساڵی(١٩٦٤) ئەمانە لەئیلنجاغی گەورە بوونە پێشمەرگە(شەهید حەمەشەریف ڕەسوڵ و حەمەدەمین ئۆمەر وسو و برایم حەمەدەمین حاجی خدر و یاسین حەمەدەمین حاجی خدر و فەتحوڵڵای مام تەیبی تاڵەبانی گەورە) ئەمانە لەئیلنجاغەوە چوونە(چەمی ریزان) بوونە پێشمەرگە.[٦]

ئۆمەری فەقێ عەوڵڵای کە لەتەمەنی(١٥)ساڵییەوە لەهێزی(باڵەکایەتی) لەلای(عەبدوڵڵا ئاغا)دەبێتە پێشمەرگە لەساڵی(١٩٦٣)باسی ئەوە دەکات کە ئەو بووە بەپێشمەرگە(٥)کەس لەهەموو سنوری گوندەکانی باکوری خۆرئاوای تەقتەق پێشمەرگەبوون ئەوانیش(حەمەدەمین ئۆمەر وسو و حەمەشەریفی ڕەسوڵ و خورشیدی مام عوبێدی حەمەلاو) لەئیلنجاغی گەورە و(فەتحوڵڵای مام تەیب و عەلی فاتکی)

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر) ،کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد وەسمان یوسف)لەدایکبووی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لە١٩-١-٢٠١٣ز، هەریەك لەجەلال خورشید رەشید ئیلنجاغی و گوشاد عەبدولرەحمان بایز ئیلنجاغیش ئەوەیان لەچاوپێکەوتنەکانیان دوپاتکردەوە.

[٥] شوکروڵلا شێخانی، خەبات و تێکۆشانی لەبیرکراو، رۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٥)ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، لاپەڕە٢.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر) ،کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.



تاڵەبانی گەورە[٧]، لەمەوە دەردەکەوێت کە کوڕانی مێرچاڕی ئیلنجاغی گەورە لەگەڵ یەکەم پڕیشکی شۆڕشی ئەیلول بوون بەپێشەنگ و پێشمەرگەی سەرەتایی ئەو شۆڕشە.

لەگەڵ جیابوونەوەی باڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٦٤بەدواوە بەشێکی دیار لەئیلنجاغیەکان بوونە پێشمەرگەی(مەکتەب سیاسی) کە ئەو کات بە(جەلالی) ناودەبران و دەناسران ئەوانیش:(ئەنوەر نادر خدر-کادیر، محەمەد ئەحمەد حەمەد-محەمەدچاوشین، برایم حەمەدەمین حاجی خدر، وهاب فەتحوڵڵا-کادیر، حەمید ڕەئوف فەتاح-پیرە، لەتیف ڕەحمان بایز کاوێس).[٨]

لەدوای هاتنەکایەی باڵی مەکتەب سیاسی ئیلنجاغیەکان بەکۆمەڵ چوونە ریزەکانی مەکتەب سیاسی یان ڕوونتر بڵێین بوونە(جەلالی) بەتایبەت لەسەروو بەندی نێوان ساڵانی(١٩٦٦-١٩٦٨) لە ئیلنجاغدا بەتەنها(ئۆمەری فەقێ عەوڵڵا) بە(مەلایی) ماوەتەوە، بەڵام لەدوای ساڵی(١٩٦٨)ەوە کۆمەڵێك لەگەنج و لاوی ئیلنجاغیەکان هاتنەوە ریزەکانی(پارتی دیموکراتی کوردستان- مەلایی) لەوانە:

١-سمایل حەمەد سمایل

٢-سوارە وسو جومعە(مام سوارە)

٣-رەحمان رەئوف عوسمان مەحمود

٤-خالند وەستا ساڵح حەمەد

٥-مەولود فەتاح قادر

٦-حەمەد عەبدوڵڵا قادر(حەمەی مام عەوڵڵا)

٧-مەولود قادر ئەحمەدمەرەز

---

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵڵا ئۆمەر نەجیم) لەدایکبووی ١٩٤٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لە٢٤-٣-٢٠١٣ز.

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵڵا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٨-مەحمود حوسێن مەمەند(وەستا مەحمود)

٩-یونس حەمەدەمین حاجی خدر(وەستا یونس)

١٠-عومەری کێخوا فەتاح قادر.[٩]

بەمەش مەلاییەکان(پارتی دیموکراتی کوردستان) دەست بالاتر دەبن لەماوەی ساڵی(١٩٦٩)دا، هەریەك لە(مەحمود حەمەد ڕەسول مەلاك-مام مەحمود شێخانی و مام وسوی کێخوا وەسمانی یوسف مەلاك) لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستگیردەکرێن بەتۆمەتی هەواداریان بۆ(باڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالیەکان) دەبرێنە(هیران) لە هەمانکاتدا(عەلی مەحمود حەمەد) کە لە کۆیە خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە، لەکاتی گەڕانەوە بۆماڵەوە واتە بۆ ئیلنجاغی گەورە، دەست بەسەر دەکرێت و دەبرێتە گوندی(گۆمەشین)ی شێخانان یان سەیدانی دێگەڵە، لەلایەن(سابیر ئاغای دۆڵەبەکرەیی) لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بەکادیری پێشکەوتووی باڵی مەکتەب سیاسی(جەلالی) ئەژمارکراوە.[١٠]

لەشۆڕشی ئەیلول دا لەماوەی نێوان سالانی(١٩٦١-١٩٧٤) دەیان گەنج و لاوی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەو شۆڕشەدا بوون بەپێشمەرگە و بەخوێن-یش قوربانیان داوە لەوانە:

١- محەمەد کێخوا وەسمان یوسف مەلاك ساڵی ١٩٦٢ز.

٢-حەمەدەمین ئۆمەر وسو(حاجی حەمەدەمین)ساڵی ١٩٦٣ز.

٣-حەمەشەریف ڕەسوڵ حەمەشەریف سمایلەگەورەی ئەلیاس(شەهید حەمەشەریف)ساڵی ١٩٦٣ز.

٤-خورشید عوبێد حەمەلاوساڵی ١٩٦٣ز.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٠] نامیلکەیەکی چاپ نەکراوی(عەلی مەحمود حەمەد شێخانی) لەدوو تویی(٥٤)لاپەڕەی ئەی فۆڕ لەسەر(ژیان وخەبات وکاری سیاسی)خۆی نوسیویەتی، چاپ نەکراوە.



٥-ئیبراهیم حەمەدەمین حاجی خدر(شەهید ئیبراهیم)ساڵی ١٩٦٣ز.

٦-یاسین حەمەدەمین حاجی خدر(حاجی یاسین)ساڵی ١٩٦٣ز.

٧-عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر(ئۆمەری فەقێ عەوڵلا)ساڵی ١٩٦٣ز.

٨-تۆفیق حەمەدەمین حاجی خدر(شەهید تۆفیق)١٩٦٣ز.

٩-شەریف رەحمان بایز کاوێس مەلاك(شەهید شەریف)

١٠-سدیق حەمە مستەفا کەریم سەلیم

١١-سمایل حەمەد سمایل

١٢-حەمەد عەبدوڵلا قادر(حەمەی مام عەوڵلا)

١٣-عەبدولڕەزاق حەمەد مەحمود(ڕەزاقە سور)

١٤-سوارە وسو جومعە(مام سوارە)

١٥-مەولود فەتاح مەولود

١٦-خالد وەستا سالح حەمەد

١٧-عەلی فەتاح ئۆمەر(عەلی شەوکەتێ)

١٨-فەتاح ڕەئوف مەلا فەتاح حەمەد مەلاك.

١٩-مەحمود حەمەد ڕەسوڵ(مەحمودی پلکە عیسمەتێ)

٢٠-وسو وەسمان یوسف مەلاك(مام وسو-کادیر)

٢١-ئەنوەر نادر خدر محەمەد(مام ئەنوەر-کادیر)

٢٢-وهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك(وهاب کادیر)

٢٣-حەمەد ڕەسوڵ عەوڵلا(کادیر)

٢٤-زاهیر وەسمان یوسف مەلاك(کادیر)

٢٥-مەحمود حوسێن مەمەند

٢٦-حوسێن سالح فەتاح

٢٧-ڕەحمان ڕەئوف عوسمان مەحمود

٢٨-مەولود قادر ئەحمەد مەرەز

٢٩-نادر کەریم خالد(خاڵەنادر)

٣٠-حەمەی مام حەمە مستەفای کەریم سەلیم

٣١-لەشکر نادر خدر محەمەد

٣٢-قادر فەتاح مەولود

٣٣-عەباس حەمەدەمین ئۆمەر(مام عەباس)

٣٤-حەمەدەمین قادر خدر محەمەد(حەمەدەمینی پلکە خەجیجێ)

٣٥- عوسمان حاجی عەوڵڵا قادر(عوسمان بانی مارانی)

٣٦-ئەحمەد محێدین حەسەن

٣٧-یونس حەمەدەمین حاجی خدر

٣٨-شوکر سمایل حەمەلاو

٣٩-ئەحمەد عەبدول قادر جومعە

٤٠-حەسەن خدر تەها

٤١-جەلال خورشید رەشید عەوڵڵا قادر(جەلال ئیلنجاغی)

٤٢-محەمەد نەجیم قادر نەجیم

٤٣-شەهید جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ

٤٤-سدیق سمایل حەمەلاو

٤٥-شەهید قادر حەمەد ئۆمەر

٤٦-عوسمان مستەفا ڕەسوڵ

٤٧-عەبدوڵلا عەزیز حەمەدەمین

٤٨-شەهید ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ

٤٩-موزەفەر کەریم خالد حەمەد مەلاك

٥٠-شەهید سەلاحەددین خالد ئۆمەر وسو



٥١-نەسرولڵا عەلی مەحمود(نەسروڵڵا ئیلنجاغی)

٥٢-محەمەد حەمەعەلی حاجی عەلی حەمەد مەلاك(مەلا محەمەد)

٥٣-شەهید بەکر سولێمان فەتحوڵڵا کاوێس مەلاك(بەکر ڕەشاش)

٥٤-محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ(حەمەچاوشین ئیلنجاغی)

٥٥- قادر کەریم خالد حەمەد مەلاك.

زۆری ژمارەی پێشمەرگە و بوونی چەندین کادیری شۆڕش لەئیلنجاغی گەورە وایکردووە چەندین جار لەلایەن ڕژێمی عێراق بەجاش و سوپاوە پەلاماری گوندەکە بدەن و چەندین جاریش(جەیش) و جاش کێومالّی گوندەکەیان کردووە، بەمەش ئەو سەرەوەرییە بەر ئیلنجاغیەکان کەوتووە کە لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن شەڕی دەستەویەخەی ناو گوند بەرامبەر جاش و جەیش بکەن، لێرەدا هەندێك لەو ڕووداوانەی لەناوجەرگەی شۆڕش لەئیلنجاغی گەورە ڕوویانداوە دەخەمەڕوو:

**یەکەم: پەلاماری پاسەوانی نەتەوەیی(حەرەس قەومی)**

لەمانگی(ئایاری ١٩٦٣) ڕژێمی بەعسی عێراقی لەپەلاماری(حەرەس قەومی) پاسەوانی نەتەوەیی، سێ هاوڵاتی گوندەکە دەستگیر دەکەن بەناوەکانی(عەبدولرەحمان بایز کاوێس مەلاك و سەلیم قادر نەجیم قادر و خالید وسو ئۆمەر جەمیل) ئەمانە بۆماوەی(١١) مانگ و(١١) ڕۆژ لەگرتووخانەی(نوگرە سەلمان) زیندانیکران و دواتر ئازادکران.[11]

**دووەم: پەلاماری فڕۆکەی بەعسیەکان**

لەمانگی(حوزەیرانی ١٩٦٣) دوای مانگێك لەپەلاماری یەکەمی(حەرەس قەومی) بۆ جاری دووەم هێرش و پەلاماری بەعسیەکان بۆ سەر ئیلنجاغی گەورە دەستیپێکردوە، ئەمجارەیان بە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگیەکان هاوڵاتیەك بەناوی(زولێخا محێدین حەسەن) خێزانی(حەمشین عەوڵڵا ڕەسوڵ) شەهید بوو، لەگەڵ

[11] ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر،چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە٥١.

برینداربوونی(۳)هاولاتیتر بەناوەکانی(قادر عەبدوڵلا رەسولٚ کورەبۆر-مام قادره کەر و سەکینە عەبدوڵلا قادر و عوسمان عەوڵلا قادر-بانیمارانی).[١٢]

عوسمان بانی مارانی کەئەو کاتەی برینداربووە تەمـەنی(۸-۹) سـاڵان بـووە ئـەم بیرەوەرییە تاڵە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە:- کە فڕۆکە بۆردوومانی کـردین، ساچـمە بـەر سێ شوێنم کەوت شان وچۆك و دەستم، باپیرم(قـادری کورەبـۆر) ساچـمەیەکی گـەورە لـەنێو هـەردوو شـانی کـەوتبوو، پاشماوەیـەك هـەر بـەو برینـەوە شـەهید بـوو، بەڵام(سەکینە)ی خوشـکم بەسـوکی زامـداربوو، سـەبارەت بەشـەهیدبوونی(زولێخا) گێڕایەوە ووتی:- ئەو دەچووە دروێنەی تەبارەی دەغلٚ و دان و کاری(تێلەکێشی) زولێخا خێزانی حەمشینی عەوڵلای ڕەسـوڵی بـوو، بۆردومانەکـە بەتونـدی فرێیـدابووە ژێـر کوندەڵانێك، ساچمەیەکی گەورەی بەسەر سەری کەوتبوو، یەکسەر شەهید بوو، ئـەوەی لەبیرم ناچێتەوە ئەوەبوو(هەژارحەمشین عەوڵلا) منـاڵی بەرمەمکان(کۆرپـە)بوو، بـە چارۆگەوە لەپشتی توند کردبوو، لەو کارەساتە هیچی لێ نەهاتبوو لـەکۆڵ و ئـامێزی دایکی شەهیدیدا لەگەمە و یاری خۆی نەکەوتبوو).[١٣]

## سێ یەم: کێومالی فرقەی دووی کەرکوك١٩٦٥

هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بەسەرپەرشتی(ملازم تـاریق) لەسـەر ڕێگـەی سەرەکی(تەقتەق-کۆیە) لەلای(شیوی لولـە)ی گونـدی تاڵـەبانی گـەورە لـە(۸-٤-١٩٦٥) لەبۆسەیەکدا هەندێك سەربازی حکومەتی عێـراق دەکـوژن، پـاش نیـوەڕۆی هەمان ڕۆژ(فرقەی ۲)ی کەرکوکی سـوپای عێـراق بەفەرمانـدەیی(ئیبراهیم فەیسـەلٚ ئەڵتاری) دێنە گوندی تاڵەبانی گەورە و خەڵکی تاڵـەبانی گـەورە ئاوارەی(ئیلنجـاغی گەورە و شیواشۆك) دەبن، لەکێومالکردن و ڕاووەدوونانەدا(کاکە حەمە) ئەبوبەکر ساڵح

[١٢] ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٥١.

[١٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)، بانی مـارانی، لـەدایکبووی(١٩٥٤)ی ئیلنجـاغی گـەورە، لـە٧-٣-٢٠١٤ز.



ئۆمەر ئەبابەکر تاڵەبانی و هاوڕێکانی دەگرن لە ڕۆژئاوای تاڵەبانی گـەورە لەنێویانـدا هاوڵاتی(عەبدولرەحمان بـایز کـاوێس مـەلاك)ی ئیلنجـاغی گـەورە دەسـتگیردەکرێت بۆماوەی(١٢)ڕۆژ لەسەربازگەی(قەلاتە)ی تەقتەق و لەوێشەوە بـۆ زینـدانی کـەرکوك دەگوازرێتەوە.[١٤]

## چوارەم: پەلاماری پایزی ١٩٦٦

لەپایزی ساڵی(١٩٦٦) بە چاوساغی دوو گەورە جاش(جەلیل حەسەن ئاغا و فەتحە کوردە) جاش وجەیش دەستیانکردووە بەتالانکردنی گوندەکانی(گۆمەشینی شێخانان و گۆپتەپە و داربەسەر و شیواشۆك) ئەو ئۆپەراسـیۆنە تـالانی یـە درێـژەی پێـدراوە بـۆ گوندەکانیتری سنورەکە بەرلەوەی بگەنـە گونـدی ئیلنجـاغی گـەورە، ئیلنجاغیـەکان بەسەرۆکایەتی(مەلا سدیق عوسمان مەحمود و ئەندامێتی نادر خدر محەمەد و حەمەدی مـام محێـدینی حەسـەنی) شـاندێکیان نـاردووە بـۆ لای فەرمانـدەی ئۆپەراسـیۆنەکە لەگوندی(گۆپتەپە) وەك نەریتی هەمیشەیی داگیرکەر و چڵکاوخۆرەکانیان ڕێزی مـەلا سدیق و هاوڕێکانی نەگیراوە.[١٥]

عومەری فەقێ عەوڵلا ووتی: (جێگر ئەفسەرێکی سوپای عێراق بـە مەلاسـدیقی گوتبوو بۆ هاتونەتە لای ئەو فەرماندە سـەربازییەی حکومـەتی عێـراق، فەرمانـدەی مەفرەزەیەکتان نیە لەناو هێزی پێشمەرگە تەقـە لـەو هێـزە بکـات، مـەلا سـدیقیش ووتبووی( دەمانەوێت بەئاشتی چارەسەری بکەین، وە ئەگەرنا بەیەك فتوا هەموو گەنج و پێشمەرگەکان کۆدەبنەوە و نایەڵن بێنە ناو ئاواییەکەوە)[١٦] هەر لەبەر ئەمـە مـەلا سـدیق و هاوڕێکـانی کـە گەڕانـەوە گونـدی ئیلنجـاغی گـەورە بەگەنجـەکان و پێشمەرگەکانیان ووت: تالانیەکی زۆری گوندەکانی گۆپتەپە و شیواشۆك-یان کردووە و

[١٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(د.جەمال محەمەد فەقێ رەسولٚ باجەلان)لەدایکبووی ١٩٥٣ی تاڵەبانی گەورە، لە٢٧-٣-٢٠١٤ز.

[١٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

خەریکی سوتاندنی گوندی(داربەسەر)ن، هەر کە هاتنە گوندی و نزیك بوونەوە لێیان بدەن).[١٧]

کاتێك هێزە تالاّنیەکەی جاش و سوپای عێراق لەگوندی داربەسەر کاری تالاّنی و سوتاندن و بڕۆی خۆی ئەنجامدا ئاڕاستەی خۆی گۆڕی بەئاڕاستەی گوندی ئیلنجاغی گەورە و نزیك ئاوایی بوونەوە و ئاگریان بەردایە ماڵی چەند هاوڵاتیەك لەوانە(وەستا ساڵح حەمەدو حەمەدی ڕەسوڵی و عەزیزی مام حەمەدەمینی سێوێ ئۆمەر و فەتحوڵلای کاوێسی مەلاك).[١٨]

دەستەیەك لەگەنج و پێشمەرگە لەخواروی ئاوایی لە(شیوی هەنجیران) دامەزرا بوون، لەگەڵ پێشڕەوی جاش و جەیش لێیان هاتنەدەست و بەدەسترێژی گوللە وەلاّمیان دانەوە، کەشەڕ گەرم بوو(جاشێك) کوژرا، کەخەڵکی گوندەکانی ناحیەی شوان بوو، بەمە هێزی دوژمن نەتەی چوو(تۆق) و لەترسان پێشڕەویان ڕاگرت و هێزی پێشمەرگەش بەدوایان کەوتن و ئیتر هەر جاش و جەیش پاشەکشەی کرد و ئامانجی خۆیان نەپێکا و هەموو ئەو تالاّنیەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بەماینەکەی سەرۆك جاشەکەشەوە لەگۆڕەپانی شەڕەکە بەجێما[١٩]، پاش کەمێك لەپاشەکشەی دوژمن فڕۆکەی مێك هات و بۆردومانی ئیلنجاغی گەورەی کرد و دوو پێشمەرگە برینداربوون یەکێکیان ناوی(عەلی ساڵح خۆرانی) و ئەویتر(ئۆمەری فەقێ عەوڵلا) دەڵێت بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە[٢٠]، دواتر فڕۆکەکان لەنێوان گوندی(ئۆمەرگومبەت و ئیلنجاغی گەورە) لەسەر ڕووباری(داربەسەر) بۆردومانی گاڕانی گوندیانکرد و(٥٠) سەر ڕەشەوولاّخیان کوشت هەرچەندە هیچ زیانێکی گیانی

---

[١٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەزیز فەتحوڵلا کاوێس)، لەدایکبووی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

[١٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو،جەلال ئیلنجاغی دەڵێت: ناوی مام عەجیلەشەل بوو.



لێ نەکەوتەوە بۆ سەر هاوڵاتیان و پێشمەرگە، بەلاّم پەلامارەکەی دوژمن بەفڕۆکە و جاش و جەیشەوە بووە مایەی زیانێکی گەورەی مادی کەلە ماڵ سوتاندن و کوشتنی ڕەشەوولاّخەکاندا خۆی بینیەوە،[٢١] لەبەرامبەریشدا دوژمن بەدۆڕاوی و پەلەپروزاوی و پێخاوسی بەرەو گوندەکانی(مەرزان و تاڵەبانی گەورە) هەڵهاتن و بە ووریەکی تۆقیو و بێ دەستکەوت و تالاّنی گەڕانەوە مۆڵگەکانیان،[٢٢]جێگەی ئاماژەیە لەمەیدانی شەڕەکەدا فریای ئەوە نەکەوتن کە تەرمی کوژراوەکەیان ببەنەوە و لەگۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێما و کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە و لەسەر فتوای مەلای گوندی بە جلی خۆیانەوە لە کلکەی قەبران نێژران.[٢٣]

**پێنجەم: پەلاماری عەبدولستار تاهیر شەریف شەڕی جەلالی و مەلاییەکان**

لەمانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٩ هێزێك بە سەرپەرشتی قایمقامی کۆیە(عەبدولستار تاهیر شەریف) لە گوندی(گۆپتەپە)ەوە دێنە گوندی ئیلنجاغی گەورە، شەڕ لەنێوان باڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(جەلالی) و پارتی دیموکراتی کوردستان(مەلایی) لە گوندەکە دەست پێدەکات.[١]

ئەو پێکدادان و شەڕە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە چیای(باواجی) شاری کۆیەوە، بەتالیۆنێکی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی(ئەحمەدی حاجی عەلی) تەقە لەو سەربازگەیە دەکەن کە ئەو کات لەبەری(ئازادی) شاری کۆیە بووە، بۆ بەرپەرچدانەوەی جموجۆڵی ئەو بەتالیۆنە قایمقامی شاری کۆیە هێزێك ئامادە دەکات بۆ ڕاوەدوونانی(ئەحمەدی حاجی عەلی) سەرەتا بەهێزەکەیەوە دەچێتە گوندی(تەکەوڵ) و لەوێوە بەرەو گوندی(شیواشۆك-خلف) بەلاّم لانادەنە شیواشۆك هەرچەندە(ئەحمەدحاجی عەلی) لەو کاتەدا لەگوندی(شیواشۆك) لەپشوو دابووە و

---

[٢١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەزیز فەتحوڵلا کاوێس)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مەحمود حوسێن مەمەند)لەدایکبووی١٩٥٢ی ئیلنجاغی گەورە، لە٢٤-٣-٢٠١٣ز.

[١] ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٢.

خەوتووە[٢]، هێزەکەی قایمقامی کۆیە لەپشتی گوندی(شیواشۆك)ەوە بە ڕێگەی گوندی(گۆپتەپە)ەوە بەرەو ئیلنجاغی گەورە دێن، ئەو هێزە بەشێکی دەسوڕێتەوە باشور و باشوری خۆرئاوای گوندی بۆ سەر(شاخی کۆتران) لەکانی وەلی[٣]، لەخۆرئاوای گوند لە(گەرووی سۆرکێ) دامەزران و ئەو شوێنەیان کۆنترۆڵکرد، شەڕ لەگەڵ هەڵاتنی گزنگی بەیانییەوە لەنێوان هەردوو باڵی(جەلالی و مەلایی) دەستیپێکرد[٤]، ئەوەی وایکرد هێزەکەی قایمقامی کۆیە ڕاستەوخۆ پەلاماری ئیلنجاغی گەورە بدات و بەدوای ئەحمەدی حاجی عەلی بکەوێت، هەڵەی هەواڵدەرەکەی بووە، چونکە نەیزانیووە ئەحمەدی حاجی عەلی لەگوندی(شیواشۆك-خلف)ە، هەربۆیە دەورەدانی ئیلنجاغی گەورە و دەنگدان و داوای خۆبەدەستەوەدانی لەهێزی پێشمەرگە و دەستنەدانی پێشمەرگە و هاتنەدەستیان لەهێزەکەی(عەبدولستار) هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕەبوو لەناو ئیلنجاغی گەورە.[٥]

هێزی(مەلایی) کە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە بوون بەسەرپەرشتی(مستەفا ماجیداوەیی و شەهید عومەر ڕەشاش و ئۆمەری فەقێ عەوڵلا) بوو، سەرەتای شەڕ لەبەرژەوەندی(جەلالی)یەکان بوو، بەئارپێچی ماڵی(حەمەدی مام ڕەسوڵی حەمەد عەبدوڵلا)ی ئیلنجاغیان سوتاند و پێشمەرگەیەك بەناوی(ئەحمەد ڕەسوڵ) بوو، بەرگرییەکی زۆری کرد تاوەکو بەبرینداری لەو شوێنە رزگاری بوو[٦]، هاوشانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(باڵی مەلایی) کۆمەڵێك لەئیلنجاغییەکانیش پێشمەرگەبوون و بەشداری شەڕەکەیانکرد ئەوانیش:

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، لەدایکبووی ١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، لە٥-١-٢٠١٣ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدولەجید حەمەد مەحمود)لەدایکبووی ١٩٦٣ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٠-٣-٢٠١٥ز.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، چاوپێکەوتنی پێشوو، جەلال ئیلنجاغی دەڵێت(عەلی برای شەهید عومەر ڕەشاش ئەشکەوت سەقایی بوو).



١-عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر(ئۆمەری فەقێ عەوڵلا)

٢-ڕەحمان ڕەئوف عوسمان مەحمود

٣-عەبدولرەزاق حەمەد مەحمود(ڕەزاقە سوور)

٤-عەلی فەتاح ئۆمەر(عەلی شەوکەتێ)

٥-سوارە وسو جومعە(مام سوارە)

٦-ئەحمەد محێدین حەسەن

٧-خالد سالح حەمەد

٨-محەمەدی مام حەمە مستەفای[٧]

لەگەڵ گەرمبوونی شەڕەکەو وەڵامدانەوەی پێشمەرگە بۆ هێزەکەی قایمقامی کۆیە، دووکەس لەهێزەکەی قایمقامی کۆیە لەخوارئاوایی لە(سەرچاران) کوژران[٨]، لەبەرامبەریشدا هێزەکانی پێشمەرگەی مەلایی(٧) پێشمەرگەیان زامداربوون بەم ناوانە:

١-عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر(ئۆمەری فەقێ عەبدوڵلا)

٢-مستەفا خدر ماجیداوەیی سەرلق بوو

٣-ئەحمەد قادر-پێشمەرگە

٤-هاشم ریازی-جیهاز پێشمەرگە

٥-ئەحمەد رەسوڵ پێشمەرگە

٦-جەوهەر خدر پێشمەرگە

٧-جەوهەر مەدا پێشمەرگە

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدولەجید حەمەد مەحمود)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٨] مام ئەنوەر نادرو ئۆمەری فەقێ عەوڵلا ئاماژە بەکوژرانی(٢)جاش دەکەن، بەلاّم گوشاد عەبدولرەحمان بایز پێی وایە تەنها(١)جاش کوژراو ویەکێکیش بەدیل گیراوە.

یەك پێشمەرگەش بەناوی(عەلی فەتاح ئۆمەر) ناسراو بە عەلی شەوکەتێ بەدیلی کەوتە دەست هێزەکەی(عەبدولستار تاهیر شەریف).[9]

هاتنەدەستی هێزی پێشمەرگە و کوژرانی(٢) کەس لە هێزەکەی قایمقامی کۆیە بووە هۆی شکانی ئەو هێزەی عەبدولستار تاهیر شەریف، لەگەڵ گەڕانەوە و پاشەکشەدا دەرفەت دەهێنن پێشمەرگەیەك(عەلی فەتاح ئۆمەر ئیلنجاغی- عەلی شەوکەتێ) بەدیل دەگرن و لەگەڵ خۆیاندا بەرەو گوندی(مەرزان) دەیبەن، ئەحمەدی حاجی عەلی لە گوندی(شیواشۆك)ەوە بەدەنگ و هاواری پێشمەرگەکانەوە دێت و لە گوندی(مەرزان) ڕووبەڕووبوونەوە ڕوودەدات و پێشمەرگە دیلەکەش بە هاوکاری(عەدەد جیهاز)ەکە لەدەستی هێزەکەی قایمقامی کۆیە خۆی دەرباز دەکات، لە ئەنجامی پەلەپروزاوی هێزەکەی قایمقامی کۆیە بۆ هەڵهاتن و پاشەکشە(جاشێك و سەربازێك) و یەك جیهاز دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان و پاشماوەیەك جاش و سەربازەکە ئازاد دەکرێن لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە.[11]

## شەشەم: زامداربوونی مام خورشید و کچەکەی ساڵی ١٩٦٩

لەساڵی ١٩٦٩هێزەکانی پێشمەرگە لەچالاکیەکەدا لەڕەبیەکانی نێوان(کۆیە- تەقتەق) لەنزیك هەردوو گوندی(داربەڕو و کونەگورگ) دەدەن، لەسەرجادەی گشتی، بۆ ڕۆژی دواتر ڕژێمی حکومەتی عێراقی بەفڕۆکە بۆردومانی ئیلنجاغی گەورە دەکات(خەرمان)ی سمایلی حەمەد و(جەنجەڕ)ی حاجی ساڵحی مستەفای دەسوتێنن و هەروەها لە نزیك ئاقاری(چیاگەڕ)یش هاوڵاتی(خورشید مستەفا جومعە) و(سەفیە خورشید مستەفا)ی کچی بریندار دەبن.[12]

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[11] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[12] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوڵستان ساڵح مستەفا)لەدایکبووی ١٩٦٣ی ئیلنجاغی گەورە، لە٥-٣-٢٠١٦ز.



## قوربانیەکانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەو شۆڕشەدا

لەماوەی(١٤) ساڵی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥) ئیلنجاغی گەورە بووە لانکەی ئەو شۆڕشە لە خۆرئاوای ووراتی کۆیە و دەڤەری کێڵگەی نەوتی تەقتەق، جگە لە زیانە مادییەکانی وەك سوتان و تالانکردن و بۆردوومانی فڕۆکەی دوژمن و ڕژێمی ئەوکاتی عێراق(٢) هاوڵاتی و(٦) پێشمەرگەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بوونە شەهید و قوربانی بیر و ڕێبازی(بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان) ئەوانیش:

١-شەهید زولێخا محێدین حەسەن سەلیم، لەدایکبووی(١٩٤٥)ی ئیلنجاغی گەورە، خێزانی(حەمشین عەوڵلا ڕەسوڵ) پیشەی کابانی ماڵ و کشتیار، لەسەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣بەبۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی عێراق شەهید دەبێت و لەگۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بە خاك دەسپێردرێت و دەبێتە یەکەم شەهیدی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەشۆڕشی ئەیلول.[1]

٢-شەهید(قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ) نەوەی کوڕەبۆری ئیلنجاغی گەورەیە و بەقادرە کەڕ بەناوبانگ بوو، یەکێك بووە لەجوتیارو کشتیارەکانی گوندی ئیلنجاغی گەورە، لەحوزەیرانی ١٩٦٣بەبۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی ڕژێمی عێراقی بەخەستی بریندار دەبێت و بەهۆی برینەکەیەوە دوای ساڵێك بەرگەگرتن و جەنگان لەگەڵ زامەکەی لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە.[2]

٣-شەهید(تۆفیق حەمەدەمین حاجی خدر سمایل مەلاك) ساڵی(١٩٣٤)ی لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە ، ساڵی(١٩٦٢) لە(بێتواتە) بۆماوەی(٦) مانگی سەرەتا بەبێ چەك دەبێتە پێشمەرگە، لەکۆتایی مانگی(٥)ی ١٩٦٢دەگەڕێتەوە ئیلنجاغی گەورە و لەمانگی(٩)ی ١٩٦٢دەبێتە(سەرباز) لە سوپای عێراق بەمەبەستی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)، عوسمان بانی مارانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)، عوسمان بانی مارانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پەیداکردنی(چەك) دواتر ساڵی(١٩٦٣) لەناو سوپادا دەستگیردەکرێت بەتۆمەتی هەواداری و لایەنگری بۆ شۆڕشی ئەیلول لەشاری(موسڵ) لە سێدارە دەدرێت و ڕووفاتەکەشی نەدرایەوە خانەوادەکەی، بووە یەکێك لە گۆڕی سەربازانی وونی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە.[٣]

٤-شەهید(حەمەشەریف ڕەسوڵ حەمەشەریف سمایلەگەورەی ئەلیاس) لەساڵی(١٩٣٤) لەخێزانێکی هەژاری کوردپەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لە شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ(٤) ڕۆڵەی سنورەکە هەریەك لە(حەمەدەمین ئۆمەر وسو ئیلنجاغی و خورشید عوبێد حەمەلاو ئیلنجاغی و فەتحوڵلا تەییب ئەحمەد ئەبابەکر تاڵەبانی و عەلی فاتکی تاڵەبانی گەورە) چەکی پێشمەرگایەتی بەیەکەوە دەکەنە شان و دەچنە(چەمی ڕێزان) دەبنە پێشمەرگە[٤]، لەبەر لێهاتوویی و ئازایەتی هەر زووکراوە بەسەر(دەستە) واتە فەرماندەی مەفرەزە، پاش ماوەیەك دەکرێتە(سەرپەڵ)، بەر لە شەهیدبوونی بەماوەیەکی زۆر کەم بووە بە یاریدەدەری لقی(شەهید مەئمون دەباغ) کە ئەو کات(عەریف عەلی-١)سەرلق بووە[٥]، هەروەها ڕۆڵی قارەمانانەی هەبووە لەشەڕەکانی(پیرەر و حاجی قەڵا)ی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول لەسنوری کۆیە.[٦]

لەشەڕێکدا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا لەنێوان(شێراوە-چۆمەزەردەڵە)ی سەر ڕێگای(هەولێر-کەرکوك) دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و(٥) پێشمەرگەی هاوسەنگەریشی کە یەکێکیان سەر لقەکەی بووە(عەریف عەلی-١) بەدیلی دەکەونە

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ونس حەمەدەمین حاجی خدر)لەدایکبووی(١٩٥١)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-١-٢٠١٦ز.

[٤] شوکروڵلا شێخانی، خەباتی لەبیرکراو،ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٥)، لاپەڕە٢.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فازل حەمەشەریف رەسوڵ)، لەدایکبووی(١٩٥٧)ی ئیلنجاغی گەورە، کوری شەهید،لە٥-١-٢٠١٣ز، هەوڵمداوە ڕێز لەبیروبۆچونی کورە شەهیدەکان بگرم دەقی لێداوانەکانیان لەسەر باوکی شەهیدیان وەك خۆی بلاّو بکەمەوە، بەلاّم توێژینەوەکە ڕێچکەی خۆی دەگرێت، ئەوەی پێی بگات وەك ئەنجام وەردەگیرێت.

[٦] شوکروڵلا شێخانی، خەباتی لەبیرکراو، سەرچاوەی پێشوو.



دەستی هێزی سوپای عێراق، دواتر ڕژێمی عێراق لەچوارچێوەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن تەرمی شەهید(حەمەشەریف) دەخەنە سەر لوولەی دەبابە و بە ناوشارۆچکەی(پردێ) دەیسوڕێننەوە و چوکلێتی بەسەردا دەکەن وەك بێ ڕێزیکردن گوایە بەبووکی دەبەن ئەوەی دژایەتی ڕژێمی عێراق بکات، هەر ئەوەندە تەرمەکەی بینراوە کە بەناو شارۆچکەی(پردێ) بردوویانە و خانەوادەکەی تەرمەکەیان نەبینیووە و گۆڕی نیە و یەکێکە لەگۆڕی سەربازانی وونی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەوکوردستان[٧]، لەپاش خۆی دوو جگەرگۆشەی بەجێهێشتووە بەناوەکانی(فازل و عادل).

بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ساڵ و بەرواری شەهیدبوونی شەهید حەمەشەریف هەریەك لە(فازیل حەمەشەریف و ئۆمەری فەقێ عەوڵلا) دەڵێن(لەساڵی ١٩٦٣) شەهیدبووە، لەلایەکیترەوە شوکروڵلا شێخانی لە لاپەڕە(٢)ی ڕۆژنامەی(تاك) دەنوسێت(ساڵی ١٩٦٥شەهیدکراوە) ئەنوەرنادر خدر-یش کە کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لەشۆڕشی ئەیلول ساڵی(١٩٦٤) بە ساڵی شەهیدبوونی دادەنێت و(ڕەحیم ئۆمەر وسو) خێزانی شەهید حەمەشەریفیش دەڵێت(شەهید حەمەشەریف دوای تۆفیق حەمەدەمین حاجی خدر شەهید بووە) بەحوکمی ئەوەی شەهید تۆفیق لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٣ لەموسڵ لەسێدارە دراوە کەواتە ئەمەش نزیکە لەبیر و بۆچونی ئەنوەر نادری کادیرەوە، هەروەها(مەولود فەتاح مەولود) پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت(لەمانگی شوباتی ١٩٦٥شەهید بووە، ئەوکات من لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم) لەمەدا ئەو پشتی بەوە بەستووە کەساڵی(١٩٦٣-١٩٦٤) ناوچەی کۆیە(مەحزور ئیداری) بووە، بۆیە لەساڵی

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر نەجیم)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، چاوپێکەوتنی پێشوو.

خوێندنی(١٩٦٤-١٩٦٥) ساڵی خوێندن دەستی پێکردۆتەوە ئەو لەو ساڵی خوێندنەدا بووە لەمانگی شوباتی ١٩٦٥شەهید حەمە شەریف شەهیدکراوە.[٨]

لەلایەکترەوە سەیدکاکە لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنوسێت لە(١٠-٢-١٩٦٤) بارزانی ووتوێژی لەگەڵ(عەبدولسەلام عارف) دەستپێکرد، وورده وورده و توێژ بەرەو تێکچوون چوو، ڕژێم لەناوچەی(شێراوە) چەند هێرشێکی کردە سەر پێشمەرگە، لەو شەڕانە(عەریف عەلی) گیرا و چەند پێشمەرگەیەکیش شەهیدبوون[٩]

بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی سەید کاکە فەرماندەی مەیدانی شۆڕشی ئەیلول دەردەکەوێت شەهید حەمەشەریف پلەی پێشمەرگە بووە و لەو هێرشانەی دوای وتوێژی(بارزانی و عەبدولسەلام عارف) لەنێوان ساڵی(١٩٦٤-١٩٦٥) لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤شەهید کرابێ و بووە بەیەکەم(شەهیدی سەنگەر)ی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەشۆڕشی ئەیلولدا.

٥-شەهید ئیبراهیم حەمەدەمین حاجی خدر، لەساڵی(١٩٣٨) لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئەیلول بووە و لەساڵی(١٩٦٢) لە(حاجی قەڵا) پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات، کە ئەوکات(ئازاد حەمەدەمین کەرکوکی) فەرماندەیان بووە، لەساڵی(١٩٦٨) لەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(جەلالی) بووە لەپشتی شاری قەلادزێ لەسنوری نێوان(قەلادزێ-هەڵشۆ) دەکەونە نێو بۆسەیەکی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(مەلایی) دەبێتە قوربانی شەڕی نێوان(جەلالی و مەلایی) و شەهید دەبێت، ئەو کات برایەکی(عومەر دزەیی)

---

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مەولود فەتاح مەولود)لەدایکبووی(١٩٥٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، له٢٨-١-٢٠١٦ز.

[٩] سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە٣٦.



فەرماندەیان بووە، لەو شەڕەدا(مەجید ڕەئوف فەتاح ئیلنجاغی و فەتاح محێدین تاڵەبانی گەورە)ی لەگەڵدابووە.[١]

شەهید ئیبراهیم دوای(شەهید تۆفیق)ی برای دەبێتە دووەم کوڕی(حەمەدەمینی حاجی خدر)کە لەشۆڕشی ئەیلول شەهیدبوون.

٦-شەهید قادر حەمەد ئۆمەرە ڕەش ئەحمەد مەلاك، ساڵی(١٩٤٢) لەگوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ڕێپێدراو(مفەوەز)ی پۆلیس بووە لەشاری(بەغداد) سەر بەدەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە کودەتاکەی(نازم گزار)ی ساڵی ١٩٧٣لەلایەن بەعسیەکانەوە دەستگیردەکرێت و گوللەباران دەکرێت و تەرمەکەشی وون دەکرێ و نادرێتەوە بەکەس و کارەکەی و ئەویش یەکێکیترە لە گۆڕی سەربازانی وونی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە[١]، نازم گزار له(١-٧-١٩٧٣)بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی عێراق بوو، لەسەردەمی سەرۆك کۆمار(ئەحمەد حەسەن بەکر)، هەوڵیدا ئەحمەد حەسەنی سەرۆك کۆمار و(سەدام حوسێن)ی جێگرەکەی بکوژێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ناوبراو لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٩-١٩٧٣) سەرۆکی دەزگای ئەمنی عێراقی بوو، دوای ئەو(فازل بەڕاك) بووە سەرۆکی ئەمن.[٢]

٧-شەهید شەریف عەبدولرەحمان بایزکاوێس لەساڵی(١٩٥٠) لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەتەمەنی(٢٤) ساڵیدا لەساڵی(١٩٧٤) چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان لەهێزی(تایبەت) بە سەرپەرشتی(عەلی مەولود داربەسەری) کە سەر بەنوسینگەی(ئیدریس مستەفا بارزانی) بووە، له(١-٦-١٩٧٤) لەشەڕی(ئاوەگرد) کەشاخێکی بەرزە دۆڵی(نازەنین و سماقوڵی)ییەکان لەیەکدی جیادەکاتەوە، هێزەکەیان لەشەڕێکی بەرەیی فراوان

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ونس حەمەدەمین حاجی خدر) ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، له٥-١-٢٠١٣ز.

[٢] یاسین باقری، مێژووی خوێناوی عێراق، وەرگێڕانی حەمەساڵح گەلاڵی، چاپخانەی داناز، سلێمانی،٢٠٠٤ز، لاپەڕە١٣٨-١٣٩.

ڕووبەڕووی سوپای عێراق دەبێتەوە، کەسوپای عێراق هەزاران سەربازی بۆ هێرشەکە لەگەڵ چەکی پێشکەوتووی ئەو کات بەکارهێناوە، دوای بەرگرییەکی بێ وێنەی هێزی پێشمەرگە و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری سەربازی دوژمن[1]، جەلال ئیلنجاغی دەڵێت لەهەمان داستان و قارەمانێتی(عومەر عوسمان ئۆمەر جەمرەی مەرزان)یش شەهید بوو، بەڵام لەبەر بێ بەرامبەری لەڕووی چەك و ژمارەوە هێزی دوژمن گەمارۆی پێشمەرگەکان دەدات و شەهیدان(شەریف و عوسمان) بەبریندارى لەگەڵ(٣) پێشمەرگەی تر بەدیلی دەکەونە دەست ڕژێمی بەعسەوە ئەمانیش(شەهید شەریف عەبدولرەحمان بایز ئیلنجاغی و شەهید عوسمان عەبدوڵلا ڕەسوڵ بانی مارانی و مەجید ئەحمەد تەها بانی مارانی  و ڕەسوڵ سمایل ڕەسوڵ شاخەپیسکەیی ناسراو بە باپیر شاخەپیسکەیی و جەلال حەمەد ئۆمەرگومبەتی) هەموویان بەدیل گیران و لەشاری(کەرکوك) بڕیاری لەسێدارەدانیان دەرچوو، دواتر گواسترانەوە گرتوخانەی ناوەندی لەشاری موسڵ، عوسمان عەبدوڵلا ڕەسوڵ و شەریف عەبدولرەحمان بایز کە لەشەڕەکەی(ئاوەگرد ) زامداربوو بوون، لەسێدارەدران و بەڵام سێ پێشمەرگەکەی تر بەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەکەیان بەر لێبوردن کەوتن،[2] دوای یەك ساڵ لە بەرواری شەڕەکەوە(١-٦-١٩٧٤) تاوەکو(٢٩-٥-١٩٧٥) لە دەستگیرکردن و لە سێدارەدانیان ئینجا لە(٢٩-٥-١٩٧٥) تەرمی شەهید(شەریف) یان داوەتەوە بەخانەوادەکەی و لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[3]

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ(فاروق عەلی مەولود)لەدایکبووی(١٩٥٥)ی داربەسەری گچکە، لە(٩-١-٢٠١٦ز) ئەو دەڵێت: لەو شەڕەدا عەلی مەولود داربەسەری باوکم هەرچەندە سەرلقی هێزەکەی پێشمەرگە بووە بەڵام لەکاتی شەڕەکە مامم(وەسمان)جێگری لقەکە سەرپەرشتیکردوون، عەلی مەولودی باوکم بەکارێکی ڕاسپێردراو لەسەرکردایەتی بووە.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.



## ٨-شەهید جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ و داستانی شیشار

شەهید جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ مەلاك لەساڵی(١٩٤٩) لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەگەرمەی ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشی ئەیلول و سوپای عێراقدا لەساڵی(١٩٧٤) خۆی و(٢) برایتری بەناوەکانی(عوسمان و ئەنوەر) چەکی پێشمەرگایەتیان لەشان بووە لەهێزی(سەفین) لەکۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٧٤هێزەکەیان لەچیای(شیشار) دووچاری شەڕێکی مەیدانی و بەرەیی دەبێتەوە بەرامبەر سوپای عێراق لەناوچەی خۆشناوەتی بناری چیای شیشار، هەر لەو شەڕەدا شەهید جەوهەر دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، دواتر تەرمەکەی لەلایەن(ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ)ی برای لەپشتی شوێنی شەڕەکە بەخاك دەسپێردرێت و ئێستاش گڵکۆکەی هەر لەو شوێنەیە[1].

لەیەکێك لەشەوەکانی هاوینی ١٩٧٤سعات ١٢ی شەو هێزەکانی سوپای عێراق هێرشێکی بەرفراوان دەکاتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەشاخی شیشار، شەڕ(٢) کاتژمێر بەردەوام دەبێت، دوای شەڕێکی دەستەویەخە سوپای عێراق دەشکێت و ئەم داستانەش بەخوێنی ئاڵی سێ ڕۆڵەی قارەمان تۆماردەکرێت:

١-عەریف جەمیل داربەسەری   سەرلق

٢-مەولود عوسمان ڕەسوڵ باغەجنێری سەرلق

٣-جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ مەلاك ئیلنجاغی هەروەها پێشمەرگەیەکیش بەناوی(شەفیق سۆفی سمایل مام قلینجی)بریندار دەبێت[2]، چیای شیشار بەرزییەکەی(٨٠٠)مەتر دەبێت لەئاستی ڕووی دەریاوە، لە(زینوێ و هەرتەڵ)ەوە ڕێی

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان مستەفا ڕەسوڵ)لەدایکبووی(١٩٥٣)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٢-١-٢٠١٦ز.

(2) ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەیدبرایم، کۆیە، ٢٠٠٩، لاپەڕە ٢١-٢٢.

ی بۆ دەچێت و زاڵە بەسەر گوندەکانی(بێتواتە، دواوە، داری شکارتە، نواوە، نێوە)[3] هەروەها جەلال ئیلنجاغی دەڵێت(حەمەد عەلی سماقە)یش لە هەمان ڕۆژدا شەهید دەبێت.

عوسمان مستەفای برای شەهید جەوهەر دەڵێت: لەکاتی شەهیدبوونی شەهید جەوهەری برای ئەو لە(چۆمان) بووە، بەڵام شەهید ئەنوەری برام زوو گەیشتۆتە لای تەرمی شەهید جەوهەر و بەرواری شەهیدبوونەکەی لە(١٦-٩-١٩٧٤) بووە لەشاخی شیشار لەهێزی سەفین لەلای(عەریف عەلی-١) بووە، خێزانداربوو، تازە ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، بەڵام منداڵی نەبوو.[4]

**گەلەکۆمە دژی شۆڕشی ئەیلول و ئاوارەبوونی مێرجاڕییەکان**

دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەساڵی(١٩٧٥)ی نێوان(عێراق و ئێران) لە وڵاتی(جەزائیر) قۆناغێکی نوێی گەلەکۆمەی نێو دەوڵەتی دژی شۆڕشی کوردان هاتە ئاراوە، لەبەهاری ئەو ساڵەدا پلانی لەباربردنی شۆڕش چووە قۆناغی کرداریەوەو چیتر حکومەتی شای ئێران هاوکاری کوردانی نەکرد بەرامبەر وازهێنانی عێراق لەنیوەی زەوی و زارەکانی(شەتولعەرەب) لەباشوری عێراق بۆ وڵاتی ئێران، ئەمەش وایکرد نسکۆ بەرۆکی شۆڕشی ئەیلول بگرێت، ژمارەیەکی بێ شوماری کورد لەباشوری کوردستان ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون بە خۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆریش لەهێزی پێشمەرگە خۆیان ڕادەستی سوپای عێراق کردەوە و بەشێکیان تاراوگە و ئاوارەبونیان هەڵبژارد وەك ئەوەی لەژێر سایەی حکومەتی عێراق بژین.[1]

هەروەها لەتێکڕای پرۆسەکەدا ئەو پێشمەرگانەی چوونە وڵاتی ئێران لەئیلنجاغی گەورە ئەمانە بوون:

[3] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢١.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان مستەفا ڕەسوڵ)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیر، چاوپێکەوتنی پێشوو.



١-محەمەد وەسمان یوسف مەلاك ٢-نادر کەریم خالد حەمەد مەلاك ٣-موزەفەر کەریم خالد حەمەد مەلاك ٤-قادر کەریم خالد حەمەد مەلاك ٥-وەهاب فەتحوڵڵا کاوێس مەلاك ٦-سەلاحەددین خالد ئۆمەر وسو ئەلیاس چووە ناوچەی(مازەندەران) و ساڵی ١٩٩٢لەوێ بەهۆی ساچمەی ناوسەرییەوە شەهیدبوو، شانبەشانی ئیلنجاغیەکان(حەمەدەمینی خاڵە سمایلی تاڵەبانی گەورە و عومەری ئەحمەدی سمایلی برازاشی ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون).[2]

ئیلنجاغیەکان بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥) بەردەوام خانەخوێی شۆڕش بوون و دەیان گەنج و لاویش چەك بەدەست و گیان لەسەردەست بوون بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستەش خوێنیان بەخشیوە، هەروەها لەریزی ڕێکخراوە پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێك گەنج و لاویان کاریکردووە وەك:

١-گوشاد عەبدولڕەحمان بایز کاوێس مەلاك

٢-بەکر سولێمان فەتحوڵڵا کاوێس مەلاك(شەهید بەکر ڕەشاش)

٣-نەجمەدین مەولود حەسەن حەمەلاو

٤-فازل حەمەشەریف ڕەسوڵ حەمەشەریف سمایل ئەلیاس

٥-عەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ مەلاك(عەلی ئیلنجاغی)

٦-جاسم بایز کاوێس مەلاك-مام جاسم

٧-عەبدوڵڵا عەزیز حەمەدەمین ئۆمەر

٨-وشیار عەبدولڕەحمان بایز کاوێس

٩-عادل حەمەشەریف ڕەسوڵ

١٠-عەبدولخالق عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا کاوێس

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نادر کەریم خالد) لەدایکبووی(١٩٥٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پەناهەندەی شۆڕش، لە١٢-١-٢٠١٦ز.

**١١-مەلاك حەمەعەلی عەلی مەلاك**

**١٢-زانا وسو وەسمان یوسف مەلاك[٣]**

هەروەها مامۆستا(زاهیر وەسمان یوسف مەلاك) یەكێك لە مامۆستا تێكۆشەرەكانی ئیلنجاغی گەورە رۆلی بەرچاوی هەبووە لە هاوكاریكردنی گەنجانی ئیلنجاغی گەورە بۆ خستنە ناو كاری پیشەیی و رێكخراوەیەیی بەتایبەت لەگەڵ كردنەوەی بارەگای یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە گوندی ئیلنجاغی گەورە كە پێداویستیەكانی مێز و كورسی و شەوانەش لۆكسی بۆ دابینكردوون و هەندێكجاریش سیمنار و وتاری شەوانەی لەگەڵ عومەری كێخوا فەتاحی بۆ قوتابیانەكان داوە و هانیدان بۆ كۆڕی خەبات و تێكۆشان بەتایبەت لە شەوی ١٦ی ئابی ١٩٧٣لەبیرەوەری سالیادی پارتی دیموكراتی كوردستان[٤]،هەرچەندە شۆڕش لەڕووی هێزی چەكدارییەوە دووچاری نسكۆهات بەلام ئامانجە رەواكەی لەدڵ و دەروونی كوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە هەر بەردەوام بوو، تاوەكو هەموو ئەو شۆڕشگێرانە لەشۆڕشی نوێدا لەناوچەكەدا بەڕابەرایەتی(یەكێتی نیشتمانی كوردستان)خۆیان ڕێكخستەوە بەتایبەت لەریزەكانی(كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان)لەدوای نسكۆو سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ چەكداری لەنێوان(١٩٧٥-١٩٧٦)لەباشوری كوردستان.

[٣] چاوپێكەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، چاوپێكەوتنی پێشو(گوشاد عەبدولرەحمان لەنێوان سالانی(١٩٧٢-١٩٧٤) لێپرسراوی ڕێكخراوی(تەقتەق)ی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، بەئەندامێتی(بەكر سولێمان فەتحوڵلا و فازل حەمەشەریف ونەجمەدین مەولود حەسەن)لەڕێكخراوەكەدا، لەهەمانكاتیشدا ئەندامی ناوچەی كۆیەی ئەو ڕێكخراوە بووە.

[٤] چاوپێكەوتن لەگەڵ گوشاد عەبدولرەحمان بایز، كادیری یەكێتی قوتابیانی كوردستانی ئەوێ رۆژێ و پێشمەرگەی دێرین، چاوپێكەوتنی پێشوو، جێگەی ئاماژە پێدانە كە(مامۆستا زاهیر وەسمان یوسف یەكەم دەرچووی قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورەیە و لەگەڵ(محەمەد وەسمان و مام وسوی برای) كاراكتەری سەرەكی بوون بۆ بیری نەتەوایەتی لە مێرجاڕ و خەباتی شۆڕشی ئەیلول و دواتریش یەكێك لە ڕاپەڕیوو و خۆپیشاندەری بەهاری سالی ١٩٨٢ی شاری كۆیەیە و لەلایەن دەزگای ئەمنیشەوە ئەشكەنجەدراوە، ناوبراو پیاوێكی سەر راست بوو، خزمایەتیشی لەگەڵ خانەوادەی شێخەكانی تاڵەبانی كۆیەش هەبوو بۆیە دوای راپەرین بۆی گێرامەوە كە لەدیداری مام جەلال-دا پێی ووتوە: ئەوانەی ئەوڕۆ تۆ بە وەكیل وەزیر و وەزیر لەو حكومەتە داتناون من لە سالی ١٩٨٢ بە ئەندام موزهارە وەرم نەگرتوون)-نوسەر.



**وهاب فەتحوڵلا كاوێس مەلاك(١٩٣٨-٢٠١٠)**

یەكێك لەكادیرە دیارەكانی شۆڕشی ئەیلول لەدەشت و وراتی كۆیە لەنێوان سالانی(١٩٦٢-١٩٧٥) وهاب فەتحوڵلا كاوێس مەلاكە، سالی ١٩٣٨لەخانەوادەیەكی كوردپەروەر و نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، لەسالی(١٩٦٢) پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكات لەشۆڕشی ئەیلول، لەسالی(١٩٦٣) لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی لە(بنكەی پۆلیسی كۆیە)ەوە بەخۆیان و چەكەكانیانەوە دەچنە گوندی(گۆمەشین)ی ناحیەی دێگەڵە لەلای سەرلق(عەلی ڕەشید) دەبنە پێشمەرگە، دواتر دەبێتە كادیرێكی دیاری ناوچەی كۆیەی پارتی دیموكراتی كوردستان ئەو سەردەم(١٩٦٢-١٩٦٦) خورشید شێرە لێپرسراوی ناوچەی كۆیە بووە لەگەڵ چەند كادیرێكی وەكو(مەلا محەمەد بەحركەیی و مەلا مستەفای بانی مارانی و سەیدكاكەی گۆمەشینی)[١]تا سالی(١٩٧٥) و نسكۆی شۆڕشی ئەیلول وەك كادیرێكی دیاری سنوری كۆیە و دەشتی كۆیە كاریكردووە، لەسالی(١٩٧٧)ەوە پەیوەندی بەشۆڕشی نوێ-ەوە دەكات لەڕێگەی شەهید(سەید مورسەل گردعازەبانی) كە شەهید مورسەل لەسوریاوە نامەی سەركردایەتی شۆڕشی نوێ ی بۆ دەهێنێت كە تێیدا داوای هاوكاری بۆ پێشمەرگەی سەرەتایی و شۆڕش دەكات[٢]، لەدوای ڕاپەڕینەوە پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی كەرتی تیپی پارێزگاری كێڵگەی نەوتی تەقتەق بووە، سالی(١٩٩٦) لە ماوەی تەنها(٤٠) ڕۆژدا(٢) كوڕی قارەمانی شەهید دەكرێن و مخابن دوای بەرگرییەكی درێژخایەن لەگەڵ نەخۆشیدا لە(١-١-٢٠١٠) بۆ یەكجاری ماڵئاوایی دەكات و لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[٣]

[١] ئاراس ئیلنجاغی، سێگردكان و سێبەر نشینەكانی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە ١٩٢.

[٢] چاوپێكەوتن لەگەڵ(حیكمەت نیعمەت عەلی)لەدایكبوی١٩٥٠ی گردعازەبان، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٤-٢٠١٦ز.

[٣] چاوپێكەوتن لەگەڵ(شهاب وهاب فەتحوڵلا)، لەدایكبووی(١٩٦٨)ی ئیلنجاغی گەورە، لە٩-٢-٢٠١٠ز.

# بەشی سێیەم

## مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە و شۆڕشی نوێ

## بەشی سێیەم

## مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە و شۆڕشی نوێ

ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلول دووچاری نسکۆهات، بەلام گەنج و لاوانی ئیلنجاغی گەورە بەتایبەت ئەوانەی لەباڵی مەکتەبی سیاسی کادیر یان پێشمەرگە بوون، لەڕێکخستنی نوێدا لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەر زوو خۆیان ڕێکخستەوە یان ڕوونتر بلێین لەباربوون بۆ ئەوەی کادیرانی شۆڕشی نوێ بەمتمانەوە باسی بزاوتە نوێیەکەیان(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) یان بۆ بکەن، لەشاری هەولێر بۆ یەکەمجار شەهید(عەلی سالح سێگردکانی)دوای نسکۆی(١٩٧٥) لەگەڕەکی(سەیداوە)ی شاری هەولێر لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدرئیلنجاغی) ژوورێکیان بەیەکەوە بە(١٥) دینارگرتووە، مام ئەنوەر لەڕێگەی(شێخ جەنگی تالەبانی)یەوە دەکرێتە چاودێر لەڕێگەی(سێتاقان) و(عەلی سالح)یش لەکارگەی(جگەرە)ی هەولێر کرێکار بووە، شەهید عەلی سالح پورێکی لەئیلنجاغی گەورە شووی کردبوو بە(مام حەسەنی حەمەلاو) ئەمەش وایکردووە وەك خزمایەتیش ببنە هاوڕێ.[١]

ئەنوەر نادر لەڕێگەی شەهید عەلی سالحەوە کە ئەوکات(کۆنە جەلالی)یان پێ دەوترا بەشەهید(جەعفەر عەبدولواحید)ەوە دەناسرێت و سالی(١٩٧٥) دەبێتە دەستپێکی کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی نوێی دوای نسکۆ لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان[٢]، لەلایەن شەهیدان(عەلی سالح و جەعفەر عەبدولواحید) مام ئەنوەر ڕادەسپێرن کە بچێتە شارۆچکەی(تەقتەق) بۆ کاری

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢] ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچوك، چاپخانەی یاد، مایسی ٢٠٠٧، سلێمانی، لاپەڕە١٩٣.



ڕێکخستن وگەنج و لاوی ئەو سنورە لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵە ڕێکبخات، سەرەتایی ساڵی(١٩٧٦) یەکەم کۆبونەوەی ڕێکخستنی بەسەرپەرشتی خۆی لەگوندی(تالەبانی گەورە)ی سەر بە شارۆچکەکە ئەنجامداوە بەهاوڕێیەتی لەگەڵ(وسو وەسمان یوسف مەلاك و حەمید ڕەئوف فەتاح-پیرە) هەرسێکیان زووتر جەلالی بوون لەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کاریانکردووە، لەو کۆبونەوەیەدا(وسو وەسمان یوسف ئیلنجاغی) هاوکاری باشی(ئەنوەر نادر)ی کردووە، بۆ ئەوەی لە(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاری) لەتەقتەق کاربکات، دەستەی کۆمەڵەی هەرەوەزییەکەش بەو شێوەیە ڕێکخرا:

کێخوا عەزیز کێخوا ڕەشید کێخوا سەعید تەقتەقی بووە سەرۆکی کۆمەڵەکە و ئەنوەر نادر خدر ئیلنجاغی کراوە بەسکرتێری کۆمەڵەکە و حەمید ڕەئوف فەتاح ئیلنجاغی(حامەپیرە) بووە بەڕاستگری سندوق، ئەمەش ڕێگە خۆشکەربووە بۆ ئەوەی(ئەنوەر نادر) کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی خۆی ئەنجام بدات.[٣]

بەلام بەهۆی دەزگاکانی(ئەمن)ەوە لەماوەیەکی کەمدا لە(٢٢-٥-١٩٧٧) پێنج لەئەندامانی نهێنی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لەلایەن ڕژێمەوە لەشارۆچکەی(تەقتەق) دەستگیردەکرێن و ڕەوانەی گرتوخانەی(ئەمنی هەولێر) و دواتر بۆ(هەیئەی کەرکوك) لەوێش حوکم دەدەرێن و دەگوازرێنەوە بۆ گرتوخانەی(ئەبوغرێب).[٤]

ئەوانەی دەستگیرکران ئەمانە بوون(ڕەئیس ئەبو بەکر بەرزنجی-سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق و ئەنوەر نادر خدر ئیلنجاغی و نەوزاد کاکەڕەش سەعدون تەقتەقی و ڕەفیق عەوڵلا مەرگەیی و مەلا قادر شێمحێدین کاوڵانی).[٥]

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٥] ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچوك،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٩٤.

دەستگیرکردن و لەبەندیخانە توندکردنی ئەم ئەندامانە کاریگەری خستە سەر گەشەی کۆمەڵە لەڕووی ڕێکخستنەوە، هەروەها لە(١١-٤-١٩٧٩) جارێکیتر ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵە و بزوتنەوەی سۆسیالیست لەناو شارۆچکەی تەقتەق توشی شکست و ئاشکرا بوون هاتن و لەلایەن مەفرەزە خاسەی ئەمنی هەولێرەوە(٢٠)گەنجیتر دەستگیرکران و ڕاپێچی گرتوخانە و قەسابخانەکانی ئەمن کران(١٧)شەو لەهەولێر بوون و دواتر گواسترانەوە(کەرکوك)ئەوانیش:

١-شەهید وشیار عارف ساڵح کافرۆشی یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێی شارۆچکەی تەقتەق لە(ئیستخبارات)ی هەولێر لەژێر ئەشکەنجە شەهید بوو.

٢-شەهید عەزیز سەعید ئاغای کانی بی، لە(ئیستخبارات)ی هەولێر لەژێر ئەشکەنجە شەهید بوو.

٣-وهاب کێخوا عەزیز کێخوا رەشید کێخوا سەعید تەقتەقی.

٤-نیازی کاکەڕەش سەعدون تەقتەقی.

٥-پۆلا کێخوا عەزیز کێخوا رەشید کێخوا سەعید تەقتەقی.

٦-کامیل عەزیز سولێمان تەقتەقی لەبزوتنەوەی سۆسیالیست.

٧-سوارە سەعید مستەفا ساڵح گەرمکی ساتوقەلا لەبزوتنەوەی سۆسیالیست.

٨-حاجی خدر حەمەدەمین قادر ئەلەرعی تەقتەقی

٩-مەجید جەمیل عەبدوڵلا تەقتەقی(مەجیدی فاتە سور)

١٠-بەکر عوسمان ئەبابەکر تاڵەبانی گەورە

١١-سابیر عومەرکادیر تەها تاڵەبانی گەورە

١٢-فایەق عومەرکادیر تەها تاڵەبانی گەورە

١٣-عەلی عومەرکادیر تەها تاڵەبانی گەورە

١٤-ساڵح سەعید قادر ئاغای کانی بی

١٥- قارەمان عارف ساڵح کافرۆشی- تەقتەق



١٦-حەسۆ نەسرەدین کانی بی

١٧-حوسێن عەلی سەعدوون

١٨-سەعید سابیر

١٩-جەمال حاجی حەوێز مەعروف کەپەنکی

٢٠-سەید ئیبراهیم کەرکوکی، جگە لەشەهید(وشیار عارف ساڵح کافرۆشی وشەهید عەزیز سەعید ئاغای کانی بی) کە لەئەنجامی زەبر و زەنگ وئەشکەنجەی زۆری ناو زیندان شەهیدبوون، ئەوانیتر بەر لێبوردنی گشتی کەوتن و لە(١٦-٨-١٩٧٩)ئازادکران.[٦]

ڕۆژ بەڕۆژ گەنج و لاوی ئیلنجاغی گەورە زیاتر پەیوەندیان بە(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ەوە دەکرد، محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ-حەمەچاوشین لەرێگەی(ئەنوەر نادر ئیلنجاغی و مەلاقادری ڕێکخستنی ئۆمەرگومبەتی)ساڵی ١٩٧٦پەیوەندی دەکات بەکۆمەڵەوە[٧]، شەهید(عەلی ساڵح سێگردکانی) کاریگەرترین کەس بووە لەسنوری نێوان پارێزگاکانی(هەولێر-کەرکوک-سلێمانی) بۆ ڕێکخستنی گەنجان بۆ شۆڕشی نوێ و کۆمەڵە، لە(٧-١-١٩٧٧) فەرماندە خاکیەکەی ئیلنجاغی گەورە(نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی)لەسەردەستی ئەوەوە پەیوەندی بەڕێکخستنی شۆڕشی نوێ-ەوە دەکات.[٨]

لەشوباتی(١٩٧٧)ەوە گوشاد عەبدولرەحمان بایز کە ئەو کات خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووە، لەسەردەستی مامۆستا(سەردار)ناوێکەوە لەمزگەوتی ئیلنجاغی گەورە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی

[٦] ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچوك،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٩٦-١٩٧.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد)، ناسراو بە حەمەچاوشین، لەدایکبووی١٩٥١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٦-٥-٢٠١٥ز.

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نەسروڵلا عەلی مەحمود)،نەسروڵلائیلنجاغی، لەدایکبووی١٩٥٥ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-١٢-٢٠١٣ز.

کوردستان و هەندێك بڵاوکراوەی نوێی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ی پێدەدرێت، لەنێوان ساڵانی(١٩٧٧-١٩٧٨) لە ئامادەیی کوردستانی کوڕانی هەولێر لەگەڵ(حاکم جەمال) بەرەو بەبیر و هۆشیاری خۆیان دەدەن، دواتر لەزانکۆی(موستەنسەریە)ی شاری بەغداد، لەبەشی(دبلۆمی ژمێریاری)کۆلیژی کارگێڕی و ئابوری وەردەگیرێت و لەمانگی(١٠)ی ١٩٧٨ڕاستەوخۆ کاری ڕێکخراوەیی و ئۆرگانی سەربە(عوبێد خالد ڕەئوف تۆماری) دەبێت لەشاری بەغداد[٩]، گوشاد عەبدولرەحمان لەساڵی(١٩٧٧)کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێکخستن و هێنانەپێشەوەی کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە کەدواتر بوونە چالاکترین کادیرو پێشمەرگەی دەشتی هەولێر وەك(شەهید وشیار عەبدولرەحمان و عەلی مەحمود و جاسم بایز کاوێس)، هەروەها لەدوا ساڵی خوێندنی لەشاری بەغداد(١٩٧٩-١٩٨٠) دکتۆر(حوسێن حەمەساڵح تاڵەبانی و دکتۆر فەرەیدون خوێندکاری پزیشکی-دەرمانسازی) لە کاری ڕێکخراوەیی سەر بە(گوشاد عەبدولرەحمان) بووە[١٠]، هەر لەساڵی(١٩٧٧)ەوە(جەلال خورشید ڕەشید) ئیلنجاغی لەڕێگەی(مەلابەختیار)ەوە پەیوەندی بەکۆمەڵەوە دەکات.[١١]

دەردەکەوێت ژمارەی گەنج ولاوی ئیلنجاغی گەورە کە پەیوەندی دەکەن بەشۆڕشی نوێ-ەوە لەنێوان ساڵانی(١٩٧٥-١٩٧٧)لەپەنجەی دەستان تێپەڕیکردووە و تاهاتووە لەنێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ژمارەیان زۆر دەبێت لەدیارترین ڕێکخستنە دێرینەکانی ئیلنجاغی گەورە لەو قۆناغەدا ئەمانەبوون:

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)لەدایکبووی ١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەوڕێکخستنی دێرین، لە٥-١-٢٠١٣ز.

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز) ،پێشمەرگەوڕێکخستنی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال خورشید رەشید)ئیلنجاغی، لەدایکبوی ١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٠-١-٢٠١٣ز.



١-ئەنوەر نادر خدر ئیلنجاغی(مام ئەنوەر)٢-وسو وەسمان یوسف مەلاك(مام وسو)٣-حەمید رەئوف فەتاح(حامەپیرە)٤-محەمەد ئەحمەد حەمەد(حەمەچاوشین)٥-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی ٦-گوشاد عەبدولرەحمان بایز کاوێس ٧-بەکر سولێمان فەتحوڵلا کاوێس ٨-جەلال خورشید رەشید ئیلنجاغی ٩-عەلی مەحمود حەمەد ئیلنجاغی ١٠-وشیار عەبدولرەحمان بایز کاوێس ١١-جاسم بایز کاوێس مەلاك ١٢-جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین ئۆمەر ١٣-لەتیف عەبدولرەحمان بایز کاوێس ١٤-عەلی فەتاح ئۆمەر وسو ١٥-ستار فەتاح ئۆمەر وسو ١٦-مەولود فەتاح مەولود عەزیز ١٧-قادر فەتاح مەولود عەزیز١٨-مامەی مام خورشید مستەفا جومعە ١٩- قاسم بایز کاوێس مەلاك(مەلا قاسم).[١٢]

ئەمانە ڕێخۆشکەربوون بۆ کۆمەڵێك گەنجیتر کە پەیوەندی بەشۆڕشی نوێ-ەوە بکەن و چەکیشی بۆ هەڵگرن، بەتایبەت ڕۆڵی کاریگەری هەریەك لە(ئەنوەر نادر و گوشاد عەبدولرەحمان وشەهید وشیار عەبدولرەحمان و عەلی مەحمود و جاسم بایزکاوێس ونادری مام کەریمی و مامۆستا کاوە) لەو بوارەدا وەك کادیری شۆڕشی نوێ دەرکەوتن و ڕۆڵی بەرچاویان بینیووە لەبڵاوکردنەوەی پەیامی شۆڕش و هاندانی گەنج و لاوانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە و سنوری کۆیە ودەوروبەری لەبەستی شەرغەوە تاوەکو ناوشاری کۆیە بۆ هاتنە ریزەکانی شۆڕشی نوێ.

عەلی مەحمود ئیلنجاغی و مام جاسم بایز کاوێس کە لەساڵی(١٩٧٧)ەوە دێنە ناو ڕێکخستنەکانەوە، لەماوەی(٥)ساڵدا پلەی ڕێکخراوەییان بەرزدەبێتەوە دەبنە چالاکترین کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەسنوری کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، لەکەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر کە(مەلا خدر مامەند قەرەبەگی)لێپرسراوی کەرت بووە لەساڵی(١٩٨٣)، عەلی مەحمود ئەندام کەرت و لێپرسراوی پۆلی(دێدەوان)

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی فەتاح ئۆمەر) ،لەدایکبووی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە، ڕێکخستنی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

و جاسم بایز ئەندام پۆلی(دێدەوان)ی لەئەستۆدابووە[١٢]، کە پۆلی دێدەوان لەگوندی(سماق شیرینی گەورە)ی ناحیەی دێگەڵە(شۆڕش)ەوە تاوەکو گوندی(سێکانی) ناحیەی سێگردکان پەلّ وپۆی هاویشتووە و لەزۆربەی گوندەکانی ئەو سنورە ئەندامیان هەبووە، شانەی(٣-٤)ئەندامیان دروستکردووە، تەنها(سێگردکان)گەشەی ئەندامەکان زیاتر بووە بۆیە(شانەی سەرەکی) بۆ کراوەتەوە و(محەمەد عەبدولرەحمان حەمەدەمین) سەرشانەی بووە و لەگوندی(ئۆمەرگومبەت)یش(لالە حەکیم شەلەوەندی و سولێمان ئەحمەد ئیبراهیم) سەرشانەی ئەو شانە سەرەکیە بوون، جگە لەگوندی(سماق شیرینی گچکە) لەزۆربەی گوندەکاندا شانەی ڕێکخستنی سەر بەپۆلی(دێدەوان) دروستبووە وەك گوندەکانی(ئۆمەرگومبەت وگۆپتەپەو گۆمەشین و کانی لەلەو سماق شیرینی گەورەو ئیلنجاغی گەورە و تاڵەبانی گەورە) تا پۆلی دێدەوان توانی شانەی نهێنی لەناو شاری کەرکوك بەسەرپەرشتی(مامۆستا ئیبراهیم)دروستبکات.[١٣]

مام جاسم بایز کاوێس ئاماژە بەکۆمەڵێکی زۆر لەگەنجانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە دەکات کە ئەو کاتی هاتنە ریزەکانی کۆمەڵەوە لەوانە:

١-حەسەن تەها قادر ئیلنجاغی سەرشانەی(کۆڕەك)

٢-سەردار عومەر فەتاح ئیلنجاغی

٣-بەهرام قادر بایز کاوێس ئیلنجاغی

٤-نەسرەدین مەولود حەسەن ئیلنجاغی

٥-قەهار حەمەدەمین خدر ئیلنجاغی(قەهاری حەمەدەمینی پلکەخەجیجێ)

٦-وشیار حەمەشین عەوڵلا ڕەسوڵ ئیلنجاغی

٧-خدر عەباس ئەحمەد شەنگە ئیلنجاغی

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، کادیری ڕێکخستن، لە٧-١-٢٠١٣ز.

[١٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، کادیری ڕێکخستن، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٨-محەمەد خورشید مستەفا ئیلنجاغی

٩-موحسین ساڵح مستەفا ئیلنجاغی

هەروەها ئەوانەی لەشاردا لەلایەن جاسم بایزەوە ڕێکخراو بوون ئەمانە بوون:

١- کامەران ئۆمەر وەسمان(سەرشانە) ٢- وریا حەمەشین عەوڵلا ڕەسوڵ ٣-دلاوەر مشیر عەوڵلا ڕەسوڵ ٤-ستار حوسێن محێدین حەسەن ٥-شەهید کەریم فەتاحی حاجی ساڵحی داربەسەری ٦-قاسم بایز کاوێس مەلاك ٧-زانا وسو وەسمان یوسف مەلاك ٨-کاوێس حەمەدەمین بایز کاوێس مەلاك ٩-وەهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك ١٠-ونس حەمەدەمین حاجی خدر ١١-زاهیر هەمزە وەستا ساڵح.

هەر لەناوچەی ئازادکراو و ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە لەنێوان(١٩٨٢-١٩٨٨) ژمارەی ئەوانەی هاتنە ڕیزی ڕێکخستنەکانەوە ژمارەیان زیادیکردووە:

١-ڕزگار حەمەدەمین ئەحمەد(جگە لەکاری ڕێکخستن) مامۆستای شۆڕش بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ز.

٢-دڵشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا(جگە لەکاری ڕێکخستن) مامۆستای شۆڕش بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ز.

٣-نەسرەدین مەولود حەسەن حەمەلاو

٤-ئەکرەم قادر بایز کاوێس مەلاك

٥-وشیار حەمەشین عەولا ڕەسوڵ مەلاك

٦-ڕەسوڵ مستەفا ڕەسوڵ مەلاك

٧-ڕەسوڵ حەمەدەمین بایز کاوێس مەلاك

٨-قەهار حەمەدەمین خدر محەمەد ئەلیاس

٩-لەتیف عەبدولرەحمان بایز کاوێس مەلاك

١٠-خدر عەباس ئەحمەد شەنگە خدر نەوەی ئەلیاس

١١-سەردار عومەر فەتاح قادر حەمەلاو

١٢-محەمەد شەریف حەمەلاو

١٣-جەبار عەوڵلا ڕەش ڕەسوڵ قادر حەمەلاو

١٤-جەنگی عەوڵلا ڕەش ڕەسوڵ قادر حەمەلاو

١٥-نەجمەدین مەولود حەسەن حەمەلاو

١٦-ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ عەبدوڵلا رەسوڵ کورەبۆر

١٧-حەکیم قادر بایز کاوێس مەلاك

١٨-موحسێن ڕەئوف عوسمان مەحمود/دەروێش خدر

١٩-موحسین قادر بایز کاوێس مەلاك

٢٠-یاسین سولێمان فەتحوڵلا کاوێس مەلاك

٢١-جەلیل حەمەد سالح حەمەد/کورەبۆر[١٤]

ئیلنجاغیەکان لەشۆڕشی ئەیلولدا کەوتنە نێو ڕیزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالی، بەهەمان شێوە لەشۆڕشی نوێ دا لەنێو ڕێکخستنە پێشکەوتوو خوازەکەی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) خۆیان بینەوە، تاك وتەرایان نەبێت کە چوینە نێو ڕێکخستنی تر.

لەساڵی(١٩٨٠)عوسمان عەبدوڵلا قادر ئیلنجاغی ناسراو بە(عوسمان بانی ماران) لەڕێگەی شەهید(سەلاح سەید محەمەد ئیلنجاغی-قوشتەپە)ەوە لەڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ڕێکخراوە، ئەو پڕوپاگەندەی کە لەمێژووی پەیوەندیکردن بەشۆڕشەوە بۆی دەکرێت گوایە لەبەر وەرگرتنی لێپرسراوی بووە بە سۆسیالیست بەهەڵە و ئەنقەستی سیاسی بۆی دروستکراوە، چونکە بانیمارانی خۆی دەڵێت: (لەسەر بنەمای پەیدابوونی هێزی سێیەم و دژە دوو جەمسەری(مەلایی

(١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، کادیری ڕێکخستن، چاوپێکەوتنی پێشوو.



وجەلالی) بووە، کەبویمە سۆسیالیست)[١٥]هەروەها لەهەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێردا(قادر عەبدوڵلا قادر)ی برای ڕێکخستووە و لەشاردا چەندین چالاکی نامەگۆڕینەوەی بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیست ئەنجامداوە.[١٦]

عەلی مەحمود حەمەد ماوەیەکی زۆر ئەندام کەرتی ڕێکخستنی هەولێر بووە، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەسەرپەرشتیکردنی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٨-١٩٨٣)دا، لەبەستی شەرغەوە لەڕۆژئاواوە تاوەکو ناوشاری کۆیە و تەقتەق و دەوروبەریان لەڕۆژهەڵاتدا، لەسەرووی خۆیەوە پەیوەندی هەبووە بە(مامۆستا سەیفەدین و مامۆستا سەید برایم و شەهید کاکەزیاد و مەولود ناوێك، هەروەها لەخوار خۆیەوە(مام جاسم و مامۆستا حوسێن و کەریم و جەلال).[١٧]

عەلی مەحمود لەساڵی(١٩٨٣)ماوەیەك لەکەرتی ڕێکخستنی پێشمەرگە بووە لەسنوری تیپی٨٦ی دەشتی هەولێر، پاشماوەیەك دەکرێتە ئەندام پۆلی(دێدەوان) وەك کادیری جەماوەری لە(سێگردکان و سماقە و مام قلینج و کێلەسپی و بانی ماران و گورزەیی وکانی دەربەند)کاریکردووە، لەمانگی(١٠)ی ١٩٨٣لەکۆنفراسی ناوچەیی بووە بەلێپرسراوی پۆلی دێدەوان و ئەندام(کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر) و (مەلا خدر مامەند قەرەبەگی) لێپرسراوی کەرتەکەی بووە، لەدەزگای(ڕۆشنبیری کۆمەڵە)لەگوندی(کانی توو)بۆ ماوەی مانگێك بەشداری خولی کادیرانی کردووە.[١٨]

شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز لەکۆتایی ساڵی(١٩٧٧)لەڕێگەی(گوشاد عەبدولرەحمان)ی برایەوە لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان

(١٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)بانی مارانی، لەدایکبووی(١٩٥٤)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٧-٣-٢٠١٤ز.

(١٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)بانی مارانی، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(١٧) نامیلکەیەکی(عەلی مەحمود حەمەد)، لەدووتوێی(٥٤)لاپەڕەی(ئەی فۆر)باس لەژیان وخەبات وکاری سیاسی خۆی دەکات، کۆپیەکی ئەو نامیلکەیە چاپ نەکراوەم لەبەردەستە.

(١٨) نامیلکەیەکی(عەلی مەحمود حەمەد)، سەرچاوەی پێشوو.

رێکخرابوو، گەنجێکی چالاك و شۆڕشگێڕ و دلسۆز بوو، لەسنوری هێزی(٨)ی دەشتی هەولێر و دواتر لەسنوری تیپی(٨٦)دەشتی هەولێر بووە یەکێك لەچالاکترین(کادیری سەربازی و سیاسی)، لەکۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو شەهیدی فەرماندە(کازم حەمەدەمین ڕەئوف) و کادیری پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین لیوا(کاوە ئەنوەر) ناسراو بە(مامۆستا کاوە)لە ڕێخکستنە نهێنیەکانی شۆڕشی نوێ لەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکدەخات.[19]

لەماوەیەکی کەمدا(مامۆستا کاوە) دەبێتە کادیرێکی پێشکەوتوخوازی ڕێکخستنی شۆڕشی نوێ و چەندین گەنجی ئیلنجاغی گەورە بۆ ڕێکخستنەکان ڕێکدەخات و سەرپەرشتی ئەوانەش دەکات کە لەڕێگەی کەسانی ترەوە ڕێکخرابوون بەتایبەت لەنێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٢)وەك:(خەیروڵلا عەبدوڵلا فەتحوڵلا کاوێس، کە لە ساڵی(١٩٨١) لەلایەن(عەلی عومەر)ی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێرەوە ڕێکخرابوو، شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر وسو، جەبار حوسێن محێدین حەسەن، بەکر قادر فەتاح مەولود، فارس عەباس محێدین حەسەن، غازی عەبدوڵلا تاڵەبانی، مشیر شوکر مەرزانی، حەیدەر شیواشۆکی) هەروەها لەسەرووبەندی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ڕۆڵی دەبێت لە ڕێکخستنی چەند گەنجێکیتری سنورەکە لەوانە:(دلشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا کاوێس و عەبدوڵلا سالح مستەفا جومعە و یوسف محەمەد حەمەمستەفا و ستار فەتاح ئۆمەر وسو) بەرپرسیاریەتی مامۆستا کاوە لەپۆلی(کازیوە)ی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە، ئەوکات(شۆڕش حاجی) لێپرسراوی کەرتەکەی بووە، پۆلی کازیوە ئابونەی یەك مانگی(٣٦٠) دیناری عێراقی سویسری کۆکردۆتەوە، ئەمەش فراوانی ژمارەی ئەندامانی پۆلەکە دەخاتەڕوو، کە ئەندامیان لەسنوری(کۆیە و هەولێر و بەغدا و موسڵ)یش هەبووە، پاشماوەیەك مامۆستا کاوە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کەرتی(شەهید ئاودێر)یش دەکات

[19] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەرنادر)، مامۆستاکاوە،لەدایکبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، کادیروپێشمەرگەی پارتیزان، لە١٣-١-٢٠١٦ز.



لەشاری کۆیە، مامۆستاکاوە دەڵێت: (گوندی تاڵەبانی گەورە یەکێك بوو لەگوندە شۆڕشگێڕەکان، چونکە زۆرترین ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەو سنورە خەڵکی ئەم گوندە بوون).[20]

لەساڵی ١٩٨١خەیروڵلا عەبدوڵلا فەتحوڵلا پەیوەندیکردوە بە(عەلی عومەر) ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و لەگەڵ(٢)گەنجیتری ئیلنجاغی گەورە بەیەکەوە کاریانکردووە ئەوانیش(زانا وسو وەسمان یوسف مەلاك نازناوی نهێنی(دەرباز) و حەسەن خدر عاسی ناسراو بە مەلاحەسەن) ساڵی ١٩٨٢گوازراوەتەوە شانەی کازیوەی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە و مامۆستا کاوە ئەنوەر سەرشانەیان بووە[21]، هەروەها(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ)لەسەرەتایی ساڵی ١٩٨١لەشاری هەولێر لەڕێگەی(شەهید مەلا شەریف)پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ[22]، هەروەها(دکتۆر وەلی مەحمود شێخانی) ساڵی ١٩٨٢لەڕێگەی(سەباح عەبدولڕەحمان حەمەسالح تاڵەبانی) پورزایەوە پەیوەندی گرێدەدات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان[23]، لەلایەکیتریشەوە(کەیفی عەبدوڵلا فەتحوڵلا) لەڕێگەی(فاروق سالح ڕەسوڵ)ناسراو بە هەڵۆ لەساڵی ١٩٨٣وە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکات[24]، هەروەها دوو ئیلنجاغیتر نەوەی مێرچاڕ و کەس و کاری مێرجاڕییەکان و نەوەی دەرویش خدر لە شۆڕشی نوێیی گەلەکەمان لە نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٢) پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکەن یەکەمیان(رزگار عەبدوڵلا وەسمان ئۆمەر) وئەویتر(سەلاح

[20] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەرنادر)، کادیروپێشمەرگەی پارتیزان، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[21] چاوپێکەوتن لەگەڵ(خەیروڵلا عەبدوڵلا فەتحوڵلا)لەدایکبوی ١٩٦١ی ئیلنجاغی گەورە، ڕێکخستنی دێرین، لە٢٦-١٢-٢٠١٢ز.

[22] چاوپێکەوتن لەگەڵ(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ)لەدایکبوی ١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٨-٢٠١٥ز.

[23] بیۆگرافیای دکتۆر وەلی مەحمود شێخانی تایبەت بەمێرجاڕ کە پیتچنە و بۆ بەندەی ناردووە.

[24] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فاروق سالح رەسول) لەدایکبوی١٩٦٥ی گەڕەسۆری قەراج، ڕێکخستنی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٧ز.

عەبدوڵلا وەسمان ئۆمەر)ە[٢٥]، رزگار عەبدوڵلا ماوەیەك لە توژەڵە لەئێزگەی(دەنگی شۆڕشی عێراق) هەواڵساز و بێژەری کردووە و سەلاح عەبدوڵلاش لە کەرتی رێکخستنی بەرانەتی لەلای(وەرزێر) درێژە بەکاری رێکخستن دەدات.[٢٦]

دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە پەیوەندیان بەرێکخستنە نهێنیەکانی شۆڕشەوە کرد ئیتر هەندێکیان لەو کاروانە لەلایەن دەزگاکانی ئەمنی ڕژێمەوە دەستگیرکران وەك(ئەنوەر نادر و جەبار حوسێن محێدین) و هەندێکیشیان بوونە کادیر و هەڵسوڕاوی بەتوانا وەك(عەلی مەحمود و مام جاسم بایز ونادر کەریم و مامۆستا کاوە)، بەشێکی یەکجار زۆریشیان چەکی پێشمەرگایەتیان لەهێز و قوەت و تیپ و کەرتەکان کردە شان و بوونە نمونەی پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی شۆڕش.

### ١-ئەنوەر نادر کادیری(دوو شۆڕش)

ناوی تەواوی(ئەنوەر نادر خدر محەمەد ئەلیاس)ە، لەساڵی(١٩٣٨)لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی(٢٠)ساڵی ١٩٥٨لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەرێگەی مامۆستا(واحید سەعید وعەلی حەوێز)پەیوەندی دەکات بەپارتی دیموکراتی کوردستان کەبارەگای ناوچەکەیان لەگوندی(گۆمەشین)بووە، ساڵی ١٩٦٤لەگەڵ باڵی جوداخوازی مەکتەب سیاسی-جەلالی بووە، دواتر مام ئەنوەر وەك کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکەوت تاوەکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول.

دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی(١٩٧٥) لەرێگەی عەلی سالح سێگردکانیەوە لەسەیداوەی شاری هەولێر پەیوەندی دەکات بە رێکخستنە نهێنیەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) ساڵی ١٩٧٦لە(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران) لە شارۆچکەی تەقتەق دەکرێتە سکرتێری کۆمەڵە هەرەوەزییەکە و بەردەوام دەبێت

[٢٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار عەبدوڵلا وەسمان) لەدایکبوی ١٩٦١ی هەولێر، پێشمەرگەی دێرین، لە٥-٦-٢٠١٧ز.

[٢٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلاح عەبدوڵلا وەسمان) لەدایکبوی ١٩٥٩ی هەولێر، پێشمەرگەی دێرین، لە٧-٦-٢٠١٧ز.



لەکاری نهێنی رێکخراوەیی تاوەکو لە(٢٢-٥-١٩٧٧) لەلایەن دەزگای(ئەمن)ی هەولێرەوە لەتەقتەق دەستگیردەکرێت و زیاتر لە(٢) ساڵ وچەند مانگێك زیندانی دەکرێت و لە(١٦-٨-١٩٧٩) ئازاد دەکرێت، دوای ئازادبوونی بۆ جارێکیتر پەیوەندی دەکاتەوە بە(مەلا محەمەد بەحرکەیی)یەوە، دوای گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ئاشکرا دەبێت و دەچێتە(بالیسان) ئەوکات مەڵبەندی یەکێتی لەبالیسان بووە و دکتۆر(کەمال خۆشناو) لێپرسراوی مەڵبەندەکە بووە، بەردەوام لەگەڵ(مەلا محەمەد بەحرکەیی و شێخ تاریق) لەپەیوەندی دابووە تاوەکو ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان بەشداری دەکات و دوو بارەگا لەگەرەکی سەیداوەی شاری هەولێر دادەنێن و بارەگایەکی حزبی بەسەرپەرشتی(ئەنوەر نادر) و یەکێکی سەربازی بەسەرپەرشتی(عوسمان بانی مارانی) لەکۆنگرەی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەندام کۆنگرە بووە لەگەڵ(کاوە ئەنوەر نادر و کەیفی عەبدوڵلا فەتحوڵلا) لە شاری سلێمانی، دوای کۆنگرە ئەندامی کۆمیتەی رێکخستنی کۆیە بووە، تاوەکو ساڵی ٢٠١٥ش سەرۆکی(لقی جوتیارانی کۆیە) بووە، ماوەیەکیش لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی دێگەڵە بووە، دوا پلەی حزبی ئەندامی مەڵبەندی(١٤)ی رێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.[١]

### ٢-عەلی مەحمود کادیری شۆڕشی نوێ

ناوی تەواوی(عەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ مەلاك)ە، ساڵی(١٩٥٤)لە خێزانێکی کوردپەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە(ئیلنجاغی گەورە) و ناوەندی لە(کۆیە) و ئامادەیی کشتوکاڵی بەپلەی یەکەم لە شاری(کەربەلا) تەواو کردووە، دواتر بۆماوەی(٢٣) مانگ لە(موسڵ و دیوانیە و کەرکوك و عەمارە و سەنگەسەر و ڕانیە) سەربازیکردووە، لە(٤-١-١٩٧٩) لەفەرمانگەی(تاقیگەی بیناسازی) ناوچەی باکور-لەبەرێوەبەرایەتی تاقیگەی

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

بیناسازی هەولێر بەناونیشانی(یاریدەدەری تاقیگە) دامەزراوە، تێکەڵاوبوونی بەسیاسەت و کاری ڕێکخراوەیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و تێکەڵاوی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(جەلالی)هەبووە، هەربۆیە ساڵی(١٩٦٩)کە خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە لەلایەن دەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستگیر دەکرێت و لە گۆمەشین(سابیرئاغای دۆڵەبەکرەیی) لێکۆلینەوەی لەگەڵ دەکات بەتۆمەتی کادیری پێشکەوتووی باڵی مەکتەب سیاسی(جەلالی) هەژمارکراوە، ساڵی(١٩٧١) پەیوەندی بە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان) کردووە، لەهەمان ساڵدا لە کۆبوونەوەی(کەندەکۆخ) لەڕەزەکانی(حەمامۆك)ی کۆیەوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات سەرشانەکەی(ئەکرەم عەبدولواحید کۆیی) بووە، دواتر لەهاوینی ١٩٧٣ بارەگای یەکێتی قوتابیانی کوردستانی لەگوندی ئیلنجاغی گەورە کردۆتەوە، هەروەها لەساڵی(١٩٧٤-١٩٧٥) شەهید(ئاودێر عەبدوڵلا) دەناسێت ئەو خوێندکار بووە لە(کەربەلا) و شەهید ئاودێریش لەشاری(حیللە) خوێندویەتی و داوای لێکردووە خوێندکارە کوردەکان ڕێکبخات، عەلی ئیلنجاغی دەتوانێت لە(٢٠) خوێندکاری کوردی ئامادەیی کشتوکاڵی کەربەلا(١٦) قوتابیان ڕێکبخات و ببنە ئەندام لە ناوچەی(فوراتی ناوەڕست) لەم کار و چالاکیە سیاسی و ڕێکخراوەییەی بەردەوام دەبێت تاوەکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥.

دوای نسکۆی شۆڕش لەڕێگەی(گوشاد عەبدولرەحمان)ەوە پەیوەندی دەکات بەرێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨سەربازی تەواو کردووە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١بانگی سەربازی دەکرێتەوە بۆ جاری دووەم، یەکسەر لەساڵی ١٩٨٢پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە(زەلێ و ناوزەنگ) لەسەرکردایەتی لەکەرتی(بەندیخانە) لەلای(عەلی شامار) کە فەرماندەی کەرت بووە دەبێتە پێشمەرگە، پاش ماوەیەك گواستراوەتەوە تیپی ٨٦ی



دەشتی هەولێر لەکەرتی(١) کە شەهید(هاوڕێ کاوە مەخموری) فەرمانـدەی کەرت بووە، پاش ماوەیەك دەبێتە ئەندام پۆلی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ڕابەرسیاسی کەرت، لەگەڵ تیپەکەی وەك(هێزی پشتیوانی) لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٢دەچنە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەشەڕگەی(ئالۆەتان و کونەمشکە و ساوان) دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوکاریکردنی هێزە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات، لە٥-٦-١٩٨٣بەشداری(داستانی گردەسۆر)ی کردووە، ساڵی ١٩٨٣لەکەرتی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و بووە بەئەندام پۆلی دێدەوان، لەمانگی(١٠ی ١٩٨٣)لەکۆنفراسی ناوچەیی بووە بە ئەندام کەرتی ڕێکخستن و لێپرسراوی پۆلی دێدەوان و(مەلا خدر مامەند قەرەبەگی) لێپرسراوی کەرتەکە بووە، دوای ئەو کۆنفراسە ناوچەییە بۆماوەی مانگێگ لە(کانی توو) دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان خولێکیان بۆ دەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٨ بەهۆی جیاوازی فکریی و ڕێکخراوەییەوە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە دادەنیشێت، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە لەگەڵ محەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی بەشدارییەکی کارایانکردووە و لەرزگارکردنی هەولێر و کەرکوك، دوای ڕاپەڕین لەشەقلاوە دەبێتە فەرماندەی کەرت لە تیپەکەی(عوسمان بانی مارانی) پاش ماوەیەك دەبێتە لێپرسراوی(کەرتی ڕێکخستنی بنەسلاوە) لە١-٧-١٩٩٣دەبێتە(نەقیب) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر، پاشماوەیەك دەبێتە(رائید) و لێپرسراوی ئیدارە، لەمانگی(٤)ی ١٩٩٦خولی ئەفسەرانی لەقەڵاچوالانی تەواو کردووە، لەمانگی(٧)ی ١٩٩٩بە(تەنسیب) لە ئاسایشی قەلادزێ دانراوە، دواتریش لەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر دەست بەکاردەبێت، تاوەکو(٤-٨-٢٠٠٥)

بەرێوەبەری پۆلیسی قەلادزێ بووە، ئێستا (یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتیە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستانە لەهەولێر).[1]

### ٣-مام جاسم کادیری شۆڕشی نوێ

ناوی تەواوی(جاسم بایز کاوێس مەلاك)ە، لەسالّی(١٩٥٦) لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەسالّی(١٩٧٧) لەرێگەی(گوشاد عەبدولرەحمان)ەوە پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان، سالّی ١٩٨٢پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەکەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری ئەو کات(شاخەوان عەباس) سەرتیپ و(سەفین مەلا قەرە) ڕابەر سیاسی و(ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی کەرتی بووە، لەهەمان سالّ گواستراوەتەوە(وەرتێ) کە بارەگای(کۆمیتەی هەولێر) لە وێبووە و(دکتۆر کەمال خۆشناو) لێپرساوی بووە و دەبێتە پێشمەرگەی هێزی پاسەوانی ئەو کۆمیتەیە(مەلای مەلا مەحمودی) فەرماندەی کەرتەکەی بووە، سالّی ١٩٨٣دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە لەو کەرتە، دواتر بەپلەی فەرماندەی مەفرەزە دەگوازرێتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و لەوێش دەبێتە ئەندام(پۆلی دێدەوان) لەکەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، لەزۆربەی سنورەکانی وراتی کۆیە و بەستی شەرغە و لە گوندەکانی سماق شیرین-ەوە تاوەکو سێکانی و لەزۆربەی گوندەکان سەرپەرشتی شانەکانی کردووە و لە ناحیەی(سێگردکان)یش سەرپەرشتی شانەی سەرەکی کردووە کە(محەمەد عەبدولرەحمان حەمەدەمین) سێگردکانی سەرشانە بووە ئەوانە هەمویان ڕاستەوخۆ سەر بە جاسم بایز بوون، سالّی ١٩٨٥ بەهۆی ڕووداوەکانی بەرەی رزگاری زەحمەتکێشان-بەرزە کە لەسنوری کارکردنی ئەو کۆنفراسی فراوانیان لە ئیلنجاغی گەورە ئەنجامداوە، نیگەران دەبێت بۆ ماوەیەك لە ئیلنجاغی گەورە دادەنیشێت و لەداستانی ٢٢-١٠-١٩٨٦ی ئیلنجاغی گەورە

---

[1] نامیلکەیەکی(عەلی مەحمود حەمەد)، سەرچاوەی پێشوو.



بەشدار دەبێت و لەقۆناغەکانی ئەنفال لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوام دەبێت و لەدوای شەڕی(کونەکۆتر)ی ٣٠-٨-١٩٨٨دەچێتە وولاّتی ئێران و لە ٢١-٩-١٩٨٩گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دوای راپەرینیش لەسالّی(١٩٩١)ەوە لە(بنەسلاّوە) بووە بەکارگێڕی کەرتی رێکخستنی بنەسلاّوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سالّی(١٩٩٢) بەپلەی کارگێڕی کەرت دەگوازرێتەوە کەرتی رێکخستنی دێگەڵە، سالّی(١٩٩٥)دەبێتە کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی تەقتەقی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆماوەیەکی زۆر دوای راپەرین سەرۆکی هۆبەی کشتوکالّی تەقتەق بووە و ئێستا لە هۆبەی کشتوکالّی تەقتەق سەرپەرشتیاری بەشی ڕێنمایی کشتوکالّیە[1].

### ٤- نادر کەریم(خاڵەنادر)

ناوی تەواوی(نادر کەریم خالد حەمەد مەلاك)ە، سالّی(١٩٥٢)لەخێزانێکی کوردپەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، سالّی(١٩٦٧) لەرێگەی(شاخەوان عەبباس)ەوە پەیوەندی بە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە دەکات، سالّی(١٩٦٩)خولی راهێنانی پیشەیی-ئەندازەی سەربازی لەشاری بەغداد بینیوە، هەر لەو سالّەدا پەیوەندی کردووە بە رێکخستنەکانی لقی(٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسالّی(١٩٧٤)ەوە بووە بەپێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول لە(ئەمانە عامەی ئیشغال-بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوە)ی شۆرش لە ناوچەکانی(قەسرێ وئاشی خدری و ناوڕۆیین وهاودیان و حەسەن بەگ) تانسکۆی ١٩٧٥ز.

لەدوای نسکۆی شۆرش وەك پەناهەندە و ئاوارە چووە بۆ وولاّتی ئێران و لە(شنۆ و ساولاوە-سەروئاباد و هەمەدان و تویسرکان و یەزد) دوای لێبوردنی گشتی

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، کادیر و پێشمەرگەی دێرین، لە١٧-٣-٢٠١٣ز.

ساڵی(١٩٧٩ ) دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و کوردستان و لە نەورۆزی هەمان ساڵدا پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە لەرێگەی(عەلی مەحمود ) ئیلنجاغی-یەوە، لەسەرەتای ساڵی(١٩٨٢) لە کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکات، لەماوەیەکی کورتدا بەشداری چەندین چالاکی سنوری کەرتەکەی دەکات دیارترینیان لەداستانی(کەلی سوری دووەم) لە٢٥-٩-١٩٨٢رۆڵی جوامێرانەی بینیووە لەشەڕکردن لەگەڵ فرۆکە جەنگیەکانی سوپای عێراق، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢لە(هێزی پشتیوانی) بۆ هاوکاریکردنی هێزە کوردییەکانی خۆرهەڵات بەشداری دەکات، ساڵی(١٩٨٤) دەگوازرێتەوە کەرتی(رێکخستنی دەشتی هەولێر) پۆلی(دێدەوان) بەهۆی فراوانی سنوری پۆلەکە بۆ هاوکاریکردنی(مام جاسم) گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورە و تاڵەبانی گەورە و داربەسەر و سماقە و گۆپتەپە و شیواشۆك) خاڵە نادر سەرپەرشتیکردووە، لەهەردوو داستانی ئیلنجاغی گەورەدا(٢٢-١٠-١٩٨٦ و ٢٦-٤-١٩٨٧) بەشداری کارای کردووە و یەکێکە لە(١٢سوارەی مێرجاڕ)ی ئیلنجاغی گەورە، خاڵەنادر دوای راپەرینیش لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان درێژەی بەخەبات داوە و بەردەوامە و دوا پلەی لەهێزەکانی ناوخۆ(عەمید)ە.[1]

### ٥-جەبار حوسێن زیندانی سیاسی

ناوی تەواوی(جەبار حوسێن محێدین حەسەن)ە، لەساڵی(١٩٦٦) لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەتەمەنی(١٥) ساڵی لەڕێگەی(مامۆستا کاوە ئەنوەر) ساڵی(١٩٨١) لەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەکەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە لەپۆلی(کازیوە) ڕیکدەخرێت، دوای ماوەیەك دەبێتە(سەرشانە) و دواتریش(سەرشانەی سەرەکی) بەڵام لە(١٧-٥-١٩٨٥) لەسەر پردی ڕووباری کۆیە لەلایەن

[1] بۆ تەواوی ژیاننامەکەی پشت بەچاوپێکەوتنی(نادر کەریم خالد) پێشمەرگەی دێرین بەستراوە.



مەفرەزەیەکی(ئیستخبارات)ی ڕژێمەوە لەگەڵ دوو هاوڕێی بەناوەکانی(ڕۆستەم و سەباح) دەستگیر دەکرێن، رۆژی دواتر ١٨-٥-١٩٨٥ ڕاستەوخۆ دەگوزارێنەوە بۆ شاری بەغداد، لەوێ بۆ شەوی دووەم(سەباح) ئازاد دەکرێت، دواتر(جەبار و ڕۆستەم) دەگوازرێنەوە بۆ زیندانی(ئەمن)ی هەولێر، تاوەکو(مەحکەمە سەوڕە)ی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دەسەڵاتداری عێراق بڕیاری(حوکمی سجنی ئەبەدی) بۆ جەبار و(١٥ساڵ سجن)ی بۆ ڕۆستەمی هاوڕێی دەرکردووە، دوای(٣) ساڵ و چەند مانگێك لە١٤-٩-١٩٨٨بەرلێبوردنی گشتی دەکەوێت و دوای ئازادکردنی ئینجا دەچێتەوە بەرخوێندن و کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات و بڕوانامەی بەکالۆریوس لەزمانی عەرەبی بەدەستدێنێ.[1]

### ٦- دکتۆر وەلی مەحمود حەمەد شێخانی

ناوی تەواوی(وەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ مەلاك)ە، لە(٢٤-٦-١٩٦٣) لە خانەوادەیەکی کورد پەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەئیلنجاغی گەورە دەخرێتە بەر خوێندن بەڵام ساڵی(١٩٧٤) ماڵیان دەگوازنەوە بۆ شاری هەولێر و لەقوتابخانەی(بەختیاری سەرەتایی کوڕان) لەگەرەکی ئازادی شاری هەولێر پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو دەکات، لەخوێندنگەکانی زانیاری کوڕان و سەیداوەی کوڕان ناوەندی تەواو کردووە و لەساڵی ١٩٨٢لە ئامادەیی رزگاری کوڕان پۆلی شەشەمی زانستی تەواو دەکات و لەبەشی کیمیای کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە، ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی رەتکردنەوەی بوون بە(جەیشی شەعبی) لە زانکۆدا خۆی و چەندین هاوڕێی(فصل-دوور دەخرێنەوە) لە زانکۆ لەکاتێکدا یەکەمی قۆناغەکەی خۆی بووە، ساڵی ١٩٨٧بەر لێبوردن دەکەون و دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن بەپلەی یەکەم زانکۆ تەواو دەکات بۆ ماوەی ساڵێك دەکرێتە سەرباز و ساڵی(١٩٨٨)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەبار حوسێن محێدین)، لەدایکبووی(١٩٦٦)ی ئیلنجاغی گەورە، ڕێکخستنی دێرین وزیندانی سیاسی، لە٢٢-١-٢٠١٧ز.

وەرگیراوە لەخوێندنی(ماستەر) و ساڵی ١٩٩٠بەپلەی یەکەم و زۆرباشەی باڵا بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە، دواتر بۆ ماوەی(٦)مانگ بووە بەسەرباز وەك باجی بڕوانامەکەی، ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەرینی بەهاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی کردووە تا ڕزگارکردنی شاری کەرکوك، دوای کۆڕەو ساڵی ١٩٩١بووە بە(ڕابەر سیاسی) تیپی( ٨٨ی مرکیّ) لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دواتر لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵ(کۆسرەت ڕەسوڵ) گەڕاوەتەوە ناو شاری هەولێر لەکاری ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی پیشەیی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کاریکردووە، لە٢١-٩-١٩٩١وەك مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی پەروەردە بەشی کیمیا دامەزراوە، لەساڵی(٢٠٠١) بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری کیمیا بەدەستهێناوە، ٢٠٠٥ بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ساڵی ١٩٩٥بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین بووە تاوەکو ٣١-٨-١٩٩٦، دواتر لەساڵی(٢٠٠٤-٢٠١٠) ڕاگری پەیمانگای تەکنیکی کۆیە بووە، ماوەیەك ڕاگری کۆلیژی زانست و ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە بووە.

لەبواری کاری سیاسییەوە لەبەهاری١٩٨٢ بۆیەکەمجار لەڕێگەی(سەباح عەبدولڕەحمان حەمەساڵح تاڵەبانی)ەوە پەیوەندی دەکات بەریزەکانی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) هەر لەهاوینی ئەو ساڵەدا بەشداری خۆپیشاندانەکانی ناوشاری هەولێری کردووە، لەدوای ڕاپەرین دەبێتە کارگێڕی کۆمیتەی زانکۆ و دواتریش کارگێڕی باڵای ڕێکخستنی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر بەشی ڕێکخستن تاوەکو ٣١-٨-١٩٩٦ز.

دواتر بەنهێنی پەیوەندی هەر ماوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣لەگەڵ هاتنەوەی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ شاری هەولێر بووە بە ئەندامی(ئەنجومەنی ڕاوێژکاری مەڵبەندی سێ) ساڵی ٢٠٠٤ بووە بە ئەندامی(مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە) تاوەکو ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ماوەی(٦) مانگیش سەرپەرشتیاری (کۆمیتەی زانکۆی کۆیە) بووە، بەشداری کۆنگرەی یەکەم و سێیەم ودوو پلێنیۆمی



یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە و لەکۆنگرەی(سێیەم) بووە بە ئەندامی(ئەنجومەنی ناوەندی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە١-٦-٢٠١٠وەوە لە(کۆمیسیۆنی ئەدای کادیر و ئەندامانی یەکێتی) کار دەکات، لەچەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا بابەتی جۆراوجۆری زانستی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری نوسیوە لەگەڵ(٢) نامیلکەی چاپکراوی هەیە(ئەتەکێت و دابەزینی ئاستی پەروەردە و زانست هۆکار و چارەسەر) هەروەها پەرتوکێکی لەبواری کیمیا بەزمانی ئینگلیزی ئامادەیە بۆ چاپ، دوا پلەی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و(سەرۆکی زانکۆی کۆیە)یە.

## مێرجار و قۆناغی(١٩٨٠-١٩٨٤) چەك هەڵگرتن بۆ شۆڕشی نوێ

لەشۆڕشی نوێدا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد، وەك خەباتی چەکداری لەساڵی(١٩٧٦)ەوە زیاتر لەگۆڕەپانی کوردستان دەرکەوت، ئەو کات(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لەناو یەکێتیدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، هەموو ئەندام وکادیرەکانی لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە پەروەردە کرابوون، شەهید عەلی ساڵح سێگردکانی لەپارێزگای هەولێر یەکەم کادیر بووە، بووە بەپێشمەرگە لەسنوری ئەو پارێزگایە، یەکێك لەچالاکترین کادیرەکانی شۆڕشی نوێ بوو، زۆرترین گەنج ولاوی هێنایە ناو ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگوندەکانی هەرسێ پارێزگای(هەولێر و سلێمانی و کەرکوك).[1]

لەزستانی ساڵی(١٩٧٧) لێرە و لەوێ لەوراتی کۆیە و دەشتی کۆیە و هەولێر، پێشمەرگە دەهاتنە نێو خەڵکەوە، دوو پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ(سەید مورسەڵ گرد عازەبانی و قادر دیبەگەیی) کە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوون، نامەیان بۆ

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(نەسروڵڵا عەلی مەحمود)، لەدایکبووی(١٩٥٥)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-١٢-٢٠١٣ز.

چەندین کەسایەتی سنورەکە هێنابووە هەولێر و دەشتی کۆیە ، کەتێیدا جاری خەبات و شۆڕشی نوێیان بەگوێچکەی خەڵکدا دەچرپاند ، دۆستی(وهاب فەتحوڵلا کاوێس ئیلنجاغی-وهاب کادیر)بوون، کە وهاب کادیر زووتر لەباڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالی کادیری شۆڕشی ئەیلول بوو لەدەشتی کۆیە ، لەلای دەمێننەوە لە گوندی(ئیلنجاغی گەورە)،[2] بەداخەوە لەلایەن کێخوا ئەڵقە لەگوێکانەوە، هەواڵ درابووە ڕژێمی بەعسی عێراقی و حکومەتی بەعسیش بەدواوەیان بووە، لەکۆتایی زستاندا لەدۆڵی(شیوەگۆڕ)ی نێوان(ئیلنجاغی گەورە و سماقە و ئۆمەرگومبەت) لەڕۆژی(١٤-٢-١٩٧٧) لەئاسمانی هەرسێ گوندەوە چەندین هەلیکۆپتەری بارهەڵگر و جەنگی، کە هەندێك لە کۆپتەرەکان کێخوای گوندەکانی دەشتی کۆیەی تێدابووە، ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیووە و لەسەر گرد و لاپاڵە بەرزاییەکانی(بانی تارەبانە)ی گوندی ئۆمەرگومبەت سەربازیان دابەزاند ، هەلیکۆپتەرە مەرگچێنەکانیش بۆردوومانی پێشمەرگەکان دەکەن و شەهیدیان دەکەن، ڕووفاتەکانیشیان لەگەڵ خۆیان دەبەن و لەڕێگەی(شارەوانی تەقتەق)ەوە لەگۆڕستانی گردی(حێمر)ی تەقتەق بەخاکیان دەسپێرن[3] ، ئەمڕۆ ئەو گۆڕستانە لەگەڕەکی شەهیدانی تەقتەقە و بەگۆڕستانی شەهیدانیش ناودەبرێت.

هەر لە ئۆپەراسیۆنەکەدا ڕژێمی عێراق(٥) مێرد منداڵ و گەنجی ئیلنجاغی گەورە لەو کاتەدا(دارکەر) بوون دەستگیردەکات بەناوەکانی(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین لەدایکبووی ١٩٥٦و هاشم سمایل حاجی خدر و پەریخان ئۆمەر حەمەدەمین لەدایکبووی ١٩٦٩ و ئازاد سمایل حاجی خدر و حەسەن تەها قادر) لەگەڵ خۆیان

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەید حیکمەت نیعمەت عەلی)، لەدایکبووی(١٩٥٤)ی گردعازەبان، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٤-٢٠١٦ز.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیمام ئۆمەر حەمەدەمین)لەدایکبووی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە، هاولاتی، لە٦-٢-٢٠١٦ز.



دەیانبەنە شارۆچکەی تەقتەق و لەڕێکخراوی حزبی بەعسی تەقتەق لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێن.[4]

جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین یەکێك لەگەنجە دەستگیرکراوەکانی ئیلنجاغی گەورە و شایەتحاڵ، بەو شێوەیە کارەساتی شەهیدبوونی پێشمەرگەکان و دەستگیرکردنەکەیان دەگێڕێتەوە:

سعات(١١)ی پێش نیوەڕۆ هەڵیکۆپتەر گەیشتە سەر سەرمان لە(شیووە گۆڕ) هەردوو پێشمەرگەکەی شەهید کرد ، من و پەریخان و هاشیم دەستگیرکراین و تا سعات(٩)ی شەو لەسەربازگەی قەڵاتەی تەقتەق بەندکراین، دەستی ئێمەیان بەپشتێنی خۆم گرێدابوو، دواتر بردمانیان بۆ فەرمانگەی(ئەمن)ی تەقتەق، خوا هەڵناگرێ(کێخواکەی دەشتی کۆیە) بەرگریی لێکردین وە لەناو هەلیکۆپتەرەکەش لەکاتی ڕەمیکردن ووتبووی(ئەمانە کوڕە جوتیارن) لەفەرمانگەی ئەمنی تەقتەق-یش بەکەفالەت ئازاد کراین، لەپاش ئێمە(ئازاد سمایل و حەسەن تەها) بەشوێن وەواڵی ئێمەوە لەگوندەوە چووبونە ئاقاری ئەوان-یشیان گرتبوو هێنابویانە تەقتەق، بەداخەوە پێشمەرگەکان تەنها(٢) پێشمەرگە بوون و(٢) کلاشینکۆفیان پێ بوو، پێش ئەوەی هەلیکۆپتەر لێیان بدات، یەکێکیان هەڵسایە سەرپێ و تەقەی کرد و بەمەش هەردووکیان قارەمانانە بەپێوە شەهیدبوون.[5]

لەو سەروبەندەش کۆمەڵێك لە گەنجان و ئەوانەی پێشتر لە شۆڕشی ئەیلول کادیر و پێشمەرگە بوون خرۆشابوون لەگەڵ هەواڵی شەهیدبوونەکە، تاك و تەرا پەیدابوونی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ و کاریگەرییەکانی شەهید عەلی سالح سێگردکانی و شەهید نامیق تاڵەبانی و هاتنی مەلا بەختیار بۆ ئیلنجاغی گەورە، هەر لەوبارەوە

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیمام ئۆمەر حەمەدەمین)، هاولاتی، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، شایەتحاڵ، لە١٤-٣-٢٠١٦ز.

جەوهەر ئۆمەر ووتی: هەر لەو ساڵەدا(١٩٧٧) شەهید نامیق تاڵەبانی و مەلا بەختیار هاتنە ماڵەکەمان، چونکە پێشتر لەرێگەی شەهید نامیقەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە کردبوو، کتێبێکی دیوانە شیعری حاجی قادری کۆیی-م هەبوو، مەلا بەختیار چاوی پێی کەوت بە(ئەمانەت) وەریگرت و تا ئەمرۆش هەر نەیهێناوە، لەپاش ماوەیەك پەرتوکەکانی زمانی عەرەبی قوتابخانەی ئیلنجاغی سەرەتایی سووتاند[٦] و نامەیەکیشی بۆ قایمقامی کۆیە نوسی بەمامۆستا(عەزیز ئۆمەر وەسمان) ناردی و قایمقامیش بەمامۆستا عەزیزی ووتبوو ئەوەی ئەو نامەیەی نوسیووە کەسێکی زیرەك و بەتوانایە.[٧]

هەروەها لێدانی پاسەوانەکانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق(شەریکە) لەساڵی(١٩٧٩) و شەهید بوونی(عەبدولرەحمان سۆنەگۆڵی)[٨]، وە یەکێکیتر لەهۆکارەکان ئەوەیە کە کوڕانی ئیلنجاغی گەورە خۆیان لەرێکخستنەکاندا رێکخستووە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەست بکەن بە خەباتی چەکداری، لەلایەکیتریشەوە حکومەتی فاشی بەعسی عێراقی لە هەوڵی ئەوەدابوو بەبیانووی بیرە نەوتەکانی(چوارجۆتیار و بێژینگ بەسەر و هەرفتە و گەرماوە) لەگەڵ سەرەتای هاتنە سەر حوکمی سەدام حوسێن ساڵی(١٩٧٩-١٩٨٠) گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورە و گچکە، شیواشۆکی سەرێ و خوارێ، داربەسەری گەورە و کچگە، تاڵەبانی گەورە وگچکە) چۆڵ بکات و هاولاتیانی رابگوێزێت[٩]، بۆ درێژەپێدان بەرێبازی شەهیدان(حەمەشەریف رەسوڵ حەمەشەریف و تۆفیق حەمەدەمین حاجی خدر و برایم حەمەدەمین حاجی خدر و قادر حەمەد ئۆمەر و شەریف عەبدولرەحمان بایز و جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ) کۆمەڵێك لەگەنجانی ئیلنجاغی

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی فەتاح ئۆمەر)، لەدایکبووی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە، رێکخستنی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

[٨] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٣٨.

[٩] ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەڵکەزێرینەی کەنار زێی بچوك، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٣٥.



گەورە گۆشکراو بەبیری کوردایەتی و ئامادەکراو لەلایەن(شەهید عەلی ساڵح سێگردکانی)یەوە لەمانگی(١٠)ی ١٩٨٠بڕیار دەدەن کە چەکی پێشمەرگایەتی بکەنەشان و لەهەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر ببنە پێشمەرگە ئەوانیش ئەمانە بوون:

١-بەکر سولێمان فەتحوڵڵا کاوێس مەلاك، شەهید بەکر ڕەشاش.

٢-سەدرەدین مەولود حەسەن حەمەلاو، مەلا سەدر

٣-جەعفەر وسو جومعە وسو ئەلیاس، خاڵە جەعفەر

٤-محەمەد فەتاح مەولود عەزیز مستەفا کورە بۆر

٥-مامە خورشید مستەفا جومعە وسو ئەلیاس، مامەی مام خورشیدی[١٠]

هەرچەندە(خاڵەجەعفەر) بەرواری بوون بەپێشمەرگایەتیان دەگەڕێنێتەوە بۆ(١٥-٨-١٩٨٠)[١١]، بەڵام هاوسەنگەرەکانی(مەلا سەدر و محەمەدی مام فەتاح و مامەی مام خورشیدی) دەیگەڕێننەوە بۆ مانگی(تشرینی یەکەمی-١٩٨٠) ئەوانیش هەریەکە و پشت بەڕووداوێکی ئەو سەردەم دەبەستن بۆ نمونە مەلاسەدر دەڵێت: (ئەو کاتە شەڕی عێراق-ئێران دەستی پێکردبوو)[١٢]، مامەی مام خورشیدی دەڵێت: (بڕیاری چۆڵکردنی ئیلنجاغی گەورە دەرکرابوو)[١٣]، محەمەد فەتاحیش دەڵێت: ڕۆژێك پێش ئەوەی شەهید(فەرەج شەوگێڕی) شەهید بکرێت بووینە پێشمەرگە لەهەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر، چونکە لەبیرمە دووەم ڕۆژی پێشمەرگایەتی چووینە پرسەکەی[١٤]،

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، لەدایکبووی(١٩٥٩)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١١-٣-٢٠١٦ز.

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە) لەدایکبووی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مامە خورشید مستەفا)، لەدایکبووی(١٩٦٤)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

[١٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد فەتاح ئۆمەر)، لەدایکبووی(١٩٥٧)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

زانراویشە شەڕی عێراق-ئێران لە(٢٢-٩-١٩٨٠)دەستیپێکردووە و بڕیاری چۆڵکردنی گوندەکانی سنوری کێڵگەی نەوتی تەقتەقیش لەهەمان سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕەکەدا بوو، ئەمە لەلایەك لەلایەکیتریشەوە(فەرەج ئەسعەد حەمەد هەمزە) لەدایکبوی(١٩٥٧)ی گوندی شەوگێڕی نزیکی کۆیە، پێشمەرگە و کادیری(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە دەشتی کۆیە لە(٣١-١٠-١٩٨٠) لە گوندەکەی خۆیدا(شەوگێڕ) دەکەوێتە بۆسەی چڵکاوخۆرەکانی ڕژێمی بەعس و تیرۆری دەکەن، لەبەر بوێری و ناو و ناوبانگی قارەمانێتیەکەی نەیانوێرایە بچنە سەر تەرمەکەی، سولێمان تەهای حەمەد هەمزەی ئامۆزای کە دەچێتە سەر تەرمەکەی بەردەستڕێژی گوللە دەدەرێت و بریندار دەبێت، مەولود مام قلینجی پێشمەرگەی دێرین دەربازی دەکات[١٥]، بەو گوێرەیە بێت شەهید بەکر ڕەشاش و هاوڕێکانی لە(٣٠-١٠-١٩٨٠) لە کەرتی دەشتی هەولێری هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر لەلای شەهید(عەلی سالح) چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکەن، ئەمانە لەڕێگەی(شەهید عەلی سالح)ەوە کە پێشتر شەهید(بەکر ڕەشاش) پەیوەندی پێوەکردبوو، شەوی(٢٩/٣٠-١٠-١٩٨٠) لە مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە، دەمژمێر(١٠)ی شەو کۆدەبنەوە، مەلا سەدر دەڵێت: (کەچوومە مزگەوتی گوندی شەهید بەکر ڕەشاش و مامەی مام خورشیدی لەوێبوون، دواتر خاڵە جەعفەر و محەمەدی مام فەتاحی هاتن، بۆ بەیانیەکەی چووینە دەرەوە و لەکەرتی دەشتی هەولێری هەرێمی (٨)بووینە پێشمەرگە)[١٦]، بەڵام شەهید(بەکر ڕەشاش) بەر لە هەموویان بەچەند ڕۆژێك پێشتر بووبووە پێشمەرگە و لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە هەر زوو پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانەوە کردبوو لەڕێگەی شەهید عەلی سالح-ەوە.[١٧]

---

[١٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سولێمان تەها حەمەد)لەدایکبووی(١٩٥٥)ی شەوگێڕ، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

[١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد فەتاح مەولود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



لەو سەروبەندە هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر(٢)کەرتی هەبووە، کەرتی(دەشتی هەولێر) و کەرتی(خۆشناوەتی) کەرتی دەشتی هەولێر بەئیلنجاغیەکانەوە ژمارەیان نەگەیشتۆتە(٢٠)پێشمەرگە[١٨]، کەرتی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید(عەلی سالح سێگردکانی) بەو شێوەیە بووە:

١-شەهید عەلی سالح قادر سێگردکانی، (عەلی سالح)، فەرماندەی کەرت.

٢-شەهید ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد قەمبەری،(ئەحمەد قەمبەری)، جێگر فەرماندەی کەرت.

٣-شەهید حەسەن ئەنوەر حەسەن زێندین،(مامۆستا کاوە مەخموری)، ڕابەرسیاسی کەرت.

٤-فەیزوڵلا ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم،(دلێر کانی لەلەیی)، پێشمەرگە.

٥-هاشم حەمەدەمین ڕەسوڵ،(هاشم سارتکی)، پێشمەرگە.

٦-جەوهەرمحەمەد ئۆمەر،(سەید جەوهەر سارتکی)، پێشمەرگە.

٧-سەباح عەلی مەولود داربەسەری، پێشمەرگە.

٨-فاروق عەلی مەولود داربەسەری، پێشمەرگە.

٩-سەفین مەلا قەرە، پێشمەرگە.

١٠-شەهید شێخ سلێمان بالیسانی، پێشمەرگە.

١١-نوری تولکی، پێشمەرگە.

١٢-شەهید قاسم مەلا محەمەد نێرەگینی،(کرێکار)، پێشمەرگە.

١٣-دکتۆر مەجید هەولێری، پێشمەرگە.

١٤-شەهید بەکر سولێمان فەتحوڵلا کاوێس ئیلنجاغی،(بەکر ڕەشاش)، پێشمەرگە.

١٥-سەدرەدین مەولود حەسەن حەمەلاو ئیلنجاغی،(مەلا سەدر)، پێشمەرگە.

---

[١٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

١٦-جەعفەر وسو جومعە ئیلنجاغی، (خاڵەجەعفەر)، پێشمەرگە.

١٧-محەمەد فەتاح مەولود ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

١٨-مامە خورشید مستەفا جومعە ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

هەروەها هەرێمی(٨) کەرتێکیتری هەبوو بەناوی کەرتی(خۆشناوەتی) بەفەرماندەیی(ئازاد خۆشناو).[١٩]

شەهید عەلی ساڵح جگە لەوەی فەرماندەی کەرت بوو لەهەمانکاتیشدا جێگری فەرماندەی هەرێم بووە، چونکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٠ فەرماندەی هەرێم(شێرکۆ شێخ عەلی) لە سەر وولاغ کەوتبووە خوارەوە دەستی شکابوو، ڕاستەوخۆ شەهید(عەلی ساڵح) وەك فەرماندەی هەرێمی(٨)دەرکەوت، ئەو کات هەموو سنوری هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر بەر لەشەڕی(قەلاسنج) ژمارەی هەموو پێشمەرگەکانی تەنها(١٤٠) پێشمەرگە بوون، بەڵام(مەمەند ئەسعەد و ئەکرەمی مەلا فەتاحی) بەخۆیان و(٤٠) پێشمەرگەوە چونەوە شار، بەمەش ژمارەی پێشمەرگەکان کەمبۆوە بۆ(٨٠)پێشمەرگە و شەهید(ملازم سەید کەریم هاودیانی) بووە فەرماندەی هەرێم.[٢٠]

### شەهید بەکر ڕەشاش و هاوڕێکانی بەر لەشەڕی قەلاسنج

لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ تاوەکو(٢٥-١٢-١٩٨٠) شەهید بەکر ڕەشاش و هاوڕێکانی چەندین نەبەردی پێشمەرگانە و چالاکی ئەنجام دەدەن وەك:

١-لەسەرەتای مانگی(١١)ی ١٩٨٠لەدەشتی کۆیە لە گۆڕستانی گوندی(بۆگد) پێشمەرگەکانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر، لەچالاکیەکی پێشمەرگانەدا(٥) ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆری ڕژێمی بەعس ئاگر تێ بەر دەدەن، کە شەهید بەکر و مامەی مام خورشید و خاڵە جەعفەر و محەمەدی مام فەتاح و مەلا سەدر بەشدار دەبن.[١]

---

[١٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٢-هەر لەمانگی(١١) و دوای ئەم چالاکیە بە سەرپەرشتی شەهید(ملازم سەید کەریم هاودیانی) فەرماندەی هەرێم، لەدەربەندی(گۆمەسپان) لە کاروانێکی سەربازی ڕژێمی بەعس دەدەن، لە چالاکیەکەدا(قادر خەبات) بەشداری دەکات و هەروەها(شەهید بەکر ڕەشاش و مەلا سەدر و خاڵەجەعفەر و محەمەد فەتاح) ئیلنجاغی ڕۆڵی جوامێرانەیان بینیووە.[٢]

٣-لێدانی پاسەوانەکانی(کێڵگەی نەوتی تەقتەق) لەکۆتایی مانگی(١١) و سەرەتایی مانگی(١٢)ی ١٩٨٠ کەجاری یەکەم(شەهید عەلی ساڵح و فاروقی عەلی مەولود و شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری و شەهید بەکر ڕەشاش و مەلا سەدر مەولود و محەمەد فەتاح و خاڵە جەعفەر) بەهاوەنی(٦٠) ملم هاوەنبارانی کاروانێکی گۆڕینی پاسەوانەکانی کێڵگەکە دەکەن و جاری دووەم بەهاوبەشی لەگەڵ هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق کەهاوڕێ(ملازم شوان سدیق) و ئیسماعیل حەمەد ساڵح ئیلنجاغی بەشداردەبن،[٣]جگە لەچەندین چالاکی ناوشار بۆ چاوترساندنی پیاوانی ڕژێم و سەر ڕێگەی هەولێر وکۆیە و کۆیە و تەقتەق و(تەقتەق-سێگردکان و لێدانی ڕەبیەکانی گردی مۆردی گەرمکی تەقتەق.[٤]

### شەڕی قەلاسنج(٢٥-١٢-١٩٨٠)

ئەم شەڕە باس لەو شەڕە(٥) سعاتیەی نێوان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر و هێزێکی سوپای عێراق لەگوندی(قەلاسنج)ی ناوچەی شەقلاوە کە لە(٢٧-١-١٩٧٨) ڕوویدا کە ئەفسەرێك و یەك باشچاوەش و یازدە سەرباز

---

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیسماعیل حەمەد ساڵح)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

کوژران) ناکات،[1] بەڵکو باس لەشەڕێکیتر دەکات لەنێوان(هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر) و سوپای عێراق و جاشەکاندا روویداوە لەگوندی(قەلاسنجی سەروو)ی بناری(سەفین) لە شەقلاوە لەبەرواری(٢٥-١٢-١٩٨٠) جاشەکان بەفەرماندەیی(یاسین خۆرانی) بوون، کە لەشۆڕشی ئەیلول فەرماندەیەکی پێشمەرگە بووە، هێزی دوژمن(٢٠) ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر و(٣) ناقیلە و نزیکەی(١٠٠٠) جاش وسەرباز بوون،[2] هێزی پێشمەرگەش بەفەرماندەیی(شەهید ملازم سەید کەریم)فەرماندەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر،کەپێکهاتبوون لەفەرماندەی کەرتەکانی وەك(عەلی سالح قادر ئەحمەد سێگردکانی و ئازاد خۆشناو و یوسف دێگەڵە) و پێشمەرگەکانیان، تێکرای ژمارەیان خۆی داوە لەنزیکەی(٨٠)پێشمەرگە، ئەم هێزە لەگوندی(خۆران)ەوە ڕۆژێك پێشتر هاتبوونە گوندی(قەلاسنجی سەروو)، شەو دەچنە ناو مزگەوتی گوندی(قەلاسنجی سەروو) بۆ بەیانی تاریك و ڕوون هێزەکەی دوژمن کەلەجاش وجەیش پێکهاتبوون پەلاماری گوندی قەلاسنج دەدەن و یەکسەر پاسەوانی شەهید(ملازم سەید کەریم) کەلە پاسەوانی و ئێشکگری بوو شەهید دەکرێت بەمەش شەڕ دەستپێدەکرد.[3]

دوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر لەبەری بەیانیەوە تاوەکو دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بەهۆی هاتنەدەستی دەستەویەخە توانیویانە لەگەمارۆی دوژمن دەربازبن و دەستکەوتیشیان هەبووە، دەستکەوتەکانیش(١١کلاشینکۆف و٢ئامێری جیهاز و بەدیلگرتنی(٢)جاش و زیانی گیانی دوژمن)یش ئەوەی یەکەم ڕۆژی شەڕەکە زانراوە(١١)جاش و سەرباز کوژراون و

---

(١) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرپەرشتیار فەرید ئەسەسەرد، دەستەی کارا ئاوات کۆکەیی ورەنج جەعفەر و نەوزاد ئەحمەد، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، ساڵی٢٠١٣ز، سلێمانی، لاپەڕە٢٢٨.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



دواتر ژمارەی کوژراو و بریندار دوژمن بۆ(٧٥)جاش و سەرباز بەرزبۆوە،[4] زیانی هێزی پێشمەرگەش شەهیدبوونی(٢)ڕۆڵەی قارەمانی میللەتەکەمان بوو، بەناوەکانی(شەهید حەسەن ئەنوەر حەسەن زێندین ناسراو بەمامۆستاکاوە مەخموری ڕابەر سیاسی کەرتی دەشتی هەولێر، لەدایکبووی١٩٥٠ی قەزای مەخمور دەرچووی خانەی مامۆستایان، لەدوای خۆی(٢)برای تر بەناوەکانی(ئیبراهیم وخەلیل) لەپێناوی ڕزگاری میللەتەکەمان خوێنی خۆیان بەخشیووە، وە پێشمەرگەیەکیتر بەناوی(ئەنوەر)خەڵکی سلێمانی بوو لەو شەڕەدا شەهیدبوو،[5] لەگەڵ برینداربوونی(٣)پێشمەرگەی قارەمان بەناوەکانی(مەلا سەدر مەولود حەسەن ئیلنجاغی و فاروق عەلی مەولود داربەسەری و قاسم مەلا محەمەد ئەمین نێرەگینی- کرێکار).[6]

## شەهیدبوونی شەهید مامۆستا کاوە مەخموری

مەلا سەدر مەولود حەسەن حەمەلاو ئیلنجاغی، هاوسەنگەری شەهید(مامۆستا کاوە مەخموری)چۆنیەتی شەهیدبونی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:-

کە لەتاریك و ڕوونی بەیانیدا دوژمن بەسەر هێزەکەی ئێمەی دادا، لەمزگەوتەوە چەند پێشمەرگەیەك بەیەکەوە بەلایەکەوە دەرچووین، شەهید مامۆستا کاوە بووە پێشڕەوەی ئێمە( من و سەباح عەلی مەولود داربەسەری و شێخ سلێمان بالیسانی و شۆڕش ناوێك ئامۆزای مامۆستا کاوە و دوو پێشمەرگەی تر بووین ناویانم بیر نەماوە)، توشی کۆمەڵێك جاش بووین شەهید مامۆستا کاوە دەنگی دان، ووتی

---

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٥) حەیدەر مەنتك، شەهید مامۆستا کاوە مەخموری، کوردستانی نوێ، ژمارە(٧٢١٩)لاپەڕە(١٢-١٣)،لە(١٥-٣-٢٠١٧)

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

نەبادا(جەماعەت)ی خۆمان بن بەڵام دەنگیان نەبوو، بۆ جاری دووەم لەگەڵ دەنگدان و وەڵام نەبوون شەهید مامۆستا کاوە یەکسەر دەستڕێژی گوللەی لێکردن، ئەوانیش بەتەقەکردن وەڵامیان داینەوە و یەکسەر(مامۆستا کاوە)شەهید بوو، لەنزیکی سعات(٨)بەیانی بوو، لەبرادەرانی لای شەهید مامۆستا کاوە تەنها خۆم و شەهید شێخ سلێمان بالیسانی تا دەوروبەری سعات(١٢)ی نیوەڕۆ لەلای تەرمی پیرۆزی شەهید کاوە ماینەوە، نەمانهێشت جاشەکان بێنە سەر تەرمەکەی، پاش کەمێك شەهید شێخ سلێمان بالیسانی-م ناردە لای برادەران تا بەفریامانەوە بێن، بەتەنیا لای ڕووفاتەکە مامەوە، لەناکاو شەهید(ملازم سەید کەریم) بەدەرکەوت چونکە فەرماندەی هەرێمەکە و شەڕەکە بوو، بەسەر خاڵەکانی بەرگری پێشمەرگەکان دەگەڕا، هاتە لام و مەخزنی قەدی شەهید مامۆستا کاوەی دەرهێنا بۆ ئەوەی زیاتر بەرگری پێ بکرێت، بەمنی گوت بڕۆ برادەران ئاگاداربکە کە تەنها ئەو لوتکەی ئەوی لێ یە نەگیراوە، بەمەش لەکاتی دەرچوون و غاردان بۆ لای شەهید ئەحمەد قەمبەری و برادەران بەسوکی برینداربووم).[1]

## ڕۆڵی شەهید بەکر ڕەشاش و مەلاسەدر لەشەڕی قەلاسنج

لەو شەڕەدا ڕۆڵی هەرچوار پێشمەرگەی ئیلنجاغی گەورە(شەهید بەکر ڕەشاش و مەلا سەدر و خاڵە جەعفەر و محەمەد فەتاح) بۆ شەهید ملازم سەید کەریم فەرماندەی هەرێمەکە و برادەران دەردەکەوێت، بەتایبەت کاتێك(مەلا سەدر) لە لوتکەیەکی ئاوایی(قەلاسنج) بەرگرییەکی بێ وێنە دەکات و تاکە پێشمەرگە دەبێت سەنگەرەکەی خۆی چۆڵ نەکات لەو خاڵەدا و نەهێڵێت تەرمی شەهید کاوە بکەوێتە دەست جاشەکانی ڕژێمی عێراقەوە، ئەمە لەلایەك لەلایەکتریشەوە ڕۆڵی شەهید بەکر ڕەشاش-یش لەڕووبەڕووبونەوەکاندا چونکە(ملازم سەید کەریم)بەحوکمی ئەوەی سەرکردەی شەڕەکە و هەرێمەکە بوو لە هەموو لایەکەوە سەری لەپێشمەرگەکان دەدا و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



ئاگای لێیان بوو،[1] هەروەها لەلایەکتریشەوە(خاڵە جەعفەر و سەید جەوهەر سارتکی و دلێرکانی لەلەیی)ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لەتێکشکانی سەرباز وجاشەکانی دوژمن.[2]

هەفتەیەك دوای شەڕی قەلاسنج لەگوندی(چێوەی سەروو) کۆبونەوەیەك کرا، بەڵام بەداخەوە(شەهید عەلی ساڵح) و (شەهید ملازم کەریم) نێوانیان تێکچو و نیگەرانی کەوتە نێوانیانەوە و شەهید عەلی ساڵح شەو دەرچوو هەریەك لە(هاشم سارتکی و محەمەد سێگردکانی) لەگەڵی ڕۆیشتن، لەو کۆبونەوەیە(مەلا سەدر ئیلنجاغی) دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە و دەبێتە(یەکەم فەرماندەی مەفرەزە)ی ئیلنجاغیەکان لەشۆڕشی نوێ دا،(عەبدولکەریم حوسێن مستەفا- هاوڕێ کاوە مەخموری)دەکرێتە فەرماندەی کەرت و(فاروقی عەلی مەولود داربەسەری)دەکرێتە ڕابەر سیاسی کەرت.[3]

## ساڵی ١٩٨١بەرەو کاروانی خەبات

پێشمەرگایەتی تا دەهات دەبووە هێمای بەرەنگاری و سیمبۆلی بەرخودان، وشەی پێشمەرگە لەهەناوی جەماوەر و خەڵکەوە دەهات و دەبووە وێردی سەر زووبانی گەنج و لاوانی کورد، ووردە ووردە بەناوهێنانی پێشمەرگە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان باڵایان دەکرد، گەرمەی شەڕی عێراق وئێرانە، زوڵمی ڕژێمی بەعس ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد، گەنجانیووڵاتی ئێمە خوێنیان دەکوڵا تاچی زووە بگەنە کاروانی شۆڕشی نوێ، ریزەکانی شۆرشیش جمەی دەهات لەلاوانی گیانفیدا و تێکۆشەر.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد فەتاح مەولود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

له(٢١-٣-١٩٨١)هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر باوەشی کردەوە بۆ(سەلام عەباس حەمەدەمین ئۆمەر) و(شەهید کازم حەمەدەمین ڕەئوف) کەچەکی پێشمەرگایەتی بکەنە شان[1]، هەروەها(شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز)یش لەڕێگەی(فاروق عەلی مەولود داربەسەری)یەوە، گۆشکراو بەهەستی کوردایەتی و بیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، بچێتە سەنگەری خەبات و تێکۆشان[2]، هەروەها لە(٤-٤-١٩٨١ جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین و سەباح ئەحمەد حەمەد-چاوشین)دەچنە ریزەکانیانەوە،[3] له(٢٥-٥-١٩٨١)هەریەك لە(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ و هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ و مەلا شەریف خورخورەیی)بەیەکەوە چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنە شان، بەڵام ئەوکات یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسنورەکە دوور بووە و لەسەرکردایەتی بوون بۆیە بەناچاری لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق لەسنوری(شاخەپیسکە و داربەسەر)دەمێننەوە لەلای شەهید(مەحمود قادر مەرزانی و مستەفا هەمزەی داربەسەری)[4]، هەروەها لەهەمان بەرواری ٢٥-٥-١٩٨١ هەریەك لە(عومەر مەحمود محێدین حەسەن و نازم جەبار تۆفیق) بەیەکەوە لەلای شەهید(مەحمود قادر مەرزانی) لقی حزبی شیوعی عێراق دەبنە پێشمەرگە،[5]لەحوزەیرانی ١٩٨١هەریەك لە(نەسروڵلا عەلی مەحمود) و(گوشاد

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)لەدایکبووی(١٩٦٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٦-٣-٢٠١٦ز.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)لەدایکبوی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٤-٣-٢٠١٦ز.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد)، لەدایکبووی(١٩٦١)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، له٢١-٢-٢٠١٦ز.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر مەحمود محێدین)لەدایکبووی(١٩٦١)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.



عەبدولرەحمان بایز)[6] و دواتریش(عەباس حەمەدەمین ئۆمەر-مام عەباس) چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنە شان.[7]

هەر لەهاوینی ساڵی ١٩٨١شەهید(فەیسەڵ وسو جومعە) لەڕێگەی(جەعفەر وسو جومعە-خاڵەجەعفەر)ی برایەوە دەبێتە پێشمەرگە لەتیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە،[8] پاش ماوەیەك(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) نامەدەنێرن بۆ(فاروق عەلی مەولود داربەسەری) تێیدا داوادەکەن کە ئەوان ویستویانە بێنە ریزەکانی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەڵام بەگوێرەی بارودۆخەکە لەلای حزبی شیوعی عێراق ماونەتەوە، بەمەش لەمانگی تەمموزی ١٩٨١بەیەکەوە دەچنە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.[9]

دوای ئەمانەش هەریەکە لە(ئیسماعیل حەمەد ساڵح)و(شەهید عوزێر حوسێن ئۆمەر)دێنەوە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام ئەم دووانە لە(١٤-٤-١٩٨٠)ەوە لەڕێگەی(هیدایەت حاجی خدر سمایل مەلاك)ەوە پەیوەندی دەکەن بەحزبی شیوعی عێراق و لەریزەکانی حزبدا زیاتر لەیەك ساڵ دەبنە پێشمەرگە ئینجا لەهاوینی ١٩٨١دێنەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.[10]

## گۆڕانکارییەکانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر

هەرێم یەکەیەکی جوگرافیی بوو، سنوری بەپێی پێداویستی شەڕی پێشمەرگانە دیاریکراوە، لەیەکەم کۆبونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(١٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیسماعیل حەمەد ساڵح)، لەدایکبووی(١٩٦١)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، له١٣-٤-٢٠١٦ز.

لەدۆڵی(گۆستە)ی برادۆست لەبادینان لەماوەی(٣١-ئاب تا١٢-ئەیلول)ی ١٩٧٧بەرێوەچوو، کوردستان کرا بە(٨)هەرێمی پێشمەرگایەتی، هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێریش بەفەرماندەیی شەهید سەعدی گچکە(سەعدی عەزیز)دامەزرا[١]، دواتر لەئایاری ساڵی ١٩٨١(قوەت)وەك یەکەیەکی هێزی پێشمەرگە، لەکاتی بەسترانی کۆنفراسی یەکەمی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بڕیاری دروستکردنی درا ولەمانگی(حوزەیران)دا جێ بەجێکرا، زۆرجاران بەقەد(کەرت)ێك بووە، زیاتر لەسنوری دەشتی هەولێر و پشدەر پەیڕەو دەکرا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی نێو ریزەکانی پێشمەرگە، وە لەساڵی(١٩٨٢)هەردوو سیستەمی هەرێم و قوەت هەڵوەشایەوە و(تیپ)جێگەی گرتەوە.[٢]

لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٨١کە لەکۆنفراسی ٧-٥-١٩٨١ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بڕیاڕی لەسەر درابوو هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر کرا بە(قوەت)ی دەشتی هەولێر و پێکهاتەکەی بەو شێوەیە ڕێکخرا:

١-شەهید(شاخەوان عەباس)، فەرماندەی قوەت و کەرتی قوەت.

٢-شەهید(عەبدولکەریم حوسێن مستەفا)ناسراو بە(هاوڕێ کاوە مەخموری)، فەرماندەی کەرتی(١).

٣-شەهید(ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد)ناسراو بە(ئەحمەد قەمبەری)، فەرماندەی کەرتی(٢).

لەو پێکهاتەیە( شەهید بەکر سلێمان فەتحوڵلا-بەکر ڕەشاش، سەدرەدین مەولود حەسەن-مەلا سەدر)کرانە فەرماندەی مەفرەزە، مەلاسەدر لەکەرتی(١)وبەکر ڕەشاش لەکەرتی(٢).[٣]

[١] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٥٦-٣١٦.
[٢] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٢٢.
[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، چاوپێکەوتنی پێشوو.



ئیلنجاغیەکان زۆربەیان لە(قوەتی دەشتی هەولێر) ڕێکخران و هەندێکیان لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شۆڕش و هەندێکیش بەشداری خولی(مالیمۆس)یانکرد[٤]، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لەساڵی(١٩٨١) لە(خڕی ناوەزەنگ) لەسەر پێشنیاری(مام جەلال)دامەزراوە، بورهان قانیع کراوە بەسەرپەرشتیاری دەزگاکە و ستافی کارکردنی لەم کادیرانە پێکهاتبوو:

(١-بەختیاری مەلا عیزەت ٢-گوشاد عەبدولرەحمان بایز کاوێس ئیلنجاغی ٣-شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز کاوێس ئیلنجاغی ٤- حەمید کافرۆشی کۆیە ٥-وەهبی حاجی ڕەفیق ٦-ئومێد حاجی تۆفیق ٧-عەبدوڵلا محەمەد ٨-ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد ئیلنجاغی- بابەشێخ ٩-عەبدوڵلا قادر ڕەسوڵ مەرزانی[٥]١٠-سەلاح پێنجوینی).[٦]

ئەو ئیلنجاغیانەی لەخولی سەربازی و سیاسی(مالیمۆس) بەشداریانکرد ئەمانە بوون(١-نەسروڵلا عەلی مەحمود وعەباس حەمەدەمین ئۆمەر و هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ) خولەکە لەناوەڕاستی ئابی ١٩٨١بەسەرپەرشتی شەهید(ئەنوەر حەسەن) لەگوندی زەرد لەدۆڵی مالیمۆسی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەچوو، لەحوزەیران و تەموزی ١٩٨١هەموو قوەتی دەشتی هەولێر ژمارەی پێشمەرگەکانی خۆی دەدا لەنزیکەی(٥٦) پێشمەرگە، کە ئیلنجاغیەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەو قوەتە بوون.[٧]

[٤] مالیمۆس دۆلێکە لەگوندی(زەرد)لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپەنای چیای بلفەتە-قەندیل بەغدای هەژاند لاپەڕە٢٤٤.
[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

**قوەتی دەشتی هەولێر لەسەرکردایەتیەوە بۆ دەشتی هەولێر**

له(١٣-٧-١٩٨١) له سەرکردایەتی(جەلال تاڵەبانی- مام جەلال) سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەخڕی ناوزەنگ کۆبونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ قوەتی دەشتی هەولێر دەکات، شەهید(شاخەوان عەباس) لەهەندەرانەوە گەڕابۆوە، کرایە فەرماندەی قوەتەکە، یەکەم قسەی جەلال تاڵەبانی لە وتەکەیدا بۆی ووتبوون(کە دەچنەوە ناوچەکانی خۆتان دەبێت لەگەڵ برا جوتیارەکان مامەڵەتان باش بێت و ببنە جێگەی ڕەزامەندیان).[١]

ئیلنجاغیەکان لەکەرتی(قوەت و١و٢)ی قوەتی دەشتی هەولێر بەو شێوەیە ڕێکخرابوون:

١-لەکەرتی(قوەت):(١-شەهید کازم حەمەدەمین رەئوف ٢-سەلام عەباس حەمەدەمین ٣-نەسروڵلا عەلی مەحمود بوون).

٢-لەکەرتی(١) :(١-سەدرەدین مەولود حەسەن فەرماندەی مەفرەزە، ٢-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ٣-ئیسماعیل حەمەد ساڵح).

٣-لەکەرتی(٢): (١-شەهید بەکر سولێمان فەتحوڵلا-بەکر ڕەشاش فەرماندەی مەفرەزە،٢-جەعفەر وسو جومعە ٣-محەمەد فەتاح مەولود ٤-جەوهەر ئۆمەرحەمەدەمین ٥- عەباس حەمەدەمین ئۆمەر)[٢] .

گواستنەوەی پێشمەرگە لەنێوان کەرتەکان و قوەت و هەرێمەکان هەروەها خولەکانی سەرکردایەتی بۆ پێشمەرگە نوێکان و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە هەموو ئەمانە وایکردووە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر پێکهاتەی کەرت و قوەتەکان زوو زوو بگۆڕدرێت، یان ملمڵانێ ناوچەییەکان و ئێرەیی ناشۆڕشگێڕانە وایکردووە کۆمەڵێك

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، لەدایکبووی(١٩٦٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، له١٦-٢-٢٠١٦ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



لەقارەمان و پیاوی بەجەرگ لەریزەکانی شۆڕش دابڕێن، بۆ نمونە ملمڵانێی نێوان(شەهید عەلی ساڵح و شەهید ملازم سەید کەریم) و(شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری و فاروقی عەلی مەولود) و(مەلا سەدر و شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری و شەهید شاخەوان عەباس) لە مڕووەوە مەلا سەدر نمونەیەك دەگێڕێتەوە: ئێمە کۆمەڵێك پێشمەرگە واژۆمان کۆکردەوە بۆ گەڕانەوەی(شەهید عەلی ساڵح) بەڵام بەداخەوە بەو هۆیەوە شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری فەرماندەی کەرتەکەمان نێوانی لەگەڵ منیش تێکچوو، هەر ئەو واژۆیە وایکرد بیانوی جۆراوجۆرم پێ بگرن، زەفترینیان کەتەواو نیگەرانی کردم وتیان هەندێك لەخزمەکانت جاشن، ئەمەش هۆکاری سەرەکی وازهێنانی پێشمەرگەی قارەمانی داستانی قەلاسنج و پارێزگاری لە تەرمی شەهید مامۆستا کاوە مەخموری(مەلا سەدر) بوو، لەئاقاری(کورتە و کەرەکینە)ی ئیلنجاغی گەورە دانیشت و چەکی دانا.[٣]

هەروەها جگە لەشەڕی براکوژی نێوان پارت و هێزەکوردیەکانی گۆڕەپانەکە ململانێی ناوەخۆش لەکەرت و قوەت و هەرێمەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆ نمونە(مام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی) دۆستی مام جەلال بوو لەخۆشەویستی مام جەلال بووبوە(شۆڕشگێڕان) لەقوەتەکەش(١٨) گەنج و لاوی ئیلنجاغی گەورەی لەگەڵ بووە، کەدووانیان فەرماندەی مەفرەزە بوون، چەند جارێك مام جەلال هەوڵی داوە بیبینێت و بەدوای ناردووە، بەڵام سەرانی هەرێمی(٨) و قوەتەکە نەیانویستووە و ڕێگربوون بۆئەوەی ئەو دیدارە ڕووبدات، بۆیە دواجار مام عەباس کە بەمە دەزانێت نیگەران دەبێت و بە توڕەییەوە دەڵێت: (نەژن هەڵگر و نە پیاوکوژ و نەدوژمنداری، تەنها لەبەر دڵسۆزی بۆ(خاك و ئاو و کورد)نەبێت، هیچ بنەمایەکیتر لەپشت هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی ئیلنجاغیەکان نیە).[٤]

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

## مام عەباس دەروێشی خاك ونەتەوە

ناوی تەواوی(عەباس حەمەدەمین ئۆمەر)ە، ساڵی ١٩٣٤ لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کورد لە گوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٦٨لەشۆڕشی ئەیلول لەهێزی(ئاسۆس) بووە بەپێشمەرگە، زوو کراوەتە(سەردەستە-مەفرەزە) دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی١٩٧٧ لەفەرمانگەی(هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق) بووە بەفەرمانبەر، ساڵی ١٩٧٨گواستراوەتەوە بۆ بەستەنەی(گردەڕەشە)ی هەولێر، دوای ئەوەی بەعسیەکان فشاری دەخەنەسەری کە ببێتە(بەعسی) بەلاّم ئەو بەوە ڕازی نابێت و بەناچاری لەهاوینی ساڵی ١٩٨١ڕوودەکاتە شاخ و چەکی پێشمەرگایەتی لەشۆڕشی نوێ لەتەمەنی(٤٧) ساڵی لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەکاتە شان، پاش ساڵێك لەخەباتی شاخ لەکەرتی(٢)ی هەمان تیپ لای شەهید ئەحمەد قەمبەری دەکرێتە فەرماندەی(مەفرەزە) ساڵی(١٩٨٣) لە شەڕی نەگریسی ناوەخۆ لە(بالیسان) بریندار دەبێت، بەشداری چەندین نەبەردی و ڕووبەڕووبونەوەی پێشمەرگانەی کردووە، لەگەڵ ئەوە نەبووە براکوژی بکرێت و دیلیش بکوژرێت، دوای برینداربوونی و هەندێ هەڵسوکەوتی نەشیاو کە لەشۆڕشدا هەستی پێکردووە و بینیویەتی بڕیاردەدات کە لەئیلنجاغی گەورە دابنیشێت، دواجار لە(٢٤-٣-٢٠٠٥)دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ یەکجارەکی سەری نایەوە و لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[1]

### ١٩٨٢ساڵی ئەستێرە ئاوابوون و جۆشدانی مەشخەلاّن

هەندێك لەکاروان بەردەوامبوون و لەڕێگادا ڕێبواریتر هاتە سەر ڕێی کاروان و تێکەلاّویان بوون، کاروانی خەبات دوو ڕێچکەی گرتەبەر(کاروان) بەرەو نەمری و شەهیدبوون، کاروانێکیش هەنگاو بە هەنگاو بۆ خۆرەتاو و سەرفرازی، لێرە و لەوێش(ململانێی ناشۆڕشگێری پشووی هەندێکی تەنگ سوار دەکرد و وازهێنان و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



دابڕانی لێدەکەوتەوە، یان گواستنەوە لەو کەرت و تیپە بۆ کەرت و تیپێکی تری بەدوا دەهات ئیتر ئەمەیە شۆڕش دەبێت نوسەر خۆی بکاتە(مێش هەنگ)بەدوای شتەجوانەکانی بگەڕێت و پۆڕگ وهەلاّلە و شیلەی بکاتە (شانە و هەنگوین) خۆ ئەگەر وانەکات و خۆی بکاتە(مێشوولە) ئەوا لەیەکەم شتی قێزەونی وەك ململانێی ناشۆڕشگێڕی و کوشتنی بەناحەقی خەڵك و دیاردەی دزێوی کۆمەلاّیەتی و لادان لەبنەماکانی شۆڕش و زۆر و بۆری چەك بەدەست تێر دەخوات و بەری دڵی دەگیرێت و قەڵەمەکەی دادەنێت) هەوڵدەدەم لەدیاردە ناشۆڕشگێرییەکان خۆ بەدوور بگرم و هەنگ ئاسا خەباتی ڕەنجدەرانی بیر و شۆڕش بەپاراوی وەربگرم و هەنگاو بەهەنگاوی جوامێرانەیان پیت بە پیت و وشە بە وشە بۆ بکەمە ملوانەکە و مەدالیای زێڕین، ئارەقی شین و خوێنی گەش و ئاڵی ڕژاویان بکەمە عەتری میسك و خۆڵی بەر پێیان بکەمە سورمەی چاوی منالاّنی شەهیدانی وولاّتەکەم.

لەزستان و بەهاری(١٩٨٢) کۆڕی خەباتی چەکداری پڕبوو لەگیانفیدایانی مێرجاڕەکەم، کۆمەلێك گەنجیتری گۆشکراو بەبیری نوێی کوردایەتی چوونە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خەباتی شاخ-یان هەڵبژارد، ریزەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریان بەهێزتر کرد و بوونە پێشمەرگە ئەوانیش:

١-عەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ مەلاك(عەلی ئیلنجاغی)

٢-جاسم بایز کاوێس مەلاك(مام جاسم)

٣-محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ مەلاك(حەمەچاوشین)

٤-ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ مەلاك(شەهید ئەنوەر)

٥-نادر کەریم خالد حەمەد مەلاك(خاڵەنادر)

٦-جەلال خورشید ڕەشید عەبدوڵلا ڕەسول کورەبۆر(جەلال ئیلنجاغی)

٧-عومەر حەمەد ڕەسوڵ عەبدوڵلا ڕەسوڵ کورە بۆر

٨-محەمەد عەبدولوەهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك(شەهید محەمەد برنەو)

٩- محسین سلێمان فەتحوڵلا کاوێس مەلاك

١٠- کەمال رەشید عوبێد حەمەلاو

١١- حەسەن تەها قادر ئەحمەد

١٢- رەحمان رەئوف عوسمان مەحمود[١]

١٣-عوسمان عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا رەسوڵ کورەبۆر(عوسمان بانیمارانی) دەبێتە پێشمەرگەی هەرێمی(٨)ی هەولێری(حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بەماوەیەکی کورت دەکرێتە فەرماندەی(مەفرەزە)[٢].

هەر لەو ساڵەدا ئیلنجاغیەکان هەندێکیان لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوون و هەندێکیشیان گواسترابوونەوە بۆ تیپی(٩٣)ی دەشتی کۆیە و کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وەرتێ[٣]، ئەوانەی لەتیپی ٩٣ی کۆیە بوون ئەمانەبوون:

١-جەعفەر وسو جومعە وسو ئەلیاس(خالە جەعفەر)

٢-ئیسماعیل حەمەد وەستا سالح حەمەد

٣-رەحمان رەئوف عوسمان مەحمود سۆفی محەمەد

٤-فەیسەڵ وسو جومعە وسو ئەلیاس(شەهید فەیسەڵ، پاشماوەیەك خالە جەعفەر بەبڕیاری(شێخ شەماڵ) دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی(٢)ی دڵشادی مام ڕەزای کۆیە(کێخوا) فەرماندەی کەرت بووە.[٤]

---

[١] دەستنوسێکی نامەیی(نەسروڵلا عەلی مەحمود)، لەدایکبووی(١٩٥٥)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-١٢-٢٠١٣ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر-بانیمارانی)لەدایکبوی(١٩٥٤)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٧-٣-٢٠١٤ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، لەدایکبووی ١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٧-١-٢٠١٣ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



هەروەها(جەلال ئیلنجاغی و مام جاسم بایز) بۆ ماوەی(٣) مانگ لە(کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر) لە کەرتی(مەلای مەلا مەحمود) ماونەتەوە، بەرپرسی کۆمیتەکە(دکتۆر کەمال خۆشناو)بوو[٥]، مەڵبەندی(٣) سەرەتا کۆمیتەیەك بوو، بارەگاکەی لەگوندی(وەرتێ) بوو(دکتۆر کەماڵ خۆشناو) لێپرسراوی کۆمیتەکە و(سەید مەجید) لێپرسراوی سەربازی و(فازیل عومەر کۆیی) لێپرسراوی کارگێڕی بوو، لەسەرەتای ساڵی(١٩٨٣) کۆمیتەکە دەکرێتە مەڵبەندی(٣) و بارەگاکەی دەچێتە گوندی(بالیسان) هەر دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەندەکە بوو و(ملازم سەید کەریم هاودیانی) لێپرسراوی سەربازی و(جاسم بایز) لەدەستەکەی دکتۆر کەمال دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەی(٢)ی دەستەکەی،[٦] تەنها( شەهید وشیار عەبدولرەحمان و گوشاد عەبدولرەحمان ) هەر لەسەرەتاوە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بوون، کە کۆمیتەی سەرکردایەتیەکان پێکهات، هەموو چاپخانەکە بەیەکەوە گواستراوەتەوە بۆ( وەرتێ)[٧]

## شەڕی سێکانی و ڕۆڵی ئیلنجاغیەکان

شەڕی سێکانی لەمێژووی ناکۆکیەکانی هێز و لایەنە کوردستانیەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان، یەکێکە لەسەروەرییەکان چونکە هەردوو هێزی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان)وەك بەرەیەکی یەکگرتوو بەفریای هاوڕێیانی(حزبی شیوعی عێراق)ەوە چوون لە(٢٧-١-١٩٨٢)کە شیوعیەکان لەلایەن سوپای عێراقەوە لەنێوان گوندی(سێکانی و قەمبەر)ی ناحیەی سێگردکان دوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی قارەمانانە گەمارۆ درابوون، لەسەرەتای ساڵی(١٩٨٢)قوەتی دەشتی هەولێر کرا بەتیپی٨٦ی دەشتی هەولێر،

---

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال خورشید رەشید ئیلنجاغی)،لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٠-١-٢٠١٣ز.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جاسم بایز کاوێس)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

تیپەکە(٣)کەرتی هەبوو، کەرتی(١)بەفەرماندەیی(عەبدولکەریم حوسێن مستەفا)ناسراو بە(هاوڕێ کاوە مەخموری) و کەرتی(٢)بەفەرماندەیی(ئەحمەد ئۆمەر ئەحمەد)ناسراو بە ئەحمەد قەمبەری و کەرتی(٣)بەفەرماندەیی(ڕەفعەت پیرداود عەبدوڵلا)ناسراو بەڕێباز، هەرسێ کەرت بەهاواری شیوعیەکانەوە چوون لەسێگردکان و ئۆمەرگومبەتەوە، مەفرەزەکەی شەهید(بەکر ڕەشاش) کەپێکهاتبوون لە:

١-شەهید بەکر سولێمان فەتحوڵلا کاوێس(بەکر ڕەشاش)فەرماندەی مەفرەزە-بەهۆی لێهاتوویی بووە بەجێگری کەرت و شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرتەکە پرس و ڕاوێژی پێکردووە لە زۆربەی چالاکیەکانی کەرتەکەی.[١]

٢-سەدرەدین مەولود حەسەن حەمەلاو ئیلنجاغی ناسراو بە(مەلا سەدر)، فەرماندەی مەفرەزە.

٣-سەلام عەباس حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٤-جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٥-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٦-شەهید کازم حەمەدەمین ڕەئوف ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٧-عومەر حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٨-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە، ئەمانە بەیەکەوە ڕۆڵی بەرچاو و سەرەکیان هەبوو لەلێدانی ئەو هێزەی ڕژێمی عێراق کە لەنێوان(سێگردکان و ئۆمەرگومبەت)ەوە دەچوونە شەڕگەی(سێکانی).[٢]

لەلایەکیتریشەوە(مەجید حەمەد مەحمود ئیلنجاغی-ناسراو بە مەجیدەسوور و عومەر مەحمود محێدین ئیلنجاغی-ناسراو بە عومەر ئارپێچی و شەهید عەبدولرەحمان

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سولێمان ئەحمەد ئیبراهیم ئۆمەرگومبەتی)لەدایکبووی(١٩٥٧)ی ئۆمەرگومبەت، ڕێکخستنی دێرین، لە٢٣-٣-٢٠١٧ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



تەها قادر-ناسراو بەهاوڕێ ئاسۆ) سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوون، کە مۆڵەت بوون لەگوندی(سماقە) بەڵام لەگەڵ هەواڵی ڕوودانی شەڕەکە، لەگەڵ برادەرانی حزبی سۆسیالیست بەفەرماندەیی(قادر مستەفا) لە سماقەوە بەهاواری هاوڕێیانیانەوە خۆیان دەگەیەننە شەڕەکە، لەقۆڵی(سماقە-چیای ناساز-قەمبەر-سێکانی) یەکێتیەکان-یش لەقۆڵی (ئۆمەرگومبەت-سێگردکان-سێکانی) شیوعیەکان-یش لەپشت(سێکانی و بەرزایی ناساز)ەوە لەنزیك قەمبەر لەدوژمن دەدەن، شەڕەکە(یەك) ڕۆژ بەسەختی ڕوویدا بەڵام بەهۆی با و باران و لاڤاوی بەستی شەرغەوە ئاو زۆر هاتبوو، بەمەش سوپای عێراق لەشوێنەکانی خۆی مایەوە، لەهەموو قۆڵەکانی(سماقە و قەمبەر و سێکانی و سێگردکان)ەوە دوژمن گەمارۆ درا، تەنها زێی بچوك لەبەردەم دوژمن مایەوە بۆ ڕاکردن و پاشەکشە کردن[٣] قالە فەرەجی سەرۆکجاش هاواری لێ هەستاو داوای فریاکەوتنی کرد، لەسەرەتادا شەڕەکە پێشمەرگەکانی(حزبی شیوعی عێراق) ئەنجامیاندا، کە ژمارەیان(٨٠) پێشمەرگە بوو لە بەتالیۆنی(٥) و پەلەکانی(مەلەکان و وەرتێ) بەڵام دوای(٥سعات)شەڕکردن(١٢)هەلیکۆپتەر هاتەسەر ئاسمانی شەڕەکە و لەگەڵ با و بارانێکی زۆر کەچاوەڕێ ناکرا هەلیکۆپتەر بێتە ئاسمانی شەڕەکە بەمەش(٩)پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق شەهیدبوون و(٢)پێشمەرگەش دەستگیرکران:

١-شەهید کەریم عەلی حاجی ناسراو بە هاوڕێ(کەریم).

٢-شەهید فرسەت نەجمەدین مامۆ ناسراو بەهاوڕێ(جەمیل).

٣-شەهید عەبدولسەمەد محەمەد ئیبراهیم ناسراو بەهاوڕێ(سالم).

٤-شەهید شەمعون پۆلس توما ناسراو بەهاوڕێ(ڕێبوار).

٥-شەهید شێروان حوسێن ئیسماعیل ناسراو بەهاوڕێ(قاسم).

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مەجید حەمەد مەحمود-مەجیدەسور)لەدایکبووی(١٩٦٣)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٣-٢٠١٥ز.

٦-شەهید عەبدولرەحمان تەها قادر ئیلنجاغی ناسراو بەهاوڕێ(ئاسۆ).

٧-شەهید حوسێن فازیل عەباس ناسراو بەهاوڕێ(سەلام).

٨-شەهید حەیدەر کەریم بێجان.

٩-شەهید هاوڕێ(مەریوان)، هەروەها(جەمال سهلو موسەنا ناسراو بەهاوڕێ(ئەبو زیاد) و هاوڕێ(ئەبوسەلما)ش دەستگیرکران و لە١٥-١-١٩٨٥لەشاری بەغداد لەسێدارە دران[٤].

ئەوەی لەگۆڕەپانەکەدا گوزەراوە ناتوانرێت بخرێتە سەر ئەم کاغەزە بەڵام تەنها سێ گرتەی ڕووداوەکە دەگێڕمەوە:

یەکەم: هاوڕێ شەهید(شەمعون پۆلس توما)ناسراو بەهاوڕێ(ڕێبوار)، ئارپیچیەك دەگرێتە هەلیکۆپتەرێك و دەیپێکێت، بەڵام بەداخەوە هەلیکۆپتەرێکیتر شوێنەکەی شەهید ڕێبوار هەڵدەگرێت و شەهیدی دەکات، نایەڵێت کەوتنەخوارەوەی ئەو هەلیکۆپتەرە ببینێت کە بەدەستی خۆی پێکاویەتی!

دووەم: دوای ئەوەی هاوڕێ(بێجان) لەلایەن هەلیکۆپتەرێکەوە دەپێکرێت، هاوڕێ(مەریوان) لەسەنگەرەکەیەوە بەهاناوەی دەچێت و شەهید(بێجان) لەباوەش دەگرێت، لەو کاتەدا هەلیکۆپتەرێك دەسترێژیان لێدەکات و بەباوەشی یەکترییەوە شەهید دەبن.

سێیەم: شەهید هاوڕێ(سەلام) دوای شەڕەکە کە تەرمەکەی دۆزرایەوە، کیسەك نایلۆنی لەگیرفان بووە و پڕی بووە لە ووردکەنان.[٥]

شەڕەکە(٣) ڕۆژی خایاند و(١٢٥) سەرباز و جاش کوژرا، ئەو داستانە پڕسەرەوەرییە بەخوێنی گەشی(١٤)پێشمەرگە نەخشێنرا(١١)پێشمەرگەی حزبی

[٤] فیصل فؤادي، من تاريخ الحركة الانصارية، من تاريخ الكفاح المسلح لانصار الحزب الشيوعي العراقي١٩٧٨-١٩٨٩، بغداد ،٢٠١٣ز، صفحة١٢٢-٤٠٨.

[٥] فيصل فؤادي، من تاريخ الحركة الانصارية،المصدرالسابق،ص١٢٣.



شیوعی عێراق کەدوانیان بەدیلی کەوتنە دەست دوژمن و ساڵی ١٩٨٥لەسێدارەدران و(١)پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و(٢)پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، سەرکردە دیارەکانی ئەو داستانە لەهێزە کوردستانیەکان ئەمانەبوون:

لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق(مام کاوێس ڕەشید پێبازۆکی فەرماندە بوو لە کۆکراوەی چەند لقێك بوون ژمارەیان ٨٥پێشمەرگە بوو، عەباس سەرلق و سالم جێگر لق و ئەبوزیاد سەرپەل و ئەبو سەلما سەرپەل و بەکر جۆلا سەعید داربەسەری و عەولا حاجی و مامۆستا ناسیح و مام هیدایەت ئیلنجاغی و ئەحمەد عەوێنە و مام نوعمان و مام قادر تەها و ئەبو ریاز)، لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان(مولازم خولەی خۆشناوەتی و ئەحمەد قەمبەری و بەکر ڕەشاش لەقوەتی دەشتی هەولێر) و پێشمەرگەیەکیش بەناوی(عەبدولرەحمان)شەهید بوو، وە لە برادەرانی سۆسیالیست-یش(قادر مستەفا و دکتۆر ڕەشید و عەبدوڵلا کەردزی) و پێشمەرگەیەکیش بەناوی(عومەر)شەهید بوو.[٦]

**شەهید فەیسەڵ(١٩٦٣-١٩٨٢)یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ لە ئیلنجاغی گەورە**

ناوی تەواوی(فەیسەڵ وسو جومعە وسو ئەلیاس)ە، لەساڵی(١٩٦٣)لەخێزانێکی کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی(١٨)ساڵیدا لەکۆتایی ساڵی(١٩٨١)لەڕێگەی(خاڵە جەعفەر)ی برایەوە پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان لەتیپی(٩٣)ی دەشتی کۆیە دەبێتە پێشمەرگە.[١]

لەماوەی پێشمەرگایەتیدا لەسنوری تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە لەکەرتی(٢)دا، بەشداری چالاکیە ڕاسپێردراوەکانی ناو کۆیە و دەوروبەری کردووە لەگەڵ کەرتەکەیدا،

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو داستانە(هۆشەنگ باباعەلی، لەیادی داستانی گوندی سێکانی دا، گۆڤاری(چیا)، گۆڤارێکی مانگانەیە، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، ژمارە(٣٠)ی شوباتی ٢٠١٠ز، لەلاپەڕە٣٢-٣٦بخوێنەوە.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسو جومعە)، لەدایکبووی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە، برا گەورەی شەهید، لە١٨-٢-٢٠١٦ز.

لەمانگی(٥)ی ساڵی(١٩٨٢) هەواڵیان پێدراوە لەئاهەنگێکی(بوك گواستنەوە)دا، لەگوندی(کانی بی) کەنار زێی بچوك دوو(ئەمن)ی دەزگای(ئەمن) لە(تەقتەق)ەوە، داوەتکراون بۆ ئاهەنگەکە مەفرەزەیەك لەپێشمەرگەکانی تیپی **٩٣**ی دەشتی کۆیە بەمەبەستی گرتنی دوو ئەمنەکە دەچنە گوندی(کانی بی)کە لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوون:(تۆفیق قەیسەری و سوارە سابیر ئەحۆل و جەعفەر وسو ئیلنجاغی و فەیسەل وسو ئیلنجاغی وسەلاحی نەجەکەڕی عەودالانی و دەروێش باغەجنێری)، بەڵام دواتر دەرکەوت چۆن هەواڵ بەتیپی**٩٣**ی دەشتی کۆیە دراوە، بەهەمان شێوە بەئەمنەکانیش درا بێت کە پێشمەرگەکانی تیپی **٩٣**ی کۆیە دەیانەوێت ئەوان بگرن، بۆیە ئەمنەکان لەتەقتەقەوە ناچنە سەرشاییەکە، بەو شێوەیە پێشمەرگەکان دەگەڕێنەوە وەك چۆن هاتوون؟! لەنزیك گوندی(داوداوە)ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکەیان نامێنێ و ئۆتۆمبیلەکەیان وەردەگەڕێت و(فەیسەڵ وسو) بەو کارەساتە شەهید دەبێت و هەریەك لە(جەعفەر وسو ئیلنجاغی و سەلاح عەودالانی)برینداردەبن، بەداخەوە تەمەنی پێشمەرگایەتی شەهید فەیسەڵ کورت بوو، ژیانی هاوسەریشی پێك نەهێنابوو، لەگۆڕستانی گوندی(بانی ماران) بەخاك سپێردراوە.(٢)

## خۆشەویستی خەڵك وپێشمەرگە شەهید مەلا محەمەد(١٩٤٩-١٩٨٢)

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەشید تەیب)ە، لەساڵی(١٩٤٩)لەبنەماڵەیەکی هەژار و ئایین پەروەر و زەحمەتکێشی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە تەواوکردووە، لەتەمەنی(١٧)ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات و ئەو دەبێتە گەورە و بەخێوکەری ماڵ، لەمانگی(١٢)ی**١٩٧١**ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، چوار جگەر گۆشەی لەدوای خۆی جێهێشتتوە بەناوەکانی(دلسۆز و سنور و هێمن و مێلاق)، لەساڵی**١٩٧٣**کاتێك حزبی شیوعی عێراق بەرەیەك لەگەڵ حزبی بەعس پێك دەهێنێت لەلایەن پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول زۆر ئازار دەدرێت،

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.



چونکە بەنهێنی پەیوەندی تەواوی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقەوە هەبووە، بەناچاری(ئیلنجاغی گەورە)لە(٢٠-١٢-١٩٧٤)بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە شاری هەولێر و لەکارگەی جگەرەی هەولێر دەبێتە کرێکار، لە**١٦-٥-١٩٨١**لەشەڕی نێوان ئێران-عێراق دەکرێتە سەرباز، بەهۆی بیروباوەڕییەوە لە(١٠-١٠-١٩٨١)ریزەکانی سوپای عێراق جێ دەهێڵێت و بە(فیرار)ی ڕوو دەکاتە گوندی(سماقە)ی ناحیەی شۆڕش، بەهۆی ئەوەی خوێندەوار بووە، قورئانی پیرۆزی ختمکردووە، لەمزگەوتی گوندی سماقە بووە بەبانگدەر و پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە کردووە، بۆیە بە(مەلا محەمەد) لەلایەن خەڵکی گوندی سماقەوە ناسراوە، هەرچەندە هەژار بووە بەڵام بەردەوام خزمانی گوند لەدەوری کۆبوونەتەوە و دڵێکی فراوانی هەبووە، هەموو پێشمەرگەیەکی بێ جیاوازی حزبایەتی خۆشویستووە بۆیە بووە بەخۆشەویستی خەڵك و پێشمەرگە، بەژیانێکی مەمرە و مەژی(٨)مانگ و(٥)ڕۆژ لەم گوندە ماوەتەوە، تا لەبەرەبەیانی ڕۆژی(سێشەممە)لەبەرواری(١٥-٦-١٩٨٢)لەسەعات(١٠)ی سەرلەبەیانی کۆمەڵێك فڕۆکەی هەلیکۆپتەری بەعسیەکان هێرش دەکەنە سەر گوندی سماقە و بۆردومان و گوللەبارانی خەڵکی هەژار و جوتیار و زەحمەتکێش دەکەن، لەو ڕۆژەدا شەهید محەمەد و دوو هاوڕێی بەناوەکانی(ئەبوبەکر شێخ محەمەد قادر سماقەیی و محەمەد ئیلنجاغی قوڕاوییان ئەمەیان پێشمەرگەی شیوعی بوو)شەهید دەکرێن، دوا جار لەگۆڕستانی گوندی سماقەی بەخاك سپێردراوە.(١)

تەیب ڕەشید تەیب لەخۆشەویستی شەهید(مەلا محەمەد)ی برای قەڵەمەکەی دەکاتە زمانی شەهید و بەناونیشانی(لەزمانی شەهیدێك)ئەم هۆنراوەیە دەهۆنێتەوە:

گیانە بەکۆچکردنم زانیم دڵتان زۆر ئێشا
منیش هەر وەکو ئێوە دڵم بۆتان پەرۆشە
بۆ کۆرپە ساواکانم ئاگر بەربۆتە گیانم

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(تەیب ڕەشید تەیب)، لەدایکبووی(١٩٥٥)ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە٧-٤-٢٠١٦ز.

لەتاو دایکی دڵسوتاو، گشت برا و خوشکەکانم
لەبەر برینی دڵ و دەروونی پڕ ئاگرم
هەر لەغەمی ئێوەدام هەرچەندە لەژێر گلم
لەسەر ئازاری گیان و برینی نەپێچراوم
وێنەی کۆرپە جوانەکەم هەردەم دێتە بەرچاوم
بەڵام توخوا وەسیەت بێ ئەی کۆرپەی دابڕاوم
هەرگیز لەبیرتان نەچێ بەبێ تاوان کوژراوم
دیتتان چۆن بەزۆرداری بەناحەق خوێنم ڕژا
هەزارانی وەك من بەگوللە مێشکی پرژا
خوێنی چەند لاوی وەك من جۆگەڵەی بەست لەشاخا
چەند دایکی جەرگ سوتا و دڵی پڕ لەئاخ و داخە
هەزارانی وەك من کۆچی کرد بەبێ وەسیەت
بەجەرگی ئەو زۆردارە جەرگی کرا لەت و پەت
منیش دەبا یەکێك بم لەو ڕۆڵە شەهیدانە
کەوا خوێنی ڕشتووە لەسەر ئەم کوردستانە
هەروەها لەهۆنراویەکیتر بۆ شەهید محەمەد نوسیویەتی:
خێرنەدیوێك
برا هەرچەند ڕابردووی بەلای مندا بڕوانە
ستەم گۆڕی هەڵبەستم لەسەر گرد و کێوانە
لەبەهاری لاویم دا خەزان بەرۆکی گرتم
بەبێ تاوان بەناحەق، لەو خاکە خوێنی ڕشتم
بەئازاری دڵی تەنگ من لەدونیا ڕۆیشتم
لەژینا خۆشیم نەدی، بەئاواتی بەهەشتم



**شەڕی شیوی سامالّ**

کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید ئەحمەد قەمبەری و جێگرەکەی شەهید بەکر ڕەشاش لەتەمموزی ١٩٨٢لەسەر ڕێگەی(کۆیە-هەولێر)لەنزیك(شیوی سامالّ) بۆسەیەك بۆ کاروانێکی(قوە خاسە)هێزێکی تایبەتی ڕژێمی بەعس دەنێنەوە، لەو چالاکیەدا(مامۆستا سەیفەدین و ئەحمەد کوردە)شیان لەگەڵدا بوو[1]، لەو چالاکیەدا شەهید(بەکر ڕەشاش) و(سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ ئیلنجاغی و جەوهەر حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی و شۆڕش سێگردکانی ڕۆڵی جوامێرانەیان هاوشانی پێشمەرگەکانی کەرتەکە گێڕاوە.[2]

کاتێك هێزە تایبەتەکە(قوە خاسە)دەکەوێتە بۆسەکەیانەوە، پێشمەرگانە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و(١٤)یان لێ دەکوژن و ئیڤایەك دەسوتێنن، ئەم چالاکیەش بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە بۆ پیاوانی(ئەمن و قوە خاسە)ی ڕژێم لەسنورەکە[3]، ئەم بۆسەیە لە(١٧-٧-١٩٨٢)لە دەوروبەری سعات ٤ی عەسر ڕوویداوە و خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوون.[4]

**لێدانی گردی مۆردی گەرمکی تەقتەق**

بەچاوساغی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل گەرمکی) ناسراو بە(سەردار) ڕەبیەی سەرگردی(مۆرد)ی گەرمکی تەقتەق، کەدەڕوانێتە سەر

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)، لەدایکبوی(١٩٦٥)ی گەرمکی تەقتەق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٤-٢-٢٠١٦ز.
[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[4] نامەیەکی دەستنوسی(سەیفەدین عەلی ئەحمەد)،کادیری ڕێکخستن وجەماوەر، لە١٤-٨-٢٠١٣نوسیویەتی.

ڕێگەی سەرەکی(تەقتەق-سێگردکان) چەند جارێك هێزی پێشمەرگە پلانی لێدانی بۆ داناوە لەساڵی(١٩٨٢)دا[1]:

جاری یەکەم: شەهید بەکر ڕەشاش و مەلاسەدر ئیلنجاغی بەچاوساغی(ڕەسوڵ حەمەدەمین گەرمکی) هاوەنبارانی ڕەبیەکە دەکەن تاوەکو چیتر ڕێگریی لەهاتوچۆی ئەو هاوڵاتیانە نەکەن کە دەیانەوێت بۆ گوندەکانی ڕۆژئاوایی تەقتەق هاتوچۆ بکەن.[2]

جاری دووەم: شەهید حەمەزیاد تاڵەبانی و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ ئیلنجاغی هەر بەچاوساغی(ڕەسوڵ گەرمکی)، لەڕەبیەکە دەدەن و(٢)سەرباز دەکوژرێت ئەمەش بووە مایەی ئەوەی هەر هێزێك بێتە ڕەبایەکەوە گێچەڵ بەهاوڵاتیانی سنورەکە نەکات.[3]

### بازگەی پێشمەرگە لە ڕێگای تەقتەق-کۆیە

چڵکاوخۆر و جاش و بەعسیەکانی تەقتەق ڕۆژانە بێ گوێدانە هێزی پێشمەرگە و بێ سڵەمینەوە هاتوچۆی کۆیەیان دەکرد ،(٤)پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(شەهید وشیار عەبدولڕەحمان بایز ئیلنجاغی و شەهید حەمەزیاد تاڵەبانی و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ ئیلنجاغی و حوسێن ناوێك)، لەهاوینی ١٩٨٢دەچنە(شیووی لولە)ی نێوان(تاڵەبانی گەورە و تەقتەق) لەسەر ڕێگەی سەرەکی(کۆیە-تەقتەق) بۆسەیەکی بازگەیی دەنێنەوە، ئۆتۆمبیلەکان ڕادەگرن و پێناسەیان لێ وەردەگرن، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئیتر لەوە بەدواوە هیچ

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسول حەمەدەمین ئیسماعیل) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



بەعسیەك و پیاو خراپێکی ڕژێم نەیوێرا بەئاشکراو و بەتەنها لە تەقتەقەوە بچێتە کۆیە و هەموو کات لەگەڵ(کاروانە سەربازییەکان)بەڕێدەکەوتن.[1]

### ئۆمەرگومبەت(شەڕ)

لەشۆڕشی نوێدا گوندی(ئۆمەرگومبەت) لەدەشتی هەولێر ئەو شەرەفەی پێ بڕاوە کە یەکەم گۆڕەپانی شەڕی دەستەویەخەی نێوان(هێزی پێشمەرگە و ڕژێمی بەعس) بووە، سەرکەوتنی پێشمەرگەش لەو شەڕەدا ئەوەندەی تر(داستانی ئۆمەرگومبەت)دەنگی دایەوە، لەهاوینی ساڵی(١٩٨٢)، کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(شەهید ئەحمەد قەمبەری) و چەند پێشمەرگەیەکی کەرتی(١)ی شەهید ئاودێر کە تێکڕا ژمارەیان(٣٦)پێشمەرگە بووە.[1]

لەشەوی(١٣/١٤-٨-١٩٨٢) ئەو کەرتە هەواڵیان پێگەیشتووە کە حکومەت هێرشیان دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی ئەو کەرتەش لەسەعات(٨)ی ئێوارەوە تاوەکو بەرەبەیان سەعات(٣:٥٠)سێ وپەنجا دەقیقە بۆسەیەك لەنێوان(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت)دەنێنەوە، بەڵام ڕژێم لەو شەوەدا هێرش ناکات و بۆیە پێشمەرگەکان بۆسەکە چۆڵ دەکەن و سەعات(٥)بەیانی دەگەنەوە ناو گوندی(ئۆمەرگومبەت)، لەماڵەکاندا دابەش دەبن لەسەعات(٥:٣٠)ی بەیانی هێزی دوژمن دەگاتە ناو گوندی(ئۆمەرگومبەت) کە هێزە سەربازییەکە لە(فەیلەقی کەرکوك)ەوە هاتبوو، لەگەڵ جاشەکانی سنوری تەقتەق و کۆیە، کە ژمارەی(جاش و جەیش)بە(٣)هەزارجاش و قوەخاسە مەزەندە دەکرا، بەپاڵشتی(٧)هەلیکۆپتەر و(٣)ناقیلە و(٥)هەلیکۆپتەریان بارهەڵگر بوون و هەر سەربازیان دادەبەزاند.[2]

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(١) ئاراس ئیلنجاغی، سێگردکان و سێبەر نشینەکانی، لاپەڕە١١٨.
(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

شەڕ لەگەڵ گزنگی خۆرەتاو دەستی پێکرد و پێشمەرگە هاتەدەست و وەڵامێکی توندی دوژمنی دایەوە و(مەلا برایم)پێشمەرگەی کەرتەکە لەبڵندگۆی مزگەوتی ئۆمەرگومبەتەوە دەیگووت(الجنود اخواننا، والفاشیە اعدائنا)[3]، شەڕ تاسعات(١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ بەردەوامبوو(٢٠)قوەخاسە و(٣)جاش کوژران و لەهێزی پێشمەرگەش هیچ زیانێکی گیانیان نەبوو، تەنها(٢)منداڵی گوندی ئۆمەرگومبەت برینداربوون بەناوەکانی(فاتیمە و حەلیمە)ی کچی لالە حەکیمی شەلەوەندی کەپیاوێکی دلسۆزی شۆڕشی نوێ بوو.[4]

هۆی کەمی زیانی خەڵك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەخزمانی ئۆمەرگومبەت لەهاویندا لەسەر زەویەکشتوکاڵیەکانیان بوون و ژمارەیەکی کەم لەخێزانەکان لەکاتی شەڕەکە لەئاوایی بوون، بەڕاستی پێشمەرگە زۆر قارەمانانە شەڕی کرد بۆیە دوژمن نەیتوانی پێشڕەوی بکات و لەو کاتەش با و تۆزێکی سەیر هەڵیکرد، هەرچەندە(٧)هەلیکۆپتەر لەئاسمانی شەڕەکەدا بوو، کوێرانە بۆردومانیان دەکرد، دوای نیوەڕۆ هێزەکەی پێشمەرگە بەسەرکەوتوویی ئۆمەرگومبەت بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە سێگردکان[5]، کوڕانی ئیلنجاغی گەورە لەو داستانە کەم وێنەیەدا بەشداریان هەبوو هەریەك لە(محەمەد ئەحمەد حەمەد چاوشین و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ ئیلنجاغی) و دواتریش(عەباس حەمەدەمین ئۆمەر-مام عەباس ئیلنجاغی)بەهاواری کەرتەکەوە خۆی دەگەیەنێتە لای پێشمەرگەکان بۆ بەرزکردنەوەی وورەی پێشمەرگەکان[6]، جگەلەمانە پێشمەرگەکانیتر(شهاب برایم تاڵەبانی گەورە و حوسێن پەڵکانەیی و هیوا ئەشکەوت سەقایی و ڕەسوڵ حەمەدەمین گەرمکی و مەلا برایم مەلا قەرەیی و سەید جەوهەر سارتکی و لاوەی کێخوا یابەی کاولەسواری و شەهید ڕۆستەم مەلاقەرەیی-

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[6] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



شەهید ڕۆستەم ئاڕپێچیەکی هەڵگرتبوو تەنها(٣)گوللە ئاڕپێچی لابووە، بەو هۆیەوە هەلیکۆپتەرەکان لەبەرزییەوە کوێرانە بۆردومانیان دەکرد بەمەش نەیانتوانی زیان لەهێزی پێشمەرگە بدەن.[7]

**داستانی(کەلی سوور) بەخوێنی سوور گەشایەوە**

پێشمەرگەکانی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، دوژمن لە(پێدەشت و هەرد و کەنارچەم و بەستی شەرغە و بناری دێدەوان و سەفین و گۆرقەرەج و باواجی و تەکەڵتو و بێژینگ بەسەر و چوارچۆتیار و دەشتی کۆیە و دەشتە زێکردەکانی کەناری زێی بچوك و دەشتی کاکی بەکاکی هەولێر)بەهیچ کلۆجێ لەڕووبەڕووبوەنەوەیاندا لەسەر زەوی دا سەرکەوتوو نابوو، بۆیە پەنای بردبووە بەر فرۆکە جەنگیەکان لەماوەی(٤٨)ڕۆژدا لە(٨-٨-١٩٨٢ تاوەکو ٢٥-٩-١٩٨٢) بەورەکانی پێدەشتی هەولێر لەکەرتی ناوبراو بوبوونە شەڕڤان لەگەڵ ئاسمان، لەداستانی کەلی سوری یەکەم(٣)پێشمەرگە شەهیدبوون و لەتۆڵەکردنەوەی خوێنی ئەو پێشمەرگانە(٥) پێشمەرگەیتری کەرتی(٢) شەهیدبوون، پێشمەرگە قارەمانەکانیش(١)هەلیکۆپتەریان پێکا و سەدان سەربازی بەعسیان کردە پەندی زەمانە، پێویستە لەسەروەرییەکانی داستانی(کەلی سور)دا لەمەودا ناوی(٨)پێشمەرگەی شەهیدی قارەمان بهێنرێت کە شەهیدبوونیان پەیوەندی بەیەکەوە بووە، هەر لەزنجیرەی(کەلی سور)ی بناری بەستی شەرغەوە تا(خەزنە)ی سەر ڕووباری زێی بچوك لەئاقاری(سێگردکان) و دەشتە زێکردەکانی قەرەساڵم و تولکی شێخ بزێنی خواروو شەهیدەکانیش ئەمانە بوون:

١-شەهید(وشیار عەبدولرەحمان بایز کاوێس) ئیلنجاغی، کادیر و پێشمەرگە.

٢-شەهید(تەحسین ئەحمەد عەزیز)ی خەزنەی حاجی سادق، ناسراو بە(ڕێباز)، پێشمەرگە.

٣-شەهید(عوسمان حەمەد ئەمین) تەلەخێمی، ناسراو بە(وریا)، پێشمەرگە.

[7] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٤-شەهید (بەکر سولێمان فەتحوڵڵا کاوێس) ناسراو بە (بەکر ڕەشاش)، فەرماندەی مەفرەزە و جێگری کەرتی (٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٥-شەهید (کاکە عەزیز حوسێن) مەلاقەرەی دیبەگە، ناسراو بە (کاکە)، پێشمەرگە.

٦-شەهید (قادر حەسەن شینە) گردەسۆری، پێشمەرگە.

٧-شەهید (سەباح عەبدولرەحمان سەعید) گەرمکی تەقتەق، پێشمەرگە.

٨-شەهید (مەجید ئەبوبەکر محەمەد ئەمین کەل) ئۆمەرگومبەتی، ناسراو بە (مەجیدەسور)، پێشمەرگە.

## داستانی کەلی سوری یەکەم (٨-٨-١٩٨٢)

هەرسێ پێشمەرگە (وشیار عەبدولرەحمان بایز ئیلنجاغی و تەحسین ئەحمەد عەزیز خەزنەیی و عوسمان حەمەد ئەمین تەلەخێمی) بەیەکەوە چالاکیەکی پارتیزانانە ئەنجام دەدەن لەسەر ڕێگای (پردێ-هەولێر) لەنزیك گوندی (شێراوە)، هەرسێکیان (عەبا) لەسەر دەنێن وەك فرت و فێڵ و داوێکی پارتیزانانە بۆ ڕاوکردنی پیاوانی ڕژێمی بەعس، (جەیشی شەعبی) یەك بەخۆیی و ئۆتۆمبیلەکەی دەکەوێتە داوەکەیان و چەکی دەکەن و ئۆتۆمبیلەکەشی بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەستبەسەر دادەگرن، بەڵام چونکە بیری کوردایەتی و شۆڕشگێڕیان بەهێزبووە، جەیشی شەعبییە دیلەکە ئازاد دەکەن، ئەویش خەبەر دەدات و ڕژێمیش بۆ ڕۆژانی دواتر چەند جارێك بەهەلیکۆپتەر دێتە ئاسمانی ناوچەکە و بەدوای ئەو پێشمەرگانەوە دەبێت، لەئەنجامدا لەنزیك (کەلی سوور) دا لەنێوان (سارتك و کانی سلێمانە) لە (٨-٨-١٩٨٢) لەنزیك بەستی شەرغە، هەلیکۆپتەری ڕژێم سەرباز دادەبەزێنێت، دوای بەرگرییەکی قارەمانانە هەرسێ پێشمەرگە شەهید دەکەن و تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن.[1]

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید وشیار، چاوپێکەوتنی پێشوو.



## شەهید وشیار (١٩٦٠-١٩٨٢) بەوری پێدەشتان و شەڕڤان لەگەڵ ئاسمان

ناوی تەواوی (وشیار عەبدولرەحمان بایز کاوێس مەلاك)ە، لەساڵی (١٩٦٠) لەگوندی (ئیلنجاغی گەورە) لەبنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و جوتیار و کوردپەروەر هاتۆتە ژیانەوە، دەرچووی ئامادەیی (کشتوکاڵی کەڵەك)-ئاسکی کەڵەك بوو، لەڕێگەی گوشاد عەبدولرەحمان کادیر و شۆڕشگێڕی کۆمەڵە پەیوەندی دەکات بە (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان) لەساڵی ١٩٧٧ز[1]، گەنجێکی چوست و چالاك و جوان و هەست ناسك و ڕۆشنبیر بوو، تابلێی کادیرێکی دڵسۆزی کۆمەڵە بوو، چەند ڕۆژێك بەر لەشەهیدبوونی کاسکێتێکی لەسەربوو (ئارم و ناوی کۆمەڵە)ی لەسەر بوو، هەر لەبەر گیانفیدایی کوردایەتی و بیری چەپ و کۆمەڵە بوو، ساڵی ١٩٨١پەیوەندیکرد بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووە پێشمەرگە.[2]

لە (١٦-٨-١٩٨١) لە ناوزەنگ دەکرێتە کارمەندی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی شۆڕش، ئەو کات مامۆستا (بورهان قانیع) سەرپەرشتیار بووە، لەمانگی (١)ی ساڵی (١٩٨٢) لەگەڵ (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) بەیەکەوە لەسەرکردایەتیەوە دێنەخوارەوە بۆ دەشتی هەولێر[3].

شەهید وشیار زیاتر لەگەڵ هەردوو هاوڕێکەی شەهید (ڕێباز و وریا) لەناوچەی قەراج وکەندێناوە چالاکیان بەیەکەوە ئەنجام دەدا[4]، لەڕۆژی (٨-٨-١٩٨٢) بۆ کارێکی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی لەگەڵ هاوڕێکانی بەیەکەوە دەچن و لەڕێگادا

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید وشیار، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] شێرکۆ شێخانی، شەهید وشیارووداستانی کەلی سور، کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٦٣٨) لە (٢٧-٣-٢٠١٥)ز.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) لەدایکبووی (١٩٦١)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢١-٢-٢٠١٦ز.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلام عەباس حەمەدەمین) لەدایکبوی (١٩٦٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

لەنزیك(کەلی سور)کە دەکەوێتە سنوری ناحیەی سێگردکان کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس دەگەنە سەریان و بۆردومانیان دەکەن و دوای شەڕێکی نابەرامبەری قارەمانانە هەرسێکیان شەهید دەبن، پاشان کۆپتەرەکان تەرمی پیرۆزی پێشمەرگەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن و تا ئێستاش بێ سەر و شوێنن.[٥]

## چۆنیەتی شەهیدبوونی شەهید وشیار و هاوڕێکانی

ئەحمەد حەمەدەمین-بابەشێخ ئیلنجاغی پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەری شەهید وشیار و هاوڕێکانی بەو شێوەیە چۆنیەتی شەهیدبوونی شەهید وشیار دەگێڕێتەوە:

کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ئێوارەی(٦/٧-٨-١٩٨٢)لەگوندی(سارتك)ی ناحیەی سێگردکان داوەتبووین، بۆ بەیانیەکەی(٧-٨-١٩٨٢) چووینە(دڕوگەی سارتك) لەشەوی دواتر(٧/٨-٨-١٩٨٢) چووینە بەستی شەرغە، پیکابی کەرتەکەمان لەلای(هاشم سارتکی) لەگوندی(سارتك) بەجێهێشت، ڕۆژی(٨-٨-١٩٨٢) هەواڵدەر هەواڵی هێنا کە سوپای عێراق و فڕۆکەی هەلیکۆپتەریش دەردەچێت بۆ ئەو ناوچەیەی کە کەرتەکەی ئێمەی لێبوو، بۆیە کەرتەکەمان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و پارتیزانانە دوو بە دوو بەماوەیەك لەیەکترییەوە دوور، بە بەستی شەرغەوە سەرکەوتین چوینە گوندی(کانی سلێمانە) لەوێشەوە بڕیارماندا بچینە گوندی(بەردەسپی) لەبەیانیدا تاوەکو نیوەڕۆ دووجار هەلیکۆپتەر هات و لەناوچەکەدا دەسوڕایەوە، دەوروبەری سعات(٣)ی پاش نیوەڕۆی(٨-٨-١٩٨٢) لەکەناری زێی بچوك بۆردومانی کرد و دووکەڵی بەرزکردەوە، شەهید(ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی کەرتەکەمان گومانی هەبوو، کە لەپیکابەکەی لای(هاشم سارتکی)دابێت، بۆیە بەهەردوو پێشمەرگەی شەهید(ڕێباز و وریا)کە ئەوان لەچالاکیەك لەگەڵ شەهید ووشیار بەیەکەوە پیکابێکیان هێنابوو، ووت: کەبچن بزانن

[٥] شێرکۆ شێخانی، شەهید وشیارواستانی کەلی سور، کوردستانی نوێ،چاوپێکەوتنی پێشوو.



چی ڕوویداوە لەگوندی(سارتك)؟!، هەرچەندە شەهید وشیار لێپرسراوی ڕێکخستن بوو لەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بڕیاریش بوو بەیەکەوە بچینە ماڵێك چایەك بخۆینەوە، بەڵام کە گوێی لەمە بوو، ووتی: منیش دەچم لەو کاتەی ئەوان بەڕێکەوتن(٣) هەلیکۆپتەر هاتن(١) بارهەڵگر و(٢) جەنگی، بارهەڵگرەکە لەبەرزاییەکانی(بەستی شەرغە) سەربازی دابەزاند و هەلیکۆپتەرە جەنگیەکانیش بۆردومانی پیکابەکەی پێشمەرگەکانی کرد، ڕووبەڕووبوونەوەیەك زیاتر لەچارەگە سعاتێکی خایاند، پێکدانێکی نابەرامبەر(٣) هەلیکۆپتەر و سەدان سەرباز بەرامبەر(٣) پێشمەرگە، گوێمان لەدەنگی ڕەشاشە تەکتاریۆفەکەی شەهید وشیار بوو، کە تەقەی لەسەربازەکان کردبوو، ئینجا دواتر چووینە شوێنی ڕووداوەکە تەنها پێڵاوە ئەدیداس و پارچەی تفەنگە ڕەشاشەکەی شەهید وشیار بەجێ مابوو، زانیمان هەرسێکیان شەهیدبوون.[١]

عەلی حاجی ڕەزا محەمەد شایەتحاڵێکی تەمەن(١٧)ساڵی ئەو کات، هاولاتی خەڵکی گوندی(سێکانی) لەکاتی ڕووداوەکە لەئاقاری(چلکنە)ی خوار(کەلی سور)ی نێوان(سارتك وکانی سلێمانە)بووە، ئەو شوێنەی پێشمەرگەکانی لێ شەهیدکراوە دەگێڕێتەوە:

لەئاسمانی(بەردەسپی و کانی سلێمانە) سێ هەلیکۆپتەر دەسوڕانەوە(٢) جەنگی و(١) بارهەڵگر، بارهەڵگرەکە لە(بەستی شەرغە) نیشتەوە و سەربازێکی زۆری دابەزاند و گردەکانی ئەو ناوەیان گرت، یەکێك لەپێشمەرگەکان لەئۆتۆمبیلەکەی هاتەخوارەوە و بەرەو سەربازەکان دەستی بەتەقەکردن کرد، بەچاوی خۆم بینیم(٢) سەربازبەریان کەوت و کەوتنە سەر زەوی، بەڵام هەلیکۆپتەرە جەنگیەکان بۆردومانی خەستی پێشمەرگەکانیان کرد، تا شەهیدیان کردن، دواتر تەرمی هەرسێ پێشمەرگەکەیان لەهەلیکۆپتەرە بارهەڵگرەکە بارکرد، پاشماوەیەك لەناو بازاڕی

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

**قەیسەری شاری هەولێر پۆستەری شەهید (وشیار)م بینی لەڕێگەی ئەندامانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە هەڵواسرابوو.[٢]**

**هەروەها شەهید (شاخەوان عەباس) فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەکاتی شەهیدبوونی شەهید وشیاردا لەچڵەی ماتەمینیەکەی لەگوندی(بانی ماران)دا، لەوتەیەکدا وتی: هەرچەندە ئەو جێگەیەی ئەوان شەڕیان لێکردووە، جێگەی شەڕکردن نەبووە، بەڵام قارەمانانە شەڕیانکردووە، تا شەهیدبوون، بەڵگەش بۆ ئەمەی کە دوژمن زیانی بەرکەوتووە دوای ئەوەی چونەتە سەر جەنازەکانیان بەدەستڕێژی گوللە پێڵاوەکانیشیانی ئەنجن ئەنجن کردووە[٣]، شێخ چاپووك شێخ عومەر هاوڕێی شەهید دەڵێت: لەسێ یەمی ناوەندی لەگەڵ شەهید وشیار پێکەوە دەمانخوێند، کوڕێکی سور و سپی و چاوشین و جوان بوو، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، زۆر مشت و مڕی لەگەڵ مامۆستایەکی عەرەب دەکرد، نەدەبووە بەعسی، لەمناقەشەکردن دەمارەکانی ملی هەڵدەستا شاعیرێکی هەست ناسك بوو، نازناوی شیعری(سۆران)بوو، من دەفتەرە شیعرییەکەم خوێندەوە، لەپاڵ وشە دڵدارییەکانی وشەی(ڕەنجدەر و هەژار و کورد و کوردستان)ی زۆر تێدابوو، بۆ ئەوکاتە ئەو وشانە هەموو کەسێك بەکاری نەدەهێنا، ئەمەش دەقێك لەشیعرەکانیەتی، کە زانیویەتی(سواری) لەو ڕێگا بەردەڵان و هەرەت و پەرەتە دوور و درێژەدا بێ، گلانیش دەبێت:**

**کاسەی سەری دەسگیرانەکەم**
**لەکوێ یە،**
**جێ ی ماچێکی پێوە ماوە**
**ئەوێك لەگەڵ کاروان بێ**
**دوابڕیار لەدەست نەدراوە[٤]**

---

**[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی ڕەزا محەمەد)لەدایکبوی(١٩٦٥)ی سێکانی، شایەتحاڵ، لە٢٠-١-٢٠١٦ز.**
**[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.**
**[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(چاپوك شێخ عومەر)لەدایکبووی(١٩٦٠)ی سماقوڵی، پێشمەرگەی دێرین، هاوڕێی شەهید، لە٢١-١-٢٠١٦ز.**



**شەریف عەبدولرەحمان بایز برای شەهید وشیار لە(١-٦-١٩٧٥)دا، لەچیای(ئاوەگرد) لەشەڕێکدا بەبریندار لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستگیردەکرێت و لە(٢٩-٥-١٩٧٥)لەموسڵ لەسێدارە دەدرێت.[٥]**

**لەکاتی شەڕەکەدا چەکەکەی(ڕەشاش) تەکتاریۆفی ڕووسی بووە، شەهید وشیاریش دوای(٧) ساڵ لەشۆڕشی نوێ دا، هەرچەکی ڕەشاش تەکتاریۆفی پێ بووە و بەپێوە شەهید بووە، ئەم جۆرە چەکەش قورسە و هەموو پێشمەرگەیەك پێی هەڵنەدەگیرا، ئەمەش گوزارشتی ئازایەتی و لەخۆبوردەیی و قارەمانیەتی هەردوو شەهید نیشان دەدات، هەروەها لەلایەکیتریشەوە ئەو چەکەی لەکاتی شەهیدبوون، شەهید وشیار لەلای بووە، چەکی(شەهید بەکر ڕەشاش)ی ئامۆزای بووە، دواتر چەکێکی تەکتاریۆف بۆ شەهید بەکر ڕەشاش لەلایەن کەرتی(٢)ەوە دابین دەکرێتەوە، شەهید بەکریش هەر بەو چەکە ڕەشاشەوە شەهید دەبێت کە کەرتی(٢) بۆی دابینکردبۆوە.[٦]**

**بەپێی هەندێ زانیاری تەرمی هەرسێ پێشمەرگەی شەهید لەکاتی شەهیدبوونیان، بەهاوڵاتیەکی گوندی ئۆمەرگومبەتی کە ئەو کات لە بەستی شەرغە جوتیار بووە، بارکراون بۆ ناو هەلیکۆپتەرە بارهەڵگرەکە و برداونەتە نەخۆشخانەی کۆماری لەشاری هەولێر و دواتر لەلایەن ئەمنەوە تەرمەکانیان بۆ شوێنێکی نادیار گوازراونەتەوە تا ئێستاش گۆڕیان گۆڕی سەربازی ونە.[٧]**

**گوشاد عەبدولرەحمان بایز برا و هاوڕێی شەهید وشیار لەیادی شەهیدبوونی تێکستێکی شیعری بۆ هۆنیوەتەوە لەساڵی ٢٠٠٧ بەناونیشانی(لوتکەی ئازادی) و تێیدا دەڵێت:**

---

**[٥] شێرکۆ شێخانی، شەهید وشیارو داستانی کەلی سور، کوردستانی نوێ،چاوپێکەوتنی پێشوو.**
**[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)لەدایکبووی(١٩٦٥)ی گەرمکی تەقتەق، پێشمەرگەی دێرین هاوڕێی شەهید، لە٢١-١-٢٠١٦ز.**
**[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.**

هۆ شۆڕە سوارەکەی لوتکەی ئازادی
دامەبەزە و پشتی خۆتی لێ مەکەوە!
خۆ هێشتا نە تۆزی مەیدانی شەڕ
بۆتە سورمەی چاوی عاشقان،
نە بۆنی چڕە دوکەڵی لادێ سوتاوەکان
بۆتە عەتری بەرۆکی جێژوان،
خوێنی گەشت پێکی سورە و
هەمور شەوێ، ستەمکاران
لە سەر سنگی کەنیزەکان دەیخۆنەوە.

**لەتۆڵەی شەهیدانی کەلی سوور**

کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید ئەحمەد قەمبەری و جێگرەکەی(شەهید بەکر ڕەشاش) بۆ تۆڵەکردنەوەی شەهیدانی کەلی سوور شەهید وشیار و هاوڕێکانی، بەرنامەی بۆ چەند چالاکیەك داڕشت بۆ ئەوەی چەند گورزێکی گورچکبڕ بە دوژمن بگەیەنێت، یەکێك لەو شوێنانەی دیاریکرا(قەرەبەگ)ی شێخ بزێنی خواروو بوو، کە هەندێك ڕەبیەی دوومەڵ ئاسای جاش و جەیشی شەعبی لێبوو، بۆ ئەم مەبەستە کەرتەکە لە(سێگردکان) لەئاقاری(خەزنە) بەسواری کەڵەك لە رووباری زێی بچوك پەڕینەوە، بەڵام لە(حاوییەکان)ی واتە دەشتەزێکردەکانی گوندی(قەرەساڵم وتولکی) تووشی هێزێکی(جەیشی شەعبی و جاش) هاتن، کە کێومالی ئەو سنورەیانکردووە، لەئەنجامدا ڕووبەڕووبونەوە و شەڕ لەنێوان هەردوو هێز ڕوویداوە، پێشمەرگەکانی کەرتی(٢)جاش و جەیشی شەعبیەکانیان ڕاونا و دوژمن کوژراو و برینداری هەبوو، بەڵام ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە وایکرد پلانی گرتنی(قەرەبەگ)دوابخرێت و کەرتی(٢) بە زێی بچوکدا گەڕانەوە بۆ سێگردکان،



وەجبەی یەکەم شەهید ئەحمەد قەمبەری و هەندێك لە پێشمەرگەکان پەڕینەوە، لە وەجبەی دووەم شەهید(بەکر رەشاش و شەهید کاکە) بەهۆی تاریکی و نەشارەزایی لەشوێنی پەڕینەوەی ڕووبارەکە لە(خەزنە)ی سێگردکان کەوتنە زێی بچووکەوە و بەو هۆیەوە دوای ئەو قارەمانێتیەی نواندیان لەئاوی ڕووبارەکە نقومبوون و شەهیدبوون.[١]

**شەهید بەکر ڕەشاش(١٩٥٧-١٩٨٢) دەبابەکەی دەشتی هەولێر**

ناوی تەواوی(بەکر سولێمان فەتحوڵلا کاوێس مەلاك)ە، ناسراو بە(بەکر ڕەشاش) ساڵی ١٩٥٧لەخێزانێکی زەحمەتکێشی جوتیار و کوردپەروەری گوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لەئیلنجاغی گەورە و ناوەندی لەشارۆچکەی تەقتەق تەواوکردووە، ساڵی(١٩٧١-١٩٧٢) پەیوەندی بە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە دەکات.[١]

بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی دەچێتە شارۆچکەی(ڕانیە) بەهۆی بۆردومانەکەی سەر قەڵادزێ ساڵی(١٩٧٤) دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت و لە(تۆپخانەی شۆڕش) دەبێتە پێشمەرگە تانسکۆی ساڵی ١٩٧٥، هەر لەو ساڵەدا دەبێتە پەنابەر لە وڵاتی ئێران و ساڵی(١٩٧٦) دەگەڕێتەوە کوردستان و دەچێتەوە(دواناوەندی کۆیەی کوڕان) بۆ درێژەدان بەخوێندن، بەڵام چاودێرییەکی توندی دەزگای ئەمنی بەسەرەوە بووە و چەندین جار بانگ دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە، بەناچاری خوێندن بەجێ دەهێڵێت و ماوەیەك دەبێتە(سەرباز) لەسوپای عێراق، لەساڵی(١٩٧٨)ەوە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ-ەوە بەڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ەوە دەکات.[٢]

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٢] ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٥٧.

لەڕێگەی شەهید(عەلی سالّح سێگردکانی)ەوە پەیوەندیکردووە بە(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)ەوە، بۆیە بەر لەشەڕی(عێراق-ئێران) ئامادەیی خۆی نیشان دەدات ببێتە پێشمەرگە، بەلاّم بەهۆی بارودۆخەکانەوە لەمانگی(١٠)ی ١٩٨٠شەوێك لەمزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لەگەڵ هەریەك لە(خالّە جەعفەر و محەمەد فەتاح و مەلا سەدر و مامەی مام خورشیدی) بەسەرپەرشتی شەهید(عەلی سالّح) کۆدەبنەوە و بەیانیەکەی(٣٠-١٠-١٩٨٠) پەیوەندی دەکەن بەهەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر، لەکەرتی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید عەلی سالّح دەبنە پێشمەرگە[٣]، شەهید بەکر ڕەشاش و هاوڕێکانی زوو لەکەرتی دەشتی هەولێر بەهۆی ئازایەتی و لەخۆبووردەییانەوە دەناسرێن و بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی دەکەن، لەمانگی(١١)ی١٩٨٠دووجار لەڕەبیەکانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق دەدرێت شەهید بەکر ڕەشاش بەشدار دەبێت، جگە لە چالاکیە کتوپڕ و خێراکانی دەشتی کۆیە لەگۆڕستانی گوندی(بۆگد) پێنج ئۆتۆمبیل دەسوتێنن، لە(دەربەندی گۆمەسپان) لەدووژمن دەدەن و پەیامی شۆڕشی نوێیان پێ گەیاندووە، هەروەها لەچەندین چالاکی ناوشاری(هەولێر و کۆیە و تەقتەق) و چالاکی سەر ڕێگاکانی نێوان(هەولێر-کۆیە) و(کۆیە-تەقتەق) و(تەقتەق-سێگردکان) ڕۆڵی قارەمانانەی گێڕاوە، وەك بەورێکی چنگ بەگڕ لەنێوان(دەشتی کۆیە و دەشتی هەولێر و شوان و شێخ بزێنی و خۆشناوەتی) ئەویاڵ و ئەو یاڵی کردووە.[٤]

هەروەها لەلێدانی ڕەبیەکانی گردی مۆردی گەرمکی تەقتەق و شەڕ و داستانی(قەلاسنج)ی سەرووی بناری سەفینی سەربە شارۆچکەی شەقلاوە لە(٢٥-١٢-١٩٨٠) کە لەو شەڕەدا دوژمن بەجاش و جەیشەوە پەلاماریان دەدەن ڕۆڵی

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



قارەمانانەی گێڕاوە[٥]، لەشەڕی(قەلاسنج)دا شەهید(ملازم سەید کەریم هاودیانی) فەرماندەی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر ڕۆڵی جوامێرانەی(مەلا سەدر و شەهید بەکر ڕەشاش)ی بۆ دەردەکەوێت، هەردوای شەڕەکە(مەلا سەدر) دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە و پاش کەمێك شەهید(بەکر)یش دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی(٢)ی قوەتی دەشتی هەولێر.[٦]

لەساڵی(١٩٨١)ەوە لەدەشتی هەولێر لەتێکڕای چالاکیەکانی کەرتی(٢) بە فەرماندەیی شەهید ئەحمەد قەمبەری ئازایانە و چاونەترسانە چالاکی کردووە، لەسەر ڕێگاکانی(کۆیە، هەولێر، دێگەڵە، شوان، بەستی شەرغە، خۆشناوەتی، سالّەیی، شێخ بزێنی، تەقتەق) لەشەڕی(شیوی سامالّ)دا لەساڵی ١٩٨٢قارەمانانە بەشداربووە، هەروەها لەداستانی(سێکانی) لە٢٧-١-١٩٨٢ بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگەکانی(حزبی شیوعی عێراق) لەگەڵ مەفرەزەکەی بەشدار بووە و مێرخاس و عەگیدانە لەنێوان(ئۆمەرگومبەت-سێگردکان) سەرپەرشتی لێدانی دووژمنی کردووە.[٧]

دوای(١٠) سالاّن(١٩٧٢-١٩٨٢) لەکاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی لەدوو شۆڕشدا(ئەیلول و نوێ) دوای ئەنجامدانی چالاکیەکی پێشمەرگانە لەشێخ بزێنی خواروو لە پێدەشتە زێکردەکانی(قەرەساڵم و تولّکی) ڕوو بەڕووی(٣٠٠) چەکداری(جاش و جەیشی شەعبی) دەبنەوە لە(٢٢-٩-١٩٨٢) پاش شەڕێکی دەستەویەخەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، فیشەك و پێداویستی شەڕەکەیان لێ دەبڕێت و بڕیار دەدەن لەزێی بچووك بپەڕنەوە بۆ بەری(سێگردکان) شەهید بەکر ڕەشاش سەرەتا سەرپەرشتی ئەو پێشمەرگانە دەکات بۆ ئەوەی

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

سواری(کەڵەك) بن، شەهید ئەحمەد قەمبەری و کۆمەڵێك پێشمەرگە بۆ یەکەمجار دەپەڕنەوە، دوا کاروان(شەهید بەکر ڕەشاش) لەخەزنەی نێوان(سێگردکان و شەوگێڕ) لەکاتی پەڕینەوە خۆیی و هاوڕێکەی بەناوی(کاکە) دەکەونە ئاوی زێی بچوکەوە و دەچنە کاروانی شەهیدانەوە.[8]

### چۆنیەتی شەهیدبوونی بەکر ڕەشاش

بابەشێخ پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەری شەهید بەکر ڕەشاش بەو شێوەیە ڕووداوی شەهیدبوونی شەهید بەکر و شەهید کاکە دەگێڕێتەوە:

مەلا خدر مامەند قەرەبەگی چاوساغمان بوو بۆ گرتنی(قاتعی جەیشی شەعبی) قەرەبەگ، شەوی(٢١/٢٢-٩-١٩٨٢) لەسێگردکانەوە بەکەڵەك پەڕینەوە و چوینە پشت ئاوایی(تولکی وشەوگێڕ) بۆبەیانیەکەی خۆمان لەو ناوە شاردەوە و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد(حوسێن و لاوەی کێخوا یابە) تازە هاتبوون بووبونە پێشمەرگە لەکەرتەکەمان، لەناو(حاوییەکان)ی پشت تولکی و قەرەسالم توشی ڕووبەڕووبونەوەیەکی بێ بەرنامە هاتین لەگەڵ(جاش و جەیشی شەعبی) ڕژێمی بەعس، ئەوان ژمارەیان نزیکەی(٣٠٠)چەکدار دەبوو، کێومالی پێدەشتەکەیان دەکرد، کەوتینە دوورە تەقە لەیەکتری، ناقیلەیەك هات و(محەمەد چاوشین ئیلنجاغی) ووتی: بابچین بیگرین بەڵام ئیتر نەفیشەکمان پێ مابوو، نەپلانەکەشمان بۆگرتنی قاتعی جەیشی شەعبی قەرەبەگ سەری گرت، هەرچەندە ئاوی زێی بچوك زۆر بوو، بەڵام شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت، نەیسەلماند ووتی: هەر دەبێت بپەڕینەوە لای سێگردکان، بەداخەوە شەهید بەکر ڕەشاش بە شەهید ئەحمەد قەمبەری ووت: من لای برادەران دەمێنمەوە سەرەتا ئێوەبڕۆن، هەر ڕێنمایی پێشمەرگەکانی دەکرد لەکاتی سەرکەوتن بۆ سەر کەڵەکەکە، بەڵام دواتر خۆی و شەهید کاکە بەیەکەوە لەکاتی

[8] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



سواربوونی کەڵەك لەکەناراوی خوڕ و قوڵی ئاوی زێی بچووك بەیەکەوە کەوتنە ئاوەکەوە و چونە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە.[1]

### خەسڵەتەکانی شەهید بەکر ڕەشاش لەزاری هاوسەنگەرانیەوە

شەهید مەلاعەلی شاعیری ناو زیندانی لەسێدارە دراوی کورد لەشۆڕشی نوێ دا فەرموویەتی:

ئەو مەرگەی لێم ترساوە، ئەیلاوێنم
بۆ ناوێری بێت و بگرێ داوێنم
بابمناسێ کە پێشمەرگەی(کۆمەڵە)و
کادرێکی دەست و داوێن خاوێنم

ئەمە دروشمی خەباتی شەهید بەکر ڕەشاش بوو، وەك لەزاری هاوسەنگەرانی دەردەکەوێت:

مەلا سەدر دەڵێت: هەرکەسێك شەهید بەکری یەك ڕۆژ ناسی بێ، دەزانێ مرۆڤێکی چەند بە(ڕەوشت و کۆمەلایەتی و جێگەی متمانە) بوو، لەشەڕدا توڕە دەبوو ئەگەر هاوڕێکانی هەنگاوێك لەدوای ئەو نەبوونایە، دەبوو ئەو هەنگاوێك لەپێشەوەتر بووایە بۆ لێدانی دوژمن و هێرش بردن، کەسێکی دەگمەن بوو لەشۆڕشی نوێ دا، کەم پێشمەرگەی وەك ئەو هەبوو.[1]

مامەی مام خورشیدی سەبارەت بەشەهید بەکر ووتی: بەکر ڕەشاش لەهەموومان کۆنتربوو لەپەیوەندی بەشۆڕشی نوێ-ەوە، ئەو زوو ناسرا بە(دەبابەکەی دەشتی هەولێر)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن-مەلا سەدر)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

قارەمان بوو کورد ووتەنی باسی ناکرێ، لە(ئەخلاق) نمونەی ڕەوشت و پیاوەتی بوو، پیاوی وەك شەهید بەکر کەم هەیە وکەمیش دروست دەبێت[٢].

سەلام عەباس ووتی: لەشەڕی شیوی سامالْ هێندە لەدوژمن نزیك بۆوە تا ئاستی دەستە ویەخە، لەهیچ چالاکیەك نەبووە و نەبیستراوە پێشەنگ نەبوو بێت.[٣]

محەمەد فەتاح دەڵێت: نەرم و نیان و بێ دەنگ بوو لەکۆڕ و دیوەخانان، ئازا و چاپوك و مەرد وگورز وەشێن بوو لەشەڕ و ڕووبەڕووبونەوە، پێش ئێمە چەکی پێشمەرگایەتی کردە شان لە(٢٥-١٠-١٩٨٠)[٤].

فەرهاد کادیر سەبارەتی ووتی: کوڕێکی مەند ولەسەر خۆو و کەم دوو و شەرم بەخۆ بوو، کەم تێکەڵی قۆشمە و گاڵتەوگەپ دەبوو[٥].

بابەشێخ ئیلنجاغی ووتی: لەکاتی بەرێکردنی پێشمەرگەکان لە خەزنەی سێگردکان بەر لەشەهیدبوونی زۆر ڕێنمایی پێشمەرگەکانی دەکرد ئەوەش گوزارشتە لەسیفەتی فەرماندەیی شەهید بەکر ڕەشاش.[٦]

## شەڕی گومبەتێ-هەیبەسوڵتان

شەڕێکە لەساڵی(١٩٨٢)دا(٢٠) پێشمەرگەی تیپی(٩٣ی دەشتی کۆیە) بەفەرمانده‌یی(شەهید سەرباز) جێگری تیپەکە، لەسەر ڕێگەی کۆیە-چنارۆك لەنزیك(گومبەتێ) بۆسەیەکیان بۆ هەندێك لەپیاو خراپانی ڕژێمی بەعس ناوەتەوە، لەنزیك سعات(١)ی پاش نیوەڕۆ، ئیڤایەك دەکەوێتە بۆسەکەیانەوە و قارەمانانە لەئیڤاکە دەدەن و تەنها(١)یەك لەسەرنشینەکانی دەرباز دەبێت، ئەویش بەو هۆیەوە

---

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مامە خورشید مستەفا)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد فەتاح مەولود)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد-کادیر)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، هاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.



بوو کە لەڕەبیەکانی سەر هەیبەسوڵتان و لەناو کۆیەوە هێزی دوژمن بەفریای کەوت، هەر یەك لە(جەعفەر وسو جومعە-خالەجەعفەر و عەبدولرەحمان ڕەئوف عوسمان ئیلنجاغی) لەو چالاکیەدا بەشداردەبن، کەترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی لەدڵ و دەروونی پیاوانی ڕژێمی بەعس دروستکرد، کە کوڕانی شۆڕشی نوێ لەهەر کۆییەك بیانەوێ دەتوانن گورزیان لێ بوەشێنن، لەم نەبەردیەدا تەنها(تۆفیق قەیسەری)جێگر کەرت بریندار بوو.[١]

## شەهیدانی کەلی سووری دووەم

دوای شەهیدبوونی شەهید(بەکر ڕەشاش و شەهید کاکە) لەزێی بچوك لەشێخ بزێنی خواروو لەنێوان(سێگردکان وشەوگێڕ) کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید ئەحمەد قەمبەری، لەهەوڵی بەدواگەڕانی رووفاتی هەردوو شەهیدبوون لەنێوان گوندەکانی کەناری زێی بچوکەوە هەر لە(سێگردکان، تازەدێ-شەیتان ڕەحمان ئاوا-، سێکانی، ئاومالْ، سارتك، تا ئاوە ڕێژەی بەستی شەرغە بەزێی بچوکەوە)[١].

شەهید ئەحمەد قەمبەری دوای(٣)ڕۆژ گەڕان لە ڕووفاتی هەردوو پێشمەرگەی شەهیدی دوای داستانی(تولکی و قەرەسالم)ی ٢٢-٩-١٩٨٢دا، بەمەبەستی فەرمان وەرگرتن لە فەرماندەی تیپەکەی(شاخەوان عەباس) کە لەو ڕوژەدا لەگوندی(گۆمەشین)ی شۆڕش-دێگەڵە بووە، بەفەرماندەی مەفرەزە(عەلی دیبەگە) پەیامێك دەنێرێت لەڕۆژی(٢٥-٩-١٩٨٢)بەو شێوەیە:

(لەئەحمەد قەمبەریەوە بۆ شاخەوان عەباس

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە-خاڵە جەعفەر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نادر کەریم خالد)لەدایکبوی(١٩٥٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٢-٢٠١٦ز.

ئایا کەرتەکە دوای ئەو ڕووداوە هەر لەحاوییەکانی گوندەکانی کەنار زێی بچوک بمێنێتەوە بۆ گەڕان بەدوای ڕووفاتی هەردوو شەهید یان فەرمانتان؟)

بۆیە بەسەرپەرشتی(عەلی دیبەگە) بەشلەخەجێیەکەوە(پیکاب)، لەسعات(٣:٣٠)ی دوای نیوەڕۆی ٢٥-٩-١٩٨٢مەفرەزەیەك دەنێرێت[٢] کە پێکهاتبوون لەو پێشمەرگانە:

١-عەلی عەزیز عەبدوڵلا ناسراو بە عەلی دیبەگە، فەرماندەی مەفرەزە.

٢-شەهید قادر حەسەن شینە ناسراو بە قادر گردەسۆری، پێشمەرگە.

٣-شەهید سەباح عەبدولرەحمان سەعید گەرمکی تەقتەق، پێشمەرگە.

٤-شەهید حەمید شێمحەمەد سماقەیی، پێشمەرگە.

٥-جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٦-شەهید مەجید ئەبوبەکر حەمەدەمین کەل ئۆمەرگومبەتی، پێشمەرگە.

٧-سەباح ئەحمەد حەمەد چاوشین ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٨-نادر کەریم خالد ئیلنجاغی ناسراو بەخاڵەنادر، پێشمەرگە.[٣]

ئەو مەفرەزەیە لەسعات(٤:٢٥)ی دوای نیوەڕۆ لەکەلی سوری نێوان ئاومال و سارتك(٣) هەلیکۆپتەر دەگاتە سەریان و هەلیکۆپتەرە بارهەڵگرەکە سەرباز دادەبەزێنێت و(٢) هەلیکۆپتەرە جەنگیەکەش بۆردومانی پێشمەرگەکان دەکەن، دوژمن دەیەوێت هەمان سیناریۆی شەهیدانی کەلی سوری یەکەم کە لەچەڵکنەی دامێنی کەلی سور شەهیدبوون دووبارە بکاتەوە و پێشمەرگەکان بگرێت، بەڵام ئەمجارە ژمارەی پێشمەرگەکان(٨) پێشمەرگە بووە و یەك برنە و یەك ژێرسە و(٦) کلاشینکۆفیان لابووە، هەر(دوو-دوو) دەچنە سەنگەرێکەوە و دەست نادەن و دەیان

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ئەحمەد حەمەد)لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٩-٤-٢٠١٦ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)، لەدایکبوی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٤-٣-٢٠١٦ز.



سەربازی ڕژێمی بەعس دەکوژن و شەڕ گەرم دەبێت نزیکەی(٥:١-٠٠:٢) سعات بەردەوام دەبێت، ئەوەی بووە بەفریادڕەسیان ئەو ئارپیچیانە بووە کە پێشمەرگەکانی کەرتی(٢) لە پێدەشتەزێکردەکانی(حاوییەکان) ئاومال و سارتکەوە ئاراستەی هەلیکۆپتەرەکانیان کردووە، ئەمەش وایکردووە هەلیکۆپتەرەکان وەك چۆن بۆ شەهید وشیار و هاوڕێکانی باڵیان لەزەوی داوە هێندە نزم بوون بێ ترسی ئارپیچی شەهیدیان کردوون، بەڵام لەو ڕووبەڕووبونەوەیە لەترسی گوللە ئارپێچیەکان کۆپتەرەکان زۆر بەرزبوونەوە و ئاراستە و ئامانجەکەیان خراپ دەپێکا و پێشمەرگەکانیش لەزەویدا بەرامبەر سەربازەکان وەك پلنگ شەڕیانکرد و دەیان سەرباز لەمەیدانی ڕووبەڕووبونەوەکە کوژران، زۆر بە زەحمەت توانیویانە سەربازە کوژراوەکان لە بارهەڵگرەکە باربکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی پێشمەرگە شەهیدەکان و پێشمەرگەکان بگرن وەك لەداستانی کەلی سووری یەکەم ڕوویداوە، دوای ئەوەی دوژمن دڵنیا بوو ناتوانێت بەسەر پێشمەرگەکان زاڵ بێت و بیانگرێت بۆیە هەوڵیاندا پیکابەکەیان بسوتێنن بەڵام ئەمەشیان بۆ نەکرا، ئەمجارە شەڕی ئاسمانی پێشمەرگەکان بەرامبەر کۆپتەرە مەرگچێنەکان سەرکەوتوو بوو.[٤]

ئەم شەڕکردنە لەگەڵ هەلیکۆپتەرەکان زیاتر لەسعات و نیوێك درێژەی کێشاوە و(٣) پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون و(٣) پێشمەرگەش بریندارببوون بەو ناوانە:

١- شەهید(قادر حەسەن شینە) ناسراو بە قادر گردەسۆری، پێشمەرگە.

٢- شەهید(سەباح عەبدولرەحمان سەعید) گەرمکی تەقتەق، پێشمەرگە.

٣- شەهید(مەجید ئەبوبەکر حەمەدەمین کەل) ئۆمەرگومبەتی، پێشمەرگە.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ئەحمەد حەمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

هەروەها(سەباح ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی و جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین ئیلنجاغی و شەهید حەمید شێمحەمەد سماقەیی) بریندداربوون[٥]، لەو شەڕەدا تەنها(عەلی دیبەگە و خاڵەنادر) سەلامەت دەرچوون.[٦]

جێگای ئاماژە پێدانە کە(خاڵە نادر) لە زەویدا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەهاندانی پێشمەرگەکان و پێی وتوون:( هیچ نیە دوژمن دەیەوێت بەهەر شێوەیەك بێت شەهیدمان بکات یا دەستگیرمان بکات تا دوا فیشەك بەرگری بکەن و لەنێوان شەهیدبوون و دەستگیرکردن شەهیدبوون هەڵبژێرن) بەداخەوە شەهید(سەباح گەرمکی) کە برنەوەکەی پێ بوو زوو پێکرا و شەهید بوو، ژێرسەکەش لای(جەوهەر ئۆمەر) بوو ئەویش بریندداربوو.[٧]

وەك لەهەرسێ حاڵەتی(شەهید وشیار و هاوڕێکانی-کەلی سووری یەکەم) و(شەهید بەکر ڕەشاش و هاوڕێکەی) و(شەهیدانی کەلی سووری دووەم) دەردەکەوێت، شەهید ئەحمەد قەمبەری قارەمان و فەرماندەی کەرتەکە ئەوەندی پشت ئەستور بووە بە بوێری شۆڕشگێڕی و غیرەتی کوردەواری جوتیاری لەڕووبەڕووبونەوەی دوژمن کەمتر پشتی بەستووە بە تاکتیکی سەربازی و پێشمەرگایەتی و پارتیزانی چونکە(٢) حاڵەتیان لە نزیك عەسر و خۆر بەتاقی ئاسمانەوە بووە، دوژمن زۆرترین هەلیکۆپتەری جەنگی بەکاریهێناوە، ئەویش پێشمەرگەی بە ئۆتۆمبیلەوە ناردووە بۆ کاری پێشمەرگایەتی ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتریشەوە زۆری ئاوی زێی بچووك لەکاتی پەڕینەوەی پێشمەرگەکان لەدوای ماندووبون و شەڕی(حاوی) قەرەسالم و تولکی، کە بەداخەوە لەهەرسێ حاڵەتدا(٨)فەرماندە وپێشمەرگەی شەهیدبوون لەماوەی تەنها(٤٨)ڕۆژدا.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نادر کەریم خالد-خاڵەنادر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ئەحمەد حەمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



**شەهید مەجیدەسوور(١٩٥٨-١٩٨٢)**

ناوی تەواوی(مەجید ئەبو بەکر محەمەد ئەمین)، لەساڵی(١٩٥٨)لەخێزانێکی کوردپەروەری ئاینی بنەماڵەی شەلەوەندییەکانی ئۆمەرگومبەت هاتۆتە ژیانەوە، دایکی حەلیمەی مام تەهای بەرەی ئەحمەد مەرەزی ئیلنجاغییە، لەپایزی١٩٨٠لەهەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر لەلای(عەلی سالح سێگردکانی) دەبێتە پێشمەرگە، دواتر لەگەڵ پێکهێنانی پێکهاتەی نوێی هێزەکە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەلای(ئەحمەد قەمبەری) درێژە بەخەبات دەدات.

لە(٢٤-٩-١٩٨٢)بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکێکی پێشمەرگانە لە(کەلی سوور) هەلیکۆپتەر دەگاتە سەریان و هێزی پیادەش دادەبەزێنێت و شەڕ بۆماوەی(٢)سعات لەنێوان ئەو(٨) پێشمەرگەیە و هەلیکۆپتەرەکان ڕوودەدات شەهید مەجیدەسوور و(٢) لەهاوسەنگەرانی دوای شەڕێکی نابەرامبەری قارەمانانە شەهید دەبن و دەچنە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە، شەهید لەگوندی(ئۆمەرگومبەت)بەخاك دەسپێردرێت.[١]

**گەرەسۆر و گەرەسۆر(چالاکی)**

گەرەسۆر و گەرەسۆر چالاکیەکی کەرتی(٢) و(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرە لەپایزی ١٩٨٢لە گوندەکانی(گەرەسۆر وگەرەسۆر و ئازی کەند و گردگۆم)ی قەراج وکەندێناوە بەسەرپەرشتی(سابیر ڕەسوڵ) ئەنجامدراوە.[١]

ژمارەی پێشمەرگەکان لەهەردوو کەرت(٢٧) پێشمەرگەبوون، لەگوندی(گەرەسۆر) حکومەتی بەعس بەزۆر چەکی دابووە خەڵك و کردبوونیە(جەیشی شەعبی) ئەو چالاکیەش بۆ ئەوە بوو ئەو(جەیشی شەعبی)یانە چەك بکەن، هەریەك لە(محەمەد

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین عەبدوللا محەمەد ئەمین)لەدایکبووی(١٩٥٨)ی ئۆمەرگومبەت، ئامۆزای شەهید، لە٢٥-٨-٢٠١٦ز، سەبارەت بە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهید مەجید و هاوڕێکانی، هاوسەنگەرانی دەڵێن: سێ ڕۆژ دوای شەهیدبوونی بەکر ڕەشاش وهاوڕێکەی ئەو شەڕە ڕوویداوە بۆیە(٢٥-٩-١٩٨٢)دەکرێت ئەو داستانە خوێناویە ڕوویدابێت.
[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-محەمەدچاوشین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد ئیلنجاغی و سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی) بەشداری ئەو چالاکیە دەکەن و محەمەدچاوشین ئیلنجاغی لەکاتی چوونە سەرماڵی یەکێك لەچەکدارەکان دەیووت: (حەمەدە کەچەر وەرە دەرێ لەجیاتی ئەوەی بڵێ(حەمەدەکۆر)وەرە دەرێ) ، بۆیەکەمجاریش بوو لەشۆڕشی نوێدا لە(قەراج وکەندێناوە) ئارپیچی بتەقێنرێت بەمەش یەکسەر چەکدارەکان(٦) کلاشینکۆفیان تەسلیم کرد و زووتریش هەردوو گوندی(ئازی کەند و گردگۆم) چەکەکانیان لەترسان تەسلیم کردبۆوە[٢]، ئەم چالاکیە وایکرد گوندەکانی تر چیتر چەکی(جەیشی شەعبی) لەرژێمی عێراق وەرنەگرن و رژێمیش بۆی دەرکەوت کە هێزی پێشمەرگە لەو سنورەدا دەتوانێ چالاکی ئەنجامبدات.[٣]

## کورانی مێرجاڕ و هێزی پشتیوانی

لە(١٥-٩-١٩٨٢)یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوکاری(حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی)کرد ، لەماوەی(٦)مانگ پشتیوانیکردنی حزبی دیموکرات، یەکێتی(٢)هەزار پێشمەرگەی بۆ نارد(١٤)یان شەهیدبوون و(٣٠-٤٠)پێشمەرگەشیان بریندارببوون.[١]

لە(١٠-١٠-١٩٨٢)تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی(١)ی بەفەرماندەیی شەهید(هاوڕێ کاوە مەخموری) بەرێخست بەرەو(قاسمەرەش) لەوێشەوە بەرەو شەرگەی(ئاڵوەتان) ،[٢] ئەم کەرتە لە(١٢-١٠-١٩٨٢) گەیشتنە(کونەمشك) دواتر لەوێوە بۆ ئاڵوەتان و ساوان لەقوڵایی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٣٢٤.

[٢] لەشارەوە بۆشاخ، جەلال ئیلنجاغی، سەرچاوەی پێشوو, لاپەڕە ٤٨.



یارمەتیدانی(کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ئەم هێزە لەگوندی(حاجی ئاڵی کەند) لەناوچەی مهاباد جێگیرکرا.[٣]

ئیلنجاغیەکانی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە وەك هێزی پشتیوانی چووبونە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمانە بوون:

١-نەسروڵڵا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە.

٢-عەلی مەحمود حەمەد ئیلنجاغی، رێکخستنی پێشمەرگە.

٣-نادر کەریم خالید ئیلنجاغی(خاڵە نادر) ، پێشمەرگە.

٤-شەهید ئەنوەر مستەفا رەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٥-حەسەن تەها قادر ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

ئەمانە لەدوو رووبەڕووبونەوە بەرامبەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران رۆڵی قارەمانانەیان گێڕا لەهاوکاریکردنی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵات لەشەڕی(١٥) رۆژەی(بناری قەندیل) و سنوری(مهاباد)یش دژی جاش و پاسداری ئێرانی.[٤]

هەر لەمانگی(تشرینی یەکەمی ١٩٨٢)کەرتی تیپی٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید(شاخەوان عەباس) گەیشتنە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم پێشمەرگانەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەی لەگەڵدا بوو:

١-جەلال خورشید رەشید(جەلال ئیلنجاغی) ، پێشمەرگە.

٢-شەهید کازم حەمەدەمین رەئوف ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٣-رەحمان رەئوف عوسمان ئیلنجاغی، پێشمەرگە.[٥]

یەکەم چالاکی و دەست وەشاندنی ئەم کەرتە لەنێوان رێگەی(بۆکان-میاندواو) لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢بوو، لەگەڵ(کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی

[٣] نامیلکەیەکی چاپ نەکراوی (عەلی مەحمود حەمەد) ، کادیروپێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەسەن تەها قادر)لەدایکبووی(١٩٦٠)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەسەن تەها قادر) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ئێران) لەپاسدارانیاندا و(٣) پاسدار کوژراو(٣) ئۆتۆمبیلیش بەبارەوە گیرا، وەلە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٨٢لەڕەبیەکانی(ئاختەتەر)یاندا لەنزیك شاری(بۆکان).[٦]

کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەسەرکەوتوویی چالاکی ڕاسپێردراوەکانی خۆی ئەنجامداو لە(٢١-١٢-١٩٨٢)گەیشتنەوە باشوری کوردستان و گوندی(وەرتێ)[٧]، و کەرتی تیپی٨٦ی دەشتی هەولێریش لە(١٥-١٢-١٩٨٢)لەبۆکانەوە بەڕێکەوتن بۆ باشوری کوردستان لە(١-١-١٩٨٣)گەیشتنەوە گوندی(گۆمەشین)ی دێگەڵەی وورانی کۆیە، ماوەی(٣)مانگ کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.[٨]

**دیداری(هێمن موکریانی) و کوڕانی(مێرجاڕ)**

لەگوندی(شیلاناوێ)ی شاری(مهاباد)، چوار پێشمەرگەی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(نەسروڵلا عەلی و عەلی مەحمود و خاڵەنادر و حەسەن تەها)بەیەکەوە دەچنە ماڵی گەورە شاعیری کورد(هێمن موکریانی) بۆ دیدەنی هێمنی شاعیر.[١]

حەسەنی مام تەهای لەزاری خۆیەوە چۆنیەتی سەردانەکە و نوکتەیەك دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (کە چووینە ماڵەکەیانەوە و چوینە ژوورێکەوە، لایەکی ژوورەکە بەتەواوەتی میوەی(سێو)بوو، لایەکیتری ژوورەکە(کتێبخانە)بوو، لەناوەڕاستی ژوورەکەش ماموستا(هێمن موکریانی) بۆ خۆی ڕایەخی ڕاخستبوو و لەسەری دانیشتبوو، دوای سەلامکردن و پێشوازی ماموستا هێمن ووتی: لەباشور خەڵکی کام شارن؟ ئێمەش ووتمان: خەڵکی وورانی کۆیەن، یەکسەر ماموستا هێمن دێرە شیعرێکی حاجی بۆ خوێندینەوە و وتی:

لەمابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان     هەڵی کەی بەیرەقی کوردی لەدەوران

[٦] لەشارەوە بۆشاخ، جەلال ئیلنجاغی، سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە

[٧] نامیلکەیەکی چاپ نەکراوی (عەلی مەحمود حەمەد)،کادیرو پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٨] لەشارەوە بۆشاخ، جەلال ئیلنجاغی، سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە

[١] نامیلکەیەکی چاپ نەکراوی (عەلی مەحمود حەمەد)،کادیرو پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.



ووتیشی: بەس(حاجی)لەخۆم بەپێشەوەتر دەزانم، بریا مەڕێکم بۆتان سەربڕیبوایە چونکە خەڵکی شارەکەی(حاجی)ن.

لەم قسانەدا بووین برادەران(نەسروڵلا و عەلی و خاڵەنادر) ووتیان: ئەم برادەرەشمان(حەسەن تەها)یە شاعیرە! ماموستا(هێمن)یش ڕوویکردە من و ووتی کوا شیعرت هەیە؟ منیش لە(دەفتەرۆکەیەك) هەندێ شیعرم نوسی بوو، خستمە بەردەستی و وەریگرت و خوێندیەوە، دوای خوێندنەوە ڕوویکردە ئێمە و ووتی: (وەڵلا شیعرەکانی زۆر جوانە، بەس لەپێش خۆی دەمرێت)، بەمەش برادەران دایانە قاقای پێکەنین، ماموستا هێمنیش ووتی: کاکە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەر لەگیرفانت بێ و نەکرێتە کتێب و چاپ نەکرێت، دەفەوتێت، بەمەش پێش خۆت دەمرێت).[٢]

پێموایە ماموستا هێمن بۆیە مەبەستی وەڵامەکەی گۆڕیووە چونکە کوڕێکی گەنجی تەمەن(٢٢)ساڵ، هەزاران کیلۆمەتری لەباشوری کوردستان لەگوندی ئیلنجاغی گەورەی وورانی کۆیە بڕیووە بۆ گوندێکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاهاوکاری برا پێشمەرگەکانی(حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)بکات، چۆن شاگردێکی حاجی دڵی دێت، دڵێکی ئەوها شۆڕشگێر و هەست ناسك نیگەران بکات، چونکە لەکاتی ئەم چاوپێکەوتنە لە(٢٨-١-٢٠١٦) حەسەن تەها زایمانی کانی شیعری کۆر بووبۆوە هیچ شیعرێکی ئەوکات  و ئێستاشی نەمابوو؟!

**پەڵی ڕەش بەتەوێلی خەباتەوە**

هەوڵمداوە لەشەڕەکانی براکوژی نێوان ساڵانی(١٩٨١-١٩٨٣) خۆ دوورە پەرێز بگرم، چونکە سەلمێنراو و زانراوە(خۆکوژی و براکوژی) پەڵێکی ڕەش بووە بەتەوێلی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، سەدان قارەمانی پێکاوە، سەدان پیلان و نەخشەی دوژمنانی پێ جێبەجێکراوە، شانازیکردن بەسەرکەوتنەکانی براکوژی داننانە

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەسەن تەها قادر)،پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

بەشکستی هەموو جولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی میللەتی کورد، پیاهەڵدان بەدەست و تفەنگی براکوژێك بەرز نرخاندنی کاری جەردە و دز و ڕێگرانە، سوتاندنی نەخشەڕێگای سەرفرازی و یەکپارچەیی خاك و یەکگرتوویی میللەتە، بۆیە (ناکۆکی و ناتەبایی و نۆکەری و دوو دڵی و پیسی لەگەڵ یەك) لەبزاوتە ڕزگاریخوازەییەکانی کورد بۆ تویژینەوەیەکی وەك(مێژووی خوێناوی عێراق-یاسین باقری) بۆ نوسەرێکی کورد جێ دەهێڵم کە دەکرێت بەناونیشانی(مێژوی خیانەت لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد) بێت.

لەکانونی دووەمی١٩٨٣لەسنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهەموو توانایەکی سەربازییەوە خۆی لە(٣) ئۆتۆمبیل پێشمەرگە دەدا و هێزەکانی بەرەی(جود) بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق(٣٠) ئۆتۆمبیل دەبوون و لەگوندەکانی(بەردەسپی و نێرەگین و بانەمورد و میرکە و بەردبڕ و بەلەبان) جێگیرکرابوون بەسەرکردایەتی(قادر مستەفا) هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-یش لەگوندەکانی(سماقە و بانی ماران و ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و سێکانی و ئاومالْ) بوون.[1]

دەردەکەوێت بەرەی(جود-حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان) لەڕووی مەیدانییەوە ژمارەیان زۆرتر بووە، یەکێتی مەزندەی زیاتریشی لەهێزەکانی جود بووە بۆیە تیپەکانی(٩٣ی دەشتی کۆیە و ٩٩ی باواجی و ٢١ی کەرکوك و کەرتی(٤)ی جەباری تیپی ٥٥ی قەرەداغ) بەسەرکردایەتی(عەلی بچکۆڵ) هێنایە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ژمارەی پێشمەرگەکانی یەکێتی ئامادەکراو بۆ ئۆپەراسیۆنی شەڕی(نێرەگین) خۆی داوە لە(١٠٠٠-١٥٠٠)پێشمەرگە، بەمەش شەڕگەی نێرەگین لەبەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکلاییکرایەوە، هەرچەندە بە هەرسێ لایەنی شەڕکەر(٢٠) پێشمەرگەی قارەمان بوونە قوربانی ئەو شەڕە نەخوازراوە

[1] جەلال تیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە٦١.



سەپێنراوە خۆکوژییە[2]، بەداخەوە ئەمەیە ڕاست و دروستی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەوکاتەی(کۆماری ئیسلامی ئێران) لە(دیزفول وشوش) هەزاران سەربازی سوپای عێراقی بەدیل دەگرت، ئێمەش لەناو خاکی خۆمان و لەناوچە ئازادکراوەکان کەوتبوینە وێزەی یەکتری فەرماندەی مەیدانی وەك شەهید مەحمود مەرزانی-یمان لەیەکتری دەکوشت.

**شەڕ و نەبەردی گردەسۆری، خوێنی ئەنوەر نەخشاندی**

لەبەرواری(٥-٦-١٩٨٣) کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر فەرماندەی کەرتەکەی کە(سابیر ڕەسوڵ) بوو، سرکرابوو(تجمید) ئەحمەد عەزیز ڕەسوڵ ناسراو بە(ئەحمەد کوردە) کرا بووە فەرماندەی کەرت لەشوێنی ئەو، لەگەڵ کەرتێکی تیپی ٢١ی کەرکوك بەفەرماندەیی(سەید برایم) لەهەردوو گوندی(گردەسۆری سەریّ و خواریّ)ی ناحیەی قوشتەپە بۆ پشوودان لادەدەن، حەمەزیاد مەغریب حەمەعەلی ناسراو بە(مەلا ئاراس) جێگری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر فەرماندەیی هێزەکەی کردووە، کەژمارەی پێشمەرگەکانی لەهەردوو کەرت خۆی دەدا لە(٨٠) پێشمەرگە، کەرتەکەی تیپی ٢١ی کەرکوك دەچنە گوندی گردەسۆری سەریّ و کەرتەکەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریش لەگەڵ شەهید(مەلا ئاراس) دەچنە گردەسۆری خواریّ[1]، نزیکی نیوەڕۆ لەدەوروبەری سعات(١١:٣٠-١٢:٠٠) یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخستن بە ماتۆڕسکیلێکەوە لەکەڵی قەشقەوە دێت و هەواڵ دەدات کە هێزێکی زۆری حکومەت لەگوندی(خورخوڕ)ەیە، لەنزیکی بەستی شەرغە، ئەو هێزەش وەك ئۆپەراسیۆن هاتبوونە ناوچەکە، چونکە ڕۆژێك پێشتر لەلایەن چەند

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە-خالە جەعفەر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پێشمەرگەیەکەوە(تویوتا) یەکی پیاوانی ڕژێمی بەعس گیرابوو، ئەو هێزە بەدوای ئەم تویوتایە هاتبوونە ناوچەکە.[٢]

هێزەکەی دوژمن لەکەلی قەشقەوە ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت بۆ هەردوو گوندی گردەسۆری سەریّ و خوارێ، ژمارەی ئۆتۆمبیلی کاروانی هێزەکە(٢٣) ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆری سەربازی بوون(ناقیلە و دەبابە و ئیفا و چەکی وەك تۆپی(١٠٦)یان پێ بووە) لەنزیکی نیوەڕۆ گەیشتنە هەردوو گوند و شەڕ دەستی پێکرد تا درەنگانی ئێوارە و شەو درێژەی کێشا.[٣]

پێشمەرگەکان دەستیانکرد بەکونکردنی دیواری خانوەکان و سەنگەرلێدان و قارەمانانە هاتنەدەست و دوژمن لەدەستپێکی پەلامارەکەی بۆ گردەسۆر زۆرترین زیانی گیانی لێکەوت، بەڵام دواتر وورده وورده دوژمن گەمارۆی دەخستە سەر گردەسۆر و بازنەی گەمارۆکەی تەنگتر و بچوکتر دەکردەوە، لەم نەبەردییەدا شەهید(ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ ئیلنجاغی) شەهیدبوو.[٤]

حەوت پێشمەرگەی ئیلنجاغی گەورە لەو نەبەردیە بەشداربوون، ئەمانە بوون:

١-شەهید ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ ئیلنجاغی

٢-عەلی مەحمود حەمەد ئیلنجاغی(عەلی ئیلنجاغی)

٣-محەمەد ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی(محەمەد چاوشین)

٤-جەعفەر وسو جومعە ئیلنجاغی(خاڵە جەعفەر)

٥-ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد ئیلنجاغی(بابەشێخ)

٦-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی

٧-عومەر حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی

---

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە-خاڵە جەعفەر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ)لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٨-٢٠١٥ز.



لەکاتی شەهیدبوونی شەهید(ئەنوەر) هەریەك لە(عەلی مەحمود و ئەحمەدحەمەدەمین و خاڵەجەعفەر و هیدایەت حەمەد) نەیانهێڵن تێکڕای پێشمەرگەکانیتر بەشەهیدبوونەکەی بزانن، تاوەکو وورەی پێشمەرگە هەر بەبەرزی بمێنێتەوە، تەنها بەنهێنی شەهید(مەلا ئاراس و ئەحمەدکوردە) ئاگادارەدەکەنەوە و لەدەوروبەری گردەسۆر، تەرمی شەهید(ئەنوەر) دەخەنە ژێرکۆمەڵە قەسەری پەرێزێکەوە، چونکە کاتی شەڕەکە وادەی دروێنەی دەغڵ و دان بووە، دوای شاردنەوەی شەهید ئەنوەر دونیا تاریك داهات و دایکی عەبدوڵلا گردەسۆری وەك ژنێکی قارەمان، ڕێچکەی پاشەکشەی پێشمەرگەکان نیشان دەکات و پێشمەرگەکانیش گەمارۆی دوژمن دەشکێنن و دەرباز دەبن.[٥]

زیانی گیانی دوژمن لەو شەڕەدا بەگوێرەی زانیارییە دەستکەوتووەکان لەنەخۆشخانەی ڕزگاری شاری هەولێر دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر شەڕەکەدا، دوژمن(٨٥)کوژراوی ئەو شەڕەی بردۆتەوە بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری[٦]، لەو شەڕەدا شەهید(هاوڕێ کاوە مەخموری) لەگوندی(دوشیوان)ی بناری دێدەوانەوە، بەمەبەستی ترساندن و سەرلێشێواندنی دوژمن فەرمان بەکەرتەکەی دەکات، دوورە تەقە بکەن تاوەکو برادەرانی گەمارۆدراوی گردەسۆر بتوانن دەربازبن و گەمارۆکە بشکێنن، بەداخەوە لەبەستی(شاقازی) شەهید هاوڕێ کاوە مەخموری لەو چالاکیەدا ماریپێوەی دەدات.[٧]

ئەم نەبەردیە بەفەرمانەدەیی(شەهید مەلا ئاراس) و بەهاوکاری فەرماندەی کەرتەکانی وەك(سەید برایم و ئەحمەد کوردە) و قارەمانێتی پێشمەرگەکان و خوێنی گەشی شەهید(ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ ئیلنجاغی) تۆمارکرا.

---

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] ئەحمەد کوردە، بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٥-١٥٠.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین سولێمان فەتحوڵلا)، لەدایکبووی(١٩٥٩)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٥-٢-٢٠١٦ز.

**شەهید ئەنوەر(١٩٥٢-١٩٨٣)قارەمانی دوو شۆڕش**

نـاوی تـەواوی(ئـەنوەر مسـتەفا ڕەسـوڵ حەمـەد مـەلاك)ە، لەسـاڵی(١٩٥٢) لەخانەوادەیەكی هەژاری كورد پەروەری گونـدی ئیلنجـاغی گـەورە هاتۆتـە ژیانـەوە، لەتەمەنی(٢٢) ساڵیدا لەگەڵ هەردوو براكەی(شەهید جەوهەر و عوسمـان مسـتەفا) چەكی پێشمەرگایەتی لەساڵی(١٩٧٤) لەشۆڕشی ئەیلولدا دەكاتە شان، لـە(١٦-٩-١٩٧٤) لەشاخی شیشار لەداستانێكی كەم وێنەدا(جەوهەر)ی برای شـەهید دەبێـت، تەرمی پیرۆزی لەپشتی شـاخی شیشـار لەلایـەن شـەهید(ئـەنوەر)ی برایـەوە بـەخاك دەسپێردرێت، دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول لەشاری هەولێر بۆ بـژێوی ژیـانی دەسـت بەكاسبی دەكات، لەساڵی(١٩٨٠) پەیوەندی بەڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجـدەرانی كوردستانەوە دەكات، لەبەهاری ساڵی(١٩٨٢)پەیوەندی دەكات بـەهێزی پێشـمەرگەی كوردستان لە تیپی ٨٦ی دەشـتی هـەولێر چـەكی پێشـمەرگایەتی لەشـان دەكـات، لەتێكڕای چالاكیەكانی كەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەشداربووە.[1]

لەنەبـــەردی گردەســـۆر لـــە٥-٦-١٩٨٣دەچـــێتە كـــاروانی شـــەهیدانەوە و داستانی(گردەسۆری) بـەخوێنی خـۆی تۆمـاركرد، لـەدوای خـۆی دوو جگەرگۆشـەی بەناوەكانی(تریفە وسـەرهەد) جێهێشـتووە، لەگۆڕسـتانی ئیلنجـاغی گـەورە بـەخاك سپێردراوە[2]، شەهید ئەنوەر پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ بوو، بالابـەرز و هێمن و وورە بەرز بوو(٩) ساڵ خەباتی كرد، گوڵاڵەسـورەكانی(گردەسـۆر) خـوێنی ئەو و شەهیدانیتری ئەم نیشتمانە پاراوی كردوون.

**شەڕەكانی كەنداڵ و گاوەرە و مەلەك ئاغا**

لەهاوینی ساڵی ١٩٨٣ پێشمەرگەكانی كەرتی(تیپ و یـەك و دوو)ی تیپـی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی فەرماندەكانی كەرت(شەهید خاڵەیوسـف قەشـقەیی و

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ(عوسمان مستەفا ڕەسوڵ)، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، برای شەهید، چاوپێكەوتنی پێشوو.
[2] نامیلكەیەكی چاپ نەكراوی (عەلی مەحمود حەمەد)،كادیرو پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.



عەریف ئەكرەم و سەلاح شینە) لەگەڵ كەرتێكی تیپـی٢١ی كـەركوك بەفەرمانـدەیی شەهید مەلا ئاراس لەسـەر ڕێگـەی هـەولێر-مـەخمور نزیـك گونـدەكانی(كەنـداڵ و گاوەرە)، چالاكیەك ئەنجام دەدەن، لەو چـالاكیە(موحسـین سـولێمان ئیلنجـاغی)بـرای شەهید(بەكر ڕەشاش) بەشدار دەبێت بەو شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

مەبەستی سەرەكی لەو چالاكیە لێدانی مـەفرەزەكانی دەزگـای(ئـەمن)ی هـەولێر بوو، كە لە هەولێرەوە ڕۆژانە دەچوونە(مەخمور)، لەمـەخمور-یشـەوە سـعات(١) دوای نیوەڕۆ دەگەڕانەوە، هەرچەندە(ئەمن)ەكان نەكەوتنە بۆسەكەوە بەڵام چـەند(بیانیـەكی فلیپینی) وچەندین(خـۆفرۆش و ئەفسـەران)ی ڕژێـم بـەخۆیان و ئۆتۆمـبیلەكانیانـەوە كەوتنە ناو بۆسەكەوە.[1]

هەروەها لەبناری چیای قەرەچوغ لەگوندی(مەلـەك ئاغـا) لـە(١٤-١٢-١٩٨٣) شەڕێك لـەنێوان كەرتـەكانی(١و ٢ و ٤)ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هـەولێر و (جـاش و جەیش) ڕوویـدا، جـەلال ئیلنجـاغی ڕۆڵـی قارەمانانـەی لـەو شـەڕەدا گێـڕاوە، لـەو نەبەردیە(٢)فەرماندەی مەفرەزەی قارەمان شـەهید بـوون بـەناوەكانی(شـەهید قـادر عەزیز خورمەرەیی و شەهید فاروق مەولود شیواشۆكی).[2]

**شەهید مام وسو(١٩٣٣-١٩٨٣) ئەستێرەی سەحەری بێژینگ بەسەر**

مام وسو دوای كێخوا وەسمانی بـاوكی تـوانی شـوێنی بـاوكی بگرێتـەوە و ببێتـە كەسایەتیەكی دیاری گوندی ئیلنجـاغی گـەورە، دۆسـت و نـەیار بـەژمارەیان دانـاوە لەئیلنجاغی گـەورە نـاوی تـەواوی(وسـو وەسمـان یوسـف مـەلاك)ە، سـاڵی(١٩٣٣) لەبنەماڵەیەكی كێخوازادەی ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، لەڕێگەی هەوڵ وكۆششی خۆیەوە فێری خوێندنەوە و نوسین بووە، چونكە بەفەرمی لەهیچ قوتابخانەیەك

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ(موحسین سولێمان فەتحوڵلا)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێكەوتنی پێشوو.
[2] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە٧٨.

نەیخوێندووە، لەسەرجەم کێشە وگرفتەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە بۆ چارەسەرکردن و بۆچوون و سەرنجەکانی هەمیشە بەهەند وەرگیراون و کاری پێکراوە.[1]

دوای کێخوا وەسمان لەڕووی قۆناغ و پیاوەتیدا شوێنی گرتەوە، بنەماڵەکەشی ڕۆڵیان هەبووە بۆ گەشەی بیری نەتەوایەتی لەشۆڕشی ئەیلولدا، لەساڵی(١٩٥٨) مام وسو پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمجار کە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول هاتنە ووراتی کۆیە دەچنە ماڵی کێخوا وەسمانی باوکی لەساڵی ١٩٦١، لەساڵی(١٩٧٦)ەوە بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ شێخەکانی تاڵەبانیدا دلسۆز و پەرۆشی سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ بووە، یارمەتیدەرێکی باشی(ئەنوەر نادر)بووە لە(کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران)ی تەقتەق بۆ بەهێزکردنی ئەندامانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و شۆڕشی نوێ،[2]لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەخوارووی ڕۆژئاوای کۆیە تاوەکو بەستی شەرغە وەك نوێنەری(مەلا مستەفای بارزان) ڕابەری شۆڕشی ئەیلول دیاریکراوە، لەلایەن خەڵکی سنورەکەوە بەلام بۆ(شێخ کاکەسور تاڵەبانی) ئامۆزای مام جەلالی ڕەتکردۆتەوە.[3]

هەستێکی بەرزی نیشتمانپەروەری هەبوو، زۆر جاران ئەو دوو دێرە هۆنراوەیەی دەووتەوە:

کوردێکم دەویٚ، چاپوك و پتەو
سەفەرێك هەیە، بۆم بکا بە شەو
نەهێڵێ تورك و عەجەم بزانن
چونکە داگیرکەرانی کوردستانن

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی مەحمود حەمەد)لەدایکبووی(١٩٥٤)ی ئیلنجاغی گەورە، کادیروپێشمەرگەی دێرین، لە٢٠-٤-٢٠١٦ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)، کادیری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی مەحمود حەمەد)، کادیرو پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



لەجیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالی بەبیانووی هەواداری بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی(٢) مانگ لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕاپێچی گرتوخانەی(هەیران) کراوە لەگەڵ(مامۆستا زاهیر وەسمان یوسفی برایی و مەحمود حەمەد ڕەسوڵ مەلاکی ئامۆزایەوە)، بەردەوام هاوکاری شۆڕشی کردووە بەپێدانی زانیاری و شاردنەوەیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان بەگوێرەی توانای، لەبوارگەلی وەك(نیشان شکێنی و ڕاو و شکار و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و وەستای دروستکردنی خانوبەرە) لێهاتوو بووە، لەماوەی(٥٠)ساڵی تەمەنی بوێر و خۆگر و قسەخۆش و خواناس و نوێژ و ڕۆژووگربووە، پیاوێکی کاسب بووە دواکاری مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی کردووە، بەداخەوە لە ڕۆژی(١١-١٠-١٩٨٣) لەگەڵ دوو هاوسەفەر و هاوڕێی بەناوەکانی( بایز سمایل محەمەد لەدایکبوی ١٩٣٠ و عەلی حەمەد سمایل لەدایکبووی ١٩٣٤) کە خەڵکی گوندی(کونەگورگ)ی دارەتووی نزیك هەولێربوون، بەکارێك هاتبوونە ناوچەکە لەگوندی(شیواشۆکی سەرێ-کوردان) هەلیکۆپتەر شەهیدی کردن، دوا مەنزلی مام وسو لە گۆڕستانی شەهیدانی شاری کۆیە بەخاك سپێردراوە.[4]

## ئیلنجاغیەکان و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ڕۆژانێك داینەمۆی خەباتی چەکداری شۆڕشی نوێ بوو لەقەراج و کەندێناوە و مەخمور و شەمامك و دیبەگە و دەشتی کاکی بەکاکی هەولێر تا بناری(سەفین)ە شێتی خۆشناوان و نێوان هەردوو زێی گەورە و بچوك، هیچ کاتێك لەماوەی خەباتیدا بێ دەست و تفەنگی کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە نەبووە، لەساڵی ١٩٨٣دا زۆرینەی پێشمەرگەکانی خەڵکی ووراتی کۆیە بوون بەتایبەت گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورە و گۆمەشینی شێخان-سەیدان و داربەسەری سەرێ و خوارێ و مەرزانی سەرێ و خوارێ و شیواشۆکی

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی مەحمود حەمەد)، کادیرو پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

سەرێ و خوارێ و گۆپتەپە و مام قلینج و تاڵەبانی گەورە و بانەمورد و بانی ماران و نێرەگین و سێگردکان و قەشقە و تاد)لەنێو ئەمانەشدا ئیلنجاغیەکان لەساڵی(١٩٨٢-١٩٨٣) نزیکەی نیوەی پێشمەرگەی تیپەکەیان پێکهێناوە.[١]

لەو سەروبەندەدا کەرت و مەفرەزەیەکی ئەو تیپە نەبوو، پێشمەرگەیەك یان فەرماندەیەکی ئیلنجاغی تێدا نەبێت[٢]، نمونەی وەك نەسروڵلا عەلی فەرماندەی کەرت و سەلام عەباس و جەلال ئیلنجاغی و محەمەد چاوشین و عەباس حەمەدەمین و مام جاسم و عەلی مەحمود، کە دواتر عەلی مەحمود و مام جاسم دەچنە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و لەسنوری هەمان تیپ درێژە بەخەباتی ڕێکخستنی پێشمەرگە و جەماوەر دەدەن.[٣]

**شەڕی بێتواتە(داستان)**

لەپایزی ساڵی ١٩٨٣لەمانگی تشرینی یەکەم، یەکەم شارۆچکە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەشۆڕشی نوێدا ڕزگار بکرێت(شارۆچکەی بێتواتە) بوو، کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە ئەو شەرەفەیان بەرکەوت بەشداری بکەن و ئەوانەی بەشداربوون ئەمانەبوون:

١-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، جێگری فەرماندەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٢-سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئەحمەد) لەدایکبوی١٩٦١دانیشتووی سوید، کادیرو پێشمەرگەی دێرین لە٢١-٣-٢٠١٥ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی مەحمود حەمەد)، کادیرو پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٣-محەمەد ئەحمەد حەمەد مەلاك-محەمەدچاوشین، فەرمانەدەی مەفرەزە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.[١]

ئەحمەد کوردە لەکتێبەکەیدا(بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، لاپەڕە١٥٦) ئاماژە بەکۆمەڵێك پێشمەرگەی ئیلنجاغی دەکات کە لەو داستانەدا بەشداربوون:(نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی و سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی و محەمەد ئەحمەد حەمەد چاوشین و عومەر حەمەد ڕەسوڵ و شەهید ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ و ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ) هەروەها باس لەبەشداری(مام عەباس)یش دەکات بەڵام مام عەباس لەو شەڕەدا لەگوندی(سماقە)ی ناحیەی دێگەڵە-شۆڕش نیشتەجێ بوو، لەدوای شەڕی براکوژی بالیسان و شەهیدبوونی فەرماندە ئەحمەد قەمبەری دادەنیشێت، شەهید ئەنوەر مستەفاش لەکاتی ئەو داستانەدا لەژیاندا نەماوە تا بەشدار بێت، جەلال ئیلنجاغی لەکتێبی(لەشارەوە بۆ شاخ لاپەڕە٧٤)نوسیویەتی: لەکەرتی(٤)ی کەندێناوەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەشداریکردووە لەو داستانە.

دەردەکەوێت ئیلنجاغیەکانی مێرجاڕ لەو داستانەدا ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە چونکە(٤) فەرماندە و(٢)قارەمانیان بەشدارییان کردووە:

١-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، جێگری فەرماندەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.[٢]

٢-سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٣-محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ-محەمەد چاوشین، فەرمانەدەی مەفرەزە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢] لەو داستانەدا فەرماندە نەسروڵلا ئیلنجاغی بەسەختی بریندار دەبێت و تا ئەمرۆش کاریگەری ئەو زامەی هەر ماوە.

٤-جەلال خورشید ڕەشید-جەلال ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی(٤)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٥-عومەر حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٦-ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەدئیلنجاغی-بابەشێخ، پێشمەرگە، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

## مێرجاڕ لەماوەی گفتوگۆی یەکێتی و بەعس(١٩٨٤-١٩٨٥)

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕابەری شۆڕشی نوێ لەباشوری کوردستان لە(٣١-١٢-١٩٨٣) هەواڵێدا بەسەرجەم هێزەکانی خۆی لەسعات(١٢)ی شەوەوە چیتر چالاکی ئەنجام نەدرێت و تەقە لەهێزەکانی ڕژێمی عێراق نەکرێت[1]، هەرچەندە لەلاپەڕە(٢٨٨)ی(قەندیل بەغدای هەژاند)ی شەهید ڕێبازدا هاتووە(گفتوگۆ لە٣-١٢-١٩٨٣)ەوە دەستپێکردووە، کەچی شەڕی(مەلەك ئاغا) لە١٤-١٢-١٩٨٣لەبناری قەرەچوغ لەنێوان ڕژێمی عێراق و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ڕوویداوە، لەماوەی گفتوگۆدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جەماوەری کوردستان زیاتر لەیەکتری نزیك بوونەوە لە(٢١-٣-١٩٨٤) گەورەترین ئاهەنگی جەماوەری لە(قەشقۆلی و سورداش) بەڕێوەچوو.[2]

هەر بەو بۆنەیەشەوە ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ئەوەندە گەشەی کرد کە پێویست بکات تیپێکیتر شان بەشانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دروست بکرێت، ئەوەبوو تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بەفەرماندەیی(سەفین مەلا قەرە) پێکهێنرا[3]، ئیلنجاغیەکان لەماوەی گفتوگۆدا هەندێکیان بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی کەرت و تیپەکانی ناوچەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، کادیرو پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] شەهید ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، لاپەڕە٢٨٩.

[3] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆشاخ، لاپەڕە٨٠.



هەندێکیشیان بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆ و خۆکوژی و براکوژییەوە، هەندێکیتریش بەهۆی جیاوازی بیرەوە لە(شێنەیی)چەکیان دانا.[4]

ڕەحمانی مام ڕەئوفی پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لەو بارەیەوە دەڵێت: جەنابی مام جەلال ڕابەری شۆڕشی نوێ بەو حاڵەی زانیبوو، وتبووی ئیلنجاغیەکان لەکاتە قورس و ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵمان بوون، بۆ لەکاتی گفتوگۆ و شێنەیی وازیان هێنا؟! چونکە مام جەلال دەیزانی ئیلنجاغیەکان کە بووبونە پێشمەرگە نەدوژمندار، نەژن هەڵگر، نەکێشەی کۆمەڵایەتی و نەکێشەی زەوی وزاریشیان هەبووە، دیارە شتێك هەیە.[5]

## مێرجاڕییەکان لەململانێ گەورەترن

ململانێ ناوچەیی و کەسیەکانی ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و گۆڕەپانی سیاسی کوردستان وایکرد کۆمەڵێك قارەمان لەڕیزەکانی شۆڕش دابڕێن[1]، بەڵام بیروباوەڕی کوردایەتی لەناو گەنجانی ئیلنجاغی گەورە هەر لەجۆش وخرۆش دابوو بۆ شۆڕشی نوێ، بەمانایەکیتر ئیلنجاغیەکان لەشۆڕشەکەدا گەورەتربوون لەململانێکان و کاروانی خەباتیان بۆ ڕۆژێکیش چۆڵ نەکرد و کۆمەڵێك لاو و گەنجیتری گۆشکراو بەبیری شۆڕشگێری و کوردایەتی هاتنە گۆڕەپانەکە و چەکی خەبات و پێشمەرگایەتیان لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کردەشان، هەڵبەت هەندێکیان بارودۆخەکە چەکی پێدانان و پشووی خەباتیان کورت بوو، بەڵام کۆمەڵێکیان خوێنیان ڕژایە ناو ڕووباری خوێنی شەهیدان و داری ئازادیان بەخوێنی خۆیان ئاودا لەنەبەردی و داستان و قارەمانێتیەکاندا، خۆڕاگری وجوامێری ودان بەخۆگری هەندێکیتریان هەنگاو بە

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەحمان رەئوف عوسمان)لەدایکبوی ١٩٥٢ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٩-٥-٢٠١٦ز.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن-مەلا سەدر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

هەنگاو گەیاندیانە خۆرەتاو، دانەبڕان و پارتیزانیان هەڵبژارد بوونە مایەی شانازی هەموو کوردان بەگشتی و مێرجاڕەکەی ئیلنجاغی گەورە بەتایبەتی، لەسەرەتای گفتوگۆ و کۆتایی ساڵی ١٩٨٣هەریەك لە شەهید(موحسین حەمەد ساڵح حەمەد)[٢]، و(موحسین ڕەئوف عوسمان مەحمود) هاتنە ڕیزەکانی خەبات و چەکی پێشمەرگایەتیان لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەشانکرد،[٣] لەمانگی(٦)ی ١٩٨٤(غەفور حەمەد ڕەسوڵ عەبدوڵلا) پەیوەندی دەکات بەکەرتی(٥)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر[٤] و بۆ ماوەیەکیش(ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ)دەبێتە پێشمەرگە لەو تیپەدا،[٥] لە(٢٠-٧-١٩٨٤) لەکاتی گفتوگۆدا(بەهرام قادر بایز کاوێس) لەگەڵ(٦)پۆلیسی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە دەرفەت وەردەگرن و پەیوەندی دەکەن بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ئەوکات(سابیر رەسوڵ) فەرماندەی تیپەکە بووە، چالاکیەکە لەلایەن ئەم پۆلیسانەوە جێ بەجێکراوە:

(بەهرام قادر بایز ئیلنجاغی و عەبدولرەزاق عوسمان تالەبانی و ڕەزا ئەبابەکر تاڵەبانی و شێرزاد حەمە گاوانی تاڵەبانی و سێ پۆلیسی عەرەب)، کە حەوت پارچە چەکی کلاشینکۆف و جێب ستێشنێکی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە ڕادەستی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەکەن[٦]، هەروەها(ئەحمەد عەودل قادر)[٧] لەساڵی ١٩٨٥ و(لوقمان حەمەعەلی عەلی لە١-٥-١٩٨٥لەکەرتی(٥)ی تیپی ٨٦ی دەشتی

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نەسروڵلا عەلی مەحمود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین ڕەئوف عوسمان)لەدایکبووی١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٨-٥-٢٠١٦ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(غەفور حەمەد ڕەسوڵ)لەدایکبووی١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین ڕەئوف عوسمان)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەهرام قادر بایز)لەدایکبووی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٥-٥-٢٠١٦ز.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نەسروڵلا عەلی مەحمود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



هەولێر[٨]) و(سەباح سەلام ساڵح حەمەد) لەمانگی(٨ی١٩٨٥) لەهەمان کەرتدا دەبنە پێشمەرگە.[٩]

لەمانگی(٦ی ١٩٨٦ سەباح عەلی مەحمود حەمەد) لەمەفرەزەی کەرتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەبێتە پێشمەرگە[١٠] و لە(٨-٧-١٩٨٦) هەریەك لە(محەمەد حوسێن ئۆمەر و شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر و شەهید ئیدریس سوارە وسو جومعە و دڵشاد عەباس محێدین حەسەن) لەکەرتی(٤)ی بەردەباز چەکی پێشمەرگایەتی دەکەنەشان[١١] و(شەهید جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد و شەهید زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد) لەکەرتی(٦)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەلای جەلال ئیلنجاغی هەمان ساڵ[١٢] و(شهاب وهاب فەتحوڵلا و کاوە ئەنوەر نادر)یش لەساڵی ١٩٨٦دا چەکی پێشمەرگایەتی شان بەشانی گەنجانیتری ئیلنجاغی گەورە دەکەنە شان[١٣]، دواتر لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧لەکەرتی(٤)ی بەردەبازی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(بەکر سولێمان حەمە مستەفا) لەلای شەهید ئازاد داربەسەری دەبێتە پێشمەرگە.[١٤]

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان حەمەعەلی عەلی )لەدایکبووی١٩٦٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٥-٢٠١٦ز.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح)لەدایکبووی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)لەدایکبووی١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد حوسێن ئۆمەر)لەدایکبووی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٥-٢٠١٦ز.

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام سالح)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەر نادر)، پێشمەرگەی دێرین وپارتیزان، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەکر سولێمان حەمەمستەفا)لەدایکبووی١٩٦٩ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.

## کۆتایی گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێم

ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بەدرێژایی تەمەنیان لەساڵی(١٩٢١)ەوە تا ئەمڕۆ هەر کات گفتوگۆیان لەگەڵ کوردان کرد بێت، تەنها گەمەکردن و کات بەسەربردن و هەندێ قسەی بریقەدار و بەڵێنی درۆینەیان داوە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و جێ بەجێ-شیان نەکردووە، جگە لەمەش چەندین پیلان و نەخشەی گلاویان لەکاتی دانوستانەکاندا دەرحەق بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی خاوەن پرسێکی ڕەوا ئەنجامداوە.

دەزگای هەواڵگری عێراق بە هاوکاری جاشە خۆفرۆشەکان لەماوەی(٣) مانگ و(١٠) ڕۆژدا لە(١٥-٩-١٩٨٤) تاوەکو(٢٥-١-١٩٨٥) دوو فەرماندەی مەیدانی و جەماوەری پێشمەرگایەتیان تیرۆر کرد ئەوانیش(شەهید ملازم سەید کەریم هاودیانی) و(شەهید مامەڕیشە) بوون، دوای شەهیدکردنی(ملازم سەید کەریم) ساردی کەوتە گفتۆگۆکەوە و تادواجار یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە١٥-١-١٩٨٥ لەبەیاننامەیەکدا گفتۆی ڕاگرت و بەشەهید بوونی(مامەڕیشە)ش کوردستان بەتەواوەتی شڵەژاو لە(١-٢-١٩٨٥) شەڕ بەسەختی لەنێوان شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعس دەستیپێکردەوە.[1]

## داستانی ئازیانە

ئازیانە، داستانێکە پێشمەرگەکانی کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەفەرماندەیی شەهید(باقی بارزانی) لە گوندی(ئازیانە)ی ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر، دژی هەزاران جاش و سەربازی سوپای عێراق و فەوجە سوکەکان(جاش وجەیش)، لەبەرواری(٧-٣-١٩٨٥) لەڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بەرەیی نابەرامبەردا ئەنجامیاندا، تیایدا دوژمن زیانێکی زۆری(مادی ومەعنەوی وگیانی) لێکەوت، لەبەرامبەریشدا(٥) هاولاتی

[1] شەهید ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، لەنێوان پەڕەکانی(٢٩٧-٣٠٩)بەتەواوەتی باسی لێوەکردووە.



ئازیانە و(٢) پێشمەرگەی قارەمان شەهیدبوون و(٢) هاولاتی و(٦)پێشمەرگەش بریندابوون و گوندەکەش خاپورکرا.

## ئازیانە پێش پەلامارەکە

ئازیانە گوندێکە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێرە، بەدووری(٢٢)کیلۆمەتر لەڕۆژهەلاتی هەڵکەوتووە، خزمانی عەشیرەتی(لەك) خاوەندارێتی دەکەن و کێخوایەتیان کردووە، لەگەڵ کەمێك لە(مەنتك وسەیدەکان) کە بەشوانکارە و ئاژەڵداری هاتونەتە ئاواییەکەوە، شان بەشانی(لەك)ەکان نیشتەجێبوون، لەساڵی ١٩٨٥ژمارەی خێزانە گوند نشینەکانی(١٧-٢٠) خێزان و(١٠٠-١٥٠) سەر خێزان بووە، قوتابخانەیەك و مزگەوتێکیش لەئاواییەکە هەبووە، بەکاری کشتیاری و ئاژەڵداری خەریکبوونە(٤) مێگەڵی مەڕ و مالاتی لەو سەروبەندی لێ بەخێوکراوە، لەڕووی پێکهاتەی خانووبەرەکانیانەوە زۆربەی زۆری خانوەکانیان لە(کەرپوچ) دروستکرابووە، یەك کۆڵانی سەرەکی هەبووە لەباشوری ئاواییەوە لە(جۆخینان) تاسەرووی گوند و نزیك مزگەوتەکە درێژدەبۆوە.[1]

## کەرتی(٢)بەر لەشەڕەکە

لەناو گفتوگۆی ساڵی(١٩٨٤) عەبدولباقی حەسەن محەمەد ئەمین بارزانی دەکرێتە فەرماندەی کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، شێخ حوسێنی کورانی هەولێر ناسراو بە(مەریوان) جێگری کەرت بوو، سەلام عەباس ئیلنجاغی و جەلال خورشید ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزە و خاڵە عومەر تاڵەبانی ڕابەر سیاسی کەرتەکە بوو[2]، دوو مانگ پێش شەڕی ئازیانە(ئەمین) ناوێك کە بە کاکەمین هەولێری بانگ دەکرا لەجیاتی شێخ حوسێن کرا بە جێگری کەرت،

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف)لەدایکبووی ١٩٦٣ی ئازیانە، شایەتحاڵی داستانەکە، لە٢٩-٦-٢٠١٦ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕۆستەم خەلیل ڕەسوڵ)لەدایکبووی ١٩٧٠ی گردەڕەشەی گەورە، پێشمەرگەی دێرینی بەشداربووی داستانەکە، لە٢١-٦-٢٠١٦ز.

بارەگای کەرتەکە لەگوندی(باغەمرە)ی بوو، رۆژێك کاکەمین هەولێری یەك دوو پێشمەرگەی ناردبوو بۆ چالاکی نێو ڕێگاکان، بەهۆی گفتوگۆوە ئەمە قەدەغەبوو، لەبەر ئەوە(شەهید باقی بارزانی) نیگەران دەبێت و خۆی لە کاکەمین هەولێری تووڕە دەکات، ئەویش دەچێتە گوندی(ئاخوڕە) دادەنیشێت،[٣] کاکەمین هەولێری لەداستانی ئازیانە بەشدار نەبوو، بیروبۆچونی تر دانیشتنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە نەکراوەتە فەرماندەی کەرت بۆیە توڕەبووە و دانیشتووە[٤]، لەوانەیە ئەو کاکەمین هەولێرییە یەکێك لەو گەنجانە بێت کە لەساڵی ١٩٩٢لەسەر سنور جەندرمەی تورك گرتیانی و تۆمەتی ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانی(پەکەکە)ی خستنەپاڵ و گوللە باران و شەهیدی کردن.[٥]

لەدوای بەکۆتایی هاتنی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی نوێ کەرتی(٢) بانگ دەکرێن بۆ سەرکردایەتی و لەوێ بڕیار دەدرێت، هەر کەرتەی چالاکیەك ئەنجامبدات کە جێگەی باسکردن بێت، کەرتی(٢)ش بازگە و مۆڵگەی(گردەڕەش)ەی سەر ڕێگەی نێوان(هەولێر-قوشتەپە) دەست نیشان دەکات، شەوێك پێشتر دەچنە(دارەتوو) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ژمارەی پاسەوان و سەربازی بازگەکە، ئەمە لەشەوی(٥/٦-٣-١٩٨٥)پلانی بۆ دادەنرێت، بۆشەوی دووەم بڕیار درا لەبازگەکە بدرێت پلانێکی بەو شێوەی بۆدانرا:

١-لەهەولێرەوە بۆ بازگەی گردەڕشە بە سەرپەرشتی فەرمانـدەی مەفرەزە جەلال ئیلنجاغی.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)لەدایکبووی ١٩١٩٦٢ی ئیلنجاغی گەورە، فەرماندەی مەفرەزە لە داستانەکە، له١٦-٢-٢٠١٦ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)لەدایکبووی ١٩٥٥ی تاڵەبانی گەورە، ڕابەر سیاسی بەشداربووی داستانەکە، له٢٢-٦-٢٠١٦ز.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد)لەدایکبووی ١٩٦١ی گڵکەندی هەولێر، کادیروپێشمەرگەی دێرین، له٢٥-٦-٢٠١٦ز.



٢-لەقوشتەپەوە بۆ بازگەی گردەڕەشە بە سەرپەرشتی ڕابەر سیاسی کەرت خاڵە عومەر تاڵەبانی.

٣-دەستەی هێرشبەر بە سەرپەرشتی فەرماندەی کەرت شەهید باقی بارزانی و فەرماندەی مەفرەزە سەلام ئیلنجاغی.

بەڵام لەکاتی نزیکبونەوە لەبازگەکە لەشەوی(٦/٧-٣-١٩٨٥) دەردەکەوێت دوژمن هێزێکی نوێی بۆ پاڵپشتی لە بازگەکە لەوێ جێگیر کردبوو، ئەمەش کار لە بەرنامەی کەرتەکە دەکات و ناتوانن چالاکیەکە ئەنجام بدەن، بۆیە بەهێمنی پاشەکشە دەکەن و بۆ شەو دەگەنە گوندی(ئازیانە)[٦]، هەر یەك لە(سەلام ئیلنجاغی و خاڵە عومەر تاڵەبانی) بەشەهید(باقی بارزانی) دەڵێن: بابڕۆین ئازیانە بۆ مانەوە و پشوودان دەست نادات، بەڵام شەهید باقی بارزانی وەك فەرماندەی کەرتەکە گوێ بە پێشنیارەکەیان نادات و شەو لەگوندەکە بڕیاری مانەوە دەدات، سەلام عەباس فەرماندەیەکی مەفرەزەی چوست و چالاك بوو پێش برادەرانی تر بووبووە فەرماندەی مەفرەزە شارەزایی زیاتربوو، چەند ڕۆژێك پێش شەڕی ئازیانە شەهید باقی بارزانی لەسماقوڵی داوا لە(کۆسرەت ڕەسوڵ) دەکات کە ڕابەر سیاسی کەرتەکەی(خاڵە عومەر تاڵەبانی) بۆ بکاتە جێگری کەرتەکە، بەڵام خاڵە عومەر تاڵەبانی دەڵێت: سەلام ئیلنجاغی نەك پێویستە بکرێتە جێگر کەرت بەڵکو پێش ئێمەیە بکرێتە فەرماندەی کەرتیش چونکە کۆنترە و گونجاوترە بۆیە هەموو پێشمەرگەکانیش حەز دەکەن.[٧]

دواتر هەرچەندە(ڕزگار ئیسماعیل خدر) ناسراو بە(ڕزگار سیان) یەکێك لە ڕێکخستنەکانی شار، شەو دەگاتە ئازیانە و هەواڵ دەداتە شەهید باقی بارزانی کە حکومەت بەیانی هێرش دەکاتە سەر ناوچەی خۆرئاوای(دێدەوان) و پێویستە بەرە و ڕۆژهەڵاتی دێدەوان بڕۆن، بەڵام شەهید باقی بارزانی هەر سوور دەبێت لەسەرمانەوە،

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پێشمەرگەکانیش فەرمانی فەرماندەکەیان جێ بەجێ دەکەن و شەو دەمێننەوە[٨]، ئەو پێشمەرگانەی شەوی(٦/٧-٣-١٩٨٥) لە کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لەگەڵ شەهید باقی بارزانی بوون ژمارەیان(٢٤) پێشمەرگە بووە، دواتر(٢) پێشمەرگەی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندوز و(١) یەك پێشمەرگەی ڕێکخستنی شار دەگەنە لایان بەمەش ژمارەی ئەوانەی لەو نەبەردیە گەورەیە مێژووییە بەشداردەبن دەبنە(٢٧) پێشمەرگە[٩] بەناوەکانی:

١-شەهید عەبدولباقی حەسەن محەمەد ئەمین بارزانی(باقی بارزانی) فەرماندەی کەرت.

٢-سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە.

٣-جەلال خورشید ڕەشید ئیلنجاغی،(جەلال ئیلنجاغی)فەرماندەی مەفرەزە.

٤-عومەر ئەحمەد ئیسماعیل تاڵەبانی(خاڵە عومەر) ڕابەر سیاسی کەرت.

٥-عومەر ئەبو زێد فەقێ محەمەد سولاوکی خۆشناوەتی،(هۆگر) ئیدارەی کەرت.

٦-عومەر ئیبراهیم گردەڕەشەی گچکە، دکتۆری کەرت.

٧-عومەر مەحمود محێدین ئیلنجاغی،(عومەر ئارپیچی)، پێشمەرگە.

٨-شەهید موحسین حەمەد ساڵح حەمەد ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٩-ئەحمەد محەمەد عەزیز گردەڕەشەی گەورە، پێشمەرگە.

١٠-ڕۆستەم خەلیل ڕەسوڵ خزر گردەڕەشەی گەورە، پێشمەرگە.

١١-شەهید حوسێن سەعید حەسەن گردەڕەشەی گەورە، پێشمەرگە، لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١لەلای(دیبەگە) شەهید دەبێت.[١٠]

١٢-ئیحسانی مەلا حەسەنی مورتکەی گەورە، پێشمەرگە.

---

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد محەمەد عەزیز)لەدایکبووی ١٩٦٦ی گردەڕەشەی گەورە، پێشمەرگەی دێرینی بەشداربووی داستانەکە، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.



١٣-خدر فارس قادر ناسراو بە(نەبەز دووبزی)، پێشمەرگە.

١٤-شەهید عەبدولڕەحمان سەید محەمەد دوبزی، پێشمەرگە لەشەڕەکەدا بەخەستی بریندار دەبێ، بەڵام سێ ڕۆژ پێش(٣١-٨-١٩٩٦)لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان شەهید بوو.[١١]

١٥-شەهید قەرەنی عەلی حەمەخان شاخەپیسکەیی، پێشمەرگە.

١٦-سەباح عەبدولحەمید محەمەد سێتاقانی هەولێر، پێشمەرگە.

١٧-محەمەد ساڵح قادر مەحمود سماقەیی(حەمە بێکەس)، پێشمەرگە.

١٨-عەزیز قادر حەمەدەمین قادر(عەزیز قوڵتەپەیی)، پێشمەرگە.

١٩-خالیدە سوور قوشتەپەیی، پێشمەرگە.

٢٠-موحسین چەڵتوکی، پێشمەرگە.

٢١-ئیسماعیل چەڵتوکی، پێشمەرگە.

٢٢-ڕەشاد بەڕانەتی، سایەقی کەرت.

٢٣-نەوزاد بارزانی، پێشمەرگە.[١٢]

٢٤-شهاب حەسەن حەمەد ئەمین برای شەهید باقی بارزانی.

٢٥-ئەحمەد عەلی ئەحمەد(شۆڕش)، پێشمەرگەی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندوز.

٢٦-بورهان خدر عەزیز، پێشمەرگەی کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندوز.

٢٧-ڕزگار ئیسماعیل خدر مەحمود(ڕزگار سیان)، ڕێکخستنی شار، بەداخەوە لەزنجیرە(١٩تاوەکو٢٣)ناوی سیانی ئەو(٥)پێشمەرگەیەم بەدەست نەکەوت؟!

---

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(خدر فارس قادر)لەدایکبووی ١٩٦٥ی عەمشە، پێشمەرگەی دێرینی بەشداربووی داستانەکە، لە٢٠-٣-٢٠١٦ز.

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەبو زێد فقێ محەمەد)لەدایکبووی ١٩٦٤ی سێتاقان، پێشمەرگەی دێرینی بەشداربووی داستانەکە، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.

## دەستپێکی شەڕی ئازیانە

گزەنگی خۆرەتاوە، کاتی ڕادانی ڕان و مێگەلی(مەڕوبزن)ی شوانکارەکانی گوندە بۆ لەوەڕگا و ئاقاران، کورد ووتەنی(گەردی بەیانی یە)، هەلیکۆپتەرە مەرگچێنەکانی حکومەتی عێراق دێنە سەر ئاوایی و ئاسمانی گوندی(ئازیانە) لەو کاتەدا(ڕەشاد بەرانەتی) شوفێری ئۆتۆمبیلی کەرتەکە، ئۆتۆمبیلەکەی گەیاندبووە سەر ڕێگا(جادە) بۆ ئەوەی هەندێ(بەنزین) پەیدا بکات، هەلیکۆپتەرەکان خستیانە بەر سێرەی خۆیانەوە و بۆردومانیانکرد و سوتاندیان بەهەموو کەل وپەلی نێوییەوە جگە لە(ئارپیچیەك و سێ گوللە ئارپیچی) نەبێت کە لەو کاتە لەلای شەهید باقی بارزانی بوو، بەمەش(عیتاد)ی پێشمەرگەکان بەتەواوەتی سووتا، لەهەمان کاتیشدا شوانێکی ئاواییەکەیان شەهید کرد.[1]

لە بەرە بەیانیەوە هەلیکۆپتەرەکانی جۆری(بارهەلگر و جەنگی و بیلاتۆز و عەنتر) ئاسمانی ناوچەکەیان تەنی وەك تۆڕی جالجالۆکە ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی ئاسمانیان ئەنجامدا ژمارەی فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە جەنگیەکان خۆی داوە لە(٣٠) فڕۆکە(٦) فڕۆکە بۆ نزیك کۆیە و سنوری کێلگەی نەوتی تەقتەق و(٦) فڕۆکە بۆ کەناری زێی بچوك و شێخ بزێنی خواروو و(٦) فڕۆکە بۆ دەشتی دزەیی و(٦) فڕۆکە بۆ بناری دێدەوان و(٦) فڕۆکەش بۆ شەرگەی(ئازیانە)،[2] ئەو ڕۆژە لە زەمینەوەش(١٠) هەزار(جاش وجەیش) لەپارێزگای(کەرکوك)ەوە بەقۆڵەکانی(پردێ-ئۆمەراوە-شێراوە-بێستانە-گردەسۆر) بەرەو بناری چیای دێدەوان و پەلکانە و خورخوڕ و قەشقە و جلبەسەر و ئازیانە) بەپاڵپشتی دەیان زریپۆش و ناقیلە و فڕۆکە و تۆپخانەی لیوای(عاسمی قاتعی جەیشی شەعبی) سێ قوچان پەلاماریان هێنا[3]، ئەو هێزانە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد محەمەد عەزیز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



لەپارێزگای کەرکوکەوە فەرمانیان پێکرابوو، بەرەو ناوچە ئازاد کراوەکانی بەستێ شەرغە و دێدەوان و کەناری زێی بچووك.[4]

پاش ماوەیەك لە بۆردومانی فڕۆکەکانەوە لەقۆڵی(گردەسۆر)ەوە جاش و سەرباز وەك(شارە مێرووله) ڕێچکەیان بەرەو ئازیانە بەست، لەلایەن پێشمەرگەوە ڕێگەدرا کە گوندنشینەکانی ناو ئاوایی دەربچن و مەلای گوندەکە و خەڵکی ئاوایی گوندەکەیان چۆڵکرد و بە پەرۆی سپییەوە بەرەو ڕووی جاش و سەربازەکان چوون[5]، و خۆیان ڕادەستی(ئەسعەد ئاغای هەرکی) سەرۆکجاش و فەرماندەی(فەوجە سوکەکان)کرد، تاهیر شەریف ئەمین هاوڵاتی ئازیانە بە ئەسعەد ئاغای هەرکی دەڵێت: خەڵکی ئازیانە جوتیار و مەڕدارن ئاگات لێیان بێت، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: خەمتان نەبێت نەك خزمەکانی ئێوە بگرە ئێوارە داهات پێشمەرگەکانیش(ئیزن) دەدەین.[6]

ئەمە لەکاتێکدایە پێشمەرگەکانی کەرتی(٢)ش دوو بە دوو بەگوێرەی پێکهاتەی خانوبەرەی گوندەکە لەسەنگەر دادەمەزرێن و پلان دادەنێن تا پیادەی دوژمن دەگاتە ناو گوندەکە تەقە نەکرێت، بەڵام ئەوەی پلانەکەی گۆڕی ئەوەبوو پیکابێکی تویوتای جاشەکان ڕاستەوخۆ دێتە ناو گوندەکە و نزیك تانکیەکی ئاو دەوەستێت لەهەوڵی دابەزین دەبن چەکدارەکانی ناو تویوتاکە، پێشمەرگەکانیش دەستڕێژی گوللەیان لێ دەکەن[7]، بەمەش دوژمن چاوی شکاو تا ئێوارە نەیتوانی هەنگاوێکیتر پێشڕەوی بکات.[8]

بەڵام فڕۆکە جەنگیەکان زۆر دەهاتنە سەر گوندەکە و زۆر بێ باکانە نزم دەبوونەوە، لەنزیکی سعات(١١)ی پێش نیوەڕۆ شەهید(باقی بارزانی) گوللەیەك ئارپیچی

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف)، شایەتحاڵی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف)، شایەتحاڵی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

دەگرێتە هەلیکۆپتەرەکان بەمەش فڕۆکەکان زۆر بەرزدەبنەوە و نەیانتوانی وەك پێویست ئامانج بپێکن، لەرۆژئاوای گوند لە(گردەسۆر)ەوە تا دەهات جاش و سەرباز نزیك دەبوونەوە لە ئازیانە ناوچەکەش دەشت و سەر ڕێگایە بۆ پاشەکشە دەست نادات، ئاسمانیش هەلیکۆپتەر بەردەوام لەسەری دەسوڕایەوە، پێشمەرگەکان بڕیار دەدەن تا دوا فیشەك بەرگری بکەن و تەنها(یەك) فیشەك بهێڵنەوە وەك نەریتێکی شۆڕشگێڕانە تا نەکەونە دەست دوژمن و خۆیانی پێ شەهید بکەن.[9]

پێشمەرگەکانی کەرتی دوو زۆر قارەمانانە ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە لە ئاسمان و زەویدا بەجۆرێك کە لە زەویدا زیاتر لە(٣) هەزار جاش و سەرباز لەو(١٠) هەزار جاش و سەربازەی تێکڕای ئۆپەراسیۆنەکە بەرەو ئازیانە دەچوون، دۆشکە و تۆپی تانك و زرێپۆش و تۆپی نەمساوی کە تیبەی تۆپخانەی لیوا عاسمی سێ قوچان و بەیەك جاریش دەیان گوللە ئارپیچی جاشەکان ڕوو لە گوندەکە دەتەقێنران و هیچ کاتێکیش لە(٦) هەلیکۆپتەر کەمتر لەسەر ئاسمانی گوندەکە نەبوو، لە گەردی بەیانییەوە تا کۆتایی شەڕەکە،[10] بۆ جاری دووەم لەدوای سعات(١٢)ی نیوەڕۆ شەهید باقی بارزانی گوللەیەکیتری ئارپیچی دەگرێتە هەلیکۆپتەرەکان بەمەش شوێنەکەی بۆ دوژمن ئاشکرا دەبێت، دوژمن شوێنەکەی بۆردوومان دەکات، شەهید باقی بارزانی و پێشمەرگەیەك بەناوی(شەهید موحسین ئیلنجاغی) بەیەکەوە شەهید دەبن[11].

جەلال ئیلنجاغی لەلاپەڕە(٩٠)ی لەشارەوە بۆ شاخ دەنوسێت: شەهید باقی و موحسین سعات١٢ی نیوەڕۆ شەهید دەبن، هەروەها ڕەهبەری سەید بڕایم لەلاپەڕە(١٣٣)ی گڕدار نوسیویەتی: شەهید باقی بارزانی و موحسین ئیلنجاغی سعات١٢ی نیوەڕۆ شەهید دەبن، دوای شەهید بوونی فەرمانداەی کەرتەکە و

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[10] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد سالح قادر-حەمەبێکەس)لەدایکبووی ١٩٦٨ی سماقە، پێشمەرگەی دێرینی بەشداربووی داستانەکە، لە٣٠-٦-٢٠١٦ز.

[11] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



پێشمەرگەیەك وورەی پێشمەرگەکان بەرزتر بۆوە و گیانی تۆڵەکردنەوە بەهێزتریکردن، هەریەك لە(سەلام ئیلنجاغی و جەلال ئیلنجاغی) لەفەرماندەی مەفرەزەوە بوونە دوو فەرماندەی کەرتی دلێر و هەر پێشمەرگەیەکیش وەك فەرماندەی مەفرەزەیەك دەرکەوتن.[12]

لەدوای سعات(١٢)ی نیوەڕۆوە دوژمن هێرشەکانی چڕکردەوە، خانوو نەبوو گوللە ئارپیچی و تۆپی نەمساوی و بۆردومانی فڕۆکە و دۆشکەی زرێپۆش و تۆپی دەبابەکانی بەر نەکەوتبێ، جگە لە شەهیدەکان(٦) پێشمەرگەش زامداربووبون[13]، پێشمەرگەکان کە دیواری خانوەکانیان کونکردبوو، دەبوایە نزیك کونە دیوارەکانیش تەڕبکرێت تاوەکو تەپوتۆزی تەقەکردنیان دەرنەکەوێت، بەلاّم لەدوای عەسرەوە(حەمە بێکەس) لەشوێنێك تەقە دەکات ئەوەی لەبیر دەچێت، بۆیە شوێنەکەیان ئاشکرا دەبێت و دەدرێنە بەر تۆپ و ئارپیچییەوە و هەریەك لە(سەلام عەباس و حەمە بێکەس و خاڵە عومەر) دەکەونە ژێر دیوارەوە، برادەران هەموویان وادەزانن خاڵە عومەری ڕابەر سیاسی کەرتەکە شەهید بووە.[14]

زرێپۆش و تانکەکان دەمە و عەسر لەگوند نزیك دەبوونەوە، خاڵە عومەر تاڵەبانی و جەلال ئیلنجاغی و سەلام عەباس ئیلنجاغی فەرماندەی مەیدانی شەڕەکە کۆدەبنەوە و هەمان نهێنی شەوی ڕابردوو دادەنێنەوە چونکە شەڕبەردەوامە و عەسرێکی درەنگە و دوژمن تادەهات بازنەی گەمارۆی سەر گوندی ئازیانەی تەسکتر دەکردەوە[15]، ئیتر هێدی هێدی دوژمن نزیکتر دەبۆوە، پێشمەرگە هیچ(عیتاد) و گوللە و(زەخیرە)ی شەڕی پێ نەما، تەنها(١)یەك گوللە ئارپیچی مابوو کە شەهید(عەبدولڕەحمان سەید محەمەد) دوای شەهید بوونی شەهید(باقی بارزانی)ئارپیچیەکەی هەڵگرتبوو, بەلاّم

[12] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕۆستەم خەلیل ڕەسوڵ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[13] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد محەمەد عەزیز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[14] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[15] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

**کەبرینـــداربوو(جـــەلال ئیلنجـــاغی) ئارپیێچـــیەکەی هـــەڵگرتوو بۆبەرزکردنـــەوەی ورەی پێشمەرگە و چاوشکاندنی چاوی دوژمن دواجار لە دوژمنی گرت[١٦]، تەنها یەك هیوا بۆ پاشەکشەی پێشمەرگەکان هەبوو، ئەویش پردێکی پشت گوندەکە بوو، کـە جـادەی بەسـەرەوە بـوو، دەمـە و ئێـوارە(جاشـەکان) بـەرەو پردەکـە دەڕۆیشـتن و ناقیلـە و دەبابـەکانیش بـۆ نـاو گونـد و دەوروبـەری دەهـاتن[١٧]، برینـدارەکان گەیەنرانـە لای مزگەوتی ئازیانە لەڕۆژئاوا(مەغریب) بووندا، جاشەکانیش هەڵپەی گرتنی پردەکەیان بوو، بۆیـە چـەند پێشـمەرگەیەکی چـاپوك و گـورج و گـۆڵ و خێـرا بەسەرپەرشـتی فەرماندە(سەلام ئیلنجاغی)[١٨]، بەدەستڕێژی گوللە ڕوو لـە دوژمـن بەسـەر لێـواری گوللـە خۆیـان گەیانـدە پردەکـە و بەمـەش ڕێگـەی پاشەکشـە بـۆ پێشـمەرگە گەمارۆدراوەکان کرایەوە.[١٩]**

**کاتێك لەهەوڵی ڕزگـارکردنی برینـدارەکان دەبـن دوژمـن دەگاتـە نـاو گوندەکـە و(تەلقە تەنور) فڕێدەداتە ئاسمان، بەمەش ناتوانن بگەڕێنـەوە سـەر تـەرمی شـەهید باقی بارزانی و شەهید موحسین ئیلنجاغی تـاوەکو دەربازیـان بکـەن، دوا پێشـمەرگە هەردوو فەرماندە(جـەلال ئیلنجـاغی و سـەلام ئیلنجـاغی) پردەکـە جـێ دەهـێڵن و**

[١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەبو زێد فەقێ محەمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەبدولحەمید محەمەد)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٩] بۆ ئەوانەی لەگەڵ فەرماندە(سەلام ئیلنجاغی) لەهێرشەکەدا بەشداربوون جیـاوازی لەگێڕانەوەکانیانـدا هەیـە، بـۆ نمونە(سەباح عەبدولحەمید دەڵێت: سەلام وشۆڕش ومن بووین)،(عومەر ئەبوزێد-هۆگر دەڵێت: سەلام ئیلنجاغی و چـەند برادەرێك بوون)،(عەزیز قوڵتەپەیی دەڵێت: سەلام ئیلنجاغی دەربازی کردین)،(حەمە بێکەس دەڵێت: سـەلام ئیلنجـاغی ڕۆڵـی جوامێرانـەی بینـی لـەدەرباز بوونمـان)،(ڕۆسـتەم خـەلیل دەڵێـت: سـەلام ئیلنجـاغی و جـەلال ئیلنجـاغی و پێشمەرگەیەکیتر بوون)،(خدر فارس قادر-نەبەز دوبزی دەڵێت: من وشـۆڕش وبورهـان بـووین)،(خاڵـە عومـەری ڕابـەر سیاسی کەرتەکە دەڵێت: لەگەڵ خۆرئاوابوون فەرماندە سەلام ئیلنجاغی بریندارەکانی دەربـاز کـرد لەپردێکـدا کـەخۆی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، لەگەڵ یەك دوو پێشمەرگە پردەکەیان گرت)،(سەلام عەباسیش دەڵێت: بەتەنها لەماوەی تەقانـدنی سێ مەخزەن بەسەلیە گەیشتۆتە لای پردەکەو دواتر برادەران هاتوون)، لەو گێڕانەوەدا دەردەکەوێت کـە فەرمانـدە سـەلام ئیلنجاغی ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو لەدوای شەهیدبوونی باقی بارزانی و هەر ئەویش لەشـکاندنی گـەمارۆی دوژمنـدا بـۆ سەر گوندوپردەکە ڕۆڵی جوامێرانەوفەرماندانەی بینیوە.



**بەبریندارەکانەوە دەگەنە گوندی(چاڵەگردەڵە)، بـەهۆی بۆردومـانی فڕۆکەکانـەوە(٤) چـوار هـاوڵاتی گونـدی(چـاڵەگردەڵە)ش شـەهیدبووبون[٢٠]، لەچـاڵەگردەڵەوە بـۆ گونـدی(جلبەسـەر) هـەمان ڕۆژ لەسـعات(٧,٥)ی بەیانیـەوە تـاوەکو(٦)ی ئێـوارە گوندەکانی(جلبەسەر و چاڵەگردەڵە و چۆمەزەردەڵە و قەشـقە و ئازیانـە و داربەسـەر) یەکبینـە(١١) فڕۆکـەی هەلیکۆپتـەر بۆردومـانی کـردوون تـەنها لەگونـدی جلبەسەر(١٣) شەهیدی هاوڵاتی و(١٨) برینـداری هـاوڵاتی لـەژن و منـداڵ و پیر و جوتیـاری لێکەوتـەوە[٢١]، ناچـار لەجلبەسـەریش نـاتوانن بمێننـەوە بـۆ(بانـەمۆرد) لەوێشەوە دەگەنە گوندی(نێرەگین).[٢٢]**

## زیانە گیانیەکانی هاوڵاتیان وهێزی پێشمەرگە لەداستانی ئازیانەدا

**زیانی گیانی(٥) هاوڵاتی ئازیانە شـەهیدبوون و(٢) هـاوڵاتیش زامـداربوون بـەم ناوانە:**

**١-شەهید عوسمان سادق عەبدوڵلا-جوتیار.**

**٢-شەهید قادر سادق عەبدوڵلا-شوان.**

**٣-شەهید(فاتیمە)خوشکی حەمەکۆر-کابانی ماڵ.**

**٤-شەهید سەید جەلال سەید سەلیم چاڵەگردەڵەیی-مەڕدار.**

**٥-شەهید دیلمان خەسرەو سادق، کچۆڵەیەکی مناڵ بوو لەباوەشی دایکی شەهید بوو.**

**٦-سەید عیزەدین سەید عوسمان-کارپێکەری بیری گوند، بریندار بوو.**

**٧- عەتیە خێزانی سەید عەبدولکەریمی، کابانی ماڵ، بریندار بوو.[٢٣]**

[٢٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢١] ئاراس ئیلنجاغی، سێگردکان وسێبەر نشینەکانی، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە٢٠٨.

[٢٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٢٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف )، ڕێکخستن و شایەتحاڵی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

**لەهێزەکانی پێشمەرگەش(٢) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون لەگەڵ زامداربوونی(٦) پێشمەرگە بەم ناوانە:**

**١-شەهید عەبدولباقی حەسەن محەمەد ئەمین بارزانی فەرمانـدەی کـەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.**

**٢-شەهید موحسین حەمەد ساڵح حەمەد ئیلنجاغی پێشمەرگەی کـەرتی٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.**

**٣-شەهید عەبدولرەحمان سەید محەمەد دوبـزی بەسـەختی برینـدار دەبێـت وبـە تۆپبارانەکە چاوێکی لەدەستدا.**

**٤-عومەر ئەبو زێد فەقێ محەمەد ناسراو بە هـۆگر ئیـدارەی کـەرت، لەبنەڕەتـدا خەڵکی دۆڵی سماقولی گوندی(سولاوك) بوو، بەڵام لە سێتاقانی هـەولێر لـەدایکبووە، لەگوندی جلبەسەر برینەکەیان بۆ دووربیـەوە بـەهۆی تـاریکی شـەوەوە فانیلەکـەیان لەگەڵ برینەکەی بۆ دووربیۆوە.[٢٤]**

**٥-ئیسماعیل چەڵتوکی، بەهۆی بۆردومانەوە کە لەنزیکیەوە چەندین گوللە تـۆپ و ئارپیچی و بۆردومانی فرۆکە تەقیبۆوە هێزِ بووبوو.**

**٦-ئەحمەد محەمەد عەزیز گردەڕەشی گەورە، دەستی بریندار بوو بوو.**

**٧-شەهید حوسێن سەعید حەسەن گردەڕەشی گەورە، ڕیخۆڵەی هاتبووە دەرێ.[٢٥]**

**٨-خدر فارس قادر وەلی-نەبەز دووبزی، بریندارسووك.**

**٩-سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی برینداری سووك.**

---

**[٢٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد محەمەد عەزیز و ڕۆستەم خەلیل ڕەسوڵ)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.**

**[٢٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.**



## زیانە مادییەکانی داستانی ئازیانە

**١-ڕووخانی تێکڕای خانوبەرەی هاوڵاتیانی گوندی ئازیانە لە(٧-٨/٣/١٩٨٥).**

**٢-ئاوارەبوونی(١٠٠-١٥٠) هاوڵاتیانی گوندی ئازیانە بۆ شاری هەولێر.**

**٣-سووتانی(٢) تراکتۆری جوتیاران کە(تاهیر شەریف ئەمین و حاجی کـەماڵ ڕەزا ئەمین) خاوەنی بوون، لەگەڵ شۆڤرلێتێکی(سەید کەریمی سەید عوسمان).[٢٦]**

**٤-زیانەکانی پێشمەرگەش(٢) ئۆتۆمبیلی پێشمەرگایەتی سووتا لەگـەڵ هـەموو کەل وپەکانی نێویانەوە.[٢٧]**

**٥- زیانـەکانی دوژمنـیش لـەو داسـتانە نەبەردییـەدا(٣٠) جـاش و سـەرباز کوژران[٢٨]، لەو داستانەدا هێزی پێشمەرگە توانی بۆماوەی(١١) سعات لە پێدەشت و نزیـك سـەربازگەی دوژمـن بەرامبـەر گـەورەترین ئۆپەراسـیۆنی زەمینـی و ئاسمـانی حکومەتی عێراق بوەستێ ئەمەش یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی بەرەیی فراوان بـوو لـەدوای گفتوگۆی نێوان ڕژێم و هێزی پێشمەرگە.**

## گرنگی داستانی ئازیانە

**١-گەورەترین ئۆپەراسیۆنی ڕژێمی(حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) فەرمانڕەوای عێراقی لەشەڕی ڕووبەڕوو بوونەوەی نابەرامبەری بەرەییدا ڕاگـرت، کـەخۆی لـە(١٠) هەزار جاش و سەربازی سوپای عێراق و دەیان تانك و زریپۆش و تۆپبارانی بەردەوامی سەربازگەی(سێ قوچان) بەپاڵپشتی(٣٠) فڕۆکەی جەنگی جۆراوجۆر دەبینیەوە.**

**٢-لەدوای شەڕی گوندی(ئۆمەرگومبەت)ی ناحیەی سێگردکان لەمێژووی شۆڕشی نوێ و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا بە(دووەم) شەڕی ناو گوند دادەنرێت لەسـنوری پارێزگای هەولێر، کە هەر هەمان کـەرت، کـەرتی ٢ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هـەولێر**

---

**[٢٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف )، ڕێکخستن و شایەتحاڵی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.**

**[٢٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.**

**[٢٨] ڕەهبەر سەید برایم، شەهید باقی بارزانی لەشەڕ ناکرێی نەدەزانی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٨٠٨)سێشەممە، لە١٨-١٠-٢٠٠٥ز.**

قارەمانانە ئەنجامیانداوە، لەشەڕی یەکەمدا شەهیدی فەرماندە ئەحمەد قەمبەری و لەشەڕی دووەمدا شەهیدی فەرماندە باقی بارزانی فەرماندەی بووە.

٣-هاوشانی داستانی(حەمك)ی کەرتی(٤)ی جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمەی مامەڕیشە و هاوڕێکانی، مەگەر هەر(٢٤) پێشمەرگەکەی کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر وەك ئەوان بگرە زیاتریش بەرامبەر(٣) هەزار جاش و سەرباز و(٣٠) هەلیکۆپتەر و دەیان تانك و زریپۆش و تۆپبارانی تۆپخانەی(قاتعی) سێ قوچان بە بەردەوامی بگرن، بەداخەوە ڕاگەیاندنەکانی شۆڕشی نوێ کەمترین بایەخیان بەو داستانە داوە، چونکە ئەو کوڕانەی لەو قارەمانێتییە شەهیدبوون یان بەشدار بوون ڕەنجدەرانی بیروباوەڕ و کوڕە هەژاری میللەتی کورد بوون.

٤-لەداستانی ئازیانەدا سەلمێنرا کە هەموو پێشمەرگەیەك دەتوانێ لەکاتی شەهیدبوونی فەرماندەکەی جێگەکەی بگرێتەوە، وەك چۆن(سەلام عەباس ئیلنجاغی و جەلال خورشید ئیلنجاغی) کەفەرماندەی مەفرەزەی کەرتەکە بوون، سەلماندیان و توانیان ڕۆڵی(شەهید باقی بارزانی) فەرماندەی کەرت بگرنە ئەستۆ و دوای شەهیدبوونی(٥) سعات زیاتر درێژەیان بەبەرگری دا و هەموو پێشمەرگەکانیان ئاراستە دەکرد و بریندارەکانیشیان دەربازکرد.

### عەگید و مێرخاسەکەی بارزان، شەهید باقی ئامادەی مەیدان

ناوی تەواوی(عەبدولباقی حەسەن حەمەد ئەمین حەسەن)ناسراو بە(باقی بارزانی)، لەساڵی ١٩٥٤لە گوندی(گردەڕەشە)ی کەڵەکی-ناحیەی عەینکاوەی پارێزگای هەولێر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر هاتۆتە ژیانەوە، ئەو کات خانەوادەکەیان بۆ ئەم گوندە دوور خرابوونەوە[١]، لە(مێرگەسۆر) تا قۆناغی چوارەمی ئامادەیی خوێندوە،

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەیدەر ئەحمەد غەفور- حەیدەر مەنتك)، ڕۆژنامەنوس وتوێژەرلەبواری شەهیدانی شۆڕشی نوێ لەپارێزگای هەولێر لە٤-٣-٢٠١٧ز.



ساڵی(١٩٧٤) لەشۆڕشی ئەیلولدا بەشداریکردووە، خولی(ئەندازەی دژە ئاسمانی) بینیوە، لە١٠-٨-١٩٨٣لەگەڵ(٢٣) کوڕە بارزانی بە جامانەی سورەوە بوونە پێشمەرگە[٢]، لە گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕابەری شۆڕشی نوێ لەساڵی ١٩٨٤دەکرێتە فەرماندەی کەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.[٣]

فەرماندەیەکی گورج و گۆڵ و چالاك و قارەمان بوو، ڕۆژێك بەر لە شەهید بوونی(٤) نامەی لەکەس و کارییەوە پێگەیشتبوو، داوایان لێکردبوو کە(تەسلیم) بێتەوە بە ڕژێمی عێراق، چونکە ڕژێمی بەعس بەڵێنی داوە پلەی(ئامر فەوج)ی جاشانی پێبدات، لەشەوی(٦/٧-٣-١٩٨٥) ئەو نامانە بەبرادەرانی پیشان دەدات، لەگەڵ وەڵامی خۆی کە بۆ کەس و کارەکەی ناردۆتەوە نوسیبووی:

"چۆن سەرتان شۆڕ دەکەن ئەی شێخ عوسمان بارزانی و شێخ عەبدولباری و ڕەشبگیری بارزانیەکانتان لەبیرچووە؟! بڕۆن ئەگەر ئەو جارە نامەی لەو شێوەیەم بۆ بنێرن ئەوا چیتر(مەرەحەبا)تان ناکەم".[٤]

ئەمە هەڵوێستی کوڕە کوردێکی خانەدانی ئاگردانی شێروانیانە، کەدوو هاوسەر و چەندین جگەر گۆشە و زارۆکی هەیە، دەکرێتە(مستەشار) گوێچکەی دە دیناری شین و پارووی چەور و بەر سێبەری تێر، دەگۆڕێتەوە بەژیانی ڕەنجدەرێکی مافخوراو، هەڵگری ڕقێکی پیرۆزی بارگاوی بەتۆڵەی شێخانی بارزان و بارزانیەکان دەرحەق بەدوژمنێکی شۆڤێنی چەپەڵ، باقی بارزانی دەبێتە جامانە سورێکی ڕووسوور، نمونەی بەرخودان و

[٢] ڕەهبەر سەید برایم، گڕدار، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٣٣.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێ وهاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف)، ڕێکخستنی دێرین و بینەری نامەکانی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو، بەداخەوە لەگەڵ شەهید بوونی باقی بارزانی و شەڕی گەورەی ئازیانە ئەو نامانەش نەماون.

قارەمانێتی کوڕە کوردێکی بارزانی، بەخوێنی خۆی گەورەترین داستانی پڕ سەروەری لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تۆماردەکات لە٧-٣-١٩٨٥ی گوندی ئازیانە.

شەهید دوای خۆی دوو خێزانی بەناوەکانی(عائیشە سالح حەمەد و سەلیمە حاجی میرخان مەحمود ) بەجێهێشتووە لەگەڵ ئەم جگەرگۆشانە(عەبدولبەسیر، ئەرکان، عەبدولباقی، ڕۆیدە، فاییدە، زاییدە، شوعلە، سۆیدە)[٥]، ڕەهبەری سەید برایم دەڵێت: شەهید باقی بارزانی دوو ژنی هەبوو، خودا دوو کوڕی پێدان ناویان نان(باقی و موحسین)،[٦] شەهید باقی بارزانی لەگۆڕستانی گوندی(چێرەبەشە)ی قوشتەپەی شاری هەولێر بەخاك سپێردراوە.

## مێرجاڕ زادەی بن داسنی، شەهید موحسین ئیلنجاغی

ناوی تەواوی(موحسین حەمەد سالح حەمەد )ە نەوەی کوڕەبۆری بن داسنی یە، لەساڵی(١٩٦٥) لەخێزانێکی کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەگفتوگۆی ساڵی(١٩٨٤) لەکەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەبێتە پێشمەرگە ئەوکات شەهید باقی بارزانی فەرماندەی کەرت و سەلام ئیلنجاغی و جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزەبوون.[١]

لە(٧-٣-١٩٨٥)هێزێکی ڕژێمی عێراق لەدوو لاوە پەلاماری گوندی ئازیانە دەدات لە گردەسۆر و شێراوە بەپاڵپشتی دەیان فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و تۆپبارانی بەردەوامی سەربازگەی سێ قوچان، شەڕ گەرم دەبێت، شەهید موحسین هاوشانی فەرماندەی کەرتەکەی، بەڕەشاشەکەی بەرگری دەکات، لەسعات(١٢)ی نیوەڕۆ

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەیدەر ئەحمەد غەفور)، ڕۆژنامەنوس وتوێژەرلەبواری شەهیدانی شۆڕشی نوێ لەپارێزگای هەولێر لە٤-٣-٢٠١٧ز.

[٦] ڕەهبەر سەید برایم، گردار، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٣.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام سالح) لەدایکبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.



شەهید(باقی بارزانی) ئارپیچیەك دەگرێتە فڕۆکەکان بەمەش شوێنەکەیان بۆ دوژمن ئاشکرا دەبێت، دوژمن بۆردومانیان دەکات هەردووکیان بەیەکەوە شەهید دەبن و دەچنە کاروانی شەهیدانەوە.[٢]

بەداخەوە لەبەر سەختی شەڕی ئازیانە و نابەرامبەری هێزی پێشمەرگە و چەکەکانیان بەرامبەر سوپای بێ شوماری بەعس کە خۆی لە(٣) هەزار جاش و سەرباز دەدات، نەتوانرا تەرمی(٢) شەهیدەکە باقی و موحسین دەرباز بکەن و لەمەیدانی شەڕەکە کەوتنە دەست دوژمنەوە، دواتر برایەکی شەهید باقی بارزانی تەرمەکانیان وەردەگرێتەوە و لەگۆڕستانی گوندی(چێرە بەشە)ی قوشتەپە لە تەنیشت یەکترییەوە بەخاکیان دەسپێرێت، بەکەس وکاری شەهید موحسینی وتبوو" باقی و موحسین برا بوون، کەواتە برای ئێمەشە بۆیە بەیەکەوە دەیان نێژین"[٣]

## قوتابخانەی(شۆڕشی نوێ)ی سەرەتایی ئیلنجاغی گەورە

گوندی ئیلنجاغی گەورە تاکە گوندە لەگەل هاوشانەکەی گۆمەشینی شێخان و سەیدان لەساڵی خوێندنی(١٩٤٧-١٩٤٨) لە هەموو دەشت و وراتی کۆیە قوتابخانەی لێکراوەتەوە بۆیە هەردەم هەردوو گوند لەپێشەوە بوون لە ووراتی کۆیە لەبیری پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕیدا ئەو مێژووە پڕسەروەرییە تۆمارکراوە و لەجێگەی خۆیدا دەکرێت زیاتری لەسەر بنوسرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە لە بواری مێژووی سیاسی ئاماژەی پێ بکەم ڕۆڵی دوو مامۆستای شۆڕش و دووقەڵەم بەدەستی پێشمەرگەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەیە ئەوانیش مامۆستایانی شۆڕش و پێشمەرگە(ڕزگار حەمەدەمین ئەحمەد و دڵشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا) ئیلنجاغی بوون کە لەساڵی خوێندنی(١٩٨٥-١٩٨٦) لەژێر سایەی شۆڕشی نوێ لە ناوچەی مێرجاڕی

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێ وهاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، پێشمەرگەی دێرین و هاوڕێ وهاوسەنگەری شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ئیلنجاغی گەورە ئازادکراودا نەیانهێشت منالآنی پێشمەرگە لە خوێندن بێ بەرببن و درێژەیان بەخوێندن دا بۆ منالآنی تەمەن(٦-١٢) ساڵی ئەو گوندە نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕە.

چیرۆکی کردنەوەی ئەم قوتابخانەیەی شۆڕشی نوێ لە هەردوو بەرێزان و مامۆستای شۆڕش دلشاد عەبدوڵلا و ڕزگار حەمەدەمین وەرگیراوە وەك دەستنوس و چاوپێکەوتن، لەگەڵ وێنەیەکی دیکۆمێنتاری پایزی ١٩٨٥کە لەخانوی(جاسم بایز کاوێس) بەدەستی (فەخرەدین سەبری کۆیی) خاوەنی وێنەگری(دارا) لە تەقتەق-ەوە چووە بۆ گوندەکە و گرتویەتی:

گوندی ئیلنجاغی گەورە دوای ساڵی ١٩٨٠کە بەبیانوی نەوتەوە خەڵکەکەی بەزۆر گوێزرایەوە بۆماوەی(١٠) مانگێك بە چۆلی مایەوە دواتر لە ساڵی ١٩٨١ەوە خێزانەکان بەتایبەت مالی(سمایلی حاجی خدری مەلاك و مام شەریفی عەزیزی ڕەسولی) و دواتریش تا ساڵی ١٩٨٥ژمارەی خێزانەکان دەگاتەوە نزیکەی ٥٠خێزان،[1] لەگەڵ دەرچوانی ئامادەیی و پەیمانگاکانی گوند و ڕۆشنبیران و ئەنجومەنی ئەو کاتی گوند وکادیری کاروباری کۆمەلایەتی ئەوکاتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە هاوکاری چەند مامۆستایەك و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی توانرا بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٥-١٩٨٦قوتابخانەی شۆڕشی نوێی بنەڕەتی لە ئیلنجاغی گەورە بکرێتەوە.[2]

ئەوانەی لەو کاتدا وەك ئەنجومەنی گوند بوون ئەمانە بوون(نادر کەریم خالد-خالەنادر، ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ، گوشاد عەبدولرەحمان بایز، موحسین سلێمان فەتحوڵلا، دڵشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا)، ئەو کادیرە کۆمەلایەتیەی تیپی ٨٦ی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەزیز شەریف عەزیز)، لەدایکبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، ئەنجومەنی گوند، لە٤-٤-٢٠١٧ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(دڵشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا)، لەدایکبووی ١٩٦٥ی ئیلنجاغی گەورە، مامۆستای شۆڕش وئەنجومەنی گوند، لە٢١-٣-٢٠١٧ز.



دەشتی هەولێریش شەهید(مامۆستا برایم قادر داربەسەری)بووە،[3] لەلایەکیترەوە لەگوندی(ئۆمەرگومبەت)ەوە تەختە و رحلە و پەرتوك و پەڕاو و قەڵەم بۆ قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە دابینکراوە، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی(عەبدولرەحمان هەنارەیی) لە ڕێگەی قوتابخانەی(کانی لەلە) ی سەرەتایی ئەو ساڵەی خوێندنی لەتۆماری گشتی ئەو قوتابخانەیە تۆمارکردووە و بۆ منالآنی ئیلنجاغی گەورە ئەژمارکراوە هەڵبەت ئەم کارەی عەبدولرەحمان هەنارەیی جێگەی شانازی و دەستخۆشیە کە لەو ڕۆژگارە لە دەزگایەکی پەروەردەیی ژێر دەسەلآتی بەعسیەکان ناوی(١٩) منالی پێشمەرگەی ناوچە ئازادکراوەکان بخاتە سەر تۆمارەوە مەگەر هەر پێشمەرگەیەکی ناو شاری وەك(عەبدولرەحمان هەنارەیی) ئەو کارەبکات،[4] هەروەها هەریەك لە خوالێخوشبوو(قەهار حەمەدەمین قادر) و(نەسرەدین مەولود حەسەن)یش لەوتنەوەی وانەکاندا هەندێ جار هاوکار بوون و(فەرهاد ئەحمەد حەمەدەمین چایەچی) کە خەڵکی هەنارەی هەولێر بوو بۆماوەی یەك مانگ مامۆستای شۆڕشی ئەو قوتابخانەیە بوو، ساڵی دووەمیش مامۆستا(نوری عەبدوڵلا فەتحوڵلا) بە دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی خوێندن بۆ منالآنی ئیلنجاغی گەورە لەشاری کۆیەوە هاوکاریکردوین بەلآم بەداخەوە بەهۆی شەڕی٢٢-١٠-١٩٨٦ئەو ساڵەی خوێندن(١٩٨٦-١٩٨٧) نەتوانرا بەردەوام بن لەخوێندن.[5]

تەنها ناوی(١٩) قوتابی ئەو قوتابخانەیەم دەست کەوتووە وەك لە وێنە دیکۆمێنتاریە ئاماژە پێدراوەکە دەردەکەوێت ئەمانەن:(١-نەمام محەمەد ئەحمەد ٢-

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار حەمەدەمین ئەحمەد)، لەدایکبووی ١٩٦٤ی ئیلنجاغی گەورە، مامۆستای شۆڕش ، لە٢١-٣-٢٠١٧ز(هەرچەندە گوشاد عەبدولرەحمان بایز دەڵێت ئەو لە هەڵبژاردنەکان دەرنەچووە بۆ ئەنجومەنی گوند نازانم بۆ کاندیدەکانیشیان بە ئەنجومەن ناو هێناوە-نوسەر)

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار حەمەدەمین ئەحمەد)، لەدایکبووی ١٩٦٤ی ئیلنجاغی گەورە، مامۆستای شۆڕش ، لە٢١-٣-٢٠١٧ز.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار حەمەدەمین ئەحمەد)، مامۆستای شۆڕش، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پشتیوان محەمەد ئەحمەد ٣-سۆران هیدایەت حەمەد ٤-مەولود حەسەن حوسێن ٥-سامان بەهرام قادر ٦-مژدە هیدایەت حەمەد ٧-سروە حەسەن حوسێن ٨-تاڤگە ئەحمەد حەمەدەمین ٩-ئەدیبە محەمەد خورشید ١٠-سامی عەزیز حەمەعەلی ١١-نیاز شەریف عەزیز ١٢-چەتۆ عەباس حەمەدەمین ١٣-هەژار زرار حەمەد ١٤-ئازاد نادر کەریم ١٥-کاروان خەلیل سمایل ١٦-بێستون سمایل خدر ١٧-یاسین سێودین قادر ١٨-ئەحمەد سمایل قادر ١٩-نیگار ڕەحمان ڕەئوف).[٦]

**بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان(بەرزە) لە ئیلنجاغ تێپەڕ ناکا؟!**

بەرزە کورتکراوەی(بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان)ە، ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی چەپی ڕادیکاڵ بوو، ڕەوتێکی بیری(فکری) نهێنی بوو لەسەرەتادا لەسەر پرسی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن دواتر لەشێوەی(ئەلقەی ڕۆشنبیری) لەناو هەناوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لەساڵی(١٩٧٩) لەلایەن کۆمەڵێك کادیر بیرۆکەی دروستبوونی هاتە کایەوە، لە(تەمموزی ١٩٨٢) لەکۆبوونەوەیەکدا لە گوندی(مەلا سەفی) وەکو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی خۆیان ڕاگەیاند، یەکەمین کۆبوونەوەی فراوانی لەشێوەی(کۆنفرانس)یان لە(٢١-٢٤/٦/ ١٩٨٤) لە گوندی(ئیلنجاغی گەورە)ی ناحیەی تەقتەق بەستووە،[١] دەستەی دامەزرێنەرانی لەساڵی١٩٧٩ وەك ئەلقەیەکی فکری و ڕۆشنبیری ئەمانە بوون:

١-نەجمەدین ڕەشید عەبدوڵلا کەرکوکی، ناسراو بە نەجم فەقێ.

٢-گوشاد عەبدولڕەحمان بایز کاوێس ئیلنجاغی.

٣-عوبێد خالید ڕەئوف تۆماری ناحیەی شوان.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار حەمەدەمین ئەحمەدو دلشاد عەبدوڵلا)، مامۆستایانی شۆڕش، چاوپێکەوتنەکانی پێشویان.

[١] شکۆ حەمەد شێخانی، تۆمارێکی تایبەت بە(بەرزە) لەماڵپەڕی کوردیپێدیا، لە٧-٧-٢٠١٥ز، گوندی مەلا سەفی ١٠کیلۆمەتر لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی بنگرد هەڵکەوتووە، کاریگەری بزوتنەوەی حەقە بەسەر گوندەکەوە هەبووە لەساڵی ١٩٧٩نزیکەی ٢٨خێزانی تێدابووە و کێخوا دێش بووە شیلانەییەکان کێخوایەتیان کردووە، بۆ کشتوکاڵ لەبارەو رووبەرەکەی سالآنە نزیکەی ٢٠٠تۆن گەنم بەرهەم دەهێنێت و ئێستا ئەو گوندە چۆڵە-نوسەر.



٤-سەباح حەسەن خورشید ناسراو بە(سۆران)

لەتەمموزی ١٩٨٢ڕێکخراوەکە لەلایەن(نەجم فەقێ)وە ناونرا(بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان) دواتر دەستەی دامەزرێنەر(هۆشیار عەبدولخالق و سەباح مەحمود) پەسندیانکرد.[٢]

بنەماکانی لەدایکبوونی(بەرزە) لەهەناوی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) دەگەڕێتەوە بۆ:

١-شەڕی هەکاری ١٩٧٨ز.

٢- ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ز.

٣- هەڵگیرسانی شەڕی عێراق ئێران ساڵی ١٩٨٠ز.

هەموو ئەو ڕووداوانە کاریگەری باشی هەبوو بۆ بیر و تێڕوانینی کۆمەڵێك کادیری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بە جۆرێك تێڕوانینەکان لەشێوەی ڕەخنەگرتن بوو لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمانە لەچوارچێوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیری خۆیان ڕێکخست و چەند خاڵێکیان خستەڕوو:

١-لەبری دروشمی(دیموکراسی بۆ عێراق وئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) دەیانووت: مافی بڕیاردانی چارەنوس تا جیابوونەوە.

٢-پێیان وابوو(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لەبیرۆکەی(مارکسی-لینینی)لایداوە و بووە بە(ناسۆسیالیستی و وورده بۆرژوازی).

٣-ڕەخنەیان لە(خەباتی چەکداری شاخ و ئەو ڕەفتارانەی لەناو ئەو جولانەوەیەدا ڕوویدەدا)دەگرت.

٤-باڵادەست بوونی(بورژوای عەشایەری و نەتەوەیی و نیمچە نیشتمانی) ئەمانە بنەمای دروستبوونی ڕێکخستنی(ئەڵقەی ڕۆشنبیری) بوو، تا ئەو ئاستەی دەگاتە بڕواهێنان بە پێویستی دامەزراندنی حزبی پێشڕەوی کرێکاران و زەحمەتکێشان،

[٢] شکۆ حەمەد شێخانی، تۆمارێکی تایبەت بە(بەرزە) لەماڵپەڕی کوردیپێدیا، لە١-٦-٢٠١٦ز.

خۆئامادەکردنیان لەشانەیەکی ڕێکخستندا بەرەو پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسی وەك کاکڵەی حزب.[٣]

**بەرزە بۆ لە ئیلنجاغی گەورە تێپەڕ ناکات؟!**

ئیلنجاغی گەورە شوێنێ بووە کە ئاستی شۆڕشگێڕی و سیاسی و هۆشیاری-یان بەرزبوو، نمونەی گەشەی بیری نوێ و شۆڕشی نوێ بوون لەقەزای کۆیە، لەناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەناو(کۆمەڵە) بوون ناچوونە ناو ریزەکانی(شۆڕشگێڕان) ئەمەش نمونەی بیرکراوەیی و پێشکەوتنخوازیان بوو[١]، هەربۆیە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیانووت(بەرزە بەس لەئیلنجاغێ یە و تێپەڕ ناکات؟!) ئەمەش لەبەر دوو خاڵ بوو:

یەکەم: یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی شێوە کۆنفراسی بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان لە گوندی ئیلنجاغی گەورە گرێدرا.

دووەم: لەبەر ئەوەی یەکێك لەسەرکردە و دامەزرێنەرانی ئەلقە ڕۆشنبیریەکەی کە بەرزەی لێ هاتەکایەوە، گوشاد عەبدولرەحمان بایز بوو، پێشتر کادیرێکی کۆمەڵەی کارابوو، کاریگەریشی بەسەر کۆمەڵێك گەنج و لاوی شۆڕشگێڕی ئیلنجاغی گەورە هەبوو.[٢]

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، دامەزرێنەرانی بەرزە، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئاراس ئەمین مستەفا خەیات)، لەدایکبووی١٩٦٥ی تەقتەق، ڕێکخستنی دێرین، لە٦-٣-٢٠١٦ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد حەمەساڵح)، لەدایکبووی١٩٦١ی گڵکەندی هەولێر، کادیرورێکخستنی دێرین، لە٢٥-٦-٢٠١٦ز،(گوشاد عەبدولرەحمان یەکێك لەدامەزرێنەرانی(بەرزە) کاریگەری هەبوو لەسەر(فەرماندە شەهید بەکر ڕەشاش و کادیری دێرین عەلی مەحمود ئیلنجاغی و فەرماندە محەمەد ئەحمەد چاوشین وکادیر و پێشمەرگەی دێرین خاڵەنادر جگە لەمانە کاریکردبووە سەر هەریەك لە(کاکڵەڕەش) ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و سەباح عەبدولرەحمان تاڵەبانی و عەبدوڵلا قادر مەرزانی و شەهید ڕەشاد عەلی کلاّو ڕەشی ناسراو بە هیوای عەدەد جیهاز و چەند هاوەڵێکیتر، لە لایەکتریشەوە نەجم فەقێ سەرپەرشتیاری گشتی بەرزە بۆ ماوەی ٧مانگ لەماڵی گوشاد عەبدولرەحمان لەگوندی ئیلنجاغی گەورە خۆی شاردبۆوە، مام جاسم بایز کاوێس کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کاری ڕێکخراوەییەوە لەلایەن یەکێتیەوە دورخرایەوە- نوسەر).



سێیەم: گوشاد عەبدولرەحمان لە(١٩-٦-١٩٨٤) هۆنراوەیەکی سرودی شێوە مارشی بۆ بەرزە هۆنیبۆوە بەناونیشانی(خەبات) ئەمەش دەقەکەیەتی:

خەبات
گڕێکم دیت، گڕێکی سوور
لەدوور، لەدوور
لەناو شارا، لەکارگاوە
دەیووت: هاتم...
هاتم ..... هاتم
من شۆڕشم .... من خەباتم
گڕێکم دیت، گڕێکی سوور
لەدوور، لەدوور
لەلادێوە، لەناو کێڵگا
دەیووت: هاتم...
هاتم ..... هاتم
من شۆڕشم .... من خەباتم

**کۆبونەوەی فراوانی بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان لەئیلنجاغی گەورە**

هاوڕێیانی(بەرزە)کە لەساڵی(١٩٧٩)ەوە شانەیەکی ئەلقەی(دراسەکردنی مارکسیزمی کلاسیك)یان پێکهێنابوو، بەچاوی ڕەخنە لەنێوان تیور و پراکتیك مارکسیزمیان دەخوێندەوە، هەرچەند لەناو ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا بوون، بەڵام بەهەڵسەنگاندنەوە بۆ پێشهاتەکان کاریان دەکرد، یەکەم بڵاوکراوەی نوسراو و کاریان بەناوی مەنتقی سەردەم و گەشەکردنی کۆمەڵ لەڕێگەی(گوشاد عەبدولرەحمان)ەوە لە(وەرتێ) لە چاپخانەی(شەهید جەعفەر

عەبدولواحێد)ی سەر بەدەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی هەولێر بوو، بەنهێنی ئەنجام دەدا و تایپ و ڕۆنیۆی دەكات، گوشاد عەبدولرەحمان دەڵێت" هەندێك لەبرادەران دووچاری فشاربوونەوە و لەلایەن بەرپرسی ئەو كاتی لقی(٢)ی ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە كۆنفراسی(٢)ی كۆمەڵە تا دەرچوونی پرۆژە بەرنامەی كۆمەڵە لەو كۆنفراسەدا من و هاوڕێكانم گەیشتینە ئەو(قەناعەتە)ی كە ئەو(تموحە)ی ئێمە مەبەستمانە لەو پرۆژە كارەی كۆمەڵەدا نیە، بۆیە وارێكەوتین لەهەر جێیەك بتوانین بحەوێینەوە، لەناو ڕێكخستنەكان و هێزی پێشمەرگەی یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش بەفەرمی بێنە دەرەوە، ئەمە لەساڵی(١٩٨٣-١٩٨٤) بەردەوام بوو تاوەكو گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەكێتی نیشتمانی كوردستان كەبیانویەكی باش بوو دەستبەرداربوون لە پێشمەرگایەتی، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤ بڕیارماندا كۆبونەوەی فراوانی ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیریە(دراسیە)بكرێت لەگوندی ئیلنجاغی گەورە، كۆبوونەوە فراوانەكە لەڕۆژانی(٢١-٢٢-٢٣/٦/١٩٨٤) لە گوندی(ئیلنجاغی گەورە) لەماڵی(نادر كەریم خالید حەمەد مەلاك ناسراو بە خاڵەنادر) بەنهێنی گرێدرا، كە(٧)ئەندامی سەرەكی ئەڵقە ڕۆشنبیریەكەی بەرزەی لەخۆگرتبوو لە(٤) كەركوكی و(٢) سلێمانی و(١) هەولێری پێكهاتبوون، ئەوانیش:

١-نەجمەدین ڕەشید عەبدوڵلا ناسراو بە(نەجم فەقێ)، كەركوك، سەرپەرشتیار.

٢-گوشاد عەبدولرەحمان بایز كاوێس ئیلنجاغی، هەولێر، ئەندام.

٣-عوبێد خالید ڕەئوف تۆماری، كەركوك، ئەندام.

٤-سەباح مەحمود، كەركوك، ئەندام.

٥-دكتۆر ئەحمەد(ئەكرەمی میهرداد)، سلێمانی، ئەندام.

٦-وشیار عەبدولخالق تەكیەیی، سلێمانی، ئەندام.

٧- ناسح مەجید فەقێ تۆماری، كەركوك، ئەندام.



لەكۆبوونەوە فراوانەكە ئەم بڕیارانە درا:

١-ئەڵقە ڕۆشنبیرییە فكرییەكە ناونرا(بەرەی ڕزگاری زەحمەتكێشان)، كورتكراوەكەی(بەرزە).

٢-پەیكەری لێپرسراوێتی(بەرزە)بەو شێوەیە دیاریكرا:

أ-نەجم فەقێ، سەرپەرشتیاری گشتی بەرزە.

ب-گوشاد عەبدولرەحمان ئیلنجاغی، لێپرسراوی ڕێكخستنەكانی هەولێری بەرزە، ئەلقەی سەرەكی شەهید تاهیر.

ج-عوبێد خالید تۆماری، لێپرسراوی ڕێكخستنەكانی كەركوكی بەرزە، ئەلقەی سەرەكی شەهید بەكر.

د- ئەكرەمی میهرداد، لێپرسراوی ڕێكخستنەكانی سلێمانی بەرزە.

ه-سەباح مەحمود، لێپرسراوی پەیوەندییەكانی بەرزە.

٣-بڕیادرا گۆڤارێكی(سیاسی-فیكری) وەرزی بەناوی(ڕێبازی زەحمەتكێشان) زمانحاڵی بەرزە و بلاوكراوەیەكی ناوخۆیی بەناوی(هەنگاو) دەربچێت، گۆڤاری ڕێبازی زەحمەتكێشان لە تەمووزی١٩٨٤ژمارە(١)ی لێ دەرچوو، كەبەیانی كۆتایی كۆبوونەوە فراوانەكە و هەڵوێستی بەرزە لەسەر جەنگی عێراق-ئێران و لەگەڵ كۆمەڵێك بابەتی فكری جۆراوجۆری لێ بلاوكرایەوە، ئەم گۆڤارە تەنها(٣)ژمارەی لێ دەرچوو، ئەرشیفەكەی لە هەردوو گوندی(تۆمار)ی ناحیەی شوان و(ئیلنجاغی گەورە)ی ناحیەی تەقتەق بوو، بەڵام لەپرۆسەی ئەنفالە بەدناوەكاندا لەساڵی(١٩٨٨)لەناوچوون، بلاوكراوەی(هەنگاو)یش تەنها(٢) ژمارەی لێ دەرچوو ئەویش بەدەردی گۆڤارەكەی ڕێبازی زەحمەتكێشان چوو.

٤-بڕیاری پەیوەندیكردن بەخەڵك لەشار و لادێكان بەتایبەت خەڵكی توێژی(كرێكار و زەحمەتكێشان) ئەوان وابیریان دەكردەوە كە چینی شۆڕشگێڕ

تەنها (کرێکار و زەحمەتکێشان)ە، هەر بۆیەش بەپێویستیان دەزانی لەداهاتوودا (پارتی پێشڕەوەی کرێکاری پرۆلیتاریا) بهێننەکایەوە.

بەرزە لەنێوان ساڵانی (١٩٨٤-١٩٨٥) لەگەشەکردندا بوو لەڕێکخستن و پەیوەندیکردن بەچەندین کادری سیاسی و پێشمەرگە لە (هەولێر و کەرکوك و سلێمانی) ژێر بە ژێر بەشێکیان پەیوەندیان بە بەرزەوە کرد، لەساڵی (١٩٨٥) بە دواوە هەندێ گۆڕانکاری فکری لەنێوان هاوڕێیانی (بەرزە) ڕوویدا بەمەش بەرزە بەرەو پەرش و بڵاوبوونەوە ڕۆیشت و دواتریش بەرەو هەڵوەشانەوەی برد، هەر لەو ماوەیەدا (سەباح مەحمود) لێپرسراوی پەیوەندییەکانی بەرزە بەهۆی پەیوەندیکردن بەهەندێ کەسەوە حکومەتی بەعس پێی دەزانێ و بەتۆمەتی فکرەی (عێراقچێتی) دەستگیرا کرا، هەروەها (سەباح عەبدولرەحمان تاڵەبانی و عەبدوڵڵای مەرزانی) لە مەڵبەندی (٣)ی ئەو کاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گیران و (گوشاد عەبدولرەحمان)یش لەمەڵبەندی (٣)ی یەکێتی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامداوە و دواتر لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دادەنیشێت و بەرزە لەساڵی (١٩٨٥) هەڵوەشایەوە و بووە (یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی) کە ئەویش لەهاوینی ١٩٨٧هەڵوەشایەوە، تادوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١جارێکیتر (بزوتنەوەی شوراکان) پێکهات لە ئەندامانی (بەرزە و کاروکارگەران و بزوتنەوەی چەپی کوردستان و ڕێکخراو و تاکەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری)، گرفتی هەرە سەرەکی هەموو ئەمانە و بەرزە ئەوەبوو کەپەیوەندی ئەندامانیان (ئاسۆیی)بوو، نەیانتوانی پەیوەندی (ستونی)بۆ ناو جەماوەر دروستبکەن بۆیە بەردەوام پەیکەرێکی لاوازی ڕێکخراوەییان هەبوو سەرەنجام دەپوکانەوە.



**یەکێك لە دامەزرێنەرانی بەرزە، گوشاد عەبدولرەحمان ئیلنجاغی**

ناوی تەواوی (گوشاد عەبدولرەحمان بایز کاوێس مەلاك)ە، لەساڵی (١٩٥٦) لەخێزانێکی زەحمەتکێشی جوتیاری گوندی ئیلنجاغی گەورە گۆشکراو بەهەستی بەرزی نەتەوەیی لەدایکبووە، لەقوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە خوێندنی سەرەتایی بڕیووە و لەساڵی خوێندنی (١٩٧١-١٩٧٢) لەخوێندنگەی ناوەندی تەقتەقی کوڕان درێژە بەخوێندن دەدات، ئەو کات هەواداری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان-جەلالی بووە، ئەندامی ڕێکخراوی (تەقتەق)ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، دوو ساڵانیش (١٩٧٢-١٩٧٤) لێپرسراوێتی ڕێکخراوی تەقتەقی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردووە، لەزستانی (١٩٧٧) لەناو مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لەلایەن مامۆستا (سەردار) ناوێکەوە هاتۆتە نێو ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) و هەندێ بڵاوکراوەی کۆمەڵەی لێوەرگرتووە، هەرچەندە ئەو کاتە ڕێکخستن بە شێوەی (هێشوویی) بووە هەموو ئەندامەکان یەکتریان نەناسیووە، بەهۆی بارودۆخی ئاسایشەوە، بەڵام لەڕێگەی (گوشاد)ەوە شەهید وشیار عەبدولرەحمان و عەلی مەحمود حەمەد و جاسم بایز کاوێس لەرێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕێکدەخرێن، لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەئامادەیی (کوردستان) لەشاری هەولێر، گوشاد و حاکم جەمال دزەیی پێکەوە هاوڕێ بوون، بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەریان لەسەریەکتری داناوە بۆ زیاتر گەشەکردنی هزر و بیری شۆڕشگێڕی و ڕێکخراوەیی، لەساڵی خوێندنی (١٩٧٨-١٩٧٩) لەزانکۆی موستەنسڕیەی بەغدا، کۆلیژی کارگێڕی و ئابوری بەشی دبلۆمی ژمێریاری وەرگیراوە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨لەڕووی کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕێکخستنەکانی بەغدای کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و لەشانەی (ئامانج) لەگەڵ (عوبێد خالد ڕەئوف تۆماری) لەشاری بەغدا کار دەکات، هەر ئەم پەیوەندییەش بنەمای نزیکبوونەوەی (گوشاد و عوبێد و نەجم فەقێ) بوو لەخەباتی داهاتویاندا بەتایبەت

له(بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان-بەرزە) کە لەساڵی ١٩٧٩ەوە ئەڵقەی ڕۆشنبیری و فکری لەهەناوی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) دادەمەزرێنن، بەڵام گوشاد لەو ماوەیەی شاری بەغداد دوو شانەی ڕێکخستنی کۆمەڵەی لابووە، کەیەکێکیان(دکتۆر حوسێن حەمە ساڵح) ئەویتریان(فەرەیدوونی کۆلیژی دەرمانسازی لە بەغداد بووە، بەڵام پێش تەواو بوونی لە بەغدا ئەم هاوڕێیانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و لەهەمان کاتدا هەر لەگەڵ(عوبێد خالید و نەجم فەقێ) لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری بووە کەسەرەتا تەنها بۆ ڕەخنە و بەخۆداچونەوە بووە تاوەکو لەساڵی(١٩٨١) چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان لەهێزی دەشتی هەولێر لەکەرتی(٢) ئەو کاتی(قوەتی دەشتی هەولێر) نەبووە بە تیپ و شەهید شاخەوان عەباس فەرماندەی(قوەت)ەکە بووە و شەهید(ئەحمەد قەمبەری)یش فەرماندەی کەرتەکەی بووە، بۆ یەکەمجار کە دەچێتە شاخ لە گوندی ئیلنجاغی گەورەوە کە ئەو کات چۆڵ بووە لەوێ(شەهید بەکر ڕەشاش و جەوهەر ئۆمەر) پێشوازی لێ دەکەن چونکە مەوعیدی لەگەڵیان دا هەبووە، بۆ ماوەیەکی کەم دەچێتە سەرکردایەتی بۆ خولی(سیاسی و سەربازی) لە گوندی مالیمۆسی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێك برادەر دەگوازرێنەوە بۆ دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوە لە چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحێد دەبنە بناغەدانەری بارەگاکە و دەستەی یەکەمی کارمەندانی دەزگاکە، لەمانگی ئایاری ١٩٨٢ هەموو دەزگاکە دەدرێتە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر و دەگوازرێتەوە بۆ وەرتێ، لەساڵی ١٩٨٣لە(وەرتێ) دەچێتە خولی(فریاکەوتنی سەرەتایی پزیشکی) جگە لەکاری ڕاگەیاندن دەبێتە(برین پێچێکی شارەزا)ش، لە ساڵی ١٩٨٤لەکاتی گفتوگۆدا چەکی پێشمەرگایەتی دادەنێت و لەگەڵ هاوڕێیانی لە(ئەلقە ڕۆشنبیرییەکە) درێژە بەخەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی دەدات تاوەکو لەحوزەیرانی ١٩٨٤لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەکۆبونەوەیەکی فراوانی ئەڵقەکەدا(بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان-بەرزە) ڕادەگەیەنن و دەبێتە لێپرسراوی



ڕێکخستنەکانی هەولێری بەرزە، پاشماوەیەك بەهۆی لەدایکبوونی(یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستی) لەگوندی(مالومە) جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە لەڕووی فکرییەوە بەمەش بەرزە سەرەتای بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت، بەڵام لەو ساڵانەدا لەلایەن ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاودێری دەکرێت بۆیە لەساڵی(١٩٨٥) ماوەیەك بەنهێنی و وونی لەنێوان(ئیلنجاغی گەورەی تەقتەق و تۆماری ناحیەی شوان) دەمێنێتەوە بەنهێنی دواتر دەچێتە ناو شاری هەولێر و ماوەی(٨-٩) مانگ لە هەولێر بەنهێنی کاری ڕێکخراوەیی لەگەڵ هاوڕێیانی بەرزە دەکات و دوای دەستگیرکردنی هەندێك لە هاوڕێیانیان بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەی شانەی هەولێر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەناچاری ڕوو دەکاتەوە ئیلنجاغی گەورە، و دواتر لەلایەن مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێگەی دەدەن لە ئیلنجاغی گەورە نیشتەجێ بێت، وەك برین پێچ و پەرستارێکی شارەزا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەکاری برین پێچی و پەرستاری بۆ هاوڵاتیانی سنوری کێڵگەی نەوتی تەقتەق و بەتایبەتی بۆ هاوڕێیانی(حزبی شیوعی عێراق) لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ و داستانی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ کە(١١) پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هاوڵاتیانی لەناو شەڕ و داستانەکاندا(تەداوی) کردووە، لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١لە(بزوتنەوەی شوراکان) بەشداریکردووە، بەڵام کە(بزوتنەوەی شوراکان) کۆتایی هات ئەویش لەکاری سیاسی و ڕێکخستن دوور دەکەوێتەوە، لەساڵی خوێندنی(٢٠٠١-٢٠٠٢) بەشی(یاسا)ی لە کۆلیژی(ماف)ی زانکۆی(سەلاحەددین) تەواوکردووە، لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە وەك بەڕێوەبەری کارگێڕی و وانەبێژی بابەتەکانی(یاسای سزادان و نوسینی نوسراوە کارگێڕییەکان) بەردەوامە.[1]

[1] بۆ تێکڕای سەرگوزشتە و ژیانی سوودم لەخودی(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)ەوە وەرگرتووە، لەماوەی کاری برینپێچی و پەرستاری خۆی و خێزانەکەی(شادیە رەحمان جۆر) زۆرترین خزمەتی خەڵکی سنورەکەیانکردووە.

**بەپیلانی دوژمن پریشکی براکوژی، ئاگری لەخەرمانی ٢٠ساڵەی خەباتگێڕێك بەردا**

شەڕێکی براکوژی نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقە لە٥-٦-١٩٨٥لەگوندی ئیلنجاغی گەورەی شێخانان لە ناحیەی تەقتەقی قەزای کۆیە کە تێیدا مام کاوێس پێبازۆکی خاوەن ٢٠ساڵ خەبات لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی شەهید دەکرێن.

هۆکاری ڕوودانی شەڕەکە لە فەرماندە(ملازم شوان سدیق)ەوە پێشەکیەك بۆ شەڕی براکوژی نێوان پێشمەرگەکانی هەر دوولا دەخەمەڕوو شوان هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید مام کاوێس لەنامەیەکدا بۆی نوسیوم و دەڵێت: ساڵی ١٩٨٤گەڕامەوە کوردستان بووم بە ئەندامی لیژنەی سەربازی مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی عێراق، لیژنەکە پێکهاتبوو لەمانە(مام کاوێس، مام خدر، موحسین یاسین، عەلی حاجی نادر، ملازم شوان سدیق)، ئەم لیژنەیە فەرمانەدەی سەربازی هەولێری حزبی شیوعی عێراق بووین، لەناوەڕاستی شوباتی ١٩٨٥ کۆبونەوەیەکمان کرد واتە ئەو لیژنەیە بە سەرپەرشتی(یوسف حەنا-هاوڕێ ئەبو حیکمەت) بۆ ئەوەی مەفرەزەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ دەشتی هەولێر و دەوروبەری و بزانین ئایا(ینك)شەڕمان لەگەڵ دەکا یان نا؟!

هەرچوار هاوڕێی لیژنەی سەربازی مەڵبەند ڕەتیانکردەوە کەوەك مەفرەزەکانمان بگەڕێینەوە لە(بارزان)ەوە بۆ(دەشت و وراتی کۆیە) و(دەشتی هەولێر)، تەنها بەندە نەبێ گوتم دەڕۆم، دیاربوو ئەوانیتر ناڕەحەت بوون بە ئامادەگی من بۆ گەڕانەوەم، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ ئەوان ماندووبووبن لەشەڕ و منیش تازە گەڕابوومەوە، بەهەرحاڵ من وەك بەرپرسی هێزێك کە لە(٧٥) پێشمەرگە پێکهاتبوو گەڕامەوە دەشتی حەریر و بالیسان ودەشت و وراتی کۆیە ماوەی مانگ و نیوێك، بەداخەوە برادەرانی(ینك) شەڕیان پێ دەفرۆشتین و ئێمەش دەبوایە خۆمان بپارێزین.



ملازم شوان بەردەوام دەبێت لەگێڕانەوەکەی و دەنوسێت:-

(لە٢١-٣-١٩٨٥شەوی نەورۆز ئێمە بە مەبەست چووینە گوندی(بەنەباوێ) لەدۆڵی بالیسان و دەور و بەری گوندەکەمان گرت و چوینە ناو گوند، پێشمەرگەیەکی زۆری(ینك) لەوێ بوون، کە بەرپرسەکەیان(مامۆستا سەیفەدین) بوو، لەمزگەوت پێکەوە دانیشتین و پێمگوت: ئێمە وەك شیوعی نیازی شەڕی ناوخۆمان نیە، ئەگەر مەبەستمان بێ، ئێوە دەورتان گیراوە؟! با ئێمە لەلایەك و ئێوەش لەلایەك ئیمشەو بخەوین بێ کێشە.....)

ملازم شوان وەسفی مامۆستا سەیفەدین دەکات بەو شێوەیە: پیاوێکی کوردپەروەر و بەڕێز بوو، قبوڵی کرد و ووتی من(دژی براکوژیم)، بەڵام بەرەبەیان ئەوان لەپێش ئێمە لە گوندی بەنەباوێ دەرچوون، ئینجا لەدوای ئەوان ئێمە دەرچووین و چوینە چیای(هەورێ)، کاتی نیوەڕۆ هێزێکی زۆری(ینك) چوونە بەنەباوێ، دواتر پیرەمێردێك هاتە لامان و پرسیاری منی کردبوو، گوتی مامۆستا سەیفەدین سڵاوی هەیە بۆت و دەڵێ(ئاگاداری خۆیان بن من شەڕی براکوژی ناکەم، بەڵام کاك نەوشیروان و ڕەشە بیتوێن و چەندان تیپ هاتوون بۆ شەڕی ئێوە)، پیرەمێردەکەش ووتی: قسەی ناشیرینیان بە سەیفەدین گووتوە، گوایا چۆن شەڕی لەگەڵ ئێمە نەکردووە، ئەم ڕووداوە دەنگی دایەوە لەلای یەکێتیەکان و هەروەها هەواڵیش گەیشتەوە(بارزان) وەك هەڵوێستێکی کوردپەروەرانە و دژبە براکوژی و هەڵوێستی(حزبی شیوعی عێراق) ئەژمارکرا، بەڵام ملازم شوان بەهۆی خۆپاراستنی لەشەڕی یەکێتی و قسەی پیاوە پیرەکەی بناری هەورێ بۆی دەردەکەوێت کەوا برادەرانی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) شەڕیان دەکەن بۆیە لەدرێژەی نامەکەیدا هۆکاری تریش دەخاتە ڕوو:-

دیارە ئەبو حیکمەت بەرپرسی مەڵبەندی حزبی شیوعی پارێزگای هەولێر، گاڵتەی بەهاوڕێیانی لیژنە سەربازیەکە کردیە، لێرە(مام کاوێس) غیرەت دەیگرێ و تورە دەبێ و دەڵێ"منیش دەڕۆم بۆ خوارەوە ئەویش بەهێزێکی(٧٠) پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی

دەدات"، لەو مانگ و نیوەدا ئێمە بۆمان دەرکەوت کە(ینك) نیازی باش نیە چونکە زۆر خۆمان دەپاراست و لە زۆرشوێن لە(گۆپتەپە) وچەند شوێنیتر تەقەیان لێ دەکردین، ئێمە وەڵامان نەدانەوە و تەقەمان لێ نەکردنەوە، هەروەها لەدۆڵی سماقولی لەگوندی(عەلیاوە) دوو پێشمەرگەمان گرت و ئازادمان کردن و پێمانگوتن:- ئێمە شەڕ ناکەین و نیازی براکوژیمان نیە، لەکاتی گەڕانەوەمان لەناو دۆڵی(بێخمە) توشی هێزەکەی(مام کاوێس) بووم، گوتم هاوڕێ دەبوایە چاوەڕوان بکەی تا من دەگەڕێمەوە، چونکە(ینك) ئاشتی قبوڵ نیە و نایەوێ هێزیتر لەناوچەکە هەبێ و شەڕ دەکەن، دێتەوە بیرم(تەحیە)ی سەربازیم بۆ کرد وەك سەرباز و ئەفسەر مام کاوێس گوتی(لێمگەڕێ بابمرم لەداخی ئەو گەوادەی)، دیاربوو داخ لەدڵ بوو لە ئەبوو حیکمەت، هاوڕێ مام کاوێس هەر لەدەشتی حەریرەوە تا بەڕانەتی و دەشتی کۆیە و وراتی کۆیە و ئیلنجاغی گەورە زۆر بەئاشکرا وەك ئەوەی هیچ دوژمنیان نەبێ دەگەڕان.

ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداود(شەهید ڕێباز)لەلاپەڕە(٣٣٦)ی کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند نوسیویەتی:-

جێگری فەرماندەی تیپی(٨٧)ی قەرەچوغ بووم، سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپەکە بوو، تیپەکەمان کردە دوو بەشەوە، لەگەڵ کەرتی(٣) و(٤) هاتینە خوارەوە(مامەند مەنتك) فەرماندەی کەرتی(٣) و(سەلاح شینە) فەرماندەی کەرتی(٤) بوو، لە(سماقولی) چاومان کەوت بە(کاك کۆسرەت) لەوێ بڕیار درا کەبچینەوە دەشتی هەولێر بۆ سۆراغکردنی ئەو هێزەی(حزبی شیوعی عێراقی) کەلەناوچەکەدا جەولەیان دەکرد، تازە هاتبوونە ناوچەکە بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێك لەنێوانماندا هەبێ، هەر زوو شوێنی هێزەکەی شیوعیمان هەڵگرت و زانیمان بەرەو ناوچەی(داربەسەر) ڕۆیشتوون، کابرایەك(خەبەر)ی هێنا کە شیوعیەکان لەسەر ڕووباری کۆیە نانیان دروستکردووە، ئێمەش بەڕێکەوتین بەرەو(ئیلنجاغی گەورە) بەو



نیازەی شیوعیەکان ئێمە دەبینن و لەناوچەکە دوور دەکەونەوە و ئامادەیی شەڕیشمان وەرگرت.

دەردەکەوێت هێزەکەی شەهید(ڕێباز) تایبەت بەدوای هێزەکەی شەهید(مام کاوێس)ەوە بوون، ئیتر بەگەیشتنی هەردوو هێز لە(٥-٦-١٩٨٥) لەگوندی ئیلنجاغی گەورە شەڕ دەست پێدەکات[1]، بەڵام شەهید(ڕێباز) دەنوسێت:ئەوان پێش ئێمە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە سەنگەریان لێگرتبووین و هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراقیش دەڵێن"ئەوان بۆسەیان بۆ هێزەکەی ئێمە ناوەتەوە، هەرچۆنێك بێت هێزەکەی(یەکێتی) بەدوای شیوعیەکانەوە بوون وەك فەرماندەی هێزەکەی(یەکێتی) شەهید(ڕێباز) ئامانجی هاتنەخوارەوەیان ڕوون دەکاتەوە.

## چیرۆکی پشت ڕووداوەکە

ئەمەی خستمەڕوو بیر و بۆچونی دوو فەرماندە(شەهید ڕێباز و ملازم شوان) بوون، یەکەمیان یەکێتی و دووەمیان شیوعی بوون، کە هەردووکیان ڕاستگۆیانە باسیانکردووە، چونکە(لێکدان و دژیەك) لەگێڕانەوەکانیاندا بەدی ناکەم، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە پیلانی دەزگای(بەڕێوەبەرایەتی(ئەمن)ی هەولێر)ی بەعسیەکان بووە، وەك دواتر لەبەڵگەنامەیەکی بەعسیەکانی ژمارە(٧٨/٧٦٦٧)لە(٩-٦-١٩٨٥) ئەو پەڕی نهێنی دا واهاتووە:

لەبەڕێوەبەرایەتی(ئەمن)ی ناوچەی(حوکمی زاتی) بۆ بەڕێوەبەرایەتی(ئەمنی عام) ئاسایشی گشتی٧٨/م، بەناونیشانی(زیادة شق الخلاف- گەورەبوونی کەلێنی ناکۆکیەکان)، چیرۆکەکە بەم شێوەیە هاتووە:-

[1] لە قەندیل بەغدای هەژاند شەهید ڕێباز، ٢-٦-١٩٨٥ی بەڕۆژی شەڕەکە دیاریکردووە، لەکێڵی گڵکۆی شەهید مام کاوێس(٢٥-٦-١٩٨٥)شەهیدکراوە،سەرچاوەکانی حزبی شیوعی عێراقیش وبەلاّغی ژمارە(٤ی ساڵی١٩٨٥ی بە٥-٦-١٩٨٥ و بەڵگەنامەی ژمارە(٧٨/٧٦٦٧)ی ٩-٦-١٩٨٥ی حزبی بەعسیش بەرواری ڕوودانی شەڕەکەی بە(٥-٦-١٩٨٥)نوسیووە.

له(١٨-٥-١٩٨٥)له گەڕەكی(كۆماری) لەپشت ئامادەیی(زەهرا)، كادیری دیاری حزبی شیوعی عێراق(ناسح حەمەدەمین قادر) ناسراو بە كۆچەر لەدایكبووی١٩٤٩ی شاری موسڵ، لەلایەن خاوەن ماڵەكەوە(ع.ش) خیانەتی لێ دەكرێ و(قوە خاسە) و هەواڵگری(مخابەرات) دەوری ماڵەكە دەدەن، هاوڕێ(كۆچەر)یش هەموو نامە و بەڵگەكانی حزب كە لەلای بوون دەسوتێنێت و بە دەمانچەكەی خۆی، بەرگری دەكات و خۆی نادات بەدەستەوە، نوسراوێكی دڵنیایی بۆ هاوڕێیانی دەنوسێت و دوافیشەك بەخۆیەوە دەنێت.(1)

لێرەوە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر پیلانەكە دادەڕێژێت بەنوسینی نامەیەكی ساختە بە واژۆی ساختەكراوی هاوڕێ(یوسف حەنا ئەلقس-ئەبو حیكمەت) لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری حزبی شیوعی عێراق بۆ هێزەكەی مام كاوێس لە دەشتی كۆیە و مۆری ساختەكراوی حزبی شیوعی عێراقیش لەنوسراوەكە دەدەن و لەڕێگەی بەكرێ گیراوێكەوە نامەكە دەگەیەننە هێزەكەی دەشتی كۆیەی حزب و داوای تۆڵەكردنەوەی خوێنی هاوڕێ(كۆچەر) دەكەن، كە گوایە بەدەستی چەكدارانی(ینك) كوژراوە و هەمان نامەش(كۆپیەك) لەڕێگەی بەكرێ گیراوەكانیانەوە دەگەیەننە(كۆسرەت ڕەسوڵ)ی لێپرسراوی مەڵبەندی(٤ی یەكێتی نشتمانی كوردستان)، بەمەش یەكێتی توڕە دەبێت و هێزەكەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغی بەرەو ئیلنجاغی گەورە جولاندوە، چونكە هاوڕێ(هیدایەت حاجی خدر) خەڵكی گوندی(ئیلنجاغی گەورە) دەبێت كە جێگری(مام كاوێس) بووە، ئیتر شەڕ لەدوای نیوەڕۆی(٥-٦-١٩٨٥) دەست پێدەكات تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە و(كاوێس ڕەشید ساڵح) فەرماندەی بەتاڵیۆنی(٣١ی ئازار)ی حزبی شیوعی لەگەڵ(٣) پێشمەرگەی تری حزبی شیوعی عێراقی شەهید دەكرێن،

(1) د.احمدعبدالعزیز محمود، دور الانصار البشمركة الشیوعین في الكفاح المسلح في كردستان العراق،١٩٧٨-١٩٩١م، مطبعة ازادی، طبعة الاولی،٢٠١٣،اربیل،ص٤١١.



نەوشیروان مستەفا(٨٠) پێشمەرگە و مەڵبەندیش(٤٠٠) پێشمەرگەی بۆ پاڵپشتی هێزەكەی(تیپی ٨٧ی قەرەچوغ) ئامادەكردووە.(2)

لەم شەڕە نەخوازراوە سەپێنراوەدا بەسەر ئەو دوو هێزەی گۆڕەپانی كوردستان(٤) پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق شەهید دەبن بەناوەكانی:

١-كاوێس ڕەشید ساڵح پێبازۆكی(مام كاوێس) فەرماندەی بەتالیۆن.

٢-هاوڕێ(عەبدوڵلا فەقێ عومەر)، پێشمەرگە.

٣-عەبدولموتەلیب كەمال ڕەشید ناسراو بە هاوڕێ(ئەبو سەعید)، پێشمەرگە.

٤-جەمال خزر ئازاد ناسراو بە هاوڕێ(كاوە)، پێشمەرگە.(3)

هەروەها هاوڕێ(هیدایەت حاجی خدر سمایل مەلاك-مام هیدایەت) جێگری شەهید مام كاوێس گوللە بەرشانی چەپی دەكەوێت، لەئاقاری گوندی ئیلنجاغی گەورە لەناوچەی(مەستان) لەنزیك(بیان) خۆی شاردبۆوە، هاوڕێ(خەلیل سمایل)ی برازای لە(دوكان) لەسەر ڕووباری كۆیە توتنی كردبوو، گوشاد عەبدولرەحمان كە خوارزا(كوڕی خوشك)ی مام هیدایەت بوو، داو و دەرمانی لەماڵی(خەلیل) دانابوو، عەسری ڕۆژی دوای شەڕەكە لەبەری(ئەحماغا) واتە(٦-٦-١٩٨٥) برینپێچی و تیماری بۆ برینەكەی كردبوو،گوشاد عەبدولرەحمان بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە: ڕۆژی دوای شەڕ ماڵی خاڵم ئاگاداریان كردمەوە كە خاڵم بریندارە و لە كەندی(ئەحماغا)یە و پێویستی بەتەداوی و چارەسەرە، شەو چووم و ئەوەی توانیم و پێویست بوو ئەنجامم دا بەڵام شوێنەكەی زۆر خراپ بوو، وتیان دەیگوازینەوە و دواتر ئاگادارت دەكەینەوە بۆ شوێنەكەی، بردیان بۆ دۆڵی(مەستان) چەند شەوێك لە گوندیەوە دەچوم بۆ چارەسەركردنی و دواتر جێگۆڕكێیان پێكرد تا لەشوێنێك بێت بیانو هەبێت بۆ

(2) فیصل الفؤادي، من تأریخ الحركة الانصاریة من تأریخ الكفاح المسلح لانصار الحزب الشیوعی العراقي،١٩٧٨-١٩٨٩، بغداد،٢٠١٣،ص٣١١.

(3) د.احمد عبدالعزیز محمود، المصدر السابق، ص ١٦٦.

هاتوچۆ ئەویش(ئەشکەوتی کونە دێو) بوو کە تیایدا گیرا، ئەویش لە ئەنجامی کێومالّی هێزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە زانرا مام هیدایەت لەو ناوچەیە شاردراوەتەوە و بریندارە.[٤]

دوای ئەوەی مام هیدایەت لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە دەستگیر دەکرێت، دەیگوازنەوە بۆ ناو گوندی ئیلنجاغی گەورە شەهید ڕێباز زۆر ڕوون لە لاپەڕە(٣٣٨-٣٣٩)ی قەندیل بەغدای هەژاند نوسیویەتی:

جیهازەکەمان لەماڵی(محەمەد چاوشین) بوو، بروسکەمان کرد: (لەڕێبازەوە بۆ مەڵبەندی چوار، مام هیدایەتمان بەدیل گرتووە تکایە فەرمان بدەن)، پاشماوەیەك(عەدەد جیهاز)ەکە بەنهێنی پارچە وەرەقەیەك دەداتە دەست شەهید ڕێباز کە دەیخوێنێتەوە نوسراوە: (لەمەڵبەندی چوارەوە بۆ ڕێباز، مام هیدایەت لەگوندەکەی خۆیان بکوژن).

دواتر بەهەر هۆکارێك بێت مام هیدایەت نەکوژرا، ئەمەش یەکەم ڕووداوی لەو شێوەی شەڕی براکوژی نێوان هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بوو، ڕەنگە کوشتنی مام هیدایەت ببوایە زەقترین حاڵەتی دیل کوشتن لەنێو گوند و ماڵەکەی خۆیدا لە شەڕی خۆکوژی کورد ئەمە لەلایەك و لەلایەکتریشەوە بە بەرچاو هەواداران و پێشمەرگە یەکێتیەکانی ئیلنجاغی گەورەی ڕێکخراو لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆ فەرماندە شەهید ڕێباز بەکارێکی ئاسانی نەداوەتە قەڵەم و لەلایەکیتریشەوە فەرماندەبیانە بروسکەی مەڵبەند وەلاوە دەنێت تا بۆ خەڵکی ناوچەکەی بسەلمێنێت کە دەتوانێت خۆی خاوەن بڕیار بێت، بەداخەوە ئەم فەرماندەیە لە(٧-٥-١٩٩٤)خۆی بەدیلی کەوتە دەست هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەشەڕی نەگریسی خۆکوژی(پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستان) شەهید دەکرێت.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولڕەحمان بایز)، دامەزرێنەرانی بەرزە، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



## شەهید مام کاوێس مێرخاسەکەی دەشتی کۆیە

ئەو فەرماندەیەی کە لە(داستانی سێکانی) بە بەعسیەکانی گوت کورد یەکدەست و یەکرێز شکست بەپلانەکانتان دەهێنێت و یەکەم شەڕی بەرەیی کوردی سەرکردایەتی کرد دژ بە داگیرکەران بە هاوکاری پێشمەرگەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) بەداخەوە لە شەڕێکی کوردکوژی بووە قوربانی.

ناوی تەواوی(کاوێس ڕەشید ساڵح)ە ناسراو بە هاوڕێ(مام کاوێس)، ساڵی(١٩٣٦) لە گوندی(پێبازۆك)ی دەشتی کۆیە لەخێزانێکی زەحمەتکێش و جوتیاری کورد چاوی بەژیان هەڵهێناوە، واتە(٢) ساڵ دوای دامەزراندنی(حزبی شیوعی عێراق)، لەکاتی شەهید بوونی شەهید ڕێباز سەبارەت بەو جوامێرە نوسیویەتی"دوای ٢٠ساڵ خەبات لەشەڕێکی ناڕەوا شەهید کرا"، واتە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندیکردووە بە خەبات و یەکێکە لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی حزبی شیوعی عێراق و فەرماندەی مەیدانی نێوان ساڵانی(١٩٧٨-١٩٨٥)بووە، هەروەها یەکێك بووە لە فەرماندەکانی لیژنەی سەربازی مەڵبەندی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی عێراق و فەرماندەی بەتالیۆنی ٣١ی ئازار لەسنوری پارێزگای هەولێر و سەرکردەی شەڕی دەستە و یەخەی داستانی سێکانی بووە لە٢٧-١-١٩٨٢قارەمانانە جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس و سوپای عێراقیان بەزاندوە و سەدان جاش و جەیشی لێکوشتوون، ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری لیژنەی(محەلی) بووە، ساڵی ١٩٨٥فەرماندەی هێزێکی(٧٠) پێشمەرگەیی کردووە بۆ دەشتی کۆیە و هەولێر گەڕاوەتەوە لەناوچەی(بارزان)ەوەلە(٥-٦-١٩٨٥) لەشەڕێکی سەپێنراو و براکوژیدا بەرامبەر هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەگوندی ئیلنجاغی گەورەی ووراتی کۆیە دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە[١]، حزبی شیوعی عێراق

[١] نامەیەکی هاوڕێ ملازم شوان، سەرچاوەی پێشوو.

بـە(بـەلاغ)ی ژمـارە٤ی كۆتـایی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٨٥ئـەم ڕووداو و كارەسـاتەی بڵاوكردۆتەوە.

**تێكۆشانی مێرخاسان دوور و درێژە**

زەحمەتە دانە بە دانەی چالاكیەكان، بۆسە دانانەوەكان، ڕەبیەگرتن، چوونە ناو شـار و تـەمێكردنی چـڵكاوخۆر و خۆفرۆشـان و بەعسـیەكان، بـەرگریكردنی سـەنگەر، ئێشكگری و شەڕی كۆپتەر، بڵاوكردنەوەی دروشمەكانی شۆڕش ور ێبازی شۆڕشی نـوێ، بەتەواوەتی تەی بكرێت و پەرێزت پاكژ بێت لەداوەر و سەروەرییەكت لەبیر نەچێ و جێ نەمێنێ بۆ مێژوو، بەڵام ئەوەندی بۆمكراوە لەكۆتایی سـاڵی ١٩٨٥ەوە تـاوەكو شـەڕو داستانی(٢٢-١٠-١٩٨٦)ی ئیلنجاغی گەورە، ئەوەیە كەتەنها گوڵبژێرێك لەچـالاكی كوڕانی(مێرچاڕ)ی ئیلنجاغی گەورە بخەمەڕوو:

لەچالاكیەكی كەم وێنەی شۆڕشی نوێدا لەبەردەمی كارگەی(ڕستن وچـنین-معمـل نسیج) و شـەقامی ماجیـداوەی شـاری هـەولێر، لـە بۆسـەیەكی داڕێـژراوی كـوڕانی تیپەكانی(٨٧ی قەرەچوغ و٨٦ی دەشـتی هـەولێر) بـە درێـژایی دوو كیلۆمـەتر، لـە هێزێكی(تەواری ئـەمن)ی هـەولێر لـەكاروانێكی(١٠) ئۆتـۆمبیلی دەدرێـت و(٧٠) لەپیاوانی(ئەمن) دەكوژرێت[1]، هەڤاڵ جەلال ئیلنجـاغی جێگـری(عـەلی پونگینـە) بەشداری ئەو چالاكیەی كردووە، بەداخەوە هەندێك لەچالاكیەكان ئەوانەی بەشـداریش بوون لە ڕووی(كات و شوێن و پێشمەرگە بەشداربووەكان)ەوە نەیانتوانیووە بـۆ مێـژوو تۆماری بكەن، ئینجا چ وەك(یاداشت) كـە نوسـیویانەتەوە یـان لەچـاوپێكەوتنەكاندا كەباسیانكردووە، بۆ نمونە شەهید ڕێباز لە قەندیل بەغدای هەژاند بۆ ئـەم نەبەردیـە ناوی ناوە(داستانی هەولێر) و(١١٧ئەمن و ئیستخبارات)ی تێـدا كـوژراوە لـە٢-٩-١٩٨٥ڕوویداوە، هەروەها جەلال ئیلنجـاغی هـەمان چـالاكی لـە(شـارەوە بـۆ شـاخ) باسكردووە بەكوژرانی(٧٠) لەپیاوانی(ئەمن) و لەمانگی ئابی ١٩٨٥دا ڕوویداوە.

[1] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٤.



هەروەها لەشەڕی(پشتیوان)ی پێشمەرگەكانی ناحیەی سێگردكان كە لـە(١٠-٧-١٩٨٦) ڕژێمی عێـراق بـە(جـاش وجـەیش)ەوە پـەلاماری ئـەو گونـدەی ئـەو كـاتی دابوو،(شوكروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر و محەمەد حوسێن ئۆمـەر و لوقمـان حەمەعـەلی حاجی عەلی و شەهید ئیدریس سوارە وسـو و دڵشـاد عـەباس محێـدین) لەگـەڵ مـام غەفوور لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە چیای(ناساز)ی پشت ئاوایی قەمبـەرەوە وەك هێزی پشتیوانی خۆیان بەهێزەكانی ڕژێم نیشانداوە و هێزەكـانی دوژمنیـان سـەغڵەت كردووە،[2] هەروەها لە لێـدانی(ڕەبیـەكانی جەیشـی شـەعبی) نێـوان كەورگۆسـك و هەولێر هەر یەك لە(محەمەد حوسـێن و لوقمـان حەمەعـەلی)بەشـداریانكردووە، لـەو چالاكیەدا(ئاڵا دووبزی)برینداردەبێت.[3]

لەشـەڕ و نەبـەردی(قـەیوان-مـاوەت) كـە لـەزاری پێشـمەرگەكانەوە دەوترێـت شـەڕی(١٠٠ڕۆژەی قـەیوان-مـاوەت) سـوپای داگیركـاری عێـراق لـە(١-٩-١٩٨٦) پـەلاماری سـەنگەرەكانی سـەركردایەتی شۆڕشـی نـوێی دا لەچـەندین قوڵـەوە، لـە(دۆڵبێشـك وكونەماسـی) تـاوەكو(قـەیوان و دووبـرا) بەدرێـژایی(٥٠)كیلۆمـەتر، پێشـمەرگەی هـەموو مەڵبەنـدەكانی(١و٢و٣و٤)ی یـەكێتی نیشـتمانی كوردسـتان بەشـداریانكرد[4]، هـەروەها شـەهید ڕێبـاز لـە (قەنـدیل بەغـدای هەژانـد) نوسیویەتی(٨٥٪هێزی پێشمەرگەی كوردستان بەشداربوون) كۆمـەڵێك لـە كـوڕانی مێرچاڕی ئیلنجاغی گەورە لەو داستانە پڕ سەروەریە بەشداربوون ئەمانیش:

[2] چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمـەد حوسـێن ئۆمـەر)، پێشـمەرگەی دێـرین، چـاوپێكەوتنی پێشوو،هەرچـەندە ئـەو كـاتی سێگردكان ناحیە نەبووە بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەكەم یەكسەر لە زۆربەی ناو هێنانەكانـدا لـەبری گونـد وشـەی ناحیەی سێگردكانم بەكار هێناوە-نوسەر.

[3] چاوپێكەوتن لەگەڵ(لوقمان حەمەعەلی عەلی)،لەدایكبووی ١٩٦٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێـرین، لـە١٠-٥-٢٠١٦ز.

[4] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٦.

١-جەلال خورشید رەشید، جەلال ئیلنجاغی جێگری کەرتی(٤)ی بەردەبازی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لەو داستانەدا دەگوازرێتەوە بۆ جێگری کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی هەمان تیپ.[٥]

٢-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی.

٣-محەمەد حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی.

٤-غەفور حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی.

٥-شەهید ئیدریس سوارە وسو ئیلنجاغی.[٦]

٦-ئەحمەد عەودل قادر ئیلنجاغی.

٧-سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی.

٨-لوقمان حەمەعەلی حاجی عەلی ئیلنجاغی.

٩- سەباح سەلام ساڵح ئیلنجاغی، پاش ماوەیەك شەهید(ئازاد داربەسەری) هاتە جێی جەلال ئیلنجاغی بووە جێگری کەرتەکەمان و عەلی پونگینەش فەرماندەی کەرتی(٤)ی بەردەباز بوو[٧]، ئەحمەد کوردە لەبیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات لاپەڕە(٢٠٤)باس لەوە دەکات کە(محەمەد چاوشین ئیلنجاغی)فەرماندەی مەفرەزە بووە لەو شەڕەدا لەکەرتی(٥)ی گۆرقەرەج، بەڵام محەمەد چاوشین خودی خۆی دەڵێت(ئەو کاتە لێپرسراوی هێزی پشتگیری بووە لە گوندی ئیلنجاغی گەورە)[٨].

لەدوای شەڕی قەیوان-ماوەت پێشمەرگەکانی کەرتی(٤)ی بەردەباز و کەرتی(٥)ی گۆرقەرەج لەگەڵ هێزەکانیتری پێشمەرگە هاتنە(گۆپتەپە)ی قەڵاسێوکە، لەوێوە

---

[٥] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٠٤.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)،لەدایکبووی ١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح)،لەدایکبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد مەلاك)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



بەسواری تراکتۆر بەڕێکەوتوون بۆ لێدانی(وێستگەی ڕابازێت-تەشویش)ی دارەمان و حەسار و بازگەی کەرکوك، لەڕێگادا(مام غەفوور) لە هەورازێکدا پێی دەکەوێتە سەر(پەمپی ڕووکردن) بەرزکردنەوەی عارەبانەکە و٣٦پێشمەرگە ژمارەی سەرنشینەکانی تراکتۆرەکە بووە، هەموویان ڕوو دەکات و بەسەر یەك دەکەون و هەندێکیان بە(لوولەی کلاشینکۆف)ەکانیان زامدار دەبن، لوقمان حەمە عەلی ئیلنجاغی خۆی(مات) دەکات و مام غەفوریش پێی دەڵێت" هەستە لوقە پیاو هەموو(جەماعەت) هیچی لێ هاتبێ ئەتوو قەت هیچت لێ نایە".[٩]

دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکیە دەگەڕێنەوە(شێخ بزێنی خواروو) لەوێشەوە زێی بچووك دەبڕن و دەپەڕنەوە دەشتی زێکردی گوندی(تازەدێ- شەیتانی ڕەحمان ئاوا) لە١٠-١٠-١٩٨٦ نزیکەی(١٢) هەلیکۆپتەر و پیلاتۆز ئەو کەنارەی زێی بچووك بۆردوومان دەکەن و پێشمەرگەکانیش کۆپتەرێك دەپێکن و کۆپتەرەکانیش پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوك بەناوی(کاکۆ)شەهید دەکەن.[١٠]

کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەزۆربەی چالاکیەکانیساڵی(١٩٨٦) لە کەرتەکانی هەرسێ تیپەکەی(٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ) قارەمانانە بەشدارییانکردووە، وەك شەڕی پایزی(کەڵکەسماق) و گرتنی ڕەبیەکانی نێوان کۆیە-تەقتەق لە(بانی تاڵەبان و کونەگورگ و شیواشۆك)، دیارترین قارەمانێتیان داستانی بەرگری هێزی پشتگیری ئیلنجاغیەکانە لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ لەناو گوندی ئیلنجاغی گەورە لە(٢٢-١٠-١٩٨٦) ووردەکارییەکانی ئەم داستانەی مێرجاڕ بەدرێژی دەخەمە ڕوو:

---

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان حەمە عەلی عەلی)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١٠] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٨.

**داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورە**

داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورە سەر لە بەیانی(٢٢-١٠-١٩٨٦) هێزێکی گەورەی رژێمی بەعس ئۆپەراسیۆن دەکاتە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەپشتیوانی تانك و زرێپۆش و باڵەفڕی جەنگی، لە گوندی ئیلنجاغی گەورە هێزی پێشمەرگە و هێزی پشتگیری کوڕانی(ئیلنجاغی گەورە و مەرزان و داربەسەر و تاڵەبانی گەورە)ی مەملەکەتی مێرجاڕ بەرگرییەکی بێ وێنە دەکەن لە بەیانییەوە تا خۆرنشین.

هۆکاری ئەم پەلامارەش شەهید ڕێباز لەلاپەڕە(٣٨٨-٣٩٠)ی قەندیل بەغدای هەژاند ڕوون دەکاتەوە و دەنوسێت:-(٢٥٠٠پێشمەرگەی تیپەکانی(٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ و ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخالان و ٩٣ی کۆیە و ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شێروانە و ٥٥ی قەرەداغ و ٥٧ی سەگرمە و هەورامان و شارەزوور و ٨٥ی بەڕانەتی) لەگەڵ ١٠٠پاسداری هونەری سوپای ئێران لە١٠-١٠-١٩٨٦ پەلاماری بیرە نەوتەکانی کەرکوك دەدەن) ڕژێمی بەعس بۆ وەڵامدانەوەی ئەم چالاکیەی هێزەکانی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بۆ ئەم مەبەستە ڕژێم ماوەیەك بوو هێزی لە تەقتەق و کۆیە و دێگەڵە و کەسنەزان و قوشتەپە مۆڵدابوو بۆ وەشاندنی گورزێك لەو ناوچانەی کە بەقەڵای شۆڕش و بارەگای تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ دادەنران، ئەو شوێن و ناوچانەش بریتی بوون لە:

١-لێوار و کەناری زێی بچوك لە گوندی(سارتك)ەوە بۆ(سێگردکان).

٢-بەستی شەرغە لەگوندی(بانەقەڵات) و(کانی دەربەند)ەوە تا گوندەکانی(بانەمورد و گورزەیی و بایزئاغا و سماقە).

٣-لەگوندی(گۆمەشین)ەوە بۆ داربەسەر و ئیلنجاغی گەورە.



٤-لەگوندی تاڵەبانی گەورەوە لەڕێگەی(کۆیە-تەقتەق)ەوە بۆ هەردوو مەرزان و ئیلنجاغی گەورە.

٥-لەهێلەوە تا(سیا و شێخەروان)[١].

هێزێکی پەرتەوازەی کەرتەکانی تیپی٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ لەشەوی(٢١/٢٢-١٠-١٩٨٦) لە سێگردکان دەبن، هەواڵیان پێ دەدرێت کە ڕژێمی بەعس بە نیازی هێرشێکی بەرفراوانە بۆ سنورەکە، دوای کۆبوونەوەیەك هەر ئەو شەوە بڕیار دەدەن کە شەڕ نەکەن و بەرەو گوندی(ئیلنجاغی گەورە) بەڕێ بکەون، چونکە ژمارەی پێشمەرگەکانیان و چەك و تەقەمەنی و پێداویستیان کەم بووە، لەلایەکیتریشەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە نزیك ڕێگەی سەرەکی کۆیە و تەقتەق-ە لەو باوەڕە دابوون ڕژێم هەست بەوە نەکات ئەو گوندە پێشمەرگەی تێدایە، ئەو هەڵبژاردنەش بۆ ئەوە بووە کە توشی شەڕ و ڕوو بەڕووبونەوە نەبن لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، کورت و کرمانجی خۆیان لەشەڕی حکومەت لابدەن، لەسێگردکانەوە بەگوندی ئۆمەرگومبەتەوە بەرەو ئیلنجاغی گەورە دەکەونە ڕێ و سعات(٦)ی بەیانی ڕۆژی(٢٢-١٠-١٩٨٦) دەگەنە گوندی ئیلنجاغی گەورە.[٢]

چەند فەرماندەیەکی کەرت لەگەڵ ئەو هێزەدابوون لەوانە(سەلاح شینەی جێگر تیپ و خاڵە یوسف و قارەمان شینە و شەماڵ قەرەبەگی و ئەحمەد کوردە)، هەروەها لێپرسراوی کۆمەلایەتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر شەهید(دەشتی موهەندیس)یش کەدواتر شەڕەکە بە سەرپەرشتی ئەو بەڕێوەچوو، لە دەوروبەری سعات(٨)یش هێزەکانی ڕژێمی عێراق(جاش و جەیش) لەڕێگەی(کۆیە-تەقتەق) لەبانی تاڵەبانەوە

---

[١] شوکروڵلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٢٣)ی ساڵی دووەمی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، لاپەڕە(٥).

[٢] نامەیەکی دەستنوسی(ئازاد سەعید باپیر)ناسراو بە ئازاد ساتوقەلاّیی، بەشداربووی شەڕەکە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣١-٧-٢٠١٥ز.

بەرەو گوندی ئیلنجاغی گەورە پێشڕەوییان کرد[٣]، گوندی ئیلنجاغی گەورە ئەوکات نزیکەی(٥٠)ماڵی تێدا نیشتەجێ بوو، زۆربەیان ماڵە پێشمەرگەبوون و هەندێکیشیان سەربازی ڕاکردوو بوون، بەشێکی پێشمەرگە ئیلنجاغییەکان بەهۆی مۆڵەت و برینداری و نەخۆشیەوە لەپشوودان بوون و کۆمەڵێکیش لە کۆنە پێشمەرگە و سەربازە هەڵهاتووەکانی سەربازی لە هێزی پشتگیری ڕێکخرابوون بەفەرماندەیی محەمەد چاوشین ئیلنجاغی[٤]، ئەو ئیلنجاغیانەی کەهاوکاری هێزی پێشمەرگەیان کرد چ وەك پێشمەرگە و چ وەك هێزی پشتگیری ئەمانە بوون:

١-نەسروڵلا عەلی مەحمود، فەرماندەی کەرتی مۆڵەت بەهۆی برینداربییەوە.

٢-محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ مەلاك، حەمەچاوشین فەرماندەی هێزی پشتگیری و پێشمەرگەی دێرین.

٣-کاوە ئەنوەر نادر(مامۆستا کاوە)، کادیر.

٤-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر(شوکروڵلا شێخانی)، پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٥-عەلی مەحمود حەمەد(عەلی ئیلنجاغی)، کادیر.

٦-جاسم بایز کاوێس مەلاك، مام جاسم، کادیر.

٧-گوشاد عەبدولڕەحمان بایز کاوێس، دکتۆر و برین پێچی شەڕەکە.

٨-عەباس حەمەدەمین ئۆمەر-مام عەباس، پێشمەرگەی دێرین و ماڵەکەی بووە ژووری عەمەلیاتی شەڕەکە.

٩-کاکل مەحمود حەمەدەمین، هێزی پشتگیری.

١٠-حەکیم قادر بایز کاوێس، هێزی پشتگیری.

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمە-حەمەچاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری لەشەڕەکە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٥-٢٠٠٢ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین سلێمان فەتحوڵلا)لەدایکبووی ١٩٥٩ی ئیلنجاغی گەورە پێشمەرگەی دێرین لە٢٥-٢-٢٠١٦ز.



١١-بەهرام قادر بایز کاوێس، هێزی پشتگیری.

١٢- موحسین سلێمان فەتحوڵلا کاوێس، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

١٣-نادر کەریم خالد-خاڵە نادر، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

١٤-سوارە وسو جومعە-مام سوارە، پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلول و هێزی پشتگیری.

١٥-جەعفەر وسو جومعە، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

١٦-سەلام عەباس حەمەدەمین، پێشمەرگەی دێرین و هاوکاری گوشاد عەبدولڕەحمانی دکتۆر.

١٧-حەسەن تەها قادر، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

١٨-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

١٩-عومەر حەمەد ڕەسوڵ، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

٢٠-شەهید محەمەد عەبدولوەهاب فەتحوڵلا کاوێس- محەمەد برنۆ، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

٢١-عەزیز مەلا عومەر ئەبوبەکر هێزی پشتگیری.

٢٢-ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ، هێزی پشتگیری.

٢٣-شەهید عوزێر حوسێن ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

٢٤-ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.

٢٥-موحسین ڕەئوف عوسمان، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری[٥]، ئەحمەد کوردە لەبیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەباتدا لەلاپەڕە(٢١١)دەنوسێت" تێکڕای گوندەکە پێشمەرگە بوون".

---

[٥] ناوی ئەو بەشداربووانەم لە چاوپێکەوتنەکانی( محەمەد چاوشین و مام سوارەو شوکروڵلا شێخانی ومام جاسم وموحسین سلێمان)وەرگرتووە.

هێزی پێشمەرگە وەك پێشوتر ووتمان(پەرتەوازە) و بێ سەرو بەرە بوون، هیچ کام لە سەرتیپەکانی٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ-یان لەگەڵ نەبوو، بە(١٠) ئۆتۆمبیلەوە هاتنە ئیلنجاغی گەورە، ژمارەی پێشمەرگەی هەموو کەرتەکان خۆی دەدا لە نزیکەی(٧٠) پێشمەرگە[٦]، لەگەڵ هاتنی شەهید(کەریم سەلیم مەرزانی و سەلامی برای) لەگوندی مەرزانەوە دڵنیاییان دایە خەڵکی گوند و هێزی پێشمەرگە کە لەبانی تاڵەبانەوە دوژمن بەرەو مەرزان و ئیلنجاغی گەورە دێت، هێزی پێشمەرگە بەفەرماندەیی شەهید(دەشتی موهەندیس) بڕیاری بەرگری دەدەن، بەگوێرەی پێکهاتەی بەرزی و نزمی ئیلنجاغی گەورە دابەش دەبن، تەنها ڕەچاوی ڕێگەی سەرەکی تەقتەق- ئیلنجاغی گەورە دەکرێت، بەهیچ شێوەیەك بیر لەوە ناکرێتەوە هێزێکی دوژمن لە گوندی(داربەسەر)ەوە بۆ پاڵپشتی هێزەکەی خۆی پێشڕەوی دەکات.[٧]

## سەنگەرگرتن لە دوژمن

هێزی پێشمەرگە بەچاوساغی خەڵکی گوند و هێزی پشتگیری دەستی کرد بە سەنگەر گرتن لە دوژمن، کەرتەکانی(١و٢و٣) و مەفرەزەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە پێکهاتەی سەرەکی هێزەکەی پێشمەرگەبوون بەو شێوەیەی لای خوارەوە سەنگەرییان لە دوژمن گرت:

١-باکوری ڕۆژئاوای گوند-جۆنی بەرد، ماڵی محەمەدی مام خورشید مستەفا کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری بە سەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(شەهید خاڵە یوسف قەشقەیی) لێ جێگیرکرا.

٢-بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای گوند-گەرووی سۆرکێ، بەسەرپەرشتی جێگری فەرماندەی تیپ(سەلاح شینە) دامەزران.

[٦] گوشاد عەبدولڕەحمان بایز پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو، نامەکەی ئازاد ساتوقەلایش دەڵێت:٤-٥ئۆتومبیل و شوکروڵلا شێخانیش دەڵێت:٧-٨ئۆتومبیل دەبوون.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٣-ڕۆژهەڵاتی گوند- ناو بینای قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە، ماڵی سمایلی حاجی خدری شیوعی سەرشاخی مەکتەبێ و نزیك بڵندۆکە، پێشمەرگەکانی کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری بەفەرماندەیی فەرماندەی کەرت(شەماڵ قەرەبەگی) و کەریمە ڕەش و عومەر ڕەئوف سەنگەریان گرت.

٤-ناوەڕاستی گوند، بەرامبەر کلکەی قەبران و سەر جادە، لەماڵی کێخوا حاجی ساڵحی مام مستەفای پێشمەرگەکانی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری بەفەرماندەیی فەرماندەی کەرت(قارەمان شینە) و شەهید ڕەوەند لێ جێگیرکران.[١]

هەروەها ماڵی مام(عەباس حەمەدەمین ئۆمەر)ی پێشمەرگەی دێرین، ناوەڕاستی گوند و لە نزیك کەندی(کانی وەلی)کرایە ژووری عەمەلیاتی شەڕەکە و شەهید دەشتی موهەندیس لێپرساوی کۆمەلایەتی سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام هێزەکە ڕێك وپێك(مونەزەم) نەبوو، پێکهاتەی چەند کەرت و مەفرەزەیەکی هەڵوەشاوە و خەڵکی چەکداری ناوچەکە بوون، بۆیە گوێڕایەڵی(ئیلتیزام) لەشەڕەکە زۆر بەکەمی دەبینرا[٢]، لەلایەکیتریشەوە شەهید دەشتی موهەندیس(گوشاد عەبدولڕەحمان بایز) پێشمەرگەی دێرین و برینپێچ ڕادەسپێرێت کە(تیمارگەیەکی خێرای گەڕۆك) بۆ بریندارەکان دابنێت و هاوکاری داو دەرمانی بۆ دەکات و ئەویش سەرەتا ماڵی(عەلی مەحمود باوکی هەڤاڵ نەسروڵلا عەلی) دەکاتە تیمارگە و یەکەم بریندار شەڕەکە شەهید(کەریم سەلیم مەرزانی) لەوێ تیمار دەکات، بەڵام بەهۆی سەختی شەڕەکە شوێنەکەی دەگوازێتەوە ماڵی(حەمەد عەوڵلا قادر) تا کۆتایی شەڕەکە تیمارگەکەی بەڕووی بریندارەکان دەکاتەوە سەلامی مام عەباسیش هاوکاری دەکات.[٣]

[١] شوکروڵلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان ساڵح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین لە٨-٧-٢٠١٥ سەبارەت بەو شەڕ و داستانە بۆی نوسیووم.

[٣] گوشاد عەبدولڕەحمان بایز پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

هــەروەها شــوكرولّلا شــێخانی لــەژمارە(٢٣)ی ڕۆژنامــەی تــاك دا نوســیویەتی: (شەڕەکە بە سەرپەرشتی سەلاح شینە و دەشتی موهەندیس بوو)، بەمە دەردەکـەوێت گوێڕایەڵی نێوان ئەو دوو فەرماندەیە بۆ یەکتری لەئاستی شەڕەکە و پێویست نـەبووە، چونکە(سەلاح شینە) جێگر تیپ بووە و شەهید(دەشتی موهەندیس)یـش لێپرسـراوی کۆمەڵایەتی، دواتر پاشەکشەی(سەلاح شینە) بەبێ پرس و بێ ئاگادارکردنەوەی ژووری عەمەلیات ئەو واقیعە تاڵەی سەلماند، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی یە(سەلاح شینە و دەشتی موهەندیس) هیچیان لە ژیانـدا نـەماون تـاوەکو ڕاسـت و دروسـت ئامـانج بپێکین، تەنها شایەتحاڵەکان باس لەوە دەکەن سـەلاح شـینە وەك پێویسـت شـەڕەکەی نەکرد.

## شەڕ چۆن گەرم بوو

لەگـەڵ خۆرهەڵاتـدا دوو هەلیکۆپتــەر هاتنــە ســەر ئاسمـانی ئیلنجـاغی گـەورە، بۆماوەی(١٠)دەقیقە بەسەر گوندەکە و ناوچەکە سوڕانەوە، دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان هێزی پێشمەرگە لەمزگەوتی ئیلنجـاغی گـەورە لەگـەڵ هێـزی پشـتگیری گوندەکـە کۆبوونەوە، دوای ئەوەی بۆ هێزی پێشمەرگە دەرکەوت کە ڕژێم بە نیـازی هێرشـکردنە بۆ سەر گوندەکە، بڕیاری شەڕکردن و بەرگریکردن لە گوندەکە دراو هێزی پێشمەرگە و پشتگیری بەیەکەوە لەسەنگەر دامەزران، پاشماوەیەك و بـۆ جـارێکیتر هێـزی دوژمــن بەپشتیوانی(٤) هەلیکۆپتەر و تۆپخانە و هاوەنەوە بۆ مــاوەی نیــو کاتــژمێر دەســتی بەهێرشــەکانیکرد لــەبانی تاڵەبانــەوە بــەڕێگاوە بــۆ مــەرزان و ئیلنجــاغی گــەورە پێشڕەویانکرد[١]، شەڕ لەسعات(٩:٢٠) نۆ و بیست دەقیقــەی بــەیانی بــە پــەلاماری دوژمن دەســتی پێکــرد و(جــاش و جــەیش) گەیشــتنە(کلکــەی قــەبران)ی ســەرەتای گوند[٢]، هەرچەندە ئەحمەد کوردە لەکتێبەکەیدا بـیرەوەری ڕۆژانــی ســەختی خەباتــدا

[١] نامەیەکی دەستنوسی(ئازاد سەعید باپیر)ناسراو بە ئازاد ساتوقەلاّیی، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] شوکرولّلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، سەرچاوەی پێشوو.



سعات(٨:٣٠)هەشت و سی دەقیقەی بەدەستپێکردنی شەڕەکە نوسـیووە، بـەڵام (ئـەوە دەزانرێت کە لەو سـەروبەندی پـایز و ڕۆژی ٢٢-١٠ی هــەموو ســاڵێ نوێـژی بـەیانی سعات ٤:٥٥دەقیقە دەبێت و دەوروبەری سـعات٦:٣٠دەقیقــە خۆرهەڵاتــە و بــەگوێرەی گێڕانەوەکانیش لە نێوان هاتنی پێشـمەرگەکان لــە کــاتی خۆرهــەڵاتن و دەســتپێکی شەڕەکە ماوەی یەك سعاتی خایاندووە کەواتە بەوە دەچێت شـەڕەکە لـە نزیـك سـعات ٧:٣٠دەقیقە روویدا بێت-نوسەر) شەڕ گەرمبوو هێزەکانی دوژمن لە هەموو بـەرەکان و قۆڵەکاندا درانە بەر دەستڕێژی گوللـەی پێشـمەرگە و هێـزی پشـتگیری ئیلنجـاغی گەورە و هاوکارانیان لە گوندەکانی دەوروبەردا(مەرزان و داربەسەر و تاڵەبانی گـەورە) دوژمن نەیتوانی لـەهیچ قۆڵێکـەوە پێشـڕەوی بکـات و لـەتێکڕای بـەرەکانی شـەڕدا تێکشکا، ڕەوشـی شـەڕەکە لـە بەرژەوەنـدی پێشـمەرگە بـوو، لەبـەرەی(گۆڕسـتان و پەڕەسێلکان) لە دژە هێرشێکدا(محەمەد چاوشـین و شـەهید کـەریم مـەرزانی) ڕۆڵـی بەرچاویان تێدا بینی و هێزەکەی دوژمنیان بۆ چەند جارێك تێکشکاند، هــەر لــەو دژە هێرشانەدا شەهید کەریم مەرزانی بریندار بوو.[٣]

پێشمەرگە قارەمانەکانی ئیلنجاغی گەورە(نەسـرولّلا عــەلی و محەمــەد چاوشـین و شوکرولّلا حەمەدەمین شێخانی و شەهید محەمــەد برنـۆ و شــەهید کـەریم مــەرزانی) ڕۆڵێکـی یـەکجار بەرچـاویان هــەبوو لـەتێکڕای ڕووبەڕووبونـەوەو هەڵمەتەکانـدا[٤]، لەگەرمەی شەڕەکەدا مەفرەزەیـەکی پێشـمەرگە لەگونـدی(داربەسـەر)ەوە هــاتن بـۆ یارمەتیــدانی هێــزی پێشــمەرگە ئەمانــە بوونــە مایــەی بەرزکردنــەوەی وورەی پێشمەرگەکان،[٥] ئەو کاتەی ئەو مەفرەزەیە هات شەڕ تەواو دەستیپێکردبوو، دوژمــن تەواو گەمارۆی گوندی دابوو، بۆیە بەهۆی شارەزاییانەوە لەباشوری گوند بەلای(شیوی

[٣] نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان ساڵح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] نامەیەکی دەستنوسی (ئازاد ساتوقەلاّیی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٥] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢١٣.

هەنجیران) خۆیان گەیاندە ماڵی مام عەباس حەمەدەمین ژووری عەمەلیاتی شەڕەکە و چاویان بەشەهید دەشتی موهەندیس سەرپەرشتیاری شەڕەکە دەکەوێت.[٦]

لەو سەروو بەندەدا بەهاناوە چوونی یەکتری لەنێوان گوندەکاندا بووبووە(نەریت) بەتایبەت لەنێوان گوندەکانی(تاڵەبان و مەرزان و ئیلنجاغ و داربەسەر)، سەربازی ڕاکردووی سوپای عێراق و پێشمەرگەی دێرین-کۆن و دانیشتوانی گوندەکان گیانی هاوکاری و تەباییان هێندە بەرز بوو، لەخۆشی و ناخۆشیدا بەدەنگ یەکترییەوە دەچوون[٧]، ئەو مەفرەزەیەش لەمانە پێکهاتبوون:

١-پێشەوا عەلی مەولود داربەسەری.

٢-ئیحسان محەمەد ساڵح داربەسەری.

٣-تەحسین محەمەد ساڵح داربەسەری.

٤-فەرهاد سابیر تەها داربەسەری.

٥-ستار قادر کەریم داربەسەری.

٦-فارس مەولود ئەحمەد داربەسەری.

٧-عەبدوڵلا سەلام داربەسەری.

٨-مستەفا هەمزە داربەسەری.

٩-سدیق حەمەد سەعید داربەسەری.

١٠-ئیسماعیل حەمەدەمین سەعید داربەسەری.

١١-شوکروڵلا حەمەدەمین سەعید داربەسەری.

١٢-فەتاح ڕەحمان حەمەساڵح تاڵەبانی.

---

(٦) نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان ساڵح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

(٧) نامەیەکی پیتچنینی(شوکروڵلا حەمەدەمین سەعید داربەسەری)، کادیر ، تایبەت بەڕۆڵی ئەو مەفرەزەییەی لەداربەسەرەوە بەهانای شەڕەکەوە چوون.



١٣-سەباح ڕەحمان حەمەساڵح تاڵەبانی.[٨]

دوژمن تا سعات(١٢)ی پێش نیوەڕۆ نەیتوانی هیچ پێشڕەوییەك بکات و لە هەموو قۆڵەکانەوە تێکشکا و(٣) ئۆتۆمبیلیان لە(کلکەی قەبران) کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[٩]، لەگەڵ کوژرانی چەندین(جاش و سەرباز) بەتایبەت لەهەردوو قۆڵی شەهید خاڵە یوسف لەخانووی محەمەدی مام خورشیدی و لەقۆڵی زیوانداره کە هێزەکانی پشتگیری ئیلنجاغی گەورە لەو قۆڵەدا ڕۆڵی کاریگەرییان هەبوو[١٠]، بەڵام هێزەکانی ڕژێم لەدوای نیوەڕۆوە هاوکاری و(عیتاد) و سەربازیان هێنا، هەر لە بناری دێدەوان و گۆمەشین و کەناری زێی بچوك لە تەقتەق و کۆیەوە هێزی پیادە و جاش و ناقیلە و تانك و فڕۆکە جەنگیەکان، هێرشەکانیان چڕکردەوە لەقۆڵەکانی(زیوانداره، سەرکفرە دۆڵ، زێڵاو) لەناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی گوند و(یارەوەری و قازانان و کفرە بالوکە و ئەلحەدە و گەرووی سۆرکێ) لەباکور و ڕۆژئاوای گوند، بەتایبەت لە قۆڵی ڕۆژئاوا لە گوندی(داربەسەر)ەوە دوو فەوجی جاشان و ٢تانکی سەربازی بەڕازیلی هێرشیان هێناو لە(سۆتکەدار) بەر لەوەی بگەنە ناو گوند دوژمن سعات(١)ی پاش نیوەڕۆ(تەنویر)ی کەسکی فڕێدایە ئاسمان[١١]، ئەحمەد کوردە لە بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات لە لاپەڕە(٢١٢)دا دەنوسێت:- مام حەمەدی ڕەسوڵی کە چوار کوڕی پێشمەرگە بوون(هیدایەت و عومەر و غەفور و ڕەسوڵ) ووتی" سەرشاخەکانی ڕۆژئاوا پێشمەرگەی لێ نەماوە" وتم"مام حەمەد چۆن سەلاح شینەی لێیە؟! بەڵام بەدوور بین سەیرمکرد قسەکەی تەواوە، واجاش لەشوێنەکەی سەلاح شینە بەبیکەیسی تەقە بەرەو

---

(٨) چاوپێکەوتن و سەرچاوە ونامەکانی(شوکروڵلا حەمەدەمین داربەسەری و سەباح ڕەحمان تاڵەبانی و محەمەد چاوشین و مام سوارەوئەحمەد کوردە).

(٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(١٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسوو جومعە)، فەرماندەی پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلول و بەشداربووی شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ناو گوندی دەکەن، هەر لەوێشەوە جاشەکان دزەیان کردبوو بۆ پشتی خاڵە یوسف، هەروەها نوسیویەتی:- پێش نیوەڕۆ بینیم جاش لەشوێنی خاڵە یوسف دەسوڕێنەوە، ئینجا قارەمان شینە ئارپیچیەکی هێنا و جاشەکانمان هەڵبڕی و بۆمان دەرکەوت خاڵە یوسف و هاوڕێکانی شەهید بوون، بەگوێرەی ئەم گێڕانەوەیەی ئەحمەد کوردە بێت شەهید خاڵە یوسف و هاوڕێکانی نزیك نیوەڕۆ شەهید بوون، کەچی گێڕانەوەکانیتری برادەران دوای نیوەڕۆ شەهید بوونی خاڵە یوسف ڕادەگەیەنن.

پاشەکشەی سەلاح شینە لەلای زۆربەی ئەوانەی ئەم شەڕە دەگێڕنەوە هۆکاری سەرەکی شەهیدبوونی خاڵە یوسف و هاوڕێکانیەتی، چونکە دەڵێن" زاڵبوونی جاش لەبەرزاییەکانی گەرووی سۆرکێی ڕۆژئاوای گوند، وایکردووە پشتی سەنگەرەکەی خاڵە یوسف و ناوەڕاستی گوندی بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی گوللەی جاشانەوە؟!"، هەرچەندە سەلاح شینە خزمێکی نزیکی خۆی فەرماندەی مەفرەزە بوو بەناوی(مەغدید)شەهید دەبێت، بەو هۆکارەوە پاشەکشەی کردووە، بەلام بەبێ ئاگاداری هێزەکانیتری قۆڵەکانی بەرگرییەوە بووە، بۆیە پاشەکشەکەی ئەم شکستە گەورەیەی بەدواوە بووە، لەلایەکیتریشەوە(قارەمان شینە) فەرماندەی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و سەرپەرشتیاری قۆڵی(ناوەڕاستی گوند-کڵکەی قەبران،ماڵی حاجی ساڵحی)لەشەڕەکەدا، دەڵێت: سەلاح شینە فەرماندەی کەرت و جێگری تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو، یەکێك لەتێکۆشەر و قارەمانترین فەرماندەی کەرتی ئەو سەردەم بوو، پاشەکشەی نەکردبوو، بەڵکو هەوڵیدابوو لەپشتەوە لەدوژمن بدات، بەلام زۆری ژمارەی دوژمن و هێرشی بەردەوامی تانك و هەلیکۆپتەر و جاش ڕێگە نادەن ئامانجی پلانەکەی جێ بەجێ بکات و مەغدیدی فەرماندەی مەفرەزەکەی شەهید دەبێت و دەشکێن نەوەك پاشەکشە بکەن.[12]

---

[12] چاوپێکەوتن لەگەڵ(قارەمان شینە کەریم) لەدایکبووی ١٩٥٧ی حەسەن بەگی کەندێناوە، فەرمانەدەی کەرتی بەشداربوو، لە٧-٩-٢٠١٦ز.



هەروەها سوپای عێراق لە(کرۆسکین) پەڕینەوە بەرەو(برندۆکە-بڵندۆکە) و ماڵی(سمایلی حاجی خدری شیوعی)، کەماڵی لەناو بینای خوێندنگەی گوندی بوو، لەبەری ڕۆژهەلات، بۆردومانی تانکەکان و رۆکێتی ئاراستەکراو لەفرۆکەکانەوە و پەلاماری جاشەکان لە(زێلاو و برندۆکە)شکستی بەفەرمانەدەی کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(شەماڵ قەرەبەگی) هێنا و بەگوللەی جاشەکان بریندار دەبێت و شەهید(محەمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا-محەمەدبرنۆ) بەبرینداری دەربازی دەکات،[13] مامۆستا کاوە ئەنوەر گێڕایەوە وتی: بۆ بەرگریکردن لە مەکتەبەکە بەسەرپەرشتی نەسروڵلا عەلی مەفرەزەیەك کەپێکهاتبوون لە(کەریمە رەش و شەهید رەوەند و جوامێر بەردەسپی وشوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر شێخانی و بەندە)پەلاماری بینای قوتابخانە و بڵندۆکە-مان داوە و شەڕێکی نیو سعاتی دەستەویەخەمان کرد و کار گەیشتە شەڕی نارنجۆك لەگەڵ جاشەکان بەلام تۆپی دەبابەکان و بۆردومانی فڕۆکەکان نەیانهێشت لەو شوێنە بتوانین بمێنینەوە).

**دەرئەنجامی ڕوو بە ڕوو بوونەوەکە**

لەدوای نیوەڕۆ شەڕ لەبەرژەوەندی سوپای داگیرکار و جاشەکاندا بوو، بەهۆی زۆری ژمارەی پەلامارەکانی دوژمن بەپشتیوانی تانك و زرێپۆش و(٩) هەلیکۆپتەریش لەئاسمانەوە بە بەردەوامی بۆردومانی هێزی پێشمەرگەیان دەکردو هێزەکانیتری دوژمن لە(بەستی شەرغە و کۆیە و تەقتەق)ەوە بەفریای هێزە شەرکەرەکەی خۆیان کەوتن لە گوندی ئیلنجاغی گەورە[1]، دوای شەهیدبوونی(خاڵە یوسف و هاوڕێکانی)لە نزیك سعات(٢-٣)ی دوای نیوەڕۆ و پاشەکشەی(سەلاح شینە) لە گەرووی سۆرکێ و شەهیدبوونی شەهید(عوزێر حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی)لە نێوان سعات(٣:٣٠-٤:٠٠)ی ئێوارە، ئیتر گەمارۆی دوژمن بۆ سەر گوند بەتوندی دەستی پێکرد و جاش و

---

[13] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(قارەمان شینە کەریم) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

سەرباز بەتەواوەتی بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گوندیان کۆنترۆڵ کرد و تەنها باشوری گوندی(کەندی کانی وەلی و حەمەخەجیلە و شیوی هەنجیران) لەبەردەم هێزەکانی پێشمەرگە مایەوە بۆ پاشەکشەکردن[٢]، لە ڕۆژهەڵاتی گوندیش لەناو خوێندنگەکە فەرماندەی کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(شەماڵ قەرەبەگی) بریندار دەبێت و سەنگەر چۆڵ دەکەن[٣]، بەمەش شەڕی کۆڵان بەکۆڵان و دەستەویەخە دەست پێدەکات و جاشەکان گەیشتنە دەروازەی گوندو ناو گوندەکە و خانووی ماڵی حاجی سالح-یان گرتێ بەردا وەك هێمایەك بۆ گرتنی گوندەکە[٤]، نزیك خۆرئاوابوون پێشمەرگە لەگوندەکە چووە دەرەوە و تاریکی باڵی بەسەر گۆڕەپانی شەڕەکەدا هێنا و جاشەکانیش نەیانتوانی خانوو بەخانوو بچنە نێوماڵەکانەوە، بەڵام لەتاریك و ڕوونی ئێوارە کۆمەڵێك ژن و منداڵ دەستگیر دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن بۆ گرتوخانەی(محەتە)ی هەولێر.[٥]

ئەم نەبەردییە بەخوێنی(١٠) پێشمەرگە و هێزی پشتگیری و هاوڵاتی ئیلنجاغی گەورە و(١٤) زامداری پێشمەرگە و هاوڵاتی تۆمارکرا.

**شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە و هێزی پشتگیری:**

١-شەهید(یوسف جەمیل عەبدوڵلا قەشقەیی) ناسراو بە(خاڵە یوسف) فەرماندەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٢-شەهید(مەغدید تۆفیق حەمەد عەبدولرەحمان قوشاغلوویی) فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی(٤)ی کەندێناوەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

[٢] نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان سالح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] شوکروڵلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان سالح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٣-شەهید(سەردار حەمەد عەلی ئیسماعیل) ناسراو بە(سەردار مەخموری) پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٤-شەهید(شێرکۆ حەمەد ئەمین ئۆمەر حەسەن) ناسراو بە(توانای عەدەد بیکەیسی)، پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٥-شەهید(عەبدولخالق ڕەمەزان سلێمان) ناسراو بە(تەنیا) پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٦-شەهید(ئەسکەندەر عەبدولەناف عەلی عەبدوڵلا گۆمەشینی) پێشمەرگەی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٧-شەهید(عوزێر حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی)، پێشمەرگەی دێرین و هێزی پشتگیری.[١]

**شەهیدانی هاوڵاتی ئیلنجاغی گەورە:**

١-هەوراز ئازاد سمایل حاجی خدر ئیلنجاغی، منداڵ، تەمەن(٣)ساڵان.

٢- هاوڕێ ئازاد سمایل حاجی خدر ئیلنجاغی، منداڵ، تەمەن(کۆرپەڵە).

٣- نەورۆز کاکل مەحمودئیلنجاغی، منداڵ، تەمەن(٢)ساڵان.[٢]

**بریندارانی پێشمەرگە**

١-شەماڵ قەرەبەگی، فەرماندەی کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، قاچی شکا لەشەڕەکەدا.

٢-سەرکەوت قادر گردەسۆری، پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ساڵی ١٩٨٧ شەهیدبوو.

[١] ئەم ناوانەم لە(دەرسیم ڕەحمان فەرحان)، ناسراو بە دەرسیم پێشەوا، لەدایکبووی(١٩٦١)ی دیبەگە، نیشتەجێی دانیمارك، زیندانی سیاسی و ڕێکخستنی دێرینی شۆڕشی نوێ، وەرگرتووە.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوڵەباغ خدر مەحمود)لەدایکبووی١٩٦٨ی سماقە، دایکی شەهید نەورۆز، زیندانی سیاسی، لە٥-٥-٢٠١٦ز.

٣-بەکر گردەسۆری، پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لەو شەڕەدا چاوێکی لەدەستدا.

٤-ئیسماعیل قادر مەرزانی، پێشمەرگەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، دواتر لە گرتنی فەوجی ڕەواندوز چووە کاروانی شەهیدانەوە.

٥-هەژار گۆمەشینی، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٦-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی، پێشمەرگەی کەرتی(٤)ی بەردەبازی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٧-سەلیم مەحمود خدر، پێشمەرگەی کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بڕبڕەی پشتی شکا.

٨-کەریم سەلیم حەمەدەمین مەرزانی، هێزی پشتگیری، گوللە بەر ڕوومەت و دەستێکی کەوتبوو.

٩- شوکر ناوێك، پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو.[٣]

١٠-چالاك، پێشمەرگەی کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، چاوێکی لەدەستدا.

١١-عومەر ڕەئوف فەرمانـدەی مەفرەزە لەکەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.[٤]

**ئەو هاوڵاتیانەی برینداربوون:**

١-حاجی ساڵح مستەفا جومعە، هاوڵاتی، ساچمەبەر(بەرزەهاری) کەوتبوو.

٢-پلکە(زەوە سمایل حەمەلاو) خێزانی(خورشید مستەفا جومعە).

٣-ئایشە نامیق حەمەدەمین حاجی خدر، دایکی شەهیدان(هەوراز و هاوڕێ).

[٣] شوکروڵلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(قارەمان شینە کەریم) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



**ژن ومنداڵەکانیان گرت**

ئەو خێزان و ژن و منداڵانەی گیران ژمارەیان(٢٦) ژن و منداڵبوون(٤٥) شەو و ڕۆژ لە زیندانی(محەتە)ی هەولێر بێ سەردان بوون و لە چوارچێوەی سیاسەتی(تەسفیر) لە٧ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦لەبناری گوندی(گۆمەتاڵ)ی چیای کێشکە فرێدراون و هەندێکیان چوینەوە کۆیە و ئەوانیتریش بۆ هەولێر گەڕانەوە[١].

ئەو ژن و منالآنەی ئەوێ ڕۆژێ گیران ئەمانە بوون:

١-گوڵەباغ خدر مەحمود، هاوسەری(کاکل مەحمود حەمەدەمین کانەبی ئیلنجاغی).

٢-نەورۆز کاکل مەحمود حەمەدەمین، لەگرتوخانەی(محەتە)ی هەولێر لە٢٩-١٠-١٩٨٦شەهید بوو.

٣-ئایشە نامیق حاجی خدر، هاوسەری(ئازاد سمایل حاجی خدر)، بەبرینداری کەوتە دەست دوژمنەوە.

٤-هاوڕێ ئازاد سمایل حاجی خدر، کۆرپەڵە لە نەخۆشخانەی هەولێر شەهید بوو.

٥-کافیە خورشید مستەفا جومعە، خێزانی(هاوار سمایل حەمەدی مام قلینجی).

٦-ئاریان هاوار سمایل مام قلینجی، منداڵ.

٧-شازێ وسو جومعە، خێزانی(حەمەد ڕەسوڵ عەبدوڵلا ئیلنجاغی).

٨-فاتمە حەمەد ساڵح حەمەد، خێزانی(خاڵە جەعفەر وسو جومعە ئیلنجاغی).

٩-هێمن جەعفەر وسو، منداڵ.

١٠-هێرش جەعفەر وسو، منداڵ.

١١-دڵگەش جەعفەر وسو، منداڵ.

١٢-ڕووخۆش جەعفەر وسو، منداڵ.

١٣-بەفرین ساڵح ڕەسوڵ، خێزانی نەجمەدین محێدینی تاڵەبانی گەورە.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فاتمە حەمەد ساڵح حەمەد)لەدایکبووی١٩٦٣ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

١٤-رازیە نەجمەدین محێدین، منداڵ.

١٥-رێزان نەجمەدین محێدین، منداڵ.

١٦-نەورۆز نەجمەدین محێدین، منداڵ.

١٧-بەهیە محێدینی تاڵەبانی گەورە(هاوسەری شەهید خاڵە سەمەد عوسمان تاڵەبانی).

١٨-داستان سەمەد عوسمان، منداڵ(کچی شەهید خاڵە سەمەد عوسمان تاڵەبانی).

١٩-سۆرگوڵ حەمەدەمین ئەحمەد ناسراو بە(خوشکێ)، خوشکی ئەحمەد حەمەدەمین-بابەشێخ.

٢٠-سەبری حەسەن محێدین، خێزانی ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد ئیلنجاغی ناسراو بە بابەشێخ.

٢١-تاڤگە ئەحمەد حەمەدەمین، منداڵ.

٢٢-ئارەزوو ئەحمەد حەمەدەمین، منداڵ.

٢٣-پێشڕەو ئەحمەد حەمەدەمین، منداڵ.

٢٤-پێشەنگ ئەحمەد حەمەدەمین، منداڵ.

٢٥-هۆشەنگ ئەحمەد حەمەدەمین، منداڵ.

٢٦-زەوە سمایل حەمەلاو خێزانی خورشید مستەفا جومعەی ئیلنجاغی بەبرینداری کەوتە دەست دوژمن.[1]

---

[1] بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەواو لەگیرانی ئەو ژن و منداڵانە چاوپێکەوتنم لەگەڵ پێنج شێرەژنی زیندانی سیاسی ئەو هەڵمەتەکردوو ئەوانیش:

١-شازێ وسو جومعە، لەدایکبووی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

٢-سەبری حەسەن محێدین، لەدایکبووی(١٩٦٠)ی ئیلنجاغی گەورە،گیراوەکان، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

٣-ئایشە نامیق حەمەدەمین، لەدایکبووی(١٩٦٩)ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.

٤-فاتمە حەمەد سالح، لەدایکبووی(١٩٦٣)ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

٥-گوڵەباغ خدر مەحمود، لەدایکبوی(١٩٦٨)ی سماقە، گیراوەکان، لە٥-٥-٢٠١٦ز.



## دوولەتبوونی جگەری شێرەژنێ

محەمەد چاوشین بۆی گێڕامەوەو ووتی" ئەوەی لەبیرم ناچێتەوە ئەوە بوو لەکاتی پاشەکشەماندا لەدەوروبەری سعات(٤:٣٠) چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ، لەکۆڵانی پشتی مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە(ئایشەی نامیقی حەمەدەمین حاجی خدری) بە برینداری کەوتبوو، کۆرپەڵەکەی(هەوراز) بە باوەشیەوە شەهید بووبوو، ئایشە خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، سەرباریش دوو گیان بوو و سکیشی بە ساچمەی بۆردومان دڕابوو، هەروەتە مابوو بە مەلولی و کزی ووتی: کاکە حەمە چیم لێ دەکەی؟! منیش گوتم" دەت دەمە دەست خودای؟!.[1]

زەحمەتە ئەم ڕووداوە بەنوسین بخرێتەڕوو، ئازار و دووگیانی و لەتبونی جگەر و شەڕ و خوێن و تەپ و تۆز بەری ئاسمانی گرتبێ، خستنە ڕووی هەروا ئاسان نابێ، بەڵام دیمەنێکی نزیك لە داکەوتەکە(واقیع) دەخەمەڕوو:

ئایشە نامیق حەمەدەمین حاجی خدر سمایل مەلاك لەدایکبووی ١٩٦٢ی ئیلنجاغی گەورە، خێزانی ئازاد سمایل حاجی خدر سمایل مەلاك، لەگەڵ پەلاماری جاش و سەربازی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ئیلنجاغی گەورە لە٢٢-١٠-١٩٨٦ئایشە جگە لەوەی(دوو گیان) بوو، کۆرپەیەکی بەناوی(هەوراز) لە باوەش دەبێت، لەگەرمەی شەڕدا تۆپێکی دوژمن لەناو ئاوایی لەپشتی مزگەوتی گوندی ئایشە دەپێکێت و هەوراز لەباوەشیدا شەهید دەبێت، ساچمەی تۆپەکەش سکی هەڵدەدڕێ و کۆرپەکەی سکیشی دەکەوێتە دەرەوە، دوای شکانی هێزی پێشمەرگە، جاشێك کەناوی خۆی ئاشکرا ناکات(ئایشە و هەوراز) هەڵدەگرێت و شەهید هەوراز لە(کلکەی قەبران)ی گۆڕستانی شێخ محەمەدی ئیلنجاغی گەورە بەشەهیدی لە پەنای کێلە قەبران بەجێ

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

دەهێڵێت و(ئایشە) دەگەیەنێتە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر، لەوێ نەشتەرگەری بۆ دەکات و کۆرپەلەکەی ناوسکی(کوڕ) دەبێت و لەباردەچێ و ئەویش شەهید دەبێ.[2]

باوکی شەهید هەوراز(ئازاد سمایل خدر)ووتی" بڕیارم دابوو ئەگەر کوڕ بێت ناوی بنێم هاوڕێ، دوای ئەو ڕووداوە بۆم دەرکەوت هاوڕێی کوڕم بووە و شەهید بووە"، لەو ڕۆژەدا ئازاد سمایل پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی عێراق بوو لەساڵی ١٩٧٩ەوە چەکی پێشمەرگایەتی کردبووە شان، خۆشبەختانە ئایشە دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت لەلایەن یاریدەدەری پزیشکی(ئازاد سەعید جۆلا داربەسەری) دەبرێتە ماڵەوە و تیماری برینەکەی بۆ دەکات و ڕووفاتی شەهیدی لەبارچوش لەگۆڕستانی(سەید مەعروف) لە باداوەی شاری هەولێر بەخاك دەسپێرن. [3] ئەم کارەساتە تەنها دەتوانرێت بەشێك لە دیمەکانی بگێڕیەوە قەت وقەت قەڵەم ناتوانێت ئازاری برین و دوولەتبونی جگەری ئایشەی شێرەژن وەربگێڕێ و بنوسێتەوە؟!، ئەی چۆن دەتوانێت ڕۆژێك دوای شەڕەکە بنوسێتەوە کە باوکێك خێزانەکەی وون بێ و لە پەنای کێڵە قەبرێکیش ڕووفاتی کوڕە بچکۆلانە شەهیدەکەی(هەوراز) بدۆزێتەوە هەرچی مەرەکەبی دنیا هەیە بخرێتە پێنوسەوە ناتوانێت ئەو سوو لێ بوونەوە ناخیەی ئازاد تۆمار بکات، ئایشە نمونەی خۆڕاگری ژنی کوردە، سیمبولی بەرەنگاربوونەوەیە، پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلای ژنە، شێرەژنی ووراتی کۆیە و دەستەخوشکی ئایشەگروکەی دایکی شەهید هاوڕێ محەمەد حەلاقە.

## شەهید هەوراز و هاوڕێ دایکیان پاراست

هەوراز ئازاد سمایل حاجی خدرسمایل مەلاك لە(١٩-٤-١٩٨٥) لە مێرجاری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەخێزانێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری پێشمەرگە،

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئایشە نامیق خدر)لەدایکبووی(١٩٦٢)ی ئیلنجاغی گەورە، دایکی شەهیدان هەورازوهاوڕێ، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئازاد سمایل خدر)لەدایکبووی(١٩٦٣)ی ئیلنجاغی گەورە، باوکی شەهیدان هەورازوهاوڕێ، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.



لەپەلاماری جاش و سەربازی ڕژێمی بەعس بەهۆی تۆپبارانەوە لە پشتی کۆڵانی مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لە دوای نیوەڕۆی٢٢-١٠-١٩٨٦لەباوەشی دایکیدا شەهید دەبێت جگە لە گیان بەخشی دەبێتە قەڵغانیش لەگەڵ(هاوڕێ)ی برای بۆ ئەوەی ساچمەکان زیاتر ڕۆنەچنە جەستەی ئایشەی دایکیانەوە، چونکە ئەگەر ئەوان نەبونایە تێکڕای ساچمەکان بەر سنگ و بەرۆك و سکی دەکەوت و شەهید دەبوو، لە٢٣-١٠-١٩٨٦ لە گۆڕستانی شێخ محەمەدی لەکلکەی قەبران لە ئیلنجاغی گەورە بەدەستی باوکی بەخاك دەسپێردرێت[1]، ئازادی باوکی پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمانی بەدەست و بازوو دژ بە فاشیزم و داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لەسەنگەر بوو.

## گوڵەباغ حەوت شەو، نەورۆزی بەشەهیدی لەکۆڵ بوو

نەورۆز کاکل محمود حەمەدەمین کانەبی ئەحمەد حەمەد مەلاك، لەدایکبووی(١٩٨٥)ی ئیلنجاغی گەورە کۆرپەی خێزانێکی زەحمەتکێشی هەژاری هێزی پشتگیری، لەشەڕی(٢٢-١٠-١٩٨٦) بە گاگۆڵە ڕویشتووە و تازە خەریکبووە پێی بگرێت و یاری منداڵانە و زەردەخەنە بۆ دایکی و باوکی بکات، دوای ئەوەی پێشمەرگەکان لەشەڕەکەدا دەشکێن، لەگەڵ دایکی و(٢٥) ژن و منداڵیتر دەکەونە دەست جاش و سوپای ڕژێمی بەعسی عێراقەوە، بەدەست بەسەری دەگوازرێنەوە بۆ هەولێر و ماوەی(٤٥) ڕۆژ و شەو لەگرتوخانەی(محەتە)ی هەولێر زیندانی دەکرێن، پایزێکی تەڕوتوش و ساردو سۆڵ بووە، دوای یەك هەفتە لە سەرمابردوویی و نەخۆشی و ڕشانەوە پۆلیسەکانی(محەتە) ڕێگری لەدایکی دەکەن بیباتە نەخۆشخانە بۆ لای دکتۆر و داوو دەرمانی پێبدات، پۆلیسەکان خۆشیان نایبەنە نەخۆشخانە بۆیە لەسەر زەوییە ساردو سڕەکەی(محەتە)ی هەولێر و زیندان بەدەم ڕشانەوە و ئازارەوە وشك دەبێتەوە و لەناو زیندانا لە(٢٩-١٠-١٩٨٦) دوای یەك هەفتە بەرگەی زیندانی

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئازاد سمایل خدر)لەدایکبووی(١٩٦٣)ی ئیلنجاغی گەورە، باوکی شەهیدان هەورازوهاوڕێ، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.

بەعسیەکان و نەخۆشیەکەی دەگرێت دواجار گیانی پەپولە ئاسای لەلاشەکەی دەفڕێت و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، ماوەی یەك هەفتە(شەو و ڕۆژ) ئەم ڕوفاتە کاریلەییە لەباوەشی دایکی کۆستکەوتووی دەبێت لەگرتوخانەکە، چی بنوسم(٧) شەو و ڕۆژ ئازار و ڕشانەوە بێ ئەوەی ڕێگەی بدرێت ببرێتە نەخۆشخانە،(٧) شەو و ڕۆژێتریش تەرمەکەی لە زیندانی تاریك و سارد و ڕەقدا لەباوەشی دایکێکی زیندانی جگەر سوتاودا بێت، مەگەر هەر خودی حاڵەتەکە وەك شریتێکی سینەمایی بگەڕێتەوە، جگە لەمەش دیمەنێکیتری ناخ هەژێن هەیە لەو چیرۆکەدا ئەویش ئەوەیە" کە بەرپرسی(محەتە)ی هەولێر نەیهێشتووە، دایکی نەورۆز، نەورۆز بباتە لای دکتۆر بۆ چارەسەری تێکڕای پۆلیسەکانی ئێشکگری(محەتە) لەگەڵ(گوڵەباغ)ی دایکی بۆ مناڵەکە گریاون.[1]

جێگەی ئاماژەیە نە(گوڵەباغ)ی دایکی شەهید نەورۆز لەسایەی(حکومەتی هەرێمی کوردستان) بە(زیندانی سیاسی) ئەژمارکراوە، نە شەهید(نەورۆز)یش کراوە بەشەهیدی(هاوڵاتی)، لەکاتێکدا لەناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی نوێ گیراون و باوکی شەهید نەورۆزیش پێشمەرگەیەکی قارەمانی هەموو نەبەردییەکانی هێزی پشتگیری ناوچەکە بووە، هەر لەبەر ئەمانەشە شەهید ڕێباز لە قەندیل بەغدای هەژاند نوسیویەتی" شۆڕش لۆت بمرم گەلۆر دەتخوا".

**لەپەراوێزی داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورەدا**

چەند ڕووداوێك لەداستانی بەرگری پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەکانی هێزی پشتگیری کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە، کە هەڵدەگرن بەچەند دێڕێکیش بێت تۆمار بکرێن وەك:

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوڵەباغ خدر مەحمود)، لەدایکبوی(١٩٦٨)ی سماقە، زیندانی سیاسی و دایکی شەهید، لە٥-٥-٢٠١٦ز.



یەکەم: سەرکەوت قادر گردەسۆری، پێشمەرگەیەکی ئازای کەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو، لەو داستانەدا بریندار دەبێت، بارودۆخی زۆر خراپ بوو، فیشەك بەر(سمت)ی کەوتبوو لە(بەرزەهار)ی هاتبووە دەرێ، بەمەش ڕیخۆڵەی دێتە دەرەوە، بەڵام هیچ ریخۆڵەیەکی نەبڕیبوو، گوشاد عەبدولرەحمان بایز تیماری بۆ دەکات و بەناچاری ڕیخۆڵەی دەخاتە ناوسکیەوە و دەیدورێتەوە و پاشان دەیپێچێتەوە و دەینێرێتە دەرەوەی گوندی بۆ ناوچەی ئارام، ئەم نەشتەرگەرییەی زۆر بەسادە و ساکاری بۆ دەکات و خوا دەهێنێت چاك دەبێتەوە و لەدوای ئەنفالەکان لە(قوپکی گەروتە) بەدیل دەگیرێ و بزر دەکرێت، خەڵکی هەولێر بووە و گەنجێکی باڵابەرز و جوان بوو.[1]

دووەم: لەکاتی هاتنی پێشمەرگەکان بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە، چەند پێشمەرگەیەك بۆ نان خواردنی بەیانی دابەش دەبن و دەچنە ماڵی پێشمەرگەی دێرین(عومەر مەحمود محێدین-عومەر ئارپێچی) لەگەڵ دەستپێکردن بە نان خواردن دەڵێن:- هەلیکۆپتەر هات، یەکێکیش لەپێشمەرگەکان ناوی(ئەسکەندەر عەبدولمەناف گۆمەشینی) بوو، ووتی"ئەوە سێ یەمین سبەینەیە نان و کۆپتەر دەخۆم"، بەداخەوە دواتر لەشەڕەکەدا شەهید بوو.[2]

سێیەم: لەکاتێکدا کە هێزی پشتگیری و کەرتی(١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە(کلکەی قەبران) لە ئۆتومبیلی بەرازیلی جاشەکان دەدەن، شەهید کەریم سەلیم مەرزانی بریندار دەبێت، دواتر لەسەربانی ماڵی(مەحمود حەمەد رەسوڵ مەلاك) هەردوو پێشمەرگە و هێزی پشتگیری(فەتحوڵلا حەمید داربەسەری و پێشەوا عەلی مەولود داربەسەری) بەیەکەوە دەبن، تەکتارۆفێکیان پێ بووە هەر تەقەی کردووە،

---

[1] گوشاد عەبدولرەحمان بایز پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فارس عەباس محێدین) لەدایکبووی(١٩٦٨)ی ئیلنجاغی گەورە، شایەتحاڵ، لە٢١-٣-٢٠١٥ز.

ئەوانیش دەڵێن" فەتحوڵلا بەسە تەقە مەکە"، فەتحوڵلاش دەڵێت"من تەقە ناکەم لۆخۆی دەتەقێ".[٣]

چوارەم:ماڵی(سمایلی حاجی خدری سمایلی مەلاك) خێزانێکی ئیلنجاغی شیوعی بوون، ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لەیارمەتیدانی پێشمەرگە، لەو شەڕەدا دوو کچیان هەبوو بەناوی(بەلقیس و خەرمان) داوای چەکیان لەپێشمەرگەکان کردبوو، بۆ ئەوەی بەشداری لەشەڕەکەدا بکەن[٤]، دوای ئەوەی خواردن و ئاویان بۆ پێشمەرگەکان دابینکرد، داوایان لەپێشمەرگەکان کرد(کەوگیرەکەی وەربگرن و چەکەکان بدەنە ئێمە، ئێمە دەچینە سەربانی).[٥]

بەلقیس و خەرمان هەردووکیان کچە عازەب بوون، بەلقیس کچی مام هیدایەت حاجی خدری سمایلی مەلاك-ی خەباتگێڕ و کادیری حزبی شیوعی عێراق و خەرمانیش کچی مام سمایلی حاجی خدری سمایلی مەلاك-ی خانەخوێ و قۆناغی حزبی شیوعی عێراق بوو، وەك دوو شێرە کچی قارەمان دەرکەوتن و ورەی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریان بەرزکردەوە لە قوڵی ڕۆژهەڵاتی گوند لە بینایەی قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە، هەر وەك پیرەمێردی گەورە شاعیر فەرموویەتی ئەمانە سەلماندیان:

تا ئێستا ڕووینەداوە لە تەئریخا میللەتا

قەڵغانی گوللە لە سینگی کچان بێنە هەڵمەتا

هەروەها(پورە هەمینی دایکی مەجیدەسور)یش یەکێك بوو لەو دایکە پێشمەرگانەی کە لەخانووی(حەمەدی مام عەوڵلا)ی تا دوای ڕووبەڕووبونەوەکە بووە(بەردەست و کارگوزار)ی تیمی پەرستاری و برین پێچی و بەهێنانی ئاوی خواردنەوە و چایە لێنان، ماندبوونی دکتۆر و پێشمەرگە بریندارەکانی دەرەوانەوە و

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فارس عەباس محێدین) شایەتحاڵ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢١٣.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر) لەدایکبووی(١٩٦٦)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١-١-٢٠١٤ز.



هانی دەدان، گوشاد دەڵێت داوام لێکرد وەزعەکە باش دیار نیە تۆش برۆ بۆ دەرەوەی گوندی وا ئێوارەیە تۆش سەلامەتتر دەبیت، گوتی بۆمن لە ئێوە زیاترم قەت بەجێتان ناهێڵم[٦] بۆیە لە کوردەواریدا وتراوە(شێر لەبێشە هاتەدەر، چ نێر بێ و چ مێ) یان(شێر هەر شێرا، چ ژنە چ مێرا).

ئازاد ساتوقەڵایی پێشمەرگەی دێرین و بەشداربوویەکی شەڕەکە ووتی:

لەکاتی پاشەکشەدا چەند پێشمەرگەیەك بووین، توشی ژنێکی تەمەنە(٣٥-٤٠)ساڵی ئیلنجاغی گەورە بووین، ووتی"کوڕە عەیبە تا ئێستا خۆتان ڕاگرت نیو سعاتی تر بەرگە و بەرگری بکەن، دوژمن بە شەو ناوێرێت بێتە ناو گوندەوە و دەشکێ و دەگەڕێتەوە"، بەڵام ئێمە گوێمان پێ نەدا و بەڕاستی ژنێکی وورە بەرز بوو،[٧] هەر ئەم قارەمانێتیەی کچان و ژنانی ئیلنجاغی گەورە بوو، وایکرد کە پێشمەرگەی دێرین و خواڵێخۆشبوو(مام عەباس حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی) کە توشی پێشمەرگەکانی(سەلاح شینە) دەبێت، پێیان دەڵێت"ئەگەر شەڕتان ناکرد چەکەکانتان بدابوایە دەست کچ و ژنەکانمان؟!".[٨]

پێنجەم: کەروێشك هەندێ لە ژنەکانی پاراست، شلێر قادر بایز، ژنە پێشمەرگە خێزانی فەرماندەی هێزی پشتگیری شەڕەکە(حەمە چاوشین ئیلنجاغی) ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە: من و منداڵەکانم(کنێر و نەمام و هێرۆ و پشتیوان) و(عەیشێ ئەحمەد حەمەد)ی خێزانی بەهرامی مام قادر بایز و ئاوارە و سامانی منداڵەکانی لەناو(کونە تەیارە) بووین، جاشەکان بۆ جاری یەکەم هاتنە سەر کونە تەیارەکە، ئاوارە هات بکۆخێ بەڵام توند دەممان گرت، ئەوەی یارمەتی ئێمەیدا لەناو کونە تەیارەکە ئاشکرا نەبین بۆ جاشەکان کەروێشك بوو، هەندێك کەروێشکمان هەبوو، کاتێ جاش دەهاتنە

[٦] گوشاد عەبدولرەحمان بایز، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] نامەیەکی دەستنوسی (ئازاد ساتوقەڵایی)، پێشمەرگەی دێرین، سەرچاوەی پێشوو.

[٨] سەلام عەباس حەمەدەمین، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

حەوشەکە کەروێشکەکان بە پڕتاوی و خێرا دەچوونە ژێر سەکۆکە، لەژێر سەکۆکە کون و لانەیان لێدابوو، بەمەش ئێمەیان لە هاتنی جاشەکان ئاگادار دەکردەوە و قڕوقۆپیان دەکرد، جگە لەئێمە خێزانی(سابیری مام سمایلی حەمەلاو)ی و منداڵەکانی و(زولێخای وسوی کێخوا وەسمانی خێزانی عەلی مەحمود ئیلنجاغی و حەلیمی مام تەهای خێزانی حەمەدەمینی مام بایزی) لەناو کونە تەیارەکان مابوونەوە و خۆیان پاراست، کە پێشمەرگەکان شکان چیتر نەمانوێرا بچینە دەرێی کونە تەیارەکە، جاش بە ناو ماڵان وەربوو، تا بانگی ئێوارە(مەغریب) لەکونە تەیارەی بووین، کە هێزەکە پاشەکشەی کرد، تاك تاك دەهاتینەدەرێ، وورده وورده باران دەباری، عەیشێی ئەحمەدی براژنم فانۆسی هێنا و دایگیرساند و هەندێ ساوار و ووردکە نانی بۆ منداڵەکان هێنایە سەر ئاگر، پاشماوەیەك(سەباحی ئەحمەدی حەمەدی و قادری مام بایزی بابم و لەتیفی مامم ڕەحمان لەشارەوە بە هاوارمانەوە گەیشتن و دواتر پیاوەکانیتریش وورده وورده لە هەرەتەکان گەڕانەوە گوندی"[9].

شەشەم: پێشمەرگەیەك بەبرینداری مایەوە، دووژمن پەلامارەکەی بەهێز بوو، پێشمەرگە بەتەواوەتی فریای پاشەکشە نەکەوت، بەڵام بەخت یاوەر بوو لەگەڵ پاشەکشەی پێشمەرگە تاریکی شەویش زوو باڵی خۆی بەسەرماندا کێشا، بارانی پەڵەش وورده وورده دەستی کردە بارین، پێشمەرگەیەك بە بریندارى لەناو خانوەکان دەمێنێتەوە و خۆی دەشارێتەوە، جاشەکانیش فریاناکەون خانوو بەخانوو بگەڕێن لەلایەك بەهۆی تاریکیەوە و لەلایەکتریشەوە لەترسی ئەوەی نەبادا پێشمەرگە لەناو خانوەکاندا مابن، بەمەش پێشمەرگە بریندارەکە بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ گەڕانەوەی خەڵکی گوند خۆی ئاشکرا دەکات[10]، ئەوەی جێگەی سەرنجە پێشمەرگەکە زۆر

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شلێر قادر بایز کاوێس) لەدایکبووی(١٩٥٦)ی ئیلنجاغی گەورە، شایەتحاڵ، لە٦-٢-٢٠١٥ز.

[10] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نادر کەریم خالد) لەدایکبووی(١٩٥٢)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٢-٢٠١٦ز.



بەسەختی بریندار دەبێت و هیچ فیشەکێکیشی پێ نەماوە، جاشەکانیش زۆر لێی نزیك دەبنەوە، خۆی لە کونە خانوویەك حەشاردەدات، تا جاشەکانیش دەگەڕێنەوە نایبینن و دواتر بەسەلامەتی گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە، پاشان شۆڕش ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی کرد.[11]

حەوتەم: ئەمە(ئینسیحابە، ناوەڵلا ڕاکردنە)، سەباح ڕەحمان حەمە سالح تاڵەبانی لەنامە پیتچنینەکەیدا بۆی نوسیوم: پێشمەرگە و هێزی پشتگیری و خەڵکی گوندی هەرچی بۆیکرا، بەشێوەیەکی نارێك پاشەکشە کرا، هەندێك بە(شیوی کانی وەلی) و ئەویتر بە(کەندی حەمەخەجیلە) لەو کاتە کە هەموو لایەك لەڕاکردن بووین، پێشمەرگەیەکی منالکار کە نەم ئەناسی، بەڵام دیاربوو پێشمەرگەیەکی گوێڕایەڵ بوو، لەپێش منەوە دەڕۆیشت، هەڵگەڕایەوە پرسی" کاکە ئەمە ئینسیحابە؟"، منیش گووتم"ناوەڵلا کاکە ڕاکردنە!".

هەشتەم: هاوکاری داربەسەرییەکان، شوکروڵلا حەمەدەمین داربەسەری لەنامەکەی(٢٨-٨-٢٠١٦)سەبارەت بەڕۆڵی داربەسەرییەکان لەو شەڕەدا کە بۆ بەندەی ناردووە نوسیویەتی: شەوی(٢٢/٢٣-١٠-١٩٨٦)هەموو ماڵەکانی داربەسەر جێگەی ئەو خەڵکانەیان کردەوە کە هاتبوونە(داربەسەر)، دیارە ئەو هاوکاری و تەباییە هەر بۆکاتی شەڕ نەبوو، لەو کاتەدا گیانی هاوکاری دوای شەڕەکە بەقەد بە هاناوە چوونی شەڕەکە گرنگ بوو، ئەویش لە هاوکاری و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ماڵانە خۆی بینیەوە کە سوتابوون لە ئەنجامی شەڕەکە، چەند ڕۆژێك دوای شەڕەکە ئەنجومەنی ئیلنجاغی گەورە(محەمەدی مەلا سدیق و محەمەدی مام شەریفی) هاتن بۆ داربەسەر، داوایانکرد هەرکەس بەتوانای خۆی هاوکاری بکات بۆ زیانلێکەوتوانی ئیلنجاغی گەورە، لەبیرمە(ڕەحمانی حەمەدی داربەسەری) کە ڕاکردویەکی سەربازی بوو، ووتی" من ٢٠٠دینارم هەیە١٠٠دیناری دەبەخشم"، بەڵام محەمەدی مەلا سدیقی ئیلنجاغی

[11] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢١٤.

ووتی" تەنها٥٠دیناری وەردەگرین"، بڕێك پارە کۆکرایەوە، هەروەها(سابیری مام تەهای داربەسەری)یش قامیشەلانی(کانی کشە)ی بەخشی و بڕیاردرا بە هەرەوەزی بچین بۆ بڕینی قەمیش بۆ سەرگرتنەوەی خانووە سوتاوەکانی ئیلنجاغی گەورە.

## شەهید دەشتی موهەندیس(١٩٥٩-١٩٨٧) سەرپەرشتیاری شەڕەکە

ناوی تەواوی(عومەر حەمەد عەلی)ە، ناسراو بوو بە(دەشتی موهەندیس)، ساڵی ١٩٥٩ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە هۆزی(فەقێ مرکی) بوو، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بابا تاهیر و خوێندنی ناوەندی لە خوێندنگەی رزگاری و ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لەکۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی بروانامەی بەکالۆریۆسی بە دەستهێناوە، لەخۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر(٢) هەفتە لەلایەن دەزگای(ئەمن)ەوە دەستگیر دەکرێت و بەخۆڕاگری خۆی لەزیندان ئازاد دەبێت، لەساڵی ١٩٧٨ەوە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ-ەوە دەکات و ساڵی(١٩٨٢) دەبێتە پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو لەساڵی ١٩٨٥دەبێتە ڕابەر سیاسی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ساڵی ١٩٨٦دوای شەڕەکەی ئیلنجاغی گەورە دەکرێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، بەشداری دەیان قارەمانێتی و نەبەردی کردووە، لە(١٣-٩-١٩٨٧)لەشەڕێکی دەستەویەخەدا بەرامبەر سوپای داگیرکەری بەعس لە دۆڵی سماقولی دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و تەنها(٨) ڕۆژیش پێش شەهیدبوونی ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو.[1]

---

[1] حەیدەر مەنتك، شەهیدی فەرماندەو ڕۆشنبیری ئەوێ ڕۆژێ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٦٨٤٩)ی ١٧-١٢-٢٠١٥ز، ڕۆژی پێنج شەممە، لاپەڕە٧.



## شەهید خاڵە یوسفی دوژمن بەزێن(١٩٥٥-١٩٨٦)

ناوی تەواوی(یوسف جەمیل عەبدوڵڵا ئەحمەد) قەشقەیی یە، ناسراو بوو بە(خاڵە یوسف) لەساڵی(١٩٥٥) لەگوندی قەشقەی قوشتەپە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٧٦پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ[1]، لەساڵی ١٩٧٩ڕژێمی بەعس زیندانیکردووە، لەشاری سلێمانیش بەدەستڕێژی دەزگای(ئەمن) برایەکی شەهید دەکرێت[2]، زیندانی کراوە بەحوکمی هەتا هەتایی لەگرتوخانەی ئەبو غرێب بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و لە٢٨-٩-١٩٨١پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقوەتی دەشتی هەولێر، دواتریش لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژە بەخەبات دەدات، لەژیانی پێشمەرگایەتی(٢جار) برینداربووە[3]، دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری بووە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەشداری دەیان نەبەردی و قارەمانێتی کردووە دواجار بەخوێنی خۆی داستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورەی لە٢٢-١٠-١٩٨٦تۆمارکرد و لە سعات ٢ی دوای نیوەڕۆ دەچێتە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە.[4]

## مەردی جوان مێر، شەهید عوزێر(١٩٦٢-١٩٨٦)

ناوی تەواوی(عوزێر حوسێن ئۆمەر وسو)ە، نەوەی(ئەلیاس)ە، لەساڵی ١٩٦٢لە ئیلنجاغی گەورە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ هاتۆتە ژیانەوە، لەقوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە تاوەکو پۆلی سێیەمی سەرەتایی خوێندوە، لەکۆتایی ساڵی(١٩٧٨) پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق، لە١٤-٤-١٩٨٠پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی دەکات و بەشداری چەندین

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەیدەر ئەحمەد غەفور)ناسراو بە حەیدەر مەنتك، لەدایکبوی ١٩٧٧ی دوشیوانی مەنتکان، ڕۆژنامە نوس وتوێژەرو لێکۆلەر لەژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی نوێ، لە٢٥-٧-٢٠١٦ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد)ناسراو بە فەرهاد کادیر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەیدەر ئەحمەد غەفور)ناسراو بە حەیدەر مەنتك،چاوپێکەوتنی پێشوو.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد)ناسراو بە فەرهاد کادیر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

چالاکی و نەبەردی هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق دەکات، لە تەمووزی ١٩٨١سەنگەری خەبات دەگوازێتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قوەتی دەشتی هەولێر دەبێتە پێشمەرگە.[١]

لەگفتوگۆی نێوان حکومەتی بەغدا و شۆڕشی نوێ لەگوندی(ئۆمەرگومبەت) دادەنیشێت و سالّی ١٩٨٤ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنێ و لە٢٢-١٠-١٩٨٦لەریزەکانی هێزی پشتگیری لەداستانی پڕ سەروەری ئیلنجاغی گەورە لەدەمژمێر(٤)ی پاش نیوەڕۆ دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەدوای خۆی یەك جگەر گۆشەی بەناوی(کۆسرەت) بۆ کورد و کوردستان بەجێهێشتووە.[٢]

## شەهید کەریم مەرزانی، دوژمنی بەهیچ نەزانی(١٩٦٥-١٩٩٤)

ناوی تەواوی(کەریم سەلیم حەمەدەمین)ە، ناسراو بوو بە(کەریم مەرزانی)، سالّی ١٩٦٥لەگوندی(مەرزان) لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەر هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی گەنجیەوە پەیوەندی دەکات بە شۆڕشی نوێ، یەکەم بەهاناوە چوونی بۆ پێشمەرگە لە(٢٥-٨-١٩٨٢) بووە کە لە(بێژینگ بەسەر) لەسنوری کێلگەی نەوتی تەقتەق هەلیکۆپتەر تراکتۆرەکەی دەسوتێنێ، سالّی ١٩٨٣لە خەلیفان دەستگیر دەکرێت و مانگێك لە زیندانی بەعس ئەشکەنجە دەدرێت، لەدوای گفتوگۆی سالّی ١٩٨٤چەندین کاری نهێنی بۆ پێشمەرگە لەشاری هەولێر ئەنجامداوە، هەروەها لەچالاکیەکانی سەر ڕێگاکانی نێوان(هەولێر-کۆیە، کۆیە-تەقتەق) بەشدار بووە،

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیسماعیل حەمەد سالّح)،لەدایکبووی(١٩٦١)ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٤-٤-٢٠١٦ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کۆسرەت عوزێر حوسێن)،کوڕی شەهید لەدایکبووی ٢٧-١-١٩٨٦کە باوکی شەهید دەبێت تەمەنی نزیکەی(٩)مانگ بووە، لە٢٦-١-٢٠١٦ز، هەرچەندە تەمەنی گونجاو نیە لەگەڵ گێڕانەوەکاندا بەلاّم لەتەمەنی ٣٠سالّی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا کراوە کە لەدایك و کەس وکارییەوە ئەو زانیاریانەی لەسەر باوکی شەهیدی کۆکردۆتەوە.



هەر دووجار لەگرتنی تەقتەق سالّی ١٩٨٧بەشداربووە، هەروەها لەشیوی لولەی تالّەبانی گەورە(سەرکەوتە ڕەش) پێشمەرگەی هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراقی دەربازکردووە، لە٢٢-١٠-١٩٨٦بەهانای خەڵکی ئیلنجاغەوە چووە و قارەمانانە هاوشانی(حەمەچاوشین ئیلنجاغی) و هاوڕێیانی جەنگاوە و بەسەختی برینداربووە، هەروەها لەگردی باوەمەرە لە٢٦-٤-١٩٨٧هاوکاری حزبی شیوعی عێراق و هێزی پشتگیری ئیلنجاغی گەورەی کردووە، لەسالّی ١٩٨٨لەمانگی شوبات هەردوو پێشمەرگەی بریندار(خەسرەو ئیبراهیم تەلەخێمی و هاشم حەسەن عیسا) بەهاوکاری(وهاب مشیر تەها و مشیر شکورمەرزانی) دەگەیەنێتە(فەوجی قوەی خالید)ی پرۆژەی ئاوی داربەڕوو بۆ چارەسەرکردن، دواتریش گەڕاندنەوەیان بۆ ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وهاب مشیر تەها ڕێکخستنی دێرین دەڵێت: کە ئەو کاتی لەنێوان پردی ڕووباری کۆیە و داربەرو تا دەگاتە مام قلینج لەلایەن بەرپرسێکەوە بەناوی(خالید شیلانەیی) بەرێوە دەبران لەرێگەی پەیوەندی مەڵبەندی سێ و کاك کۆسرەتەوە شەهید کەریم مەرزانی ئەو برادەرانەی دەناسی و ئەو دوو پێشمەرگەیەش بەبرینداری لەسێگردکانەوە گەیەنراونەتە دەست شەهید کەریم مەرزانی و لەمەرزان و مام قلینجەوە لەرێگەی برا و برازاکانی خالید شیلانەیی ئەو دوو پێشمەرگەیە لەمن و مشیر مەرزانی وەرگیران و دوای چارەسەرکردنیان بە هەمان شێوە گەڕاندمانەوە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.[١]

سالّی ١٩٩١بەشداری ڕاپەڕینی شارەکانی(کۆیە و تەقتەق و هەولێر و کەرکوك)ی کردووە، سالّی ١٩٩٤بەکارەساتێکی نەخوازراو کۆتایی بەژیانی هات و لەپاش خۆی(٣) منالّی بەناوەکانی(هەرمان و بێلان و بێناز) جێهێشتووە.[٢]

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(وهاب مشیر تەها) لەدایکبوی ١٩٧١ی تالّەبانی گەورە، ڕێکخستنی دێرین، لە ٧-٦-٢٠١٧ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕزگار سەلیم حەمەدەمین)، برای شەهید، لەدایکبووی ١٩٧١ی مەرزان، لە٢٠-٤-٢٠١٦ز.

## شەڕی نێرەگین

لەئۆپەراسیۆنەکەی ڕژێمی بەعس لە(٢٢-١٠-١٩٨٦) شەڕ و پێکدادان گوندی نێرەگینی بەستی شەرغەی ناحیەی(شۆڕش-دێگەڵە)شی گرتەوە، ئەو هێرشە بەرفراوانە لە(سێگردکان و بەستی شەرغە) گەیشتبوونە گوندی(نێرەگین) بۆیەکەمجار دوای ساڵانێکی زۆر لەشەڕی ناوەخۆ هێزێکی هاوبەشی(حزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەو گوندە بەیەکەوە ڕووبەڕووی دوژمنی بەعس دەبنەوە، ئەوەش بووە سەرەتایەکی باش بۆ ئاشتەوایی نێوان ئەو دوو هێزە[1]، خانەوادە شیوعیەکانی ئیلنجاغی گەورەش هاوکارییەکی یەکجار زۆری هێزی پێشمەرگەی یەکێتی-یان کرد، بەتایبەت کەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی فەرماندە(شەماڵ قەرەبەگی) لە ماڵی(سمایلی حاجی خدری سمایلی مەلاك) سەنگەریان گرتبوو لە دوژمن و کچەکانی مام سمایل و مام هیدایەت نان و ئاویان بۆ پێشمەرگەکان ئامادە دەکرد لەهەمان ڕۆژدا[2]، لەشەڕی نێرەگین-یش ئیلنجاغیەکان لە کەرتی(٤)ی بەردەبازی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چەند پێشمەرگەیەکیان ڕۆڵی قارەمانانەیان لە بەرگرییەکەدا هەبوو ئەوانیش:

١-شەهید(ئیدریس سوارە وسو جومعە)ئیلنجاغی.

٢-محەمەد حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی.

٣-لوقمان حەمە عەلی حاجی عەلی ئیلنجاغی.

٤-ئەحمەد عەودل قادر ئیلنجاغی.

٥-سەباح سەلام ساڵح حەمەد ئیلنجاغی.[3]

---

[1] نامەیەکی پیتچنینی(شوکروڵلا حەمەدەمین  سەعید داربەسەری)، کادیر، سەرچاوەی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەك لە(محەمەد حوسێن ئۆمەر و سەباح سەلام ساڵح)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.



## گرتنی فەوجی ڕەواندز و ئاکۆیان

لە(٢١-١-١٩٨٧)مەڵبەندی(٣و٤)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاریاندا چالاکیەکی گورچکبڕ بکرێت و ناوچەی ئاکۆیان و چیای کۆڕەك بگیرێت کە ناوچەیەکی ستراتیژی بوو، پڕ بوو لە(ڕادار و ئامێری ڕوانگەی گەردونی)ڕژێمی عێراق[1]، تیپەکانی(٨٦ی دەشتی هەولێر و ١٢ی سۆران و ٧٨ی کارۆخ و ٨٣ی هەوریێ و ٨٧ی قەرەچوغ و ١٩ی کۆڕەك و ٩٣ی کۆیە) لەسنوری هەردوو مەڵبەند بەشداربوون، ڕۆژ و بەرواری چالاکیەکە هەرسێ فەرماندەی مەیدانی ئەوێ ڕۆژێ(شەهید ڕێباز و ئەحمەد کوردە و جەلال ئیلنجاغی) جیاوازییان نوسیووە:(ئەحمەد کوردە لەلاپەڕە٢٢٠نوسیویەتی(٢٣-١-١٩٨٧)، جەلال ئیلنجاغی لەلاپەڕە١٠١ نوسیویەتی(٢١-١-١٩٨٧)، شەهید ڕێباز لەلاپەڕە٣٩٨نوسیویەتی(١١-٢-١٩٨٧)، شەهید ڕێباز ڕوونکردنەوەی زیاتری داوە و نوسیویەتی: بڕیاربوو شەوی١٠/١١-٢-١٩٨٧ئەو چالاکیە ئەنجامبدرێت، بەڵام پاسدارانی ئێران پێداگریان کرد کە شەوی١١/١٢-٢-١٩٨٧چالاکیەکە ئەنجام بدرێت، چونکە ١١-٢یادی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، ووردی شەهید ڕێباز وادەکات ئەو چالاکیە١١-٢-١٩٨٧ڕوویبیدا بێت.

لەداستانەکەدا کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە سەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(ئەحمەد کوردە) و جێگرەکەی(جەلال ئیلنجاغی) ڕۆڵی قارەمانەیان گێڕاوە[2]، چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بەشداری ئەو چالاکیەیانکرد لەوانە:

١-شەهید جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد ئیلنجاغی.

٢-سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی.

---

[1] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٠١.

[2] ئەحمەد کوردە ،بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات،  سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٢٠-٢٢٣.

٣-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی.

٤-سەباح سەلام ساڵح حەمەد ئیلنجاغی.[٣]

لەو نەبەردیەدا(٣) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بەناوەکانی:

١-شەهید لەتیف بایز جێگری فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران.

٢-سەلیم مەحمود تاڵەبانی ناسراو بە(کاروان) لەکەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٣-ئیسماعیل قادر مەرزانی(بارزان) پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.[٤]

**گرتنی ڕەبیەکانی دۆڵەبەکرە و شەهیدبوونی ئیدریس ئیلنجاغی**

لەڕۆژی(١-٣-١٩٨٧) کۆسرەت ڕەسوڵ لێپرسراوی مەڵبەندی(٣) هاتە دەشتی هەولێر لەوێ بڕیاردرا زنجیرە ڕەبیەکانی نێوان(قوشتەپەوپردێ) بگیرێت و زەبرێکی کوشندە بە دوژمن بکەوێ[١]، ئەم ڕەبیانە زۆربەیان(جەیشی شەعبی) بوون دەمێك بوو ڕژێم بۆ پاراستنی ڕێگاکان داینابوون، لەو چالاکیەدا(٥) ڕەبیە و بارەگای سریەك دەستی بە سەراگیراو(٧) جەیشی شەعبی کوژران و(٣) پێشمەرگەش شەهید بوون، یەکێك لەو پێشمەرگانە شەهید ئیدریس سوارە ئیلنجاغی بوو، لەکەرتی(٤)ی بەردەبازی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پێشمەرگەبوو[٢]، ئەو ئیلنجاغیانەی لەو چالاکیەدا بەشداربوون لەشەوی٣/٤-٣-١٩٨٧ئەمانە بوون:

١-شەهید ئیدریس سوارە وسو ئیلنجاغی.

٢-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٠١.

[١] شەهید ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٣٩٨.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)، لەدایکبووی ١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.



٣-بەکر سولێمان حەمە مستەفا ئیلنجاغی.

٤-سەباح سەلام ساڵح ئیلنجاغی.

٥-سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی.

٦-غەفور حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی.[٣]

**شەهید ئیدریس سوارە ئیلنجاغی(١٩٧١-١٩٨٧)**

ناوی تەواوی(ئیدریس سوارە وسو جومعە وسو ئەلیاس)ە، ساڵی ١٩٧١لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنێکی بچوکدا تازە لە(١٥) بەهارەی تەمەنیدا بووە لەساڵی ١٩٨٦لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەکەرتی(٤)ی بەردەباز دەبێتە پێشمەرگە لەلای شەهیدی فەرماندە(ئازاد داربەسەری) کە ئەو کات فەرماندەی کەرتی(٤)ی بەردەباز بووە[١]، شەهید گەنجێکی خوێن گەرمی شۆڕشی نوێ بوو، لەماوەی تەمەنی کورتی پێشمەرگایەتی و پەیوەندیکرنیدا بەشداری چەندین نەبەردی سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری کردووە وەك(لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك، لێدانی کاروانی سەربازی ڕژێم لەبەستی شەرغە، داستانی بەرگری نێرەگین، چالاکی دەرچوون لەگەڵ مەفرەزەکانی تیپ بۆ ناوشاری هەولێر).[٢]

بەداخەوە لەشەوی(٣/٤-٣-١٩٨٧) لە گرتنی ڕەبیەکانی نێوان قوشتەپە و پردێ لە دۆڵەبەکرە و شێراوە، کۆمەڵە دومەڵی چێنراوی سەرخاکی کوردستان، لەدەستەی هێرشدا لەڕەبیەی یەکەم بەسوکی برینداردەبێت و لە پەلاماری ڕەبیەی دووەم دەچێتە

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح وسەباح عەلی مەحمود و غەفور حەمەد ڕەسوڵ )، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسو جومعە)، لەدایکبووی ١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین وباوکی شەهید، لە١٨-٢-٢٠١٦ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین وباوکی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

کاروانی شەهیدانەوە[٣]، دواتر تەرمی پیرۆزی لەلایەن(دابـان وئـالا) دوو پێشـمەرگەی کەرکوکی و(بەکر سولێمان حەمەمستەفا ئیلنجاغی) هەڵـدەگیرێت و دەگەیەنرێتـەوە ئیلنجاغی گەورەو لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك دەسپێردرێت.[٤]

## داستانی ڕزگاری کوڕانی مێرجاڕ لە گۆجاڕ

داستانی ڕزگاری داستانێکە هێزەکانی مەڵبەنـدی(١و٢و٣) و تیپـەکانی یـەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامیاندا لەشەوی(١٣/١٤-٤-١٩٨٧) کە بەسەدان ڕەبیـە و بارەگای سریە و سەربازگەی دوژمنیان کۆنترۆڵکرد، هەر لە(خەجە لەرزۆك و کـۆڕەنگ و قەیوان و دووبرا و باڵخ و وڵاغلو و لوتکـەی گۆجـاڕ-ەوە تـاوەکو ئـەزمڕ و گۆیـژە و بەشێك لە دۆڵی گەڵاڵە و سەفرە و زەنـوون)[١]، هـەموو ئـەو شـوێنانەی حکومـەتی عێراقی لەماوەی(١٠٠) ڕۆژ لەداسـتانی(قـەیوان-مـاوەت) دەسـتی بەسـەر داگـرت، پێشمەرگە تەنها لەماوەی یەك شەودا دەستی بەسەر داگرتنەوە.[٢]

کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە کە لەدەشتی کاکی بەکاکی هەولێرەوە هاتبونە لوتکەی چیای گۆجاڕ، بەشدارییەکی کارایان لەو داستانەدا کردووە، ئەوانیش:

١-نەسروڵلا عەلی مەحمود عوسمان ئیلنجاغی، فەرماندەی کەرت لـە تیپـی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٢-جەلال خورشید ڕەشید ئیلنجاغی، جێگری کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٣-عوسمان عەبدوڵلا قادر ئیلنجاغی(عوسمان بانیمارانی)، جێگری شـەهید فـواد گۆمەشینی فەرمانـدەی کەرتی(٦)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٤-ئەحمەد عەودڵ قادر ئیلنجاغی، پێشمەرگە، لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین ومامی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسو جومعە)، پێشمەرگەی دێرین وباوکی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] شەهید ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٤٠٣.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال خورشید رەشید)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



٥-هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە، لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٦-غەفور حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی، پێشمەرگە، لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٧-شەهید تارق عەبدوڵلا قادر ئیلنجاغی، پێشـمەرگە، لـە تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێر.

٨-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی، پێشـمەرگە، لـە تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێر.

٩-بەکر سولێمان حەمە مستەفا ئیلنجاغی، پێشمەرگە، لـە تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێر.[٣]

لەو داستانەدا پێشمەرگەی هەرسـێ مەڵبەنـد مـاوەی یـەك هەفتـە لەپـەلامار و بەرگریدابوون، دوو قارەمـانی مێرجاڕی(ئیلنجاغی گەورە) زیـاتر دەرکـەوتن ئـەوانیش هەڤاڵ(جەلال ئیلنجاغی) کە لەو داستانەدا بریندارببوو، لەگەڵ هەڤاڵ(عوسمـان بـانی مارانی) کە هەردووکیان جێگر کەرت بـوون لـە تیپـی ٨٦ی دەشـتی هـەولێر، پـاش گەڕانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بـۆ دەشـتی هـەولێر لـە(٢٥-٥-١٩٨٧)عوسمـان بانیمـارانی گواسـترایەوە تیپـی ٨٥ی بەڕانـەتی و بـووە فەرمانـدەی کەرتی(٢)ی ئەو تیپە و جەلال ئیلنجاغی-یش گواسترایەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و بووە فەرماندەی کەرتی(٤)ی شەمامك-ی ئەو تیپە.[٤]

هەر لـەدوای ئـەم داسـتانە فڕۆکـە سـیخۆکانی ڕژێمـی عێـراق لـە٨-٥-١٩٨٧ بۆردوومـانی دۆڵـی(جافایـەتی) یـانکرد(٥) پێشـمەرگەی تیپـی ٨٧ی قەرەچـوغ شەهیدبوون و(٤) پێشمەرگەش بریندارببوون، شەهیدەکان:

١-تەحسین ئەسعەد عەبدولرەحمان(بێستوونە سوور).

---

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەکر سولێمان حەمە مستەفا)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جـەلال خورشـید رەشـید وعوسمـان عەبـدوڵلا قـادر)، پێشـمەرگەی دێـرین، چـاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

٢-سەلام ئەحمەد سابر ئیسماعیل(سەلام تەلەخێمی).

٣-شێرزاد ئیبراهیم جوکل ئەفەندی(مامۆستا شێرزاد خەڵکی گوندی-ناسر-ی دیبەگە بوو).

٤-قادر مستەفا هەمزە حوسێن(قادر قۆڕیتانی).

٥-سەمەد شێخەروانی، هەر لەو بۆردومانە ئەم پێشمەرگانەش زامداربوون(ستار مامە و سامان و فەرهاد کادیر[٥] و بەکر سولێمان حەمە مستەفا ئیلنجاغی)[٦].

## داستانی گەورەی مێرجاڕ٢٦ی نیسانی ١٩٨٧

لە٢٦-٤-١٩٨٧ هێزێکی تایبەتی ڕژێمی بەعسی حوکمڕانی عێراق بۆ ڕووخاندنی گوندی(ئیلنجاغی گەورە) لە(فەوجی جاش و مەفرەزە خاسە و سەربازگەی قەڵاتەی تەقتەق و قایمقامیەتی کۆیە و پۆلیسی کۆیە و تەقتەق) پێکهاتبوون، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە چوونە گوندەکە بە بلدۆزەرێك و چوار شۆفڵەوە لە سەروی گوندی(کلکەی قەبران)ەوە تا خوار ئاوایی(سەرچاران)دەستیانکرد بەخاپورکردنی گوندەکە[١]، لەو کاتەدا هێزەکانی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەسنورەکە نەمابوون و بۆ داستانی ڕزگاری بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتبوون، تەنها کۆمەڵێك پێشمەرگەی مۆڵەت و بریندار و هەندێ چەکداری هەڵاتووی سەربازی و هێزی پشتگیری لەسنورەکە بوونیان هەبوو[٢]، لەلایەکتریشەوە لقی(شەهید بەکر تەلانی)ی حزبی شیوعی عێراقی بەفەرماندەیی(مام جوامێر) لەسەر ڕووباری کۆیە لە ئاقاری(خدرحاجیان و دووکان)ی ئیلنجاغی گەورە بوون، ژمارەیان(٣٥) پێشمەرگە

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد کادیر)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەکر سولێمان حەمە مستەفا)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، لاپەڕە٥٣.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، پێشمەرگەی دێرین وفەرماندەی ١٢ی سوارەی مێرجاڕ، لە٦-٢-٢٠١٦ز.



دەبوو[٣]، هەروەها بەشێك لەپێشمەرگەکانی لقی(شەهید مەحمود مەرزانی) حزبی شیوعی عێراق بە فەرماندەیی(شەهید حاجی بەختیار مەرزانی) لەئاقاری(کەندی بەراوان)ی نێوان ئیلنجاغی گەورە و مەرزان بووە، فەرماندەی لقەکەیان شەهید(محەمەد حەلاق) بەگوێرەی هەواڵدەر کە سوپای عێراق پەلاماری گوندی(حاجی قەلا)ی بناری هەیبەسوڵتانی دەشتی کۆیە دەدات، بۆیە لە(٧٥)پێشمەرگەی لقەکەی(٥٠) پێشمەرگە لەگەڵ خۆی دەبات و(٢٥) پێشمەرگەش بە سەرپەرشتی ئیدارەی لقەکە(محەمەد خالد-شەهید حاجی بەختیار) دەنێرێتە گوندی ئیلنجاغی گەورە[٤]، بە پێشمەرگە بە جێماوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی پشتگیری ئیلنجاغی گەورە و مەرزان و پێشمەرگەکانی هەردوو لقی(شەهید بەکر تەلانی و شەهید مەحمود مەرزانی)ی حزبی شیوعی عێراق، واتە هێزی شەڕکەری(هێزی پشتگیری و پێشمەرگە) خۆی دەدا لە(٧٥)پێشمەرگەی چەك بەدەست بەو شێوەیە بوون:

یەکەم: پێشمەرگەکانی(یەکێتی و هێزی پشتگیری) ئیلنجاغی گەورە کە بە(١٢سوارەی مێرجاڕ) ناویان دەبەم پێکهاتبوون لەکوڕانی(کوڕەبۆر و مەلاك و دەروێش خدر و ئەلیاس) ئەمانەبوون:

١-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، فەرماندەی کەرت، سەرپەرشتیاری پێشمەرگە.

٢-محەمەد ئەحمەد حەمەد-محەمەد چاوشین ئیلنجاغی، فەرماندەی هێزی پشتگیری.

٣-جەلال خورشید ڕەشید ئیلنجاغی، فەرماندەی کەرت، هێزی پێشمەرگە.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر-مام جوامێر)،لەدایکبووی١٩٤٥ی بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٤-شەهید (محەمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا ئیلنجاغی- محەمەد برنۆ)، پێشمەرگەی دێرین وهێزی پشتگیری.

٥-کاوە ئەنوەر نادر ئیلنجاغی-مامۆستا کاوە، ڕابەرسیاسی و کادیر.

٦-سوارە وسو جومعە ئیلنجاغی-مام سوارە، پێشمەرگەی دێرین وهێزی پشتگیری.

٧-حەسەن تەها قادر ئیلنجاغی، پێشمەرگەی دێرین، هێزی پشتگیری.

٨-موحسین ڕەئوف عوسمان ئیلنجاغی، پێشمەرگەی دێرین، هێزی پشتگیری.

٩-کاکل مەحمود کانەبی ئیلنجاغی، هێزی پشتگیری.

١٠-نادر کەریم خالد ئیلنجاغی-خاڵە نادر، پێشمەرگەی دێرین، هێزی پشتگیری.

١١-عەزیز مەلا عومەر ئەبوبەکر ئیلنجاغی، هێزی پشتگیری.

١٢-حەکیم قادر بایز ئیلنجاغی، هێزی پشتگیری.

هەروەها دواتر دوای شەڕەکە ئەمانەش دەچنە لایان(ئەحمەد حاجی عەبدوڵلا قادر و محەمەدی مام خورشید مستەفا و هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ و غەفور حەمەد ڕەسوڵ و فارس مەولود داربەسەری).[٥]

پێشمەرگەی پەرتەوازەی یەکێتی و هێزی پشتگیری مەرزان و شیواشۆك و تاڵەبانی گەورە ئەمانە بوون:

١-مستەفا محەمەد کەریم-مستەفا مەرزانی، پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە، سەرپەرشتیار.

٢-موشیر شکور عەلی مەرزانی، هێزی پشتگیری.

٣-حەیدەری قادرەسۆری شیواشۆکی، هێزی پشتگیری.

٤-خدر عەباس حەسەن مەرزانی، هێزی پشتگیری.[٦]

---

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، پێشمەرگەی دێرین وفەرماندەی ١٢ی سوارەی مێرجاڕ، لە٦-٢-٢٠١٦ز.



٥-ڕەحمان برایم حەمەسور تاڵەبانی-ڕەحمان سەیدا، لەگەرمەی شەڕەکە دەگاتە لای هێزی پشتگیری مەرزان وبە(حەفارۆف)ی شیوعیەکانەوە بەشداری دەکات.

٦-شەهید کەریم سەلیم حەمەدەمین مەرزانی لەباوەمەرەوە بەشداری دەکات.[٧]

هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق کە هەردوو لقی شەهید بەکر تەلانی و شەهید مەحمود مەرزانی بەشداربوون و ڕۆڵی سەرەکیان بینی لە نەبەردی و قارەمانێتیەکە ژمارەیان(٦٠)پێشمەرگە بووە، بەگوێرەی دەستکەوتنی ناوەکان لە هەندێ هاوڕێی بەشداربووی نەبەردییەکە ئەمانە بوون:

١-عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر بۆڵقامیشی ناسراو بە(مام جوامێر)، فەرماندەی لقی شەهید بەکر تەلانی و سەرپەرشتیاری گشتی هێزی پێشمەرگەی هەردوو لقی حزبی شیوعی عێراق لەو داستانەدا.

٢-شاخەوان حەساری، جێگری فەرماندەی لقی شەهید بەکر تەلانی.

٣-وشیار حەساری، ڕابەر سیاسی لقی شەهید بەکر تەلانی.

٤-جوتیار تۆبزاوەیی(فەتحوڵلا)، سەرپەلی یەك لە لقی شەهید بەکر تەلانی.

٥-شەهید زمناکۆ کەرکوکی، سەرپەلی دوو لە لقی شەهید بەکر تەلانی، دواتر لە بناری خاڵخالان شەهیدبوو لە بەزاندنی سوپای عێراق.[٨]

---

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم )، لەدایکبووی ١٩٦٤ی مەرزان، پێشمەرگەی دێرین وبەشداربووی داستانەکە، لە٢-١٠-٢٠١٥ز.

[٧] نامەیەکی پیتچنینی(موشیر شوکر عەلی)، هێزی پشتگیری بەشداربووی داستانەکە، تایبەت بە بەشداری مەرزانیەکان.

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر-مام جوامێر)،لەدایکبووی١٩٤٥ی بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.

**٦-شەهید محەمەد عومەر خالد مەرزانی ناسراو بە حاجی بەختیار، سەرپەرشتیاری پێشمەرگەکانی لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق، ئیدارەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٧-ڕەفیق سولێمان گۆپتەپەیی ناسراو بەهاوڕێ(سەرکەوتەڕەش) سەرپەل لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٨-حەمە ڕەئوف سمایل شیواشۆکی ناسراو بەهاوڕێ(شاخەوان) سەرپەل لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٩-دکتۆر سادق عەرەب، ڕابەر سیاسی بەتالیۆنی ٣١ی ئازار.**

**١٠-ملازم کەریم عەرەب، ڕابەرسیاسی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٢-شەهید عەبدولوتەلیب حەمە عەلی تەها ئیلنجاغی، ناسراو بە هاوڕێ(هەنگاو) جێگر پەل لەلقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٣-ئەندازیار خەسرەو خانەقینی، ئیدارەی پەلی(شاخەوان) لەلقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٤-نازم جەبار تۆفیق ئیلنجاغی، هاوڕێ(فاخیر) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٥-لوقمان تەها قادر ئیلنجاغی، هاوڕێ(پۆلا) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٦-عەلی خەلیل مەرزانی ناسراو بەهاوڕێ(بڕوا) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٧-کەریم عەزیز قادر مەرزانی ناسراو بەهاوڕێ(گۆران) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**١٨-ئەحمەد حەمەد مەرزانی ناسراو بەهاوڕێ(بەڵێن) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**



**١٩-هاوڕێ(کاوە عەرەب) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٢٠-هاوڕێ(سەعیدە ڕەش) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٢١-هاوڕێ(فریاد خەیلانی) پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٢٢-دیار گۆمەشینی، پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.**

**٢٣- سەلوان گۆمەشینی، پێشمەرگە لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی.[٩]**

**پێکهاتەی هێزی دوژمنیش بەو شێوەیە بوو:**

**هێزەکەی دوژمن لە(کۆیە و تەقتەق)ەوە بەرەو گوندی(ئیلنجاغی گەورە)هاتن پێکهاتبوون لە:**

**١-سەربازگەی قەڵاتەی تەقتەقی سوپای عێراقی بە فەرماندەیی(عەمید محەمەد جبوری).**

**٢-(فەوجی خەفیفە) و سەرۆك جاش و ئامێر مەفرەزە خاسەکانی کۆیە و تەقتەق و شوان.**

**٣-شۆفل و بلدۆزەری فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوەی سنورەکە کە ڕژێمی بەعس بۆ کاولکردن و ڕووخاندن بەکاری دەهێنان پێچەوانەی فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوەی وولاتان.**

**٤-قایمقامی کۆیە.**

**٥-بنکەی پۆلیسی تەقتەق.**

**٦-بنکەی پۆلیسی کۆیە.**

**[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دیرین، چاوپێکەوتنی پێشوو، بەداخەوە لە کۆی(٦٠)پێشمەرگەی هەردوو لق تەنها توانیم ئەو٢١پێشمەرگەیە تۆمار بکەم، هەندێکیان حەزیان نەدەکرد لێدوان و ناوی تەواوی خۆیان بڵێن و هەندێکیش لەبیرکرابوون و ناوەکانیان نازانین-بەداخەوە.**

**٧-ڕەفیق حزبی و دەزگای ئەمن و مونەزەمەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کۆیە و تەقتەق.**

**ئۆپەراسیۆنی ڕوخاندنی گوندی ئیلنجاغی گەورە بە فەرمانده‌یی عەمید محەمەد جبوری لە٢٦-٤-١٩٨٧بەڕێوەچوو، ژمارەی دوژمن خۆی دەدا لە نزیکەی(١٠٠٠) جاش و سەربازی، بەتانك و زرێپۆش و شۆفل و بلدۆزەر و فلات و(نەقل بەڕی) و زیل و ئیڤای سەربازی و ئۆتۆمبیلی جۆراو جۆر و هاوەنی٦٢- ٨٢ملم لەبەیانییەوە تاوەکو نزیك سعات٢ی پاش نیوەڕۆ لەپشت ئاوایی(کلکەی قەبران)ەوە تاوەکو خوار ئاوایی(سەرچاران) گوندەکەیان ڕووخاند.[١٠]**

## مقۆمقۆی هاتنی(قوەت)وخۆ ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە

**لەناو شارەوە لە(کۆیە و تەقتەق)ەوە هەواڵ گەیەنرایە ئیلنجاغییەکان و مەرزانیەکان، لەڕێگەی(سەباح ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی)یەوە کەبرای فەرماندەی هێزی پشتگیری(محەمەد چاوشین ئیلنجاغی)یە، لەکۆیەوە هەواڵی نارد بۆ خەڵکی گوندی(مەرزان و ئیلنجاغی گەورە) کە حکومەتی بەعس بە نیازە بەیانی هێرش بکاتە سەر ئەو گوندانە و بیڕوخێنێ بەمەش خەڵکی هەردوو گوند ئاگاداربۆوە و ماڵەکانیان گواستەوە دەرەوەی گوند و بۆ ناو شاخەکان[١]، لەلایەکیتریشەوە(کێخوا تەها ئەحمەد مەرزانی) لەشارۆچکەی(تەقتەق)ەوە بەهەمان شێوە هەواڵی نارد، کە لەو دوو سێ ڕۆژەدا(قوەت) بۆ ئەو گوندانە دێت.[٢]**

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مام جوامێر و محەمەد چاوشین و هاوڕێ پۆلا و موشیر شکور مەرزانی)، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی و موشیر شکور عەلی مەرزانی)، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم )، لەدایکبووی ١٩٦٤ی مەرزان، پێشمەرگەی دێرین وبەشداربووی داستانەکە، لە٢-١٠-٢٠١٥ز.



**ئەم هەواڵ و باسە دەبێتە مقۆمقۆ و دەگاتە هەموو لایەك و پێشمەرگەکانی لقی شەهید بەکر تەلانی حزبی شیوعی عێراق کە لە٢٥-٤-١٩٨٧لەماڵی هاوڕێ(خەلیل سمایل حاجی خدر ئیلنجاغی) لەئاقاری(خدر حاجیان)ی سەر ڕووباری کۆیە بوون، گەنجانی ئیلنجاغی گەورە لە٢٦-٤-١٩٨٧دەچنە لایان و مام جوامێر ئاگاداردەکەنەوە کە(قوەت) گوندی ئیلنجاغی گەورە دەڕوخێنێت، مام جوامێر فەرماندەی لقی شەهید بەکر تەلانی نامەیەك بۆ هاوڕێ(شەهید حاجی بەختیار) دەنوسێت کە ئیدارەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی بوو، بەدوو پێشمەرگەی لقەکەی شەهید حاجی بەختیار نامەکە بۆ حاجی بەختیار دەنێرێت، نامەکە لەزاری مام جوامێرەوە بەو شێوەیە بووە[٣]:-**

**لەمام جوامێرەوە بۆ حاجی بەختیار**

**هاوڕێی بەڕێزم(حاجی بەختیار) ئەوا دوژمن گوندی(ئیلنجاغی گەورە) تێك دەدات، هێزەکەم دەبەمە سەر ڕێگەی(ئیلنجاغی گەورە- تاڵەبان) ئێوەش بەرەو لای(ئیلنجاغی گەورە) بڕۆن، تاسعات(٣)ی دوای نیوەڕۆ، ئینجا ئێوە لەوێوە لێی بدەن و دواتر ئەوەی بەلای ئێمەوە بگەڕێتەوە لەسەر ڕێگەکە دەکەونە کەمینی ئێمەوە و لێیان دەدەین.**

**مام جوامێر**

**سعات٩ی بەیانی ٢٦-٤-١٩٨٧**

**لەخدر حاجیانی ئیلنجاغی گەورە**

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر-مام جوامێر)،لەدایکبووی١٩٤٥ی بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.

دوای تەنها(٦) سعات لەنوسینی ئەم سێ دێرەی نامەکەی مام جوامێر، چریکە لەچاوی(جاش و جەیش) هەڵساو وانەیەکی باشی دوژمنیاندا و بە پەلە پڕوزاوی هەڵاتن و بەرگەی سێرەی چەکی پێشمەرگەیان نەگرت.

**دەستپێکردنی شەڕەکەی مێرجاڕ**

لەگێڕانەوەکاندا دەردەکەوێت هێزی پشتگیری ناوچەکە و پێشمەرگە جێماوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسنورەکە و هەردوو لقی(شەهید بەکر تەلانی و شەهید مەحمود مەرزانی)ی حزبی شیوعی عێراق وەك پێویست هاوکاری یەکتر نەبوون هەواداری بۆ حزبایەتی لەکەللەی هەردوو لادا هەبووە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی چالاکیە ئەنجامدراوەکە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەلاَم چاوەڕوانی دەستکەوتی زیاتری لێکراوە.

دابەشبونی هێزەکانی پێشمەرگە و پشتگیری بۆ لێدانی دوژمن بەو شێوەیە نەخشەی بۆ دانرابوو:

١-قۆلی گوندی ئیلنجاغی گەورە: لە ناو گوندەوە بۆ کلکەی قەبران.

٢-قۆلی زیواندارە: لەسەر ڕێگەی(ئیلنجاغی گەورە-مەرزان).

٣-قۆلی باوەمەرە: لەسەر ڕێگەی نێوان(مەرزان-ئیلنجاغی گەورە-تاڵەبانی گەورە).

قۆلی یەکەم:

لەئیلنجاغی گەورەوە کوڕانی ئیلنجاغی گەورە لە پێشمەرگە پەرتەوازەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی پشتگیری کە ژمارەیان(١٢) سوارەی مێرجاڕ بوو، بەو شێوەیە پلانیان دانا:

١-لە رۆژئاوای گوندەوە لە(جۆنی بەرد)ەوە بۆ(پەڕەسێلکان).

٢-لەناوەراستی گوندەوە لە(پەنای خانووە ڕووخاوەکانەوە بۆسەر(جادە).

٣-لەڕۆژهەلاَتەوە لە(کەندی حەمەخەجیلە)ەوە بۆ(کلکەی قەبران).



سەرپەرشتیارانی ئەم قۆلە(محەمەد چاوشین-فەرماندەی هێزی پشتگیری و نەسروڵلا عەلی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت لەتیپی ٨٧ی قەرەچوغ) بوون، هەروەها(سوارە وسو جومعە-مام سوارە) کرا بەهێزی پشتیوانی بەبڕنەوێکەوە، بەلاَم لەگەرمەی شەڕەکەدا خۆی پێ ناگیرێت و هەڵمەت دەبات بۆ شەڕەکە و لێدانی دوژمن[1].

هەر لەو قۆڵەوە لەنزیك ئیلنجاغی گەورەوە چەند پێشمەرگەیەکی لقی شەهید مەحمود مەرزانی بە فەرماندەیی(شاخەوان شیواشۆکی) بەشداربوون ئەمانیش:

١-حەمە ڕەئوف سمایل شیواشۆکی ناسراو بەهاوڕێ(شاخەوان) سەرپەل.

٢-دکتۆر سادق عەرەب، رابەسیاسی بەتالیۆنی ٣١ی ئازار.

٣-ملازم کەریم عەرەب، رابەرسیاسی لق.

٤-سەعیدە ڕەش عەرەب، پێشمەرگە.

٥-ئەندازیار خەسرەو خانەقینی، پێشمەرگە.

٦-دیار گۆمەشینی، پێشمەرگە.

٧-سەلوان گۆمەشینی، پێشمەرگە.[2]

قۆلی دووەم:

پێشمەرگەکانی لقی شەهید مەحمود مەرزانی بەسەرپەرشتی شەهید حاجی بەختیار سەنگەریان گرتبوو ئەمانە بوون:

١-محەمەد عومەر خالد مەرزانی ناسراو بە(حاجی بەختیار) ئیدارەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نادر کەریم خالد-خاڵە نادر)، لەدایکبووی(١٩٥٢)ی ئیلنجاغی گەورە، ١٢سوارەی مێرجاڕ، له١٨-٢-٢٠١٦ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلاَ)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٢-نازم جەبار تۆفیق ئیلنجاغی، ناسراو بە(فاخیر) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

٣-لوقمان تەها قادر ئیلنجاغی، ناسراو بە(پۆلا) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

٤-عەلی خەلیل مەرزانی، ناسراو بە(بڕوا) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

٥-کەریم عەزیز قادر مەرزانی ناسراو بە(گۆران) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

٦-ئەحمەد حەمەد مەرزانی، ناسراو بە(بەڵێن) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.

٧-هاوڕێ(کاوە عەرەب) پێشمەرگەی لقی شەهید مەحمود مەرزانی.[٣]

هەروەها ئەو پێشمەرگە پەرتەوازانەی یەکێتی و هێزی پشتگیری مەرزان و تاڵەبانی گەورە و شیواشۆك کە دەچنە پاڵ ئەم پێشمەرگانە ئەمانە بوون:

١-مستەفا محەمەد کەریم مەرزانی، پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە، سەرپەرشتیار.

٢-موشیر شکور عەلی مەرزانی، هێزی پشتگیری.

٣-خدر سمایل عەباس مەرزانی، هێزی پشتگیری.

٤- حەیدەری قادری شیواشۆکی، هێزی پشتگیری.

٥-ڕەحمان برایم حەمەسۆری تاڵەبانی گەورە، هێزی پشتگیری.[٤]

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم مەرزانی و موشیر شکور عەلی مەرزانی)، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.



قۆڵی سێیەم:

پەلێکی لقی شەهید مەحمود مەرزانی بە فەرماندەیی(سەرکەوت گۆپتەپەیی) و جێگرەکەی(عەبدولموتەلیب حەمەعەلی ئیلنجاغی ناسراو بە هەنگاو) شان بەشانی لقەکەی شەهید بەکر تەلانی دەچنە باوەمەرەی نێوان ئیلنجاغ و مەرزان و تاڵەبانی گەورە، چونکە ئەوان شارەزای سنورەکە بوون، هەروەها لقەکەی شەهید بەکر تەلانی بە فەرماندەیی مام جوامێر و جێگرەکەی شاخەوان حەساری و سەرپەلی یەك و دوو(جوتیار تۆبزاوەیی و شەهید زمناکۆ کەرکوکی) سەنگەریان گرتبوو،[٥] هەر لەو قۆڵەدا هاوڕێ(ئازاد سمایل حاجی خدر ئیلنجاغی) لەبەرزایی(بیان)ی ئاقاری گوندی ئیلنجاغی گەورە، دەبێتە هێزی پشتیوانی(ئیسناد)ی ئەم سەنگەر و قۆڵە، ناوبراو لەساڵی ١٩٧٩ەوە چەکی پێشمەرگایەتی لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق هەلگرتبوو، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی حزبی شیوعی بوو.[٦]

دوای ئەوەی هێزەکەی دوژمن لەڕوخاندنی گوندی ئیلنجاغی گەورە دەبێتەوە لەپشت ئاوایی چادرگەیان هەڵداوە لەنزیك سعات(٣:٢٠) سێ و بیست دەقیقە لەمیحوەری ئیلنجاغی گەورە تەقە لەناو گوندەوە دەست پێ دەکات و پێشمەرگەکانی بۆسەی(زیواندارە) هێندە نزیك پاسەوانەکانی سەر ڕێگای(ئیلنجاغی گەورە-مەرزان) دەبنەوە خۆیان بەپنچك بەستووە تاوەکو دوژمن نەیانبینێ[٧]، گوللە بارانی دوژمن دەستی پێکرد و لەهەموو لایەکەوە شەڕگەرم بوو بەتایبەت لە هەردوو قۆلی یەکەم(ئیلنجاغی گەورەو زیواندارە) هەر سەرباز و جاشێك دەبینرا وارادەکات و کەس نەبووە برای کەس، جامانە بوو فڕێدەدرا، چەك بوو بەلا بوو، پێلاو بوو بەجێ دەما،

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مام جوامێر و هاوڕێ پۆڵا)، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئازاد سمایل حاجی خدر)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەی ڕایکرد ڕایکرد[٨]، لەهەموو بۆسەکاندا پێشمەرگە و هێزی پشتگیری قارەمانانە لەدوژمنیاندا، هەرچی سەرۆك جاش و مەفرەزە خاسە و ئەفسەری سەربازی و فەرماندەکەیان(عەمید محەمەد جبوری) بوو، ئەوەی دەرفەتی هێنا بەڕێگاکە بڕوات و بەئۆتومبیلەوە هەڵات هەڵات، ئەگەرنا ئەوانیتر(کونە مشکیان لێبووە قەیسەری) بەنێو هەرەت و شیو و شیوەرۆکەکان هەڵاتن و بازێکیان بە هەزاران دینار دەکڕی.[٩]

لەدوا کەمینی(باوەمەرە) هەرچەندە هاوڕێ(ڕابەر) پێشمەرگەیەکی لقی شەهید بەکر تەلانی (مودەڕەع)ەکە دەپێکێت، بەڵام لەکار ناکەوێت و لەسەر(مودەڕەع)ەکەوە تەقە ئاڕاستەی شەهید(هەنگاو ئیلنجاغی) دەکرێت و شەهید هەنگاویش هێندە مەرد بوو هەر بەپێوە بی کەی سیەکەی لەدوژمن خاڵی دەکردەوە و بە پێوە شەهید بوو، کە جێگری پەلی لقی شەهید مەحمود مەرزانی بوو، بەخوێنی گەشی ئەم داستانەی تۆمارکرد[١٠]، شەڕەکە تاوەکو سعات(٤:٤٥)ی دوای(عەسر) درێژەی کێشا و دوژمن بە پاشەڵی دۆڕاوەوە ڕایکرد، پاش ماوەیەك هەلیکۆپتەر هاتە ئاسمانی شەڕەکە بەڵام لەترسی هێزی شەڕکەری پێشمەرگە هەلیکۆپتەرەکان زۆر بەرزبوون و نەیانتوانی زیان بگەیەنن[١١]، ئەم لێدانەی دوژمن لەو سەروبەندەدا دەنگدانەوەیەکی وای بەخۆوە بینی

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەر نادر-مامۆستا کاوە)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە١٢سوارەی مێرجاڕ، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین ڕەئوف عوسمان)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە١٢سوارەی مێرجاڕ، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر-مام جوامێر)،لەدایکبووی١٩٤٥ی بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.
[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەکیم بایز کاوێس)، هێزی پشتگیری و بەشداربووی داستانەکە١٢سوارەی مێرجاڕ، چاوپێکەوتنی پێشوو.



و بووە مایەی چاوشکاندنی دوژمن لەسنورەکە و تا شاڵاوی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ نەهاتنەوە سنورەکە.[١٢]

## زیانی گیانی دوژمن و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە

دوژمن زیاتر لە(١٥)کوژراوی لەسەرباز وجاش لەمەیدانی شەڕەکە بەجێما، کوڕی سەرۆك جاشێك و فەرماندەیەکی مەفرەزە خاسە بریندداربوون، هەروەها بەدیلگرتنی(١١) سەرباز و(٢) شوفێری شۆفلەکان[١]، مستەفا مەرزانی دەڵێت" لەنزیك ئیلنجاغی گەورە(٧) سەرباز و لە(باوەمەرە-٧-جاش) کوژران و ڕۆژێك دوای شەڕەکە تەرمی سەربازێکیش بە کوژراوی لەدەرماناوی مەرزان دۆزرایەوە"[٢]، جەلال ئیلنجاغی لەشارەوە بۆشاخ لەلاپەڕە(١١١)نوسیویەتی: یازدە سەرباز و حەوت جاش کوژران.

لەگەڵ زیانە گیانی و دەرونیەکانی دوژمن کۆمەڵێك دەستکەوت و کەلوپەلی سەربازی و جاش کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگەوە، ئەو دەستکەوتانەش ئەمانە بوون:

١-زیاتر لە(٣٥) کلاشینکۆف ٢- دوو ئاڕپێچی ٣-یەك هاوەنی ٨٢ملم
٤-یەك جیهازی ڕاکاڵ ٥- لەگەڵ(١٨) ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆری سەربازی و جاشان وەك(تویوتای سەرۆك جاشێك و جێب قیادەی عەمید محەمەد جبوری و یەك گازی(ستەوستین) و دوو شۆفڵ و دوو(نەقڵ بەڕی) و سێ لاندکرۆز و سێ ئیڤای سەربازی و فلاتێك و بڵدۆزەرێك و سرینگێك).[٣]

[١٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر-مام جوامێر)،لەدایکبووی١٩٤٥ی بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.
[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم مەرزانی)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.
[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا مەرزانی ومام جوامێر و مام سوارەو موحسن ڕەئوف وحەکیم بایز و موشیر شکورمەرزانی)، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

## لەپەراوێزی داستانی گەورەی ئیلنجاغی گەورە-وە

یەکەم: لەکاتی هەڵمەتی کورانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بۆ سەر خێوەتگای دوژمن لە(کلکەی قەبران) دوژمن هاوەنبارانی هێزی پشتگیری و پێشمەرگەی کرد، لە خانووی ماڵی کێخوا حاجی ساڵحی ئیلنجاغی گەورە گوللە هاوەنێک دەکەوێتە ناو گروپەکەی فەرماندە(محەمەد چاوشین) بەڵام خۆشبەختانە خوا دەکاتە بکەوێتە سەر(زبڵی ئاژەڵ) و لەبەر نەرمی زبڵدانەکە بەناویانا ناتەقێتەوە.[1]

دووەم: دوای لێدانی دوژمن(کاوە ئەنوەر نادر و محەمەدی مام خورشیدی مستەفا) توشی یەکێك لە(سەرباز)ە بریندارەکان دەبن، کە بەخەستی بریندار بووە و گوللە بەرقاچی کەوتووە، محەمەدی مام خورشیدی دەیەوێت تەقەی لێ بکات، بەڵام مامۆستا کاوە دەڵێت" چەکی فڕێداوەو لێی گەڕێ بۆ خۆی دەمرێت!؟"، پاش ماوەیەك کە دەگەڕێنەوە سەری لەپشتی وێنەیەك ئەمەی خوارەوەی نوسیبوو: (الی حبیبتی شکریه علی الموت الحق والجنه الحق الی اللقاء الی الابد)، مامۆستا کاوە ووتی: کە وێنەکەم هەڵدایەوە وێنەی ئافرەتێك بوو، بەوە دەچوو یان خۆشەویست و دەستگیرانی بێت یان خێزانی بوو بێت، ئەم وێنەیەم هەڵگرت تادوای ئەنفالەکان، بەداخەوە ئەمەیە بەرهەمی شەڕ.[2]

سێیەم: جەلال ئیلنجاغی لەشارەوە بۆ شاخ نوسیویەتی" پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی عێراق کەناوی(سەعدەڕەش) بوو، خەڵکی بەسرە بوو، نیگەرانی کوژرانی سەربازانی دوژمن بوو، وتی(بۆ برینداری کوردتان نەکوشتوە، ئەوانیترتان کوشتووە) بۆیە منیش لەسەر ڕق بووم لولەی چەکەکەم کردە گوێچکەی سەربازەکە بەڵام

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد-چاوشین)، پێشمەرگەی دێرین وفەرماندەی ١٢ی سوارەی مێرجاڕ، لە٦-٢-٢٠١٦ز.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەر نادر-مامۆستا کاوە)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە١٢سوارەی مێرجاڕ، چاوپێکەوتنی پێشوو.



فیشەکەکە دەرنەچوو، دیاربوو ڕۆژی مابوو بۆیە ئازادم کرد ناوی(نزار) بوو لەشێخەکانی ساڵەیی بوو".[3]

بۆ کوشتنی ئەو سەربازە(جەلال ئیلنجاغی) دووجار فیشەکی خستە بەر کلاشینکۆفەکەی، بەڵام هەردوو جار فیشەکەکە چروکی دەکرد و نەدەتەقی، دواتر هەردوو فیشەکەکە(حەکیم بایز)دەیخاتە سەر چەکەکەی خۆی و ڕووی دەکاتە ئاسمان هەردوو فیشەکەکە بەئاسانی دەتەقن!؟، پاش کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان هەمان(دیل) وتی"خۆتان بشارنەوە چونکە بەو جیهازە ڕاکاڵەی گرتوتانە(عەقید محەمەد جبوری) پەیوەندی بەفڕۆکەخانەوە کردووە"، بەڵام بەهۆی سەر لێشێوانەوە تەنها وتبووی(ئیلنجاغ) بۆیە هەلیکۆپتەرەکان چوبونە سەر گوندی(ئیلنجاغی حاجی لالە)ی شوان توشی تراکتۆرێك پێشمەرگە بوبوون(٧) پێشمەرگەیان لێ بریندار دەکەن، دوای(٤٥) چل و پێنج دەقیقە ئینجا هاتنە سەر ئیلنجاغی گەورە، ئەو کاتەش کار لە کارترازابوو، پێشمەرگەکان سەنگەریان گرتبوو، تەقەیان لەهەلیکۆپتەرەکان کرد، ئەوانیش بەرزبوونەوە و نەیانتوانی زیان بگەیەنن[4]، یەکێك لەدیلەکانیتر کوڕێکی گەرمیانی بوو، بەناوی(خالد) پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەدیلی دەیبەن بۆ(سماقوڵی) ماوەیەك دەیهێڵنەوە، شەوانە گۆرانی حەمەجەزای بۆ دەگوتن دەنگی زۆر خۆش بوو، لەکاتی گرتنیدا زانیبووی شیوعین وتبووی" تو گۆڕی شەهید بەکر تەلانی مەمکوژن؟!.[5]

چوارەم: کە(زۆدەتنی لێش جەرەحتەنی) لەکاتی هەڵمەتی پێشمەرگە بۆ سەر دوژمن لەنێوان(زیوانداره) و(سەیدۆکە) لە(مەنفەز)ێکەوە تەقە لە(مستەفا مەرزانی

(٣) جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١١.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەکیم قادر بایز)، هێزی پشتگیری و بەشداربووی داستانەکە١٢سوارەی مێرجاڕ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە،، چاوپێکەوتنی پێشوو.

و موحسین ئیلنجاغی) کراوە، مستەفاش خێرا دەچێتە سەریان(تەقەکردن و داوای تەسلیمبون و چەکدانانی سەربازەکان) بەیەکەوە بووە، بەڵام سەربازێکیان زامدار دەبێت و دەڵێت"کەزۆدەتنی لێش جەرەحتەنی" واتە کە منت گرت بۆ بریندارت کردم، مستەفا مەرزانی(٧) پارچە چەکیان لێ دەگرێت و(عەزیزی مام حەمەدی مەرزان)یش شۆفێری شۆفڵ بوو، بەعسیەکان بە زۆر بۆ گوند ڕووخاندن هێنابوویان و زۆریشیان لێدابوو دەستێکیان شکاندبوو، خێرا لەگەڵ خۆی دەیبات تاوەکو هیچی لێ نەکرێت و حەوت پارچە چەکەکەش(تەسلیم)ی تیپی ٩٣ی کۆیە دەکات و ئەوانیش تەنها(٢) چەکی دەدەنەوە[٦]، بەڵام(عوسمان حەسەن ئەمین عوسمان) کە خەڵکی گوندی(قەرەناو)ی شوان بوو، بە هەمان شێوەی(مام عەزیز) بە زۆرەملێ بۆ گوند ڕووخاندن هێنابوویان کەوتە دەست هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراقی دوای لێکۆڵینەوە ئازادی دەکەن.[٧]

پێنجەم: لەشەوی٢٦/٢٧-٤-١٩٨٧شەهید هەنگاو ئیلنجاغی لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە نێژرا، خزمانی(ئۆمەرگومبەت و مەرزان و داربەسەر و تاڵەبان و شیواشۆك) زوو هاتنە سەر قەبران و هاوکارییەکی باشی خەڵکی ئیلنجاغی گەورەیان کردووە، وەك چۆن لە شەڕەکاندا(مەرزانی و تاڵەبانی و شیواشۆکی و داربەسەری) شان بەشانی ئیلنجاغیەکان ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە هەر بۆیە ناوم لەو ناوچەیە ناوە(مێرجاڕ-مەلەکەتی مێردان)، دوای بەخاك سپاردنی شەهید هەنگاو ژمارەی کوژراوانی ڕژێم ئەوەی کەوتە بەردەست(٦سەرباز و ٤ جاش)بوون، بەتراکتۆری خزمانی ئۆمەرگومبەت هەموو ڕووفاتەکان لەو تراکتۆرە بارکران، ئەوانەی ئەو ئەرکەیان جێبەجێکرد ئەمانەبوون:

١-حەکیم قادر بایز ئیلنجاغی، بووە شۆفێری تراکتۆرەکە.

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان حەسەن ئەمین)، لەدایکبووی ١٩٥٠ی قەرەناو،شۆفێری شۆفڵەکە، لە٥-٥-٢٠١٦ز.



٢-گوشاد عەبدولڕەحمان بایز ئیلنجاغی، هاوکار و یاوەر.

٣-بەکر شەریف عەزیز ئیلنجاغی، هاوکار و یاوەر.

هەروەها(محەمەدی مام خورشیدی مستەفا)ش جەنازەکانی لەگەڵ بارکردوون، بەڵام ئەو(٣) کەسەی سەرەوە بەتراکتۆرەکە جەنازەکان دەبەنە نێوان(تاڵەبانی گەورە و گچکە) سەر ڕێگەی کۆیە-تەقتەق، تاوەکو دوژمن بۆ بردنەوەیان جارێکیتر بە ئۆپەراسیۆنەوە نەگەڕێتەوە سنورەکە، حکومەتیش بۆ ڕۆژی دواتر ٢٧-٤-١٩٨٧تاوەکو بانی تاڵەبان دێت و جەنازەکان دەباتەوە.[٨]

شەشەم: ناونرا داستان، شلێری قادری مام بایزی خێزانی فەرماندە(محەمەد چاوشین) لە ئێوارەی ٢٦-٤-١٩٨٧لە هەرەتی(مەحەمەسمایلان) لەژێر بنە دار پەرکەکان ژانی منالبوون دەیگرێت، لەو شەوەدا ٢٦/٢٧-٤-١٩٨٧خودا کچۆڵەیەکی جوانکیلەیان پێ دەبەخشێت، عەیشێ ئەحمەد حەمەد خوشکی حەمە چاوشین ناوکی ئەو کچۆڵەیە بە بەرد دەبڕێت و حەکیم قادری خاڵی منالەکەش لە خۆشەویستی داستانی گەورەی ئیلنجاغی گەورەی ٢٦-٤-١٩٨٧ناوی دەنێت(داستان ) ئەو داستانەی کە محەمەد ئەحمەدی باوکی تێیدا فەرماندەی ١٢سوارەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بووە.[٩]

### هەنگاو گەبیە لوتکە، شەهید هەنگاو ئیلنجاغی(١٩٦٨-١٩٨٧)

ناوی تەواوی(عەبدولموتەلیب حەمە عەلی تەها ئۆمەر) ناسراو بە هاوڕێ(هەنگاو) ساڵی ١٩٦٨ لە خانەوادەیەکی زەحمەتکێش و جوتیار و نیشتمانپەروەری گوندی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە تەواو کردووە و لە شاری(کۆیە) تاپۆلی(یەکەمی ناوەندی)

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولڕەحمان بایز و حەکیم قادر بایز)، پێشمەرگەو هێزی پشتگیری، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شلێر قادر بایزو حەکیم قادر بایز)، شایەتحاڵ و هێزی پشتگیری، چاوپێکەوتنەکانی پێشوویان.

لەخوێندنگەی(ناوەندی کۆیەی کوڕان) خوێندووە، ساڵی(١٩٨٣) لەڕێگەی شەهید(عەبدولەناف تەها ئۆمەر)ی مامیەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی(حزبی شیوعی عێراق)ەوە دەکات، ساڵی(١٩٨٦) لەلقی(شەهید مەحمود مەرزانی)ی سنوری قەزای کۆیە دەبێتە پێشمەرگە ئەو کات هاوڕێ(شەهید محەمەد حەلاق) سەر لق بووە، ناوی لقەکەش لەناوی(شەهید مەحمود مەرزانی) خەڵکی گوندی مەرزان بووە کە ئامۆزای دایکی بووە[1]، شەهید هەنگاو لەماوەیەکی کورتی تەمەنی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی کردووە وەك(لێدانی ڕەبیەکانی تەپە کورە)ی ناحیەی شوان و چالاکیەکانی ناوشار و شارۆچکەکانی(هەولێر-کۆیە-تەقتەق) بەر لەشەهیدبوونی لەگەڵ(٢) هاوڕێیدا جل وبەرگی(ئینزیبیات)ی دەپۆشن و دەچنە ناو شاری هەولێر بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی ڕاسپێردراو[2]، چوست و چالاك و زرنگ بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمان و دڵسۆز بوو، دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەشەڕی ٢٦-٤-١٩٨٧ جێگر پەل بوو لەپەلی(٢)ی لقی شەهید مەحمود مەرزانی، ئەو کات(سەرکەوتە ڕەش گۆپتەپەیی) سەرپەل بووە و شەهید(محەمەد حەلاق) سەرلق بووە[3]، محابن هەر لەو شەڕەدا کە شەڕێکی دەستەویەخەی قارەمانانە بوو دژ بەنۆکەران و جاش و سەربازی سوپای عێراق هەر بەپێوە شەهید دەبێت و لەگۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بەخاك دەسپێردرێت دوای خۆی یەك جگەرگۆشەی تەمەن کەمتر لەساڵێکی بە ناوی(شێخان) بۆ کورد و کوردستان جێهێشتووە[4].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی)، لەدایکبووی ١٩٨٦ی هەولێر، کوڕی شەهید، لە٥-٣-٢٠١٦ز.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی)، کوڕی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە،، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلا)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە،هاوڕێی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.



## پڵنگی مەیدان، نەهێنگری زیندان، شەهید حاجی بەختیار(١٩٥٧-١٩٨٩)

ناوی تەواوی(محەمەد عومەر خالد) ناسراو بە هاوڕێ(حاجی بەختیار) لەساڵی ١٩٥٧لەخێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری گوندی(مەرزان) هاتۆتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لەگوندی ئیلنجاغی گەورە تەواوکردووە، لەبەر ئەوەی ئەو کات قوتابخانەی(ناوەندی و دواناوەندی) لەو گوندە نەبووە بۆیە لەبەر هەژاری و نەداری نەیتوانیووە بچێتە شار و خوێندن تەواو بکات، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گوندی مەرزان جێ دەهێڵن و ڕوودەکەنە شاری هەولێر، هاوڕێ حاجی بەختیار لەو شارە بەکار و کاسبیەوە خەریك دەبێت بۆ پەیداکردنی بژێوی خانەوادەکەی، ساڵی ١٩٧٥بەدەستی برادەرێکی خۆی بەخەستی بریندار دەبێت و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەربازی دەکرێت، پاش ئەنجامدانی چارەسەرێکی چڕوپڕ چاك دەبێتەوە، هاوڕێ حاجی بەختیار ژنی هێناوە و لەپاش خۆی کوڕێکی بەناوی(بەختیار) بەجێهێشتووە، لەکۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو لەسوپای عێراقدا بووە بەسەرباز لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی(عێراق-ئێران)لەساڵی ١٩٨٠ریزەکانی سوپای عێراق بەجێ دەهێڵێت.[1]

ساڵی ١٩٨٢دەبێتە پێشمەرگە لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق و نازناوی(حاجی بەختیار)ی پێ دەدرێت، ساڵی١٩٨٣لەگوندی(باداوە)ی سەر ڕێگای سلێمانی لەشەڕی ناوەخۆدا بریندار دەبێت، بۆ چارەسەرکردن حزب ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکات لە برینەکەی چاك دەبێتەوە و دەنێردرێت بۆ وڵاتی(چیکۆسلۆڤاکیا)ی جاران لەوێ بەشداری خولی(حزبی شیوعی عێراق) دەکات، ساڵی(١٩٨٥)دەگەڕێتەوە کوردستان لە لقەکانی(کۆیە و شوان) و بەتالیۆنی ٣١ی ئازار دەبێتە ڕابەر سیاسی و لێپرسراوی(دارایی) لە لقی شەهید مەحمود مەرزانی، لەشەڕی گەورەی(ئیلنجاغی گەورە)ی ٢٦-٤-١٩٨٧سەرپەرشتیاری قۆلی(زیواندار)ەی کردووە و ڕۆڵی جوامێرانەی

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح قادر حەمەد-ملازم ڕابەر) ،لەدایکبووی(١٩٥٤)ی مەرزان، هاوڕێی شەهیدو پێشمەرگەی دێرین ، لە٩-٣-٢٠١٦ز.

بینیووە لەلێدانی دوژمن و قارەمانێتی ئەو دەنگی دایەوە[٢]، لەساڵی **١٩٨٨**و پرۆسەی ئەنفالەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانی بەردەوام دەبێت لەخەبات و تێکۆشان تا سەرسنوری ئێران-عێراق دەڕوات، دواتر بەبڕیاری حزبی شیوعی عێراق دەنێردرێتەوە ناو شاری هەولێر تا درێژە بەخەباتی نهێنی و ڕێکخستن بدات لەشاری هەولێر، مخابن لەساڵی **١٩٨٩**لەلایەن دەزگای(ئەمن)ی هەولێر خۆی و(٦)هاوڕێی تری دەستگیر دەکرێن پاش ئەوەی بێ سەرشوێن دەکرێن هەموویان گوللەباران دەکرێن و خانەوادەکانیشیان ڕەوانەی باشوری عێراق دەکرێن و ئەمانیش گۆڕیان بووە گۆڕی سەربازانی ونی نیشتمانەکەم.[٣]

## فەرماندەی ١٢سوارەی مێرجاڕ

## حەمەچاوشین ئیلنجاغی(١٩٥١-٢٠١٦)[١]

بەووتەیەکی حەمە چاوشین دەست پێدەکەم کە لەنامەیەکدا بیۆگرافیای خۆی بۆ نوسیووم و دەڵێت" بەڕاستی ژیانی پێشمەرگایەتی بە قسە و بە نوسین ئاسانە بۆ ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوە، چونکە هەرچی ناخۆشی هەیە لەژیانی مرۆڤ بە قەد ژیانی پێشمەرگایەتی ناخۆش نیە، بەڵام یەك ڕاستی هەیە ئەویش سەربەرزیە"، ژیاننامە لەزاری خۆتەوە وێستگەکانی ژیانت ڕاست و دروستر دەدات بەدەستەوە، بەڵام بۆ ئەو کەسەی خاسیەتی ئەوەی نەبێت بەشان و باڵی خۆی هەڵبدات ، هەندێ کەلێن دەهێڵێتەوە، وەك ئەوەی حەمە چاوشین نەینوسیوە کەساڵی (١٩٦٨) لەباڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشمەرگەیەکی تەمەن( ١٦)ساڵان بووە

---

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر-هاوڕێ پۆلاّ)، پێشمەرگەی دێرین و بەشداربووی داستانەکە،هاوڕێی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح قادر حەمەد-ملازم ڕابەر)، پێشمەرگەی دێرین وهاوڕێی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] سوودم لەچاوپێکەوتنەکان لەگەڵ حەمەچاوشین وەرگرتووە لەساڵی(٢٠٠٣-٢٠١٦)وە لەگەڵ نامەیەکی دەستنوسی خۆی کە بیۆگرافیای خۆی تێدا بۆ نوسیووم.



لەشارۆچکەی (تەقتەق) لەهەموو هاوسەنگەرانی منداڵتربووە کە چویتە ڕیزەکانی پێشمەرگە.

ناوی تەواوی (محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسول مەلاك ئیلنجاغی) ناسراو بە حەمە چاوشین، لەساڵی(١٩٥١) لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەری زەحمەتکێشی دایك و باوك بن داسنی لە گوندی ئیلنجاغی گەورەی شێخانیانی سەر بە شارۆچکەی تەقتەقی قەزای کۆیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

لە ئیلنجاغی گەورەوە چوویتە بەرخوێندن و تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، گەنجێکی چوست و چالاك بووە و زوو خۆی گەیاندۆتە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی لەشۆڕشی ئەیلول و ساڵی(١٩٦٨) لەتەمەنی (١٦) ساڵیەوە لەباڵی مەکتەبی سیاسی چەکی هەڵگرتووە، بەردەوام دەبێت تاوەکو ساڵی(١٩٧٠)، بەهۆی ئەوەی جێگەی متمانەی ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) بووە، لەساڵی(١٩٧٦) لەلایەن ئەنوەر نادر خدر ئیلنجاغی و مەلا قادری ڕێکخستنی ئۆمەرگومبەتی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ناوبراو ڕێکدەخرێت.

لەکۆتایی ساڵی(١٩٨١) پەیوەندی دەکات بە(هێزی دەشتی هەولێر) لەکەرتی(٢) لەلای (شەهید ئەحمەد قەمبەری) چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان، قارەمانانە بەشداری چالاکیەکانی سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرکردووە لە(قەراج و کەندێناوە و شەمامك و ڕێگەی نێوان هەولێر-کەرکوك-کۆیە-تەقتەق و خۆشناوەتی و بناری سەفین و دێدەوان و هەیبەسولتان و باواجی و کەلکەسماق و تەکەڵتو و گۆرقەرەج و دەشتی کۆیە و دزەیی و دەشتە زێکردەکانی شێخ بزێنی و تەقتەق و قوشتەپە و پردێ) لەبەر چاپوکی زوو کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە هەمان تیپ.

یەکەم مەفرەزەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لەسنوری(کەندێناوە) کە ئارپێچی بگرنە سوپا و ئەڵقە لەگوێکانی ڕژێمی بەعس و ترس و دڵە ڕاوکێ یەکی زۆر لەدڵ و دەرونی دوژمن دروست بکەن، لەیەکەم چالاکی ناو شاری هەولێری شۆڕشی

نوێش یەکێك بووە لە پێشمەرگە ئازاکانی هێزی دەشتی هەولێر کەوایکردووە بە ئەلقە لەگوێ و(ئەمن)ەکان بڵێت لەناوشاریش دەستمان دەتانگاتێ، بەهۆی ئازایەتی و پێشمەرگایەتی باڵی مەکتەب سیاسی و شۆڕشی نوێ(مام جەلال) زوو حەمە چاوشین دەناسێت و هەندێکجار چالاکیە سەرکێشیەکانی حەمە چاوشین بووە بەمایەی نیگەرانی مام جەلال بەتایبەت لەو کاتانەی(ئەحمەد کوردە) فەرماندەی کەرتەکەی بووە، ئەحمەد کوردە لە(بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات) ئەمەی خستۆتە ڕوو کە مام جەلال چەندی خۆشویستوون و ڕێزی لێگرتوون، هەروەها گوشاد عەبدولرەحمان بایز دەگێڕێتەوە:

لەناوەڕاستی مانگی(٨)ی ١٩٨٣من و سەلام عەباس و محەمەد چاوشین مۆڵەت بووین لەئیلنجاغی گەورە، شەو لەبەر کەمی ژمارەمان و بۆ دڵنیایی و خەوتن چوینە هەرەتی(ئەلحەدە)ی دەوروبەری گوندەکە، شەو راکشا بوو هێشتا قسەمان دەکرد و نەخەوتبوین، دەنگێك بانگی دەکردین سەلام سەلام محەمەد محەمەد، کە هەستمان راگرت ژنێك بوو وەڵاممان داوە و هاتە لامان ووتی: شێخ جەعفەر کە ئەو کات سەرتیپی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوو(جوابی) ناردیە هەموو پێشمەرگەکان لەسێگردکان کۆببنەوە سبەی رژێم هێرش دێنێتە سەرمان لە سێگردکان ئەمەی وت و محەمەد گورج بڵند بوو تاقمەکەی بەستاو وتی زووکەن شەو درەنگە ناگەین، ئەو سێ بەتانیەی لامان بوو بەدایکی سەلام عەباس ناردمانەوە و خۆمان شۆڕبوینەوە سەر رووباری داربەسەر و زۆر بەخێرایی و گورگە لۆقە لەگەڵ رۆژهەڵات گەیشتینە ناو سێگردکان، کە گەیشتین هەموو پێشمەرگەکان لە دەوری شێخ جەعفەر خەرمانەیان کردبوو، کە چاوی پێمان کەوت پێش ئەوەی سەلام بکەین ووتی حەمە گیان گەیشتن(چونکە دڵنیابوو کە محەمەد چاوشین، دیارە کاك سەلامیش هەر وابوو) بەگەیشتنی هەواڵەکە درێغی ناکات بۆیە نەی ووت هاتن وتی گەیشتن، هەر دوای ئەم قسەیە وتی حەمەگیان(ئارِ پیێ چی)یەك وەرگرە و دە پێشمەرگەیەك هەڵبژێرە و برۆ ئەم چەمەوە



بەڵام تەقە ناکەی تا دوژمن دەکشێتەوە ئینجا پێشیان لێ دەگری، کاك محەمەد وایکرد و سەلام عەباسی هەڵبژارد و بەڵام ڕێگەی نەدا من بچم نازانم بۆ؟! وتی تۆ لەناو گوند لەگەڵ مامۆستا تاهیر بە تا شەو دەتبینمەوە، هەموو ئەوانەی لە چەند خولەکێك ئەنجامداو وەك کەڵەکێوی لە بەرزاییەکەی بەردەمی مزگەوتی سێگردکان لەپێش هەر دە پێشمەرگەکەوە بە گورگە لۆقە چوە خوارەوە و بەرەو شوێنی دیاریکراو لە چاوانم وون بوو.

لەدوای گفتوگۆی(١٩٨٣-١٩٨٤) لەگەڵ پێکهێنانی هێزی پشتگیری و لەسەر پێشنیاری مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان حەمە چاوشین دەکرێتە لێپرسراوی ئەم هێزە لەسنوری گوندەکانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق، لەمانگی نەورۆزی ١٩٨٥لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە و هەواڵ هات گوایە جاشەکانی قاسم ئاغا ووتویانە قاسماغا وتویەتی ئەم شەوانە دەچم ئیلنجاغ ساغدەکەمەوە، ئەمە دەمە و مەغریب بوو ئەو هەواڵە هات محەمەد چاوشین یەکسەر ووتی کوڕینە بڕۆنەوە نانەك بخۆن و وەرنەوە ئێرە و خۆتان ببەستن هەرچی چەکی هەبوو وامانکرد بەو شەوە بەپێیان چوینە سەر پردی رووباری کۆیە بۆ سەماندناوە بەڵام جاشەکان نەهاتن و ئێمەش لەگەڵ رۆژهەڵات دیسان بەپێ گەڕاینەوە ناو گوندی ئیلنجاغی گەورە، [2] بەردەوام دەبێت لەو جۆرە خەباتەدا و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە دوو داستاندا وەك شۆڕەسواری دوژمن بەزێن ناو دەردەکات، هەروەها ڕۆڵی هەبووە لەداستانی ڕزگارکردنی تەقتەق، لەداستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورەلە٢٢-١٠-١٩٨٦ هاوشانی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هەر لەگەڵ گزنگی خۆرەوە تاوەکو کاتژمێر(٥)ی ئێوارە یەکبینە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی سوپای داگیرکەر و جاشان لەبەرگری و هەڵمەتدا بووە، هەروەها سەروەریەکیتری حەمەچاوشین لە شەڕ و داستانی ٢٦-٤-١٩٨٧ وەك فەرماندەیەکی ١٢سوارەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورەی هێزی

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پشتگیری دەردەکەوێت کە زۆر قارەمانانە دژی جاش و سەرباز پەلامار دەبات و عەقید محەمەد جبوری و سەرۆك جاش و مەفرەزە خاسەکانی بەعس دەبەزێنێت، لەشەوی٢٦/٢٧-٤-١٩٨٧خوای گەورە کچێکی پێ دەبەخشێت، بەناوی ئەم داستانەوە ناوی دەنێین(داستان)، هاوسەنگەرانی(حەمە چاوشین)شاهێدی بۆ دەدەن کەلەهیچ شەڕێکدا خۆی کرمۆڵە نەکردووە و هەردەم ڕووبەڕوو بەپێوە وەستاوە و چاونەترسانە بەسەر لێواری گوللەدا ڕۆیشتووە، لەزۆربەی شەڕەکاندا زیاتر لەچەکێکی بەکارهێناوە(کلاشینکۆف و بیی کەی سی و ئارپیچی) ئەمەش گوزارشتە بۆ ئەوەی لەکاتی شەڕەکاندا بەرامبەر دوژمن هەردەم لەجولە و سەرپەرشتیکردندا بووە، لەئەنفالەکاندا ماوەیەك بە پارتیزانی دەمێننەوە، لەساڵی ١٩٨٨دوور دەخرێتەوە بۆ کۆمەڵگای کەورگۆسك و نهێنیەکانی شۆڕش دەپارێزێت و لەگەڵ کۆمەڵێك لە کوڕانی شاخ لە شارەوە پەیوەندی گرێ دەدەن و دەبێتە سەرپەرشتیاری سەربازی شانە چەکدارەکانی(بروسك) لە کۆمەڵگای کەورگۆسك چاوەڕێ دەکات تاوەکو (جفرە)ی ژمارە ٧٢٦ی لە دەنگی گەلی کوردستانەوە پێ دەگات و لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد)ی برای شەهید ئاکۆ سور و کوڕانی شانەکان، سەرکردایەتی پەلامار و ڕاپەڕینی کەورگۆسك دەکات، دەزگای ئەمن و مەنزەمە و بنکەی پۆلیس کۆنترۆڵ دەکەن و هەموو کوردە هەڵخەڵەتاوەکان بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دوای بەدیلگرتنیان ئازاد دەکات(١٢) ئەمن-یش ڕادەستی بەرەی کوردستانی دەکات لەشاری هەولێر، درێژە بەڕاپەڕین دەدات و بەشداری ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی تر دەکات و تا دەگاتە ڕاپەڕینی شاری کەرکوك.

دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٩٢دەزگا ئیدارییەکانی خۆی لەناوچەکانی کوردستان دەکێشنەوە بەرەی کوردستانی حەمە چاوشین دەستنیشان دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی شارۆچکەی تەقتەق وەك یەکەم حاکمی مەدەنی ئیدارەی کوردی دوای ڕاپەڕین لەتەقتەق دەستبەکار دەبێت، تاوەکو ساڵی ١٩٩٥بە هاوکاری حزبە



کوردستانیەکان توانی بنکەی پۆلیسی تەقتەق بگەڕێنێتەوە و ئەنجومەنی گەڕەکەکان هەڵبژێرێت و هێڵی تەلەفۆنی کۆیە-تەقتەق بگەیەنێت و شەوانە مەفرەزەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی خۆی ئێشکگری شاربوون و بەردی بناغەی بەربەستی خۆڵی گەڕەکی(ڕزگاری) دانا و کەدواتر بووە(کۆڕنیشی گەشتیارییەکەی تەقتەق).

دوای گەڕاندنەوەی ناحیەی تەقتەق لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە حەمە چاوشین دەکرێتە فەرماندەی(فەوجی تەقتەق) و ساڵی ١٩٩٦دەکرێتە فەرماندەی(فەوجی پاراستنی کێڵگەی نەوتی تەقتەق) دواتریش دەبێتە یەکەم(بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم) لەشاری سلێمانی، چەندین خولی کادیری و پێگەیاندنی ئەفسەرانی لەژیانی پێشمەرگایەتی و پلەی وەزیفی و ووزاری بینیوە و دوا پلەی(عەمید)ی خانەنشین بووە، حەمە چاوشین قەلەندەرێکی ڕێبازی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بووە بەگەواهی ئەوەی ئەو(٩) منداڵەی لەپاشی خۆی جێهێشتووە هەریەکە و لە شار و شارۆچکە و گوند و هەرەت و بنارێك لەدایکبوون، چونکە ئەو دەروێشێکی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و شەو بەکێو بوو دژ بەداگیرکەرانی کوردستان.

بەداخەوە ئەو کەڵە مێردە خۆنەویستە دوای ئەوەی لەچەندین داستان و نەبەردیدا لەهەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێدا(١٩٦٨-٢٠١٦) یەکبین و بەردەوام لەسەنگەر و کۆڕی خەباتدا بوو، نەخۆشی زۆری بۆ دەهێنێت و دوای ململانێیەکی دژوار و سەخت لە پێش نیوەڕۆی ٢٩-٧-٢٠١٦لەنەخۆشخانەی(پار)ی شاری هەولێر دڵە ماندووەکەی لەلێدان دەکەوێت و لە گۆڕستانی ئیلنجاغی شەهیدان بەخاك دەسپێردرێت، لەسەر گڵکۆ و کێلەکەی تێکستێکی جوانی گوشاد عەبدولڕەحمان بایز هەیە کە بە ڕێبواران و زیارەتکەرانی گۆڕستان دەڵێت ئەو عەگیدەی لێرە نێژراوە مەردی داستان و سەروەری و دوژمن بەزێنی بووە، ئەمەش دەقە نوسراوەکەیە:

مێژووم شاهیدە کەوا من

ئا لێرەدا لەپێناوی ئەم خاکەدا

زۆرم لە گۆڕناوە دوژمن

هەروەها لە پیاهەڵدانی هاوڕێی سەنگەری و هاوبیری لە شۆڕشی نوێدا(گوشاد عەبدولرەحمان بایز) لەیادی چلەی محەمەد ئیلنجاغی شیعرێکی جوانی بەناونیشانی(لالۆکەی من) هۆنیوەتەوە کەشایستەیە بە قارەمانێتی حەمە چاوشین و پشتگیری ناوەڕۆك و ناواخنی ئەم ژیاننامەیە بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانم بینوسمەوە:

لالۆکەی من

زاهیدی خەبات و خەڵوەت نشینی

سەنگەر بوو، ئەو

نامرێ و ئەمێنێ ناوی بە بەرزی

ئەوەی بۆ جارێکیش سەنگەری

پێشەوەی نەدا بە ئەم و ئەو

ڕۆژێ هەڵۆی شاخ و

ڕۆژێ پڵنگی لێرەوار و

ڕۆژێ راوچی قەسدە سەری داگیرکەری

دەشتی کاکی بە کاکی هەولێر بوو، ئەو

لەپایزا بارانی پەرێ بوو،

ناخی زەوی رەباس دەکرد

لە زستانا تۆوی وەشیاو

بەرگی خاکی سەوز دەکرد

لە بەهارا کێڵگەی گەنم

شنەی شەماڵ باڵای دەکرد

هاوینانیش ڕەوسەی سووری خەلە و خەرمان



هەژارانی تێر نان دەکرد

پێشمەرگە بوو... خاك بوو.... سەنگەر بوو

پێشڕەوی سواران بوو، لالۆکەی من

لە سەری مەیدانێ دەهات... دەچوو

رمیە چەقان و چ جارانیش نە رەڤیا ئەو[٣]

**شەهیدی دووگیان نەسرین حەسەن محێدین(١٩٦٥-١٩٨٧)**

ناوی تەواوی(نەسرین حەسەن محێدین حەسەن)ە، لەساڵی(١٩٦٥) لە خانەوادەیەکی هەژاری کوردپەروەری نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە، هاوسەری(عەبدولمەجید حەمەد مەحمود-مەجیدە سوور) بوو، تەنها یەك منالی کوڕی هەبوو بەناوی(ڕابەر) قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە خوێند بوو، کابانی ماڵ و ژنی شاخ بوو، کشتیارێکی ماندونەناسی ٢٢بەهارەی تەمەن بوو، لەکاتی دروێنەی گەنم و جۆ و تەماتە گەیین لە ئاقاری(شێمحەمەد)ی خۆرئاوای گوند لەکەناری ڕوبارۆچکەی داربەسەر، بەتۆپبارانی تۆپخانەکانی بەعس کە کۆیرانە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیان بۆردوومان دەکرد لەساڵی ١٩٨٧شەهیدبوو، ئەوکاتی شەهید دەکرێت دوو گیان بووە، شایەتحاڵەکان وتیان دوای گیان دەرچوونی پاش ماوەیەك منالەکەی سکی هەر دەجولایەوە، چونکە تەمەنی کۆرپەکەی سکی نزیك بوو لەکاتی لەدایکبونی.[١]

دایکی شەهید نەسرین دەڵێت: هەرچەندە گوندەکەیان(موحەرەمە) قەدەغەکرابوو، بەڵام ئەو کاتی دەراسە بۆ دروێنەی دەغڵ و دان لەبانی ئیلنجاغی گەورە دروێنەی

[٣] ڕەباس= خاکاو، پاراو، پڕ، تێر، وەشیاو= تۆوی بە زەویەوە کراو، ڕەوسە= تارمەی گەنم یان جۆ، نە رەڤیا= رای نەکرد، چۆڵی نەکرد.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەلیمە قادر خدر)، لەدایکبووی ١٩٣٠ی ئیلنجاغی گەورە،دایکی شەهید، لە٥-٣-٢٠١٦ز.

کردووە و جموجۆڵەکەش لەلایەن(کەلی سمایل بەگی)یەوە کەسەربازگەی دوژمنی لێ بوو بینراوە، بۆیە ئاراستەی بۆردومانەکە ئیلنجاغی کردۆتە ئامانج بەمەش(نەسرین وکۆرپەڵەکە)ی شەهیدبوون و چونە کاروانی نەمرانەوە.[2]

## چەردەیەک چالاکی کوڕانی مێرجاڕ لەساڵی ١٩٨٧

لەبەهاری ساڵی(١٩٨٧) سەرجەم هێزەکانی مەڵبەندی(٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن بۆ پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی لەناوچەی(جافایەتی و شارباژێڕ) چونکە ڕژێمی حزبی بەعسی عێراق بە نیازی پەلاماری سەرکردایەتی و پاکتاوکردنی ئەو شوێنە گرنگانەی شۆڕشی نوێ بوو، بەمەش ناوچەکانی دەشتی هەولێر بۆ حکومەتی عێراق بێ کێشە و گرفت و بێ هێزی پێشمەرگە بوو، ئەمەی بەهەلزانی و درێژەی بە سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی خۆیدا وەک(بەعەرەبکردن) و(ڕاگواستنی دانیشتوانە ڕەسەنەکان) و(تەختکردن)ی گوندەکان، لەناوچەکانی(قەراج وکەندێناوە و شەمامک و دەشتی کاکی بەکاکی هەولێر) لەوماوەیەدا(٦٨) گوندی قەراج و(٧٨) گوندی کەندێناوە و(٩٠) گوندی شەمامک و مرکیەی بە سەرپەرشتی(عەلی حەسەن ئەلمەجید) تەختکرد،[1]هەفتەیەک دوای داستانی(ڕزگاری) هێزی پێشمەرگە گەڕایەوە(دەشتی هەولێر) بەمەبەستی لێدانی ڕژێمی بەعس بە سەرپەرشتی(کۆسرەت ڕەسول عەلی) نەخشە و پلانی گرتنی شارۆچکەی تەقتەق دانرا،[2] زۆربەی تیپەکانی(٨٦ی دەشتی هەولێر و٨٧ی قەرەچوغ و ٨٥ی بەڕانەتی و٧٨ی کارۆخ و١٢ی سۆران و٩٣ی کۆیە)ی سنوری مەڵبەندی(٣) بەهاوکاری تیپەکانی(٢١ی کەرکوک و٢٥ی خاڵخاڵان)ی مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی

---

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەلیمە قادر خدر)، دایکی شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو، دروێنەی دەغلّودان لە سنوری گوندی ئیلنجاغی گەورە لەناوەراستی حوزەیرانەوە دەست پێدەکات، کەواتە بەوە دەچێت مانگی شەهیدبوونی حوزەیرانی ١٩٨٧ بێت.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال ئیلنجاغی)، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٥-٢٠٠٢ز.

[2] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٢.



نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی شەهید(عەبدولڕەحیم) بەشداری ئەم چالاکیەیان کرد.[3]

هێزەکانی پێشمەرگە لە(٥) قۆڵەوە لە(٢٩-٥-١٩٨٧) هێرشیان بۆ مۆڵگەکانی دوژمن برد لە(تەقتەق) هەموو شوێنەکان لەچاو تروکانێک دەستیان بە سەراگیرا تەنها(مەخفەری پۆلیس و بارەگای ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) نەگیرا، کە لەلایەن موختارە هەلاتوەکانی گوندەکانەوە پارێزگاری لێدەکرا،[4] ڕێکخراوی حزبی بەعس و ڕەفیقە کوردەکان زۆر سەرسەختانە بەرگریانکرد، ئەمەش وایکرد هێزی پێشمەرگە نەتوانێ دەست بەسەر ئەم بارەگایە دابگرێت، کە بە(مەنزەمە) ناسرابوو،[5]بەداخەوە لەم داستانەدا(١١) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون.[6]

ئەو کوڕانەی ئیلنجاغی گەورە کە بەشداری ئەم چالاکیەیان کرد ئەمانە بوون:

١-جەلال ئیلنجاغی، فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

٢-عوسمان بانیمارانی، فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

٣-محەمەد چاوشین، فەرماندەی هێزی پشتگیری.

٤-مامۆستا کاوە ئەنوەر، رابەرسیاسی کەرت

٥-شەهید محەمەد عەبدولوهاب فەتحولا(محەمەد برنۆ)، پێشمەرگە.

٦-هیدایەت حەمەد رەسوڵ، پێشمەرگە.

---

[3] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٣.

[4] ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٤٠٨-٤٠٩، ئەو کاتە من لە قۆناغی سەرەتایی بووم، ماڵمان لەگەڕەکی تەقتەقی جدیدە بوو کە ئەمڕۆ گەرەکی ڕووناکی پێدەووترێت، تەمەنم (١١)ساڵان بوو، پێموایە شەوی ٢٧/٢٨-٥-١٩٨٧بوو، گرتنی شارۆچکەی تەقتەق، ئێستاش باسی ئەو شەوە بکەیت دەنگی ڕمبەی ئارپێچیەکان لە گوێم دەزرینگێنەوە.

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئاراس ئەمین مستەفا)لەدایکبووی(١٩٦٥)ی تەقتەق، ڕێکخستن و چاوساغی پێشمەرگە، لە٦-٣-٢٠١٦ز.

[6] ڕێباز،قەندیل بەغدای هەژاند ،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٠٩.

**٧-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگە.**

**٨-شهاب وهاب فەتحوڵلا، پێشمەرگە.**

**٩-سەباح عەلی مەحمود، پێشمەرگە.**

**١٠-سەباح سەلام سالح، پێشمەرگە.**

**١١-کاکل مەحمود کانەبی، هێزی پشتگیری.**

**١٢- حەکیم قادر بایز، هێزی پشتگیری.**

**١٣- ئەحمەد عەدول قادر**

**هەروەها کوڕانی(مێرجاڕ) لەچەندین نەبەردی و داستانی پێشمەرگانەی تر قارەمانانە لەو ساڵەدا بەشداربوون وەك گرتنی(قاتعی جەیشی شەعبی ئەبو جەعفەری مەنسور) لەشەوی٣/٤-٦-١٩٨٧کە تێیدا فەرماندەی کەرتی(٦)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(فواد محەمەد سالح ڕەسول، لەدایکبووی ١٩٦٤ی گوندی گۆمەشین، ناسراو بە فواد گۆمەشینی) شەهید بوو،[٧] هەروەها لەگرتنی ناحیەی(دێگەڵە-شۆڕش) لەشەوی ٢٧/٢٨-٨-١٩٨٧هەردوو فەرماندەی کەرت(جەلال ئیلنجاغی و عوسمان بانیمارانی) ڕۆڵی جوامێرانەیان هەبوو،[٨]هەروەها لەداستانی(سماقولی-بەنەباویّ) لەشەڕێکی ٢٦٤سەعاتیدا لەئەیلولی ١٩٨٧، عوسمان بانیمارانی لە قۆلی(سولاوك و ناودارۆکان و بیرۆکان) لەناوچەی(تەلان) کە فەرماندەی کەرتی(٢)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بوو، جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەقۆلی(داری جۆخین و قۆپی گراو) لەسەر ڕێگەی سوسێ-ونکە، بۆماوەی (١١) ڕۆژ بەرگریان کرد،[٩]لەو داستانە مێژووییە بەرگرییەی شۆڕشی نویّ هەرد و بن بەرد و لاپاڵەکانی(شاخی سوری شەقلاوە و خەتێ و سارتکە وگەرووی مەنجەرانی پشت**

[٧] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود) ،پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٨] ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٤٥. شەهید ڕێباز لەلاپەڕە ٤١٩ی قەندیل بەغدای هەژاند ١-٩-١٩٨٧داناوە بەڕۆژی ئەنجامدانی ئەم چالاکیە.

[٩] ڕێباز،قەندیل بەغدای هەژاند ،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٧٧-١٧٨.



**مەلەکان و ڕەش بەسەر و قۆپکی جوانەگای بەرامبەر کوڕەك) هەموو شوێنێك بوبووە مەتەرێزی کوڕانی مێرجاڕ دژی سوپای داگیرکەر.[١٠]**

**لەهەفتەی دووەمی تشرینی دووەمی ١٩٨٧فەرماندە(عوسمان بانیمارانی) لە(میشراق)ی پارێزگای موسڵ لەگەڵ هەڤاڵەکانی ئاگری بەردایە چاوی دوژمنان، هەرگیز دوژمن بیری لەوە نەکردبۆوە کوڕانی شۆڕشی نویّ بەسەرپەرشتی(کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) چالاکیەکی لەو شێوەیە لە ناوجەرگەی دوژمن و قوڵایی خاکی کوردستان و سەرسنوری باشوری باشوری کوردستان ئەنجامبدەن.[١١]**

### فەرماندە عوسمان بانیمارانی، هەمیشەدۆست و دوژمن حسابی بۆکردووە[١]

**ناوی تەواوی(عوسمان عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ)ە، ساڵی ١٩٥٤لەئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، نەوەی کوڕەبۆری ئیلنجاغی گەورەیە، بەلاّم ناسراوە بە(عوسمان بانیمارانی)، چونکە ساڵی(١٩٨٢)کە لەهەرێمی(٨ی دەشتی هەولێر)ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان ئەو کاتە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە چۆلکرابوو، ناوچەکە(مەحزور ئیداری)بوو، بۆیە لە گوندی بانی مارانی ناحیەی شۆڕش(دێگەڵە) نیشتەجێ دەبێت، لەپێشمەرگایەتیش لەکاتی ئێشکگری(٤) پێشمەرگە ناویان(عوسمان) بووە و بەیەکەوە بوون، هەر(عوسمان)ەی نازناوێکی هەبووە وەك:**

**١-شەهید عوسمان میرەکانی**

**٢-عوسمان کانی سلێمانەیی**

**٣-عوسمان سەرسۆر**

[١٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین رەئوف عوسمان)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١١] ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند ،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە،٤٢١-٤٢٣.

[١] چاوپێکەوتن لەگەل(عوسمان بانی مارانی) پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٤-عوسمان حاجی عەبدوڵلا، لەبەر ئەوەی ماڵی لەگوندی(بانی ماران) بووە، برادەران لەخۆیانەوە نازناوی(بانی مارانی) دەدەنە پاڵ بەتایبەت لەکاتی ئێشکگری شەوانە، دواتریش بەهۆی هەڵکەوتنیەوە ناوەکە تا دەهات زیاتر ناسراوتر دەبوو، بۆیە بەو شێوەیە نازناوی بانیمارانی لکاوە بەناوەکەیەوە و بووە بە عوسمان بانی مارانی.

لەتەمەنی(٢٠) ساڵی بەشداری شۆرشی ئەیلولی کردووە لەساڵی ١٩٧٤ لەلای(عەلی مەولود داربەسەری) لەبارەگای تایبەتی(ئیدریس بارزانی) بووە بە پێشمەرگە تا نسکۆی ١٩٧٥، ساڵی(١٩٨٠)لەڕێگەی شەهید(سەلاح سەید محەمەد ئیلنجاغی بە بنەچە خەڵکی ئیلنجاغی ناحیەی قوشتەپە بوو، کادرێکی سیاسی و سەربازی سۆسیالیست بوو) ڕێکدەخرێت لەڕێکخستنەکانی(حزبی سۆسیالیستی کوردستان) لەسەرەتای ساڵی(١٩٨٢) لەهەرێمی(٨ی دەشتی هەولێر)ی حزبی سۆسیالیست چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان، هەرچەندە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو سەروبەندەدا پڕوپاگەندەیان دەکرد کە(عوسمان) لەبەر پۆست بووە بە(سۆسیالیست) بەڵام لەڕیزەکانی حزبی سۆسیالیست سەرەتا هەر بە(پێشمەرگە) وەرگیراوە، بۆ وەڵامی ئەمە عوسمان بانیمارانی بۆی باسکردم ووتی: (لەسەر بنەمای هێزی سێیەم و دژە دوو جەمسەری مەلایی و جەلالی بوومە سۆسیالیست).

لەیەکەم شەڕی پێشمەرگایەتی لەمانگی(کانونی دووەمی ١٩٨٢) مەفرەزەکەیان دەکەوێتە ناو بۆسەی دوژمنەوە لەنێوان(گردەسۆر و قەشقە) توانیویانە قارەمانانە دەستبکەنەوە و بۆسەکە بشکێنن و تا نزیك ڕۆژئاوابوون شەڕ بکەن و بەرەی دوژمن زیانی گیانیشیان بەرکەوتووە، لەپایزی ١٩٨٢لەگوندی(بەردەسپی) کەناری بەستی شەرغە، دوژمن پەلاماری(٢) مەفرەزەی هەرێمی ٨ی دەشتی هەولێری کەرتی(محەمەد عەبدوڵلا قەشقەیی و نەوزاد بێستانەیی) دەدات، عوسمان بانیمارانی لە(نێرەگین)ەوە و(مام غەفور) لە(سێکانی)یەوە بۆ پشتگیری پێشمەرگەکان دەگەنە لایان، هەرچەندە



پێشمەرگەکان شەهیدیان داوە، بەڵام وورەیان بەرزدەبێتەوە بەگەیشتنی(عوسمان بانی مارانی و مام غەفور) دوژمن بەفڕۆکە و جەیشەوە دەشکێت، ئەم شەڕەش لەمێژوودا بەداستانی(بەردەسپی) ناسراوە، عوسمان بانیمارانی لەو بە هانا چوونەوە زیاتر ئازایەتی و قارەمانێتی دەردەکەوێت و لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٢) دەبێتە(فەرماندەی مەفرەزە) لەهەرێمی ٨ی دەشتی هەولێر و چەندین چالاکی نهێنی و پێشمەرگایەتی لەناو شاری هەولێر ئەنجامداوە لە لێدانی جاش و بەعسیەکاندا، دوای ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ حکومەتی عێراق لەنێوان ساڵانی(١٩٨٣-١٩٨٤) توانی بە سەر زۆرێك لەناوچەکاندا زاڵ بێت و بە سەرپەرشتی(نەوشیروان مستەفا) یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە(قرناقاوپشت ئاشان) دەستی بە سەر سەرکردایەتی(سۆسیالیست) داگرت، بۆیە بانیمارانی بەنهێنی ماوەیەك لە هەولێر و کۆیە ماوەتەوە، تا شەڕی بەرەی(جود) و شەهید بوونی کادیری سیاسی و سەربازی سۆسیالیست(شەهید سەلاح سەید محەمەد ئیلنجاغی) لە(گۆدۆ و حاجی ئۆمەران و بناری قەندیل)ەوە، بانیمارانی لەشەڕی(کونەکۆتر) کە بەرەی جوت (پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراق) بە تەواوی دەشکێت ناچار دەچێتە وولاتی(ئێران) لەساڵی١٩٨٣، لەساڵی ١٩٨٤دەگەڕێتەوە کوردستان لەو سەروبەندە لەناو سۆسیالیست دوو تەوژمی سیاسی بەدەرکەوت:

یەکەم: ئاڕاستەی شۆڕشگێڕی(**اتجاة الثوري**)ئەم تەوژمە گلەیی ئەوەیان دەکرد کەنابێت سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست بەرەو وولاتی ئێران بڕوات.

دووەم: خەتی گشتی سۆسیالیست.

ئەم دوو تەوژمەش باڵ دەکێشێت بۆ دوو لەتبوونی حزبی سۆسیالیست لەساڵی ١٩٨٥هەندێك کادیری حزب و(قادر عەزیز) ئەندامی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە و دواتر بوونە حزبی(زەحمەتکێشانی کوردستان) کە ئەمانە تەوژمی(ئاڕاستەی شۆڕشگێڕی) بوون، بانیمارانی لەگەڵ ئەم تەوژمە دەبێت، بەڵام وەك بانیمارانی باسی

دەکات: هەرسێ لایەنی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و سوپای پاسدارانی ئێران)یش دژایەتیان دەکردین، پاشماوەیەك سوپای پاسداران(قادر عەزیز)یان دەستگیرکرد، بۆ ماوەیەك چوینە ژێر دەسەلاّتی ناوچەی(پارتی دیموکراتی کوردستان) لە بادینان، پارتیش دەکەوێتە لێدان و ڕاوەدوونانیان، هەموو لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەیاننامەیان لەسەر ئەو گروپە جیابۆوەی حزبی سۆسیالیست بەیاننامەیان دەردەکرد، بەتایبەتی بەیاننامەی کەسی(شخصی) لەسەر(عوسمانی بانیمارانی و دکتۆر ڕەشید و زرار جۆلاّ)گوایە ئەوانە بکوژی(شەهید قادر مستەفا)ن، پاش ماوەیەك ئەم گروپە نێوانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئاسایی بۆوە و چارەسەری کێشەکان بە ئاشتیانە بەرێوە چوو، لەلایەکیتریشەوە حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە دەم بانگەوازی ئاشتبوونەوەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە چوون، ئیتر لەمەوە پاش ماوەیەك بانیمارانی دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانن گۆڕانکاری بکەن بەو پێکهاتەی(ئاڕاستەی شۆڕشگێڕی) چونکە زۆر دابڕاو بوون و لەڕووی سەرکردایەتیشەوە تەواوکاری(موتەکامیل) نەبوون، بۆیە بانیمارانی لەساڵی(١٩٨٧) بڕیار دەدات پەیوەندی بە(یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە بکات، لەکەرتی(٦)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەلای فەرماندەی کەرت شەهید(فواد گۆمەشینی) دەبێتە پێشمەرگە، پاش ماوەیەك دەبێتە جێگری ئەو کەرتە، دوای(داستانی ڕزگاری و کیمیابارانکردنی گۆپتەپە و عەسکەری قەلاّسێوکە) بانیمارانی لەمانگی(٥)ی ١٩٨٧دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و دەکرێتە فەرماندەی کەرتی(٢)ی هەمان تیپ، بەشداری گرتنی شارۆچکەکانی(تەقتەق و دێگەڵە و سەری ڕەش و میشراق) دەکات و ڕۆڵی جوامێرانەی بینیووە، ساڵی ١٩٨٨دوای ئەنفالەکان و لەگەڵ بڕیاردان بۆ دروستکردنی یەکەی پارتیزانی بەشێکی دیاری کەرت و مەفرەزەکانی هەردوو تیپی(٩١ی سەفین و ٨٥ی بەڕانەتی) گەڕانەوە



ناوجەرگەی کوردستان و ئەوەی لە هەردوو تیپ مایەوە عوسمان بانی مارانی بووە سەرپەرشتیاریان لەشەڕی کونەکۆتر لە٣٠-٨-١٩٨٨لەبناری قەندیل.

بانیمارانی بۆ ماوەیەك لە دوای شەڕی کونە کۆتر لە وولاّتی ئێران دەمێنێتەوە و لە(١٥-٥-١٩٩٠) دەگەڕێتەوە کوردستان و لەیەکەی ژمارە(٢٤)ی مەیدان لە سەربازگەی(تاجی) لەشاری بەغداد دەبێتە سەرباز بۆماوەی زیاتر لە(٢) مانگ، لەگەڵ گرتنی وولاّتی(کوەیت) لەلایەن سوپای عێراقەوە لە(٢-٨-١٩٩٠) جموجۆلی هێزی پێشمەرگە و شۆڕش دەست پێدەکاتەوە و لەلایەن شەهید(ڕێباز)ەوە فەرماندەی ڕەتڵی هەولێری پارتیزانەکانەوە پەیامێکی زارەکی بۆ بانیمارانی دەنێرێت بۆ دووبارە خۆ ڕێکخستنەوە، جارێکیش لەگەڵ(حاجی مەسیفی) بەیەکەوە لەو بارەیەوە بۆ خۆئامادەکردن گفتوگۆدەکەن و دەست دەکەن بە ڕێکخستی چەکدارەکانی حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی(شانە چەکدارەکانی بروسك) سەرپەرشتیارانی ئەوێ ڕۆژێ(شێخ تارق وحاجی مەسیفی و مەلا محەمەدی بەحرکەیی) بوون، لە(١١-٣-١٩٩١) لە(باداوە)ی شاری هەولێرەوە بانیمارانی لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر- مام ئەنوەر) بەرەو ماڵی مستەشار(ئەسعەد ئاغای هەرکی) دەچن، ئەوانیش شەڕی(جەماوەر و پێشمەرگە) ناکەن ولەکۆگای ماڵەکەیان چەکیان دەست دەکەوێت و بەرەو دەزگای(ئەمن و ڕێکخراوی حزبی بەعسی سەیداوە) و قایمقامیەتی مەرکەزی هەولێر هەڵمەت دەبەن و بارەگایەك بۆ خەڵکی ڕاپەڕیووی کوردستان لە(سەیداوە) دەکەنەوە، دواتریش دەچنە ماڵی(عزەت دووری) دوو سریەی سەربازی هیچ بەرگریەك ناکەن وخۆیان تەسلیم دەکەن و بانیمارانی دەستی بەسەر دادەگرێت و ناهێڵێت تالاّن بکرێت و دواتر بووە(سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال) سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەهەولێر.

لەدوای ڕاپەرینەوە بانیمارانی لە چەند وێستگەیەکی سەربازی و سیاسی کاری پێ سپێردراوە وەك:

١-فەرماندەی(هێز)بووە لەبەتالیۆنی(بەڕانەتی) شەهید ڕێباز فەرماندەی بەتالیۆنەکەی بووەلەساڵی ,١٩٩١

٢-لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی وحکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٩١ هێزەکەی بەتالیۆنی بەڕانەتی دێنە ناو شاری هەولێر بۆ پاسەوانی لیژنەی تەنسیق و بانیمارانی دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنەکە و(فاروق جەمیل)یش دەکرێتە سەرپەرشتیاری(لیژنەی تەنسیق).

٣-لەساڵی ١٩٩٢لە(سوپای یەکگرتووی کوردستان) دەکرێتە فەرماندەی فەوج لە لیوای ٣١ی هەولێر.

٤-لەساڵی ١٩٩٤بەهۆی(براکوژی)یەوە سوپای یەکگرتووی کوردستان جیابوونەوە لەیەکتری و بانیمارانی کراوە بەفەرماندەی(لەشکری قەرەچوغ) و سەرپەرشتیاری(میحوەری ڕۆژئاوای هەولێر)ی پێ سپێردراوە تاوەکو ٣١-٨-١٩٩٦

٥-ساڵی ١٩٩٧ وەك فەرماندەی لەشکر دەگوازرێتەوە فەرماندەی(فەرماندەیی ٥ی دووکان) و سەرپەرشتیاری(میحوەری سماقولی) تاکۆتایی(گەردەلولی دووەم) لەو داستانەدا کە لەماوەی(١)مانگدا(٣) برای قارەمانی( قادر و تاریق و ڕەفیق) شەهید دەبن بەشداری پرسەکەشیان ناکات چونکە ئامادە نابێت بۆ سعاتێکیش سەنگەر بەرامبەر دوژمن چۆڵ بکات.

٦-ساڵی ١٩٩٨دەبێتە فەرماندەی(فەرماندەیی سکرتارییەتی هەڤاڵ مام جەلال).

٧-ساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩دەبێتە فەرماندەی(فەرماندەیی ١٥ی قەرەچوغ).

وێستگە سیاسیەکانی:

١-لەکۆنگرەی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری سلێمانی بەکۆکردنەوەی(٥٢٢)دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بووە(ئەندامی سەرکردایەتی) یەکێتی نیشتمانی کوردستان.



٢-دوای کۆنگرە دەکرێتەلێپرسراوی(مەڵبەندی سۆران) بەڵام(پارتی دیموکراتی کوردستان) لە هەڵسوکەوتە بێباکەکانی نیگەران دەبێ، بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەچوارچێوەی(ڕێکەوتنامەی ستراتیژی) نێوانیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بانیمارانی لەو پۆستە لادەدات، لە کاتێکدا بەشاهێدی خەڵکی ناوچەکە یەکێك بووە لە هەرە لێپرسراو مەڵبەندە سەرکەوتوەکانی  مێژووی مەڵبەندی سۆران .

٣- لەساڵی(٢٠٠٥) لە(خولی گواستنەوەی پەرلەمانی کوردستان) دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و(سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز) بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی شاخ و شاری، خەباتی مەدەنی دەست پێدەکات لەسەر پڕۆژەیاسای(نەوت وگاز)ی هەرێمی کوردستان لەو پۆستەشی لادەدەن، چونکە نایەوێت یاساکە تێپەڕێت، ئەو هەڵوێستەی بانیمارانی زیاتر دەیناسێنێت، چونکە پێشتر وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەناسرا بەڵام لێرەدا وەك هەڵوێستێکی سیاسی و مەدەنی بانیمارانی هاتە ناساندن، چونکە بیروڕای ئەوەبوو پێویستە یاساکە وورد‌تر دابڕێژرێت و خەڵکی پسپۆڕ و ئەکادیمی بیخوێنێتەوە تا هەڵە و کەموکورتیەکانی نەهێڵرێت ئینجا دەنگی لەسەر بدرێت.

٤-ساڵی(٢٠٠٦) لەباڵی(ریفۆرم)ی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاردەکات، دەبێتە ئەندامی لیژنەی دانوستانەکانیش لەباڵی ریفۆرم، پاش ئەوەی(جەلال تاڵەبانی- مام جەلال) سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە(سەرۆك کۆمار)ی عێراق، ئیتر ئەو باڵە زەقتر دەرکەوتن، تا دواکۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە(٣-١٢-٢٠٠٨) هەردوو باڵ، باڵی(ریفۆرم) لە کادیرانی ناوەوەی هەرێمی کوردستان و ناو یەکێتی پێکهاتبوون و باڵی(ڕەگ)یش کۆمەڵێك کادیرانی یەکێتی دەرەوەی هەرێم بوون، بەیاننامەیەکیان دەرکرد ، کەتێیدا باڵی(ریفۆرم) لە نێو(بزوتنەوەی گۆڕان) توێنرایەوە، بانیمارانی بووە هەڵسوڕاوێکی دیاری ئەو بزوتنەوەیە بەتاییەت لەهەولێر وکۆیە.

٥-بانیمارانی لە هەڵبژاردنەکانی(٢٥-٧-٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە سنوری پارێزگای هەولێر و بەتایبەتی شاری(کۆیە) کە ئۆرگانەکانی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە تەواوەتی کەوتنە ژێرکاریگەری بزوتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشارەکەی(حاجی و هەڤاڵ مام جەلال) بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردن نەیاتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە وێستگەیەکیتری دوای ئەم هەڵبژاردنە بانیمارانی بە سێیەم دەنگی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرایەوە و ئەمجارە بۆ گەنجێکی بزوتنەوەکە کورسیەکەی پەرلەمانی بەجێهێشت.

٦-دوای ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکەوتن بۆ دروستکردنی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆیە بانیمارانی لە وێستگەیەکیتری خەبات خۆی لە بزوتنەوەی گۆڕان سڕ کرد و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان گەڕایەوە ناو ریزەکانی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەمەش دڵخۆشی خستەوە نێو ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەرێم و مایەی نیگەرانی بزوتنەوەی گۆڕان بوو.

٧- دواجار بانیمارانی ئێستا ئەندامی خانەنشینی پەرلەمانی کوردستانە.

ئەگەرچی وێستگەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و سیاسی و مەدەنی بانیمارانی سەنگەرگواستنەوە و ئەوبەر و ئەمبەری تێکەوتووە، هەر لە(حزبی سۆسیالیستی کوردستان و باڵی ئاڕاستەی شۆڕشگێڕی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و باڵی ریفۆرم و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەڵام هەردەم لەبەرەی میللەت و گەڵدا بووە، ڕۆژێك لەڕۆژان لەبەرەی دوژمن نەبووە، ئاڵۆزی و براکوژی و ناتەبایی و ناکۆکی و بیر و ڕاجیاوازی لەنێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ململانێ ناڕەواکان چۆك و ملی بە عوسمان بانیمارانی دانەداوە و هەردەم دۆست و دوژمن حسابیان بۆکردووە.



## ڕۆڵی ئیلنجاغیەکان لەبادینان

بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بیسەلمێنێ لەناوچەکانی(بادینان)یش دەتوانێ چالاکی ئەنجامبدات بۆ ئەو مەبەستە هێزێك لەتیپ و کەرتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە فەرماندەیی(رائید جەلال) ئامادەکران تاوەکو بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بچنە ناوچەی بادینان، ئەم هێزە لەدوای داستانی گرتنی شارۆچکەی(شۆرش-دێگەڵە) و لەسەرەتاکانی مانگی ئەیلولی ١٩٨٧ئامادەکرا.[1]

ئەو هێزە لە(٢٠-٩-١٩٨٧) دەگەنە وڵاتی ئێران و شاری(شنۆ)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێشەوە بەرێدەکەون بۆ(سێ سنور)ی نێوان(ئێران و عێراق و تورکیا) تا دەگەنە(خواکورك) و لە(بامەڕنێ) بارەگا دادەنێن، ئیلنجاغیە بەشداربووەکان لەو هێزەدا ئەمانە بوون:

١-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر وسو ئیلنجاغی

٢-شهاب وهاب فەتحوڵلا کاوێس ئیلنجاغی

٣-غەفور حەمەد ڕەسوڵ عەبدوڵلا ئیلنجاغی

لەکەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، فەرماندەی کەرتەکەیان(سەباح مەنتك) بوو[2]، بارەگای مەڵبەندی(٤)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وکۆمیتەکانی(ئامێدی و دهۆك و شێخان) لە(گەلی باوزێ و گەڵناسکێ و گەلی سێدەر) دامەزرابوو، بە سەرپەرشتی شەهید(ئازاد هەورامی) یەکێتی لەدوای کارەساتی ١٩٧٨ی هەکاری-یەوە نەیتوانیبوو بوونی خۆی لەم دەڤەرە بسەلمێنێ و دابڕانێك لەم دەڤەرە بەدیدەکرا[3]، شوکروڵلا حەمەدەمین دەبێتە ڕێکخەری تیپ لەگەڵ(مەروان مەلاقەرەیی) کە ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیایە، کاری ڕێکخستن-

[1] شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(غەفور حەمەد ڕەسوڵ)پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[3] شوکروڵلا شێخانی، تۆڵەی هەڵەبجە لەبادینان، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٩)ی ساڵی چوارەم، ئازاری ٢٠٠٨لاپەڕە ٢.

یانکردووە، بۆ ئەو مەفرەزانەی کە بۆ(بادینان) نێردرابوون[٤]، ئەمانە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە بادینان درێژە بەخەبات دەدەن و بەشداری چەندین نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانە دەکەن، هەرسێ کوڕە مێرجاڕییەکە(شوکروڵلا و غەفور و شهاب) لەسەرجەم چالاکیەکانی ئەم ساڵەدا شان بەشانی کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ڕۆڵی جوامێرانەیان بینیووە.[٥]

هێزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان چەند چالاکیەك ئەنجام دەدەن وەك:

١-لەنێوان(باتوفە و بێگۆڤە) بۆسە بۆ دوژمن دادەنێن و دوژمن دەکەوێتە بۆ سەکەوە و زیانی پێدەگات.

٢-لەنێوان(بێگۆڤە و ڕاڤینا) لەچالاکیەکدا لەگەڵ(جەوهەر گردەسۆری) دەست لە دوژمن دەوەشێنن و هەردوو پێشمەرگەی قارەمان(پاڵە چەمچەماڵی) و(خەیری بادینی) شەهید دەبن.

٣-لەتۆڵەی هەڵەبجەدا لە(٢٨-٣-١٩٨٨) چالاکیەکی بێ وێنە ئەنجام دەدەن لەنێوان(بێگۆڤە وکانی ماسی) لەگوندی(ڕاڤینا) دەست بەسەر فەوجێکی ڕژێمی عێراقدا دادەگرن، کەتێیدا فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر(شەهید ئیبراهیم عەبدوڵلا پیرداود)ی شەهید دەبێت و(نازم کوڕەداویی)یش بریندار دەبێت.[٦]

لە(٢٠-٤-١٩٨٨) بەرەو ناوچەی سێ سنور کەوتنەوە ڕێگا ولە(ڕێکانی)یەوە هاتونەتەوە(چیای شیرین) بە گەلی هۆرێ و پشتی(چیاکەر) دێنەوە(چەمی ڕێزانۆك) و ناوچەی(بارزان) بۆماوەیەك لەوێ دەمێننەوە، دواتر بەچیای(برادۆست) و مێرگەسۆر

[٤] شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شهاب وهاب فەتحوڵلا)لەدایکبووی ١٩٦٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،٢٦-١٢-٢٠١٢ز.

[٦] شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



دەچنە(دەشتی حەیاتێ) بۆگەلێ ڕەش هەریەك لە(تۆفیق کانی لەلەیی و لالۆ مەرزانی) چونکە خەڵکی نزیك زێی بچووك بوون ڕۆڵی باشیان هەبوو لەپەڕاندنەوەی پێشمەرگەکان، دواتر لەگەلی ڕەشەوە دەگەڕێنەوە شاری(شنۆ)ی ڕۆژهەڵات، لەوێشەوە بە(بادیناوێ و نەمنجێ و باڵەیان و قرناقاوپشت ئاشان و دۆڵی باڵەییان)لە٣١-٨-١٩٨٨دوای ئەنفالەکان دەگەنەوە(وەرتێ و خەتێ و توتمێ) کە هێزەکانی مەڵبەندی سێی یەکێتی لەوێ بوون پێش جوڵە و پاشەکشەیان بۆ سەر سنوری عێراق-ئێران ولەڕەتڵی پارتیزانەکانی هەولێر لەقۆپکی(جوانەگا وکێلێ کێل) بەرامبەر کۆڕەك مانەوە.[٧]

## کێوماڵ خەریکبوو ئاگا بخنکێنێ

لەنێو ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی حکومەتی عێراق و رژێمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەهاوینی ساڵی ١٩٨٨ بەتایبەت لە رۆژ و بەرواری(٢-٨-١٩٨٨) گوشاد عەبدولرەحمان بایز و شادیە رەحمان جۆری هاوسەری و(ئاگا)ی تاقانە و کوڕە نۆبەرەکەیان، لە ئاقاری(کاولە خانیان)ی باشوری رۆژئاوای گوندی ئیلنجاغی گەورە، دوور لە دەسەڵاتی فاشیانەی بەعس لە کونە شاخ و هەرەت و شوێنە عاسێیەکان دەژیان، ئەو خێزانەی هەموو خەڵکی سنورەکە هەردەم بە چاوی ئومێدەوە لێیان دەڕوانین چونکە لەماوەی هەشتاکانی ئەو سەدەیە خانەخوێ و نۆژدار و داڵدەدەری بیرە جیاوازەکان و مەکۆی بەرەی رزگاری زەحمەتکێشان و تیمارگەی بریندارانی هاوڵاتی و پێشمەرگە بوون، خاوەنی شەهید وبیری شۆڕشگێریش بوون، لەو رۆژەدا تەمەنی کوڕە نۆبەرەکەیان ئاگا تەنها(سالێك و٢مانگ) بووە، هێزەکانی جاش و جەیش بەردەوام کێوماڵی ئەو ناوچەیانکردووە، بەدوای مۆڵگە و ئاگردان و شوێن پێی پێشمەرگە و حەشارگەکانیانەوە بوون، جگە لەوەش ئیلنجاغیەکان زۆربەیان پێشمەرگە و فەرماندەی کەرت و کادیر و کوڕی قارەمان بوون بۆیە دوژمن بەردەوام کێوماڵەکانی

[٧] شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

لەو ناوچەیە چڕکردبۆوە، لە کێومالێکدا کە لە ٢-٨-١٩٨٨ جاش و جەیش ئەنجامیاندا تەواو مۆڵگەی کاولە خانیانی ماڵی گوشاد عەبدولرەحمان دەگرێتەوە ئەوانیش بە پڕتاوی دەچنە ناو کەپەکە شاخێك جگە لە(گوشاد عەبدولرەحمان و شادیەی هاوسەری و ئاگای کوڕی) سێ پێشمەرگە و کادیریتر بەناوەکانی(عەلی مەحمود ئیلنجاغی و خالە نادر کەریم و سەباح عەبدولرەحمان حەمە سالح تالەبانی) بەقەرەپەستۆ لەهەمان کەلێن و کەپەکە شاخ خۆیان دەشارنەوە، سمکۆڵانی جاش و جەیش هێندە نزیك دەبێتەوە تەپوتۆزی پۆستاڵ و پێلاوەکانیان بە رووکار و سەر دەرووی کەپکە شاخەکەی کە خۆیان تێدا شاردۆتەوە دەڕوات، ئاگای نۆبەرەش نەخۆش و لاواز و کۆکەی بووە ترساون بەهۆی کۆکەی ئاگاوە جاشەکان و سەربازەکان پێیان بزانن و ئاشکرایان بکات بۆیە ڕوو دەکەنە شادیەی دایکی تا ئەو شتێك بلێت، شادیەش دەڵێت: (ئەگەر مەترسی هەبوو لەسەرتان ئەوا توند قوڕگی بگرن تا ئاشکراتان نەکات، چونکە ئەو دەبێتەوە بەڵام ئێوە پەیدا نابنەوە)[1]، ئەمەش هەڵوێستێکی پڕ شۆڕشگێڕییە لەڕۆژێکی سەختی لەو شێوەیەدا، بۆیە ناونیشانی ئەو بابەتە بووە کێومالْ خەریکبوو ئاگا بخنکێنێ، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە تا کێوماڵەکە کۆتایی دێت ئاگا لە باوەشی دایکی دەخەوێت و کرە و کۆکەی لێوە نایەت کورد ووتەنی(ڕۆژی مابووە) هەڵبەت هاوشێوەی ئەم حاڵەتە لە زۆربەی شۆڕش و بزاوتە رزگاریخوازەکانی گەلانی دنیا بەردەوامە و دووبارەش دەبێتەوە بەڵام هەر ئەو ڕۆژانەشن ئازادی و سەرفرازی بۆ گەلان دێنن.

## لەگەرمەی ئەنفال و کیمیا باراندا خەبات درێژەی هەیە

ئیلنجاغیەکان لەکاروانی خەباتی شۆڕشی نوێ لەنێوان(٨) قۆناغەکەی ئەنفال و کیمیاباراندا بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسی حکومەتی عێراق قارەمانانە هاوشانی برا پێشمەرگەکانیان بەردەوامبوون لەسەنگەری ڕووبەڕووبونەوەی بەرەیی و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شادیە رەحمان عەبدوڵلا) لەدایکبوی ١٩٦٦ی هەولێر، ژنی شاخ، لە١٢-٥-٢٠١٧ز.



پەلاماری مۆڵگەکانی دوژمن و چالاکی گورز وەشاندن لەپێگەکانی ڕژێم لەهەر ناوچەیەکی کوردستان لە(بادینان و دۆڵی جافایەتی و شارباژێڕ و قەڵاسێوکە و خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و شەمامك و قەراج و مرکیە وکەندێناوە و بناری شاخە بەرزەکانی سەفین و کۆڕەك و هەیبەت سوڵتان و کێشکە و قەندیل) لێرەدا تەنها ئاماژە بەشەڕ و پێکدادانە دیارەکانی وەك(گرتنی سەری ڕەش و سەرکردایەتی و مەچلوبەی شەمامك و داستانی بەرگری لەمەڵبەندی سێ و شەڕی کونە کۆتر)دەکەم.

## گرتنی سەری ڕەش

داستانی سەری ڕەش وەك شەهید ڕێباز بە یەکێك لەسەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگشتی و مەڵبەندی(٣)ی بەتایبەتی ئەژمارکردووە و لە هەموو کوردستان ئەم داستانە دەنگی داوەتەوە و ئێستگەی لەندەن بەدوور و درێژی باسی ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە کەلە شەوی(٢٥/٢٦-١-١٩٨٨) ئەنجامدراوە.[1]

نامەوێت ووردەکارییەکانی ئەو سەروەرییە لێرە دووبارە بکەمەوە چونکە(شەهید ڕێباز لە کتێبی قەندیل بەغدای هەژاند و ئەحمەدکوردە لەکتێبی بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات و جەلال ئیلنجاغی لە کتێبی لەشارەوە بۆشاخ) لەگەڵ ئەوەی بیرەوەری هەریەکێکیان خۆی دەبێتە پاڵەوان چونکە یاداشت نوسین هەروایە بەڵام تاڕادەیەك بەتێر و تەسەلی ئەم داستانەیان خستۆتە سەر کاغەز و مێژوو، لەگەڵ ئەوەی لەهەرسێ کتێبدا نەتوانراوە ژمارەی شەهید و ئەو پێشمەرگانەی لەچالاکیەکەدا لەژێر سەرما و بەفربارین ڕەقبونەوە و شەهید بوون بەیەکلاکەرەوەیی بخەنە ڕوو، هەڵبەت(ئەحمەد کوردە)ش ناوی هەندێ پێشمەرگەی قارەمانی نوسیووە لەگەڵ ئەوەی هەموویان قارەمان بوون، بەڵام لەم ئۆپەراسیۆنەی گرتنی سەری ڕەش بەشدارنەبوون،

[1] ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٧٢، لەگەڵ ئەوەشدا شەوی ٢٧/٢٨-١-١٩٨٨یشم زۆر بیستووە-نوسەر.

لێکۆلینەوە مێژووییە سیاسیەکەی بەندەش، بەندە بەناوچەی توێژینەوەکەم کە کورانی(مێرجار) دەگرێتەوە، ئەو ئیلنجاغیانەی لەو نەبەردییە بەشداربوون ئەمانە بوون:

١-جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٢-عوسمان بانیمارانی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

٣-شەهید زاهیر هەمزە سالح ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٤-سەباح سەلام سالح ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٥-سەباح عەلی مەحمودئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٦-لوقمان حەمەعەلی عەلی ئیلنجاغی، پێشمەرگە.[٢]

سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەگرتنی ئەو خاڵەی بۆی دیاریکراوە لەکۆشکی سەدام حوسێنی سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق، پێشمەرگەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووە لەو ئاگرباران و سەرما و سۆڵەی بەفربارین و شەوی ئەنگوستەچاودا نوکتەیەکی خۆشی بۆگێڕامەوە:

شەفیق چاوشین فەرماندەی کەرتەکەمان بوو، دەبوایە کۆشکی سەدام حوسێن بگرین، هەرکەرتە و مەفرەزەیەك خاڵێکی بۆ دیاریکرابوو، دونیا سارده بەفر دەبارێت، شەوە زەنگە، ئەگەر جولەت نەکردایە سەرما دەیبەستی، لەدەستەی هێرش بووم، لەپرسگەی کۆشکی سەدام بووینە دوو بەش، بەشێك شەفیق چاوشین و بەشەکەی تر شەهید مەلا سلێمان جێگری تیپمان سەرپەرشتیاندەکرد، ڕەبیەکەی سەرخانووەکەی سەدام و ناقیلەیەکیش لەحەوشەکە تەقەیان دەکرد، بەڵام ئەوان نایانزانی ئێمە لەپەنای دیواری کۆشك و پرسگەکەین تەقەکانیان بۆ دوور دەکرد، شەهید مەلا سلێمان پێی ووتین: یەکی ڕوومانەیەك هەڵدەنە ژێر ناقیلەکەوە ئینجا هێرش بکەن، لەپڕ ڕمپەیەك

[٢] چاوپێکەوتنەکانی پێشووی پێشمەرگە دێرینەکانی(جەلال ئیلنجاغی، عوسمان بانیمارانی، سەباح عەلی، سەباح سەلام،لوقمان حەمەعەلی).



لەتەنیشتمەوە هات سەیر دەکەم فەرماندە(جەلال ئیلنجاغی)یە ووتی: سەباح ڕوومانەکە بدە دەستم من دەیخەمە ژێر ناقیلەکەوە، منیش گوتم: بەخوای پێتی نادەم هەتا دوایی لەناو ژنان و لە شێنەیی بلێی لەبن ڕەبایەی ڕوومانەکەم لەسەباحی وەرگرتیە؟! بەڵام خواهەڵناگرێت جەلال ئیلنجاغی قارەمانانە بەشداریکرد، دواتر هاوکاریکردم هەندێ(حەلوا ونان)ی پێبوو، گووتی" لەگەڵ پێشمەرگەکان بەیەکەوە بیخۆن ئەگەرنا لەسەرما ڕەق دەبنەوە، ڕاست دەرچوو کە لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕەبیەکە و ناقیلەکەمان گرت حەلواو نانەکەمان خوارد تەواو گەرم بوینەوە؟! دواتر بۆمان دەرکەوت هەندێ پێشمەرگەی قارەمان بەهۆی سەرماوسۆڵە و هەناو چۆلیەوە لەناو بەفر ڕەقبوونەوە و شەهیدبوون.[٣]

### پەلاماری دوژمن لەشوباتی ١٩٨٨بۆ سەرکردایەتی

هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەروبەندی سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ئیتر ئۆقرەیان لێ هەڵگیرابوو، ڕۆژ نەبوو یان پەلاماری دوژمنیان دەدا یان پەلاماری دوژمنیان لەسەر بوو بە فرۆکە و تانك و زریپۆش و لەشکرکێشی و بەکارهێنانی سیاسەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، جار هەبوو کەرتێکی پێشمەرگە(٣٠) سعات بەپێ ڕۆیشتون بۆ ئەنجامدانی چالاکیەك یان زیاتر بۆ بە هاناوە چوون و بەرگریکردن لەبارەگایەك یان شوێنێکی ستراتیژی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لەشوباتی ١٩٨٨ڕژێمی حکومەتی عێراق پەلامارێکی بەرفراوانی خستە سەر ناوچەکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی و شارباژێر لەماوەی(٢) مانگدا توانی ئەو ناوچانە داگیربکات.[٤]

چەند مانگێك دەبوو بەشێك لەکەرت و مەفرەزەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لەو ناوچانە لەسەنگەر بوون دژی سوپای عێراق، بەکر سولێمان

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٤١.

حەمەمستەفا ئیلنجاغی پێشمەرگەی کەرتەکەی(مامەند مەنتك) بوو لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆی گێڕامەوە:

لە(١٦-٣-١٩٨٨) کە(هەڵەبجە) کیمیاوی لێدرا، لەشەرگەی سەرکردایەتی بووین لە(مێرگەپان) دوژمن (ڕاجیمەی کیمیاوی) تێدەگرتین بەو هۆیەی لەسەر چیا بووین کاریگەری ئەوتۆی نەبوو بەسەر پێشمەرگەکانەوە، لە(١٩-٣-١٩٨٨) لەو ناوچەیەدا پاشەکشەمانکرد لە(زێوە) چوینە شاری(بانە)ی ڕۆژهەلات، لە(٢٠-٣-١٩٨٨) گەیشتینە شاری(سەردەشت) ماندووبوون تەواو دەستی لێ ستاندبوین لەگوندێکی نزیك سەردەشت لاماندا بۆ پشوودان، خەڵکی گوندەکە پێشوازییەکی گەرمیان کردین و وتیان"وەرکەون؟!"، ئێمە زۆرمان پێ سەیر بوو چونکە لای خۆمان لەدەشتی هەولێرێ و وورواتی کۆیە تەنها بە(سەگ) دەڵێین وەرکەوە، تومەز شێوە زاری ئاخاوتنیان وابوو، لای ئەوان(وەرکەون) بەمانای(پشوودەن و پاڵکەون) دێت، دوای پشوودانمان بەرەو(قاسمەرەش) بەڕێکەوتین لەوێشەوە بۆ(قرناقاوپشت ئاشان) ئینجا بەدۆڵی(شەهیدان)ەوە گەیشتینەوە(وەرتێ) زیاتر لەیەك مانگ بوو لەناو شەڕ و بەرگری و پاشەکشە بووین، لە(وەرتێ)ی دڵگیر بە سابوونە ڕەقی و ئاوی تەزیووی ڕووباران خۆمان شوشت.[٥]

## توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و پاراستنی مەڵبەندی سێ

لەتۆڵەی هەڵەبجە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەرنامەی(نەوشیروان مستەفا) توندوتیژی شۆڕشگێڕانەیان گرتەبەر، بەدووری(٤٠) کیلۆمەتری خۆرئاوای شاری هەولێر، گوندی(مەجلوبە)یان کۆنترۆڵکرد کە(٧٠)کوژراو لە دوژمن و(٤) شەهیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێکەوتەوە.[٦]

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەکر سولێمان حەمە مستەفا)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(٦) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤٠.



ئەم چالاکیە کە شەهید(ڕێباز) بە(توندوتیژی شۆڕشگێڕانە) ناویبردووە، لەشەوی(٢٧/٢٨-٣-١٩٨٨) ئەنجامدراوە، موحسین ڕەئوف عوسمان ئیلنجاغی کە لەگەڵ فەرماندەی کەرت(جەلال ئیلنجاغی) بەشداربووە وتی: جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت و شەهید کەمال کێخوا ساڵحی گەرمکی تەقتەق فەرماندەی مەفرەزە و سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی و سەباح سەلام ساڵح ئیلنجاغی و شۆڕش سێگردکانی و بەندە) بەشداربووین.[٧]

پاش ئەم چالاکیە ئیتر هێزەکانی دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی لەسەرەتایی مانگی نیسانی ١٩٨٨ بەرەو سنوری مەڵبەندی(٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆیشتوون و بەرگرییەکی بێ وێنەیان لەسنوری مەڵبەندەکەدا کرد تاوەکو(١٢-٦-١٩٨٨) دواتر لە(٢٥-٧-١٩٨٨) لەمەڵبەندی(٣)کۆبونەوەیەکی فراوان بەڕێوەچوو کەپەیامی(نەوشیروان مستەفا)یان بەو شێوەیە ڕاگەیاند:

(شەڕکردن بەشێوەی بەرەیی لەگەڵ حکومەتی عێراق زیانی زۆر دەبەخشێ بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە داوای کرد چەند یەکەیەکی پێشمەرگە لەناوچەکان بە شێوەی پارتیزانی کاربکەن و باقی هێزەکە بگەڕێتەوە قەندیل)[٨]

## شەڕی کونە کۆتر

هەردوو حکومەتی(عێراق-ئێران) لە(٨-٨-١٩٨٨) شەڕی هەشت ساڵەیان کۆتایی هات و هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر وەستاندنی شەڕدا، بەمەش سوپای عێراق بە تەواوی هێزەکانیەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی دا و ناچار سەرکردایەتی شۆڕش ڕایگەیاند شەڕی بەرەیی لەگەڵ سوپای عێراق زیانی زۆرترە بۆیە بۆ درێژەدان بەخەبات دوو پێشنیاری خستە بەردەم هێزەکانی پێشمەرگە:

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین رەئوف عوسمان)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.
(٨) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤٦.

یەکەم: پێکهێنانی چەند یەکەیەکی پارتیزانی لەناوچە جیاجیاکاندا.

دووەم: سەرجەم هێزەکانی تر بکشێنەوە بناری قەندیل و سەرسنوری ئێران –عێراق.

رژێمی عێراقیش رۆژ بە رۆژ لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو رووبەڕووبوونەوەکاندا بەکاردەهێنا، هێدی هێدی ناوچەی رزگارکراو بۆ پێشمەرگە بەرتەنگ دەبۆوە، دوایین شەڕی راوە دوونانی هێزی پێشمەرگە لەبناری چیای قەندیل روویدا لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٨ کەبەشەڕی(کونەکۆتر) ناونراوە، بەداخەوە دەیان پێشمەرگەی قارەمان و شۆڕشگێر شەهیدبوون و بەدەیانیتر برینداربوون، ئەو ئیلنجاغیانەی لەو شەڕەدا بەشداربوون ئەمانە بوون:

١-عوسمان بانیمارانی سەرپەرشتیاری پاشماوەی کەرت و مەفرەزەکانی تیپەکانی ٩١ی سەفین و٨٥ی بەڕانەتی.

٢-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

٣-سەباح سەلام ساڵح ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٤-سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٥-لوقمان حەمەعەلی عەلی ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

٦-عەبدولخالق سمایل حەمەد-بۆرە، پێشمەرگە.

٧- شهاب وهاب فەتحولڵا ئیلنجاغی .[9]

شهاب وهاب فەتحولڵا گێڕایەوە و ووتی:

لەو شەڕەدا ئەوەی من بیێتەوە یادم کاک نەسروڵلا عەلی فەرماندەی کەرت و سەباح عەلی و لوقمان حەمەعەلی بەشداربووین، لەکۆبوونەوەی گۆمە(کرمە سوران) کۆسرەت رەسول عەلی کۆبونەوەی پێکردین، لەو شەڕەدا بەسەرپەرشتی شەهید(فاقە

[9] چاوپێکەوتنەکانی پێشووی پێشمەرگە دێرینەکانی(نەسروڵلا ئیلنجاغی، عوسمان بانیمارانی، سەباح عەلی، سەباح سەلام،لوقمان حەمەعەلی).



مەحموری) بەشداربووم، هەوڵماندا دوژمن تێکبشکێنین بەڵام لەبەر زەبەلاحی دوژمن و بێ شوماری ژمارەیان کشاینەوە ناوچەی(زەلێ) دواخاڵی سنوری کوردستانی عێراق-وولاتی ئێرانە.[10]

لوقمان حەمە عەلی پێشمەرگەی بەشداربووی شەڕەکە دەگێڕێتەوە:

هەموو هێزەکانی مەڵبەندی سێ لەدۆڵ و چیای کونەکۆتری بناری قەندیل بووین، لەشەڕەکەدا کە لە بەرواری(٣١-٨-١٩٨٨) بوو، فەرماندەی کەرتەکەمان(نەسروڵلا عەلی) بەسەختی برینداربوو، توشی(کۆسرەت رەسوڵ عەلی) بووین ووتی"لوقمان جوان بن هەنگڵی بگرە، تکلیەکی لەسەر بنە گێنیەك گەرم کرد و شلەتێنی کرد، بەدەستی خۆی ئاوی بەسەر نەسروڵلا داکرد و(٥٠٠) دیناری عێراقی چاپی سویسری دایە دەست(سەباح عەلی)ی برای و ووتی: بڕۆنە وولاتی ئێران لەوێ(نیازی کاکەڕەش و نەوزاد کاکەڕەش) ئاگاداربکەنەوە، خەرجیەکانی بکێشن تا ئەو کاتەی چاك دەبێتەوە، ئەم رووداوە لە بناری چیای کونەکۆتر بوو، ئیتر ئێمە لەگەڵ(سەباح عەلی) کاك نەسروڵلا-مان بەبرینداری برد، لە(شێخ ئایش) تووشی(مام جاسم ئیلنجاغی و شەهید شاخەوان عەباس و شەهید عەبدولرەزاق) بووین، نوسراویان بۆکردین بۆ ئەوەی(داخلی) نەخۆشخانەکانی ئێرانی بکەین، نەسروڵلا برینەکەی ئەوەندە سەخت بوو، ناوە ناوە وامانەدزانی شەهید بووە، ناوە ناوەش وامانەدزانی ماوە؟!، کە بەهۆشی خۆی دەهاتەوە دەیگوت(سەباح) خۆ(لوقمان)مان بەجێ نەهێشتووە؟ وورەی لەهەردووکمان بەرزتر بوو، دواتر گەیشتینە(زەلێ) و(نۆکان) و(قاسمەڕەش) ئینجا لەوێوە بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران.[11]

[10] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شهاب وهاب فەتحوڵلا)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[11] چاوپێکەوتن لەگەڵ(لوقمان حەمەعەلی عەلی)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

سەباح عەلی مەحمود بەو شێوەیە شەڕەکە دەگێڕێتەوە:

شەڕی کونەکۆتری بناری قەندیل، ئاوی کرمە سۆران، تاتی دۆ، زەنگەلین، شێخ ئایش لەوێشەوە دەچێتەوە بۆ(بادیناوێ) تیپەکانی(٢٩ی کەلکەسماق و٥٥ی قەرەداغ و٨٦ی دەشتی هەولێر و٨٧ی قەرەچوغ و ٨٥ی بەڕانەتی و ٩١ی سەفین و تاد) نزیکەی(١٥٠٠-٢٠٠٠) پێشمەرگە دەبوون، شەڕەکە بەرەیی بوو، من و کاکم نەسروڵلا و لوقمان حەمەعەلی پێکەوەبووین، لەگوندی(ئێنزێ) توشی(کۆسرەت ڕەسوڵ و شێخ جەعفەر و شەهید ئازاد هەورامی و ملازم عومەر) هاتین، هەر لەو شەڕەدا شەهید ئازاد هەورامی شەهید بوو، نەسروڵلای براشم بەخەستی برینداربوو، ئێمە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بووین سەرکەوتین بۆ چیای کونەکۆتری بناری قەندیل هەردوو فەرماندە(شەهید فاقە مەخموری و نەسروڵلا عەلی) سەرپەرشتیان دەکرد، بەڵام بۆردومانی هەلیکۆپتەر و تۆپباران شەهید و برینداری زۆری لێداین، کە کاك نەسروڵلا برینداربوو(٨) شەو و ڕۆژ جولەی نەکرد، بەسواری ئێستری بردمانە(شێخ ئایش) دواتریش(بادیناوە)، تۆپبارانیش بەسەرمانەوە بەردەوامە، هەرچۆنێ بێ گەیشتینە(خانێ) و لە(خانێ)ەوە یەکسەر بۆ ورمێ(ڕەزاییە) بردمانە نەخۆشخانە، کاك(فەتاح عەبدولرەحمان حەمەساڵح تاڵەبانی وحەسەن تەها قادر ئیلنجاغی) بەهانامانەوە هاتن لەشاری ورمێ.[12]

---

(١٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

# بەشی چوارەم

## پارتیزانەکانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە

## بەشی چوارەم

## پارتیزانەکانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە

پارتیزان دەستەواژەیەکە بەو مەفرەزانەی هێزی پێشمەرگە دەوترێ کەپاش قۆناغی ئەنفالەکان لەساڵی ١٩٨٨ بەئارەزووی خۆیان لەناوچە سۆتماککراوەکاندا مانەوە و بڕیاری چۆڵنەکردنی مەیدانی پێشمەرگایەتیان دابوو، یان بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو کە سەرکردایەتی داینابوو، بۆ ئەو شوێنانە نێردرابوون کە بۆیان دەست نیشانکرابوو، زۆربەیان لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتبوون، بەڵام هەندێك لە(حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) هەبوون.[1]

قسەکردن و توێژینەوە لەسەر تێکڕای پارتیزانەکانی دوای ئەنفالەکانی حزبە کوردییەکان، کارێکی ئاسان نیە، چونکە لەکاتی خۆیدا کاری لەسەر نەکراوە و خەمساردیەك بەرامبەر ئەو تێکۆشەرانە هەیە و هەبووە سەبارەت بەخەبات و شەونخونی و ئێشکگری و قارەمانێتیان، دەمەوێ وەك شانازیەك ڕۆڵی کوڕانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەنێو ریزەکانی پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ مێژوو تۆماربکەم.

بیرکردنەوە لەخەباتی پارتیزانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرەیەك کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە لە(٢٧-٦-١٩٨٨)ەوە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو بارودۆخەی شۆڕش تێیکەوتووە، یەکێك لە بڕاردەکانیان

[1] ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، فەرید ئەسەسەرد سەرپەرشتیار،کەیوان سەعید سکرتێری نوسین، ئەکادیمیای هۆشیاری وراگەیاندنی کادیران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣ز، لاپەڕە٥٩.



پێکهێنانی(یەکەی پارتیزانی) بوو[2]، لە(٢٥-٧-١٩٨٨) مولازم عومەر لە مەڵبەندی سێ ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیامی سەرکردایەتی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بارودۆخی ئەوکات خستۆتەڕوو کە دروستکردن و پێکهێنانی یەکەی پارتیزانیە بۆ ناوچەکانی کوردستان ئەمە و سەرەتای پێکهێنانی ڕەتڵی هەولێری بە سەرپەرشتی شەهید ڕێباز ڕاگەیاندووە، کە لە پێکهاتەی تیپەکانی(٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچووغ و٩٠ی باواجی و ٩٣ی کۆیە) پێکهاتبوو، لەو پێکهاتەیە(جەلال ئیلنجاغی) بەفەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێر دیاریکرابوو، ژمارەی هەموو پێشمەرگەکانی ڕەتڵی هەولێری پارتیزانی خۆی دەدا لە(٣٠٠-٤٠٠) پێشمەرگە، بەڵام ئەم ژمارەیە دوای دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کەمبۆوە بۆ کەمتر لە(٥٠)پێشمەرگە.[3]

پارتیزانە ئیلنجاغیەکان هەموویان لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بوون، وەك چۆن لەسەرەتاوە ئەم تیپە جمەی دەهات لە ئیلنجاغیەکان لەپارتیزانیشدا(١٠) پێشمەرگە و فەرماندەی لە ئیلنجاغیەکان پێکهاتبوو ئەوانیش:

١-جەلال خورشید ڕەشید(جەلال ئیلنجاغی) فەرماندەی تیپ یان یەکەی پارتیزانی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

٢-کاوە ئەنوەر نادر(مامۆستا کاوە) ڕابەرسیاسی تیپ.

٣-ئەحمەد عەودل قادر جومعە(ئەحمەد ئیلنجاغی) فەرماندەی مەفرەزە.

٤-شەهید زاهیر هەمزە ساڵح(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.

٥-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.

٦-غەفور حەمەد ڕەسوڵ(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.

٧-موحسین ڕەئوف عوسمان(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.

[2] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٤٢.

[3] ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٤٥٠.

٨-بەکر سولێمان حەمە مستەفا(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.

٩- جەعفەر وسو جومعە(خالە جەعفەر) پێشمەرگە.

١٠- سەباح سەلام سالح(ئیلنجاغی) پێشمەرگە.[٤]

هەر چەندە بە دەیان پێشمەرگەی ئیلنجاغی گەورە لەبناری قەندیل و ئاودیووی ئێران بوون و هەندێکیشیان لە پێدەشتەکانی ڕۆژئاوای کۆیە و دەشتی هەولێر و ئیلنجاغی گەورە بوون، بەشێکیان تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨و هەندێکیان تا بەهاری ساڵی ١٩٨٩ مانەوە، بەڵام ئەمانە لەچوارچێوەی ڕەتڵی پارتیزانی ڕێکنەخرابوون، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەناوەکانیان نادەم کە هەریەکەیان لەشوێنی پێویست و قۆناغی خەباتی ڕابردوویان لەخەباتی چەکداری و سیاسی لەم(مێرجار)ەدا باسکراون.

## سنوری یەکەی پارتیزانی هەولێر و حەشارگەکانیان

سنوری ئەم تیپە ناوچەکانی بناری چیای سەفین تاوەکو دەشتی شەمامك و ڕۆژئاوای کۆیە و سنوری بناری کێشکە و دێگەڵە و قوشتەپە و بناری دێدەوان و بەستی شەرغە و چیای گۆرقەرەج و دەوروبەری بنەسلاوە و دارەتو و کەسنەزان و ڕۆژهەلات و باکوری هەولێر بوو، ناوە ناوەش بۆ پەیوەندیکردن بەسەرپەرشتیاری ڕەتڵی هەولێر(زارەتی و خۆشناوەتی و بەڕانەتی) گرتۆتەوە[٥]، هەروەها سەنگەر و لانکەی پارتیزانەکان بریتیبوون لە(مۆردەکانی سێگردکان و ئەشکەوتی سلێمان بەگ لە شاخەپیسکە و دوڵی زیان لە بایزئاغا و لەرزەکدار لەسماقە و کونەگورگ و دۆڵی لالە و کونەکەمتیار وگردی داراشان وکانی مام هەمزە وکونەشەمشەمە لەنێوان داربەسەر

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموویان کراوە جگە لە شەهید زاهیر هەمزە سالح، چاوپێکەوتنەکانی پێشوو.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندەی تیپی پارتیزانی جەلال ئیلنجاغی، چاوپێکەوتنی پێشوو.



و شاخەپیسکە وکاولەخانیان لەداربەسەر و کونەباشوکە ودۆڵی میرکە و کفرەدۆڵ لە بانی ماران و دۆڵی هەناران لەئیلنجاغی گەورە.[٦]

جەلال ئیلنجاغی باسی چەندین ناوچە دەکات هەر لەمانگی(٨)ی ١٩٨٨وە تاوەکو(١٦-٩-١٩٨٩)دوای خوێندنەوەی کتێبی(لەشارەوە بۆ شاخ) هەڵمهێنجاوە ئەوانیش: گەلی پێی شێخی، کلاوقاسم، فریز، دۆڕێ نزیك هیران، چیای سەفین، ناودارۆکان، سوسێ، سماقوڵی، جادەی کۆیە-هەولێر، گەلی عارەقان نزیك دێگەڵە، ئەشکەوت سەقا، حاجی وسو، شەمامك، بانەقەلات، بنەسلاوە، دارەتو، کەسنەزان، ئیلنجاغی گەورە، سێگردکان، ئۆمەرگومبەت، سێکانی، بەستی شەرغە، دێدەوان، بانەمورد، کانی سلێمانە، سارتك، بەلەبان، میرکە، بانی ماران، بایزئاغا، بێستانە، سەرمەزرا، بەردبڕ، قەشقە، نێرەگێن، سماقە، شەریکەی نەوتی تەقتەق و چیای دێدەوان و جادەی گورزەیی و گۆمەشین و شاخەپیسکە و گۆرقەرەج و پیرمام و باخچەی کانی سەگان، هەمزە بەگ، پونگینە، پیرڕەش، پیرخدر، سێ بەردان، شاهۆمەر، بەستۆرە، تاریان، دۆنگزاوا، ئۆخسر، سێوکە، هەنارە، مەسیف، دارە بزمارە، بەڕانەتی، زارەتی، دێرێ، پانکانی، قەلای دوین، مۆلگەی(ئەغاراوە)، هەروەها کاوانیانی ناوچەی زارەتی و ئەشکەوتی نزیك سماقە و کونەگورگ ناویان ناوە(حەڕا)، زیارەت و ئاژگە وزێبارۆك و ماولۆ و سەری ڕەش و بانەمان وکەندێناوە و شەمامك و بەردەباز و پیرمام و سماق شیرین و مەکۆی سەرەکی ڕەتڵی هەولێر لەنزیك لەقەڵاسنجی گەورە لەبناری سەفین، ئەشکەوتی برایمەفەندی و مامەگەورە لەنزیك باخچەی کانی سەگان و پونگینە کە(١٥)کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی هەولێرە، ماوەران و لاسە و بەرەکەی بناری کلاو قاسم، دواجار لە١٦-٩-١٩٨٩دەگەنەوە شێخ شەرۆ، لەماوەی(١٤) مانگدا لەهەموو

(٦) شوکروڵلا شێخانی، سەنگەرەکانی نهێنی پارتیزانی، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٤٥)ساڵی چوارەم، ئەیلولی ٢٠٠٨، لاپەڕە٤.

ئەو شوێنانەی ناویان هێنراوە، لەماوەی ڕۆژدا دیارنەبون و خۆیان دەشاردەوە لەشەویش دەگەڕان و شەوڕۆ بوون.[٧]

**بەئاوی گەرم و نانی وشك، لەدوژمن دەبینە مار و دوپشك**

ئەمە دروشمی جەلال ئیلنجاغی و هاوڕێکانی بوو بۆ درێژەدان بەخەباتی پارتیزانی، کەواتە پارتیزانەکانی ئەو سنورە بۆ مانەوەیان سودیان لە خاسیەتی ئاژەڵەکێوییەکانی ئەوسنورە بینیوە، بۆ نمونە:

١- شەمشەمە کوێرە: ڕۆژنشینە و شەوڕۆیە، پارتیزانەکانیش لە ڕۆژدا لەحەشارگەدا خۆیان دەشاردەوە و شەویش شەوڕۆ و شەوگێڕبوون، لەشەودا نابوایە ئاگربکەنەوە تاگڕ و ڕووناکیەکەی ئاشکرایان نەکات، بە ڕۆژیش نابوایە ئاگربکەنەوە چونکە دوکەڵەکەی مەترسی بوو بۆ ئاشکرابوونیان.

٢- قومقمۆك: خشۆکێکە لەبنەماڵەی حەڕبایە، لەپێدەشت و شاخەکاندا بەگوێرەی ڕەنگی خاکەکە ڕەنگی هەبوو، هەندێ جاریش لەدەشت و بانەکاندا وەهاخۆی لەگەڵ زەوی تەخت و مەلاس دەدا بەهیچ کلۆجێ نابینرێت، سەدان جار مێگەڵی مەڕ و بزن لەبانەکاندا سمکۆڵانیانکردووە تەنها ئەو شوێنەی قومقمۆکەکە خۆی لێ حەشارداوە پارێزراو بووە، پارتیزانەکانیش سەدان جار سمکۆڵانی پۆستاڵی جاش وجەیش وکێوماڵ لەپێدەشت و بانەکاندا توشیان هاتووە ئەوانیش دەربازبوون.

٣-ڕێوی: ئەوانەی لەزورگانەکانی کوردستان ڕاویانکردووە، دەزانن کاتێ ڕێویەك هەڵدەستێنن ئاڕاستەی ڕاکردنەکەی زوو زوو دەگۆڕێت، هەندێ جار بێ ئەوەی ڕاوکەر هەست پێ بکات لەپشتی ڕاوچییەوە لەلاپاڵ گردێکەوە دەڕوانێتە ڕاوکەران و حساب بۆ هەنگاوەکانیان دەکات، بەهەمان شێوەش پارتیزانەکان کە دوژمن کێوماڵی

---

[٧] کاوە ئەنوەر، پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر لەدوای ئەنفالەکاندا، چۆن مانەوەودرێژەیان بەشەڕی پارتیزانیدا، ڕۆژنامەی(تاك)، ژمارە(٢٨)ساڵی سێیەم، نیسانی ٢٠٠٧ز، لاپەڕە٥.



حەشارگەکانی کردوون، لەنزیك سەربازگەیەك لەپشتەوە لەکێوماڵەکەی دوژمنیان ڕوانیووە.

٤- مار: مار بێ(مەکان)ە و کورد ووتویەتی" بەخۆڵ دەژی"، پارتیزانەکانیش بێ جێ و بێ(مەکان) بوون، هەر ڕۆژەی لەشوێن و جێگەیەك بوون و بەلەتە نانێکیش چەندین ڕۆژ ژیاون.

٥-گورگ: شەوڕۆ و چاوتیژە، پارتیزانیش شەو هەبووە(١٠) سعات بەنێو سەربازگە و ڕەبیەکاندا ڕۆیشتوون.

٦-سەگ: بەئەمەك و بۆندارە، پاسەوانی پەزە، پارتیزانیش پاسەوانی نەتەوەیەك بوون و بەئەمەکیش بوون بۆ ڕێبازەکەیان و خوێنی شەهیدان.

٧-باڵندەکانی(سوێسکە و قەتێ و پەڕ و کۆترەشاخی) پارتیزانەکان توانیویانە سوود لە هەموو نهێنیەکانی خۆپاڕاستنیان وەربگرن، لە ئۆپەراسیۆنەکانی دوژمن وەك ڕەوە سوێسکە و قەتێ بوون بەئاردی ناو دڕکەوە، لەنێو لێرەوار و پوش و پەلاشاندا بوون بەڕەوە پۆڕ، شێوەی کۆترە شاخی مەکۆ و هێلانەی خۆشاردنەوەیان شاخە بەرزەکان بووە.

٨-جورج ومشك: پارتیزانەکان لەخاکی ڕەش و وەرد و بەیار و پەرێزەکان وەك جورج و مشك کونیان دڕیووە و خۆیان حەشارداوە.

٩-دووپشك: بۆ مانەوە و وەچە خستنەوە خۆی دەکوژێت، چزوەکەی سەری ڕمی سوارە بۆ هەر مەترسیەك ڕووبەڕووی ببێتەوە، پارتیزانیش بۆ ئەوەی نەکەونە دەست دوژمن و نهێنی و پەیامی میللەتێك بگەیەنن بە نەوەی نوێ ئامادەبوون لە ناچاریدا پەنا بۆکوشتنی خۆیان بەرن، یان بەکلاشینکۆفەکانیان لەدوژمنیانداوە.

١٠-ئاسك وکەروێشك: وەك ئاسك یالە و یاڵیانکردوە، وەك کەروێشك بازیانداوە بۆ دوورکەوتنەوە لەمەترسی دوژمن.

١١-کۆڵەپشتەکانیان بارێکی قورس بووە بەشان وکۆڵیانەوە وەك گوێدرێژ پشوو درێژبوون تاکەناری ئارامی خەمی میللەت و ولاتێکی سۆتماککراویان لەکۆڵ بووە و گەیاندیانە کەنار.

١٢-لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش وەك شێر نەڕاندیان و لەشاریشدا بوونە کۆتری سپی ئاشتی و پێکەوەنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەهەموو ئەو خاسیەتانەوە پارتیزانەکان هێندە گرانبە هابوون، شوێنی پێیەکانیشان بوو بووە دوژمنی خۆیان، دەبوایە هەوڵ بدەن وەك شێر شوێنی پێیەکانیان بسڕنەوە، ئەوان لیرە و ئاڵتون بوون، ئەوێ ڕۆژێ کە هیچ ئاوەدانیەك نەبوو، هەموو ولات وێران بوو، کانیاوەکانیش کۆنکرێت و تەقێنرابوونەوە، ژیان هیچ(شەوق و زەوقێك)ی تێدا نەبوو هەر وەك چۆن ڕابەری بیری نەتەوەایەتیمان(حاجی) دەفەرموێ:

مەکانە شەوقی بەعێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار

حەیاتە زەوقی بەئەحبابە، بایە ئاب و هەوا

## چالاکی پارتیزانانەی کوڕانی مێرجاڕ

حکومەتی عێراق بۆ کەمکردنەوە و بەرتەنگ بوونی سنوری پارتیزانەکان و خستنە تەڵەیانەوە، چاودێرییەکانی بۆ سەریان چڕکردەوە، بۆ ئەمەش پەنای دەبرد بۆ کۆمەڵێك پلانی(سیاسی و هەواڵگری و ئاسایش و سەربازی) لەوانە لە زۆربەی ناوچەکانی کە لەناو جەنگی عێراق-ئێران نەیتوانی بوو ڕەبیە و مۆڵگە دابنێت، دوای جەنگەکە و دوای ئەنفالەکان توانی لەسنوری ناوچەکانی پارتیزانی تیپ و یەکەی ٨٦ی دەشتی هەولێر چەندین مۆڵگە و ڕەبیەی نوێ دروست بکات بۆ چاودێری جموجۆڵی پارتیزانەکان وەکو(ڕەبیەکانی شەریکەی نەوتی تەقتەق و بناری کێشکە لەجادەی گورزەبیەوە تاوەکو گوندی سماقە و بناری دێدەوان و ئەوبەر و ئەمبەری بەستی



شەرغە) بەلایەنی کەمیشەوە هەفتەی جارێك یان دووان کێوماڵی دەکرد بۆ ئیلنجاغی گەورە و ئۆمەرگومبەت و سێگردکان و سارتك و دووبارە تابەستی شەرغە.[1]

هەربۆیە بۆ تۆقاندنی دوژمنان و گەواهیدەری بوونی یەکەی پارتیزانی و نانەوەی دڵەڕاوکێ و ترس لەدڵی دوژمن، چەند پێشمەرگەیەکی پارتیزانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی(جەلال ئیلنجاغی)، لەبەستی شەرغە و پشت ئاوایی(بەردبڕ)، دوای هەر(٨)قۆناغەکەی ئەنفال پەلاماری مۆڵگەیەکی دوژمن دەدەن و دەیخەنە ژێر ڕەحمەتی دەستڕێژی گوللە و ئارپێجییەوە، زیانی گیانی و مادی لە ڕەبیەکەی دوژمن دەدەن، کە بووە جێگەی سەرسوڕمانی دۆست و دوژمن بەتایبەتی حکومەتی عێراق کە چۆن لەو کاتەدا پێشمەرگە لەو پێدەشتە کەنارییە لەناو جەرگەی دوژمن و لەبەستی شەرغەی بە سەدان کیلۆمەتر دوور لەسنوری عێراق-ئێرانەوە چالاکی لەوشێوەیە ئەنجام بدەن؟!

ئەو پێشمەرگانەی لەو نەبەردییەی(بەردبڕ) بەشدار بوون ئەمانە بوون:

١-جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری پارتیزانی.

٢-شەهید ئاسۆ موعەلیم فەرماندەی کەرت.

٣-مامۆستا ڕەنجدەر کادیری سیاسی.

٤-کاوە ئەنوەر نادرئیلنجاغی(مامۆستا کاوە) رابەرسیاسی تیپ.

٥-شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی پێشمەرگە.

٦-ئەحمەد عەودل قادر ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزە.

٧-موحسین ڕەئوف عوسمان ئیلنجاغی پێشمەرگە

جەلال ئیلنجاغی لەشارەوە بۆشاخ نوسیویەتی" ئەم چالاکیە لە(٢٧-١٢-١٩٨٨) ئەنجامدراوە[2]، بەلام موحسین ڕەئوف دەڵێت"ئێمە من و شوکروڵلا بەسود وەرگرتن بە

[1] شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[2] جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٥٧.

لێبوردنی گشتی و لەسەر ڕەزامەندی برادەران لە(١٥-١٢-١٩٨٨) چووینەوە شار و بوینە سەرباز لەسوپای عێراق کەواتە دەکرێت ئەم چالاکیە ٢٧-١١-١٩٨٨ئەنجام درابێت.[٣]

ئەگەرچی ئەرکی قۆناغی پارتیزانی مانەوە بوو نەوەك شەڕ و پەلامار، بۆ ئەوەی بەرنامەی بەعەرەبکردن جێ بەجێ نەکرێت، ئەو سەد پارتیزانەی لەسنورەکان مانەوە، سەد هێندەی ژمارەکانیان دەنگی دایەوە و چەند بەرێوەبەرێکی ئاسایش و سەربازی پارێزگای هەولێر موحاسەبە دەکران کە نایانتوانی پارتیزانەکان بدۆزنەوە.[٤]

### هاوکارانی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر

پارتیزانەکان تەنها قارەمانێتی و لەخۆبردوویی خۆیان کاروانەکەی پێ تەواو نەکردن، بەڵکو خەڵکی شار و ئۆردوگاکان و باخچەکان و کارگە وکێڵگەکانی بە خێوکردنی پەلەوەڕی نزیك شار و شوانەکانی کورد و ڕێکخستنە نهێنیەکان لەنێو سوپایەك لەجاسوس و ئەڵقە لەگوێ و جاش و جەیشەوە، پێکهاتەیەکی گرنگ بوون لەچنینی تەونی خەباتی پارتیزانی، چونکە هەر هاوکارێك دەیتوانی لەگەڵ ڕژێمی عێراق دەست تێکەڵ بکات، چونکە پارتیزانەکان زۆر گرانبەهابوون و کەوڵیان وەك دەوترا(دەرمان)بوو، ئەوەی بیویستبایە بیانفرۆشێت دەسکەوتی زۆری دەبوو، ئینجا لێرەدا ئاماژە بەهاوکارانیان دەدەم ، لێرەدا سوودم لەفەرماندەی پارتیزانەکان(جەلال ئیلنجاغی) و کادیری پارتیزان(کاوە ئەنوەر) بینیووە، چونکە ئەوان لەگەڵ شەهید(ئەحمەد عەودڵ) بەدرێژایی(١٤)مانگ مانەوە و کۆلیان نەدا، بەداخەوە نەمتوانی سوود لەشەهید(ئەحمەد عەودل) وەربگرم و تا لەژیاندا مابوو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەم.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین ڕەئوف عوسمان)، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[٤] کاوە ئەنوەر، پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر لەدوای ئەنفالەکاندا، سەرچاوەی پێشوو.



ئەو هاوکارانەی(جەلال ئیلنجاغی) ئاماژەی پێداون ئەمانەن:

١-تارق عەبدوڵلا مەولود ئۆمەرگومبەتی

٢-لالە عەبدوڵلای لالە مەولود ئۆمەرگومبەتی

٣-ئەحمەد محەمەد خدر ئۆمەرگومبەتی(ئەحمەد سمێڵ)

٤-موحەمەد ئەحمەد محەمەد گۆرقەرەجی(محەمەدی عەوڵلا شەکر)

٥-ڕەمەزان حەمەد ئەمین قادر(ڕەمەزان گەرمکی)

٦-مستەفا محەمەد نەجم کانی لەلەیی(مستەفا چاوشین)

٧-جەوهەر حەمەدەمین حەمەمستەفا سێگردکانی

٨-شەهید فارس قادر ئیلنجاغی ناو شوان(سوارە ئیلنجاغی)

٩-نادر کەریم تاڵەبانی(مام نادر)

١٠-لالە عەوڵلا مامیلی ئۆمەرگومبەت و کەریم و عەلی مامیلی کوڕی.

١١-خانەوادەی(قادر حەمەشەریف)سێگردکانی[٥]

هەروەها مامۆستاکاوە ئەنوەر ناوی بەشێك لە هاوکارانی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێری بەو شێوەیە باسکردووە:

یەکەم: ئەوانەی لەناو شارۆچکەی تەقتەق و دەوروبەری هاوکاربوون:

١-شەهید فارس قادر ئیلنجاغی(ڕێکخستن)

٢-مستەفا محەمەد نەجم کانی لەلەیی(ڕێکخستنی قەرەج)

٣-محەمەد ئەحمەد محەمەد گۆرقەرەجی(ڕێکخستنی قەرەج)

٤- ڕەمەزان حەمەد ئەمین قادر گەرمکی(ڕێکخستنی قەرەج)

٥- بەهرام حەمۆل ئۆمەرگومبەتی

٦-موحەمەد ڕەزا ئەحمەد ئۆمەرگومبەتی

٧-ئەحمەد محەمەد خدر(ئەحمەد سمێڵ)ئۆمەرگومبەتی

[٥] جەلال ئیلنجاغی، وراتی کۆیە کوانوی شۆڕشە، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٣)ی ساڵی سێیەم، ئەیلولی ٢٠٠٧، لاپەڕە٦.

٨-حاجی ڕەشید عەلی ئۆمەرگومبەتی

٩-تاریق عەبدوڵلا مەولود ئۆمەرگومبەتی

١٠-ئەحمەدی مام سواری تاڵەبانی گەورە

دووەم:هاوکاریتر لەشارۆچکەی(تەقتەق)ەوەلەڕێگەی(مستەفا چاوشین)ەوە هاوکاریان بۆ پارتیزانەکان ناردووە:

١-وەهاب کێخوا عەزیز ڕەشید تەقتەقی

٢- بەکر فەقێ عەزیز کەپەنکی

٣-لالە عەبدوڵای لالە مەولودی ئۆمەرگومبەتی

٤-لالە عەوڵلای مامیلی ئۆمەرگومبەتی

٥-کەریم عەوڵلای مامیل ئۆمەرگومبەتی

سێیەم: هاوکارانی ڕێکخستنەکانی ناوشاری هەولێر:

١-شەهید زاهیر هەمزە ساڵح ئیلنجاغی

٢-شەهید جەمال خورشید ڕەشید ئیلنجاغی

٣-شەهید کاکە جوان

٤-غەفور حەمەد ڕەسوڵ ئیلنجاغی

٥-کاك سەرکەوت(نەسرەدین ئیسماعیل زراری) خوارزای عەبدوڵلای مام ئۆمەری-عەبدوڵلا ی پلکە خەجیجێ)ی ئیلنجاغی گەورە کە سەرپەرشتیارێکی ڕێکخستنی شار بوو.

چوارەم: هاوکارانی هاوڵاتیانی دەوروبەری شاری هەولێر:

١-خزمانی شەهید(هاشم جیهاز)لەگوندی(سێوکە)بەتایبەت هەردوو ئامۆزاکەی(ئەکرەم وئیسماعیل)

٢-سەعدون و ئەکرەم لەگوندی(ئوخسر)

٣-ماڵی(مام قادرو مام خدر) لەکێڵگە پەلەوەرییەکانی(پیرمام-مەسیف)



٤-ماڵە مەرِدارەکانی وەك(مام حەسەن جوانەی خەیلانی وحاجی مەجید مەنتك ومام حەسەن ومام عومەرو ئەبوبەکر بانی مارانی)

٥-ماڵی(مام قادر ناسراو بەقادر قەسەڵی و ئیسماعیلی کوڕی) لە گوندی(کۆڕێ)

٦-ماڵی(سمکۆی مام عومەری) لەگوندی(سماقە)

٧-شەهید(نەجمەدین حەسەن) پیشەی(شوان)بوو لەگوندی(باخچە)

٨-ماڵی(فاروق عەلی مەولود ) لەئۆردوگای(کەسنەزان)

٩-ماڵی کاك(سەباح) لەئۆردوگای(کەسنەزان)

١٠-ماڵی مام هەمزەی بانەقەڵاتی و حوسێن بانەقەڵاتی لە کێڵگەپەلەوەرییەکانی هەولێر

١١-ماڵی(مارفی مەحمودی ڕەوشەنێ وکاك بەگ ومام عەبدوڵلا ومام عەباس)لەگوندی(شامەلائۆمەر)

پێنجەم: ئەو ژن و دایکانەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە کە هاوکاری پارتیزانەکانیانکردووە:

١-عاسی ساڵح مستەفا ئیلنجاغی دایکی شوکروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی.

٢-مەیاس ساڵح مستەفا ئیلنجاغی دایکی مامۆستا کاوە ئیلنجاغی.

٣-حەلیمە ڕەسوڵ حەمەد ئیلنجاغی دایکی جەلال ئیلنجاغی.

٤-شازێ وسو جومعە ئیلنجاغی دایکی غەفور حەمەد ئیلنجاغی.

٥-ئەسمەر حەمەدەمین خدر ئیلنجاغی دایکی شەهید عوزێر حوسێن ئیلنجاغی.

٦-فاتمە حەمەد ساڵح ئیلنجاغی خێزانی خاڵە جەعفەر وسو جومعە ئیلنجاغی.

٧- حەلیمە ئەحمەد بانی مارانی خێزانی شەهید عوزێر حوسێن ئیلنجاغی.[٦]

---

[٦] کاوە ئەنوەر، پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر لەدوای ئەنفالەکاندا، چۆن مانەوەودرێژەیان بەشەڕی پارتیزانیدا ،بەشی دووەم، ڕۆژنامەی(تاك)، ژمارە(٢٩)ساڵی سێیەم، مایسی ٢٠٠٧ز، لاپەڕە٥.

لەلایەکیترەوە تاوەکو(١٨-٨-١٩٨٩)هەریەك لە(شەهید زاهیر ئیلنجاغی و غەفور حەمەد ئیلنجاغی و سیامەند مەنتك و شەهید جەمال ئیلنجاغی) بەردەوام سەردانی پارتیزانەکانیان کردووە و هاوکاری و زانیاریان پێداون.[٧]

## چەرمەسەری و ئاستەنگی پارتیزانەکان

گوڵبژێرێك لەبابەتی(پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر دوای ئەنفالەکان چۆن مانەوە و درێژەیان بەشەڕی پارتیزانیدا) لە هەرسێ ژمارەی(٢٧و٢٨و٢٩)ی ڕۆژنامەی تاك، بەپێنوسی(مامۆستا کاوە ئەنوەر)، تەنها لەهەندێ وێستگەدا:

یەکەم: دوای لێبوردنی گشتی ڕژێمی عێراق: چەندین هاوڕێ و هاوسەنگەری پارتیزانەکان تەسلیم دەبوونەوە، هەندێکیان هەر ئەوەندە دەزانرا بەجێی دەهێشتین، بەتایبەتیش بۆ هەندێکیان کە جێگەی سەرسوڕمان بووە کەچۆن ئەو قارەمانانە تەسلیم دەبنەوە؟! هەندێکیشیان دەبوونە خائین و بەدوای پارتیزانەکان دەگەڕان.

دووەم: کێوماڵ(تەمشیت) هێندە زۆر بوو، نامانزانی بچینە کوێ؟! هەندێ جار(خۆوبەخت) ناکەوتینە دەستیانەوە؟ سەدان جار لەئابڵۆقەیەك دەرباز دەبووین ئەوەندەمان دەزانی کەوتوینەتە ناو ئابڵۆقەیەکیتری دوژمن، هەندێ جار خۆشاردنەوە(اختفاء) بوون هونەری تێدانەبوو، تەنها ئەوەندە هەبوو بەڕێکەوت دەردەچووین؟!

سێیەم: خەڵك زۆر دەترسا، زۆربەیان لێمان دەپاڕانەوە کە نەچینە لایان و ماڵیان، چونکە ڕژێمی عێراق بزانێت ئەنفالمان دەکات، هەندێکیان دەیان ووت ئێوە کەوڵتان بەکەڵکە، خۆ بە هەموو کەس پێشان مەدەن، چونکە پارتیزان لەمێژووی کوردا دەگمەن و کەم وێنەیە، دواجار کاوە ئەنوەر نوسیویەتی: (یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو سەروەرییەکانی لێ وەربگیرێتەوە، بەتەنها پارتیزانەکانی دوای ئەنفالەکانی بەسە).

(٧) جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٠٦.



## گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی

پێش گەڕانەوەی پارتیزانەکان بۆ سەرکردایەتی توشی(سەید عومەری گۆمەتاڵ)ی دەبن، پێیان دەڵێت(ئێوە وەك لیرەی عوسمانی بەقیمەتن)، دوای ئەم دیدارە لە ڕادیۆوە ئاگادار دەکرێنەوە: (لە ڕێباز-ەوە بۆ جەلال ئیلنجاغی و هاوڕێکانی لەشوێنی دیاریکراو چاوەڕوانتان دەکەم) بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە(١٦-٩-٢٠١٦) گەیشتنەوە(شێخ شەرۆ) [١]

لە هەموو ڕەتڵی هەولێر(خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر) لە(٣٠٠-٤٠٠) پێشمەرگەوە تەنها(٢١) پێشمەرگە مانەوە، پارتیزانەکان لە(١٠٠) کەس لەسەرانسەری کوردستان تێپەڕ نەدەبوون، تەنیا لە(گەرمیان و جافەتی و دەشتی هەولێر) دەجەنگان، پێت وانەبێ ئەوانەی ئێستا وا هەڵدەکوتنە سەرخەڵك پێشمەرگەی پارتیزان بووبن، پارتیزانەکان ئاش بەتاڵیان بەئاش بەتاڵکرد و جار و باریش چالاکی پێشمەرگانەیان دەکرد.[٢]

ئەوانەی لەپارتیزانی ڕەتڵی هەولێر بەفەرماندەیی شەهید(ڕێباز) لەهەموو تیپەکاندا مانەوە ژمارەیان لە(٢١) پێشمەرگە بوو، شەهید ڕێباز و مامۆستا کاوە و جەلال ئیلنجاغی ناوەکانیان تۆمارکردوون:

١-ڕەفعەت پیرداود(شەهید ڕێباز) فەرماندەی ڕەتڵی هەولێر و خۆشناوەتی.

٢-شەهید مەلا سولێمان، جێگری فەرماندەی ڕەتڵ.

٣-بورهان سەعید سۆفی، فەرماندەی تیپ.

٤-جەلال ئیلنجاغی، فەرماندەی تیپ.

٥-شەهید هاشم جیهاز، فەرماندەی تیپ.

٦-شەهید وشیار مەلا کەریم، لێپرسراوی ڕێکخستن.

(١) جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆ شاخ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٧١.

(٢) ڕێباز، نرکەی کوردستان دوای ڕاپەڕین، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٢، لاپەڕە٦٠-٦٢.

٧-مامۆستا بێستون، لێپرسراوی ڕێکخستن.

٨-مامۆستا کاوە ئەنوەر، ڕابەرسیاسی تیپ.

٩-مامۆستا ئەبوزێد جاستانی، کادیر.

١٠-ڕەنجدەر فەتاح، کادیر.

١١-غەوسە جەلال، عەدەد جیهاز.

١٢-شەهید ئاسۆ موعەلیم، فەرماندەی کەرت.

١٣- ئەحمەد خدر دەربەندی، فەرماندەی کەرت.

١٤-شەهید نامق کۆڕێ، فەرماندەی کەرت.

١٥-ڕەحمان عەوڵلا(ڕەحمانە ڕەش)، فەرماندەی کەرت.

١٦-عەباس حەمەدەمین عەوێنە، جێگر کەرت.

١٧-ئیدریس ساڵح مەسیفی، جێگر کەرت.

١٨-غازی عەدۆ حەبیب، جێگر کەرت.

١٩-ئەحمەد عەودڵ ئیلنجاغی، فەرماندەی مەفرەزە.

٢٠-ئازاد محەمەد شوان، فەرماندەی مەفرەزە.

٢١-محەمەد سوسەیی، فەرماندەی مەفرەزە.

لەنرکەی کوردستانی شەهید ڕێباز باس لەسێ پێشمەرگەی تر دەکات(ئاسۆ و ئارام و ئامانج) بەڵام ئەمانە مەفرەزەی(ئاسۆ ئەلمانی) بوون پێش ئەمانە و زووتر گەڕابوونەوە سەرکردیەتی[٣]

## پێشمەرگەی دانەبڕاو و پارتیزانەکانی مێرجاڕ

ئەوانەی جێگەی شانازی میللەتێکن لەشۆڕشی نوێ دا، چۆن نابنە مایەی شانازی ئیلنجاغی گەورە؟! لە سەر ئەو بنەمایە ژیان و خەباتی(٤) ئەستێرەی مێرجاڕ و گەلەکەمان دەخەمەڕوو ئەوانیش:

[٣] کاوە ئەنوەر نادر، پارتیزان، چاوپێکەوتنی پێشوو.



١-نەسروڵلا عەلی مەحمود ئیلنجاغی، پێشمەرگە و فەرماندەی دانەبڕاو.

٢-جەلال خورشید ڕەشید ئیلنجاغی، پێشمەرگە و فەرماندەی پارتیزان.

٣-ئەحمەد عەودل قادر ئیلنجاغی، پێشمەرگە و فەرماندەی پارتیزان.

٤-کاوە ئەنوەر نادر ئیلنجاغی، ڕابەرسیاسی و کادیری پارتیزان.

## نەسروڵلا ئیلنجاغی فەرماندەی دانەبڕاو

پێشمەرگەیەکی قارەمان، خۆنەویست، فەرماندەیەکی دڵسۆز و پاکی شۆڕشی نوێ ناوی تەواوی(نەسروڵلا عەلی مەحمود سۆفی محەمەد دەروێش خدر)ە، ناسراوە بە(نەسروڵلا ئیلنجاغی)، ساڵی ١٩٥٥لەبنەماڵەیەکی دەروێش و ئاینپەروەر و نیشتمانپەروەری بن داسنیەکانی ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە تەواو کردووە، لەتەمەنی(١٨)ساڵیدا لەشۆڕشی ئەیلول ساڵی(١٩٧٣) بەنوسراوی(عەلی مەولود داربەسەری) دەبێتە پێشمەرگە لەریزەکانی(پارتی دیموکراتی کوردستان) لەناوچەکانی(چۆمان و ناوپردان) پاش ماوەیەك لەگەڵ(مستەفا مەولود)ی خوشکەزای(عەلی مەولود داربەسەری) دەگوازرێتەوە هێزی(کۆسرەت) کە شەهید(دکتۆر خالید) فەرماندەیی کردووە، لەسنوری(هەرتەڵ و بێتواتە) بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی کردووە لەچیای(شیشار و ماکۆك و خۆشناوەتی و کۆیە) تانسکۆی ١٩٧٥بەردەوام دەبێت لەخەباتی پێشمەرگایەتی.[١]

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەساڵی(١٩٧٦) لە ڕێگەی(شەهید عەلی ساڵح سێگردکانی)یەوە لەریزەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) ڕێکدەخرێت، ساڵی(١٩٨١) پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان لە(قوەتی ٨ی دەشتی هەولێر) چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکات، لەو

[١] دەستنوسێکی(نەسروڵلا عەلی مەحمود)تایبەت بۆ بەندەی ناردووە، هەروەها ژیاننامەی خۆی کە بەدەستنوسی خۆی بۆ ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ناردووە، کۆپیەکی لەدەستی بەندەیە.

ڕۆژەدا هەرکەس ببوایە پێشمەرگە دەبوایە(تەزکیە)ی پشتگیری ڕێکخستنی شاری هەبوایە، چەند جارێك شەهید(شاخەوان عەباس) پێی ووتووە تۆ(تەزکیەت) نەهێناوە، ئەو کات(عەلی سالح) لەناوچەکە نەبووە، ململانێی شەهید(عەلی سالح)یان دەکرد، شەهید عەلی سالح گەڕایەوە ناوچەکە ووتی: (بابە نەسروڵلا زۆر لەمێژە کۆمەڵە)یە، ئینجا ڕەزامەندی لەسەربوون بە پێشمەرگەی دراوە و ڕەوانەی سەرکردایەتی کراوە لەخولی سیاسی و سەربازی(مالیمۆز) بەشداربووە، دوای ئەم خولە گەڕاتەوە سنوری(هێزی ٨ی دەشتی هەولێر) بەڵام ئەو کاتە کراوە بە(تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر) پێکهاتەی تیپەکە لەو ڕۆژەدا بەو شێوەیە بووە:

١-شەهید شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپ و مەفرەزەی تیپ.

٢-شەهید هاوڕێ کاوە مەحموری فەرماندەی کەرتی(١).

٣-شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرتی(٢).

٤-شەهید وشیار عەبدولکەریم ڕابەرسیاسی تیپ.

لەسنوری هەولێر و باڵەکایەتی و خۆشناوەتی و قەندیل دەستبەکاربووە و لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١کراوە بە فەرماندەی(مەفرەزە) لەهەمان تیپ، لەساڵی(١٩٨٢) فەرماندەی مەفرەزە و جێگر کەرت بووە، بەشداری هێزی(پشتیوانی)کردووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکەرتی(٣)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەو پشتیوانیەدا جێگر کەرت بووە، لەساڵی(١٩٨٣) دووجار بریندار دەبێت لەشەڕی(بێتواتە و بالیسان) هەر لەساڵی(١٩٨٣) لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەبێتە فەرماندەی کەرت، بەشداری چالاکیەکانی سنوری هەولێر و کەرکوك و جافەتی و باڵەکایەتی و قەراج و کەندێناوە)ی کردووە، ساڵێك بە هۆی برینەکانیەوە نێردراوە بۆ وولاتی(ئێران) بە مەبەستی چارەسەری.

ساڵی(١٩٨٥) دوای داستانی(ئازیانە) و شەهیدبوونی شەهید باقی بارزانی دەکرێتە فەرماندەی کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەدقەمبەری لەتیپی ٨٦ی دەشتی



هەولێر، ساڵی(١٩٨٧) وەك فەرماندەیەکی لێوەشاوە یەکێك بووە لە(١٢سوارەی مێرجاڕ) و بەهاوکاری شیوعیەکان گەورەترین سەروەری لەمێژوی خەباتدا تۆمار دەکات لە لێدانی سوپای داگیرکەر و جاشەکانیان لەئیلنجاغی گەورە، ساڵی (١٩٨٨)دەگوازرێتەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بە پلەی فەرماندەی کەرت و لەشەڕی(کونە کۆتر)ی بناری چیای قەندیل لە(٣١-٨-١٩٨٨) بۆجاری سێیەم بەسەختی بریندار دەبێت و بەو هۆیەوە(٢) مانگ دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەی ورمێ(ڕەزاییە) لەوولاتی ئێران، دوای ئەم شەڕە بەماڵ ومناڵەوە دەچنە وولاتی ئێران و لەشاری(نەغەدە و خانە) ماونەتەوە، ئەوکات(بۆکان وکوێستان)ی هەبووە، بەڵام(سۆما) لە پەناهەندەیی ساڵی(١٩٩٠) هاتۆتە ژیانەوە، فەرماندە نەسروڵلا ئیلنجاغی لە ڕاپەڕینی بەهاری(١٩٩١) بەشداریکردووە و دوای ڕاپەڕینیش لەم پۆست وپلانەکاریکردووە:

١-ساڵی(١٩٩١) فەرماندەی بەتالیۆنی(٨)ی هێزی(١٠)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە.

٢-ساڵی(١٩٩٢) دەبێتە فەرماندەی(فەوجی پاراستنی هەولێر).

٣-لەساڵی(١٩٩٣) لە سوپای یەککگرتووی کوردستان دەبێتە(یاریدەدەری فەوج).

٤-ساڵی(١٩٩٤) دەکرێتە(جێگر لەشکر)ی(١٨)ی بەڕانەتی.

٥-دوای کارەساتی(٣١-٨-١٩٩٦) دەکرێتە(جێگر)ی فەرماندەیی(٢)ی هەولێر.

٦-ساڵی(٢٠٠٠)لەخولی(ئەفسەرانی قەلاچوالان)پلەبەرزکردنەوەی سەربازی بەشداریکردووە.

٧-لەخولەکانی پلەبەرزکردنەوەی سەربازی بەمەرسومی ژمارە(١٨٥) لە(٢٨-١٢-٢٠٠٦) پلەی(عەمید)ی پێدراوە.

٨- لەساڵی(٢٠١٣) پلەی سەربازی بووە بە(لیوا) و جێگری لیوای(١٠٨)ی هەولێرە.

٩- دوو مەدالیای زێڕینی پێ بەخشراوە:(مەداڵیای زێڕینی پێشمەرگەی دانەبڕاو لەلایەن(مام جەلال) لە ساڵی ٢٠٠٧ و مەداڵیای زێڕینی مەڵبەندی کەرکوك لەشەڕی دژی تیرۆری چەکدارنی دەولەتی ئیسلامی(داعش) لەساڵی ٢٠١٦ز، ڕێزلێنانی پەیامبەرانی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ی شاری هەولێری لەساڵی ٢٠١٧ پێدراوە.

## جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی پارتیزان

یەکێك لەپێشمەرگە قارەمانەکان و پێشمەرگە هەرە پشوو درێژەکانی شۆڕشی نوێ و یەکێتی نیشتمانی کوردستان فەرماندە(جەلال ئیلنجاغی)یە، ناوی تەواوی(جەلال خورشید ڕەشید عەبدوڵلا ڕەسول خالد-کوڕەبۆر)ە، ناسراوە بە(جەلال ئیلنجاغی)، ساڵی(١٩٥٦) لە خێزانێکی کوردپەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەخوێندنی ناوەندییدا لە تەمەنی(١٤) ساڵیدا پەیوەندی بە(یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە دەکات، ساڵی(١٩٧١) لە تەمەنی پازدە ساڵیدا لەئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێتە ئەندام، لەدوای جێ بەجێنەکردنی ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەبارەگای(بارزانی) لە(قەسرێ) لە هێزی دژە ئاسمانی ساڵی(١٩٧٤) دەبێتە پێشمەرگە تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ز.[1]

---

[1] چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ(جەلال ئیلنجاغی) لە(٢٠-١-٢٠١٣)لەشاری کۆیە، جەلال ئیلنجاغی ئەو کاتەی فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری پارتیزانەکان بوو، زۆرترین ڕاپۆرتی هەواڵگری لەسەر نوسرابوو لەلایەن دەزگاحزبی و عەسکەری و ئەمنیەکانی کۆیە و تەقتەق بەو بەڵگانەی کە لەدوای ڕاپەڕین کەوتە بەردەست لە هۆبەی ڕێبەدی سیاسی(تەوجیهات سیاسی) سەربازگەی قەلاتەی تەقتەق، من خۆم لە دۆسیەی ئەنفالی چواردا هەندێ لەبەڵگەکانم بینی کە(سری و شەخسی لغایە) بوون لە١٠-٣-١٩٩١لەو شوعبەیە هێنام بەلاٚم بەداخەوە کە چوینە ئێران لەماڵەوە بەجێ مان و کە گەڕاینەوە ئەو ئیزبارە گەورەیە پڕ بەڵگەیە دایك و باوکم لەترسی تەحەڕی عەسکەری عێراقی خستبیویانە ژێر زبڵی ئاژەڵەوە و زبڵ سوتاندبوونی، کە ناوی جەلال ئیلنجاغی هاتبوو لەبەڵگەکان بەو شێوەیە بوو(یوجد زمرة جلال طالباني في جبل کورقرج بقيادة جلال ايلنجاغي ملقب بجلال حلمي)من ئەو کاتە وشەی حلمیم پێ سەیربوو دواتر بۆم دەرکەوت کەناوی دایکی جەلال ئیلنجاغی(حەلیم ڕەسوڵ)ە لەکوردەواریش ئەگەر باوك زوتر لەدایك بمردایە خەڵکی بەناوی دایکەوە ناوی منالەکانیان دەهێنا، بەمەش دەردەکەوێت سیخورەکە یان هەواڵدەرەکە کەسێکی نزیك و ئاشنای ئەو ناوە بووە(نوسەر).



ساڵی(١٩٧٧) لە ڕێگەی(مەلا بەختیار)ەوە پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) دوای ئەو پەیوەندیکردووە بە(شەهید شاخەوان عەباس) و(فاروقی عەلی مەولود) لە(٢٢-٣-١٩٨٢) بەیەکجاری پەیوەندی دەکات بەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و دەبێتە پێشمەرگە، لەسەر بڕیاری تیپەکەی بۆماوەی چەند مانگێك دەینێرنە کۆمیتەی هەولێر بۆلای(دکتۆر کەمال خۆشناو) محەمەدی مەلا مەحمود فەرماندەی کەرتی بووە، کە ئەو دەچێت هەریەك لە(شەهید وشیار عەبدولرەحمان و جاسم بایز و گوشاد عەبدولرەحمان)یش لەوێ بوون، دوای(٤)مانگ لەپێشمەرگایەتی کۆمیتەی هەولێر لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەسنوری چالاکی خۆیان بووە، بۆماوەیەك لەمەفرەزەی تیپ بووە ڕاستەوخۆ شەهید شاخەوان عەباس سەرپەرشتیاریان بووە، هەر لەو ساڵەدا(١٩٨٢) لەگەڵ تیپەکەی بەشداری لێدانی سوپای پاسدارانی ئێرانی کردووە لە کوردستانی ڕۆژهەلاٚت بەناوی(هێزی پشتیوانی) پاش گەڕانەوەیان لەڕۆژهەلاٚت وەك پێشمەرگە دەگوازرێتەوە کەرتی(٤)ی کەندێناوەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەسنوری قەراج و کەندێناوە، لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٣) بووە بە(فەرماندەی مەفرەزە) لەهەمان کەرتدا، بەشداری چەندین چالاکی جوامێرانەی کردووە لەقەراج و کەندێناوە، دیارترینیان شەڕی(مەلەك ئاغا)ی ١٤-١٢-١٩٨٣بووە کە هەردوو فەرماندە(شەهید فاروق شیواشۆکی و شەهید قادر خورمەڵە) شەهیدبوون، ساڵی(١٩٨٤) لەکاتی گفتوگۆی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێکهاتەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گۆڕانی بە سەرداهاتووە و تیپی ٨٧ی قەرەچوغی لێ پێکهاتووە و بەهەمان پلەی(فەرماندەی مەفرەزە) گواستراوەتەوە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ.

ساڵی(١٩٨٥) بەهەمان پلە دەگوازرێتەوە کەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی(شەهید باقی بارزانی) کە لەداستانی

ئازیانەدا لەدوای شەهیدبوونی شەهید باقی بارزانی لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی) بەیەکەوە ڕۆڵی فەرماندەی کەرت دەگێڕن و گەورەترین سەروەری لەخەباتی پێشمەرگایەتی تۆماردەکەن، ساڵی(١٩٨٦) لە کەرتی(٤)ی بەردەباز لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەبێتە(جێگرکەرت) بەفەرماندەیی(عەلی پونگینە) لەهەمان ساڵدا دەگوازرێتەوە کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی هەمان تیپ و دەبێتە جێگری(ئەحمەد کوردە).

ساڵی(١٩٨٧) دەبێتە فەرماندەی کەرتی(٤)ی شەمامك لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، پاش ماوەیەك لەسەر بڕیاری مەڵبەندی(٣) دەگوازرێتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و دەکرێتە فەرماندەی کەرتی(٦)ی ئەو تیپە، بەردەوام دەبێت لەخەباتی پێشمەرگایەتی لەو پلەیەدا تا دوای ئەنفالەکان، لەنێو قۆناغەکانی ئەنفالدا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی تیپەکان کراو و لە مانگی تەمووزی ١٩٨٨دەکرێتە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێر، درێژە بەخەباتی فەرماندەی یەکەی پارتیزانی دەدات بۆماوەی(١٤) مانگ لەدەشتی هەولێر، لە١٦-٩-١٩٨٩دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی و ساڵی(١٩٩٠) تیپەکان لەڕووی پێکهاتەوە بوونە بەشێك لە(بەتالیۆن) بەتالیۆنی(٨ی هەولێر) پێکهات(جەلال ئیلنجاغی) تێیداکراوە بەفەرماندەی تیپ و (شەهید مەلا سولێمان) بووە بەفەرماندەی بەتالیۆنەکە.

لە(١٧-١-١٩٩١) یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگوێرەی بەرنامەیەك لەهەموو سنورەکان مەفرەزەی ناردەوە بۆ کوردستان بۆ(پەیامگەیاندن و نامەناردن و خۆسازدان و پەیوەندیکردن بەجەماوەر)ەوە، مەفرەزەکەی جەلال ئیلنجاغی بۆ سنوری کەسنەزان و ڕۆژهەلاتی هەولێر دەنێرێت، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندییەوە چەند مەفرەزەیەك ڕێکدەخات و لە(١٥-٢-١٩٩١) دەگەنە ناو شاری هەولێر چاوەڕێ دەکەن تا شانە چەکدارەکانی بروسك و جەماوەر لە(١١-٣-١٩٩١) دەستدەکەن بەڕاپەڕین.



دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەچەند وێستگەیەك درێژە بەخەبات دەدات:

١-ساڵی ١٩٩١دەکرێتە فەرماندەی(بەتالیۆنی ٣ی زورگەزراو) لە هێزی(١٠ی هەولێر) بارەگاکەی لە شارۆچکەی(قوشتەپە) دەبێت، لەو ڕۆژەدا هەموو هەولێر(٤) بەتالیۆنی هەبووە بەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایەوە.

٢-ساڵی(١٩٩٢) لە پێکهاتەی نوێ دەبێتە فەرماندەی(هێزی زورگەزراو) هەمان ساڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو هێزەکانی سنوری پارێزگای هەولێری کردەوە بەیەك و بووە(میحوەری هەولێر) سەفین مەلا قەرە بووە فەرماندەی میحوەر و جەلال ئیلنجاغی و فاروقی عەلی مەولود بوونە جێگری میحوەری هەولێر.

٣-ساڵی(١٩٩٣) لەسوپای یەکگرتووی کوردستان بووە فەرماندەی لیوای(٤١ی دهۆك) بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێك لە سنوری پارێزگای دهۆك مایەوە.

٤-دوای دەستپێکردنی شەڕی نەگریسی ناوەخۆ ساڵی(١٩٩٤-١٩٩٥) فەرماندەی لیوا بووە لەشاری کۆیە.

٥-ساڵی(١٩٩٥-١٩٩٦) بۆ ماوەیەك بووە بەلێپرسراوی میحوەری(گوێر-پیرزین).

٦-ساڵی(١٩٩٦-١٩٩٧) لەقەلاچوالان بەشداری خولی ئەفسەرانی کردووە و پلەی سەربازی پێدراوە.

٧-ساڵی(١٩٩٧-١٩٩٨) فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بووە لەفەرماندەییەکانی(بەڕانەتی و هەولێر).

٨-ساڵی(١٩٩٩-٢٠٠٣) لە دەستەی کارگێڕی لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاریکردووە.

٩- ماوەی(٢ساڵ و٤مانگ)بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان بووە بەپلەی(عەمید).

١٠-بەشداری هەرسێ کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردووە و لە کۆنگرەی(٣) کاندیدێکی دەرنەچووی ئەم حزبە بووە، ئێستا پلەی سەربازی لیوایە و

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو مەداڵیای زێڕینی پێ بەخشراوە(مەداڵیای زێڕینی پارتیزانی لەساڵی ١٩٩٢لەلایەن مام جەلالەوە پێ بەخشراوە لەگەڵ مەداڵیای زێڕینی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی شۆڕشی نوێ لەساڵی ٢٠٠٧، لەگەڵ ڕێزلێنانی پەیامبەرانی ڕاپەڕینی شاری هەولێر لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە ٢٠١٧ز.

**لیوا کاوە کادیرە پارتیزانەکە**

پێشمەرگە و ڕابەر سیاسییەکی بەتوانا لەکاری ڕێکخستن و کادیرێکی خۆڕاگری پارتیزانی شۆڕشی نوێ، یەکێکە لەو کوڕانەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە کە شۆڕشی گەلێك دەتوانێت لەنێو ڕۆڵە دڵسۆز و بەئەمەك و دەروێشەکانی ڕێبازی کوردایەتی شانازی پێوەبکات، ناوی تەواوی(کاوە ئەنوەر نادر خدر محەمەد ئەلیاس)ە، ساڵی(١٩٦٧) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، لەتەمەنێکی مێرد منداڵی(١٤) ساڵیەوە لەڕێگەی(شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز) ئیلنجاغی یەوە لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٠) لە ڕێکخستنەکانی(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) ڕێکدەخرێت، دواتر درێژە بەکاری نهێنی و ڕێکخستنی ناوشار دەدات لەسنوری کەرتی(ڕێکخستنی دەشتی کۆیە)[1]

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو(١٩٨١-١٩٨٣) لە ناو خوێندکارانی (تەقتەق وکۆیە و زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر) توانی کۆمەڵێکی زۆر لە خوێندکاران بهێنێتە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنی(شۆڕشی نوێ)ەوە و دواتر پۆلی(کازیوە)یان لێ پێکهات، هەڵسوڕان و جموجۆڵی خۆی و هاوڕێکانی لەو ماوەیەدا وایکرد ڕژێمی بەعس و دەزگا ئەمنیەکانی سنورەکە بیخەنە ژێر چاودێرییەکی وورد لەکۆیە و تەقتەق، دوای ئەوەی چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنی ئاشکرابوون و گیران، شار بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و وەك کادیرێکی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاوە ئەنوەر نادر)، پێشمەرگەی دێرین وپارتیزان، چاوپێکەوتنی پێشوو.



دەشتی کۆیە بەردەوام دەبێت لەخەباتی ڕێکخستن و سەرپەرشتی پۆلی(کازیوە) دەکات، سەرباری ئەوەش سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی گوندەکانی خۆرئاوای کۆیەش دەکات لەو سەروبەندەی کە(شۆڕش حاجی) لێپرسراوی کەرتی(ڕێکخستنی دەشتی کۆیە) بووە، دواتر لەساڵی(١٩٨٤) سەرپەرشتیاری بەشێك لەشانە و پۆلەکانی(کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاودێر)یشی لەناو شاری کۆیە پێ سپێردراوە، لەداستانی بەرگری ئیلنجاغی گەورە ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بووە و لە سەرەتایی ساڵی(١٩٨٧) دەکرێتە ڕابەر سیاسی لە کەرتی(٦) ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و بەشداری چەندین چالاکی ونەبەردی کەرتەکەی دەکات وەك هەر دوو جار گرتنی شارۆچکەی تەقتەق و شەڕی شەکرۆك و مەڵبەندی سێ و قۆپی جوانەگا، هەروەها یەکێکە لە(١٢سوارەی مێرجاڕ)ی ئیلنجاغی گەورە کەچۆن خۆی و هاوڕێکانی بەهاوکاری حزبی شیوعی عێراق لە٢٦-٤-١٩٨٧دوژمنیان کردووە بە پەندی زەمانە لەداستانی پڕسەروەری ئیلنجاغی گەورە.

قۆناغێکیتری سەروەرییەکانی مامۆستاکاوە لەمانگی(٧)ی ١٩٨٨دەست پێدەکات تاوەکو مانگی(٩)ی ١٩٨٩دەبێتە ڕابەرسیاسی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێر، یەکێك بووە لەپارتیزانە خۆڕاگر و بەتواناکان و بۆماوەی چواردە مانگ بەرگەی هەموو مەترسی و نەهامەتیەکانی پارتیزانی گرتووە، وهابی کێخوا عەزیزی تەقتەق دەگێڕێتەوە دەڵێت: (لەدوای ڕاپەڕین بورهان سەعید سۆفی لێی پرسیم کێ لێپرسراوی کۆمیتەکەتانە؟ ووتم: مامۆستا کاوەی ئیلنجاغ، بورهانیش ووتی: جارێك کوڕێك لەپارتیزانیەوە لەدوای ئەنفالەکان هەندێ ڕاسپاردەی لەفەرماندەی تیپی پارتیزانی ٨٦ی دەشتی هەولێر(جەلال ئیلنجاغی)یەوە بۆ هێنام، زۆر ترسام! لەدڵی خۆم ووتم: ئەو کوڕە گەنجە منداڵە چۆن پارتیزانی پێ تەواو دەکرێت؟! دوای گەڕانەوەمان بۆسەرکردایەتی لە(٤٠٠) پێشمەرگەوە(٢١) پێشمەرگە ماینەوە،

یەکێك لەوانەی کە تـوانی تاسـەر خـۆی ڕابگرێـت و دڵسـۆزانە بەرگـە بگرێـت ئـەو مامۆستا کاوەی ئێوە بوو).[٢]

لەکۆتایی ساڵی(١٩٨٩) دەبێتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی تیپەکانی( هـەورێ و مامەندە و قەندیل) ساڵی(١٩٩١) مانگێك پێش ڕاپەڕین لەگەڵ مەفرەزەکەی(جـەلال ئیلنجاغی) هاتونەتەوە ڕۆژهەلاَتی هەولێر و کەسنەزان و دواتر ناوشـاری هـەولێر بـۆ گەیاندنی نامە و ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی و دروسـتکردنی شـانەی چـەکداری بـۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی شاری هەولێر، لە کۆچڕەوی ٣١-٣-١٩٩١ لەشاری کۆیـە لەگەڵ محەمەد چاوشین ئیلنجاغی و خەیروڵلا عەبدوڵلا ئیلنجاغی بـۆ ماوەیـەکی زۆر پەلاماری سوپای عێراقی رادەگرن و ناهێڵن پێشڕەوی بکات.[٣]

گرنگترین ئەو ئەرکانەی لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١پێی سپێردراوە ئەمانە بوون:

١-١٩٩١دەبێتە لێپرسراوی(کەرتی ڕێکخسـتنی تەقتـەق)ی یـەکێتی نیشـتمانی کوردستان و سەرپەرشتیاری لیژنەی تەنسیقی تەقتەق لەکاتی گفتوگۆی سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق و لەو ئەرکەیدا لە ٨-٨-١٩٩١ لەگەڵ سەربازگەی قەلاَتەی تەقتەق دووچاری شەڕێکی قورس دەبنەوە لە بەیانیەوە تاوەکو ئێـوارە درێـژەی کێشـاوە کە خۆی و محەمەد چاوشین ئیلنجاغی ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لەشـەڕەکەدا، دواتـر کە تەقتـەق دەکرێتـە(کۆمیتـەی ڕێکخسـتن) لێپرسـراوی کۆمیتەکـە بـووە تـاوەکو ساڵی(١٩٩٨).

٢-ساڵی(٢٠٠٢) لە خولی فەرماندەیی(کۆلیژی سەربازی قەلاچوالان)ی وەزارەتـی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواو دەکات.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(وهاب کێخوا عەزیز رەشید)لەدایکبووی(١٩٥٤)ی تەقتـەق، ڕێکخسـتنی دێـرین، لـە١٠-١١-٢٠١٦ز.

[٣] بۆ ژیاننامەکەی زیاتر سودم بینیووە لەئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٢٣٢-٢٣٣.



٣-سـاڵی(٢٠٠٣-٢٠٠٤) بەکالۆریۆسـی لەکۆلیـژی یاسـای ئێـوارانی زانکـۆی سلێمانی بەدەستهێناوە.

٤-ساڵی(٢٠٠٤)بووە بەبەڕێوەبەری(فەرمانگەی یاسایی)لـەوەزارەتی پێشـمەرگەو لەپرۆسەی یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشـمەرگە دەکرێتـە بەڕێوەبـەری(بەڕێوەبەرایـەتی گشتی فەرمانگەی یاسایی) لەوەزارەتی پێشمەرگە.

٥-ساڵی(٢٠٠٩) بڕوانامەی ماستەر لەبواری(لێکۆلینەوەی ستراتیژی تایبەت بـە ئاسایشی نەتەوەیی) لە شاری بەغداد بەدەستهێناوە، لە هەمان ساڵدا وەك(ڕاوێـژکاری یاسایی وەزارەتـی بـەرگری-پێشـمەرگە)ی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەلایـەن پنتاگۆن-ەوە بانگهێشتکراوە بۆ ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ولە واشنتۆن و ڤێرجینیا ووتەی پێشکەش کردووە.

٦- لەمانگی(٩)ی ٢٠٠٩پلەی سـەربازی بـەرز دەبێتـەوە بـۆ(لیـوا) و لەشـەڕی تیرۆرستانی چەکدارانی دەولـەتی ئیسـلامی لـەعێراق و شـام(داعـش) ئەنـدامێتی و سەرپەرشتی چەندین لێکۆلینەوەی یاسایی و مەیدانی وەزارەتی پێشمەرگەی کـردووە و لەسـاڵی ٢٠١٥ەوە ئەنـدامی لیژنـەی بـالاَی چاکسـازی وەزارەتـی پێشـمەرگە یـە لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٧- لەژیانی پێشمەرگایەتی دوو مەداڵیای زێڕینی وەرگرتووە: (مـەداڵیای زێڕینـی پارتیزانی لەساڵی ١٩٩٢لەلایەن مام جەلالەوە پێ بەخشراوە لەگەڵ مەداڵیای زێڕینـی پێشمەرگە دانـەبڕاوەکانی شۆڕشـی نـوێ لەسـاڵی ٢٠٠٧ و ڕێزلێنـانی پەیامبـەرانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لـە سـاڵی ٢٠١٧ پێ بەخشراوە).

## ئەحمەد ئیلنجاغی پێشمەرگەی دانەبڕاو و پارتیزان

ئەو پێشمەرگەی لەسەرەتای هەشتاکانەوە لەریزەکانی پێشمەرگایەتی دەرکەوت و چەکی پێشمەرگایەتی لەشانکرد تاوەکو کۆتایی ژیانی هەر پێشمەرگە بوو، ناوی تەواوی(ئەحمەد عەودل قادر جەمیل وسو ئەلیاس)ە، ساڵی(١٩٥١)لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەخێزانێکی جوتیاری هەژاری کوردپەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، لەقوتابخانەی ئیلنجاغی گەورەی سەرەتایی تاوەکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوە، بەڵام دواتر لەخوێندن دابڕاوە و بەکاری شوانکارە و کشتیارییەوە خەریك دەبێت، لەساڵی(١٩٦٨) لە تەمەنی(١٧) ساڵی دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و تاوەکو نسکۆی ساڵی ١٩٧٥بەردەوام دەبێت.(١)

لەساڵی(١٩٨٠)ەوە لەڕێگەی(فاروقی عەلی مەولود)ەوە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ساڵی(١٩٨٢) دەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی(٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لەساڵی(١٩٨٤)ەوە دوای گفتوگۆی حکومەتی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو پێشمەرگەی قارەمان و فەرماندەیەکی مەفرەزەی بە توانا دەرکەوت و لە زۆربەی داستان و نەبەردییەکانی کەرت و تیپەکەی بەشداربووە، یەکێك لە وێستگە دیارەکانی خەباتی ئەحمەد ئیلنجاغی لەمانگی تەمموزی ١٩٨٨دەست پێدەکات کە لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێری ڕەتڵی پارتیزانەکانی هەولێر دەبێتە فەرمانەدەی مەفرەزە و بۆماوەی(١٤) مانگ تاوەکو ١٦-٩-١٩٨٩لە دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی دەمێنێتەوە، لە ساڵی ١٩٩١لەگەڵ مەفرەزە ڕاسپێردراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرەو ناوچەکانی هەولێر گەڕاوەتەوە و بەشداری ڕاپەڕینی جەماوەری کوردستانی کردووە تاوەکو ئازادکردنی شاری کەرکوك.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕێباز محەمەد عەودل) لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی هەولێر لەکۆیە، برازای شەهید، لە٢٩-١١-٢٠١٦ز.



دوای ڕاپەڕین لەچەند وێستگەیەك لەشاری هەولێر درێژەی بەخەباتداوە:

١-لەبەرەی کوردستانی و لیژنەی ئاسایش و دواتر لەسوپای یەکگرتووی کوردستان و لەفەوجەکانی فریاکەوتن و لیوا و فەوجەکان درێژەی بەخەباتداوە.

٢-دوای شەڕی نەگریسی ناوەخۆ لەساڵی(١٩٩٤-١٩٩٥) لە لەشکری بەڕانەتی درێژە بەخەبات دەدا.

٣-دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦لە شاڕی ڕانیەی دەڤەری ڕاپەڕین نیشتەجێ دەبێت و لەفەرماندەیی فەرماندەی دووی هەولێر بەردەوامی بە کاروانەکەی دەدات و لەزۆربەی شەڕەکانی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربووە.

٤- دوای کەوتنی بەغداد ساڵی ٢٠٠٣بەبڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپلەی سەربازی(عەمید) خانەنشین دەبێت.

٥- لەژیانی پێشمەرگایەتی دوو مەداڵیای زێڕینی وەرگرتووە: (مەداڵیای زێڕینی پارتیزانی لەساڵی ١٩٩٢لەلایەن مام جەلالەوە پیێ بەخشراوە لەگەڵ مەداڵیای زێڕینی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی شۆڕشی نویێ لەساڵی ٢٠٠٧).

٦-دوای ئەوەی بۆ ماوەی(٢) ساڵ و(٦) مانگ بەرەنگاری نەخۆشیەکی کوشندە بۆوە لە(٣-١١-٢٠١٤) دوای زیاترلە(٤٠) ساڵ خەبات دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین.(٢)

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕێباز محەمەد عەودل)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

# بەشی پێنجەم

## پەراوێز

## بەشی پێنجەم

## پەراوێز

### چۆڕاوگەی خوێنی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە

ئەم بەشـەی لێکۆڵینـەوەی کتێبەکـەم ناونـاوە پـەراوێز، کـە ژیاننامـەی هەنـدێ شـەهیدی گوندەکەمـە، شـەهیدبوونیان کەوتۆتـە دوای(١٩٤٠-١٩٩٠) و لـە دوای ڕاپەڕینەوە شەهید بوون، هەندێ لە هاوڵاتیان بەهۆی پەلاماری سـەربازی و هێرشـی حکومەتی بەعس بۆ سەرکوردستان لەدوای مانگی ئازاری ١٩٩١ەوە شەهیدبوون، وەك سەردانەواندن بۆ شەهیدان و بچوکترین ڕێزگرتن لەگیانی پاکیـان ئـەم بەشـەم بۆیـان تەرخانکردووە، بەداخـەوە هەنـدێ لـەکوڕانی قارەمـانی مێرجـاڕ لەشـەڕی نەگریسـی ناوەخۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردسـتان لـەنێوان ساڵانی(١٩٩٤-١٩٩٨) بوونە قوربانی ئاگری ئەو شـەڕە و شـەهیدبوون، هەنـدێکیش لەشەڕی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لەعێراق و شام(داعش) لەنێوان(٢٠١٤-٢٠١٦) شەهیدبوون.

یەکەم: ئەو شەهیدانەی لەنێوان ساڵانی(١٩٩١-١٩٩٢)شەهیدبوون:

١- شەهید زاهیر هەمزە ساڵح(١٩٦٩-١٩٩١)

ناوی تـەواوی(زاهـیر هـەمزە سـاڵح حەمـەد)ە، لەسـاڵی(١٩٦٩) لـە خێزانێکـی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، خوێنـدنی سـەرەتایی



لەگەڕەکی(باداوە)ی شاری هەولێر تەواوکردووە، یاریزانێکی باشی یاری تۆپی پێ بـووە لەیانەی وەرزشی تۆپی پێی باداوەی هەولێر.[١]

ساڵی(١٩٨٦) پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردسـتان لەکـەرتی(٦)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دەبێتـە پێشـمەرگە لـەلای(جـەلال ئیلنجـاغی) بەشـداری چەندین نەبەردی و قارەمانێتی کردووە وەك شـەڕەکانی(داسـتانی رزگـاری و داسـتانی سماقولی و گرتنی دێگەڵە و تەقتەق و چالاکیەکانی سەر ڕێگـەی کـەرکوك-هـەولێر و هەولێر-کۆیە و گرتنی ڕەبیەکانی شێراوە).[٢]

لەمانگی(٧)ی ١٩٨٨ەوە تاوەکو سەرەتای ساڵی(١٩٨٩)یەکێك بووە لەپێشـمەرگە پارتیزانـەکانی دەشـتی هـەولێر، دوای تەسلیمبونەوەشـی لەسـاڵی١٩٨٩ وەك(پێشمەرگەیەکی ناوشار) و (پێشمەرگەی شانەی سوپای رزگاری کوردستان-سرك) بووە، پێداویستی و زانیاری گواستۆتەوە بۆ پارتیزانەکان لەپشت(بنەسلاوە) بۆ یەکـەی پارتیزانی(٨٦ی دەشتی هەولێر) ڕاستەوخۆ بۆ فەرماندە(جەلال ئیلنجاغی) بەیەکێك لە پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی کوردستان دێتە ئەژمار لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان.[٣]

لەڕاپـەڕینی(شـاری هـەولێر و کـەرکوك) لەسـاڵی ١٩٩١ وەك پێشـمەرگەیەکی قارەمان بەشداریکردووە، لە(٣١-٣-١٩٩١) لە(دیبەگە) لە سـەنگەری بـەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بە بیکەیسـیەکەی تـا دوا فیشـەك بەرامبـەر دەبابـەکانی گاردی کۆماری ڕژێمی بەعسـی حکومـەتی عێـراق لەگـەڵ(٣) لـە هاوسـەنگەرانی شەهیدان(جەلیل حەمەد ئیلنجاغی و شێرکۆ ئۆمـەر ئیلنجـاغی و مـەعروف حـاجی کـەریم بـاداوەیی) تـادوا دڵـۆپی خـوێن جـەنگاوە و دەگەنـە کـاروانی پڕسـەروەری

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سامی سەلام سـاڵح)لـەدایکبووی(١٩٧٤)ی ئیلنجـاغی گـەورە، ئـامۆزای شـەهید، لـە١٧-٣-٢٠١٦ز.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام سـاڵح)لـەدایکبوی ١٩٦٧ی ئیلنجـاغی گـەورە، پێشـمەرگەی دێـرین، لـە١٨-٣-٢٠١٦ز.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەلال ئیلنجاغی)، فەرماندەی پارتیزان، چاوپێکەوتنی پێشوو.

شەهیدانەوە، دوای(٦)مانگ ئینجا تەرمی پیرۆزی لەگۆڕستانی گوندی(گردمەلا) لەگەڵ شەهیدی هاوسەنگەری(جەلیل حەمەد ئیلنجاغی) بەخاك دەسپێردرێت.[٤]

٢-شەهید شێرکۆ ئۆمەر وەسمان(١٩٧١-١٩٩١)

ناوی تەواوی(شێرکۆ ئۆمەر وەسمان)ە، لەساڵی(١٩٧١) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەتەمەنی(٢٠) ساڵیدا لەڕاپەڕینی شاری هەولێردا دەبێتە پێشمەرگە لە(بەتالیۆنی ٣ی زورگەزراو) لە هێزی(١٠ی هەولێر) لەلای فەرماندە جەلال ئیلنجاغی، بەشداری ئازادکردنی شاری هەولێر و کەرکوك دەکات، لە(٣١-٣-١٩٩١) لە(دیبەگە) لە سەنگەری بەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین تا دوا فیشەك بەرامبەر دەبابەکانی گاردی کۆماری ڕژێمی بەعسی حکومەتی عێراق لەگەڵ(٣) لە هاوسەنگەرانی شەهیدان(جەلیل حەمەد ئیلنجاغی و زاهیر هەمزە ئیلنجاغی و مەعروف حاجی کەریم باداوەیی) تا دوا دڵۆپی خوێن جەنگاوە و دەگەنە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە، دوای(٦)مانگ ئینجا تەرمی پیرۆزی لەگۆڕستانی گوندی(گردمەلا)بەخاك دەسپێردرێت.[١]

٣-شەهید جەلیل حەمەد ساڵح(١٩٦٧-١٩٩١)

ناوی تەواوی(جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد)ە، لەساڵی(١٩٦٧) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەمانگی(١٠)ی ١٩٨٥لە کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەلای ئەحمەد کوردە دەبێتە پێشمەرگە، لەشەڕەکانی سنوری تیپەکەیدا لەساڵی١٩٨٦بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی دەکات لەوانە(شەڕی نێرەگین، گرتنی ڕەبیەکانی شێراوە-پردێ، چالاکی نێو ڕێگاکانی هەولێر-کەرکوك وکۆیە-هەولێر، گرتنی فەوجی ئاکۆیان).[١]

---

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح) ، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەزیز ئۆمەر وەسمان)لەدایکبووی١٩٤٤ی ئیلنجاغی گەورە، براگەورەی شەهید، لە٤-١-٢٠١٣ز.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.



لەڕاپەڕینی(شاری هەولێر و کەرکوك) لەساڵی ١٩٩١ وەك پێشمەرگەیەکی قارەمان بەشداریکردووە، لە(٣١-٣-١٩٩١) لە(دیبەگە) لە سەنگەری بەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین تا دوا فیشەك بەرامبەر دەبابەکانی گاردی کۆماری ڕژێمی بەعسی حکومەتی عێراق لەگەڵ(٣) لە هاوسەنگەرانی شەهیدان(زاهیر هەمزە ئیلنجاغی و شێرکۆ ئۆمەر ئیلنجاغی و مەعروف حاجی کەریم باداوەیی) تادوا دڵۆپی خوێن جەنگاوە و دەگەنە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە، دوای(٦)مانگ ئینجا تەرمی پیرۆزی لەگۆڕستانی گوندی(گردمەلا) لەگەڵ شەهیدی هاوسەنگەری(زاهیر هەمزە ئیلنجاغی)بەخاك دەسپێردرێت.[٢]

٤-شەهید نازم کازم مەحمود(١٩٦٩-١٩٩٢)

ناوی تەواوی(نازم کازم مەحمود جومعە وسو ئەلیاس)ە، نەوەی خێزانێکی کوردپەروەری نیشتمانپەروەری ئیلنجاغی گەورەیە، لەساڵی(١٩٦٩) لە شاری کەرکوك، گەڕەکی(ڕەحیماوا) لەدایکبووە، لە(١-١-١٩٩٢) لەگەڕەکی(مامۆستایان-حی معلمین)ی شاری کەرکوك لەڕێگەی بەغداد دەزگای هەواڵگری ڕژێمی بەعس دەستگیری دەکەن، کچێك بەناوی(لەیلا) بە(فەوزیە کازم)ی خوشکی دەڵێت(لەزیندانی کەرکوك بینیومە) دوای(٦) مانگ لەگرتنی ڕەوانەی شاری(بەغداد) دەکرێت و لەوێشەوە بێ سەر و شوێن کرا، وەك تێکرای بێ سەر و شوێنکراوانی کوردستان، ئەویش یەکێکە لەگۆڕی سەربازانی وونی وڵاتەکەم.[١]

٥-شەهید عەوڵڵا ڕەش (١٩٢٨-١٩٩١)

ناوی تەواوی(عەوڵڵا ڕەسول قادر)ە، ناسراو بە(عەوڵڵا ڕەش) ساڵی(١٩٢٨) لە خانەوادەیەکی جوتیاری کوردپەروەر هاتۆتە ژیانەوە، کورە گەورەی مام(ڕەسوڵە پیاو) بووە، ژیانی بە جوتیاری و کرێکارییەوە دەست پێکردووە، لەساڵی(١٩٤٨) ژیانی

---

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح) ، پێشمەرگەی دێرین، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەوزیە کازم مەحمود)، لەدایکبوی(١٩٧٣)ی کەرکوك، خوشکی شەهید، لە٢٠-٣-٢٠١٣ز.

هاوسەری پێکهێناوە، خاوەنی(٥) کوڕ و کچێکە، لەشۆڕشی ئەیلول بەشداریکردووە، دوای نسکۆی شۆڕش ماڵی گواستۆتەوە شاری هەولێر و لەوێ بووە بەفەرمانبەر لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەتا ڕاپەڕینی ١٩٩١، لەڕاپەڕینیش وەك تێکڕای جەماوەری شاری هەولێر بەشداربووە، لە(٤-٤-١٩٩١) لە پەلاماری حکومەتی عێراق بۆسەر خەڵکی کوردستان و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین لەشارۆچکەی(پیرمام-مەسیف سەلاحەدین) بە دەستی ڕەشی بەعسیەکان شەهید دەکرێت و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و هەر لەخاکی پیرۆزی کوردستان لەشارۆچکەی(پیرمام)بەخاك دەسپێردرێت.[1]

٦-شەهید سولێمان فەتحوڵلا کاوێس(١٩٣٢-١٩٩١)

ناوی تەواوی(سولێمان فەتحوڵلا کاوێس مەلاك)ە، ساڵی ١٩٣٢لە بنەماڵەیەکی شێخانی بن داسنی کوردپەروەر و جوتیاری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، باوکی شەهیدی فەرماندە(بەکر ڕەشاش)ە، ژیانی بەکشتیاری و ئاژەڵداری دەستپێکردووە، دواتر پیشەی(جۆلایی)کردووە، لەساڵی(١٩٥٦) ژیانی هاوسەری لەگەڵ(نەخشین محێدین حەسەن) پێکهێناوە، لەساڵی(١٩٦٣) کاتێك شیوعیەکان لەهەولێر چالاکیەك ئەنجام دەدەن ئەوکات بۆپیشەی جۆلایی شاگردی(رەحمان جۆلا) بووە لەسەیداوەی شاری هەولێر، بۆماوەی یەك هەفتە بەعسیەکان دەستگیری دەکەن، ساڵی ١٩٨٠دوای ڕاگواستنی ئیلنجاغی گەورە لەلایەن بەعسیەکانەوە ماڵەکەی دەگوازێتەوە(حەمامۆك)ی شاری کۆیە، لەساڵی ١٩٨١لەگەڵ(ئامینە)ی خوشکی بۆ ماوەی(٦)مانگ زیندانی دەکرێن، چونکە شەهید بەکری کوڕی و محەمەد فەتاحی کوڕە خوشکی پێشمەرگەی کەرتی ٢ی ت٨٦ی دەشتی هەولێر بوون، لە٢٢-٩-١٩٨٢ کوڕە فەرماندەکەی لە شەڕێکی شێخ بزێنی خواروودا بەرامبەر جاش و جەیشی ڕژێمی

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا قادر ڕەسوڵ)لەدایکبوی(١٩٦٩)ی ئیلنجاغی گەورە، برازای شەهید، لە٢٨-١١-٢٠١٦ز.



عێراقەوە و دواتریش بەهۆی پەڕینەوە لە زێی بچوکەوە دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەژیانیدا زۆر کولە مەرگی و زیندان و ماڵ وێرانی بینیووە، لەکۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کورد ساڵی ١٩٩١، لە١٦-٧-١٩٩١لەحاجی ئۆمەران نەخۆشی و سەرما تەنگی پێ هەڵدەچنێ و بەئاوارەیی و جەرگ سوتانەوە بۆ دواجار چاوی لێك دەنێ و ماڵئاوایی دەکات و سەرەتا بۆماوەیەك لە گۆرستانی حاجی ئۆمەران دەنێژرێت و دواتر گۆڕستانی(شەهیدان)ی کۆیە دوامەنزڵگەیەتی و لەوێ بەخاکی دەسپێرێنەوە.[1]

٧-شەهید ئەیوب تارق جەمیل(١٩٨٧-١٩٩١)

ناوی تەواوی(ئەیوب تارق جەمیل وسو جومعە)ە، ساڵی(١٩٨٧)لەشاری هەولێر چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەساڵی ١٩٩١لەئۆردوگاکانی وڵاتی ئێران لەئاوارەیی و دەربەدەری بەنەخۆشی و بێ داودەرمانی سەری نایەوە.[1]

٨-شەهید سەلاحەدین خالد ئۆمەر(١٩٤٩-١٩٩٢)

ناوی تەواوی(سەلاحەدین خالد ئۆمەر وسو)ە، ساڵی(١٩٤٩) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، قۆناغی ناوەندی خوێندنی لەگەڕەکی(ئیمام قاسم)ی شاری کەرکوك تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٦٥پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، لەساڵی١٩٦٦لەلایەن باڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان(جەلالی) دەستگیردەکرێت و بەبیانووی پەیوەندی بەرێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(مەلایی) سزای دەدەن، ساڵی(١٩٧٢-١٩٧٣) لەچیای(زۆزگ) دەبێتە پێشمەرگە لەلای(ڕەسوڵ فەقێ)ی هەریر و باتاس لەهێزی دژە ئاسمانی شۆڕش.[1]

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محسین سولێمان فەتحوڵلا)لەدایکبوی(١٩٦٧)ی ئیلنجاغی گەورە، کوری شەهید، لە٣-١-٢٠١٧ز.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەوزیە کازم مەحمود)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەمال خالد ئۆمەر)لەدایکبووی ١٩٥٣ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.

پێشمەرگەیەكی بەدەست و قام بووە،كوردێكی دڵسۆز و بوێر بووە، ئارەزووی لەزوڵم و غەدر نەبووە، لەساڵی ١٩٧٤ فرۆكەیەكی حكومەتی عێراقی پێكاوە و لەبەر لێهاتوویی لەلایەن خودی سەرۆك(مەلا مستەفای بارزان)ەوە(١٠٠دینار و دەمانچەیەك)ی بەدیاری بۆ نێردراوە، بەداخەوە ئەم پێشمەرگە قارەمانە لە بۆردومانەكانی ڕژێمی عێراق بۆ سەر مۆڵگەكانیان بەسەختی بەبۆردومانی فرۆكە بریندار دەبێت، زامەكە لەپشت و سەری بووە بەدەیان پارچە ساچمەی لە لەش ماوەتەوە، لەنەخۆشخانەكانی ئێران چەند نەشتەرگەرییەكی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەم زام و ساچمانەوەش لەساڵی ١٩٧٥دەبێتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی شۆڕش و وانە بەمناڵانی ئاوارەی كورد دەڵێتەوە، ماوەیەك لە(مازەندەران-شاسوار-سبس مەیدان-ئیمام ڕەزا لەكەرەج) ژیاوە، ژیانی هاوسەری پێكهێناوە و لەپاش خۆی دوو كچی بەناوەكانی(نازەنین ومریەم) جێهێشتووە.[2]

بەدەم ئازارەكانی زامەكەیەوە ژیاوە و ساچمەكان دووچاری نەخۆشیان كردووە لەمێشكیەوە و ساڵی ١٩٩٢نەشتەرگەری بۆ دەرهێنانی ساچمەیەك دەكات ئەمەش دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان و شەهیدبوونی دوای ١٧ساڵ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ساچمەكانی ڕژێمی بەعس لەشان و پشت و سەریدا، ئەم شەهیدبوونەوەی لەڕادیۆی دەنگی كوردستانی عێراق بڵاوكرایەوە بۆئەوەی خزم وكەس وكاری بەهەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگە قارەمانەكەی شۆڕشی ئەیلولیان بزانن، لەگۆڕستانی(شاسواری مازەندەران)ی وولاتی ئێران بەخاك سپێردراوە.[3]

[2] چاوپێكەوتن لەگەڵ(جەلال خالد ئۆمەر)لەدایكبووی ١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.

[3] چاوپێكەوتن لەگەڵ(كەمال خالد ئۆمەر)لەدایكبووی ١٩٦٠ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.



دووەم: ئەو شەهیدانەی لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆی نێوان یەكێتی و پارتی لەنێوان ساڵانی(١٩٩٤-١٩٩٨)شەهیدبوون ئەمانەن:

١-شەهید كازم حەمەدەمین ڕەئوف(١٩٦٢-١٩٩٥)

ناوی تەواوی(كازم حەمەدەمین ڕەئوف فەتاح حەمەد مەلاك)ە، ساڵی١٩٦٢ لەخانەوادەیەكی نیشتمانپەروەری كوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لە تەمەنی(١٦) ساڵیدا ساڵی ١٩٧٨لەلایەن شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایزەوە ڕێكدەخرێت و پەیوەندی دەكات بەریزی ڕێكخستنەكانی(كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان) لە نەورۆزی(٢١-٣-١٩٨١) قۆناغی دووەمی ئامادەیی كشتوكاڵی كەڵەك بەجێ دەهێڵێت بۆ بیروباوەڕەكەی و چەكی پێشمەرگایەتی لەهەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر دەكاتە شان كە ئەو كات شەهید(ملازم سەید كەریم هاودیان)ی فەرماندەی هێزەكە بووە، بۆماوەی(٣)مانگ دەچێتە سەركردایەتی لە(ناوزەنگ و شێنێ) لە(١٣-٧-١٩٨١) لە كۆتایی خولەكاندا هەڤاڵ(مام جەلال) وتەیەكیان پێشكەش دەكات و پێیان دەڵێت(كەدەچنەوە خوارەوە و ناوچەكانی خۆتان دەبێت مامەڵەتان لەگەڵ برا جوتیارەكان باش بێت) دوای ئەوەی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێر كرا بە(قوەتی ٨ی دەشتی هەولێر) شەهید(شاخەوان عەباس) دەكرێتە فەرماندەی قوەتەكە و شەهیدكازم-یش لەكەرتی(٢)ی ئەم قوەتە لەلای شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژە بەخەبات دەدات.[1]

شەهیدی فەرماندە(مامەڕیشە) لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢كاتێك دێتە سنوری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چەند پێشمەرگەیەكی ئازا لە تیپەكە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)،لەدایكبووی ١٩٦٢ی ئیلنجاغی گەورە، هاوسەنگەری شەهید، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

گەڕان(جەولەکان) و چالاکیەکاندا لەگەڵیدا بن شەهید(کازم)یش یەکێك لەو پێشمەرگانە دەبێت.[2]

شەهید کازم بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی کردووە لەشۆڕشی نوێدا لەوانە(داستانی سێکانی و شەڕگەی ئالۆەتان لەمهاباد و بۆکان وەك هێزی پشتیوانی بۆ بەرگریکردن لەبارەگاکانی هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەلات و چالاکیەکانی ناوشاری هەولێر و کۆیە و تەقتەق و چالاکیەکانی سەر ڕێگە و نێوان ڕێگەکانی(هەولێر-کۆیە و هەولێر-کەرکوك و کۆیە-تەقتەق).[3]

لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەشداری ئازادکردنی شاری(هەولێر وکەرکوك) دەکات، لەسەرداوای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی دووەم، هەڤاڵ(کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) دەکرێتە فەرمانـدەی مـەفرەزە لەدەستەی تایبەتی هەڤاڵ کۆسرەت، بەداخەوە دوای(١٤)ساڵ خەبات و تێکۆشان لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ لەشەوی(١٤/١٥-١-١٩٩٥) لە شاری هەولێر دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورەی زێدەکەی خۆی بەخاك دەسپێردرێت و لەدوای خۆی(٤) جگەرگۆشەی بەناوەکانی(کرێکار، نسار، کەنار، ساکار) بەجێهێشتووە.[4]

**٢-شەهید سەلاح سەلام سالّح(١٩٧١-١٩٩٥)**

ناوی تەواوی(سەلاح سەلام سالّح حەمەد)ە، ناسراو بە(سەلاح ئیلنجاغی) لەساڵی(١٩٧١) لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەخوێندندا تاوەکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندوە و بەهۆی سەختی بژێوی ژیانەوە دەستی بەکاری کرێکاری کردووە.[1]

---

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کرێکار کازم حەمەدەمین)، لەدایکبووی ١٩٨٨ی هەولێر کوری شەهید، لە٩-٣-٢٠١٦ز.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)، چاوپێکەوتنی پێشوو.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(نازم حەمەدەمین ڕەئوف)، لەدایکبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید لە٩-٣-٢٠١٦ز.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سامی سەلام سالّح)، لەدایکبوی ١٩٧٤ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.



بەو هۆیەی براکەی(سەباح سەلام) پێشمەرگەبووە لەتیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەردەوام دەزگای سیخوری و ئەمنیەکانی شاری هەولێری ڕژێمی بەعس هەڵدەکوتنە سەریان و تەواو بێزاریان دەکەن بۆیە بەناچاری ڕوو دەکەنەوە گوندی(ئیلنجاغی گەورە) لەو کاتە پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگوندەکەیان و بەردەوام دەبێت تا پرۆسەی ئەنفال.[2]

دوای ئەنفال جارێکی دیکە گوندی ئیلنجاغی گەورە بەجێ دەهێڵن وورووەکەنەوە شاری هەولێرو لەگەڕەکی(باداوان) نیشتەجێ دەبن، ساڵی(١٩٨٩) دەبێتە سەرباز لە(بەدرە و جەسان) لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی(عێراق-کوەیت) بەمۆڵەت دەگەڕێتەوە کوردستان و بڕیار دەدات نەچێتەوە خزمەتی سەربازی، لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕین بەرەو کۆیە بەڕێ دەکەوێت و لەگرتنی ڕەبیەکانی(حەمامۆك) بەشداری دەکات و ڕۆڵێکی ئازایانە دەنوێنێت، هەروەها لەڕزگارکردنی(هەولێر و قوشتەپە و پردێ)تا دەگاتە ڕزگارکردنی شاری کەرکوك بەشداربووە.[3]

بەداخەوە دواجار لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆلە(سێ بەردان) لەسنوری شاری هەولێر لە٢٢-٢-١٩٩٥ دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورەی زێدەکەی خۆی بەخاك سپێردراوە.[4]

**٣-شەهید فاخر عەباس محێدین(١٩٧٨-١٩٩٥)**

ناوی تەواوی(فاخیر عەباس محێدین حەسەن)ە، ساڵی(١٩٧٨) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی(١٩٨٠) لە گوندەکەیان بە بیانووی بوونی نەوتەوە ڕاگوێزراون و لە هەولێر نیشتەجێبوون، تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی لەشاری هەولێر خوێندووە، لەدوای ڕاپەڕین لەتەمەنی(١٤)

---

[2] شەهید سەلاح ئیلنجاغی گەنجە بوێرەکەی یەکێتی،ڕەشۆ بایز گەردی ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٦٨٦٨) ، لە ١٠-١ -٢٠١٦ز.

[3] شەهید سەلاح ئیلنجاغی گەنجە بوێرەکەی یەکێتی، سەرچاوەی پێشوو.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام سالّح)، پێشمەرگەی دێرین، برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

سالّیەوە پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسالّی ١٩٩٢، دوای(٣) سالّ لەتەمەنی کورتی پێشمەرگایەتی لە(١٧-٨-١٩٩٥) بەکارەساتێکی دلّتەزێن لەکاتی ئێشگگری و پێشمەرگایەتی لە بناری(کێشکێ) دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و لە گۆڕستانی(شێخ مەعروف) لەباداوەی شاری هەولێر بەخاك دەسپێردرێت.[1]

٤-شەهید ئەحمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا(١٩٦٧-١٩٩٦)

ناوی تەواوی(ئەحمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك)ە، سالّی ١٩٦٧لەخێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەلّێناوە، تاوەکو پۆلّی شەشەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی گوندی ئیلنجاغی گەورە خوێندووە، سالّی ١٩٨٥ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و لەدوای خۆی دوو جگەرگۆشەی بەناوەکانی(شەیدا و شەوبۆ) بەجێهێشتووە، لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەشداری ڕاپەڕینی کردووە و لەدوای ڕاپەڕینەوە لەدەستەی تایبەتی پاسەوانەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی دووەم هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول دەبێتە پێشمەرگە، لەزۆربەی شەڕەکانی پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێم لەگەڵ هێزە تایبەتەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریکردووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتی لەهێزی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران(جێگر سریە) بووە، لەشەڕە نەخوازراوەکەی(٣١ی ئابی ١٩٩٦) لە دووڕیانی(دارەتوو-هەولێر) لە بەرگریکردن لەپایتەختی هەرێمی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تانك و زریپۆشەکانی گاردی کۆماری سوپای عێراق دەچێتە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە، بەهۆی سەختی شەڕی ئەو ڕۆژە و شەڕی کۆڵان بەکۆڵانی ئەو ڕۆژە ڕەشە لەگۆڕستانی(سەید مەعروف)ی باداوەی هەولێر بەئەمانەتەوە

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(فارس عەباس محێدین)، لەدایکبووی(١٩٦٨)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە٢١-٣-٢٠١٥ز.



بەخاك دەسپێردرێت و دوای(٩) سالان لەشەهیدبوونی لەسالّی(٢٠٠٥) تەرمەکەی دەهێنرێتەوە گۆڕستانی ئیلنجاغی گەورەی شەهیدان و بەخاك دەسپێردرێتەوە.[1]

٥-شەهید محەمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا(١٩٦٥-١٩٩٦)

ناوی تەواوی(محەمەد عەبدولوەهاب فەتحوڵلا کاوێس مەلاك)ە، ناسراو بە(محەمەد برنۆ) سالّی ١٩٦٥لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەلّهێناوە، تاوەکو پۆلّی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورە خوێندووە، بەهۆی بار و گوزەرانەوە نەیتوانیووە درێژە بەخوێندن بدات لەگەڵ خێزانەکەی بەکار وکاسبیەوە خەریك بووە، لەسالّی ١٩٨١پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ-ەوە، لەکۆتایی سالّی(١٩٨٢) دەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لای فەرماندەی کەرت شەهید ئەحمەد قەمبەری، بەشداری چەندین نەبەردی و قارەمانێتی سنوری تیپ و کەرتەکەی کردووە، لە نێوان هەولێر و کۆیە و تەقتەق و کەرکوك و هەروەها لەدەیان چالاکی ناوشار و شارۆچکەکان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، لەکۆتایی سالّی ١٩٨٦بۆ ماوەی یەك سالّ لەهێزی بەرگری سنوری کێلّگەی نەوتی تەقتەق لەلای محەمەد ئیلنجاغی دەبێت و لەهەموو شەڕەکانی ئەو سنورە بەگرتنی شارۆچکەی تەقتەقیشەوە بەشداربووە، محەمەد برنۆ بەیەکێك لەپێشمەرگە قارەمانەکانی(١٢سوارەی مێرجار)ی ئیلنجاغی گەورە دادەنرێت کە بەهاوکاری هێزێکی حزبی شیوعی عێراق توانیان لە٢٦-٤-١٩٨٧گەورەترین داستان و سەروەری لە کوردستان و ناوچەکە تۆماربکەن و دوژمن سەرشۆڕ بکەن ئیلنجاغی گەورە بە بەزین و بەزێنراوی بەجێ بهێڵێ.

لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان بەشداربووە لەرزگارکردنی شار و شارۆچکەکان، سالّی ١٩٩٣ لەسکرتارییەت و سریەی تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال بووە، لەسالّی ١٩٩٤کراوە بەسەرتیپ لە بەتاڵیۆنی تەقتەق، دواتر وەك پێشمەرگەی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شهاب عەبدولوەهاب فەتحوڵلا) پێشمەرگەی دێرین و برای شەهید، چاوپێکەوتنی پێشوو.

پاسەوانی لەکێڵگەی نەوتی تەقتەق دەست بەکاربووە، لەزۆربەی شەڕەکانی پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربووە، بەداخەوە دوای چەندین ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی لە شەڕی نەگریسی ناوەخۆ لە(١-١٠-١٩٩٦) لەڕووبەڕووبونەوەیەك لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبناری چیای هەیبەسوڵتان دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، بەهۆی سەختی بارودۆخەکە بۆماوەی(٣) ڕۆژ بە(ئەمانەت) لەشارۆچکەی(دوکان) دەینێژن ودواتر دەگوازرێتەوە گۆڕستانی زێدەکەی خۆی ئیلنجاغی گەورە و بۆیەکجاری ڕاسپاردەی خاك دەکرێت و دوای خۆی(٦) جگەرگۆشەی بەجێهێشتووە(کاروان و کاردۆ و کەیوان و خەندەو ڕێژاو و ڕێژین).[1]

### ٦-شەهید حەکیم ڕەئوف عوسمان(١٩٧٢-١٩٩٦)

ناوی تەواوی(حەکیم ڕەئوف عوسمان مەحمود)ە، ناسراو بە(حەکیم جیهاز) لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، تەنها تاوەکو پۆلی سێ یەمی ناوەندی خوێندووە، بەر لەڕاپەڕینی ١٩٩١پەیوەندی دەکات بە شانە چەکدارە نهێنیەکانەوە دەکات وەك(سرك) بەشداری ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکات بە ڕزگارکردنی کەرکوکیشەوە، لەسوپای یەکگرتووی کوردستان دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر پاکی و نهێنی پارێزی دەکرێتە(عەدەد جیهاز) دواتر دەگوازرێتەوە لیوای(١)ی تایبەتی کۆیە، پاش ماوەیەك دەگوازرێتەوە بۆ پاسەوانی کێڵگەی نەوتی تەقتەق، دواتر لەساڵی ١٩٩٥ەوە لەلایەن هەڤاڵ عوسمان بانیمارانیەوە دەکرێتە فەرماندەی کەرت و دواتر لێپرسراوی دەستەی پاراستنی هەڤاڵ بانیمارانی لە لەشکری ١٥ی قەرەچوغ، لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین شەڕ و نەبەردی کردووە وەك(شاخی سەفینی

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(کاردۆ محەمەد عەبدولوەهاب)، کوڕی شەهید، لە ٥-٢-٢٠١٣ز.



شەقڵاوە، دەربەندی گۆمەسپان، کوڕەتاڵ، هەولێر و دەوروبەری، سێبیران، سیدەکان، لێدانی مۆڵگە و سەربازگەکانی حکومەتی بەعس لەساڵی ١٩٩٥هتد).

بەداخەوە ئەم کوڕە دڵسۆزە تازە پێگەیشتووەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ لەڕووبەڕووبونەوەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان کۆیە و دێگەڵە لەنزیك گوندی(شێخەروان) لەکاتژمێر(١١:٤٥) پێش نیوەڕۆ دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە و لەگۆڕستانی(کەکۆن) نزیك گڵکۆی گەورە شاعیری شۆڕشگێڕی کورد(دڵدار) لە شارەکەی حاجی(کۆیە) بەخاك سپێردراوە.[1]

### ٧-شەهید بەختیار حەمەد عوبێد(١٩٨٧-١٩٩٧)

ناوی تەواوی(بەختیار حەمەد عوبێد حەمەلاو)ە، لەساڵی(١٩٨٣)لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ لە(٨-١١-١٩٩٧) لەدۆڵی(سماقوڵی) لە قەدپاڵی(سوسێ) لە فەرماندەیی(٥)ی دووکان(٦) پێشمەرگە دەکەونە بەر سێرەی دەبابەکانی بەرەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوانیش(شەهید قادر حاجی عەوڵلا ئیلنجاغی و شەهید بەختیار حەمەد ئیلنجاغی و محەمەد عەلی پالآنی و رزگار سەلیم مەرزانی و ڕێگر تەقتەقی و کەمال مەرزیخەیی) بوون، دەبابەکانی بەرەی پارتی دیموکراتی کوردستان(٤) گوللە تۆپیان لەنێوانیاندا بەو هۆیەشەوە(بەختیار حەمەد عوبێد) شەهید دەبێت، کەمێك پاش شەهید بەختیار دووبارە دەبابەکانی تورکیا کەڕەبیەکانی سەر لوتکەکانی(سەرمەیدان و چیای بەنەباوێ) یان گرتبوو، سێرەیان دەگرتە

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(مەهداوی ڕەئوف عوسمان)، برای شەهید، لە١٣-٨-٢٠١٥ز.

ڕووتەنی(سوسێ و لاپاڵی قولەهەرمێی نیوتیر) و تۆپێکیتریان شەهیدی فەرماندە قادر حاجی عەوڵلای پێکا و شەهیدی کرد.[1]

**٨-شەهید قادر عەبدوڵلا قادر(١٩٦٧-١٩٩٧) هەڵۆی بەرزە فڕی بەنەباوێ**

ناوی تەواوی(قادر عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ)ە، ساڵی(١٩٦٧) لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، ساڵی(١٩٧٤) دەچێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی ئیلنجاغی گەورەی سەرەتایی بەهۆی ڕاگواستنی ئیلنجاغی گەورە ساڵی ١٩٨٠لە قوتابخانەی باداوەی سەرەتایی شاری هەولێر قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، لەتەمەنی(١٨) ساڵیەوە ساڵی(١٩٨٦) لەڕێگەی(عوسمان بانی ماران) برایەوە پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنەکانی هەرێمی(٨)ی دەشتی هەولێری(حزبی سۆسیالیستی کوردستان)ەوە دەکات و چەندین نامەی ڕێکخستنی نهێنی لەشارەوە بۆ شاخ و لەشاخەوە بۆ شار دەگوازێتەوە، هەر لەساڵی ١٩٨٧ەوە چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان لەکەرتی(٢)ی تیپی ٨٥بەڕانەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلای عوسمان بانیمارانی برای، پیاوێکی گورج و چوست، بەهەست، تیژڕۆ، جوامێر، بەوری چنگ بەگڕ، چاوتیژی وەك هەڵۆ، سنوری بەڕانەتی شانازی پێوە دەکرد، کەم چالاکی هەیە بەشداری تێدا نەکرد بێ وەك نەبەردییەکانی(دەربەندی گۆمەسپان ساڵی ١٩٨٧و کێشکە و شاخی سوور و قۆپکی جوانەگا و گرتنی سەری ڕەش و داستانی بەرگری کونەکۆتر ساڵی ١٩٨٨و شەڕەکانی بەرەنگاری سوپای عێراق لەسەری ساراو سونێ لەساڵی ١٩٨٩).

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد عەلی خدر حەسەن)، لەدایکبووی(١٩٧٨)ی ئیلنجاغی گەورە، هاوسەنگەری شەهید قادری حاجی عەوڵلاو شەهید بەختیار، لە١٧-٣-٢٠١٦ز، هەرچەندە هەڤاڵ عوسمان بانیمارانی دەڵێت: لە١٨-١١-١٩٩٧شەهیدبوون، بەلاّم محەمەد پالاّنی کەهاوسەنگەریان بووە لەڕۆژی شەهیدبوونیان دەڵێت: لەدەفتەری بیرەوەرییەکانم(١٠-١٠-١٩٩٧)م نوسیووە و ئەو ڕۆژەم قەت لەبیرناچێتەوە، لەلایەکیترەوە رزگار سەلیم حەمەدەمین مەرزانی سەرتیپی هێزی ٢١٧ی فەرماندەیی(٥)دووکان دەڵێت: لە ٨-١١-١٩٩٧بەختیار حەمەد ئیلنجاغی شەهید بوو.



لەڕاپەڕینی شاری هەولێر(١١-٣-١٩٩١) بەشداری کارای کردووە لەگرتنی (ڕێکخراوی باکوری حزبی بەعسی عەرەبی و فەرمانگەی ئەمنی هەولێر و مالّی ئەسعەد ئاغای هەرکی و قایمقامیەتی ناوەندی هەولێر و شوێنی عیزەت دووری کە دواتر کرا بە(سکرتاریەتی مام جەلال).

هەروەها بەشداری رزگارکردنی شاری کەرکوکی کردووە لە٢١-٣-١٩٩١بە تایبەت لەپاککردنەوەی گەڕەکی ڕەحیماوا و پەلاماردانی سەربازگەی(معسکەر خالد) لەکاتی گفتوگۆی حکومەتی عێراق و بەرەی کوردستانی دوای ڕاپەڕین لەبالّی سەربازی(لیژنەی تەنسیق) بووە لەناو شاری هەولێر ڕۆڵی هەبووە لەپاکتاوکردنی ئەفسەرانی دەزگای ئەمنی عێراق بەتایبەت لەگەراجەکاندا ئەو ئەفسەرانەی کە دەستیان هەبووە لە خوێنڕژانی ڕۆلەکانی گەلّی کورد.

ساڵی ١٩٩٥دەبێتە فەرماندەی تیپ لە لەشکری قەرەچوغ و پاشماوەیەك دەکرێتە فەرماندەی هێز لەفەرماندەیی(٢)ی هەولێر، بەهەمان پلە دەگوازرێتەوە فەرماندەیی(٥)ی دووکان، لەزۆربەی شەڕەکانی بەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریکردووە، بەداخەوە دوای چەندین ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتی لە(٨-١١-١٩٩٧) لە میحوەری سماقولّی لەشەڕێکی نابەرامبەر لە شەڕی براکوژیدا بەرامبەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبابەکانی تورکیا چووە کاروانی شەهیدانەوە، لەدوای خۆی سێ جگەرگۆشەی بەناوەکانی(بێگەرد و ئەڤین و ئاڤان) بە جێهێشتووە، لەگۆڕستانی گوندی ئیلنجاغی گەورەی زێدەکەی خۆی بەخاك سپێردراوە.[1]

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)ناسراو بە بانیمارانی لەدایکبووی ١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، فەرماندەی میحوەری سماقولّی ئەوێ ڕۆژێ و برای شەهید، لە٧-٣-٢٠١٤ز.

٩-شەهید تارق عەبدوڵلا قادر(١٩٧٠-١٩٩٧)

ناوی تەواوی(تارق عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ)ە، لەساڵی(١٩٧٠) لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێناوە، خوێندنی سەرەتایی لە ئیلنجاغی گەورە تەواو کردووە، لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان، لەڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ڕۆڵی جوامێرانەی هەبووە لە ڕاپەڕینی ناوشاری هەولێر شانبەشانی جەماوەر و پێشمەرگە، ساڵی ١٩٩٦فەرماندەی تیپ بووە لەهێزی(١٢٢)ی فەرماندەیی(٢)ی هەولێر، دواتر بەهەمان پلە دەگوازرێتەوە هێزی(٢١٧)ی فەرماندەیی(٥)ی دووکان لە میحوەری سماقوڵی، بەداخەوە دوای چەندین ساڵ پێشمەرگایەتی لە ڕێکەوتی(١٣-١٠-١٩٩٧)لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ لەگەڵ دەبابەکانی سوپای تورکیاو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیحوەری سماقوڵی دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەدوای خۆی(٣)جگەرگۆشەی بەناوەکانی (تریفە، بەهێز، پەرێز) بەجێهێشتتووە، لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[١]

١٠-شەهید ڕەفیق عەبدوڵلا قادر(١٩٧٢-١٩٩٧)

ناوی تەواوی(ڕەفیق عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا ڕەسوڵ)ە، لەساڵی(١٩٧٢)لەخانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەتەمەنی(١٤)ساڵیدا لەساڵی١٩٨٧لەلایەن(ئەمنی هەولێر)دەستگیردەکرێت، لەبەهاری ١٩٩١دەبێتە پێشمەرگە، لەزۆربەی شەڕەکانی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربووە، بەداخەوە لە ڕێکەوتی(٨-١١-١٩٩٧)لەمیحوەری سماقوڵی لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ بەرامبەر دەبابەکانی تورکیاو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەچێتە کاروانی

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)ناسراو بە بانیمارانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.



شەهیدانەوە، لەدوای خۆی(٣)جگەرگۆشەی بەجێهێشتووە بەناوەکانی(ڕێناس، مامز، محەمەد) ،لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[١]

سەبارەت بەشەهیدبوونی شەهیدی فەرماندە(قادری حاجی عەبدوڵلا فەرماندەی هێزی ٢١٧ی فەرماندەیی(٥)ی دووکان وبراکانی و شەهید بەختیار ئیلنجاغی و محەمەد ئۆمەر گومبەتی)، رزگار مەرزانی فەرماندەی تیپ لەوهێزەدا گێڕایەوە و ووتی: هێزەکەمان لەدۆڵی سماقولی و بناری چیای بەنەباوێ بوو بەرامبەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبابەکان و هێرشە ئاسمانییەکانی فڕۆکە تورکییەکان، نزیکەی(١) مانگ بەرگریمان لە سەنگەرەکانی خۆمانکرد لە(١٠-١٠-١٩٩٧تاوەکو ٨-١١-١٩٩٧) ژمارەمان(١٤) پێشمەرگە و فەرماندە بوو(٥) فەرماندە و پێشمەرگەمان شەهید بوو و(٥) پێشمەرگەمان بریندار و(٤) پێشمەرگەش کەنەفت و ماندوونەناسانە دەربازبووین بەم ناوانە:

١-شەهید(تارق حاجی عەبدوڵلا قادر)ئیلنجاغی فەرماندەی تیپ، لە١٢-١٠-١٩٩٧شەهیدبوو.

٢-شەهید(بەختیار حەمەد عبێد ئیلنجاغی) پێشمەرگە، لە٨-١١-١٩٩٧شەهید بوو.

٣-شەهید(قادر حاجی عەبدوڵلا قادر ئیلنجاغی) فەرماندەی هێزی ٢١٧ لە٨-١١-١٩٩٧ شەهید بوو.

٤-شەهید(ڕەفیق حاجی عەبدوڵلا قادر ئیلنجاغی)پێشمەرگە، لە٨-١١-١٩٩٧ شەهید بوو.

٥-شەهید(محەمەد عومەر حەمە مستەفا ئۆمەرگومبەتی) پێشمەرگە، لە٨-١١-١٩٩٧شەهید بوو.

٦-سابیر عومەر حەمەد گەرمکی، پێشمەرگە، برینداربوو.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)ناسراو بە بانیمارانی، چاوپێکەوتنی پێشوو.

٧-کاوە ڕەشید قادر ئۆمەرگومبەتی، پێشمەرگە، بریندار‌بوو.

٨-بەدران هەولێری، پێشمەرگە بریندار‌بوو.

٩-سۆران ئیسماعیل حەمەد ئیلنجاغی، پێشمەرگە بریندار‌بوو.

١٠-عوبێد حەمەد ئیلنجاغی پێشمەرگە، بریندار‌بوو.

١١-رزگار سەلیم حەمەدەمین مەرزانی، سەرتیپ.

١٢-محەمەد عەلی خدر ئیلنجاغی، پێشمەرگە.

١٣-نیهاد حسێن سلێمان شوانی، پێشمەرگە.

١٤- کەمال عەبدوڵلا مەرزیخەیی.[1]

سێیەم: ئەو شەهیدانەی لە جەنگی ڕووبەڕووبونەی(داعش) لەنێوان ساڵانی(٢٠١٤-٢٠١٦) شەهیدبوون:

١-شەهید ڕێباز عەبدولرەحمان شەریف(١٩٨٦-٢٠١٤)

ناوی تەواوی(ڕێباز عەبدولرەحمان شەریف حەمەلاو)ە، ساڵی(١٩٨٦) لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە لەشاری هەولێر هاتۆتە ژیانەوە، بەهۆی هەژارییەوە نەیتوانیووە درێژە بەخوێندن بدات و تاوەکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، لەساڵی(٢٠٠٥) دەبێتە پۆلیسی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان.[1]

دواپلەی(ڕێپێدراوی یەك) دەبێت لەلیوای(٢)ی نەوت و گازی پاراستنی دام و دەزگای نەوت و سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە لەڕێکەوتی(٩-٨-٢٠١٤) لە شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار سەلیم حەمەدەمین)، لەدایکبووی ١٩٧٤ی مەرزان، سەرتیپ و هاوسەنگەری شەهیدەکان، لە٧-١٢-٢٠١٧ز.

[1] زامدار ئەحمەد، شەهیدانی کۆیە لەشەڕی داعشدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٦ز، لاپەڕە٣٧-٣٨.



شام(داعش) بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لە قەزای(دوزخورماتوو) لە ناو یاریگاکەی دەرەوەی دوزخورماتوو شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی پرسەروەری شەهیدانەوە و لەدوای خۆی(٢) جگەرگۆشەی بەناوەکانی(ڕیناس و ڕەزوان) بەجێهێشتووە، لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورەی زێدەکەی خۆی بەخاك سپێردراوە.[2]

٢-شەهید شالاو موحسین سالح(١٩٨٨-٢٠١٤)

ناوی تەواوی(شالاو موحسین سالح مستەفا)یە، ساڵی(١٩٨٨) لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری کوردپەروەری ئیلنجاغی گەورە هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی(٢٠١٢) دەبێتە کارمەندی پۆلیسی پارێزگاری لەدام و دەزگا نەوتی و سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان، لە(١٤-٢-٢٠١٤) لەگوندی(عەلی موسا)ی ناحیەی شوان لەکاتی دەوامدا، بەکارەساتێکی دڵتەزێن دەچێتە کاروانی شەهیدانەوە، لەدوای خۆی(٢) جگەرگۆشەی بەناوەکانی(شاهۆ و شانۆ) بەجێهێشتووە، لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورەی زێدەکەی خۆی بەخاك سپێردراوە.[1]

٣-شەهید بەختیار خدر عەباس(١٩٨١-٢٠١٥)

ناوی تەواوی(بەختیار خدر عەباس ئەحمەد)ە، ساڵی(١٩٨١) دوای ئەوەی خانەوادەکەی بە بیانووی نەوتەوە ئاوارە دەکرێن لەشارۆچکەی تەقتەق چاوی بەژیان هەڵێناوە، لەدوای لەدایکبوونی دەچنە شاری هەولێر و لەوێ دەچێتە بەرخوێندن بەلام بەهۆی گرانی ژیان وگوزەران وسەختی بارودۆخەکە نەیتوانیووە درێژە بەخوێندن بدات، ساڵی(١٩٩٦) دەبێتە پێشمەرگە لەفەرماندەیی(١٥ی قەرەچوغ) لەلای هەڤاڵ عوسمان بانی مارانی، شانبەشانی پێشمەرگایەتی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە خوێندنگای ئێوارانی شاری کۆیە تەواو کردووە، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی پاراستنی

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد عەلی خدر)، لەدایکبووی(١٩٧٨)ی ئیلنجاغی گەورە، لە١٧-٣-٢٠١٦ز.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(شاکر موحسین سالح)لەدایکبووی(١٩٩٤)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٧-٣-٢٠١٦ز.

دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە هەر لەشەڕەکانی(سماقوڵی و شاخی بەنەباوێ و شەڕەکانی تەوێلەو بیارە و هتد).

لەلیوای(١٠)ی لەشکری یەکگرتووی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە(جێگر ئەفسەر) لە جەنگی ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام(داعش) لەباشووری ڕۆژئاوای کەرکوك لەگوندی(سەخڕە) لە ناوچەی(خرابەڕووت) لە ڕێکەوتی(٩-٣-٢٠١٥)دەچێتە کاروانی پڕسەروەری شەهیدانەوە، لەدوای خۆی(٣) جگەرگۆشەی بەناوەکانی(هێلین و هێڤی و پەیوەست) بەجێهێشتووە، لەزێدەکەی خۆی لەگۆڕستانی ئیلنجاغی گەورە بەخاك سپێردراوە.[1]

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەشدار خدر عەباس)لەدایکبووی(١٩٨٣)ی تەقتەق، برای شەهید، لە١-٣-٢٠١٦ز.



## بیبلۆگرافیای شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە

لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبە ژیاننامەی تەواوی شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە بەگوێرەی داستان و ڕووبەڕووبونەوەکان و سەنگەر و شوێن وبارودۆخ و کات و ڕووداوەکان و چۆنیەتی شەهیدبونیان خراوەتە ڕوو، ئەم بیبلۆگرافیایەش هەندێ داتا دەدا بەدەستەوە، لەکاروانی خەباتدا(٤٥) ئیلنجاغی بوون بە قوربانی شۆڕشەکانی کورد، کە(١١) یان هاوڵاتی بوون و(٣٤) یشیان پێشمەرگەی شۆڕش و ئۆرگانەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون، بەگوێرەی ئەم بیبلۆگرافیایە خانەوادەی(مەلاك) ١٦ شەهید و خانەوادەی(کوڕەبۆر) ٩ شەهید وخانەوادەی(دەروێش خدر) ٨ شەهید و خانەوادەی(ئەلیاس) ٩ شەهید و خانەوادەی(حەمەلاو) ٣ شەهیدیان بەخشیووە بە کورد و کوردستان، ئەمانەش بەو شێوەیە دابەش دەبن لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراق(٣) هاوڕێی قارەمانی مێرجاڕەکەم و لەریزەکانی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو باڵی-مەلایی و جەلالی(٩) هاوڵاتی و پێشمەرگە شەهیدبوون ولە ریزەکانی شۆڕشی نوێ-ش(٣٣) هاوڵاتی و پێشمەرگە شەهیدبوون تەنها لە ریزەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(٢٤) مێرخاس و عەگید و جوامێر دوا پلەی خەباتیان(شەهید) بوون بە دەستهێناوە لە ڕێبازەکەیان، ئەمەی خوارەوە خشتەی ئەم بیبلۆگرافیایەی بەتەواوەتی تێدا خراوەتەڕوو:[1]

[1] لە خشتەکاندا کورتکراوەی تێدایە بەو شێوەیە(پ=پۆلیس، پ.م= پێشمەرگە، ج.ك= جێگر کەرت، ج.پ= جێگر پەڵ، ح.ش.ع= حزبی شیوعی عێراق، پ.د.ك= پارتی دیموکراتی کوردستان، ی.ن.ك= یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

| ژ | شەهید | پلە | ئۆرگان | ســـــالّی شەهیدبوون | شـــــوێنی شەهیدبوون | دوژمن | شۆڕش | خانەوادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | زولێخا محێدین حەسەن | - | هاولاتی | ١٩٦٣ | ئیلنجاغ | بەعس | ئەیلول | دەروێش خدر |
| ٢- | تۆفیق حەمەدەمین خدر | پ.م | پ.د.ك | ١٩٦٣ | موسلّ | بەعس | ئەیلول | مەلاك |
| ٣- | قادر عەبدوللا رەسول | - | هاولاتی | ١٩٦٤ | ئیلنجاغ | بەعس | ئەیلول | كورەبۆر |
| ٤- | حەمە شەریف رەسول | پ.م | پ.د.ك | ١٩٦٤ | شێراوە | بەعس | ئەیلول | ئەلیاس |
| ٥- | ئیبراهیم حەمەدەمین خدر | پ.م | پ.د.ك | ١٩٦٨ | هەلشۆ | براكوژی | ئەیلول | مەلاك |
| ٦- | قادر حەمەد ئۆمەرەش | رێكخستن | پ.د.ك | ١٩٧٣ | بەغداد | بەعس | ئەیلول | مەلاك |
| ٧- | جەوهەر مستەفا رەسولّ | پ.م | پ.د.ك | ١٩٧٤ | شیشار | بەعس | ئەیلول | مەلاك |
| ٨- | شەریف عەبدولرەحمان بایز | پ.م | پ.د.ك | ١٩٧٥ | موسلّ | بەعس | ئەیلول | مەلاك |
| ٩- | عەبدولرەحمان تەها قادر | پ.م | ح.ش.ع | ١٩٨٢ | سێكانی | بەعس | - | دەروێش خدر |
| ١٠- | فەیسەلّ وسو جومعە | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٢ | داوداوە | بەعس | نویّ | ئەلیاس |



بیبلۆگرافیای شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە

| ژ | شەهید | پلە | ئۆرگان | سالّی شەهیدبوون | شوێنی شەهیدبوون | دوژمن | شۆڕش | خانەوادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ - | محەمەد رەشید تەیب | - | هاولاتی | ١٩٨٢ | سماقە | بەعس | نویّ | دەروێش خدر |
| ١٢ - | وشیار عەبدولرەحمان بایز | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٢ | كەلی سوور | بەعس | نویّ | مەلاك |
| ١٣ - | بەكر سولێمان فەتحوللا كاوێس | ج.ك | ی.ن.ك | ١٩٨٢ | قەرەسالم | بەعس | نویّ | مەلاك |
| ١٤ - | ئەنوەر مستەفا رەسول مەلاك | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٣ | گردەسۆر | بەعس | نویّ | مەلاك |
| ١٥ - | وسو وەسمان یوسف مەلاك | - | هاولاتی | ١٩٨٣ | شیواشۆك | بەعس | نویّ | مەلاك |
| ١٦ - | موحسین حەمەد سالّح حەمەد | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٥ | ئازیانە | بەعس | نویّ | كورەبۆر |
| ١٧ - | عوزێر حوسێن ئۆمەر وسو | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٦ | ئیلنجاغ | بەعس | نویّ | ئەلیاس |
| ١٨ - | ئیدریس سوارە جومعە وسو | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٨٧ | دۆلّەبەكرە | بەعس | نویّ | ئەلیاس |
| ١٩ - | هەوراز ئازاد سمایل خدر سمایل | - | منالّ | ١٩٨٦ | ئیلنجاغ | بەعس | نویّ | مەلاك |
| ٢٠ - | هاوریّ ئازاد سمایل خدر سمایل | - | كۆرپە | ١٩٨٦ | هەولێر | بەعس | - | مەلاك |

بیبلۆگرافیای شەهیدانی مێرجاری ئیلنجاغی گەورە

| ژ | شەهید | پلە | ئۆرگان | ساڵی شەهیدبوون | شوێنی شەهیدبوون | دوژمن | شۆڕش | خانەوادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢١- | نەورۆز کاکل مەحمود ئەحمەد | - | منداڵ | ١٩٨٦ | هەولێر | بەعس | - | مەلاك |
| ٢٢- | عەبدولموتەلیب حەمەعەلی تەها | ج.پ | ح.ش.ع | ١٩٨٧ | ئیلنجاغ | بەعس | - | دەروێش خدر |
| ٢٣- | نەسرین حەسەن محێدین حەسەن | - | هاولاتی | ١٩٨٧ | ئیلنجاغ | بەعس | - | دەروێش خدر |
| ٢٤- | تەها حەمە عەلی تەها ئۆمەر | ڕێکخستن | ح.ش.ع | ١٩٨٩ | هەولێر | بەعس | - | دەروێش خدر |
| ٢٥- | زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩١ | دیبەگە | بەعس | ڕاپەڕین | کورە بۆر |
| ٢٦- | شێرکۆ ئۆمەر وەسمان مستەفا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩١ | دیبەگە | بەعس | ڕاپەڕین | کورە بۆر |
| ٢٧- | جەلیل حەمەد ساڵح حەمەد | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩١ | دیبەگە | بەعس | ڕاپەڕین | کورە بۆر |
| ٢٨- | عەولڵا ڕەسول قادر حەمەلاو | - | هاولاتی | ١٩٩١ | پیرمام | بەعس | کۆڕەو | حەمەلاو |
| ٢٩- | سولێمان فەتحولڵا کاوێس مەلاك | - | هاولاتی | ١٩٩١ | حاجی ئۆمەران | بەعس | کۆڕەو | مەلاك |
| ٢١- | نەورۆز کاکل مەحمود ئەحمەد | - | منداڵ | ١٩٨٦ | هەولێر | بەعس | - | مەلاك |



بیبلۆگرافیای شەهیدانی مێرجاری ئیلنجاغی گەورە

| ژ | شەهید | پلە | ئۆرگان | ساڵی شەهیدبوون | شوێنی شەهیدبوون | دوژمن | شۆڕش | خانەوادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠- | ئەیوب تارق جەمیل وسو | - | هاولاتی | ١٩٩١ | ئێران | بەعس | کۆڕەو | ئەلیاس |
| ٣١- | نازم کازم مەحمود جومعە | - | ی.ن.ك | ١٩٩٢ | کەرکوك | بەعس | کۆڕەو | ئەلیاس |
| ٣٢- | سەلاحەدین خالد ئۆمەر وسو | پ.م | پ.د.ك | ١٩٩٢ | ئێران | بەعس | - | ئەلیاس |
| ٣٣- | کازم حەمەدەمین ڕەئوف فەتاح | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٥ | هەولێر | براکوژی | - | مەلاك |
| ٣٤- | سەلاح سەلام ساڵح حەمەد | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٥ | سێ بەردان | براکوژی | - | کورەبۆر |
| ٣٥- | فاخر عەباس محێدین حەسەن | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٥ | کێشکە | کارسات | - | دەروێش خدر |
| ٣٦- | ئەحمەد عەبدولوهاب فەتحولڵا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٦ | دارەتوو | براکوژی | - | مەلاك |
| ٣٧- | محەمەد عەبدولوهاب فەتحولڵا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٦ | دۆلی خەلەکان | براکوژی | - | مەلاك |
| ٣٨- | حەکیم ڕەئوف عوسمان مەحمود | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٦ | شێخەروان | براکوژی | - | دەروێش خدر |
| ٣٩- | بەختیار حەمەد عوبێد | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٧ | سماقوڵی | براکوژی | - | حەمەلاو |

### بیبلۆگرافیای شەهیدانی مێرجاڕی  ئیلنجاغی گەورە

| ژ | شەهید | پلە | ئۆرگان | ساڵی شەهیدبوون | شوێنی شەهیدبوون | دوژمن | شۆڕش | خانەوادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠- | تاریق عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٧ | سماقوڵی | براكوژی | - | كوڕەبۆر |
| ٤١- | قادر عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٧ | سماقوڵی | براكوژی | - | كوڕەبۆر |
| ٤٢- | ڕەفیق عەبدوڵلا قادر عەبدوڵلا | پ.م | ی.ن.ك | ١٩٩٧ | سماقوڵی | براكوژی | - | كوڕەبۆر |
| ٤٣- | ڕێباز عەبدولرەحمان شەریف | - | ی.ن.ك | ٢٠١٤ | دووزخورماتو | داعش | - | حەمەلاو |
| ٤٤- | شاڵاو موحسین ساڵح مستەفا | - | ی.ن.ك | ٢٠١٤ | عەلی موسا | كارەسات | - | ئەلیاس |
| ٤٥- | بەختیار خدر عەباس ئەحمەد | پ.م | ی.ن.ك | ٢٠١٥ | سەخرە | داعش | - | ئەلیاس |


## بەشی شەشەم

## نامەو وێنە دیکۆمێنتارییەکان

## بەشی شەشەم


# نامەو وێنە دیکۆمێنتارییەکان

### نامە دەستنوس و پیتچنەکان:




نامەی دەستنوسی پێشمەرگەی دێرین ئازاد ساتوقەڵایی






نامەی پیتچنەکەی موشیر شوکرعەلی مەرزانی هێزی پشتگیری



نامەیەکی دەستنوسی پێشمەرگەی دێرین سەباح ڕەحمان تاڵەبانی





شێرکۆ حەمەد هاوڕێی شەهید وشیار لەکوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە




نامەیەکی دەستنوسی موحسینی مەلا عەبدوڵڵای سەبارەت بەشەهید مەجیدەسوری ئامۆزای







نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا سەیفەدین عەلی ئەحمەد سەبارەت بەشەڕی شیوی ساماڵ



نامەیەکی دەستنوسی شوان شێخانی سەبارەت بەژیاننامەی خۆی




**نامەیەکی دەستنوسی شوان شێخانی سەبارەت بە گەشەکردنی بیری شیوعیەت لەئیلنجاغی گەورە**




**نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا نازم حەمەدەمین ڕەئوف سەبارەت بەشەهید کازم**






**نامەیەکی پیتچنینی دکتۆر وەلی مەحمود سەبارەت بەژیاننامەی خۆی**




من باش نیوەرۆی ۱۰/۲۱ / ۱۹۸٦ لەگەڵ خیزانم بە نیازی سەردان جوینە کوندی ئیلنجاغ ، شەو لە مالی عزیزی مەلا عومەری بوین کە دەکاتە برای خیزانم، هەر ئەو شەوە مەلا صدیق و هەندیك لە خانەوادەکەیان بەرەنکەوە لە هەولیرەوە هاتن بۆ ئیلنجاغ و شەو لەوی بون بەیانی زوو لەگەل سەیارەی کوند کە کاك حەسەنی مام حوسین بو گەرانەوە ، دیارە بەر لە خۆر هەلاتن رۆیشتن بەم بۆنەوە ئیمەش زوو لە خەو هەستاین، مەبەست لەم گیرانەوە ئەوەبو کە ئەو رۆژە واتە ۲۲ی ۱۰ تا خۆر هەلاتنیش هیج جولەو روداویکی هەست بیکراو لە دۆخەکە نەبو هەمو شت وەك رۆژانی ئاسایی بوو، جەند دەقەیەك دوای رۆیشتنی میوانەکانی هەولیر بینیمان جەند سەیارەیەکی بیشمەرکە لە خەتی ئۆمەرکومەتەوە هاتنە ناو کوند، دوو بیشمەرکە هاتنە ئەو مالەی من لەویبوم واتە مالی عزیز، دیاربو نانی بەیانیان نەخواردبو دوای بەخیرهینان و قسە کردن کوتیان خەبەر هەیە ئەمرۆ قوەت بۆ خەتی سیکردنکان و بەستی شرخە دەردەجی، لەناو قسە بوین نانی بەیانیان هینا هیشتا دەستمان بە نان خواردن نەکردبو بوە دەنکە دەنك دەنکی جەند تەقەیەك هات ، بوە جی بو جی بو کوتیان قوەت هات لە خەتی بانی تالەبانەوە وا کەیشتە مەرزان، لە مەرزان جەند کەسیك هەندی بەرکریان کردبو یەکیکی خەلکی مەرزانن بە ناوی کەریم سەلیم بریندار بو بو کوللەیەکی بەر رومەتی جەبی کەوتبو ، ئیمە جوینە ناو کوند لای مالی مام عباس بیشمەرکەکان لەگەل زۆربەی خەلکی کوند کە بەشیکی زۆری جەکدار بون زۆربەشیان کۆنە بیشمەرکە بون ، هیزەکە هەموی هیزی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بوو بەلام وەك دەلین هیزیکی متفرقە بو هەموی یەك تیب نەبو فەرماندەی هیج یەك لەو تیبانە لەوی نەبون ،

**نامەیەکی پیتچنی شوکروڵلا حەمەدەمین داربەسەری سەبارەت بەشەڕی ٢٢-١٠-١٩٨٦**




**نامەیەکی دەستنوسی خدر شێخانی تایبەت بە مام هیدایەت و گەشەی شیوعیەت لەئیلنجاغی گەورە**




**نامەیەکی دەستنوسی محەمەد شێخانی سەبارەت بەژیاننامەی خۆی**






**نامەیەکی دەستنوسی محەمەد چاوشین سەبارەت بەژیاننامەی خۆی**



**نامەیەکی دەستنوسی رزگار سەلیم سەبارەت بە ژیاننامەی کەریم مەرزانی**



نامەیەکی دەستنوسی نەسروڵلا عەلی تایبەت بە پەیوەندی بە خەباتی چەکداری لەشۆڕشی نوێ



نامەیەکی دەستنوسی هاوبەشی(رزگار حەمەدەمین و دڵشاد عەبدوڵلا)تایبەت بە قوتابخانەی شۆڕشی نوێ لەئیلنجاغی گەورە





وسو وسمان یوسف ناسراوە بە ( مام وسوی کویخا وسمان لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە ، هەر لەمنداڵیەوە کەسێکی بزێو وووریا و خۆشەویست بووە ئەم پێشگری ( مام ) ە ی لە بەر خۆشەویستی لەلایەن باوک و دایک و خزمانیەوە بۆ داندراوە و پێ یەوە ناسراوە .لەگەڵ گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی تەمەنی زیاتر خۆشەویست بووە و رۆڵ و کەسایەتیشی زیاتر دەرکەوتووە و وای لی هاتووە لەلایەن خزم و دۆستە هاوتەمەنەکانی و بگرە لە خۆشی گەورەتر بە برا گەورە داندراوە .

مام وسو لە هیچ قوتابخانە و خوێندنگە یەکی فەرمی نەی خوێندوە و کەچی لە ئەنجامی هەوڵ و کوششەکانی و گوێ گرتنی لە هەردوو برا بچوکەکەی کە ئەوان قوتابی بوون لە قوتابخانەی گوندەکەیان و پەرۆشی بۆ زانین و خوێندەواری زۆر بە چاکی فێری خوێندنەوە و نوسین بووە و لە م بوارە دا بۆ راهی کردنی کاروبارەکانی خۆی پێویستی بە هیچ کەسێك نەبووە .

مام وسو بە درێژایی تەمەنی یەکێك بووە لە کەسایەتیە دیارەکانی بنەماڵە و گوند و ناوچەکەی و لەلایەن دۆست و نەیارەوە حیسابی بۆ کراوە و لە سەرجەم رووداو و کێشە دیار و گرنگەکانی ناوچەکە رۆڵی کاریگەرو بەر چاوی هەبووە ، مرۆڤێکی زانا و بە پێ ی سروشتی ناوچەکە و لە ئاستی داخوازی و پێویستیەکانی سەر دەمەکە داناو ژیر بووە ، بۆ چوون و راو وسەرنجەکانی هەمیشە بە هەند وەرگیراون و کاریان لەسەرکراوە . ئەم پیاوە کەسێکی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز بووە و لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی ( پ . د . ك ) وە کردووە و رۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەرەتایی تێکۆشانی ئەم حزبەدا.

خزمەتێکی زۆری شۆرش و بزووتنەوەی کوردایەتی کردووە و لەسەرەتای دروست بوونی شۆڕشی ئەیلول چالاکی بەر چاوو رۆڵی پێشەنگی هەبووە لە هاندانی خەڵك بۆ ریزەکانی شۆرش و پەیداکردنی چەك وتفاق بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆیە لەم مەیدانەشدا یەکێك بووە لەکەسە هەڵسوراو و پێشەنگەکانی ناوچەکە .

لەساڵانی شەست بە تەواوی نازانم چی بەروارێك بوو هەڵبژاردن لەناوچەکە ئەنجام درا (( خوارووی رۆژئاوای کۆیە تاوەکو دەگاتە سنوری گوندەکانی ناحیەی قوشتەپە واتە دەم زێ ی بچووك و بەستی شەرغە )) بۆدیاری کردنی نوێنەری ( ممثل ) ملا مصطفی بارزانی بەزۆرینەی رەهای دەنگی خەڵکی ناوچەکە مام وسو وەك نوێنەری بارزانی هەڵبژێردرا بەڵام رەتی کردەوە بۆ شێخ کاکە سوری ئامۆزای بەرێز مام جەلال .

لەرووی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریەوە چەندی قسەی لەسەر بکەین هەرکەمە ، لە بەر ئەم هۆکارە بوو هەوڵی دەدا هۆندراوە نیشتمانیەکانی شاعیران لەبەر بکات من چەندین جار گوێم لێ بووە ئەم شیعرەی ووتەوە :-

کوردیکم دەوێ چا پوك و بتەو

سەفەرێك هەیە بۆم بکا بەشەو

نەهێلی تورك و عەجەم بزانن

داگیرکەرانی لـــە کوردستانن

هتد ...... و چەندین هۆندراوەی تری لەم بابەتە.

لە شەستەکان لەگەڵ جیا بونەوەی باڵی ( م . س ) مەیلی ئەم لایەی هەبووە و وەك لایەنگری باڵی ( م . س ) کاری کردووە و لەبەر ئەوەش بوو لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ( مامۆستا ظاهری برای و محمود حمد ) ی خزمی نزیکی لەلایەن ( پ. د . ك ) وە باڵی مەلایی گیران و نزیکەی دوو مانگ لە بەندیخانەی هیران لەلایەن ئەم حیزبەوە بەند کران .لەگەڵ دروست بوونی شۆرشی نوێ لەرانەرانەتی ( ی . ن . ك ) و بەیدا بوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆرش .

نامەیەکی پیتچنی عەلی مەحمود حەمەد تایبەت بەژیاننامەی شەهید وسو وەسمان یوسف


## چەند وێنەیەکی دەگمەنی شۆڕشی ئەیلول



چۆمان-ساڵی ١٩٧٤چەند پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول لەڕاستەوە:

١-محەمەد کێخوا وەسمان یوسف مەلاك ئیلنجاغی ٢-عەبدوڵلا محێدین تاڵەبانی

٣-عومەر ئەحمەد تاڵەبانی-عومەرکادیر ٤-حەمەدەمین سمایل تاڵەبانی



محەمەد کێخوا وەسمان ئیلنجاغی

یەکەم پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی

مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە



شەهید حەمەشریف ئیلنجاغی

یەکەم شەهیدی سەنگەری شۆڕشی

ئەیلولی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە





حاجی حەمەدەمین ئۆمەر وسو

پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی

شۆڕشی ئەیلولی ئیلنجاغی گەورە



خورشید عوبێد حەمەلاو

پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی

شۆڕشی ئەیلولی ئیلنجاغی گەورە



کێخوا وەسمان یوسف مەلاك

رابەری بیری نەتەوایەتی

لە مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە و

هاوکاری مەفرەزە سەرەتاییەکانی

شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ز.



وهاب فەتحوڵلا کاوێس

مەلاك-وهاب کادیر



**عەبدولرەحمان بایز کاوێس مەلاک**

**لە شۆڕشی ئەیلول دوو جار زیندانیکراوە**




**لە ناوەراستەوە محەمەد کێخوا وەسمان ئیلنجاغی لە ئاوارەیی و پەناهەندەیی وولاتی ئێران دوای ساڵی ١٩٧٥**







**لە راستەوە محەمەد کێخوا وەسمان ئیلنجاغی لە ئاوارەیی و پەناهەندەیی ولاتی ئێران دوای ساڵی ١٩٧٥**

## ئەلبومی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلولی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە
## (١٩٦١-١٩٧٥)



شەهید زولێخا محێدین حەسەن


شەهید قادر عەبدوڵلا ڕەسول



شەهید تۆفیق حەمەدەمین خدر



شەهید حەمەشەریف





شەهید ئیبراهیم حەمەدەمین خدر


شەهید قادر حەمەد ئۆمەر


شەهید شەریف ڕەحمان



شەهید جەوهەر مستەفا ڕەسوڵ



شەهید سەلاحەدین خالید ئۆمەر



## ئەلبومی کاروانی خەبات لەریزەکانی حزبی شیوعی عێراق و کەسایەتیەکانی



ڕابەری بیری شیوعیەت لەمێرجاڕ

مەلا سدیق ئیلنجاغی



مام هیدایەت حاجی خدر

خاوەنی نیوە سەدە خەبات




سیاسەتمەدار

محەمەد شێخانی



سیاسەتمەدار

ملازم شوان



**پێشمەرگەی دێرین ودانەبڕاو**

**هاوڕێ نازم جەبار**



**خدر شێخانی**

**خەباتگێر**



**سمایل حاجی خدر سمایل**

**خەباتگێڕ**



**ناسر وسو جومعە**

**خەباتگێڕ**






**راوەستاوەکان لەراستەوە:١- هاوڕێ بەکر جۆلا ٢-هاوڕێ خەلیل سمایل ئیلنجاغی**

**دانیشتوەکان لەراستەوە: ١-ملازم شوان شێخانی ٢-ئامانج حاجی حەمەد داربەسەری**

**٣-ستار داربەسەری**



**لەراستەوە: ملازم شوان شێخانی و ملازم رابەر مەرزانی**



لەراستەوە: ١-جوتیار سیاسی ٢-ستار داربەسەری ٣- ملازم شوان شێخانی ئەوەی دانیشتووە هاورێ بەکر جۆلایە



ئۆمەرگومبەت-سالی ١٩٨٢ لەپێشەوە: ١- شەهید مەحمود مەرزانی ٢-مام هیدایەت ئیلنجاغی ٣-شەهید فرسەت ٤-ئازاد سمایل ئیلنجاغی ٥-هاورێ رۆستەم ٦-عەوڵلا حاجی ٧- شەهید بەکر جۆلاً





خڕی ناوزەنگ-١٩٨١ لەراستەوە:١- ئازاد سمایل خدر ئیلنجاغی ٢-شوان سدیق عوسمان-ملازم شوان



ساڵی ١٩٨١ ئیلنجاغی گەورە لەراستەوە:١- ئازاد سمایل ئیلنجاغی ٢- حاجی بەختیار مەرزانی ٣- مەناف تەها ئیلنجاغی ٤- مەحمود مەرزانی



لەراستەوە: خدر رووسی و ملازم رابەر مەرزانی



ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٥ لەبارەگای لقی کۆیەی حزبی شیوعی عێراق لەناوچەی بارزان گیراوە هاورێ ملازم شوان شێخانی فەرماندەی لق و شەهید محەمەد حەلاق جێگری بووە

لەراستەوە:

١-هەژار رۆستی ٢- شەهید محەمەد حەلاق ٣-ملازم شوان شێخانی ٤-محسین یاسین ٥-شەهید بەشدار حەلاق ٦-مامۆستا رزگار ٧-سەعید گەرمیانی ٨-ملازم رابەر مەرزانی ٩-دکتۆر زەکی





ساڵی ١٩٨١لەراستەوە:١- شەهید عوزێر حوسێن ئۆمەر ئیلنجاغی ٢- مام هیدایەت حاجی خدر سمایل ئیلنجاغی



ناوچەی بارزان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق لەساڵی ١٩٨٥ راوەستاوەکان لەچەپەوە:

١-عومەر مەحمود محێدین ئیلنجاغی – عومەر ئارپێچی ٢-هاورێ کاوە ٣-نازم جەبار تۆفیق ئیلنجاغی هاورێ فاخیرە شەل ٤- نەناسراوە

دانیشتوەکان لەچەپەوە:١-شەهید بەکر جۆلا٢-کاوەی مام حەوێزی بایزئاغایی ٣- نەناسراوە



مەلا سدیق عوسمان مەحمود ئیلنجاغی لە قۆناغی فەقێیایەتی لە شاری سلێمانی لەچلەکانی سەدەی رابردوو و سەرەتایی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی دینی و پەیوەندی بە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق.



مام هیدایەت حاجی خدر سمایل ئیلنجاغی





مام حەمەعەلی تەها باوکی
شەهیدان هەنگاو و گۆڕان



خاتوو بەلْقیسە هیدایەت
حاجی خدر ئیلنجاغی



خاتوو خەرمان سمایل
حاجی خدر ئیلنجاغی




خاتوو ئایشە حاجی نامیق
حەمەدەمین ئیلنجاغی




خاتوو ڕەحیمە مەرزانی دایکی شەهیدان
گۆران و هەنگاو و هاوسەرەکەی
مام حەمەعەلی تەها ئۆمەر ئیلنجاغی



شەهید تەها حەمە عەلی
تەها ئۆمەر ئیلنجاغی-گۆران



شەهید ڕەحمان تەها قادر ئیلنجاغی-
ئاسۆ




شەهید حاجی بەختیار مەرزانی





شەهید عەبدولموتەلیب
حەمەعەلی تەها ئیلنجاغی-هەنگاو




ناوچەی بارزان لەراستەوە :١- شەهید ئەبو فەیرۆز ٢- شەهید مام کاوێس
پێبازۆکی ٣- حەمید پشدەری



لەراستەوە: ١- ملازم رەنجبەر

٢- مام هیدایەت ئیلنجاغی



هاوڕێ نازم جەبار تۆفیق ئیلنجاغی

- فاخیرە شەل-بارزان



هاوڕێ نازم جەبار تۆفیق ئیلنجاغی

- فاخیرە شەل-بارزان



محەمەدی مەلا سدیق شێخانی و

مەلا سدیق ئیلنجاغی






محەمەد شێخانی و

ملازم شوان شێخانی




محەمەد شێخانی-سۆران

## ئەلبومی شەهیدانی حزبی شیوعی عێراقی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە



شەهید عەبدولرەحمان تەها قادر(ئاسۆ)



شەهید عەبدولموتەلیب

حەمەعەلی تەها(هەنگاو)



شەهید تەها حەمە عەلی تەها

(گۆران)



هێلگەکەی شەهید تەها

دوای گوللەبارانکردنی



## ئەلبومی کاروانی خەبات لەریزەکانی شۆڕشی نوێ

### چەند وێنەیەکی خەباتی چەکداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان(١٩٧٦-١٩٩٠)



شەهید بەکر رەشاش و مەلا سەدر ساڵی تەمموزی ١٩٨١ ناوزەنگ



شەهید بەکر رەشاش و شەهید فوادە گچکەلە تەمموزی ساڵی ١٩٨١ ناوزەنگ




شەهید بەکر رەشاش  سەرکردایەتی تەمموزی ناوزەنگ ١٩٨١



شەهید بەکر رەشاش و چەند هاورێیەکی لەشاری بەغداد






شەهید مورسەل گردە عازەبانی




شەهید مامۆستا کاوە مەخموری




شەهید دەشتی موهەندیس


## شەهیدانی کەلی سوری یەکەم ٨-٨-١٩٨٢



شەهید وشیار



شەهید ڕێباز




شەهید مەجیده سور




شەهید وریا






شەهید یوسف قەشقە



شەهید کەریم مەرزانی



شەهید باقی بارزانی




شەهید موحسین ئیلنجاغی




پێشمەرگەی دێرین جەعفەر وسو

خاڵە جەعفەر



شوکروڵڵا حەمەدەمین شێخانی

پێشمەرگەی دێرین




هیدایەت حەمەد ڕەسول پێشمەرگەی دێرین




شەهید محەمەد عەبدولوهاب-

بڕنۆ، پێشمەرگەی دێرین





شەهید ئەحمەد عەبدولوهاب




جەبار حوسێن محێدین

کادیر و زیندانی سیاسی



شەهیدان(محەمەد وبەکر ڕەشاش وئەحمەد )



**پێشمەرگەی دێرین سەلام عەباس حەمەدەمین ساڵی ١٩٨١**



**رزگار حەمەدەمین ئەحمەد**

**ڕێکخستنی دێرین و مامۆستای شۆڕش**



**ئەنوەر نادر خدر- کادیر**






**موحسین سلێمان فەتحوڵلا ئەنجومەنی گوند و قەهار حەمەدەمین و دڵشاد عەبدوڵلا فەتحوڵلا مامۆستای شۆڕش ساڵی ١٩٨٥**



**جاسم بایز کاوێس کادیری کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٨٤ گوندی ئۆمەرگومبەت**



گوشاد عەبدولرەحمان بایز دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە، ناوزەنگ، چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحێد-١٩٨١



ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد-بابەشێخ پێشمەرگەی دێرین و خەیروڵڵا عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا رێکخستنی دێرین






فەرماندەی مەفرەزە و پێشمەرگەی دێرین عەباس حەمەدەمین ئۆمەر- مام عەباس




گوشاد عەبدولرەحمان بایز-کادیر




عەلی ئیلنجاغی -کادیر



جاسم بایزکاوێس-کادیر



حەمەچاوشین ئیلنجاغی




گوشاد عەبدولرەحمان




عوسمان بانیمارانی

فەرماندە وپێشمەرگەی دێرین





نادر کەریم —کادیر



دکتۆر وەلی مەحمود شێخانی



بەکر عەبدولرەحمان سێگردکانی و شەهید عەلی سالّح سێگردکانی و شەهید مەجیدە سور ئۆمەرگومبەتی سالّی ١٩٨١



مەلا قاسم بایز کاوێس و شەهید مام سولێمان فەتحوڵلا کاوێس وخاڵە نادر کەریم و
مام جاسم بایز کاوێس ساڵی ١٩٨٥ ئیلنجاغی گەورە



لە گەرمەی ئەنفالەکاندا لە(دایماو) ی ئیلنجاغی گەورە ساڵی ١٩٨٨ لەڕاستەوە:
١-جاسم بایز کاوێس ٢-شلێر قادر بایز هاوسەری حەمە چاوشین ٣- محەمەد ئەحمەد
حەمەد چاوشین ٤- داستان محەمەد چاوشین٥- خوناو سەعید ٥-گوشاد
عەبدولرەحمان بایز ئاگای کوڕی لە باوەشکردووە٦- شادیە رەحمان عەبدوڵلا جۆرا.





شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز کەمانچەدەژەنێت بۆ چەند منداڵێکی ئیلنجاغی
گەورە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو



فەرماندەی ١٢سوارەی مێرجاڕ محەمەد چاوشین و خاڵە نادر لە ئیلنجاغی گەورە
هەشتاکانی سەدەی رابردوو



ئەمە وێنەی قوتابیانی قوتابخانەی شۆڕشی نوێی ئیلنجاغی گەورەیە لەپایزی ١٩٨٥
لە خانووی(جاسم بایز) لەلایەن وێنەگر(فەخرەدین سەبری کۆیی)ییەوە گیراوە، ناوی
قوتابیان لە ریزی یەکەمی پێشەوە لەڕاستەوە:

١-نەمام محەمەد ئەحمەد ٢-سۆران هیدایەت حەمەد٣-مەولود حەسەن حسێن ٤-
سامان بهرام قادر ٥-مژدە هیدایەت حەمەد ٦-سروە حەسەن حسێن ٧-تاڤگە ئەحمەد
حەمەدەمین ٨-ئەدیبە محەمەد خورشید ٩-نیگار رەحمان رەئوف.

ڕاوەستاوەکانی ریزی دووەم لەراستەوە:

١-سامی عەزیز حەمە عەلی ٢-نیاز شەریف عزیز ٣- چەتۆ عەباس حەمەدەمین ٤-
هەژار زرار حمد ٥-ئازاد نادر کەریم ٦-کاروان خلیل سمایل ٧-بێستون سمایل خدر
٨-یاسین سێودین قادر ٩-ئەحمەد سمایل قادر

راوەستاوەکانی ریزی سێیەم لەراستەوە:

١-رزگار حەمەدەمین ئەحمەد ئیلنجاغی مامۆستای شۆڕش. ٢-عومەر حەمەد رەسوڵ
خەڵکی گوند پێشمەرگەی دێرین ٣-نادر کەریم خالد ئیلنجاغی-خاڵەنادر
پێشمەرگەی دێرین ٤-فەرهاد ئەحمەد حەمەدەمین چایەچی خەڵکی هەنارەی هەولێر
مامۆستای شۆڕشی قوتابخانەکە بووە بۆ ماوەی یەك مانگ و لەوێنەکەدا(پشتیوان
محەمەد ئەحمەد) لە پچراوەکان بووە لەکاتی وێنەگرتنەکەدا.





شەهید قادر عەوڵلا قادر و مامۆستا کاوە ئەنوەر



ئەم وێنەیە ساڵی(١٩٨٢) گیراوە کەرتی ٢ی شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی
دەشتی هەولێرە، لەکۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر-وەرتێ راوەستاوەکان لە ڕاستەوە:

١-هەژار گۆمەشینی ٢- سەید جەوهەر سارتکی ٣-هیدایەت حەمەد ئیلنجاغی
٤-نەناسراو ٥-خاڵە جەعفەر وسو ئیلنجاغی ٦- مام جاسم بایز ئیلنجاغی

دانیشتوەکان لە راستەوە:

١-شەهید کازم حەمەدەمین ئیلنجاغی ٢- شەهید زیاد سێگردکانی ٣-شەهید ئەنوەر
ئیلنجاغی ٤-محەمەد چاوشین ئیلنجاغی ٥- گوشاد عەبدولرەحمان ئیلنجاغی



پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ساڵی ١٩٨٣ لەڕاستەوە: ١-نەسروڵلا عەلی ئیلنجاغی ٢-شەهید بێبەش مام قلینجی ٣-پێشەوا عەلی مەولود داربەسەری ٤-دکتۆر ئامانج ٥-شەهید خەبات(سەباح) ٦- شەهید کازم حەمەدەمین ئیلنجاغی



ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٣یە شەهید ئەنوەر ئیلنجاغی و شه هید کازم ئیلنجاغی و عەلی ئیلنجاغی وبەکر گردەسۆری وسمەشێتی سماقە و شەهید فاقە و دکتۆر جەردیس و سەمەدگۆمەشینی و عەبد مەخموریـن .





ئەم وێنەیە سالی ١٩٨٣ گیراوە لە مێرگەسەری بالیسان راوەستاوەکان لە راستەوە:
١- هەژار گۆمەشینی ٢-خالّە جەعفەر ئیلنجاغی ٣- بابەشێخ ئیلنجاغی ٤-فەتحوڵلا حەمید داربەسەری ٥- فەرهاد داربەسەری.
دانیشتوەکان لە راستەوە: ١-شەهید ئازاد داربەسەری ٢-هیدایەت ئیلنجاغی ٣-عەلی ئیلنجاغی ٤- سەباح تالّەبانی.



ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٨٣ لە مێرگەسەری بالیسان گیراوە، راوەستاوەکان لە راستەوە:
١-نەسروڵلا ئیلنجاغی ٢-هەژار گۆمەشینی ٣- شەهید ئازاد داربەسەری ٤-خالّە جەعفەر ئیلنجاغی ٥-عەلی ئیلنجاغی ٦-هیدایەت ئیلنجاغی، دانیشتوەکان لە راستەوە:١- فەرهاد داربەسەری ٢- سەباح عەبدولرەحمان تالّەبانی ٣-بابەشێخ ئیلنجاغی ٤- فەتحوڵلا حەمید داربەسەری.




ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە گیراوە لەراستەوە: ١- نەسروڵلا عەلی ئیلنجاغی ٢-عومەر حەمەد ئیلنجاغی ٣- غەفور حەمەد ئیلنجاغی



لەراستەوە: ١-شەهید خاڵە یوسف قەشقە ٢-نەسروڵلا ئیلنجاغی ٣- فەرهاد کادیر





ساڵی ١٩٨٣ لەپێشەوە لە راستەوە:١-سەباح رەحمان تاڵەبانی ٢- شەهید دەریا
دانیشتوەکان لەپشتەوە لە راستەوە:١-جەلال ئیلنجاغی ٢- سەلام ئیلنجاغی



ساڵی ١٩٨٣ لە راستەوە: ١- نەسروڵلا ئیلنجاغی ٢- شەهید ئازاد داربەسەری لە پشتەوەش: هیدایەت ئیلنجاغی




لەراستەوە ١-بابەشێخ ئیلنجاغی ٢- هەژار گۆمەشینی



ساڵی ١٩٨٣لەراستەوە ١-سەباح تاڵەبانی  ٢-نەسروڵلا ئیلنجاغی





نەورۆزی ساڵی ١٩٨٢ ئیلنجاغی گەورە لەراستەوە:١- دکتۆر وەلی مەحمود شێخانی

٢-عەلی ئیلنجاغی




ساڵی ١٩٨٣ گوندی ئۆمەر گومبەت لەراستەوە:١-عەلی ئیلنجاغی ٢- هونەرمەند

مەحمود حەمەد شێخانی ٣- بابەشێخ ئیلنجاغی



وەرتێ، ساڵی ١٩٨٢ لەراستەوە عەلی ئیلنجاغی و مامۆستا سەیفەدین



چیای موسەك، چێوەی سەلام-كانی كەوان مانگی ٨ی ١٩٨٨ كەرتی(٥)ی تیپی ٨٧ی

قەرەچوغ لەراستەوە:

١-سەباح عەلی ئیلنجاغی ٢- ئاسۆی خەڵكی قەراج وكەندێناوە ٣- كاكۆ سێكانی





نەسروڵلا عەلی ئیلنجاغی لە دوای شەڕی ئازادكردنی بێتواتەی ساڵی ١٩٨٣بۆ

چارەسەری لە وڵاتی ئێرانە



لەراستەوە: ١- مامۆستا بەكر ٢- جەلال ئیلنجاغی



لەراستەوە: ١-دکتۆر وەلی ٢- نەناسراو ٣-جەلال ئیلنجاغی




غەفور حەمەد رەسول ئیلنجاغی شاری شنۆی ڕۆژهەڵات لە١٩-٩-١٩٨٧بەرەو ناوچەکانی بادینان.





کەرتی(٥)ی گۆرقەرەجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەرەو بادینان ساڵی لەراستەوە: ١-سەباح مەنتك فەرماندەی کەرت ٢- شکروڵلا حەمەدەمین ئیلنجاغی ٣- غەفور حەمەد ئیلنجاغی



خانە-ساڵی ١٩٨٧لەراستەوە:

١-غەفور حەمەد ئیلنجاغی ٢- شهاب وهاب ئیلنجاغی ٣- سەباح مەنتك



وەرتێ ٣-٩-١٩٨٧ لە راستەوە:١- شکروڵلا ئیلنجاغی ٢-ئەحمەد تۆفیق کانی

لەلەیی ٣-غەفور ئیلنجاغی



بادینان لەراستەوە:١-شهاب ئیلنجاغی ٢- غەفور ئیلنجاغی






بادینان لەراستەوە: غەفور ئیلنجاغی و شکروڵلا ئیلنجاغی



بادینان لەراستەوە: ١- نەناسراو ٢-شکروڵلا ئیلنجاغی



گوندی یەك ماڵە-سێ سنور ١٩٨٧ لەراستەوە: غەفور ئیلنجاغی، سەباح مەنتك، شهاب ئیلنجاغی



غەفور حەمەد رەسول ئیلنجاغی لەچیای شیرین-خواکورك- بادینان ساڵی ١٩٨٧








پردی دوکەڵە-ناوچەی شێخان- بامەڕنێ ٢٠-٩-١٩٨٧ لەراستەوە:
١-سەباح مەنتك ٢- شكروڵلا ئیلنجاغی ٣-غەفور ئیلنجاغی



بادینان لەراستەوە: سەباح مەنتك و غەفور ئیلنجاغی



**مام جاسم بایز کاوێس وەرتێ ١٩٨٢**



**١٩٨٣ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە راستەوە:**

**١-نەناسراو ٢- نەناسراو ٣- عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی ٤-محەمەد برنۆ ئیلنجاغی ٥-قارەمان شینە ٦-شەهید ئازاد داربەسەری**

**دانیشتوەکان لە چەپەوە: ١- خالە جەعفەر ئیلنجاغی ٢-نەناسراو ٣-نەناسراو ٤-نەناسراو**







**سەباح عەلی مەحمود ئیلنجاغی**



**ساڵح مستەفا جومعە-حاجی ساڵح، ئەو پیاوەی خانەخوێی شۆڕشی نوێ بوو، ٧جار ماڵەکەی سوتێنراوە و جارێکیش زامدار بووە، بەبێ ئەوەی هەڵاتووی سەربازی بێت یان لە حکومەتی عێراق قاچاغ-یش بێت.**



خوالێخۆشبوو جەمال رەشید خورشید ئیلنجاغی هاوکاری پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر




رزگار عەبدوڵڵا وەسمان ئۆمەر ئیلنجاغی ناسراو بە رزگار شێخانی، بێژەری رادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراقی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٨١ لە توژەڵە





نەسرەدین ئیسماعیل زراری ناسراو بە سەرکەوت هاوکاری پارتیزانەکانی رەتلی هەولێر



فەرماندەی ١٢سوارەی مێرجاڕ(حەمەچاوشین ئیلنجاغی)



**بەهاری ساڵی ١٩٨٣ بالیسان لە راوەستاوەکان لە راستەوە:**

**١-سەباح ئەحمەد حەمەد ئیلنجاغی پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر٢-سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر٣-سەلاح عەبدوڵلا وەسمان ئیلنجاغی کادیری سنوری بەڕانەتی**

**دانیشتوەکان لە راستەوە: ١-محسین سلێمان فەتحوڵلا ئیلنجاغی پێشمەرگە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر٢- عەباس حەمەدەمین ئۆمەر ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر٣-نێرگز رەسوڵ حمەلاو ئیلنجاغی دایکی سەلاح عەبدوڵلا وەسمان ئیلنجاغی**



**لەراستەوە: سەلام عەباس حەمەدەمین ئیلنجاغی فەرماندەی مەفرەزە و شەهید کازم حەمەدەمین رەئوف ئیلنجاغی**





**رۆژهەلاتی کوردستان ساڵی ١٩٨٢ هێزی پشتیوانی لەراستەوە:**

**١-حەسەن تەها قادر ئیلنجاغی ٢- شەهید کازم حەمەدەمین رەئوف ئیلنجاغی**



**شەهید کازم رەئوف ئیلنجاغی ١٩٨٣**



مام جاسم بایز کاوێس و چەند پێشمەرگەیەك



عوسمان بانی مارانی لە سێلوێ دیووی ئێران ساڵی ١٩٨٣





ساڵی ١٩٧١ لە کۆیە لەراستەوە:١- عوسمان بانی مارانی ٢- نەناسراو



نیسانی ١٩٨٥ لەراستەوە:١-دلێر گچکەل ٢-مام ڕەشاد کۆیی ٣-ئاسۆ کاکڵ

٤- زرار جۆلاّ ٥- ئەسوەد مەنتك ٦- عوسمان بانی مارانی ٧-سمکۆ مەلا تاهیر



بارزان ساڵی ١٩٨٤ عوسمان بانی مارانی و کۆمەڵێک لە هاوسەنگەرانی



بارزان ساڵی ١٩٨٥ ئاراستەی شۆڕشگێڕی لەراستەوە: ١-رەشید رەواندزی ٢-موحسین بانی مارانی ٣-عوسمان بانی مارانی ٤-ئاکۆ ئاکۆیی ٥-زرار جۆلاٚ ٧-تەنیا





زێوەی ماشکان دیووی ئێران ساڵی ١٩٨٣ لەراستەوە:١- عوسمان بانی مارانی ٢-هەژار دێدەوانی ٣-حەمید هەولێری



لەراوەستاوەکان راستەوە: ١-ئەسوەد مەنتك ٢-شەهید مامۆستا جەمال ٣-عوسمان بانی مارانی ٤-مامۆستا بەلێن ٥-باوەڕ(کەریم) ٦- ئەسعەدئۆمەر

دانیشتوەکان لەراستەوە: ١-هەژار دێدەوانی ٢-ئاسۆ ٣- کەمال



لۆلان-شوشان ساڵی ١٩٨٥ لەراستەوە:١-عوسمان بانی مارانی ٢-شەهید قەهاری قەرەچناغەی هەولێر



هیران ساڵی ١٩٨٧ لەراستەوە: ١-عوسمان بانی مارانی ٢-تەحسین کاوانی





ساڵی ١٩٨٣ بەستی شەرغە-کانی سلێمانە لەراستەوە: شەهید قادر مستەفا ٢-عوسمان بانی مارانی



عوسمان بانی مارانی لە بارەگای سەرکردایەتی زیوکە ١١-٨-١٩٨٤



قارەمان شینە و جەلال ئیلنجاغی و شەهید فاقە مەخموری



جەلال ئیلنجاغی گوندی ئازیانە ساڵی ١٩٨٦






ساڵی ١٩٨٣ گوندی ئیلنجاغی گەورە لەراستەوە:
١-شەهید محەمەد عەبدولوهاب ئیلنجاغی-محەمەد برنەو ٢- شەهید کازم
حەمەدەمین رەئوف ئیلنجاغی


**ئەلبومی خەباتی پارتیزانی (١٩٨٨-١٩٨٩)و پێشمەرگە پارتیزان و دانەبڕاوەکانی مێرجاڕ**



نەسروڵڵا عەلی مەحمود



جەلال خورشید رەشید ئیلنجاغی




مامۆستا کاوە  ئەنوەر




ئەحمەد عەودل قادر






سالّی ١٩٨٩ لە بناری پیرمام  لە پارتیزانی لەراستەوە: ١- شەهید هاشم جیهاز فەرماندەی تیپ ٢-جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی تیپ ٣- شەهید رێباز فەرماندەی رەتلی پارتیزانەکانی هەولێر



سالّی ١٩٨٩ پارتیزانی لەراستەوە:١- سەفین مەلا قەرە ٢-هاشم جیهاز ٣-جەلال ئیلنجاغی ٤-نەناسراو



مامۆستا کاوه ئەنوەر لە چەپەوە دووەم کەسە لە ناو کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ۸۳ی هەورێ لە توژەڵە ساڵی ۱۹۸۹



ئۆردوگای ئاوارەکان نزیک خانێ ساڵی ۱۹۹۰لەڕاستەوە:

١-مامۆستا کاوە ٢- نەناسراو ٣-نەناسراو ٤- ئیدریس سۆرانی ٥-ئاری تەها










توژەڵە-١٩٩٠ لەڕاستەوە:

١-مامۆستا کاوە ٢-عومەر زێوەیی ٣-حاجی شێخ وەسانی ٤-ئەحمەد هەرتەلی

٥-شەهید محەمەد بیکەیسی



**لەراستەوە شەهید مەلا عەزیز و مامۆستا کاوە و دکتۆر عەبدولواحێد**



**ساڵی ١٩٨٧ لەراستەوە شۆڕش محەمەد و مامۆستا کاوە**





**ساڵی ١٩٩٠ نۆکان لە راستەوە مامۆستا کاوە و دکتۆر عەبدولواحێد**



**کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ نۆکان لە راستەوە مامۆستا کاوە و نەریمان باشتەپە**



**پارتیزانەکان  دوای گەرانەوەیان بۆ سەرکردایەتی مانگی ١٠ی ١٩٨٩ لەراستەوە:**
**١-مەلا سلێمان ٢-رەحمانەڕەش ٣-ئەبوزێد تەها ٤-حەسەن عەوێنە ٥-جەلال ئیلنجاغی ٦-غەوسە جەلال ٧-ئەحمەد ئیلنجاغی ٨-بێستون خدر**
**لەپشتەوە لەراستەوە: ١-دیار نی یە(ئیدریس مەسیفی) ٢-کاوە ئەنوەر ٣-عەباس عەوێنە ٤-ئامانج حاجی سەباح-رەنجە٥-شەهید رێباز ٦-بورهان سەعید سۆفی ٧-غازی عەدۆ**



**بێستانە-١٩٨٥ لەراستەوە: نەسروڵلا ئیلنجاغی  و جەلال ئیلنجاغی**





**ئەشکەوت سەقا ساڵی ١٩٨٤ لەراستەوە:١-ئەحمەد کوردە ٢- جەلال ئیلنجاغی**



**سەری ڕەش ٢٦-٨-١٩٨٩-پارتیزان فەرماندە جەلال ئیلنجاغی**



بێستانە-١٩٨٥ لەراستەوە: نەسروڵلا ئیلنجاغی  و جەلال ئیلنجاغی



جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی پارتیزان لەسەر ئاوی ئاژگە نزیك قەلاّی دووین


لە٣-٢-١٩٨٩






سەری ڕەش ساڵی ١٩٨٩ لەراستەوە: شەهید هاشم جیهاز و جەلال ئیلنجاغی


## ئەلبومی شەهیدانی شۆڕشی نوێی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە(١٩٧٦-١٩٩٠)



شەهید فەیسەل وسو جومعە



شەهید وشیار عەبدولرەحمان بایز



شەهید بەکر سولێمان فەتحوڵلا

(بەکر ڕەشاش)



شەهید محەمەد ڕەشید تەیب

(مەلا محەمەد)







شەهید ئەنوەر مستەفا ڕەسوڵ




شەهید مام وسو وەسمان یوسف




شەهید موحسین حەمەد ساڵح




شەهید عوزێر حوسێن ئۆمەر



شەهید هەوراز
ئازاد سمایل خدر



شەهید هاورێ
ئازاد سمایل خدر



شەهید نەورۆز
کاکل مەحمود



شەهید ئیدریس سوارە وسو




شەهید نەسرین حەسەن محێدین



## ئەلبومی شەهیدانی ڕاپەڕین و کۆچڕەوەی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە ١٩٩١




شەهید زاهیرهەمزە سالْح




شەهید جەلیل حەمەد سالْح




شەهید شێرکۆ ئۆمەر وەسمان




شەهید عەبدوڵلا ڕەسوڵ قادر(عەولاً ڕەش)



شەهید نازم کازم مەحمود




شەهید سولێمان فەتحوڵلا کاوێس



شەهید ئەیوب تارق جەمیل




## ئەلبومی شەهیدانی مێرجاڕی ئیلنجاغی گەورە شەڕی نەگریسی
## ناوەخۆ(١٩٩٥-١٩٩٨)



شەهید کازم حەمەدەمین ڕەئوف




شەهید سەلاح سەلام ساڵح



شەهید ئەحمەد عەبدولوهاب فەتحوڵلا




شەهید محەمەد عەبدولوهاب
فەتحوڵلا(محەمەد بڕنەو)




شەهید حەکیم رەئوف عوسمان


(حەکیم جیهاز)



شەهید قادر عەبدوڵڵا قادر




شەهید تارق عەبدوڵڵا قادر



شەهید رەفیق عەبدوڵڵا قادر





شەهید بەختیار حەمەد عوبێد حەمەلاو



شەهید فاخیر عەباس محێدین

# ئەلبومی شەهیدانی شەڕی داعش(٢٠١٤-٢٠١٦)


شەهید ڕێباز عەبدولڕەحمان شەریف


شەهید بەختیار خدر عەباس


شەهید شالاو موحسین سالح

## ژياننامەی(ئاراس ئيلنجاغی)

ناوی تەواوی(ئاراس عومەر فەتحوڵلا كاوێس مەلاك)ە، نەوەی بايەزيد شێخانی بن داسنی يە، زياتر لە٢٠٠ساڵ لەمەوبەر باوانی هاتونەتە گوندی ئيلنجاغی گەورە و ئاوەدانيانكردۆتەوە،



ساڵی ١٩٧٦لە خانەوادەيەكی وەرزێر وكشتياری مەڕ لە وەڕێن لە گوندی(ئيلنجاغی گەورەی شێخانان-شارۆچكەی تەقتەق-قەزای كۆيە) هاتۆتە ژيانەوە، لە تەمەنی(٣-٤)ساڵی بەهۆی بوونی نەوتەوە لەگوندەكەيان دەردەكرێن و ئاوارەی هەولێر و كۆيە و دواجار لەساڵی ١٩٨١ەوە لە(تەقتەق) نيشتەجێ بووە و لەوێ پەروەردە بووە بەڕەنج و بازووی باوكێكی جوڵا و دايكێكی تەونكاری ماندوو، وێستگەكانيتری وەك:

**-خوێندن:**

١-قۆناغەكانی خوێندنی(سەرەتايی ١٩٨٢-١٩٨٨ و ناوەندی ١٩٨٩-١٩٩١ و ئامادەيی ١٩٩٢-١٩٩٤) لە شارۆچكەی(تەقتەق) تەواو كردووە.

٢-بڕوانامەی بەكالۆريۆسی لە زانكۆی سەلاحەدين، كۆليژی ئاداب، بەشی جوگرافيا لە ساڵی(١٩٩٧-١٩٩٨) بەدەستهێناوە.

٣-لە(٢٠-١٠-١٩٩٨) لەخوێندنگەی(ناوەندی تەواوكاری ئيلنجاغی گەورە) بەپيشەی مامۆستا دامەزراوە.



**-كاری ڕۆژنامەنوسی:**

١- لەهاوينی ساڵی(٢٠٠٠) بۆ يەكەمجار لەرۆژنامەی(هەنگاو)ی لۆكاڵی كە كۆمەڵێك گەنج و لاوی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان لە ناوچەی تەقتەق دەريانكردووە، يەكەم بابەتی بەناونيشانی(تورك و سياسەتی بەئاو كردنی كوردستان) بڵاوكردۆتەوە.

٢- دەستەی نوسەرانی مانگنامەی(تەقتەق) بووە لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠١-٢٠٠٢) كە بەرێوەبەرايەتی ناحيەی تەقتەق دەری دەچواند.

٣-هاوكار و پەيامنێری ڕۆژنامەی(ڕێگای كوردستان)ی زمانحاڵی حزبی شيوعی كوردستان بووە لە ساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

٤-سەرنوسەری ڕۆژنامەی(تاك) بووە لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٤-٢٠٠٨) كە ناوەندی ڕۆشنبيری تەقتەق مانگانە دەريدەكرد.

٥-پەيامنێری(كوردستانی نوێ)ی زمانحاڵی يەكێتی نيشتمانی كوردستان بووە لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٨-٢٠١١)

٦-پەيامنێری گۆڤاری(بەڵگە) بووە لەساڵی(٢٠٠٩-٢٠١٠)

٧-سەرپەرشتياری وەشاننامەی(تەقتەقی نوێ) بووە ساڵی ٢٠٠٩.

٨-پەيامنێری ماڵپەری(پيوكەی ميديا)ی يەكێتی نيشتمانی كوردستان بووە لەماوەی(٢٠١٠-٢٠١١)

٩-پەيامنێری ماڵپەری(وشە) بووە لەماوەی(٢٠١٤-٢٠١٥)

١٠-پەيامنێری هەفتە نامەی(وشە) بووە لەماوەی(٢٠١٤-٢٠١٥)

١١-سەرنوسەری گۆڤاری(دكتۆر ڕەئوف)ی پەروەردەييە لەساڵی(٢٠١٥)ەوە

١٢-بابەتی جۆراوجۆر بۆ(كورديپيديا)دەنێرێت لەساڵی ٢٠١٣ەوە ولە ساڵی ٢٠١٧ەوە بووە بە هاوكارانی ماڵپەری داتا بەيسی كورديپيديا.

**١٣-لەبڵاوكراوەورۆژنامەكانی(هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، ئامانج، ڕێگا، تاك، ڕێگای كوردستان، ڕزگاری، كوردستانی نوێ، ماڵپەری پیوكەی میدیا، ماڵپەری وشە، هەفتەنامەی وشە، گۆڤاری چاوی گەنج، گۆڤاری كەكۆن، گۆڤاری ساڵانەی دكتۆر ڕەئوف، كوردیپیدیا) بابەتی جۆراوجۆری بلاوكردۆتەوە.**

**ڕێكخراوەیی:**

**١-لە دامەزرێنەرانی(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق)ە لەساڵی ٢٠٠٤ز.**

**٢-ئەندامی بەشداری لقی سلێمانی (سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان)ە لەساڵی ٢٠٠٨ەوە.**

**٣-ئەندامی(بنكەی خێرخوازی دكتۆر ڕەئوف)ە لەساڵی ٢٠١٠ و بەڕێوەبەری هەمان بنكەیە لەساڵی ٢٠١٥ەوە.**

**٤- ئەندامی(كۆمەڵەی ئینسایكلۆپیدیای كوردستان)ە و لە هەردوو كۆنفراسی(٢٠١٢-٢٠١٤)كۆمەڵەكە بەشداربووە.**

**٥-ئەندامی بنكەی كۆیەی ڕوناكبیری گەلاوێژە لەساڵی ٢٠١٢ەوە.**

**بواری نوسین:**

**جگە لەوەی بابەتێكی لەسەر (شارۆچكەی تەقتەق) بۆ ئینسكلۆپیدیای شاری هەولێر نوسیووە، دەستنوسی ئامادەكراویشی بۆ ئینسكلۆپیدیای كۆیە تایبەت بە هەردوو ناحیەی سێگردكان و تەقتەق ئامادەكردووە بۆ كۆمەڵەی ئینسایكلۆپیدیای كوردستان، تا ئەمڕۆ(٨)بەرهەمی چاپ و بڵاوكراوەتەوە وەك:**

**١-تەقتەق، پەلكەزێڕینەی كەنار زێی بچوك، تیراژ٥٠٠دانە، چاپخانەی یاد، سلێمانی، مایسی ٢٠٠٧ز.**



**٢-حاجی كرمانجێك لەو پەڕی مەزنیدا، تیراژ ١٠٠٠دانە، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،شوباتی ٢٠١٢ز.**

**٣-كەسایەتی دكتۆر ڕەئوف ژیان وكارو هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی، تیراژ١٠٠٠دانە، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، مایسی ٢٠١٢ز.**

**٤-پارتیزانەكانی كەركوك، بەدواداچون وبیرەوەری، تیراژ١٠٠٠دانە، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ئابی ٢٠١٢ز.**

**٥-ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ، تیراژ٥٠٠دانە، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، شوباتی ٢٠١٣ز.**

**٦-سێگردكان وسێبەر نشینەكانی، تیراژ٥٠٠دانە، چاپخانەی یاد، سلێمانی،كانونی دووەمی ٢٠١٤ز.**

**٧-زێودەر، لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی مێژوویی و جوگرافی و ئابوری و كۆمەلایەتی، تیراژ٥٠٠دانە، چاپخانەی یاد، سلێمانی، تشرینی یەكەمی ٢٠١٤ز.**

**٨-مێرجاڕ، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوی سیاسیە، پەنجا ساڵ خەباتی ئیلنجاغیەكانە(١٩٤٠-١٩٩٠)، تیراژە(٥٠٠) دانە، تەمموزی ٢٠١٧ز.**

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کتێبە کوردیەکان

١- ئەحمەد بانی خێلانی، بیرەوەرییەکانم، ستۆکهۆلم، ساڵی ١٩٩٧ز.

٢- ئاراس ئیلنجاغی، زێودەر، چاپخانەی یاد ، سلێمانی، ٢٠١٤ز.

٣- سەید کاکە ، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ز.

٤- یاسین باقری، مێژووی خوێناوی عێراق، وەرگێڕانی حەمەساڵح گەلاڵی، چاپخانەی داناز، سلێمانی،٢٠٠٤ز.

٥- ئەحمەد کوردە ، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەیدبرایم، کۆیە ، ٢٠٠٩ز.

٦- ئاراس ئیلنجاغی، سێگردکان و سێبەر نشینەکانی، چاپخانەی یاد ، سلێمانی، ٢٠١٤ز.

٧- ئاراس ئیلنجاغی، تەقتەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچوك، چاپخانەی یاد ،سلێمانی، مایسی ٢٠٠٧ز.

٨- ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەرپەرشتیار فەرید ئەسەسەرد ، دەستەی کارا ئاوات کۆکەیی و ڕەنج جەعفەر و نەوزاد ئەحمەد ، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران،سلێمانی، ساڵی٢٠١٣ز.

٩- لەشارەوە بۆشاخ، جەلال ئیلنجاغی، چاپی یەکەم، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

١٠- شەهید ڕێباز ، قەندیل بەغدای هەژاند ،چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨ز .

١١- ڕەهبەر سەید برایم، گڕدار، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٦ز.

١٢- ڕێباز ، نرکەی کوردستان دوای ڕاپەڕین، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٢ز.



١٣- زامدار ئەحمەد ، شەهیدانی کۆیە لەشەڕی داعشدا ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٦ز.

١٤- خدرێ سلێمان و سەعدوڵلا شێخانی، کورتەباسێك دەربارەی شێخان و شێخان بەگی، بەغدا ، ١٩٨٨ز.

١٥- سەعدوڵلا شێخانی، داری بنەماڵەی خزمانی شێخانی، چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠١٣ز.

### سەرچاوەی کتێبە عەرەبییەکان

١- د.احمد عبدالعزيز محمود ، دور الانصار البشمركة الشيوعين في الكفاح المسلح في كردستان العراق(١٩٧٨-١٩٩١م) ، كليةالاداب، جامعة صلاح الدين، مطبعة ازادي، الطبعة الاولى، اربيل.

٢- فيصل فؤادي، من تاريخ الحركة الانصارية، من تاريخ الكفاح المسلح لانصار الحزب الشيوعي العراقي١٩٧٨-١٩٨٩، بغداد ،٢٠١٣ز.

### نامە پیتچن و دەستنوسەکان

١- دەستنوسێکی نامەیی(عوسمانی مەلا سدیقی کوری عوسمانی مەحمود ) تایبەت بە بیۆگرافیای باوکی.

٢- دەستنوسێکی(شوان سدیق عوسمان) ناسراو بەملازم شوان دانیشتوی وولاتی سوید ،تایبەت بەخەباتی خۆی وهاوڕێیانی.

٣- دەستنوسێکی هاوڕێ(خدر سمایل خدر)شێخانی، تایبەت بەخەباتی مام هیدایەتی وهاوڕێیانی.

٤- نامەیەکی دەستنوس سەبارەت بە بیوگرافیای محەمەد شێخانی تایبەت بە مێرجار بۆ بەندەی ناردووە.

٥- نامەیەکی دەستنوس سەبارەت بە بیوگرافیای شوان شێخانی تایبەت بە مێرجار بۆ بەندەی ناردووە.

٦- نامیلکەیەکی چاپ نەکراوی(عەلی مەحمود حەمەد شێخانی) لەدوو توێی(٥٤)لاپەڕەی ئەی فۆر لەسەر(ژیان وخەبات وکاری سیاسی)خۆی نوسیویەتی، چاپ نەکراوە.

٧- دەستنوسێکی نامەیی(نەسروڵلا عەلی مەحمود)، تایبەت بە مێرجار بۆ بەندەی ناردووە.

٨- نامەیەکی دەستنوسی(سەیفەدین عەلی ئەحمەد)،کادیری ڕێکخستن وجەماوەر، لە١٤-٨-٢٠١٣نوسیویەتی.

٩-دەستنوسێکی نامەیی بەناوی(دڵشاد عەبدوڵلا و رزگار حەمەدەمین)مامۆستایانی شۆڕش.

١٠- نامەیەکی دەستنوسی(ئازاد سەعید باپیر)ناسراو بە ئازاد ساتوقەلایی، بەشداربووی شەڕەکە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣١-٧-٢٠١٥ز.

١١- نامەیەکی پیتچنینی(سەباح ڕەحمان ساڵح تاڵەبانی)، پێشمەرگەی دێرین لە٨-٧-٢٠١٥ سەبارەت بەو شەڕ و داستانە بۆی نوسیووم.

١٢- نامەیەکی پیتچنینی(شوکروڵلا حەمەدەمین سەعید داربەسەری)، کادیر، تایبەت بەڕۆڵی ئەو مەفرەزەییەی لەداربەسەرەوە بەهانای شەڕەکەوە چوون.

١٣- نامەیەکی پیتچنینی(موشیر شوکر عەلی)، هێزی پشتگیری بەشداربووی داستانەکە، تایبەت بە بەشداری مەرزانیەکان.

١٤-نامەیەکی دەستنوسی محەمەدچاوشین تایبەت بە ژیاننامەی خۆی بۆ بەندەی ناردووە.

١٥-نامەیەکی دەستنوسی موحسین عەبدوڵلا حەمەدەمین تایبەت بەشەهید مەجیدەسور ئۆمەرگومبەتی.



١٦-نامەیەکی پیتچنی عەلی مەحمود حەمەد سەبارەت بەشەهید وسو وەسمان یوسف مەلاك.

١٧-نامەیەکی پیتچنینی دکتۆر وەلی مەحمود حەمەد شێخانی تایبەت بە بیۆگرافیای خۆی.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان

١-هۆشەنگ باباعەلی، لەیادی داستانی گوندی سێکانی دا، گۆڤاری(چیا)، گۆڤارێکی مانگانەیە، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، ژمارە(٣٠)ی شوباتی ٢٠١٠ز.

٢-ئاراس ئیلنجاغی،لەتەقتەق خانویەکی قوڕ ٢٣ساڵ نهێنی شیوعیەکان بەزیندویی دەپارێزێت، ڕێگای کوردستان، ژمارە(٦٨٦)،چوارشەمە ١٢-٤-٢٠٠٦ز.

٣- شوکروڵلا شێخانی، خەبات وتێکۆشانی لەبیرکراو، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٥)ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز.

٤- حەیدەر مەنتك، شەهید مامۆستا کاوە مەخموری، کوردستانی نوێ، ژمارە(٧٢١٩)لاپەڕە(١٢-١٣)،لە(١٥-٣-٢٠١٧)ز.

٥- شێرکۆ شێخانی، شەهید وشیار و داستانی کەلی سور، کوردستانی نوێ، ژمارە(٦٦٣٨)لە(٢٧-٣-٢٠١٥)ز.

٦- ڕەهبەر سەید برایم، شەهید باقی بارزانی لەشەڕ ناکرێی نەدەزانی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٨٠٨)سێشەمە، لە١٨-١٠-٢٠٠٥ز.

٧- شوکروڵلا شێخانی، ئیلنجاغ لانەی تێکۆشان وفیداکاری، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٢٣)ی ساڵی دووەمی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ز.

٨- حەیدەر مەنتك، شەهیدی فەرماندەو ڕۆشنبیری ئەوێ ڕۆژێ، کوردستانی نوێ، ژمارە(٦٨٤٩)ی ١٧-١٢-٢٠١٥ز، ڕۆژی پێنج شەممە، لاپەڕە ٧,

٩- شوكرولڵلا شێخانی، تۆڵەی هەڵەبجە لەبادینان، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٩)ی ساڵی چوارەم، ئازاری ٢٠٠٨لاپەڕە ,٢

١٠- شوكرولڵلا شێخانی، سەنگەرەكانی نهێنی پارتیزانی، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٤٥)ساڵی چوارەم، ئەیلولی ٢٠٠٨، لاپەڕە,٤

١١- كاوە ئەنوەر، پارتیزانەكانی دەشتی هەولێر لەدوای ئەنفالەكاندا، چۆن مانەوەودرێژەیان بەشەڕی پارتیزانیدا، ڕۆژنامەی(تاك)، ژمارە(٢٨)ساڵی سێیەم، نیسانی ٢٠٠٧ز، لاپەڕە,٥

١٢- كاوە ئەنوەر، پارتیزانەكانی دەشتی هەولێر لەدوای ئەنفالەكاندا، چۆن مانەوەودرێژەیان بەشەڕی پارتیزانیدا ،بەشی دووەم، ڕۆژنامەی(تاك)، ژمارە(٢٩)ساڵی سێیەم، مایسی ٢٠٠٧ز، لاپەڕە,٥

١٤- جەلال ئیلنجاغی، وراتی كۆیە كوانوی شۆڕشە، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(٣٣)ی ساڵی سێیەم، ئەیلولی ٢٠٠٧، لاپەڕە,٦

١٥- شەهید سەلاح ئیلنجاغی گەنجە بوێرەكەی یەكێتی، ڕەشۆ بایز گەردی، كوردستانی نوێ، ژمارە(٦٨٦٨) ،لە١٠-١-٢٠١٦ز.

**ماڵپەڕ**

١- شكۆ حەمەد شێخانی، تۆمارێكی تایبەت بە(بەرزە) لەماڵپەڕی كوردبیپێدیا، لە٧-٧-٢٠١٥ز.

٢- شكۆ حەمەد شێخانی، تۆمارێكی تایبەت بە(بەرزە) لەماڵپەڕی كوردبیپێدیا، لە١-٦-٢٠١٦ز.

**چاوپێكەوتنەكان**

١-چاوپێكەوتن لەگەڵ(نوری عەبدوڵلا فەتحوڵلا)لەدایكبوی(١٩٥٠)ی ئیلنجاغی گەورە ،مامۆستای مێژوو ،لە١٤-١١-٢٠١٣ز.



٢-چاوپێكەوتن لەگەڵ(شوان سدیق عوسمان)لەدایكبوی١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، سیاسەتمەدار، لە١٥-٨-٢٠١٥ز

٣-چاوپێكەوتن لەگەڵ(سەباح قادر حەمەد)لەدایكبوی١٩٥٤ی مەرزان، پێشمەرگەی دێرین، لە١٣-٣-٢٠١٦ز

٤-چاوپێكەوتن لەگەڵ(ئەنوەر نادر خدر)لەدایكبوی١٩٣٨ی ئیلنجاغی گەورە، كادیر، لە١٨-٣-٢٠١٣ز.

٥-چاوپێكەوتن لەگەڵ(خدرسمایل خدر)لەدایكبوی١٩٤٨ی ئیلنجاغی گەورە، كادیر، لە٦-١٠-٢٠١٥ز.

٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(لوقمان تەها قادر)لەدایكبوی١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١-١-٢٠١٤ز.

٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی)لەدایكبوی١٩٨٦ی هەولێر، كوڕی شەهید، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەبدولرەحمان ئەحمەد عومەر)لەدایكبوی١٩٤١ی سێگردكان ،پیاوی ئاینی، لە١٦-٣-٢٠١٦ز.

٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(نازم جەبار تۆفیق)لەدایكبوی١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین ، لە٢-٢-٢٠١٧ز.

١٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد وەسمان یوسف)لەدایكبوی١٩٤٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە١٩-١-٢٠١٣ز.

١١-چاوپێكەوتن لەگەڵ(عومەر عەبدوڵلا ئۆمەر)لەدایكبوی١٩٤٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە٢٤-٣-٢٠١٣ز.

١٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عوسمان عەبدوڵلا قادر)لەدایكبوی١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، سیاسەتمەدار ،لە٧-٣-٢٠١٤ز.

١٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(د.جەمال محەمەد فەقێ رەسول)لەدایكبوی١٩٥٣ی تاڵەبانی گەورە،زانای ئاینی،لە٢٧-٣-٢٠١٤ز.

١٤-چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەزیز فەتحوڵلا كاوێس)لەدایكبوی١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، پیاوی ئاینی، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

١٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(مەحمود حوسێن مەمەند)لەدایكبوی١٩٥٢ی ئیلنجاغی گەورە، ڕێكخستن، لە٢٤-٣-٢٠١٣ز.

١٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(گوشاد عەبدولرەحمان بایز)لەدایكبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، سیاسەتمەدار، لە٥-١-٢٠١٣ز.

١٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەبدولمەجیدحەمەدمەحمود)لەدایكبوی١٩٦٣ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین،لە١٠-٣-٢٠١٥ز.

١٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(گوڵستان ساڵح مستەفا)لەدایكبوی١٩٦٣ی ئیلنجاغی گەورە، كابانی ماڵ، لە٥-٣-٢٠١٦ز.

١٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(ونس حەمەدەمین خدر)لەدایكبوی١٩٥١ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-١-٢٠١٦ز.

٢٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(فازڵ حەمەشەریف ڕەسوڵ)لەدایكبوی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، كوری شەهید، لە٥-١-٢٠١٣ز.

٢١- چاوپێكەوتن لەگەڵ(مەولود فەتاح مەولود)لەدایكبوی١٩٥٢ی ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

٢٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ(فاروق عەلی مەولود)لەدایكبوی١٩٥٥ی داربەسەری گچكە، پێشمەرگەی دێرین لە٩-١-٢٠١٦ز.

٢٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عوسمان مستەفا ڕەسوڵ)لەدایكبوی١٩٥٣ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید،لە١٢-١-٢٠١٦ز.



٢٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(نادر كەریم خالد)لەدایكبوی١٩٥ی ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-١-٢٠١٦ز.

٢٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(شهاب وهاب فەتحوڵلا)لەدایكبوی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە٩-٢-٢٠١٠ز.

٢٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەحمەد حەمەد)لەدایكبوی١٩٥١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٦-٥-٢٠١٥ز.

٢٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(نەسروڵلا عەلی مەحمود)لەدایكبوی١٩٥٥ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە١٨-٣-٢٠١٣ز.

٢٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(جەلال خورشید ڕەشید)لەدایكبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٠-١-٢٠١٣ز.

٣٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەلی عومەر فەتاح)لەدایكبوی١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، ڕێكخستنی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

٣١- چاوپێكەوتن لەگەڵ(جاسم بایز كاوێس)لەدایكبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، كادیر، لە٧-١-٢٠١٣ز.

٣٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ(كاوە ئەنوەر نادر)لەدایكبوی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٣-١-٢٠١٦ز.

٣٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(خەیروڵلاعەبدوڵلافەتحوڵلا)لەدایكبوی١٩٦١ئیلنجاغی گەورە، ڕێكخستنی دێرین،لە٢٦-١٢-٢٠١٣ز.

٣٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(هیدایەت حەمەد ڕەسوڵ)لەدایكبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، ٣٠-٨-٢٠١٥ز.

٣٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(جەبار حوسێن محێدین)لەدایكبوی١٩٥٥ی ئیلنجاغی گەورە، زیندانی سیاسی، لە٢٢-١-٢٠١٧ز.

٣٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ(حیکمەت نیعمەت عەلی)لەدایکبوی١٩٥٠ی گردعازەبان، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٤-٢٠١٦ز.

٣٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیمام ئۆمەر حەمەدەمین)لەدایکبوی١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، هاوڵاتی، لە٦-٢-٢٠١٦ز.

٣٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین)لەدایکبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین، ١٤-٣-٢٠١٦ز.

٣٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەدرەدین مەولود حەسەن)لەدایکبوی١٩٥٩ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،١١-٣-٢٠١٦ز.

٤٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ(جەعفەر وسو جومعە)لەدایکبوی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

٤١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(مامە خورشید مستەفا)لەدایکبوی١٩٦٤ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

٤٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد فەتاح مەولود)لەدایکبوی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

٤٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سولێمان تەها حەمەد)لەدایکبوی١٩٥٥ی شەوگێڕ، پێشمەرگەی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٦ز.

٤٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئیسماعیل حەمەد سالح)لەدایکبوی ١٩٦١ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، ١٤-٤-٢٠١٦ز.

٤٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلام عەباس حەمەدەمین)لەدایکبوی١٩٦٢ی ئیلنجاغی گەورە،پێشمەرگەی دێرین،١٦-٣-٢٠١٦ز.

٤٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد)لەدایکبوی١٩٦١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە-٢-٢٠١٦ز.



٤٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(عومەر مەحمود محێدین)لەدایکبوی١٩٦١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،١٢-٤-٢٠١٦ز.

٤٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سولێمان ئەحمەد ئیبراهیم)لەدایکبوی١٩٥٧ی ئۆمەرگومبەت، ڕێکخستنی دێرین،لە٢٣-٣-٢٠١٧ز.

٤٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سوارە وسو جومعە)لەدایکبوی١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٢-٢٠١٦ز.

٥٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ(تەیب ڕەشید تەیب)لەدایکبوی ١٩٥٥ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە٧-٤-٢٠١٦ز.

٥١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەسوڵ حەمەدەمین ئیسماعیل)لەدایکبوی١٩٦٥ی گەرمك، پێشمەرگەی دێرین، لە١٤-٢-٢٠١٦ز.

٥٢-چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەلی ڕەزا محەمەد)لەدایکبوی١٩٦٥ی سێکانی، شایەتحاڵ، لە٢٠-١-٢٠١٦ز.

٥٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخ چاپوك عومەر)لەدایکبوی١٩٦٠ی سماقوڵی، پێشمەرگەی دێرین، لە٢١-١-٢٠١٦ز.

٥٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ(فەرهاد ئیسماعیل ئەحمەد)لەدایکبوی١٩٦١ی گڵکەندی هەولێر، کادیر، لە٢٥-٦-٢٠١٦ز.

٥٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ئەحمەد حەمەد)لەدایکبوی١٩٥٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٩-٤-٢٠١٦ز.

٥٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ(موحسین عەبدوڵلا محەمەدئەمین)لەدایکبوی١٩٥٨ی ئۆمەرگومبەت،ئامۆزای شەهید،٢٥-٨-٢٠١٦ز.

٥٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەسەن تەها قادر)لەدایکبوی١٩٦٠ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٨-١-٢٠١٦ز.

٥٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(موحسین سولێمان فەتحوڵڵا)لەدایكبوی١٩٥٩ی ئیلنجاغی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین،لە٥-٢-٢٠١٦ز.

٥٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عوسمان مستەفا ڕەسوڵ)لەدایكبوی(١٩٥٣)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٢-١-٢٠١٦ز.

٦٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەلی مەحمود حەمەد)لەدایكبوی١٩٥٤ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،٢٠-٤-٢٠١٦ز.

٦١-چاوپێكەوتن لەگەڵ(ڕەحمان ڕەئوف عوسمان)لەدایكبوی١٩٥٢ی ئیلنجاغی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین، لە٩-٥-٢٠١٦ز.

٦٢-چاوپێكەوتن لەگەڵ(غەفور حەمەد ڕەسوڵ)لەدایكبوی١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٨-٥-٢٠١٦ز.

٦٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(بەهرام قادر بایز)لەدایكبوی١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٥-٥-٢٠١٦ز.

٦٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(لوقمان حەمە عەلی عەلی)لەدایكبوی١٩٦٨ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،١٠-٥-٢٠١٦ز.

٦٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(سەباح سەلام ساڵح)لەدایكبوی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٨-٣-٢٠١٦ز.

٦٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(سەباح عەلی مەحمود)لەدایكبوی١٩٧١ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٤-٥-٢٠١٦ز.

٦٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد حوسێن ئۆمەر)لەدایكبوی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٠-٥-٢٠١٦ز.

٦٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(بەكر سولێمان حەمە مستەفا)لەدایكبوی١٩٦٩ئیلنجاغی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین،٤-٥-٢٠١٦ز.



٦٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(زاهیر تاهیر شەریف)لەدایكبوی١٩٦٣ی ئازیانە، ڕێكخستنی دێرین، ٢٩-٦-٢٠١٦ز.

٧٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(ڕۆستەم خەلیل ڕەسوڵ)لەدایكبوی١٩٧٠ی گردەڕەشەی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین،لە٢١-٦-٢٠١٦ز.

٧١- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عومەر ئەحمەد ئیسماعیل)لەدایكبوی١٩٥٥ی تاڵەبانی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

٧٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ(ئەحمەد محەمەد عەزیز)لەدایكبوی١٩٦٦ی گردەڕەشەی گەورە ،پێشمەرگەی دێرین،١٨-٣-٢٠١٦ز.

٧٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(خدر فارس قادر)لەدایكبوی١٩٦٥ی عەمشە، پێشمەرگەی دێرین،٢٠-٣-٢٠١٦ز.

٧٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عومەر ئەبوزێد فەقێ محەمەد)لەدایكبوی١٩٦٤ی سێتاقان، پێشمەرگەی دێرین،لە١٨-٣-٢٠١٦ز.

٧٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد ساڵح قادر)لەدایكبوی١٩٦٨ی سماقە، پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٦-٢٠١٦ز.

٧٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(سەباح عەبدولحەمید محەمەد)لەدایكبوی ١٩٦٧، پێشمەرگەی دێرین، لە٣٠-٦-٢٠١٦ز.

٧٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(حەیدەر ئەحمەد غەفور)لەدایكبوی١٩٧٧ی دوشیوان، ڕۆژنامەنوس، ٢٥-٧-٢٠١٦ز.

٧٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەزیز شەریف عەزیز)لەدایكبوی١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە ،ئەنجومەن، لە٤-٤-٢٠١٧ز.

٧٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(دڵشاد عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا)لەدایكبوی١٩٦٥ی ئیلنجاغی گەورە، مامۆستای شۆڕش، ٢١-٣-٢٠١٧ز.

٨٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕزگار حەمەدەمین ئەحمەد )لەدایکبوی١٩٦٤ی ئیلنجاغی گەورە، مامۆستای شۆڕش،٢١-٣-٢٠١٧ز.

٨١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئاراس ئەمین مستەفا )لەدایکبوی١٩٦٥ی تەقتەق،ڕێکخستنی دێرین،٦-٣-٢٠١٦ز.

٨٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئازاد سەعید باپیر)لەدایکبوی١٩٦٧ی ساتوقەڵا، پێشمەرگەی دێرین،لە٣١-٧-٢٠١٥ز.

٨٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح ڕەحمان ساڵح)لەدایکبوی١٩٦٨ی تاڵەبانی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٨-٧-٢٠١٥ز.

٨٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ(قارەمان شینە کەریم)لەدایکبوی١٩٥٧ی حەسەن بەگی کەندێناوە، فەرماندە، لە٧-٩-٢٠١٦ز.

٨٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ(دەرسیم ڕەحمان فەرحان)لەدایکبوی١٩٦١ی دیبەگە،نیشتەجێی دانیمارك، زیندانی سیاسی.

٨٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ(گوڵەباغ خدر مەحمود )لەدایکبووی١٩٦٨ی سماقە، دایکی شەهید، لە٥-٥-٢٠١٦ز.

٨٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(فاتمە حەمەد ساڵح حەمەد )لەدایکبووی١٩٦٣ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە١٦-٢-٢٠١٦ز.

٨٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ(شازێ وسو جومعە )لەدایکبووی( ١٩٥٠ )ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

٨٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەبری حەسەن محێدین)لەدایکبووی( ١٩٦٠ )ی ئیلنجاغی گەورە،گیراوەکان، لە١٥-٣-٢٠١٣ز.

٩٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئایشە نامیق حەمەدەمین)لەدایکبووی(١٩٦٩ )ی ئیلنجاغی گەورە، گیراوەکان، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.



٩١- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ئازاد سمایل خدر)لەدایکبووی(١٩٦٣ )ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە٢٢-٣-٢٠١٣ز.

٩٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ(فارس عەباس محێدین) لەدایکبووی(١٩٦٨ )ی ئیلنجاغی گەورە، شایەتحاڵ، لە٢١-٣-٢٠١٥ز.

٩٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ(شلێر قادر بایز کاوێس) لەدایکبووی(١٩٥٦ )ی ئیلنجاغی گەورە، شایەتحاڵ، لە٦-٢-٢٠١٥ز.

٩٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ(کۆسرەت عوزێر حوسێن)لەدایکبووی١٩٨٦ی ئیلنجاغی گەورە،کوڕی شەهید،لە٢٦-١-٢٠١٦ز.

٩٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕزگار سەلیم حەمەدەمین)لەدایکبوی ١٩٧١ی مەرزان، برای شەهید، لە٢٠-٤-٢٠١٦ز.

٩٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەبدوڵلا ڕەمەزان خدر)لەدایکبوی١٩٤٥بۆڵقامیش، سەرلق، پێشمەرگەی دێرین، لە١٥-١-٢٠١٦ز.

٩٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا محەمەد کەریم )لەدایکبوی ١٩٦٤ مەرزان، پێشمەرگەی دێرین، لە٢-١٠-٢٠١٥ز.

٩٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ(حەکیم قادر بایز)لەدایکبوی١٩٦٩ی ئیلنجاغی گەورە، هێزی پشتگیری، لە٦-٢-٢٠١٦ز.

٩٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ(شێخان عەبدولموتەلیب حەمەعەلی)لەدایکبووی ١٩٨٦ی هەولێر، کوڕی شەهید، لە٥-٣-٢٠١٦ز.

١٠٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەباح قادر حەمەد )لەدایکبووی(١٩٥٤ )ی مەرزان، پێشمەرگەی دێرین ، لە٩-٣-٢٠١٦ز.

١٠١-چاوپێکەوتن لەگەڵ(بەکر عەلی ئەحمەد )لەدایکبوی(١٩٥١ )ی کانی لەلە، هاوڵاتی، لە٩-١٠-٢٠١٥ز.

١٠٢-چاوپێكەوتن لەگەڵ(موحسین ڕەئوف عوسمان)لەدایكبوی ١٩٦٦ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین،لە٨-٥-٢٠١٦ز.

١٠٣-چاوپێكەوتن لەگەڵ(شوكروڵلا حەمەدەمین ئۆمەر)لەدایكبوی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین.

١٠٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(وهاب كێخوا عەزیز رەشید)لەدایكبووی(١٩٥٤)ی تەقتەق، ڕێكخستنی دێرین،١٠-١١-٢٠١٦ز.

١٠٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(ڕێباز محەمەد عەودل)لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەلاتی هەولێر،برازایشەهید،٢٩-١١-٢٠١٦ز.

١٠٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(سامی سەلام ساڵح)لەدایكبووی(١٩٧٤)ی ئیلنجاغی گەورە، ئامۆزای شەهید، لە١٧-٣-٢٠١٦ز.

١٠٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(عەزیز ئۆمەر وەسمان)لەدایكبووی١٩٤٤ی ئیلنجاغی گەورە، براگەورەی شەهید، لە٤-١-٢٠١٣ز.

١٠٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(فەوزیە كازم مەحمود)، لەدایكبوی(١٩٧٣)ی كەركوك، خوشكی شەهید، لە٢٠-٣-٢٠١٣ز.

١٠٩- چاوپێكەوتن لەگەل(عەبدوڵلا قادر ڕەسوڵ)لەدایكبوی(١٩٦٩)ی ئیلنجاغی گەورە، برازای شەهید، لە٢٨-١١-٢٠١٦ز.

١١٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(جەمال خالد ئۆمەر)لەدایكبووی ١٩٥٣ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.

١١١- چاوپێكەوتن لەگەڵ(جەلال خالد ئۆمەر)لەدایكبووی ١٩٥٧ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.

١١٢- چاوپێكەوتن لەگەڵ(كەمال خالد ئۆمەر)لەدایكبووی ١٩٦٠ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٦-٩-٢٠١٦ز.



١١٣- چاوپێكەوتن لەگەڵ(كرێكار كازم حەمەدەمین)، لەدایكبووی ١٩٨٨ی هەولێر كوری شەهید، لە٩-٣-٢٠١٦ز.

١١٤- چاوپێكەوتن لەگەڵ(نازم حەمەدەمین ڕەئوف)، لەدایكبووی ١٩٦٧ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید لە٩-٣-٢٠١٦ز.

١١٥- چاوپێكەوتن لەگەڵ(فارس عەباس محێدین)، لەدایكبووی(١٩٦٨)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە٢١-٣-٢٠١٥ز.

١١٦- چاوپێكەوتن لەگەڵ(كاردۆ محەمەد عەبدولوەهاب)، كوڕی شەهید، لە ٥-٢-٢٠١٣ز.

١١٧- چاوپێكەوتن لەگەڵ(مەهداوی ڕەئوف عوسمان)، برای شەهید، لە١٣-٨-٢٠١٥ز.

١١٨- چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد عەلی خدر)لەدایكبووی(١٩٧٨)ی ئیلنجاغی گەورە،هاوسەنگەری شەهید،١٧-٣-٢٠١٦ز.

١١٩- چاوپێكەوتن لەگەڵ(شاكر موحسین سالح)لەدایكبووی(١٩٩٤)ی ئیلنجاغی گەورە، برای شەهید، لە١٧-٣-٢٠١٦ز.

١٢٠- چاوپێكەوتن لەگەڵ(بەشدار خدر عەباس)لەدایكبووی(١٩٨٣)ی تەقتەق، برای شەهید، لە١-٣-٢٠١٦ز.

١٢١- چاوپێكەوتن لەگەڵ(حەلیمە قادر خدر)، لەدایكبووی ١٩٣٠ی ئیلنجاغی گەورە، دایكی شەهید، لە٥-٣-٢٠١٦ز.

١٢٢-چاوپێكەوتن لەگەڵ(فاروق ساڵح رەسول) لەدایكبوی١٩٦٥ی گەڕەسۆری قەراج، ڕێكخستنی دێرین، لە١٢-٤-٢٠١٧ز.

١٢٣-چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد عەبدوڵلا قادر) لەدایكبووی ١٩٥٠ی ئیلنجاغی گەورە، پێشمەرگەی دێرین، لە١٩-٥-٢٠١٧ز

١٢٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ(شادیە عەبدولرەحمان عەبـدوڵلا) لـەدایکبوی ١٩٦٦ی هەولێر، ژنی شاخ، لە١٢-٥-٢٠١٧ز.

١٢٥-چاوپێکەوتن لەگەڵ(رزگار عەبدوڵلا وەسمان) لەدایکبوی ١٩٦١ی هـەولێر، پێشمەرگەی دێرین، لە٥-٦-٢٠١٧ز.

١٢٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ وهاب موشـیر تـەها، لـە دایکبـوی١٩٧١ی تاڵـەبانی گەورە ،رێکخستنی دێرین لە ٧-٦-٢٠١٧ز.

١٢٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ(سەلاح عەبدوڵلا وەسمان) لەدایکبوی ١٩٥٩ی هەولێر، پێشمەرگەی دێرین، لە٧-٦-٢٠١٧ز.

١٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد نەجم قـادر) لـەدایکبوی ١٩٥١ی ئیلنجـاغی گەورە، هاوڵاتی، لە٢٥-١٢-٢٠١٢ز).

١٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەشید حـاجی سـاڵح مسـتەفا) لـەدایکبوی ١٩٣٩ی ئیلنجاغی گەورە، هاوڵاتی، لە١٨-٣-٢٠١٧ز

١٣٠-چاوپێکەوتن لەگەڵ(زانا وسو کێخوا وەسمان) لەدایکبووی ئیلنجاغی گەورە، کوری شەهید، لە٣٠-٥-٢٠١٧ز.